زنجیرەی ساخکردنەوەی مێژوو، ژمارە ٥

# ژینگەی نووسینی قورئان و قۆناخەکانی کۆکردنەوە و ڕێکخستنی

سەلاح ڕێبوار



# ژینگەی نووسینی قورئان و
# قۆناخەکانی کۆکردنەوە و ڕێکخستنی

بەدواداچوونێکی فرەڕەهەندیە، سەبارەت بەژینگەی بەرهەم هاتنی قورئان. و قۆناخەکانی کۆکردنەوە و ڕیکخستنی

سەلاح ڕێبوار

ناوی پەرتووک: ژینگەی نووسینی قورئان و قۆناخەکانی کۆکردنەوە و ڕێکخستنی.

بابەت: بەدواداچوونێکی فرە ڕەهەندیە، سەبارەت بە ژینگەی بەرهەم هاتنی قورئان. و قۆناخەکانی کۆکردنەوە و ڕیکخستنی

لێتۆژەرەوە: سەلاح ڕێبوار

ساڵ: ٢٠٢٣

وێنەی سەربەرگ: وێنەکێشی فەرەنسی

Eugene Alexis Gerard ( 1853 – 1907)

با به هۆنراوەیەکی حافظی شیرازی دەست پێبکەین:

پیرما گفت خطا بر قلم صنع نرفت
أفرين بر نظر پاک خطاپوشش باد

پیری ئێمە گوتی هەڵە لە پێنووسی ئەفرێنەردا نییە
ئافەرین بۆ ئەوکەسەی سڕیەوە و هەڵە پۆشی کرد

## ئەو پەرتووک بریتییە لە سێ بەشی سەرەکی

بەشی یەکەم:

چەندین باسی جیاواز و فرەڕەهەندین، سەبارەت بەژینگەی نووسینی قورئان و کاریگەری لەسەر نووسەری قورئان بەگشتی. ئەو باسانە لە بواری کۆمەڵایەتی و مێژوویی، و کولتوور و نەریتەکانی بەر لە هاتنی ئیسلام، تا دەگاتە کۆمەڵگەی هاوسەردەی نووسەری قورئان. ڕەچەڵەکی نەبی محمد، و کەسایەتی. و دینی یەهودی نەساری، ڕەوتی کۆمەڵگەی عەرەبی پێش ئیسلام و ڕەنگدانەوەیان لە ناوەرۆکی ئایەتەکانی قورئان.

بەشی دووەم:

قۆناخەکانی نووسینی قورئانە، کە بریتیە لە قورئانی مەککە و قورئانی مەدینە. سەرەڕای قووڵبوونەوە لە هەردووبەشەکە. و باسێکی کێشەی جیاوازیەکانی ئەو دوو قۆناخە لە ڕووی زمان، و شێوەی ئایەتەکان و جیاوازیان، سەرەڕای پەیوەندی بە دینەکانیتری دووڕگە.

بەشی سێیەم:

بریتییە لە قۆناخەکانی کۆکردنەوە و ڕێکخستنی قورئان هەر لە سەردەمی خەلیفە ئەبو بەکر تا سەردەمی عبدالملک بن مەڕوان، لە کۆتاییش باسێک لەسەر مصحفی سەنعا و جیاوازی لەگەڵ ئەو قورئانەی کە ئێستا لە ئارادایە .

# ناوەرۆک


سەرەتایەکی پێویست............................................................ 15

بنەما و کێشە بنەڕەتیەکانی قورئان.............................................. 23

سێکوچکەی ناوەڕۆکی قورئان................................................ 24

تێکەڵاوی ئایەت و حدیث.................................................... 29

قورئان و کێشەی گیانی پیرۆز................................................ 37

نووسەری قورئان نازانێ گیان چییە.......................................... 48

قورئان و کێشەی ئەنتاکیا.................................................... 53

پەیوەندی محمد لەگەڵ دینی یەهودی .......................................... 65

نووسەری قورئان و تارمایی موسا ........................................... 66

تێکەڵکردنی مریەمی خوشکی موسا و دایکی یەسو............................ 69

محمد و پەیوەندی لەگەڵ سابئیە مەندائیەکان ................................ 74

قورئان ڕەنگدانەوەی قۆناخی خۆیەتی ........................................... 77

کێشەی ڕاڤەکردنی دەقەکانی قورئان......................................... 84

ژینگەی کۆمەڵایەتی نووسەری قورئان لە مەککە ............................... 87

ئایا محمد (صادق الأمین) بوو؟ ............................................. 93

کەسایەتی محمد و باری دەروونی .............................................. 97

نەخۆشی نەرگسی و تێکشکانی کەسایەتی.................................... 98

ژینگەی نزیک دروستکەری کەسایەتی نەرگسیە ............................ 100

هۆکارەکانی نەخۆشی نەرگسی............................................. 103

نیشانەکانی نەخۆشی نەرگسی لەمرۆڤدا ................................... 112

فەرمانی بەردەوامی............................................................116
هەڵسوکەوتی محمد لەگەڵ یاوەرانی...........................................118
هەڵومەرجی کەسایەتی نەرگسی محمد .........................................119
نەرگسی محمد، لە هەلگیرساندنی شەڕی بەدر..................................122
محمد  تیرۆری کردە یاسا .......................................................127
ئەتک و لاقەکردنی ژنان چەکێکی تری محمد بوو لە شەڕ.......................133
درۆکردن و پەیمان شکاندن......................................................135
دڕوندەیی بەرامبەر خەڵکی بێتاوان............................................135
محمد و ڕێبازی یەهودی نەساری .................................................137
یەهودیە نەساریەکانی مەککە ...................................................139
ڕێبازە نەساریەکان و ووتاری جیاوازیان.......................................141
ئەبیۆنی...........................................................................142
قێریتیزم..........................................................................149
کەسائیە گنووسیەکان.............................................................154
ڕۆڵی قەشە وەرەقە لەسەر ووتاری قورئان.......................................157
قەشە وەرەقە و ڕێبازی ئەبیۆنی................................................159
مێژوونووسانی موسوڵمان و نەبیەتی محمد......................................161
پەیوەندی قەشە وەرەقە و محمد ................................................164
مردنی قەشە و هەتیو بوونی محمد.............................................170
مەرگی وەرەقە و سەرەتای قۆناخێکی تر.......................................172
ئایا محمد لە مەککە دینێکی نوێ دروستکرد؟ .................................173
ئینجیلی عیبرانی ...................................................................175
ئینجیلی عیبرانی و قورئان .......................................................177
شێوەی وەرگێڕانی ئینجیلی عیبرانی.............................................180
تەرگوم یان تەرگومیم و پاشخانی مێژوویی....................................182

تابلۆی پارێزراو لە قورئان............................................... 184
قورئان باسی یەک ئینجیل دەکا ........................................... 190
یەهودی نەسارێ و ئیسلام دوو ڕووی یەک دراون .............................. 191
کولتوور و ئەدەبی عەرەب لە قورئان .......................................... 195
کولتوور و نەریتەکانی عەرەب لە قورئاندا...................................... 195
ئەدەبی جاهیلی و قورئان .................................................. 205
ناکۆکیەکانی دەروونی ئیسلامی سەرەتایی ...................................... 223
ژینگەی کۆمەڵایەتی و کاریگەری لەسەر قورئان ................................ 235
مارەبەجاش چەق پەیامی دینی ئیسلامە........................................ 236
پەیامی قورئان بۆ پێگەی ژن .................................................. 244
بڕینی دەستی دز و پاشخانی .................................................. 253
قورئان و بەرژەوندیەکانی محمد .............................................. 263
محمد و سێکس لە قورئاندا.................................................... 267
١- عائیشە و سەفوان و ڕووداوی الإفک ........................................ 271
٢- ماریة القبطي................................................................ 279
٣ - زەید و زەینەب ............................................................ 285
٤- گشت ژنان بۆ پەیامبەر حەڵاڵن .............................................. 288
٥- جیاوازی کردن لە سەرجێی ژنەکانی ......................................... 289
٦- سەبارەت بە ژن گۆڕینەوە، لە ئیسلامدا ...................................... 290
٧- سەبارەت بە سەردانی ماڵی محمد........................................... 293
جنێو و سووکایەتی لە قورئان ................................................ 297
ڕەزاقورس دوای ئەوەش زۆڵ.................................................. 299
لەیەکچواندنی مرۆڤ بە سەگ ................................................ 301
دەنگی هەرە ناخۆش وەک دەنگی کەر وایە..................................... 307
نێردەی نەجران و زێدەڕۆیی.................................................. 310

بەلارێدابردنی مێژوو ............................................................................. 311
ڕۆڵی یاوەرانی محمد لە قورئان ............................................................... 313
سەبارەت بە الرحمن لە قورئان.................................................................. 313
ئەو ئایەتانەی بە پێشنیازی عومەر هاتوون..................................................... 315
ڕەوشتی یاوەرانی محمد وەک یاسا بوو ..................................................... 322
ناسخ و منسوخ لە قورئاندا ....................................................................... 323
زیادبوون و گۆڕین لە قورئان..................................................................... 329
گۆڕینی ئایەت لە قورئان .......................................................................... 331
قورئان لەنێوان گەف و بێ وەڵامی................................................................. 338
قورئان بەرهەمی ژینگەی سەردەمی خۆیەتی .................................................... 341
توندوتیژی لە قورئاندا ............................................................................... 341
قورئان و کۆیلایەتی.................................................................................. 361
پرسی کۆیلە، و خۆ کاوێژکردنەوەی موسوڵمانان ............................................ 363
دۆزەخ و پاشخانی مێژوویی ........................................................................ 371
چمکی جەهەنەم لەناو دیندا......................................................................... 372
گێ هینۆم لە بواری شوێنەوارناسی .............................................................. 382
دۆزەخی خودا لە قورئاندا .......................................................................... 391
جۆرەکانی دۆزەخ لە قورئان......................................................................... 394
ڕۆژی پەسڵان (القیامة) لە قورئاندا............................................................... 400
ناکۆکی نێوان قورئان و کردەوەکانی محمد ..................................................... 409
سیخوڕی................................................................................................. 410
درۆ....................................................................................................... 413
بەرتیل................................................................................................... 414
پەیمان................................................................................................... 416
کوشتنی سیاسی........................................................................................ 419

هەوڵی کوشتنی أبو سفيان.......................................................424
کوشتنی عەبهەلە – الأسود العنسي ........................................426
کێشەی محمد لەگەڵ النضر بن الحارث.......................................431
بەشی دووەم ........................................................................ 435
قورئان لە قۆناخی مەککە.................................................................437
قورئانی مەککە لە سێ قۆناخی پەرەسەندا.......................................441
لە قورئانی مەککە محمد نەبی نییە ...........................................446
دوو دەق لەسەر کاغەزی بەرەدی ..................................................448
قورئان و کەراکتەرەکانی یەهودی نەسارێ ......................................449
قۆناخی مەدینە یا دەستپێکردنی کارەسات .......................................451
دەق کتاب المدينة.............................................................................454
ڕۆڵی سلمان الفارسی لە قورئانی مەدینەدا .....................................458
سەلمان الفارسی و محمد لە کۆنێکستێکی نوێدا...............................459
ناکۆکی لەسەر خوێندنەوەی قورئان.................................................464
لەبیرچوونی محمد و ئاگادارکردنەوەی لەلایەن خوداوە........................466
دووەم.............................................................................................467
کێشەی حەوت پیتەکان ( سبعة أحرف) .......................................467
قۆناخەکانی کۆکردنەوە و ڕێکخستنی قورئان ......................... 475
قۆناخی یەکەم....................................................................................476
سەردەمی ئەبو بەکر و عومەر ...........................................................476
قوورئانە بەناوبانگەکان.........................................................................480
چەند بەسەرهات و هەڵوێستەیەک.....................................................484
قۆناخی دووەم....................................................................................489
سەردەمی عوسمان ...........................................................................489

زید کوڕی ثابت قورئانەکەی حفصەی هەڵبژارد.......................... 492
سوتاندنی گشت قورئانەکانیتر .................................................. 492
ناکۆکی لەسەر دەربڕینی ووشەکانی قورئان........................................ 501
قۆناخی سێیەم................................................................... 507
سەردەمی عبدالملك کوڕی مەڕوان................................................. 507
عبدالملک کوڕی مروان............................................................ 509
چەند نموونە لەسەر دەسکاریەکانی حەجاج ........................................ 516
زمانی قورئان و گرووپە نارازییەکان................................................ 523
مصحفی سەنعا و ڕووناکیەکی نوێ.................................................. 527
مصحفی سەنعا و ڕۆشناییەکی نوێ ................................................ 528
١ لیستی لێتۆژینەوەی لؤي عشري ................................................. 537
٢ لیستی لێتۆژینەوەی أسماء هلالي ................................................ 543
زانکۆی ستاندفۆرد.................................................................. 546
سەرچاوەکان ....................................................................... 555

# سەرەتایەکی پێویست

کاتێ دەگوترێ دینی ئیبراهیم، بە مانای یەک هزری بنەڕەتی دینداری. لە ناوچەکانی ئیسرائیل و شام و میسۆپۆتامیا دێ. ئەو هزرە بنەڕەتییەش، لە هەرسێ دینەکانی یەهودی، کریستیان و ئیسلام بە ڕوونی پشتڕاستکراوەتەوە. پیرۆزییەکانیان و ناوەرۆکی پەیامی دینیان، هەمان پەیامە. کەلەپووری دینی ئیسلام، کە دوا دینە لەناو هەرسێ دینەکان، خۆی دان بەوە دادەنێ کە محمد هیچ داهێنانێکی نەکردووە. بەڵکوو تەنیا ڕوونکردنەوەی لەسەر هزری دینی ئیبراهیم داوە. ئەو هزرەش، پێش هاتنی ئیسلام لایەنگیرانی، لە مەککە و یەتروب و دەرەوەی دوورگەی عەرەبیش هەبووین. و بانگهێژیان بۆ ڕێبازی ئیبراهیم بە هەمان شێوە کردووە، کە دواتر دینی ئیسلام لەسەری بەردەوامە. [1]

بەڵام ئەوەندەی بە بیرمان دێ، لەگەڵ هەر موسوڵمانێک، دەربارەی پەرتووکە پیرۆزەکان قسە دەکرێ. یەکسەر وەڵامیان ئەوەیە کە تەورات و ئینجیل دەستکاری کراون. و جێی متمانە نین. ئەوە تەنیا قورئانە، ووشەیەکیشی لێ نەگۆڕاوە. و ووتەی خودان (كلام الله). ئەوەش وەک کولتوورێکی بەربڵاو بەبێ بیرکردنەوە، یان گەڕان بەدوای سەرەداوێک بۆ پشتڕاستکردنەوەی ئەو قسەیە. نەوە دوای نەوە، وەکوو تووتی تەنیا دووبارەی دەکەنەوە.

[1] Cook, Michael. Mohammed The prophet of Islam. Pp 113

کەچی بەڵگەنامە مێژووییەکان، دیوێکی تری ئەو ڕاستییەمان پیشان دەدەن. ئەوەی باوەڕداری موسوڵمان لەسەری تێپەڕیووە، ئەوەیە کە ئەگەر پەرتووکی پیرۆزی دینەکانی تر، دەستکاریان کرابێ، ئەوا قورئان نەک دەستکاری کراوە، بەڵکوو هەر لە هەنگاوی یەکەمەوە کۆپیەکی (ئینجیلی مەتی عیبرانیە) یە کە بە ئارامی نووسراوە. و زۆر جار تەنیا بە (ئینجیلی عیبرانی) ناودەبرێ. سەرەڕای ئەوەش، قورئان ئەوەندە دەستکاریکراوە، تا ئەو ئاستەی ماڵی وێرانکراوە[2].

کێشەیەکیتر هەیە کە سەرجەمی موسوڵمانان دەیزانن. هەر لە دوای مردنی محمد ناکۆکی نێوان عەلی و ئەبو بەکر و عومەر دەستیپێکرد. ئەو ناکۆکییە لە سەردەمی عوسمانیش هەر بەردەوام بوو.

لێرەدا کێشەی نووسینەوەی قورئان دەستپێدەکا. خۆ دیارە چ لەسەردەمی ئەبوبەکر و عومەر، دواتریش لە سەردەمی عوسمان و لەژێر سەرپەرشتی خۆیاندابووە. ئەوەش دوور لە لایەنە گرنگەکە کە بنەماڵەی پەیامبەر خۆاین.

لە هەردوو قۆناخی ئەبو بەکر و عومەر دواتریش عوسمان، پرۆسەی کۆکردنەوەی قورئان و دووبارە نووسینەوە و ڕێکخستنی، بە شێوەیەکی یەک لایەنانە بوو. ئەوەش هەر لە سەرەتاوە ناکۆکی لەسەر لێکدانەوەی ئایەتەکان، تا دەگاتە نووسینەوەیان دروستکردووە.

کەسایەتی عوسمان، تا ئێستاش وەک چەقی کۆکردنەوەی قورئان دەبینرێ. کەچی هەر لەناو ڕەوتی سوننە ڕەتدەکرایەوە. تا گەیشتە ئەو ئاستەی لێنەگەڕان لە گۆڕستانی موسوڵمانان

---

[2] الحریری، ابو موسی (٢٠٠٥) قس و نبی، بحث فی نشأة الإسلام ص ٦٧

بیشارنەوە. تا لە کۆتایی لە گۆڕستانی یەهودیان شاردرایەوە.

بە گشتی لایەنە ناکۆکەکان کۆکەرەوە و ساخکەرەوەی دەقەکانی قورئان بووین. و هەر لە ڕێگای ئەوانیشەوە پشتڕاستکراوەتە. و گەیشتۆتە ئێمە. ئەگەر سەبارەت بە کۆکردنەوەی حەدیس باوەڕمان بە بوخاری و موسلم نەبێ، کەواتە چۆن باوەڕمان بە ئەبوبەکر، و عومەر و عوسمان هەبێ. ئەوە باسی سەردەمی عبدالملک کوڕی مەڕاون هەر ناکرێ. ئەوەش لە بنەڕەتدا گرفتێکی گەورەیە لەناکۆکی سەبارەت بە دەقەکانی قورئان.[3]

سەرەڕای ئەو ناکۆکیانە. جیاوازی لەسەر ژمارەی سوڕەتەکانی قورئانیش هەیە. بەپێی ڕێبازی شیعە، چەند سووڕەتێک هەن. کە لە قورئانی عوسمان دانین. لەوانە ئاماژە بە سوڕەتی الولایة[4] و سورة النورين[5] دەکەن. بێجگە لەو دوو سوڕەتە، چەندین ئایەتیش دیارنین. عومەر دەڵێ خۆم گوێم لە پەیامبەر بووە ئایەتی ڕەجمی خوێندۆتەوە. کەچی لە قورئان دا بوونی نییە.

گرنگی کێشەکە لەوە دانییە کە ئەو دوو سووڕەتە لە قورئاندا هەبووین، یان ئایەتی رجم عومەر تا چەندڕاستی گوتووە، یان نا. گرنگ ئەوەیە، دەبێ چەندین ئایەت و سوڕەتیتر بەبێ دەنگی گۆڕابن. ئێمە چۆن باوەڕ بەوە بێنین کە ئەهلی سوونە، بە درێژایی سەدەی یەکەم تا ناوەڕاستی سەدەی دووەم، کاریان لەسەر قورئان کردووە. و خۆیان بەناوی پێداچوونەوە، شتیان لە قورئان زیاد یا کەم کردووە. تا دەگاتە ئەو ئاستەی گۆڕیوویانە.

---

[3] المنير، محمد حسان. يوم قبل وفات محمد ص ١٤

[4] سورة الولاية

[5] عوض، د، إبراهيم. سورة النورين، التى يزعم فريق من الشيعة أنها من قرآن الكريم. دار الزهراء الشرق.

بۆیە سەیر نییە کە دکتۆر محمد آل عیسی دوای لێتۆژینەوەیەکی زۆر و قووڵبوونەوە لە مێژووی پەرەسەندنی دینی ئیسلام و قورئان، دەگاتە ئەو ئەنجامەی، کە بڵێ:

قورئان پەرتووکێکی ئاسمانی نیە. بەڵکوو کۆکراوەیەکی سەلەوات لێدان و خوێندنەوەی لیتورگییە بۆ پەیرەوکردنی لە نوێژ. و شێوەی پەرستنی خودا. [6]

بۆ سەلماندنی ئەو بۆچوونەی سەرەوە، دەتوانین چەند بەسەرهاتێک بێنینەوە:

جارێک لە کۆڕێکدا، إبن مسعود بە ئامادەبوونی خەڵکی زۆر، سەبارەت بە قورئانەکەی عوسمان گوتی : من قورئانی عوثمان بەجێدێڵم. لەبە ئەوەی کاری مرۆڤە[7].

بەسەرهاتێکیتر بەیعەتی عەلی کوڕی ئەبی طالب. لەڕاستیدا بایەخی زۆری هەیە بۆ ئەوەی لە ئاستی قوورئان و گۆڕانەکانی تێبگەین:

لە عەکرەمە دەگێڕنەوە، دەڵێ دوای ئەوەی عەلی بەیعەتی دایە ئەبوبەکر. بێدەنگ لەماڵی خۆی دانیشت. لەلای سەحابەکان و خەلکی تر وەک دڕدۆنگییەک بە ئەبوبەکری دەگوت: ڕقم لەو بەیعەتەیە کە بەتۆم دا. دوایی ئەو هەواڵە گەیشتەوە ئەبوبەکر، بەدوای دانارد و گوتی: ڕقت لە بەیعەتی منە؟

---

6 آل عیسی، د. محمد، تاریخ الإسلام المبکر ص ١٥٤

7 هەمان سەرچاوە ص ١٥

گوتی: نه بەخودا. بەردەوام بوو و گوتی: جا چی لە منت دڵگران دەکا. بەڵام دەبینم پەرتووکی خودا ڕۆژ بەر ڕۆژ لێی زیاد دەبێ! لەگەڵ خۆم پەیمانم داوە، بێجگە لە نوێژ جل لەبەر نەکەم، تا سەرجەمی کۆ نەکەمەوە. [8]

ئەو بەسەرهاتانە دەمانگەیێننە ئەو باوەڕەی، چۆن حەدیس جێگای گومانن، ئایەت و سوورەتەکانی قورئانیش بە هەمان شێوە، لە گومان بەدەر نین. بۆیە ناکرێ پەرتووکێکی وا بە کێشە و گرفت، پەرتووکی خودابێ، یا لە لەحی محفوز پارێزراوبێ.

لە کۆتاییدا نووسەری قورئان، ڕاستەوخۆ توخمە سەرەکی و بنەڕەتەکانی ڕێبازە دینیە فەرمیەکانی یەهودی وەرنەدەگرت. لەجیاتی ئەوە، وەک کودەتایەک ڕێچکەیەکی تری گرتبوو. ئەو شتانەی دێنان و ڕاڤە دەکردن، کە ئەو ڕێبازانە پشت گوێیان خستبوون، یا بەگرنگیان نەدەزانین. و لە پەراوێزی کەلەپووری گەلێری یان پەرتووکە ئەپۆکریفەکان (المنحولة) دابوون. کەچی نووسەری قورئان ئەو چیرۆک و بەسەرهاتانەی وەک باوەڕێکی نوێی دینی دەخستنە ڕوو [9]

نموونەی ئەو چیرۆکانەش زۆرن. هەر لە چیرۆکی لەدایک بوونی یەسو، کە لە ئینجیلی (لەدایکبوونی کریست) هاتووە. و لە هیچ لە ئینجیلە قانوونیەکاندا نیە. هەروەها چیرۆکی لەدایکبوونی ئیبراهیم و (ئازەر) تارحی باوکی و زۆرێتر. کە لە تالمود و میشنا، تادەگاتە تەوگومی چیرۆکی نەبیەکانی تری بەنی ئیسرائیل، دا هاتووە، نەک لە دەقی تەورات. زۆرن لەو چیرۆک و ئەفسانانەی لە تەورات و ئینجیل نەهاتوون و لە پەرتووکی ڕاڤەکاری یان تەوگوومەکان

---

[8] السيوطی، جلال الدين (١٩٣٥) الإتقان فی علوم القرآن. الطبعة الثانيه.١: ٥٧ – ٥٨، الزنجانی، ابو عبدالله (١٩٣٥) تاريخ القرأن مطبعة لجنة التأليف ص ١٦٧
[9] عبدالجليل، محمد. القرآن نص مترجم. الحوار المتمدن ١٥/ ١/ ٢٠١٣

هاتوون. بەڵام ئەو دوو چیرۆکە وەک بەڵگە بەسن. (ئەو بابەتە پەرتووکێکی سەربەخۆ بۆیان دەگەڕێینەوە).

گشت ئەو بەڵگە و بەسەرهاتانەی ناو دەقەکانی قورئان، دەمانگەیێننە ئەو باوەڕەی، کە دەقەکانی ناو قورئان بێجگە لە بیرکردنەوەی مرۆڤ سەبارەت بە خودا و پەرستنی شتێکیتر نیین.

# بەشی یەکەم

# ژینگەی نووسینی قورئان

ئەو بەشە تیشک دەخاتە سەر فرە ڕەهەندی جیاوازی، ژینگەی نووسەری قورئان و ڕاستەوخۆ ڕەنگدانەوەیان لەسەر دەقەکانی قورئان داناوە

# بنەما و کێشە بنەڕەتیەکانی قورئان

بۆ لێکۆڵینەوە و بەدواداچوونی هەر دیاردەیەکی مێژوویی و کۆمەڵایەتی، دەبێ پێشوەخت ڕەچاوی بنەما بنەڕەتیەکانی، و هەروەها گونجانی لەگەڵ ڕەوتی کۆمەڵایەتی و ڕەنگدانەوەی لەناو دەقەکانی دا تاوتوێبکرێ. قورئانیش بەرهەمی قۆناخێکی دیاریکراوی مێژوویی و کۆمەلایەتییە، بۆیە ئاشنابوون بە بنەماکانی. و کێشەکانی لەگەڵ سەردەم بخرێنە ڕوو. بەوەش دەتوانین هەنگاوێکی باش بۆ تێگەیشتن و ساخکردنەوەی دەقەکانی قورئان و دینی ئیسلام.

با دەرفەتێک وەگرین و بە کورتیش بێ، بەدواداچوونێک بۆ ئەو بابەتە، لە ژێر شەش ناونیشان، وەک نموونە بکەین:

- سێکوچکەی ناوەرۆکی قورئان
- تێکەڵاوی ئایەت و حدیث
- الفاتحة سوورەتی قورئان نییە
- قورئان و کێشەی گیانی پیرۆز
- قورئان و کێشەی ئەنتاکیا
- پەیوەندی محمد لەگەڵ دینی یەهودی

# سێکوچکەی ناوەرۆکی قورئان

سێکوچکەی ناوەرۆکی قورئان، وەک پەرتووکی پیرۆزی هەر دینێکیتر بە گشتی بریتیە لە سێ بنەمای بنەڕەتی. کە دەکرێ، ئەو سێ بنەمایە هەم سێ ئاڕاستەی جیاواز لە دین دروست دەکەن و هەم بۆ یەکتریش تەواوکەر بن. ئەوانەش: پیام، وەحی و ڕینمایی.

بنەمای یەکەم: پەیام (پەیامی دین)
لە ناو گشت دینەکان پەیام چەقی بانگهێژی دینە. یەک لە پایە هەرە گرنگەکانیەتی. و ڕەنگدانەوەی جیهانبینی دینیە، بۆ جەماوەرێکی پێشوەخت دیارکراو. لە توێی پەیامەکەشدا ئاڕاستە و شێوەی ئەو باوەڕە دەگەیێنێ، کە چاوەڕوانکراوە.

پەیامی دین لە ئیسلام دا، بەپێی دەقەکانی قورئان، هەر لەیەکەمین هەنگاو، ڕووی لە نەتەوە (أمة) دەکا. و سنوورەکانی ڕەنگدانەوەی دەقەکانی بەرەو ڕووی جەماوەرێکە، کە وەرگری ناوەرۆکی پەیامی قورئانن. و دەقەکانی بۆ ئەوان ئامادەکراون. و تێدەگەن و دەشزانن بۆ ئەوانە. ئەو کارلەیەککردنەی دەقەکانی قورئان لەگەڵ کۆمەڵی باوەڕدارانی لە هەڵومەرجێکی دیاریکراودان.

القرآن الكريم – سورة البقرة ٢: ١٤٣

> بەو شێوەیە ئێوەمان کردۆتە نەتەوەیەکی (أمة) هەڵبژاردە، تا ئاگاتان لە خەڵکی بێ. و پەیامبەریش چاوەدێریتان بکا ( ١٤٣)

القرآن الكريم – سورة الأنعام ٦: ٤٢

ئێمە بۆسەر نەتەوەیەک (أمة) لە نەتەوکانی پێش تۆش بە ڕێمانکردوون.
(ئەوان یاخیبوون) و تووشی بەڵاو کارەساتمان هێنان ( ٤٢)

لێتۆژینەوە سەبارەت بە دەقەکانی قورئان وەک پەیامی دین، دەبێ لەسەر بنەمای مێژوویی تاوتوێ بکرێن. لەبەر ئەوەی هاتنی دەقەکان، و پەیوەندیان لەگەڵ سەرەتای بەدیارکەوتنی چوارچێوەی نەتەوەیەک، و ئاستی تێگەیشتنی پەیامیان، لەسەر ئەو بنەمایە بنیاتنراوە. ئەوەش لە ڕووی مێژووییەوە، بۆ هەڵسەنگاندنی ناوەرۆکی دەقەکان و ڕەنگدانەوەی لە تێگەیشتنی هزری دینی نەتەوەیی گرنگە.

بەوەش قورئان دەبێتە تۆمارێکی مێژوویی نەتەوە. کە لە ناو دەقەکانی بەپێی دیاردەکان و پەرەسەندنی کۆمەڵایەتی، هەنگاو بە هەنگاو ناسنامەی دین، لەگەڵ ژینگەی کۆمەڵایەتی پەرە دەستێنێ. ئەو گریمانەیەش، بۆ لێتۆژەرەوە گرنگە، کە بەر لە دەستبەکاربوونی، لە مەبەستی دەقەکان بگا. و بتوانێ بە کۆنتێکستی خۆیان ببەستێتەوە. لەبەر ئەوەی نووسەری قورئان لە هەر هەڵومەرجێک، بەپێی ڕوودا و ڕێکەوتی کۆمەڵایەتی، یان سرووشتی ئایەتی نووسیون. کە گوزارە لە هەڵومەرجی ڕووداو و پێگای دینی، لەناو ئەو نەتەوەیە دەکەن.[10] هەر ئەوەشە کاتی دین لە سنووری ئەو کۆنتێکستە دەردەچێ. ئەوسا جوگرافی یان مێژووی پەرسەندن. ئەوا دەقەکانی بەهای خۆیان لەدەست دەدەن. و ناتوانن ببنە ڕێنما بۆ شوێنێکیتر و سەردەمێکیتر. ئەوەش بۆ تێگەیشتن لە کێشە و ناکۆکییەکانی دین، زۆر گرنگە.

---

[10] Angelika Neuwirth(2016) Quranic studies and Historical – Critical Philologi

بنەمای دووەم: وەحی

دانانی قورئان وەک پەیامێکی پیرۆز. یان ئەرکێکی خودایی. وەک پیرۆزی و چەقی دین پێویستی بە ئاماژەکردن، بە پەیوەندی لەگەڵ سەرچاوەی پیرۆزی خۆی هەیە. ئەوەش بە بەکارهێنانی لۆگۆس (Logos)، کە وەک پەیوەندیەک لە نێوان خودا و مرۆڤ. یان وەک لە دینی کریستیانی ووشەی خودای بەرجەستەکراو. ئەو تایبەتمەندیە بڕیاردەدا. چۆن دەنگی خودا بە من و ئێمە لەناو دەقەکانی قورئان خۆیان بەرجەستە بکەن، و بێنە گۆ. هەروەها پیرۆزیەکانیش لە کام چوارچێوەی پەیامەکەدا جێیان دەبێتەوە.

گرفتی گەورەی وەحی لەوەدایە، لە بنەڕەتدا وەک پەیوەندی خودایە بە مرۆڤ لە ڕێگای نێردەیەکی دیاریکراو. ناتوانێ لە بواری بەدواداچوونی زانستی، بکرێتە جەمسەری لێتۆژینەوە. و لە بواری ئەکادیمی بۆ قووڵبوونەوە جێی بکرێتەوە. بە گەیشتنە دەرئەنجامێکی لۆژیک و بنەمای لێتۆژنیەوە، پێویستی بە هێرمەناوتیک هەیە، کە پاشخان و بنەماکانی پشتڕاست بکاتەوە. و ڕۆشنایی بخاتە سەر شێوەی هاتنی وەحی. ئەوەش لە بواری لێکۆڵینەوەی مێژوویی ئەستەمە، لە بواری دینیش تەنیا یەک لە پێگاکانی باوەڕی کوێرانەیە. بۆیە دەبێ، وەک ئامرازی سەلماندن، لە لیستی بەسۆراخداچووندا وەدەربنرێ.[11]

بنەمای سێیەم: ڕینمایی (هدى)

[11] Ibid.

دەقەکانی قورئان بە گشتی ڕێنمایی و ئامۆژگارین، بۆ ئاراستەکردنی باوەڕداران، لە سنوورێکی جوگرافیای دیاریکراو (با وای دابنێین دوورگەی عەرەبیە). دەبێ لەگەڵ ئاستی ئەو ناوچە جوگرافیە گونجاوبن. و وەڵامدەرەوەی ئەرکی خودایی بن بۆ باوەڕداران و پەیڕەوکردنیان.

هەر لەسەر ئەو بنچینەیە، دەقەکانی دەکرێنە سێ بەش:
بەشی یەکەم: گەڕانەوەیە بۆ پەرتووکەکانی پێشتر و هێنانەوەی چیرۆک و ئامۆژگاری لەسەر ژیان کردەوەی نەبیەکانی پێشتر، و ڕووداوە مێژووییەکانی تر.

بەشی دووەم: سوود وەرگرتن لە کەلەپوور و نەرێتە کۆنەکان و هاوسەردەم، لە ناوچەی دوورگەی عەرەبی پێش هاتنی ئیسلام و هاوتەریب لەگەڵ پەرەسەندنی.

بەشی سێیەم: بریتییە لە شێوەی ڕەوانبێژی، لە ڕێنمای، ئامۆژگاری و گەف و مەیدان خوازی. تا دەگاتە پەنابردنە بەر، زۆری لە شاعیرانی ئەدەبی جاهیلی، و کەلەپووری گەلێری ناوچەیی. و چەندێک لە شیعرەکانیانی وەرگرتووە.

لەو خاڵەدا دەبێ ئەوەش بخەینەڕوو. لە ناو دەقەکانی قورئان. دە فەرمایشتەکانی خودا، کە لەتوەرات، بۆ موسا هاتوون، بە شێوەی جۆراوجۆر لەناو دەقەکانی قورئان دووبارە بوونەتەوە. ئەو دووبارە بوونەوەیەش دەقاودەق وەک تەورات نین. بەڵکوو ڕەنگدانەوەی کولتووری ناوچەیی، بەگشتی لەگەڵ ڕەفتاری کۆمەڵگەی جوگرافی و کۆمەڵایەتی دینی گونجێنراون.[12]

ئەو سێ کوچکەیەی سەرەوە هەنگاو بە هەنگاو، لەگەڵ گۆڕانی ژینگەی نووسەری قورئان ئەوانیش گۆڕانیان بەسەردا هاتووە. و دەقەکانی قورئانیش نەیانتوانیوە جێگیر بن. و بە

[12] Ibid

گۆڕانی هەلومەرجی کۆمەڵایەتی و هاوسەنگی هێز ئایەتەکانیش شێوەیان گۆڕاوە. بەتایبەتی دوای کۆچ بۆ مەدینە. ئەو دیاردەیە بە ئاشکرا دەبینرێ. هەر ئەوەش بۆتە هۆی، هەر ئایەتێکی نوێ، بە ئایەتێکیتری کۆن نەسخ بکا. بەوەش قورئان پێگای خۆی وەک پەرتووکێکی هەمیشە باو، و بۆ گشت سەردەمێک بگونجێ، لەدەست داوە. و ناتوانێ وەڵامدەرەوەی پرسەکانی کۆمەڵایەتی و دینی سەردەمێکی تر یان ناوچەیەکی جوگرافیتربن [13]

[13] ئەوەش لە بنەڕەتدا لەگەڵ بانگهێژی قورئان ووتەی خودا، و لە لوح المحفوظ پارێزراوە ناکۆکە.

# تێکەڵاوی ئایەت و حدیث

کێشەی دووەم لە دەقە پیرۆزەکانی ئیسلام، تێکەڵبوونی ئایەتەکانی قورئان و حەدیسەکانی پەیامبەرن و نەناسینەوەیانە. کە تا ئەو ئاستەی، گومان لەسەر دەقەکانی قورئان دروست دەکەن. کە بنەڕەتێکی پتەو نییە، بۆ ئەوەی بزانین کامە ئایەتە یان حەدیس.

بە گشتی ووشەی (قرآن) مانای ئامۆژگاری یان ڕێنمایی و گوتن و خوێندنەوە دەدا. جا هەر ئامۆژگاریەک، ڕێنماییەک یا قسەیەک، لە دەمی محمد دەرچووبێ. ئەو ئامۆژگاری و ڕێنماییانە، بۆ هەر کەسێک کە دەیانبیستێ، دەبنە (قرآن). ئیتر بە گشتی ئەو ووتانەی محمد دەگرێتەوە، کە یاوەرانی لەبەریاندەکردن، یان بە ڕیوایەت دەیانگێڕانەوە.

لە هەندێ لەو زانیاریانەی لە سەرچاوە ئیسلامیەکان دا هاتوون. ووشەی قورئان ناوێکی گشتییە. گوزارە لە هەر شتێ دەکا، کە نەبیسترابێ. دواتر کێشە لە جیاکردنەوەی نێوان کامە ئایەتە و کامەش فەرمووده (حدیث) دروست دەبێ.

بۆ نموونە، کەسێک بەناوی سەلمة الجرمی بەردەوام، لەناو یاوەرانی محمد دەیگوت. ئەو لە گشت باوەڕداران زیاتر قورئانی کۆکردۆتەوە (لەلایە).[14] کەچی ئەو دەربڕینەی الجرمی، سەبارەت بەو قسانە بوو، کە ڕۆژانە محمد بۆ یاوەرانی بە ئامۆژگاری و ڕێنمایی دەکردن بۆ

[14] إبن سعد، الطبقات الكبرى. الجزء السابع ص ٨٩ – ٩٠

چۆنییەتی نوێژکردن بە شێوەیەکی دروست. بۆ نموونە کێ تواناى هەیە پێشنوێژی، بۆ نوێژکەران بکا. کەچی ئەو قسانە، وەک زۆر فەرموودەی تر، تەنیا ئامۆژگاری و ڕێنمایی محمد بوون بۆ یاوەرانی. و لە دەقەکانی قورئان، زۆر کەم لای لەم بابەتانە کردۆتەوە.[15]

نموونەیەکیتر معاویەی بن أبی سفیان یەکەمین خەلیفەی ئەمەوی لە نێوان سالآنی ( ٦٦١ – ٦٨٠ س.ب) بووە. لە نزیکەوە محمدی بینیوە. بە یەکێک لە کەسەزیرەکەکانی سەردەمی خۆی دادەنرێ. ڕیوایەتێکی لێ دەگێڕنەوە لە دوای شەڕی ناوخۆ. و دەست بەسەر دەستەلآت داگرتنی . لە وەلآمی پرسیارێک سەبارەت بە دەستەلآتی سیاسی ئیسلام تەنیا بۆ قورەیشە. گوتوویەتی:

> پێم گەییوە، کەسانێک لە ئێوە حەدیث دەڵێن لە پەرتووکی خودا (کتاب الله) دانییە.

ئەو وەلآمەی معاویە گەواهیەکی بەهێزە. کە هەرچی محمد گوتوویەتی دەبێ لە (کتاب الله) دا هەبێ. بەو مانایەش ئێمە نازانین. ئەوەی ئێستا بە ئایەتی قورئان دادەنرێن. و موسوڵمانان بە ووتەی خودای دادەنێن فەرموودەی پەیامبەرن، یان ئایەت. [16]

بۆیە دەتوانین، بڵێین قورئان پەرتووکێکی ئاسمانی نیە. بەڵکوو کۆکراوەیەکی نزا و پاڕانەوەیە، کە ملکەچی تاکی باوەڕدار، بۆ دین و خودا دووپات دەکاتەوە. و تۆماری خوێندنەوەی

---

[15] Alfred-louis de Prémare (2002) The foundations of Islam, between Writing and History 318

[16] Ibid. Pp 318 صحيح البخاري. باب الأحكام،

لیتورگییە، بۆ پەیڕەوکردنی شێوەی نزا و پاڕانەوە لە نوێژکردندا، بۆ خودای تاک و تەنیا. بە مانایەکیتر پەرتووکی ڕینمایی و ئامۆژگاری دینە بۆ پەرستن. [17]

ئەم باسەی بەردەست، هەوڵدەدا، تا دەکرێ، بەدواداچوون لە سەر پرۆسەی بەرهەم هاتن و کۆکردنەوە و تۆمارکردن و ڕێکخستنی دەقەکانی قورئان بکا. ئەوەش بە بەراوردکردنی هەرچوار قۆناخی پێداچوونەوە و کاریگەری لەسەر چارەنووسی قورئان. هەر لە سەرەتای هاتنی ئایەتەکان. و بە ئامادەبوونی محمد خۆی، تا دەگاتە سەردەمی عبدالملک کوڕی مەڕوان. بەوەش دەتوانین بگەینە ئەنجامێکی گونجاو. کە بتوانێ دیمەنی پرۆسەی بەرهەم هاتن، و پیرۆزی ئەو قورئانە بەرجەستە بکا. کە ئێستا لەبەر دەستی موسوڵماناندایە. و لە سەرتاسەری جیهانی ئیسلامی پەیڕەوی دەکرێ.

ئاخر سەیرە پەرتووکێک ١٤٠٠ ساڵ، بەردەوام دەستاودەستی پێکرابێ. بە سەدان جار لەناو ڕێبازە جیاجیاکان، تا بگرە باڵە دوژمنەکانی یەکتری لەناو ئیسلام نووسراوەتەوە، و دووبارە نووسراوەتەوە. تا بگرە لەناو ڕێبازەکانی سوننە ناڕێکن لەسەر دەقەکانی قورئان. و بە ئارەزووی خۆیان بەکاریان هێناوە. کەچی ووشەیەکیشی نەگۆڕابێ!! لەوەش سەیرتر ئەوەیە، تەنانەت ڕاڤەکارانی ڕەوتە جیاوازەکانی ناو دینی ئیسلام، خۆیان لەسەر دەقەکانی هاوڕانین. بۆیە دەکرێ هەندێک ووردتر. و بەچاوی ڕەخنەگرانە بەدواداچوونێک، بۆ ماوەی سەد ساڵی یەکەمی مێژووی دینی ئیسلام، و قورئان بکەین. چونکە ئەو ساڵانە ناکۆکی گەورە، لە ناو باڵەکانی ئیسلامدا هەبووە. ئەنجامەکەی کارەساتی وای لێکەوتۆتەوە، تا گەیشتۆتە، ئاستی شەڕی ماڵوێرانکەر و یەکتری قڕکردن. لەلایەکی تریش بوونی شێوەزمانی جیاجیا لە

---

[17] آل عیسی، د. محمد، تاریخ الإسلام المبکر ص ١٥٤

ناو سەحابەکان. کە خوێندنەوەی قورئانیان، لەگەڵ یەکتری جیاواز بووە.  بەوەش بۆمان دەردەکەوێ، بە درێژایی ماوەی سەد ساڵی یەکەمی دەوڵەتی ئیسلام. کە سەردەمی دانانی بەردی بناخەی ئەودینە بووە. کەم یان زۆر وەک تاکە سەرچاوە، بۆ هەڵگرانی باوەڕی دین لە ناو ئیسلام پڕووشکی ئەو ناکۆکیانە، قورئانیشی گرتۆتەوە.

موسوڵمانان گشتیان لەسەر ئەوە هاوڕان کە قورئان سەرجەمی لە سەردەمی پەیامبەر نووسراوەتەوە. ئەوەی کە ناتەواوی هەبوو ڕێکخستنی ئایەتەکان بووە. زۆریشیان لەسەر ئەو باوڕەن، کە قورئان سێ جار کۆکراوەتەوە. جاری یەکەم لەسەردەمی نەبی محمد و بە ئامادەبوونی خۆی تۆمارکراوە. جاری دووەم لەلایەن ئەبو بەکری سدیق و عومەری کوڕی خەتاب و جاری سێیەم لەلایەن عوسمان کوڕی عەفان. [18]بەڵام هیچیان باسی سەردەمی عبدالملک  کوڕی مەڕاون ناکەن. و دەیانەوێ خۆیان لێ ببوێرن. لەڕاسیشدا گەورەترین دەستکاری قورئان لەو سەردەمە بە سەرپەرشتی حەجاج کوڕی یوسفی السەقەفی کراوە.

بەرەچاوکردنی ئەو دەربڕینانەی موسوڵمانان و لێکدانەوەیان، سەبارەت بە قورئان. کە دەڵێن، قورئان پەرتووکێکی ڕەسەن و سەرچاوەی دینە، و ناکرێ لێی دوودڵ بین!!. بەڵام ئەگەر کێشەکە پێچەوانە بکەینەوە. و لە ڕوویێکی ترەوە، بە چاوێکی کراوە و ڕەخنەگرانە لەو پرۆسەیە ووردبینەوە. بە ئاسانی کۆمەڵێ پرسیار و گومان لەسەر نووسین و کۆکردنەوەی ئایەتەکانی قورئان دروست دەبن. کە ناکرێ هەڵوێستەیان لەسەر نەکرێ.

بە پێی سایتی (زەرقاء الیمامة)کاتی محمد مرد ژمارەی موسوڵمانان لە نێوان ٦٠ تا ١٠٠ هەزار کەس دەبوون. لەو هەموو موسوڵمانە تەنیا ٧ کەس سەرجەمی قورئانیان لەبەر بوو. لەو حەوت کەسەی کە سەرجەمی قورئانیان لەبەر بووە، تەنیا چوار کەسیان لای محمد

---

[18] السیوطی، جلال الدین (١٩٣٥) الإتقان فی علوم القرآن. الطبعة الثانیه.١: ٥٧ – ٥٩

پەسندبوون. کەچی هەزاران کەس هەر لە ئایەتێک تا دەگاتە بەدەیان سورەتیان لەبەر بووە. پرسیارەکە ئەوەیە. ئەی ئەو هەموو موسوڵمانەی تر چ کارەبوون؟ مادام موسڵمانەتیان هەڵبژارد، خۆیان لە پێناوی بەکوشتن دەدا، بۆ گرنگیان بە قورئان نەدەدا؟ ئەی بۆ محمد تەنیا چوار خوێندنەوەی بە دڵ بوون؟ ئەوانەیتر هەڵەیان چیبوو؟ ئەی بۆ لە سەردەمی عوسمان، هیچ یەک لەو چوارە گوێ بە هیچیان نەدرا؟

ئەو گریمانەیە، ئەوانەش دەگرێتەوە کە قورئانیان دەنووسیەوە. لەبەر ئەوەی هیچ یەک لەو قورئانانەی نووسراونەتەوە. سەرجەمی ئایەت و سوورەتەکانیان تێدانەبووین. سەرەڕای ئەوەی جیاوازیشیان لەگەڵ یەکتری هەبووە. [19]

پرسیارێکی تری هەرە گرنگ هەیە. کە وەک مۆتەکە، مرۆڤ ناتوانێ خۆی لێ ببوێرێ. ئەویش مەبەست لە خۆ ئامادەکردن. و ڕاسپاردنی زەید کوڕی ثابت، لە سەردەمی ئەبوبەکر و عومەر. دواتریش هەمان زەید لەگەڵ سێ کەسیتری سەر بە هۆزی قورەیش لە سەردەمی عوسمان، بۆ کۆکردنەوە و ڕێکخستنی قورئان لە پێناوی چی بوو؟

ئەگەر لەسەردەمی پەیامبەر و بە ئامادەبوونی خۆی، گشت ئایەتەکانی قورئان، یەک بە یەک نووسرابنەوە. بۆچی دووبارە کۆمیتەی نوێ، بۆ کۆکردنەوە و پێداچوونەوە. و ڕێکخستن و تۆمارکردنی قورئان دروست بکرێن؟

با لەم بۆ چوونەوە دەست پێبکەین، وەک چۆن محمد عزة دروزة ئاماژەی پێ دەکا. بە باوەڕی موسوڵمانان لەو کاتەی کە هێشتا محمد پەیامبەری ئیسلام لە ژیاندابووە. بە

---

[19] سایتی ئەلکترۆنی - زرقاء اليمامة

فەرمانی خۆی، قورئان نووسراوەتەوە و ئایەتەکانیش ڕێکخراون.[20] ئەوە ئەو ئەسحابانەش دەگرێتەوە کە هەم ئایەتەکانیان دەنووسینەوە و هەم ئەوانەی لەبەریشیان دەکردن.[21]

البغوي دەڵێ: زەید کوڕی ثابت بۆ دواجار، بە ڕوونکردنەوە گەواهیدا. کام ئایەت نەسخ بووین و کامیش ماون. هەر ئەو (زەید)ە لە کۆتایی ژیانی پەیامبەر لە مەدینە، ئایەتەکانی دەنووسینەوە، و بۆشی دەخوێندنەوە. تا پەیامبەر لە ژیاندا مابوو خەڵکی بەو شێوەیە دەیانخوێندەوە. هەر لەبەر ئەوەش بوو، ئەبوبەکر و عومەر متمانەیان بۆ کۆکردنەوەی قورئان دایە زەید. دواتریش عوسمان بە هەمان شێوە هەر زەیدی بن ثابتی هەڵبژاردەوە، بۆ کۆکردنەوەی قورئان.[22] ڕەنگە هۆکاری تریش بۆ هەڵبژاردنی زەید هەبووبن، دواتر هەندێک تیشکی دەخرێتە سەر.

إبن أبي داود لە إبن عباس دەگێڕێتەوە کە لە عوسمانی بیستووە ( ئەگەر شتێک بۆ پەیامبەر دابەزیبا، داوای لەو کەسە دەکرد کە دەینووسی، دەیگوت: ئەو ئایەتە لەو سورەتە دابنێ، کە ناوی ئەوەیە ......[23]

ناکۆکی قسەی عوسمان لەوە دایە. سەرەڕای ئەو ڕێنماییەی پەیامبەر بەو وردەکارییەوە، سەحابەکانی کە دەیاننوسیەوە، پەیڕەویان نەدەکرد. و جیاوازیان لە ڕێکخستن و نووسین دا هەبووا! کەواتە دەبێ هەر لەسەرەتاوە، پەیڕەوکردنێکی بە ڕێکخراوی نەبووبێ. یان ئەو دەربڕینەی عوسمان ڕاست نییە! ئەگینا چۆن هەر سەحابەیەک بە ئارەزووی خۆی دەنووسێتەوە.

---

[20] دروزة، محمد عزة. القران المجيد ص ٦٤
[21] الدکتۆر شيخ صبحی صالح. مباحث فی علوم القران ص ٦٩
[22] السيوطی، جلال الدين (١٩٣٥) الإتقان فی علوم القرآن. الطبعة الثانيه.١: ٥٧
[23] هەمان سەرچاوە ١: ٦٠، ابن كثير تفسير القرآن العظيم، المجلد السابع ص ١٣٦

ئەوەی لەم بەینەدا لێی تێبگەین، ئەوەیە کە هەر لە سەردەمی محمد لەژیاندابوو، قورئان لە گێڕەنی تێکەڵاوی دابووە. و بە شێوەیەکی ڕێکخراو نەنووسراوەتەوە، وەک الزرکشی ئاماژەی پێدەکا هەمیشە نادڵنیایی و چاوەڕوانی گۆڕان لە ئایەتەکان دا هەبووە. و بەردەوام ئایەتی ناسخ هاتبێ و ئایەتێکی نووسراوی نەسخ کردبێ. لەبەر ئەوە نووسینەوەی قورئان بە ڕێکخستنێکی بنبڕ، تا دوای مردنی محمد دواکەوت [24] هەروەها السیوطی هەمانڕای هەیە کە لە سەردەمی پەیامبەر قورئان تەواو نووسراوەتەوە. بەڵام نەک بە شێوەیەکی ڕێکخراو، کە یەکسەر بکرێتە پەرتووک. [25]

دکتور عبدالصبور شاهین دەڵێ سەرەڕای ئەوەی، نووسینەوەی ئایەتەکان لەسەر پێست و گەڵای دار و تاشەبەرد ... هتد بووین. دواتر پاراستنیان لە ماڵی دایکانی ئیماندار بووە. ڕووی نەداوە محمد بۆ جارێکیش گەڕابێتەوە. و کۆنترۆڵی ئەو نووسینانەی کردبێ. [26] ئەوەش دەمانگەیێنێتە ئەو باوەڕەی، کەمترین هەڵە لە نووسینی ئایەتەکان، لەکاتی تۆمارکردن ڕوویدابێ. کارێکی ئەستەمە ڕاست بکرێتەوە. مەگەر لە ڕێگای بەراوردکردنی لەگەڵ ئەوانەی لەبەریان کردوون. ئەوانەش ناتوانرێ بەڕەهایی جێگای متمانەبن.

بەپێی لێتۆژینەوەی ڕۆژهەڵاتناسان قورئان وەڵامی یەکلایەنی بۆ یەک کەس نییە. بەڵکوو بریتییە لە کۆمەڵێ ڕاستکردنەوە. و دووبار نووسینەوەی، ئەوەش وایکردووە، کە کۆمەڵێ کەس بە شێوەیەکی بەردەوام بە درێژایی چەندین سەدە پێی هەڵساون. [27]

---

[24] الزرکشی، البرهان فی علوم القران ١: ٢٦٢
[25] السیوطی، جلال الدین (١٩٣٥) الإتقان فی علوم القرآن. الطبعة الثانیه.١: ٥٧
[26] دکتور عبدالصبور شاهین (٢٠٠٥) تاریخ القرآن ص ٩١
[27] Rippin, Andreww (1985) Library Analysis of Quran, Tafsir and Sira. The .methodologies of Wansbrough, Aproaches to Islam in Religious studies .Richard C. Martin (ed) Tuscon University of Arisona press

به مانایەکیتر ئەو قورئانەی ئێمە ئێستا دەیخوێنینەوە، هەمان قورئان نییە، کە لە ماوەی ناوەڕاستی سەدەی حەوتەمی س.ب کۆکرابێتەوە و ڕێکخرابێ. بەڵکوو گریمانەی بەهێز ئەوەیە، کە بەرهەمی سەدەکانی هەشت و نۆی س.ب بن. لەو کاتەوە، بەپێی لێکدانەوەی ڕۆژهەڵاتناسان ئیسلام ناسنامەی کلاسیکی خۆی بنیات نا. و بووە ئەو دینەی ئێستا هەیە. ئەو قۆناخەش بە قۆناخی بنیانان (تکوین) ناو دەبرێ. کە ماوەی ٢٠٠ تا ٣٠٠ سال لە پەرەسەندن دابوو. [28]

بەو تێبینیانەی سەرەوە، و ئەو ناکۆکی و تێکەڵاویانەی کە قورئان، هەر لە سەرەتاوە تووشیان بووە، دەبێ لێکۆڵەرەوە لە بەدواچوون و شرۆڤەی، بۆ نووسینەوەی قورئان و پرۆسەی قۆناخەکانی کۆکردنەوەی، بە ووردی ڕەچاویان بکا. بە تایبەتی لە مێژووی سەد ساڵی یەکەمی، و دەستاودەست کردنی قورئان. کە هەر یەک لە دەستەڵاتداران و سەحابەکانی بەرایی. دانی بە قورئانی ئەوانیتر دانەدەنا. بۆیە هەڵوێستێکی یەکلایی بەرامبەر دەقەکانی قورئان، و چۆنییەتی ڕاڤەکردنیان نەبووە. ئەوەش کاریگەرییەکی زۆری لەسەر چارەنووسی قورئان هەبووە. کە بە چوار قۆناخی یەک لە دوای یەکدا تێپەڕیوە. هەر قۆناخێکیش هەڵوێستی جیاواز و گۆڕانی کەم یان زۆر لەسەر دەقەکان کراوە. و دەرئەنجامەکەشی ئەو قورئانەیە کە موسوڵمانان، بە پەرتووکێکی ئاسمانی بێ دەستکاری دادەنێن.

---

[28] Wansbrough 1977: 160 - 163

## قورئان و کێشەی گیانی پیرۆز

گیان یا گیانی پیرۆز زارەوەیەکە لە هەرسێ پەرتووکی دینە ئیبراهیمیەکان چەندین جار و بە شێوەی جیاواز دووبارە بۆتەوە. ئەوەی جیاوازە لە نێوان پەرتووکەکان و لێکدانەویان لە هەر دینێک، گوزارە لەسەر هێزێکی مەزنی دینی، بەپێی ئەو دینە دەکا. لە دینی یەهودی گوزارەیە بۆ گیانی خودا و وەحی. و لە دینی کریستیانە گیانی پیرۆز یەک لە سێ پایە بنەڕەتەکانی دینە (باوک، کوڕ و گیانی پیرۆز). ئەوەی کە هەندێک تێکەڵاوی تێدایە. ئەوەش دووبارکردنەوەی زاراوەی گیان یا گیانی پیرۆزە، لە هەردوو دینی یەهودی و کریستیانی.

لە قورئاندا (گیان و گیانی پیرۆز) ٢٣ جار دووبارە بۆتەوە. لەگەڵ ئەو دووبارە بوونەوانەش، تێکەڵاویی لە مانا و ڕوونکردنەوەی زاراوەی گیان یان گیانی پیرۆز دا هەیە. ئەوەش بۆتە سەرچاوەی ناکۆکی نێوان ڕاڤەکارانی موسوڵمان، کە بۆ پینەکردنی ئەو ناکۆکیانە، کەوتوونەتە هۆنینەوە،بۆ پینەکردنی ئەو کەلێنەی، نووسەری قورئان لە هێنانی ئایەتەکان، تێیکەوتووە.

## کورتەیەک بۆ پاشخانی گیان

ووشەی گیان، لە زمانی عیبری بە ڕۆخ، ڕۆح *ruach*، و لە زمانی یۆنانی بە ووشەی پنێوما *pneuma.* هاتووە. و گوزارە لە گیان یان با (ریح) دەکا. ئەو ووشەیە نزیکەی حەفتا

جار لە پەیمانی کۆندا دووبارە بۆتەوە. لە سەرجەمی ئەو پەرەگرافانە، ئاماژە  بە گیانی خودا دەکا، کە بۆ نەبی و نێردەکان دێ. رێنمایەکانیشی پێگایەکی تایبەتی لە ناو فریشتان و پەیامبەران بە گشتی هەیە. ئەوەش چەند پەرەگرافی هەندێک لە پەرتووکەکانی پەیمانی کۆن، کە بە ڕوونی گوزارە لەو چمکە دەکەن.[29]

پەیمانی کۆن - پەرتووکی ئەفراندن ١: ١ – ٢

> لەسەرەتادا خودا ئاسمان و زەوی ئەفراندن (١) زەویش بێ شێوە و بەتاڵ بوو. تاریکی لەسەر قووڵاییەکانی بوو. گیانی خوداش لەسەر ئاوەکان دەشەکایەوە (٢)

لەم پەڕەگرافە ڕاستەوخۆ، دەڵێ (گیانی خودا) لەسەر ئاو دەشەکایەوە. و دەیەوێ، لەسەر پرۆسەی ئەفراندن بەردەوامبێ.

پەیمانی کۆن - پەرتووکی سامۆئێلی دووەم ٢٣: ٢

> گیانی خودا، لە ڕێگەی منەوە دوا، ووشەکانی لەسەر زمانم بوون (٢)

لێرەدا خودا لەڕێگەی ساموئێلەوە بۆ خەڵکی قسەدەکا. واتە گیانی خودا، لە جەستەی ساموئێلەوە دێتە گۆ.

پەیمانی کۆن - پەرتووکی دەرچوون ٣١: ١ – ٣

[29] Sinclair B. Ferguson, *The Holy Spirit* (Downers Grove, IL: InterVarsity, 1996), Pp. 21

(١)  خودا بە موسای فەرموو (٢) بڕوانە ئەوا من بەسەلئێلی کوڕی ئوری کوڕی حورم لە هۆزی یەهود هەڵبژاردووە (٣) لە گیانی خوداشەوە پڕمکردووە. لە دانایی و تێگەیشتن و زانیاری لە هەموو پیشەگەرییەک.

پەیمانی کۆن – پەرتووکی ئیشایا ٦١: ١

(١) گیانی خودای باڵادەست، بەهێزم دەکا، چونکە، خودا دەستنیشانی کردووم، بۆ موژدەدانی هەژاران.

پەیمانی کۆن - پەرتووکی حزقیێل ١١: ٢٤

(٢٤) گیانی خودا هەڵیگرتم. و لە بینیندا منی هێنایە خاکی بابلیەکان، بۆ لای ڕاپێچکراوەکان.

پەیمانی کۆن - پەرتووکی حزقیێل ٣٦: ٢٦

(٢٦) دڵێکی نوێتان دەدەمێ و گیانێکی نوێ دەخەمە ناوتانەوە. ئەو دڵە بەردینەتان لێ دەکەمەوە. و دڵێکی گۆشتینتان دەدەمێ. و گیانی نوێ دەخەمە ناوتانەوە.

لە ناو دەقەکانی پەیمانی کۆن ، هەرچەندە تەنیا زاراوەی گیان بەکاردێ، بەڵام مەبەستی گیانی خودایە.  و بەردەوام وەک ڕێنماکار، بۆ پەیامبەران دێ، هەندێک جاریش و  لەڕێگای ئەوانەوە دێتە گۆ. و ڕێنمایی سەبارەت کاروباری خوداناسی دەدا.

 بەوەش لە سەرجەمی پەیمانی کۆن گیان، گیانی خودا. هەندێک جار وەک وەحی بۆ پەیامبەران دێ. و هەندێ جاریش وەک ڕێنماکار، بە گیانی خۆی دەبێتە ڕێنیشاندەر.

# گیانی پیرۆز

لە پەیمانی کۆن، بۆ گیانی خودا تەنیا زاراوەی (گیان) هاتووە. کەچی لە دینی کریستیانی و یەهودی نەسارِی، زاراوەی گیانی پیرۆزە.

گیانی پیرۆز بەپێی سەرچاوەکانی کریستیانی دوو ڕۆڵی گرنگی هەیە، یەکەم یەک لە سێ پایەکانی دینە. پایەگا (Hypostasis) و ئایکۆنی سیانەی دینە (باوک، کوڕ و گیانی پیرۆز). و زیاتر لە ٢٥٠ جار لە ناو دەقەکانی پەیمانی نوێ دووبارە بۆتەوە. دووەم بەردەوامییە لە هزری یەهودی. واتە گیانی پیرۆز، گیانی خودایە.

هەردوو ووشەی *ruach*، و *pneuma* گوزارە لە هێز و جوولە، و ژیان و چالاکی دەکەن. کە پەیوەندیان بەگیانی خوداوە هەیە. کەچی گیانی پیرۆز، بەپێی لێکدانەوەی کریستیانی، گیانی پیرۆز گیانی خودایە، و هەمیشە لەناو نەتەوەکەی ئامادەیە. و بەشداری ژیان و ڕێنمایی دەدا. [30]

پەیمانی نوێ - نامەی پەترۆس ١: ٢١

(٢١) چونکە هەرگیز، پێشبینی بە خواستی مرۆڤ نەهاتووە. بەڵکوو گیانی پیرۆز ڕێبەرایەتی مرۆڤانی کردووە. بۆ ئەوەی پەیامی خودا ڕابگەیێنی.

هەندێ جار ئەگەر پێویست بکا، نێردەکانی توندی لە ئامۆژگاریەکانیان بەکاردێنن. بۆ ئەوەی، پێداگری لە مەزنی گیانی پیرۆز بکەن.

---

[30] Sinclair B. Ferguson, *The Holy Spirit* (Downers Grove, IL: InterVarsity, 1996), Pp. 21

پەیمانی نوێ – کردەوەی نێردان ٧: ٥١

(٥١) ئەی سەرسەختینە، ئەی دڵ و گوێ خەتەنە نەکراوان. ئێوە وەک باوباپیرانتان، هەمیشە بەربەرەکانی گیانی پیرۆز دەکەن.

نێردەکان بۆ ڕێنمایی، وەک بەڵگە گەواهی دەدەن. کە گیانی پیرۆزیان لە شێوەی بوونەوەری جیاواز دیوە.

پەیمانی نوێ ئینجیلی یۆهانێس ١: ٣٢

(٣٢) یەحیا گەواهی دا: بینیم گیانی پیرۆز وەک کۆترێک لە ئاسمانەوە دەهاتە خوارێ. و لەسەری نیشتەوە.

بەپێی دەقەکانی پەیمانی نوێ، لە دینی کریستیانی، گیانی پیرۆز، گیانی خودایە، بەسەر مرۆڤدا دادەبەزێت. و هێزێکی ناسرووشتی پێدەبەخشێ. بەو دوو پەرەگرافە نیشانی دەدا بۆ گەیاندنی پەیامی دینی و مەزنی گیانی پیرۆزی خودا. گشت ڕێگایەک بەکاردینن. هەر لە سووکایەتی (سەرسەختینە) تا دەگاتە گەواهیدان بە بینینی گیانی خودا. کە وەک هێزێک بۆ چاکەکردن، و یارمەتی نێردەکانی و پەیامی دین هەمیشە ئامادەیە.

هەر ئەو گیانی پیرۆزەشە فووی لە مریەم کردووە. و یەسو دروستبووە. کەواتە لەناو دەقەکانی پەیمانی نوێ گیانی پیرۆز گیانی خودایە و ئایکۆنێکیشە لە پەیەکانی سیانەی دین. و هیچ پەیوەندی بە بوونەوەرێکی ترەوە نییە.

له قورئاندا زاراوەی گیان یا گیانی پیرۆز ٢٣ جار دووبارە بۆتەوە. و لەوانەش لە چوار ئایەت ڕاستەوخۆ بە (گیانی پیرۆز) هاتوون.

ئەو چوار ئایەتەش البقرة ٢: ٨٧، ٢٥٣ المائدة ٥: ١١٠ هەروەها النحل ١٦: ١٠٢
لە ١٩ ئایەتەکەیتریش بە شێوەی جیاواز، وەک گیان، گیانمان، گیانی ئەو، گیانی دڵنیا... و هتد هاتوون.

بە گشتی گرفتی گەورەی قورئان لەوەدایە، کە ڕۆڵ و مانایەکی ستانداردی، بۆ دەربڕینی گیان یا گیانی پیرۆزی تێدانییە. بەڵکوو تێکەڵاویەک لە ناو دەقەکاندا هەیە، کە وا دەکا، گیان نەتوانێ زاراوەیەکی گشتگیربێ. و بەبێ گەڕانەوە بۆ کۆنتێکستی هەر ئایەتێک، بتوانی لە مانا و مەبەستی گیان تێبگەی.

زاراوەی گیانی پیرۆز چوارجار هاتووە، لەو چوارجارە سیانیان لە مەدینە هاتوون و یەک جار لە کۆتایی قوناخی مەککە هاتووە. بۆیە بۆمان دەردەکەوێ. بەرامبەر بەوە زاراوەی گیان بە تەنیا ١٦ جار لە قۆناخی مەککە هاتووە. و سێ جاریش لە قوناخی مەدینە هاتووە.

ئەو دابەشبوونە، دیمەنێکی ڕوونمان دەداتێ کە نووسەری قورئان لە سەردەمی مەککە متمانەی تەواوی لەسەر پەیمانی کۆن بووە. و کاریگەری یەهودی نەساری بە ئاشکرا لەسەر دیارە.

بەڵام لە سەردەمی مەدینە گیانی پیرۆز هەرچەندە لەوانەش سێ جار ڕاستەوخۆ مەبەسی یەسوی کریستە. بەڵام گۆڕانێک لە ووتاری ئیسلام بەدی دەکرێ. کە دەیەوێ لەژێر هەژمووونی یەهودی نەساری دەربازبێ. و ڕێبازێکی تایبەت بەخۆی بێنێتە دێ. ئەوەش بە گشتی لەگەڵ گشت پرۆسەکانیتری ئەو سەردەمە دەگونجێ.

لەلایەکیتر بە خوێندنەوەیەکی ووردی ئایەتەکانی قورئان، بەتایبەتی قورئانی مەککە، گومانێکی زۆر، لەسەر بۆچوونی بیۆگرافینووس و ڕاڤەکارانی موسوڵمان دروستدەبێ. کە دەڵێن گیانی پیرۆز یا گیان مەبەست جوبرائیلە. وەک نێردەی خودا، وەحی بۆ محمد هێناوە.

ئەو دەربڕینەی ڕاڤەکارانی موسوڵمان ناتوانێ، جێگای متمانەبێ، و جبرائیل وەک نێردەی خودا بۆ محمد ساخکاتەوە. ئەوان دەڵێن یەکەمجار جبرائیل لە ئەشکەوتی حەڕا، هاتۆتە لای محمد و سورەتی (العلق)ی پێ خوێندۆتەوە. بۆ نموونە إبن هشام لە سیرة النبوي دەنووسێ، محمد گوتوویەتی:

> لە ناوەڕاستی چیا، لە ئاسمانەوە، گوێم لە دەنگێک بوو گوتی: ئەی محمد تۆ نێردەی خودای، و من جبرائیلم. گوتی سەرم بۆ ئاسمان بەرزکردەوە. دەبینم جبرائیل، لە شێوەی پیاوێک لە ئاسۆی ئاسمان گوتی: ئەی محمد تۆ نێردەی خودای، و من جبرائیلم. لە هەمان شوێن دوای گەڕانەوەی لە ئەشکەوتی حەڕا، خدیجە لێی دەپرسێ. کە لە کێوی حەڕا بۆت دەرکەوت دەتوانی باسم بۆ بکەی؟ محمد گوتی: بەڵێ ئەوبوو، جبرائیل بوو هات. [31]

ئەو گێڕانەوەی إبن هشام، تا ئێرە وەک چیرۆکێکی ناو بیۆگرافیای محمد، و گشت چیرۆکە دروستکراوەکانیتر، بە سادەیی وەردەگیرێ. بەڵام ناکۆکی باسەکە، لێرەوە سەر هەڵدەدا. ئەگەر جبرائیل لەیەکەم نیشانەی هاتنی وەحی بۆ محمد دەرکەوتبێ، بۆ لە هیچ ئایەتێکی سورەتەکانی قورئانی مەککە، ناوی (جوبرائیل) نادۆزرێتەوە. بۆ لە قورئان ئاماژەیەک بەوە

---

[31] السيرة النبوية لإبن هشام، تحقيق الدكتور عمر عبدالسلام تدمري. الجزء الأول، الطبعة الثالثة. دار الكتاب العربي – بيروت، ص ٢٦٩

ناکا، کە ئەو فریشتەیەی وەحی بۆ محمد هێناوە، جبرائیل بووە. تەنانەت محمد خۆی نەیزانیوە گیان یا گیانی پیرۆز چیە.  تا دوای کۆچی محمد بۆ مەدینە، ئەوسا لە پڕ جبڕائیل دەردەکەوێ. لەناو ئایەتی قورئان ناوی دەبرێ، ئەوەش لە سورەتی البقرة:

القرآن الكريم – سورة البقرة ٢: ٩٧ – ٩٨

> بڵێ هەرکەس دوژمنی جبڕائیل بێ، هەر ئەوە کە ئەو قورئانەی بە مۆڵەتی خودا، دەخاتە دڵی تۆ. پەرتووکەکانی دیکەی ئاسمانیش پشتڕاست دەکاتەوە، کە ڕێشاندەر و موژدەدەرن بۆ باوەڕداران (٩٧) هەرکێ دوژمنی خودا و پەیامبەرانی، و فریشتانی و جبڕائیل و میکائیل بێ. خوداش دژ بە خودانەناسانە (٩٨)

کەچی لەم دوو ئایەتەش جیاوازی لە نێوان فریشتە و جوبڕائیل هەیە. بەتایبەتی لە ئایەتی ٩٨ کە دەڵێ( فریشتانی و جبڕائیل و میکائیل) ، نابێ هیچکام لە جوبڕائیل و میکائیل فریشتەبن. بەڵکوو دەبێ بونەوەری دیکەبن. چونکە ناوی فریشتان لە جبرائیل و میکائیل جیاکراوەتەوە. و بەر لە ناوی ئەوان بە جیا هاتووە، و پەیوندیان بەیەکەوە نییە. ئەو دیمەنە لە (سورەتی التحريم ٦٦: ٤)یش دووبارە دەبێتەوە، کە ناوی جبرائیل لە فریشتە جیا دەکرێتەوە.

سەبارەت بە قورئانی مەککە و نەبوونی ناوی جبرائیل، ڕاڤەکارانی موسوڵمان، لەبەر نەبوونی وەڵامێکی گەنجاو، دەڵێن کە گیانی پیرۆز (روح القدس) مەبەست جبرائیلە. ئەو دەربڕینەش زۆربەی هەرە زۆری ڕاڤەکاران دووبارەی دەکەنەوە. سەرەڕای ئەوە طبری ئەوەشی لەسەر زیاد دەکا. و دەڵێ ( أيدناه بروح القدس) مەبەست پشتگیریمان کردی بە ئینجیل. ئەی جبرائیل چی بەسەرهات. کاتێ بە ئینجیل پشتگیری دەکرێ، ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە

جبرائیل نامێنێ. ئەوەش لە خۆیەوە دووفاقیی لێکدانەوەیە. کە دەڵێ بەهێزمانکرد (قویناه). مانای وایە یان دەبێ جبرائیلبێ یان ئینجیل. کەچی هەر دوای ئەوە دەنووسێ خودا ناوی جبرائیلی بە گیان دەربڕیووە. [32]

ئەوەش گیانی پیرۆزی خودایەکە بۆ پەیامبەرانی ناردووە، یەکەم زاراوەی گیان تەنیا لە پەیمانی کۆن و دینی یەهودی فریشتە نییە، بەڵکوو ڕاستەوخۆ، گیانی خودایە. و زۆر بەرزترە لە فریشتان. ئەو دەربڕینەی ڕاڤەکاران تەنیا خۆ دەربازکردن و پینەکردنە و بەس. [33]

السیوطیش لەسەر هەمان ڕێچکەیە، و دەڵێ أیدنا مەبەست قویناە، لە هەمان کاتدا دەڵێ گیانی پیرۆز، جبرائیلە.[34]

بەرەچاوکردنی ئەوەی، کە گیانی پیرۆز لە پەیمانی نوێ بە گیانی خودا بۆ یەسو هاتووە، هەر لە پڕبوونی سکی مریەم، تا دەگاتە پایەی سێیەمی سیانەی کریستیانی. سەرچاوەکانی دینی کریستیانی، بە تێکڕا لەسەر ئەو ڕایەن، کە گیانی پیرۆز گیانی خودایە. و زۆر لە فریشتە بەرزترە. هەر ئەوەشە نووسەری قورئان، وەک پاشخانی کولتووری و پەروەردەبوونی، لە ناو یەهودی نەساڕی، شوێنێکی تایبەتی لە ناو دەقەکانی قورئان داوەتە یەسوی کریست. و زاراوەی گیانی پیرۆزی، لە پەیمانی نوێ وەرگرتووە. و پشتگیری کریستی بە تایبەتی لە لایەن گیانی پیرۆزەوە کردووە.

ئەوەش گێژەنێکی ئاڵۆزی بۆ ڕاڤەکارانی موسوڵمان دروستکردووە. و ناچاریکردوون، هەریەک بە ئارەزووی پینەی بۆ بکەن.

---

[32] تفسیر الطبري. جامع البیان لتأویل آی القرآن، المجلد الثاني، ص ٢٢١
[33] هەمان سەرچاوە، المجلد الرابع ص ٢٥١
[34] السیوطی، الدر المنثور لتفسیر المأثور، الجزء الأول، ص ٢١٣

القرآن الكريم – سورة النحل ١٦: ١٠١ - ١٠٢

کاتی بە ئایەتێک، شوێنی ئایەتێکی دیکە دەگۆڕین، و خودا دەزانێ، بەوەی دەیزانێ. گوتیان ئەوە خۆت هەڵدەبستی. بەڵام زۆربەیان نازانن (١٠١) بڵێ گیانی پیرۆز لەخوداکەتەوە بە هەق دایبەزاندووە. (١٠٢)

لەو دەربڕینە دەبێ گیانی پیرۆز نێردەیەک بێ. و لە خوداوە پەیامێک یا ئاگاداریەکی دابەزاندبێ. بە بەراوردکردنی ئەو دەربڕینە، لەگەڵ دەقی ئەو ئایەتە، لە سورەتی (النحل) کە سورەتێکی مەککەیە. هەرچەندە زۆربەی ڕاڤەکارانی موسوڵمان دەڵێن گیانی پیرۆز جوبرائیل بووە. بەڵام بە بەراوردکردنی بە ئایەتێکیتر لە سورەتی النبأ. دیمەنێکی ترمان دەداتێ.

القرآن الكريم – سورة النبأ ٧٨: ٣٨

ئەو ڕۆژەی گیان و فریشتەکان بەڕێزەوە دەوەستن، هیچکامیان قسە ناکەن. تەنیا ئەوە نەبێ کە ڕەحمان مۆڵەتی پێدەدا. و قسەی ڕاست دەکا (٣٨)

لەو ئایەتە بە ئاشکرا دیارە کە گیان، لە فریشتەکانیتر مەزنتر و لە پێشترە، و لەسەرگیانەکان ڕاسپێردراوە. و وەک طبري دەڵێ لەسەر شێوەی ئادەم دروستکراوە. [35]

کەچی هیچ ئاماژە بە جوبرائیل لە ئایەتەکە نادۆزرێتەوە. بۆیە ناوهێنانی جبرائیل تەنیا هۆنینەوەی بیانۆیەکی بێ بنەڕەتە، دەیەوێ شوێنێکی تایبەتی، لە دینی ئیسلام بداتێ، لەوەش

---

[35] الطبری. جامع البيان فى تفسير القرأن. المطبعة الاميرية. قاهرة، ١٣٢٣ هجري مجلد ٣٠، ص ١٤٤

چاکتریان نەدۆزیوەتەوە. ئەگینا هیچ پەیوەندیەک لە نێوان فریشتە جوبرائیل و گیانی پیرۆز بوونی نییە.

القرآن الکریم – سورة البقرة ٢: ٨٧

و پەرتووکمان بە موسا دا، و لە دوای ئەوە پەیامبەر لە دوای پەیامبەرمان نارد، و چەندین پەرجوومان بە یەسوی کوڕی مەریەم دا. و پشتیوانیمان بە گیانی پیرۆز لێکرد. جا هەر جارێك پەیامبەرێکتان بۆ هاتووە کە خۆشیتان پێی نەهاتووە، خۆتان پێ گەورە بووە، و کۆمەڵێکیانتان بە درۆزن زانیوە و کۆمەڵێکیانتان کوشتووە. ( ٨٧)

القرآن الکریم – سورة البقرة ٢: ٢٥٣

چەندین پەرجوومان بە یەسوی کوڕی مریەم دان، بە گیانی پیرۆزیش پشتیوانیمان لێکرد (٢٥٣)

القرآن الکریم – سورة المائدة ٥: ١١٠

ئەی یەسوی کوڕی مەریەم، چاکەی من لەسەر تۆ و دایکت لەبیربێ، کاتێک بە گیانی پیرۆز پشتگیریم کردی.(١١٠)

لەو چەند ئایەتەدا، گیانی پیرۆز فۆرمێکیتری وەرگرتووە. وەک گیانی خودا پشتیوانی لە یەسوی کریست دەکا. و بە گیانی پیرۆزی خۆی هێزی دەداتێ، و پێگای قایم دەکا. کەواتە دەبێ گیانی پیرۆز، گیانی خودابێ، بۆ یەسوی کریست. بەو پێیەش بەرزترە لە گشت فریشتەکانیتر.

القرآن الکریم – سورة مریم ١٩: ١٧

به دوور لەوان، پەردویەکی کرد، ئەوسا گیانی خۆمان لە شێوەی مرۆڤێکی
سەروسیما بەرجەستەکراو بۆی نارد (١٧)

ئەو ئایەتەی قورئان، ڕاستەوخۆ باسی گیانی خودا دەکا، کە لە شێوەی مرۆڤێک هاتووە. و ئاگاداری دەکاتەوە، کە خودا بە گیانی خۆی پشتگیری کردووە. واتە: ئێمە بەڵگەمان دا بە یەسوی کوڕی مەریەم، و بە گیانی خۆشمان بە هێزمانکرد.

## نووسەری قورئان نازانێ گیان چییە

نەبوونی تێگەیشتنێکی یەکگیر، سەبارەت بە گیان یا گیانی پیرۆز لە دینی ئیسلام، بۆتە هۆی تێکەڵاویەکی ئەوەندە ئاڵۆز، ڕاڤەکاران خەریکن وەک خەونێکی بزرکاو لێکی دەدەنەوە.

عبدالکریم الجیلي دەڵێ:

گیانی پیرۆز بوونەوەرێکی ئەفرێندراو نییە، ئەفرێندراونەبووش تەنیا خودایە. کە هەتاهەتاییە.[36]

ئەو ئاڵۆزی و ناکۆکییەی کە لە ناو ڕاڤەکارانی موسوڵمان، لەسەر مانای گیان لە ئایەتەکانی قورئان هەیە. سەرچاوەکەی هەر لەناو دەقی قورئان خۆیەتی. بەڵگەش بۆ ئەو ڕاستیە، بەسەرهاتێکی نووسەری قورئان خۆیەتی.

[36] مجلة كلية الأداب مايو ١٩٣٤

ئەو بەسەرهاتە لەلایەن چەندین ڕاڤەکاری وەک الطبري و القرطبي و إبن کثیر و زۆریتر تۆمارکراوە. بەسەرهاتەکە جارێکیان، لە کێڵگەکانی دەرەوەی مەدینە، محمد لەگەڵ عبدالله ناوێک دادەبێ. لەو کاتەدا پەیامبەر پشتی بە دارێک دابوو. دەستەیەک یەهودی بەوێدا تێدەپەڕن. و لەگەڵ یەکتری گفتوگۆیان دەبێ، کە لەبارەی گیانەوە لە محمد بپرسن. دوای مشتومڕیان، سەبارەت بە گیان پرسیاریان لێکرد. ئەوەی جێگای سەرنجە، پەیامبەر لەو کاتە هیچ وەڵامی نەدانەوە، و دانی بەخۆی داگرت و بێدەنگ بوو. کەچی دوای چەند ڕۆژێک بە ئایەتی ٨٥ سورەتی الإسراء، بە ئایەتێک نەزانینی خۆی پینەی کرد.[37]

القرآن الکریم – سورة الإسراء ١٧: ٨٥

> سەبارەت بە گیان پرسیارت لێدەکەن، بڵێ گیان لە پرسەکانی پەروەردگارمە. و زانستیتان پێنەدراوە، تەنیا کەمێک نەبێ (٨٥)

کاتی پرسیار لە پەیامبەر سەبارەت بە گیانی پیرۆز دەکرێ. لەبەر ئەوەی نازانێ چییە، دەیەوێ خۆی لە وەڵامەکەی بدزێتەوە. و دوای چەند ڕۆژ بە ئایەتێکی تەمومژاوی دێتەوە. ئەوەش بەڵگەیە، بۆ ئەوەی نووسەری قورئان نەیدەزانی گیان چییە، و مەبەست لە گیانی پیرۆز کێیە؟ کەچی بە ئایەتێک وەڵامێکی ڕێوونکەرە دەداتەوە. ئەو ئایەتە لە زانینی خۆی و ئاستی هوشیاری پرسیارکەریش دادەبەزێنێ.

تا ئێستا، دوای ١٤٤٠ ساڵ، وەڵامێک لەسەر زانیاری سەبارەت بە گیان یا گیانی پیرۆز، نەدراوەتە باوەڕداران و خەڵکیتر. ئەی چۆن بزانین مەبەستی دووبارەبوونەوەی ٢٣ جار زاراوەی گیان و گیانی پیرۆز لە قورئان، مەبەست چیە؟ و بە چ مانایەک دێ؟

---

[37] تفسیر الطبري، جامع البیان عن تأویل آی القرآن، الجزء الخامس عشر، ص ٦٨، تفسیر القرطبي الجزء العاشر، ص ٢٨٢ ، إبن کثیر، تفسیر القرآن العظیم المجلد السابع، ص ٧١

لەلایەکیتر، ئەگەر جبرائیل گیان بووایە، وەک هەندێک لە شرۆڤەکارەکانی موسوڵمان بانگەشەی بۆ دەکەن، دەبوایە محمد بیناسیٚ. و لەبەردەم پرسیارکەرەکانیشدا، وەڵامی گوماناوی و هێنانەوەی بیانوو، بۆ خۆ دەربازکردنی نەدەدایەوە. و دەبوایە یەکسەر وەڵامی بدابایەوە. و بیگوتبایە گیان فریشتەی جبرائیلە. هەر ئەویشە وەحیم بۆ دێنیٚ. کەواتە جبرائیل گیان نییە. ئەگینا محمد نەیدەگوت (گیان لە فەرمانی پەروەردگارمەوەیە، و تەنیا کەمێک زانیاریت پێدراوە).[38] بەهۆی ئەو هەموو پێچ و پەنایە، کێشەی ڕاڤەکارانی موسوڵمان ئاڵۆزتر دەبیٚ. کاتیٚ محمد خۆی دەڵی تەنیا خودا دەزانیٚ، و ئێوە تەنیا کەمێک زانینتان لەسەر گیان هەیە. تەنیا یەک مانای هەیە محمد خۆشی نەیزانیووە، پێناسەی گیان یا گیانی پیرۆز بکا. و تەنیا دووبارەی کردۆتەوە. ڕاڤەکارانیش هیچ بەڵگەیەکیان لە قورئانەوە بەدەست نییە. بۆیە هەر یەک لە ڕاڤەکارانی موسوڵمان بە ئارەزووی خۆیان شتێکی نالۆژیکیان، سەبارەت بە گیان هۆنیوەتەوە.

لە ئینجیل، گیانی پیرۆز لە هەناوی مریەم، یەسوی کریستی دروستکرد کەواتە نابیٚ مەبەست جبرائیل بیٚ. چونکە گیانی پیرۆز، لە ئینجیل بە پێچەوانەی قورئان زاراوەیەکی ڕوونە. نەک وەک قورئان لەژێر تەمومژ و ئاڵۆزیدا، بۆ ڕاڤەکاران و باوەڕدارانی موسوڵمان بوویێتە ڕێونکەرە. ئەوەش لە مزگێنی فریشتەیەک، بۆ مریەم دەردەکەویٚ و دەڵیٚ:

پەیمانی نویٚ - ئینجیلی لوکاس ١: ٣٥

> (٣٥) فریشتەکە وەڵامی دایەوە: گیانی پیرۆز دێتە سەرت. و هێزی خودای هەرەبەرز، دەبێتە سایەی سەرت. لەبەر ئەوە ئەو پیرۆزەی لەتۆ دەبیٚ، بە کوڕی خودا ناودەبردرێت.

---

[38] القرآن الكريم – سورة الإسراء ١٧: ٨٥

گیان ئەو کەسەیە کە پەیامبەران ئاڕاستە دەکا. واتە پشتیوان و ڕێنوێنییان دەکا. و ئەو گیانەی پەیامبەرانیش ئاڕاستە بکا، تەنیا خودایە. کەواتە گیان یا گیانی پیرۆز، خودا خۆیەتی. ئەگەر گیانی پیرۆز جبرائیل یان یەک لە فریشتەکانیتری خودا بووایە، قورئان نەیدەگوت:

القرآن الكريم – سورة القدر ٩٧: ٤ - ٥

لەو شەوەدا فریشتەکان و گیان، بە مۆڵەتی پەروەردگاریان دادەبەزن (٤)
خامۆشی و هێمنیە تا گزنگی بەیانی (٥)

ئایا جبرائیل یەکێک لە فریشتەکان نییە؟ بۆچی (فریشتەکان و گیان)؟ ئەگەر گیانەکە جبرائیل بوو، بۆچی خودا تەنیا ناوی فریشتەکان و گیان دێنێ.

القرآن الكريم - سورة الحجر ١٥: ٢٨ – ٢٩

کە پەروەردگارت، بە فریشتانی گوت، من مرۆڤ لە قوڕێکی ڕەشی بۆگەن دروستدەکەم (٢٨) ئەو کاتەی فۆڕمم پێدا، و لە گیانی خۆم فوومتێکرد، ئێوە کڕنۆشی بۆ بەرن (٢٩)

لەم ئایەتە خودا لە گیانی خۆی فوو لە جەستەی ئادەم دەکا. بە ڕاشکاوی دەڵێ: ئەگەر من فۆرمم دایە. و لە گیانی خۆم هەناسەم پێدا، ئەوا کڕنۆشی بۆ بەرن. واتە ئەو گیانەی کە لە بوونی خودا خۆیە و (گیانی ئەو) دەردەچێ، ئەوە گیانی ژیانە، گیانی پیرۆزی خودایە، چونکە گیانی خودا نە جبرائیلە، نە لە قورئان یا هیچ پەرتووکێکی دینی تر نەهاتووە، کە فریشتە لە خودا نزیکبن. بەڵکوو خودا فەرمانیان پێ دەدا کڕنۆش بەرن. بێجگە لەوە، شرۆڤەکاران هەرچیەکی تر بڵێن، ناتونێ ببێتە جێگای متمانە. لە جیاتی ئەوە دەبوایە بیانگوتایە، کە پەیامبەر ئەوەندە زانیاری نەبوو. و نەیتوانی وەڵام بداتەوە.

گشت ئاماژەکان، ئەوە دەسەلمێنن کە سەرجەمی فریشتەکان، هیچیان وەک گیانی پیرۆز لە دەروونی خوداوە نین. و لە یاستێکی زۆر نزمترن. ئەوەش سەرجەمی بانگەشەی ڕاڤەکارانی موسوڵمان ڕەتدەکاتەوە. لەبەر ئەوەی گیانی پیرۆز لە خوداوە سەرچاوە دەگرێ. و بە گەواهی هەردوو پەرتووکی تەورات و ئینجیل ناتوانێ جبرائیل یا هیچ فریشتەیەکیتربێ.[39]

لە کۆتاییدا: کێشەی سەرەکی قورئان لەوەدایە. کە میراتگری یەهودی نەسارپەکان و ئینجیلی عیبرانییە. بۆیە تێکەڵاویەکی لە نێوان دینی یەهودی و تەورات لەلایەک و لەلایەکیتریش باوەڕبوونی بە یەسوی کریست، تێکەڵاویەک دروست بووە. ئەوەش ڕەنگدانەوەی لە ناو کۆنێکستی ئایەتەکان داوەتەوە. هەندێک جار گیانی خودایە و هەندێک جاریتریش وەحی و نێردەیە. بەڵام لەبەر ئەوەی نووسەری قورئان، پێدەچێ هیچ زانیاری سەبارەت بە گیان و گیانی پیرۆز نەبووبێ. بۆیە تێکەڵاویەکی تێدا دروستبووە. کە کێشەکەی بۆ قورئان و ڕاڤەکاران ئاڵۆزترکردووە.

---

[39] اصلان صباح، الحوار المتمدن، العدد: ٦٢٧١ يوم ٢٥-٠٦- ٢٠١٩

# قورئان و کێشەی ئەنتاکیا

ئەوەندەی بەناو ئایەتەکانی قورئان و ڕاڤەکانیان دادەچیتەوە، هەڵەی گەورەتر دەدۆزیتەوە. و نەزانی نووسەری قورئانت بۆ دەرەدەکەوێ. بەردەوام زانیاری هەڵە، بەناوی وەحی پیرۆز، کە لە خوداوە هاتبن تۆماردەکا. زۆربەی ڕووداوەکانی لە قورئان تۆمارکراون، بە بەراوردێکی مێژوویی و جوگرافی و کۆمەڵایەتی دەگەینە ئەو دەرئەنجامەی نووسەری قورئان، بێجگە لە مرۆڤێکی سادەی بەدەوی دوورگەی عەرەبی هیچیتر نییە.

با پێکەوە لە ژێر ڕۆشنایی سورەتی یاسین، سۆراخێکی ڕووداوی ئەنتاکیا و نێردەکان بکەین. لە ڕاستیدا ئەو ڕووداوە، بەڵگەیە، کە نووسەری قورئان ئاستی زانین و ئاگاداری لە چوارچێوەی کۆمەڵگەی ئاستی کۆمەڵایەتی و دینی ژینگەی خۆیەتی. لەو چوارچێوە بەدەرەوە لە هەموو شتێک بێ ئاگایە.

با بە شێوەیەکی ووردی ڕەخنەگرانە لە ئایەتەکانی ١٣ – ٢٥ هەروەها ئایەتەکانی ٢٨ - ٢٩ لە سورەتی یاسین قووڵبینەوە، بۆمان دەردەکەوێ سەرەڕای ئەوەی نووسەری قورئان، لە تەمەنی بیست ساڵیەوە بە درێژایی ئەو ماوەی تا دەستی بە بانگهێژی دینەکەیکرد، لە تەمەنی ٤٠ ساڵی. گەشتی بازرگانی بۆ وولاتانی شام و ئیسرائیل کردووە.[40] و لەوێش هەم

---

[40] إبن هشام، السيرة النبوية الجزء الأول ص ٧١١ – ٧١٢

دەستەڵاتدارییەتی ڕۆم و هەم قەشە و ڕەبەنەکانی یەهودی نەسارێ دیون. کەواتە دەبێ باش ئاگای لە ڕەوتی کۆمەڵایەتی و دینی ئەو ناوچانە هەبووبێ. سەبارەت بە لێکدانەوەی ئەو چەند ئایەتانە، ڕاڤەکارانی موسوڵمان، بە پشتبەستن بە حەدیسەکانی پەیامبەر، بۆ ئەو ئایەتانە، دەردەکەوێ کە هەڵەکان ئەوەندە زەقن. کە ناکرێ لەدەرەوەی سنووری کەلەپووری کۆنی ناوچەکە دەربچن.

لە قورئان، سورەتی یاسین ئایەتەکانی ١٣ تا ٢٥ بۆ پەند دادانی باوەڕداران، و تۆڵەی بەزەبری خودا، باسی کارەساتێک دەکا، کە دەبێ ڕوویدابێ، و خودا مرۆڤی شارێکی قڕکردبێ. بەڵام لەبەر ناکۆکی مێژوویی و جوگرافی و کەسایەتیەکانی ناو چیرۆکەکە، دەکرێ هەڵوێستەی لەسەربکرێ. و نالۆژیکی لە دەقی قورئان وا دەخوازێ. کە سەرەتاتکێیەک لەگەڵ ئایەتەکان و ڕاڤەی موسوڵمانان بکەین.
بەر لە قسەکردن لەسەر چیرۆکەکە، با سەیرێکی ئایەتەکان بکەین. دواتر لێکدانەوەیان بۆ بکەین:

القرآن الكريم – سورة يس ٣٦: ١٣- ٢٥

> و نموونەی خەڵکی گوندیان بۆ بێنەوە، کە نێردەکانی بۆهات (١٣) کە دوو نێردەمان بۆیان نارد، ئەوەبوو نکۆڵیان لێکردن، ئینجا یەکسەر بە سێیەم دانە پشتیوانیمان لە دوو دانەکە کرد. گوتیان ئێمە بۆ ئێوە نێردراوین (١٤) گوتیان ئێوە شتێک نین، جگە لەوەی وەک ئێمە مرۆڤن. و ڕەحمان لە هیچ شتێکی دانەبەزاندووە. لە ڕاستیدا ئێوە تەنیا درۆ دەکەن. (١٥) گوتیان خوداکەمان دەزانێت کە ئێمە بەڕاستی بۆ ئێوە نێردراوین (١٦) و هیچمان لەسەر نییە، تەنیا ئاگادارکردنەوەیەکی ڕوونی ئێوە نەبێ (١٧) گوتیان ئێمە بە ئێوە تووشی شۆم دەبین. و ئەگەر کۆتایی پێ نەهێنن، سوێند بێ

بەردبارانتان دەکەین. و سوێندبێ لە ئێمەوە ئەشکەنجەیەکی ئازاربەخشتان پێدەگا (١٨) گوتیان شۆم لەگەڵ خۆتان دایە، ئەگەر خوداکەتان بەیادتان بهێنرێتەوە، بەڕاستی ئێوە خەڵکێکی لەخۆ دەرچوون (١٩) پیاوێک لەوپەڕی شارەوە بە گورجی دەهات. گوتی: ئەی خەڵکەکەم شوێن نێردەکان کەون (٢٠) شوێن ئەوە بکەون، کە داوای کرێتان لێناکا، و ئەوانەی خۆیان ڕێنماییکراون (٢١) جا بۆچی ئەوە نەپەرستم کە منی ئەفراندووە. و هەر بۆ ئەو دەگەڕێنەوە (٢٢) ئایا جگە لەو خوداوەندە بە خۆمەوەبگرم. ئەگەر الرحمان بیەوێ زیانێکم لێبدا، شەفاعەتی ئەوانە هیچ سوودێکی نابێ، و ناتوانن ڕزگارم کەن (٢٣) دە کەواتە من لە گومراییەکی ڕووندام (٢٤) لە ڕاستیدا من باوەڕم هێنا، جا ئێوە گوێبگرن (٢٥)

لەو سورەتەدا لە ئایەتی ١٣ دەڵی (نموونەی خەڵکی گوندیان بۆ بێنەوە) دەبێ ئەو ڕووداوە لە گوندێک ڕوویدابێ. کەچی لەهەمان سورەت ئایەتی ٢٠ دەڵێ (پیاوێک لەو پەڕی شارەوە بە ڕاکردن هات). ئێمە نازانین، ئەو ئاواییە شارە یان گوند. کە ئەوەندە گرنگ بووبێ نێردەی بۆ ناردرابن. و دواتر نێردەیەکیتریش بەدوایان دا نێردرابێ.

بە پێی لێکدانەوەی الطبري دەڵێ لەم سورەتەدا، یەسوی کوڕی مریەم، دووان لە نێردەکانی بۆ مزگێنی دان ناردنە ئەو گوندە (شارە). بەڵام خەڵکی گوند بە درۆیان خستنەوە. دواتر یەسو کەسی سێیەمیشی نارد.[41]

سەرجەمی ڕاڤەکارانی موسوڵمان، لە ڕاڤەکردنی ئەو چەند ئایەتە، دەڵێن لەو ئاوەدانیە، مەبەستی ئەنتاکیایە، لە ئاسیای بچووک. بۆ ئەوەش ئاماژە بەوە دەکەن، کە لە پەیامبەر

[41] الطبري، جامع البيان عن تأويل القرآن، الجزء التاسع عشر ص ٤١٣

بیستوویانە، مەبەستی ئەو چەند ئایەتە ئەنتاکیایە هەروەها الألوسی دەڵێ ئەو گوندەی إبن عباس باسی دەکا ئەنتاکیایە.[42]

ابن کثیر لە أبو جعفر دەگێڕێتەوە، دەڵێ: خودا فەرمووی ئەی محمد چیرۆکی نێردەکانی گوندەکە، بۆ بێدینان بگێڕیوە، و بڵێ ئەوە ئەنتاکیا بوو. بەڵام کە دێتە سەر نێردەکان جیاوازی دروست دەبێ. هەندێکیان دەڵێن ئەوانە نێردەی یەسوی کوڕی مریەم بوون، بۆ ئەوێ ناردن.[43]

ابن عباس لە کعب الأحبار[44] دەگێڕێتەوە، کە شاری ئەنتاکیا فیرعەونی لێبوو، و بوتی دەپەرستن. خودا نێردەکانی ناردن، کە ناویان صادق، صدوق و شلۆم بوو.[45]

بە لێکدانەوەی گشت ئەوانە دەقی ئەو ئایەتانە، ئاماژە بە هەردوو نێردە پاولۆس و بەرنابا دەکەن، کە هەردووکیان لە ئەنتاکیا بووین. دواتر سێیەمیش هاتووە. لێرەدا دەکرێ ناکۆکییەکانی ئەو چەند ئایەتە بکرێنە چەند خاڵ.

خاڵی یەکەم: کە جێگای سەرسوڕمانە پاولۆس و بەرنابا هەرگیز لە ئەنتاکیا تووشێ کێشە نەبووین. بەڵکوو زۆر ئازادانە کاریان کردووە. ئەوەش لە پەیمانی نوێ - کردەوەی نێردان بە

---

[42] الألوسي، روح المعاني، في تفسير يس

[43] ابن كثير، تفسير القرآن العظيم الجزء التاسع عشر ص ٣٥١

[44] كعب الأحبار (٧٢ پ.ک – ٣٢ک/ ٥٥١- ٦٥١ س.ب) یەهودیەکی خەڵکی یەمەن بوو، لە ڕەچەڵەکی حمیري. زانارییەکی بێوێنەی لەسەر نەبیە ئیبراهیمیەکان، و مێژووی ئیسرائیل بوو. لەسەردەمی خەلافەتی ئەبو بەکر ئیسلام بوو. هاتە مەدینە، بەڵام لەسەردەمی عومەر تووشی ناکۆکی بوو، لەسەر لێکدانەوەی ڕووداوەکان. بەرەو شام کۆچی کرد. لە شاری حمص نیشتەجێ بوو. هەر لەوێش کۆچی دوایی کرد. سەرچاوە الدكتور خليل إسماعيل ألياس (٢٠٠٧) كعب الأحبار، و أثره فى التفسير. دار الكتب العلمية بيروت لبنان.

[45] الطبري الجزء التاسع عشر ص ٤١٤

ڕوونی باسی لێکراوە، بە درێژایی ئەوکاتەی نێردەکان، لە ئەنتاکیا بووین، هیچ شتێک ڕووی نەداوە. بە پێچەوانەوە لەبەر ئارامی شار و ئازادی کارکردن. هەر لەوێ دینی کریستیانیان ڕاگەیاند.

پەیمانی نوێ - کردەوەی نێردان ١١: ٢٢ - ٢٤

> (٢٢) ئەم هەواڵە گەیشتە کڵێسای ئۆرشەلیم، ئەوانیش بەرنابایان بۆ ئەنتاکیا نارد .(٢٣) کاتێک گەیشت و بڕشتی خودای بینی، دڵخۆش بوو، هەمووانی هاندا بە هەموو دڵیانەوە لەگەڵ کریستی خاوەن شکۆ بمێننەوە، (٢٤) چونکە پیاوچاک بوو، پڕبوو لە ڕۆحی پیرۆز و باوەڕ. خەڵکێکی زۆریش هاتنە پاڵ کریستی خاوەن شکۆ. (٢٥) ئەوسا چوو بۆ تەرسۆس تاکو بەدوای شاولدا بگەڕێت، (٢٦) کاتێک دۆزییەوە بۆ ئەنتاکیای هێنا. ئیتر ساڵێکی تەواو لە کڵێسا کۆبوونەوە و خەڵکێکی زۆریان فێرکرد. یەکەم جاریش لە ئەنتاکیا قوتابییەکان ناویان لێنرا کریستیانی.

شاری ئەنتاکیا کە دەکەوێتە ڕۆژئاوای ئاسیای بچووک، لەسەر قەراخی ڕووباری ئاسی (عاصی) ( Orontes (Asi) لە ناوچەی هەتای ( Hatay) بە دووری ٣٠ کم لە دەریای سپی ناوەڕاست دوورە. ساڵی ٣٠١ پ.س.ب لەلاین سێلێوکۆس نیکاتۆری یەکەم (٣٥٨ – ٢٨١ پ.س.ب) ( Seleukos I Nikator)، لە دوای مردنی ئەسکەندەری مەکەدۆنی بە ناوی ئەنتیۆخوس (Antiochus ) کە ناوی بنەماڵەکەیەتی، دروستکراوە. ئەنتاکیا لە دوای شاری ڕۆما پیرۆزترین شوێنە بۆ کریستیانەکان، لەبەر ئەوەی دینی کریستیانی لە و شارە دروستبووە.[46]

[46] Encyclopedia Britannica

خاڵی دووەم: ئەنتاکیا هیچ کات پایتەختی فیرعەون نەبووە. بە درێژایی مێژوو شوێنی فیرعەونەکان میسر بووە. سەرەڕای ئەوە ئەنتیخۆس نازناوی بنەماڵەی پاشایانی سێلیۆکی بووە کە فەرمانڕەوای سووریا بوون. ئەوانەش لەسەردەمی ڕۆمانی نەبووین، کە دینی کریستیانی دروستبوو. بەڵکوو پێشتر بووە.

إبن إسحاق لەوەش زیاتر نالۆژیکانە دەڵێ:
لە شاری ئەنتاکیا فیرعەونێک هەبوو ناوی ئەنتێخیس کوڕی ئەنتێخیس کوڕی ئەنتێخیس بوتی دەپەرسن. خودا سێ نێردەی ناردن بەناوی سادق، سادوق و شەلوم. خودای دوانی ناردنە لایان، بەدرۆیان خستنەوە. دواتر سێیەمیشی نارد.
إبن إسحاق بەردەوام دەبێ، ئەوانە قوتابی کریست بوون. کاتی فیرعەون سووربوو، لەسەر ئەوەی ئەو قوتابیە نێردانەی کریست لە ئەنتاکیا بکوژێ، خودا فیرعەون و گشت دانیشتوانی ئەنتاکیای قڕکردن.
دواتر بەردەوام دەبێ:
ئەو پاشایە و خەڵکی ئەنتاکیاماڵوێران بوون. قڕبوون و لەسەر زەوی نەمان.[47]

خاڵی سێیەم: لە هەمان سوڕەت ئایەتی ١٣ ئەنتاکیا گوندە، کەچی لە ئایەتی ٢٠ی هەمان سوڕەت شارە. ئەگەر گوندبێ ئەوە نابێ ئەنتاکیابێ. لەبەر ئەوەی، ئەنتاکیا لەبەر گرنگی شوێنەکەی، هەر لە دروستبووینەوە، وەک شارێکی میترۆپۆلیتانی، چەقی بازرگانی و سیاسی بووە. شارێکی فرەزمان و نەتەوە و باوەڕ بووە. لەو شارە خەڵکی بە ئازادی بەبێ ڕەچاوکردنی ڕەگەز و باوەڕ کاری دینی و سیاسیان کردووە.

---

[47] ابن كثير، تفسير القرآن الكريم. المجلد الحادي عشر، ص ٣٥٧

دواتر ڕاڤەکارانی موسوڵمانی وەک إبن کثیر کە زانیاری لەسەر ئەوانەی پێشتری خۆی کۆپیکردووە، لەجیاتی ناوی مارکوس، یۆهانێسی نووسیووە. بێ ئەوەی ئاگای لەوەبێ کە مارکوس خۆی ناوی (مارکوس یۆهانێس) بووە. هەروەها ناوی پاولۆس بە بولیس دەنووسن.[48]

المسعودی دەڵێ پاولۆس یەک لەو کەسانە بووە، کە قورئان لەو ڕووداوە مەبەستی بووە[49]

خاڵی چوارەم: یەسو هەرگیز نێردەی بۆ دەرەوەی ئیسرائیل نەناردوون. لەبەر ئەوەی:

١ وەک مێژوو ناچێتەوە سەرەیەک. چونکە یەسو ساڵی ٣٠ س.ب واتە لەتەمەنی سی ساڵی لە خاچدرا. کەچی پاولۆس و بارنابا و هاوەڵەکانیان. لە ساڵی ٤٠ س.ب بەدواوە لە ئەنتاکیا بووین. بۆیە هیچ لۆژیکێک ڕێگا نادا یەسو ١٠ ساڵ دوای مردنی نێردە ناردبن.

٢ یەسو پەیامی بانگهێژەکەی ڕووی لە گەڵی بەنی ئیسرائیل بوو. کە پەرەدان بووە بۆ بەردەوامی یاساکانی تەورات.

پەیمانی نوێ ئینجیلی مەتیاس ٥: ١٧

(١٧) وا بیر نەکەنەوە من هاتووم تەورات یان نووسراوی پەیامبەران بسڕمەوە، نەهاتووم بۆ سڕینەوەیان، بەڵکو هاتووم بۆ تەواوکردنیان.

دواتر خۆی دەڵێ تەنانەت لە خاکی ئیسرائیلیش تەنیا هەوڵدەن مەڕە وونبووەکانیماڵی ئیسرائیل بدۆزنەوە.

---

48 ابن كثير، تفسير القرآن العظيم تفسير سورة يس

49 المسعودي، مروج الذهب، الجزء الأول، ص ٧٣

پەیمانی نویٚ ئینجیلی مەتیاس ١٠: ٥

> (٥) یەسو ئەم دوازدە کەسەی نارد، فەرمانی پیٚ کردن: بە ڕێگای نەتەوەکاندا مەڕۆن و مەچنە شاری سامیرەییەکان، (٦) بەڵکو لەبری ئەوە بڕۆنە لای مەڕە ونبووەکانی ماڵی ئیسرائیل.

بە ڕەچاوکردنی پەیامی یەسو ناکریٚ ئەوانە نێردەی یەسوبن، یان هەر شتی وا ڕووی دابیٚ.

خاڵیٚ پێنجەم: کە خاڵێکی زۆر گرنگە لە دینی یەهودی نەسارِی دواتریش ئیسلام پاولۆس و هاورِیٚ نێردەکانیتری، بە گومرِا دادەنران. بەوە تاوانباری دەکەن کە دینی کریستیانی بەلارِێدابردووە. ناکریٚ نووسەری قورِئان لەلایەک گرووپێک بە گومرا و دژی خودا دابنیٚ، لەلایەکیتر خودا لەبەر بڵاوکردنەوەی ئەوان شارێک وێرانکا. لەو خاڵەدا جوانتر ڕووندەبێتەوە کە نووسەری قورِئان، هیچ زانیاریەکی لە سەر مێژوو و جوگرافیا و کەسایەتیەکان نەبووە. و هە بە گوتیان و دەڵێن شتەکانی دەربرِیون.

خاڵی شەشەم: باسی هاوارێک دەکا، کە شاری لە چرکەساتێک خامۆشکردووە.

القرآن الكريم – سورة يس ٣٦: ٢٨ - ٢٩

> دوای ئەوە هیچ لەشکرێکمان  نەناردە سەر هۆزەکە. و پێشتریش هەر نەماندەنارد (٢٨) تەنیا هاوارێک بوو، لەناکاو هەمووشت دامرکا و مردن (٢٩)

هەروەها حەدیسەکانی محمدیان هێناون و دووپاتەی ئەوەیانکردۆتەوە، کە شاری ئەنتاکیا

له ئەنجامی ئەو هاوارە کاولبووە، و پاشاکەشی مردووە.[50]

خاڵی حەوتەم: لەلایەکیتر ئەگەر نووسەری قورئان ئەو کارەساتە دەداتە پاڵ ئەنتاکیا، و ئیمپراتۆری ڕۆمانی هەژاندبێ، بێگومان دەبێ گەورەترین هەواڵی تۆمارکراوبێ. بۆیە بەدواداچوونێکی کورت بۆ زیاتر ڕوونبوونەوە، خراپ نییە.

هەڵبەتە لە شاری ئەنتاکیا هیچ بوومەلەرزە یان بورکان یا هەر شتێکی وێرانکەری تر، لەو سەردەمە، نە لە شار یان دەوروبەری نزیکی ڕووی نەداوە. ئەوەی کە ڕوویداوە، لە سەدەی یەکەمی س.ب و سەدەکانی دواتر گەورەترین بورکان لە ناوچەی ڤیزۆڤ بووە، کە لە دەوروبەری ساڵی ٧٩ س.ب لە شاری پۆمپێی (Pompeii ) کە دەکەوێتە نزیک شاری ناپۆلی لە ئیتالیا و وێرانیکرد.

کەچی پاولۆس و بەرنابا و نێردەکانیتر لە نێوان سالانی ٤٠ تا ٤٩ س.ب لە شاری ئەنتاکیا بوون. ئەوەش لە ڕووی مێژووییەوە، لە ڕوودانی بورکانی ڤیزۆڤ ماوەیەکی دوورە. لەهەمان کاتدا مێژوونووسانی ڕۆمانی ئەو سەردەمە، بە درێژی و پڕ ووردەکاری هەواڵەکانی ئەو بورکانەیان تۆمارکردووە. هەروەک چاودێری ڕووداوەکان ڕۆژ بە ڕۆژ هەواڵەکانیان باسکردوون. و زۆر بە خرۆشەوە بە ووردەکاری لە ڕەهەندی جیاوازەوە، کارەساتەکەیان بە هەڵسەنگاندنەوە تۆمارکردووە. یەک لەو کەسانەی کە خۆی ئەو بورکانەی بینیووە، مێژوونووسی ڕۆمانی پلینی بچووک (٦١ – ١١٣ س.ب) بوو. تەنانەت ئەو بوومەلەرزە

---

[50] المقدسي، البدء و التاريخ ص ١٦٤، ابن كثير البداية و النهاية الجزء الأول ص ٢٣٥

بچووکەی پێش بورکانەکەشی کە لە ساڵی ٦٤ س.ب ڕووی داوە، زۆر بە ووردی تۆمارکردووە.[51]

دوای ئەو مێژوونووس سوێتۆنیوس (٧٠ – ١٤٠ س.ب) لە پەرتووکی ژیانی ئیمپراتۆر، بەتایبەتی قەیسەر نیرۆن کە بەشێکە لە پەرتووکی ژیانی ١٢ قەیسەر تۆمارکردووە، بە هیچ شێوەیەک باس لە وە ناکا، لە ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی دەریای ناوەڕاست بورکان یان بوومەلەرزە یا شتێکی لەو شێوەیە ڕوویدابێ.[52]

هەروەها تاسیتوس (٥٦ – ١٢٠ س.ب) لە پەرتووکی پانزەم دەنووسێ:
هەروەها بوومولەرزە بەشێکی گەورەی لە شاری پۆمپێی کاولکرد، شارێک پڕ لە دانیشتوان لە ناوچەی کامپانیا.[53]

ئەو بوومەلەرزە بچووکە کە بە پانزە ساڵ بەر لە بورکانەکە هاتووە، جیاوازی کاتی لەگەل دوا هەواڵی نێردەکانی کریست لە ئەنتاکیا نزیکەی ١٣ ساڵ بووە. هەروەها ماوەی نێوان بوومەلەرزە لەگەڵ بورکان ٥٩ ساڵ بووە. کە تێکڕای جیاوازی نێوان نێرەدەکان لە ئەنتاکیا (ساڵی ٤٠ تا ٤٩ س.ب) کە دەڵێ هەر لە چوونیان، واتە ساڵی ٤٠ س.ب، تا دەگاتە بورکانە گەورەکە لە ساڵی ٧٩ س.ب دەکاتە ٣٩ ساڵ (١٤) ئەوەش ماوەیەکی درێژە بۆ ڕێکەوتەی ڕووداوی مێژوویی. و بە هێچ شێوەیەک ڕێی تێناچی ئەو بورکانەبێ.

ڕەنگبێ بوومەلەرزە و تەقینەوەی بورکان دەنگی هەبووبێ. بەڵام بە لێکدانەوەیەکی زانستی،

---

[51] Pliny the Younger Book 10, Letter 96 and 97, A.N. Sherwin- White (1966) The Letters of Pliny. Oxford: Claredon.
[52] Suetonius, Gaius. live of the Caesares.
[53] Tacitus´s Histories XV

ئەگەر ئەو دەنگە هەرچەند گەورەش بووبێ، ناکرێ لە ناوچەی ناپۆلی لە ئیتاڵیا بتوانێ شارێک لە ئاسیای بچووک، لە دووری ٤٤٤٩کم[54] بە دەنگی تەقینەوەی وێرانکا.

لە کۆتاییدا ئەو ئایەتانە و قسەی پیامبەر وسەبارەت بە ئەنتاکیا بەڵگەن، کە قورئان بەرهەمی مێشکی مرۆڤە لەسەردەمێکی دیاریکراو، کە ڕەنگدانەوەی شێوە و ئاستی زانینی ناتوانێ لە چوارچێوەی ئەو ناوچە جوگرافیە دەرچێ. بە هیچ لۆژیکێک ڕێگەی تێناچێ خودایەک لە دەرەوەی ئەو چوارچێوەیە، هەڵەی وا گەورە و بەو شێوەیە بکا.



دووری نێوان ناپۆلی تا ئەنتاکیا

[54] بە پێوانەی (GPS) دووری نێوان پۆمپێی لە ناوەڕاستی ئیتالیا و ئەنتاکیا. بڕوانە وێنەی هاوپێچ

# پەیوەندی محمد لەگەڵ دینی یەهودی

بە چاوخشاندنێک بە دەقەکانی قورئان بۆت ڕووندەبێتەوە، کە دینی یەهودی و پەیمانی کۆن پانتاییەکی زۆری، لە دەقەکانی قورئان داگرتووە. تا ئێرە شتێکی ئاساییە. لەبەر ئەوەی بەپێی ئایەتەکانی قورئان، و لێکدانەوەی ڕاڤەکارانی موسوڵمان، ئیسلام بەردەوامی دینی ئیبراهیمە و نەبیەکانی کۆنی دینە ئیبراهیمیەکانیش لە دینی ئیسلام پیرۆزن. ئەوەش لە دەقەکانی قورئان هەر لە ئایەت تا دەگاتە سوورەتی تەواو بەناوی ئەو نەبیانە هاتوون.

بەڵام ئەوەی لەوەش سەیرتر، دەربڕینەکانی نووسەری قورئانە، وەک تارماییەکی موسا بەسەری دا شۆڕبوونەتەوە. تەنانەت بەبێ زانیاری زۆر شتی تێکەڵکردووە، لەوانە مریەمی خوشکی موسا لەگەڵ دایکی یەسو. هۆی سەرەکی ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی، نووسەری قورئان ئەوەی گوێی لێبووە، دووبارەی کردۆتەوە. جا لە کام ڕەوت و گونجاو یان نەگونجاو. لێرەدا سی خاڵی لەیەک جیاواز دەخەینە ڕوو.

- نووسەری قورئان و تارمایی موسا
- تێکەڵکردنی مریەمی خوشکی موسا و دایکی یەسو.
- محمد و پەیوەندی لەگەڵ سابئیە مەندائیەکان

# نووسەری قورئان و تارمایی موسا

نووسەری قورئان لە سەرتاسەری ژیانی پەیامبەرایەتی، نەیتوانی لە سێبەری موسا دەربچێ. بەردەوام خۆی بە موسا دەچواند، و دەیەویست، هەنگاوەکانی ئەو دووبارە بکاتەوە. و ئەو شتانە دووبارە بکاتەوە کە بەپێی تەورات موسا کردوونی. هەر ئەوەشە، لە کۆتای تەمەنی دەیەوێ دوا ووتاری موسا دووبارە بکاتەوە. و مۆری کۆتایی ژیانی خۆی لە ناو دەقی قورئان تۆماربکا، بەڵام ناتوانێ وەک پێویستە کۆتایی پێبێنێ.

دوا ووتاری موسا بەم شێوەیە:

پەیمانی کۆن - دواووتار ٣١: ١ - ٤

> (١) ئەوسا موسا چوو بەم ووشانە لەگەڵ هەموو بەنی ئیسرائیل قسەی کرد و (٢) پێی گوتن: ئێستا من تەمەنم سەد و بیست ساڵە، ئیتر ناتوانم ڕابەرایەتیتان بکەم و خوداش پێی فەرمووم: لەم ڕووباری ئوردونە مەپەڕەوە .(٣) خودای پەروەردگارتان لەپێشتانەوە دەپەڕێتەوە، خۆی ئەو نەتەوانە لەپێشتانەوە لەناودەبات و ئێوەش دەبنە میراتگریان. یەشوع لەپێشتانەوە دەپەڕێتەوە وەک خودا فەرمووی (٤) .

بەو چەند ووشەیە موسا کۆتایی بە پەیامی خۆی دێنێ و بە گەلی بەنی ئیسرائیل دەڵێ یەشوع لە پێشتانە و خوداش ڕێگاتان پیشان دەدا. نەتەوەکانی دێنە بەردەمتان لەناو دەبا. واتە موسا

پەیامی شەڕ بۆ نەتەوەی بەنی ئیسرائیل بەجێدێڵێ. محمدیش بەهەمان شێوە لە سەرمەرگدا پەیامی کۆتایی دینەکەی دەگەیێنێ. بەڵام جیاوازی لەوەدایە، لە تەورات موسا یەشوع دەکاتە جێنیشینی خۆی. کەچی ڕێگە بە محمد نادرێ هیچ کەس وەک جێنیشین دیاربکا.

القرآن الكريم – سورة المائدة ٥: ٣

ئێمڕۆ دینەکەتانم تەواو کرد، و بڕشتی خۆم بۆ ئێوە کۆتایی پێهێنا. و ڕازیم ئیسلام ببێتە دینتان (٣)

بەپێی سەرچاوەکانی مێژوو محمد لەسەرە مەرگدابوو، داوای پارچە چەرمێک یان گەڵایەکی کردووە. کە ڕاسپێرییەکانی لە سەر سیاسەت لە دوای خۆی بنووسێ. هەڵبەتە دەبێ پرسی جێنیشینیشی تێدابووبێ. کەچی داواکەیان پشت گوێ خست، و بۆیان نەهێنا. ئەوانی لەوێ بووین، ئەبو بەکر و عائیشە و عەلی بوون.[55] و نەیتوانی دوا قسەکانی وەک موسا بدرکێنێ. هەرچەندە شەڕو ماڵوێرانی و قڕکردنی دین و نەتەوەکانیتری دەمێکبوو دەستپێکردبوو. ئەوەش بەپێی سوڕەتەکانی ئەنفال، فتح، توبة و النصر لە هی یەهودییەکان خراپتربوو، و باشتر نەبوو. لە کۆتاییدا لەناو دەقەکانی قوڕئان کەسایەتی محمد و ڕەفتارەکانی بە ئاسانی دەتوانرێ بخوێندرێنەوە. لەلایەک بەرژەوەندی و ئارەزووەکانی بەپێی هەڵومەرج و توانای خۆی دیاردەکا. لەلایەکیتر ناتوانێ لە سێبەری نەبی موسا دەربچێ بەردەوام دەیەوێ خۆی وەک موسا نیشان بدا. و هەنگاوەکانی ئەو (موسا) دووبارە دەکاتەوە. بۆ نموونە کۆچی نەساڕیەکان و دروستکردنی دەوڵەتی ئیسلام لە مەدینە[56] بە پێی مێژوو دووبارەکردنەوەی

[55] دکتور عبدالصبور شاهين (٢٠٠٥) تاريخ القرآن ص ٩٤
[56] Odon Lafontaine (Olaf) The great secret of Islam. Pp 51

کۆچی یەهودیەکان بوو، لە میسرەوە بۆ خاکی پەیمان. کە موسا نەگەیشتە جێگا و لە قەراخی ڕووباری ئوردن مرد. بەڵام یەهودیە نەسارییەکان گەیشتن، و محمد دەوڵەتی دروستکرد.

# تێکەڵکردنی مریەمی خوشکی موسا و دایکی یەسو

پرسی تێکەڵکردنی مریەمی دایکی یەسو و مریەمی کچی عومران لە قورئاندا، زۆر جار باسی لەسەرکراوە. و هەڵەی نووسەری قورئانیش، بۆتە پرسێکی گەورە، وەک گشت ئەو هیلانەی تری مێژووی و جوگرافی و کەسایەتیتر. بۆیە لە جێگای خۆیەتی لەو باسە کورتەدا هەندێک ڕووناکی بخرێتە سەر.

عومران سێ منداڵی هەبوون هارووون، و موسا و مریەم. ئەوانە لە تەورات بە ڕوونی باسکراون.

پەیمانی کۆن – پەرتووکی ژمێرە ٢٦: ٥٩

> عەمرام لە ڕەچەڵەکی قەهات بوو .(٥٩) ژنەکەی عەمرامیش ناوی یۆخەڤەد بوو، لە نەوەی لێڤی بوو، لە خێزانی لێڤییەکیش لە میسر لەدایک بوو. لە عەمرام هارون و موسا و مریەمی خوشکیانی بوو.

دوای ئەوە لە قورئان مریەم بە داوێن پێس و ناودەبا.

القرآن الكريم - سورة مريم ١٩: ٢٨

> خوشکی هاڕوون، تۆ نە باوکت پیاوخراپ بوو. و نەدایکیشت داوێن پیس (٢٨)

بەڵام ئەو باسکردنە، دوورە لە مریەمی خوشکی موسا. کە کوڕێکی هەبوو بەناوی یەشو (یەسو). دوای مردنی موسا لەسەر ڕووباری ئوردن بووە جێنیشینی. و بەنی ئیسرائیلی گەیاندە خاکی پەیمان. بەهۆی شێوەی باسکردنی یەشو لە تەورات زۆر لە یەهودیەکان بە خودایان دادەنا.[57]

لە قورئان نەک یەشوو بەتەنیا، بەڵکوو دایکیشی. هەردووکیان بەخودا دانراون.

القرآن الكريم – سورة المائدة : ١١٦

> کە خودا گووتی: ئەی عیسای کوڕی مریەم! تۆ بە خەڵکەت گوتووە – بێجگە لە خودا- دەبێ ئێوە من و دایکم وەک دوو خودا بپەرستن. گوتی: پاکی و بێ خەوشی هەر شیاوی تۆیە. من ڕێم ناکەوێ هیچ شتێ جگە لە ڕاستی ببێژم. ئەگەر ئەو قسەم کردبا خۆت دەتزانی. هەرچییەکی بە ناخی دڵیشم دا ببووری، تۆ دەیزانی. تەنیا منم دەربارەت هیچ نازانم. هەر تۆ لە هەموو نەدیاران ئاگاداری. (١١٦)

بە کەمێ بەراوردکردن دەردەکەوێ، مریەمی کچی عومران، لە قورئان هەمان مریەمی دایکی یەسوی ناسرییە. هەرچەندە ماوەی نێوانیان زیاتر لە هەزار ساڵە.

القرآن الكريم – سورة آل عمران ٣: ٣٥

---

[57] الصليبي، د. كمال البحث عن يسوع. قراءة جديدة في الاناجيل ص ١٦٨

کاتی هاوسەری عمران گوتی، ئەی پەروەردگاری من. ئەو منداڵەی کەوتۆتە
تۆڵم، من پێشکەشی تۆی دەکەم (٣٥)

نووسەری قورئان وایزانیووە، خوشکی هاروون و کچی عمران، کە لە سەدەی ١٦ پ.س.ب لەدایک بووە. هەمان مریەمی دایکی یەسوە. کە لە نێوان ساڵانی ٢٦ – ٢٠ پ.س.ب لەدایک بووە.

ئەو دیمەنە زۆر بە ڕوونی لە قورئان دیارە، کەچی پێشتریش کەم یان زۆر ئەو دیاردەی تێکەڵکردنە، لەناو سێ لە ئینجیلە قانوونیەکانی مەتیاس، لوکاس و مارکوس دا هاتووە. نەک ئینجیلی یۆهانێس. [58]

قورئان ئاماژە بە مریەم دەکا، کە یەسوی بەبێ پیاو بووە. و کچی عومران و خوشکی هارون بووە. ئەگەر مریەم خوشکی هارون و کچی عمران بووبێ، کەواتە لە ڕەچەڵەکی لێڤیە و سەربە بەنی ئیسرائیلن، لەڕەچەڵەکی هارون. کە تاکەڕەچەڵەکن کاهینیان هەبێ. لە تەورات پەرتووکی دەرچوون عمران باوکی هارون و موسایە. هارونیش یەکەم کاهینە. [59]

ئەوەی جێگای سەر سوڕمانە نووسەری قورئان، نە کریستیانی ناسیون، و نە شارەزایی لەسەر کریستیانەکان هەبوو. و ئینجیلەکانیشی نە دیبوون. تاکە ڕێبازی کریستیانی کە نەبی چاوی پێکەوتبوون، ساڵێک بەر لە مردنی لە مەدینە بوو. بەناوی نێردەی نەجران (وفد نجران). ئەوانەش لەسەر ڕێبازی یاقوبی بوون، کە لە کەنیسەی کاتۆلیک دەرکرابوون و بە گومڕا دادەنران.[60]

---

[58] كمال الصليبي، كمال، البحث عن يسوع- قراءة جديدة في الأناجيل ص ١٦٨

[59] هەمان سەرچاوە ص ١١٦ - ١١٧

[60] الحريري، ابو موسى، قس و نبی ص ٢٨١

به هەرحاڵ ڕێی تێناچێ، یەسو کوڕی مریەمی خوشکی هارۆن بێ، لە هەمان کاتدا یەسوی کوڕی یوسفی دارتاش بێ. ئەوەش لەبەر چەند هۆیەکی ناکۆک لەگەڵ یەکتر:

١ لەبەر ئەوەی مریەمی خوشکی هارۆن و موسا نزیکەی هەزار و پێنج سەد ساڵ جیاوازی سەردەمی ژیانیان هەیە.

٢ یەسوی نلسری کوڕی یوسفی دارتاش، دیارنییە دایکی ناوی چیبووە. بەپێی بەڵگەنامەکان مریەم ناوی پووری بووە، کە دایکی سایمۆن بووە، نەک دایکی یەسو. لەلایەکیتر بە گەواهی هەر چوار ئینجیلەکان و نامەکانی پاولۆس، یەسوی نلسری لە بنەماڵەی داود بووە. لە ڕەچەڵەکی یەهودا.

٣ جیاوازی ئەو دوو کەسایەتییە تەنیا سەردەم نییە. ئەگەر یەسو کوڕی مریەمی خوشکی هارۆن بێ، ئەوا لە ڕەچەڵەکی لێڤین و کاهینن. هارۆن یەکەم کاهین بووە. لەتەک نەبی موسای برای. کە لە پەرتووکی دەرچوون خودا خۆی ناوی دێنی و بە کاهین ناوی دەبا. کەچی بنەماڵەی دواد سەربە ڕەچەڵەکی یەهودا، و بە بنەچەکە پاشان.

تێکەڵکردنی دوو کەسایەتی گرنگی دینە ئیبڕاهیمیەکان لە قورئان، پاشخانێکی ئاڵۆزی هەیە. ڕایەڵەی ئەو ئاڵۆزیەش. چەند لایەنە نووسەری قورئان، لەلایەک لە ڕێگای قەشە وەرەقە کوڕی نۆفل، ئاشنایەتی نزیکی لەگەڵ ئینجیلی عیبرانی، و پرۆسەی پەرەسەندنی دینی یەهودی نەساری دا هەبوو. کە ئەو دەمە لە حیجاز یەهودیە نەساریەکان پەیڕەویان دەکرد. لەلایەکیتر ئاشنایەتیەکی نزیکی لەگەڵ سابئیە مەندائیەکان هەبوو. کە هەندێکیان لە مەککە دەژیان.

ئەو سابئیانە لە سەدەی دووەمی پ.س.ب لە ناوچەی مێسۆپۆتامیا بەدیارکەوتن.  محمد ئاشنایەتیەکی باشی لەگەڵ پەرتووک و زانیاری دینی ئەواندا هەبوو. [61]

بەگشتی لە هەر لایەکەوە ئاشنایی دوورەدەست و زانیاریەکانی ناتەواو بوون. کاتی محمد زانیاری لە هەردوولا، قەشە وەرەقە و سابئي مەندائی وەردەگرت، لەگەڵ یەکتری بەراوردی دەکردن. جا هەڵەکە لەوێوە سەر هەڵدەدا.

سابئیە مەندائیەکان باوەڕیان وابوو، کە مریەمی دایکی یەسو، ئەندامێکی خێزانی عومرانە و کچی موسا بووە.
لە پەرتووکی سابئی مەندائی (هاران گاوایتە) کە لە سەدەی سێیەمی س.ب نووسراوە:

> لە سکی مریەمی کچی موسا، بۆ ماوەی نۆ مانگ بە شاراوەیی مایەوە. کاتی نۆ مانگی کۆتایی هات. هاتەوە سەرکاری ئاسایی خۆی و کریستی بوو. [62]

[61] Amari, Dr. Rafat. (2005) Islam in light of History. A Religion Research institute publication. Pp. 28 - 29
[62] Haran Gawaita. Citta del Vaticano Biblioteca Apostolica. Vaticana 1953.

Pp 3

# محمد و پەیوەندی لەگەڵ سابئیە مەندائیەکان

سەرەڕای ئەوەی محمد، لە بنەماڵەیەکی یەهودی نەساڕی بوو. و پەیڕەوی ڕێبازی ئەبیونی لە ژێر چاوەدێری قوشە وەرەقە دەکرد. لە هەمان کات دۆستایەتی و پەیوەندییەکی، نزیکی لەگەڵ بنەماڵەکانی سابئی کە ئەوکاتە لە مەککە دەژیان هەبوو. تەنانەت گەیشتبووە، ئەو ئاستەی لەلای هاوڕێکانی، ناوی لێنرابوو صابئی. بۆ نموونە جارێکیان لە گەڕانەوەی لە گەشتێکی بانگهێژی. تێنوو دەبێ. هاوڕێکانی داوا لە ژنێک دەکەن، کە پێستەیەکی (مەشکە) پڕ ئاوی پێدەبێ. کە هەندێک ئاوی بۆ بێنێ.

ژنە پرسیاری کرد: کوا! گوتیان بۆ نەبی.

ژنە گوتی: بە کێ دەڵێن، صابئی؟

گوتیان: تەواو بۆ ئەوکەسەی پێی دەڵێن صابئی. ژنە گەڕایەوە مەککە، و گوتی: دوو پیاوم بینی، منیان گەیاندە ئەوکەسەی پێی دەڵێن صابئی.[63]

ئەوە بۆمان دەسەلمێنێ کە محمد لەناو خەڵکی مەککە. بە ئەندامێکی کۆمەڵی صابئی دادەنرا. تەنانەت لە ئەدەبیاتی ئیسلام دا هاتووە، کە لەناو هۆزی قورەیش بە صابئی بانگکراوە. هەروەها یاوەرانیشی بە صابئی ناسرابوون. [64]

---

[63] صحيح البخارى دار الكتب العلمية، بيروت لبنان ج١، ص ٨٩

[64] إبن الأثير الكامل فى التاريخ ج٢ ص٨٦، تاريخ الطبرى ج١، ص ١٢٦

له ناو عەرەب له سەردەمی محمد دا، بنەماڵەی صابئی هەبوون، و خەڵکی دەیناسین، و ئاشنایەتیان لەگەڵ پیرۆزی و سرووت و نەرێتەکانیان هەبوو. هەروەها ئاگایان له پەیوەندی محمد، به دینی صابئی له مەککه هەبوو.

کاتی محمد بۆ بانگهێژی دین دەرچوو، خەڵکی قورەیش وایان دەزانی، دینی صابئی بڵاو دەکاتەوە. که هەندێکیان لەناو قورەیش دەژیان.[65]

کاتی هەمزەی مامی محمد، بۆ پشتیوانی محمد هاته مزگەوت، قورەیشیەکان پێیان گوت ئێمه تەنیا ئەوه دەبینین تۆ بوویته صابئی.[66] تەنانەت ئەبی لەهەب که دژایەتی محمدی دەکرد، به هەمزەی دەگوت صابئی دەبەنگ.[67]

---

[65] الحلبين دار المعارف. بيروت لبنان ج١، ص٤٥٦
[66] الحلبية ج١، ص ٤٧٧
[67] الحلبية ج١، ص ٥٠٨

# قورئان ڕەنگدانەوەی قۆناخی خۆیەتی

دین و پیرۆزیەکانی، وەک هەر دیاردەیەکیتری کۆمەڵایەتی و دەروونی لەناو کۆمەڵگەیەکی دیاریکراو و نەریتەکانی، سرووت و ریتواڵە دینیەکان دیاریدەکەن. پاشخانی کولتووری، دەبێتە بنەمای دەربڕینی ئەو گوزارانە، کە لەناو کۆمەڵگە، بە درێژایی هەزاران ساڵی ڕابردوو دروستبووین. و ڕەنگدانەوەی ئەو پاشخانە و پیرۆزیەکانی دەبنە بنەمایەک بۆ هەر دیاردەیەک، کە دوێنێ و ئەمڕۆ و بەیانی دروست دەبن.

بۆیە دوورکهایم تێگەیشتن لە دیاردەکانی دین، لەژێر تارمایی دیاردەکانی کۆمەڵایەتی دەرەوەی دین هەڵدەسەنگێنێ. بۆیە دین دیاردەیەکی سەربەخۆ نییە، بەڵکوو بە هەڵومەرجەکانی بواری دەروونناسی و کۆمەڵایەتی ژینگەی خۆیەوە بەستراوەتەوە.

لێکۆڵینەوەکانی دەروونناسی ئەوە نیشان دەدەن، کە گشت پیرۆزییەکانی دین لای مرۆڤ، لە ئەنجامی کاردانەوەی بەرامبەر ژینگەی کۆمەڵایەتی سەرچاوە دەگرن. ئەوەش بەڵگەیە، بۆ ئەوەی دین بەرهەمی شارستانی کۆمەڵگەیە، لە ئاستێکی دیاری پەرەسەندنی دا. و دیاردەکانی میتۆلۆژی و پیرۆزییەکانیشی، گوزارەن لە نەریتەکانی کۆمەڵگە و پەیڕەوکردنیان. ئەو شێوەیەش، دیاردە سەرەتاییەکانن بۆ ژیانی دین. [68]

[68] Durkheim, Emile (1995) The elementary forms of Religious life Translation and Introduction by Karen E. Fields

به هەمان شێوە، ئەگەر بە چاوێکی وورد و ڕەخنەگرانە، قورئان بخوێنینەوە، بە ئاسانی هەست بەوە دەکەین، کە قورئان دوو پەرتووکە لەناو یەک پەرتووکدا. یان دوو دینە لە چوارچێوەی یەک دیندا. و هەریەک لەو دوو پەرتووکە سەرچاوەیان لە ژینگە، و هەلومەرجی سیاسی، کۆمەڵایەتی و ئابووری جیاواز وەگرتووە.

بەر لەوەی باسی هەر یەک لەو دوو پەرتووکە بکەین. دەبێ ئەوەش بڵێین کە یەکەمیان لە سەرەتای دەستپێکردنی پەیامی دینیە، تا کۆچ بۆ مەدینە. سووڕەتەکانی ئەو پەرتووکە یان ئەو بەشەی قورئان ناو نراوە، سورەتەکانی مەککە. بەو مانایەی ئایەتەکان وەک مێژوونووس و ڕاڤەکارانی موسوڵمان دەڵێن، لە دەستپێکی بانگهێژی محمد. تا کۆچکردنی بۆ مەدینە بە وەحی بۆی هاتوون.

لە قۆناخی مەککە، یان سەرەتای پەیام قۆناخێکە کە گومانی گەورەی لەسەرە، کە بانگهێژ بۆ دینێکی نوێ (ئیسلام) کرابێ. بەپێی لێتۆژینەوە، موژدەی دینی یەهودی نەسارێ بووە. و دەقەکانی قورئان لەو قۆناخەدا، ڕەنگدانەوەی یان کۆپی ئینجیلی یەهودیە نەسارێیەکانە (ئینجیلی مەتی عیبرانی). ئەوەش بە دابپیانانی چەندین ئایەتی قورئانی مەککە. (کە دواتر بە درێژی بۆی دەگەڕێینەوە)

قۆناخی دووەم، ئەو سورەتانەی دوای کۆچکردنن بۆ مەدینە، تا مردنی پەیامبەر. کە بە سورەتەکانی مەدینە ناودەبرێن.

ئەو دوو پەرتووکەش چ لە ڕووی ئاڕاستەکردن، و چ لە ڕووی ڕەوانبێژی، دوو جیهانبینی جیاواز، لە کەسایەتی و دەربڕینەکانی نووسەر/ نووسەرانی قورئان دەبینرێن. لە هەلومەرجی نەرمی و لێبووردەیی، بانگهێژی ئاشتەوایی قۆناخی مەککە. تا دەگاتە شەڕفرۆشی و گەفکردن

بە کوشتن و ئازاردان لە قۆناخی مەدینە. دوو جیهانی زۆر لەیەک دوور. بە کورتی وەک دوو دینی جیاوازن، لە ناو قەوارەی یەک دیندا.

زۆربەی ئایەتەکانی سەردەمی مەککە، لە ڕووی کۆمەڵایەتی نەرمن. و پڕن لە ئامۆژگاری بۆ بانگهێژی بۆ مرۆڤ دۆستی، و پێکەوەژیانی بە ئاشتیانە. جیهانێکی بێ کێشە. و بێ گەف و مەیدانخوازی.

کەچی دوای کۆچ بۆ مەدینە و گیرسانەوەیان. دەقەکانی قورئان چەند وەرچەرخانێکی بەسەر داهات. لە سەرەتادا لەبەر بێهێزی و پێویستی پشتیوانی خەڵکی بە ناچاری بەنەرمی دەجوولانەوە.

القرآن الكريم – سورة البقرة ٢ : ٦٢

> ئەوانەی باوەڕدارن و ئەو کەسانەش کە لەسەر دینی یەهودی و نەسارێ و سابیئین. ئەگە باوەریان بە خودا، و ڕۆژی پەسڵان (القيامة) هەبێ و کاری چاکە بکەن. لای پەروەردگار، پاداشتی خۆیان هەیە. و نە هیچ ترسێکیان لەسەرە. و نە خەم دەخۆن (٦٢)

ئەو ئایەتە دوای کۆچکردنە، کۆچبەران لەوپەڕی بێدەرەتانی و برسیەتی دابوون. و پێویستیان بەوە بوو، کە بە ئارامی خۆیا ڕێکخەن. و لە مەدینە پێگەی خۆیان قایمکەن.

بەڵام دوای خۆگرتن و بەهێزبوونیان لە باری پێکەوژیان و باوەڕی یەکتاپەرستی، گۆڕان بۆ هێرش و تاڵان و کوشتن بە کۆیلەگرتن و سەبایا. لێرە بەدواوە قورئان باسی ئاشتی و پێکەوە ژیان ناکا. بەڵکوو پەیامەکانی توندن. و زۆربەیان بانگهێژن بۆ شەڕ و فراوانخوازی.

هەروەها لایەنێکی تری شاراوە لە ناو ئایەتەکانی قورئان دا هەیە.
ئەویش یەکەم: چۆن بزانین کامە ئایەت لە مەدینە هاتووە؟، و بەرامبەرەکەی لە قورئانی مەککە چی بووە.
دووەم: دەبێ هەر یەک لەو قۆناخانە، بەجیا و بەشیوەیەکی سەربەخۆ باسبکرێن. سەرەرای ئەوە بە پێی پێویست، بە دواداچوون بۆ هەلومەرج و هۆکاری ئەو جیاوازیە بکرێ.

سەرەرای ئەوە لە کۆکردنەوەی قورئان لە سەردەمی عوسمان بە دواوە، سوورەتەکانی قورئان بە مەبەستی سەرشێوێنی پاش و پێشیان تێدا کراوە. بۆ نموونە لەو قورئانەی کە ئێستا لە جیهانی ئیسلامی پەیرەو دەکرێ، بە سورەتی الفاتحة دەست پێدەکا، کە دەبوایە بە سورەتی العلق دەست پێبکا. ئەوەش بەگشتی تێگەیشتن لە قورئان سەختبووە. لەبەر ئەوەی بۆ تێگەیشتن لە هەر ئایەتێک دەبێ دوو خاڵ رەچاوبکرێن:

خاڵی یەکەم: کاتی هاتنی ئایەتەکە، واتە خاڵی مێژوویی بۆزانینی ئاستی پرۆسەی پەرسەندنی دین و کۆمەڵایەتی.

خاڵی دووەم: کام رووداو یان گۆرانکاری بەسەر کۆمەڵگەداهاتووە. بەوەش دەتوانین بە ئاسانی شرۆڤەی دەقی ئایەتەکە لەگەڵ سەردەمی مێژوویی و رووداوەکان بکەین. و بتوانین تێگەیشتنێکی لۆژیک لەسەر ئایەتەکە وەدەست بێنین.

کێشەی قورئانی ئێستا لەبەر تێکەڵاوی، ناتوانرێ بە رووداوێک یان بە خاڵێکی مێژوو ببەسترێتەوە. ئەوەش وایکردووە، قورئان تێگەیشتنی بۆتە شتێکی ئەستەم. زۆر جار رێبەرانی دین بە (الله اعلم) وەڵام دەدەنەوە. کە لە راستیدا هەر ئایەتێک دەتوانرێ بە رووداوێک لە مێژووێکی دیاریکراو ببەسترێتەوە. بە دیارنەبوونی کات و رووداوەکە یا بۆنەی هاتنی ئایەتەکە راڤەکردنی دەبێتە کارێک، ئەگەر ئەستەمیش نەبێ زۆر سەختە.

ئەو گرفتە ڕێبەرانی دینی لە ئەزهەر، دەمێکە هەکیان پێکردووە. بۆیە بە پێی کرۆنۆلۆژیای هاتنی هەر سوڕەتێک، لیستێکی سوڕەتەکانی قوڕئانیان دروستکرد. تێیدا دەبینی سوڕەتی الفاتحة سوڕەتی ژمارە پێنجە [69]:

بە پێی لێکدانەوە، و ڕاستکردنەوەی ئەزهەر سووڕەتەکان بەم شێوەیەن:

سووڕەتەکانی مەککە:

١ العلق، ٢ القلم، ٣ المزمل، ٤ المدثر، ٥ الفاتحة، ٦ المسد، ٧ التكوير، ٨ الأعلى، ٩ الليل، ١٠ الفجر، ١١ الضحى، ١٢ الشرح، ١٣ العصر، ١٤ العديات، ١٥ الكوثر، ١٧ الماعون ،١٨ الكافرون، ١٩ الفيل، ٢٠ الفلق، ٢١ الناس، ٢٢ الإخلاص، ٢٣ النجم، ٢٤عبس، ٢٥ القرد، ٢٦الشمس، ٢٧ البروج، ٢٨ التين، ٢٩ قريش، ٣٠ القارعة، ٣١ القيامة، ٣٢ الهمزة، ٣٣ المراسلات، ٣٤ ق (القاف)، ٣٥ البلد، ٣٦ الطارق، ٣٧ القمر، ٣٨ ص (الصاد)، ٣٩ الأعراف، ٤٠الرحمن، ٤١ الجن، ٤٢ يس، ٤٣ الفرقان، ٤٤ فاطر، ٤٥ مريم، ٤٦ طه، ٤٧ الواقعة، ٤٨ الشعراء، ٤٩ النمل، ٥٠ القصص، ٥١ الإسراء، ٥٢ يونس، ٥٣ هود، ٥٤ يوسف، ٥٥ الحجر،٥٦ الأنعام،٥٧ الصافات، ٥٨ لقمان، ٥٩ سبأ، ٦٠ الزمر، ٦١ غافر، ٦٢، فصلت، ٦٣، الشورى، ٦٤ الزخرف، ٦٥ الدخان، ٦٦ الجاثية، ٦٧ الإحقاق، ٦٨ الذاريات، ٦٩، الغاشية، ٧٠ الكهف، ٧١ النحل، ٧٢ نوح، ٧٣ إبراهيم، ٧٤ الأنبياء، ٧٥ المؤمنون، ٧٦ السجدة، ٧٧ الطور، ٧٨ الملک، ٧٩ الحاقة، ٨٠ المعارج، ٨١ النبأ، ٨٢ النازعات، ٨٣ الإنفطار، ٨٤ الإنشقاق، ٨٥ الروم، ٨٦ العنكبوت، ٨٧ المطففين.

[69] هەرچەندە سوڕەتی الفاتحە، کە پێشتر لەم پەرتووکە وەک بابەتێکی سەربەخۆ، بە درێژی باسکراوە، کە ڕێی تێناچێ سوڕەتی قوڕئان بێ، بەڵکوو تەنیا پاڕانەوە و نوێژکردنە.

سوڕەتەکانی مەدینە

٨٨البقرة، ٨٩ الأنفال، ٩٠ آل عمران، ٩١ الحشر، ٩٢ الأحزاب، ٩٣ الممتحنة، ٩٤ النساء، ٩٥ الزلزلة، ٩٦ الحديد، ٩٧ محمد، ٩٨ الرعد، ٩٩ الإنسان، ١٠٠ الطلاق، ١٠١ البينة، ١٠٢ النور، ١٠٣ الحج، ١٠٤ المنافقون، ١٠٥ المجادلة، ١٠٦ الحجرات، ١٠٧ التحريم، ١٠٨ التغابن، ١٠٩ الصف، ١١٠ الجمعة، ١١١ الفتح، ١١٢ المائدة، ١١٣ التوبة، ١١٤ النصر.

سەرەڕای ئەوە، سەرجەمی زانیاری سەبارەت بە قورئان و فەرموودە، کە نووسەرانی موسوڵمان لەڕاڤەکانیان، تا ئێستا گەیشتوونەتە ئێمە. و بەتایبەتی گرێدانی بە مێژووی دەقی قورئان. بە زۆری دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی نۆیەمی زایینی و دواتر. ئەو پەرتووکانەش بە گشتی بریتین لەزانیاری بژاردە. کاتی دەیانەوێ بەوگری لە دیاردەیەک یان ڕووداوێک بکەن. دەڵێن ئەوە لە ڕێگای زنجیرەیەک گەواهی قال و قیل، کە لەپێش هەر گێڕانەوەیەک یان فەرموودەیەک ڕێزیان دەکەن. بەو شێوەیە، سیمای بەڵگەیەکی پتەوی دەدەنێ. بۆ ئەوەی خوێنەر وەک ڕاستیەک بیبینێ. ئەو مێتودە، پێشتر لەلایەن حاخامەکانی یەهودی، بۆ پشتڕاستکردنەوەی دەقەکانی کەلەپووری یەهودی بەکار دەهات. کە بە شێوەی دەماودەم دەیانگواستەوە.

ئەو شێوە گێڕانەوانە، چ لە سەر زمانی نەبیەکان یان دەقەکانی پەرتووکە پیرۆزەکان. وەک شێوەیەک لە هونەری گێڕانەوە دەبینران. بێ ئاگا لەوەی، زانیاری بەو هەموو دەستاودەست کردنە، بۆ لێتۆژینەوە، ناتوانێ بەڵگەی بنبڕ بێ. بەڵکوو ئەو زانیاریانە. لە هەر گێڕانەوەیەک جا چەند ڕەوانبێژی بەهێزبێ. ڕەهایی لە هەر جارێکی گێڕانەوەی، دەبێتە ڕێژەییەکی لاواز و

لاوازتر. که له ئەنجامدا، ناتوانێ به تەواوی متمانەی خۆی لەدەست دەدا.[70]

چەندین قسەو باس لەسەر ئەوە هەیە. که لیستی ناوی ئەوانەی، له سەردەمی محمد قورئانیان کۆکردۆتەوە ناکۆکن. ئەو لیستانه به زۆری لەگەڵ ژماره و ناوەکانیان یەک ناگرنەوە. هەندێک جار مرۆڤ تووشی حەپەسان دەبێ.[71]

ئەوەش وادەکا نەتوانن وەک سەرچاوەی هاوچەرخ، و جێی متمانه سەیربکرێن. پرسەکه ئەوەیه چۆن بتوانین، متمانه لەسەر ئەو بڵگەنامانه بکەین، که بەو شێوەیه نووسرابن. جا ئەوانه بۆ قورئان، فەرمووده، یا بیۆگرافیای (سيرة) محمد، که ئێستا لەبەردەست دان. له هەمان کاتدا، تا ئێستاش له جیهانی ئیسلامی، وەک تاکه ڕاستیەکی ڕەها، سەیر دەکرێن. لەگەڵ ئەوشدا ئەو بەناو بەڵگەنامانه، به ئارەزووی تاکه ڕاڤەکار، مێژوونووس یان بیۆگرافینووس نووسرابن. تەنانەت ئەو گریمانەیه، قورئانیش دەگرێتەوە.

[70] Alfred-louis de Prémare (2002) The foundations of Islam, between Writing and History. Pp 315

[71] إبن سعد. الطبقات الكبرى. الجزء الثانی ص ٣٥٥ – ٣٥٨

# کێشەی ڕاڤەکردنی دەقەکانی قورئان

لەگشت کێشەکانیتر گرنگتر، ڕاڤەکردن و ڕاڤەکارانی موسوڵمانن. لەوەش گرنگتر، ئەگەر قورئان لەلای خودا هاتووە، بۆ محمد خۆی ئایەتەکانی ڕاڤە نەدەکردن. بە گوێرەی گشت دۆکومێنتەکانی ئیسلام، قورئان ڕاستەوخۆ بۆ ئەو هاتووە. کەوایە پەیامنێر و پەیام وەرگر، لە هەمووکەس باشتر لە ماناو مەبەستی ئایەتەکان تێدەگەن. ئەگەر محمد ڕاستی دەکرد و قورئان پەیامی خودابووە بۆ ئەو، دەبوایە خۆی ڕاڤەی بۆ هەر ئایەتێک کردبایە. و ڕوونکردنەوەی لەسەر تۆماربکردایە. ئیتر دەبووە سەرچاوەیەکی ناوەندی و سەرەکی، گشت ڕاڤەکانی دواتری لەگەڵ بەراوردبکرێن.

ڕەنگە زۆر موسوڵمان بڵێن ئەوە نییە حەدیس هەن. کێشەکە لەوەدایە، حەدیسەکان مانای لێکدانەوەی قورئان نین، بەڵکوو ڕێنمایی بۆ سرووت و ڕیتوالەکانی ڕۆژانەی ڕەفتاری باوەڕداران. سەرەڕای ئەوە کەس نازانێ حەدیسەکان تا چەند ڕاستن. تا جێی متمانە بن.

قورئان گوزارە لە کاروبارەکان، بە شێوەیەکی ڕەوانبێژی لەلایەک. و لەلایەکیتر وەک هونەری پەخشانە شیعر دەردەبڕێ. ئەوەش دوورە لە زمانی ڕاستەوخۆی مێژوو، یان پەرتووکی پیرۆزی دین. کە ئاڕاستەی باوەڕداران بکا.. سەرجەمی دەقەکانی پچڕپچڕن، و پڕن لە هێما و تەم و مژ و لێڵێ لە دەربڕین. ئەگەر مرۆڤ پاشخانی ڕووداو، یان هەڵومەرجەکانی ئایەتێک نەزانێ. ئەوا تێگەیشتنی دەبێتە کارێکی ئەستەم. و ناتوانێ بەو ئاسانییە، ئەو دیمەنە دروست بکا، کە سیمایەکی لۆژیکی بداتە دەقەکان. و ڕووداوەکانی پاشخانیان تێدا دیاربکا. ئەوەش ڕەنگە گەورەترین کێشەی ڕاڤەکاران و مێژوونووسانی موسوڵمان بێ.

سەرەڕای گشت ئەو لێڵی و تەمو مژەی، لەسەر دەربڕینی ئایەتەکان. کێشەی دووەمی ڕەنگە زۆر گەورەتربێ. ئەویش نووسینەوە، و تۆمارکردنی قورئان ماوەیەکی زۆری خایاند. تا دەگاتە کۆتایی سەدەی حەوتەمی زایینی و دواتریش. بە مانایەکیتر، کۆکردنەوە و تۆمارکردنی دوای مردنی محمد بووە. ئەوەش وا دەکا، بۆ دڵنیابوون لە دەقێک. ئارەزووی تاکە کەس، لە گێڕانەوەی دەستی دووەم و سێیەم بێتە ناو.[72] کە لە ڕێگای هونەری ڕەوانبێژیی، ڕواڵەتێکی سەرنجڕاکێشی پێ ببەخشرێ. بۆ ئەوەی ببێتە جێی متمانە.

[72] Alfred-louis de Prémare (2002) The foundations of Islam, between Writing and History. Pp

# ژینگەی کۆمەڵایەتی نووسەری قورئان لە مەککە



بۆ ئەوەی بە باشی لە ناوەڕۆکی قورئان و ووردەکاری ئایەتەکانی تێبگەین. دەبێ لە سەرەتادا ڕووماڵێکی ئەوژینگەیە بکەین، کە قورئانی لێ بەرهەم هاتووە. بە تایبەتی سەرەداوی ڕایەڵەی کۆمەڵایەتی و پەیوەندییە نزیکەکانی دەوروبەری نووسەری قورئان. ئەوەش ڕەنگە ببێتە دەریچەیەک، بۆ ئەوەی بتوانین، بە شێوەیەکی باش بەناو کۆمەڵگەی ئەو دەمەی نووسەری قورئاندا قووڵبینەوە. تا بتوانین ڕەنگدانەوەی پەیوەندیە کۆمەڵایەتییەکان و پیرۆزیەکانیان، لەسەر ئایەتەکانی قورئان بەدی بکەین. بەوەش دەرفەتێکی باشمان دەستدەکەوێ، تا بە شێوەیەکی قووڵ و لۆژیک، شرۆڤەی هەڵومەرجەکانی قورئان، و ئایەتەکانی بکەین و دەرئەنجامێکی جێمتمانە وەدەست بێنین.

زۆربەی پەرتووکەکانی بیۆگرافیا (سیرة) ی محمد ئاماژە بەوە دەکەن، کە لە ناو ژینگەیەکی یەهودی نەسارِی ژیاوە. باپیرەی عبدالمطلب، باوکی، مامەکانی و هەندێک لە ژنەکانی بنەماڵە و خزم و ناسیاوەکانی، بە گشتی یا یەهودی نەسارِی بوون، و یانیش بەلای کەمی ئاشنایەتیان لەگەڵ دینی یەهودی نەسارِی دا هەبووە.

بە شێوەیەکی گشتی لای بنەماڵەکانی هۆزی قورەیش، ئاشنایەتیەکی نزیک سەبارەت بە باوەڕ و بنەڕەتەکانی دینی یەهودی نەسارِی هەبووە. زانیویانە پیرۆزییەکانی چین. و ڕیتوالەکانی چۆنن. و ڕێنماییەکانی کامەن. [73]

سەرەڕای ئەوە دایکی محمد، ئامینەی کچی وەهب لە بنەماڵەی زەهرە، لە هۆزی بەنی نەجارِ بوو. هۆزی بەنی نەجاریش عەرەبی یەهودی نەسارِی بوون. بەو پێیەش ئامینەی دایکی محمد، لەسەر باوەڕی دینی یەهودی نەسارِی بوو، و هەر لەسەر ئەو دینەش مرد. [74]

چەندین لە ڕاڤەکارانی موسوڵمان، ئاماژە بەوە دەکەن. کە عبدالمطلب باپیرەی نەبی محمد، یەهودی نەسارِی ئەبیونی بووە. ئەوەش بە گشتی لە بیر و ڕەوشت و کردەوەکانی ڕەنگیان داوەتەوە. بەتایبەتی لە پەروەردەکردن و ئامۆژگاریی و ڕاسپێری بۆ کورەکانی بە دیاردەکەوێ.[75]

[73] الحریری، ابو موسی (٢٠٠٥) قس و نبی، بحث فی نشأة الإسلام ص ١٣١
[74] محمد حسان المنیر، یوم قبل وفاة محمد ص ٦٩
[75] الحریری قس و نبی ص ١٣٣، سیره ابن هشام ١: ٤٣ - ٤٤، السیره الحلبیه ١: ٤، تاریخ الیعقوبی ٢: ١٠، طبقات ابن سعد ١: ٨٥

وەك بیۆگرافینووسان دەگێڕنەوە، کاتی ڕەمەزان دادەهات عبدالمطلب لەگەڵ چەند کەسیتری یەهودی نەساری، دەچووە (ئەشکەوتی حەڕا). لەوێ خوداپەرستی دەکرد. و فەرمانی دەدا بە درێژایی مانگی ڕەمەزان، خۆراك دەبەخشرایە هەژاران. هەروەها زید کوڕی عمرو کوڕی نفیل (مامی عومەر کوڕی خەتاب) و قەشە وەرەقە کوڕی نۆفل و أمیة بن أبی سلط کە ئەویش یەك لە یەهودی نەساڕی حەنەفی بوو، لەگەڵ چەند کەسیتر خەڵوەتیان لە ئەشکەوتی حەڕا دەکرد. [76]

هەروەها ئەبی طالب، کە مامی محمد بوو. دوای مردنی عبدالمطلب، ئەرکی سەپەرشتکاری محمدی پێ سپێردرابوو. ئەویش یەهودی نەساڕی بوو. بەهەمان شێوەی باوکی عبدالمطلب، بۆ خودا پەرستی، دەچووە ئەشکەوتی حەڕا. تەنانەت محمد لەگەڵ أبی طالب بۆ مانگی ڕەمەزان دەچووە ئەشکەوتی حەڕا.

سەرەڕای ئەو پەیوەندیە نزیکەی، محمد بە مامیەوە. دوای هەوڵدانێکی زۆر، أبی طالب هەر بە یەهودی نەساڕی مرد.

ژیان و باوەڕی أبی طالب بە پێی پەرتووکە بیۆگرافەیەکان. کەسێک بوو، بە باوەڕەوە دەژیا و لەسەر هەمان ڕێگای باوکی بوو. یارمەتی هەژارانی دەدا. هەڵسوکەوتەکانی نیشانی ئەوە دەدەن ،کە لە سەر ڕێبازی نەساڕی (ئەبیونی) بووە. دەگێڕنەوە کاتی أبی طالب لە سەرەمەرگ دابوو، گوتوویەتی:

[76]عبدالکریم، (١٩٩٠) الجذور التاریخیه للشریعه الاسلامیه.

من له میللەتی عبدالمطلبم. دوای ئەوه مردووه. ڕێبازی عبدالمطلب واته ڕێبازی یەهودی نەسارى و باوەڕ به حەنیفی بوون. [77]

أبی طالب، محمدی لەسەر ڕێبازی بەنی هاشم و کەلەپووری دینی پەروەردە دەکرد. به باشترین شێوه لەگەڵ برازاکەی هەڵسوکەوتی دەکرد. لەگەڵ کوڕەکانی خۆی جیاوازی پێ نەدەکرد. بەڵکوو لەپێش ئەوانیش دایدەنا. بەڕێز و نازەوه سەیری دەکرد.

بەپێی گێڕانەوەی بیۆگرافیای پەیامبەر، خۆشەویستی أبی طالب بۆ برازاکەی تایبەتی بوو، به ڕێزەوه هەڵسوکەوتی لەگەڵ دەکرد. تا محمد گەیشته تەمەنی بیست و پێنج ساڵی له تەنیشتی بوو. و له ژێر چاوەدێری ئەو دابوو. هەروەها دەڵێن ئەوەنده خۆشی دەویست نەدەخەوت تەنیا له تەنیشتی نەبێ. دەرنەدەچوو تەنیا لەگەل ئەو نەبوایه. هەمیشه باشترین خواردن و خواردنەوەی پێدەدا. [78]

ئەوەش شتێک ئاشکرا دەکا که أبی طالب یەک له ئەندامانی تۆڕی ئامادەکردنی محمد بووه، بۆ ئەرکێکی نوێ. و وەک دلسۆزیەک، بۆ ئەو ئەرکەی گرتبوویه سەرشانی دەجوولایەوه. بۆیه شتێکی سەیر نییه که ئەو ڕێزه گەورەیەی له محمدی گرتبێ. . [79]

لەلایەکیتر سەبارەت بەزانستیەکانی سروشت، محمد له سەرەتا، له تەمەنی منداڵی لەلای باپیرەی عبدالمطلب ڕادەهێنرا، دوای مردنی باپیرەی. ڕایسپاردبوو که  أبی طالبی مامی ببێته

---

[77] الحريری، ابو موسی، قس و نبی  ل ١٣٧، طبقات ابن سعد ١: ١٢٢، السيره المكيه ١: ٩١، السيره الحلبيه ١: ١٢٥

[78] الحريری،  قس و نبی ص ٦٥، محمد الغزالی. فی فقهة السيرة ٦٧

[79] الحريری، قس و نبی  ص ١٣٧

سەرپەرشتکار و چاودێری. ئیتر لەمە بە دوا، بەردەوامی زانیارییە سرووشتیەکان لە ژێر چاوەدێری و ئامۆژگارییەکانی أبی طالب فێردەبوو. ئەو زانیاریانەش بریتی بوون لەسرووشتی ناوچەیی، لە ڕووەک و گیاندار و سرووشت بەگشتی. زۆر لەو زانیاریانە لە ناو هەندێک لە ئایەتەکانی قورئان ڕەنگیان داوەتەوە.

یەک ڕووداو جێگای هەڵوێستەکردن و خوێندنەویەکی ووردە. لەکاتی مارەبڕینی خەدیجە و محمد، أبی طالبی مامی ووتەیەکی بە بۆنەی هاوسەرگیری محمد و خەدیجە، لەبەردەم خەڵکێکی زۆر دا خوێندەوە، دەڵێ:

بە خودا، دوای ئەو هاوسەرگیریە هەواڵێکی مەزن و ترسناکی بۆدێ.

مەبەستی ئەبی طالب، ئەوە بوو، کە هەواڵێک بۆ محمد دێ. ئەو ڕووداوە پانزە ساڵ بەر لەو مێژووەی ڕاڤەکارانی موسوڵمان بە بانگهێشی دینی ئیسلام ناوی دەبەن. ئەوەش بێجگە لە پێگایەکی بەرزی دینی هیچ شتێکیتر نەبووە. لۆژیک ڕێ نادا مانایەکیتری هەبێ. ئەوەش بەڕەچاوکردنی محمد لە تەمەنی ٢٥ ساڵی هاوسەرگیری کرد. واتە پانزە ساڵ بەر لە مێژووی بانگهێشکردنی. کە بەڵگەیەکی بەهێزە بۆ ئەوەی، أبی طالب هەستی بە پلانێک بۆ دوارۆژی محمد کردووە. جا ئەو پلانە بانگهێش بووە یان تەنیا پایەیەکی کۆمەڵایەتی و دینی بەرز، گرنگ نییە. ئەوەی گرنگەی، هۆکاری خۆشەویستی و خزمەت و پەروەردەکردنی محمد بوو لەلایەن أبی طلب. ئەو پەروەردەکردنەش جگە لەلایەنە کۆمەڵایەتییەکە، بریتی بوو زانستییە سرووشتییەکان. کە وەک ئەرکێک پێ سپێردرابوو. لە کۆتاییش ئەو هەواڵە، ئامۆژەیە بۆ ئاگاداربوون، و بەشداری أبی طالب لە سەرجەمی پلانەکانی قەشە ورەقە، بۆ دوارۆژی محمد. کە بە پەرۆشەوە ئەرکەکانی پێی سپێردرابوون جێبەجێی دەکردن. [80]

80 کتاب طبقات الکبری، ابن سعد الجزء الأول ص ١٢٢

بەڵام پرسیاری سەرنجڕاکێش ئەوەیە، بۆ سەرەڕای ئەو هەموو خۆشەویستی و چاوەدێریە. ئەبی طالب باوەڕی بە محمد نەهێنا؟

وەڵامی ئەو پرسیارە، تەنیا ئەوەیە کە نە قەشە وەرەقە و نە ئەبی طالب لەو خەیاڵە بوون محمد ببێتە نەبی، بەڵکوو ئەوە پلانێک بوو بۆ ئامادەکردنی، تا جێگای قەشە وەرەقە بگرێتەوە. و ببێتە سەرۆکی کەنیسە یەهودیە نەسڕیەکان لە مەککە. هەر بۆیە هەردووکیان بە یەهودی نەسڕی مردن. سەرەڕای ئەوەش محمد تا ماوەیەکی زۆر دوای ئەو کاتەش نەبی نەبووە. و بیری لە داهێنانی دینێکی نوێ، بە خەیاڵدا نەهاتووە.

# ئایا محمد (صادق الأمین) بوو؟

بەردەوام گوێمان لێدەبێ، موسوڵمانان دەڵێن محمد کەسێکی ڕاستگۆ و دەستپاک بووە، تەنانەت خەڵکی مەککە بە نازناوی (صادق الأمین) بانگیان کردووە. ئەو دەربڕینەش بە قسەی موسوڵمانان دەبێ بەر لە وەحی و دوای وەحی، لەلایەن خەڵکی مەککە بەو ناوە بانگیانکردبێ [81] ئەو گۆتەیە تا چەند ڕاستە، دەکرێ بە بەراوردکردنی ئەو دوو ووشەیە، لەگەڵ قورئان و مانای زمانی فەرمی عەرەبي بەراوردبکرێن، تا ڕاستی ئەو شتەمان بۆ ڕوون بێتەوە.

یەکەم: ووشەی صادق لە ڕاستی بەدوورە، لەبەر ئەوەی قورئان خۆی شایەتە، کە خەڵکی مەککە محمدیان بە درۆزن، جادوگەر و شێت ناوبردووە. و محمدیش بەناوی خوداکەی بەرگری لەخۆی دەکا. بۆ نموونە دوو ئایەتی قورئان دێنینەوە.

سورة ص ٣٨: ٤

> بەلایانەوە سەیربوو، کە پەیامبەرێک لە خۆیانەوە هاتووە. و ترسی خودایان وەبەردەنێ. خودا نەناسەکان گوتیان. بێ و نەبێ جادوگەرێکی درۆزنە (٤)

سورة الطور ٥٢: ٢٩

[81] الحداد، الدکتۆر أحمد بن عبدالعزیز قاسم. اخلاق النبی صلعم.

دەسا بیریان بێنەوە، کە بە چاکەی خوداکەت، تۆ نە جادووی و نە شێت.
(٢٩)

ئەو دوو ئایەتەی قورئان، بە ڕوونی دان بەوە دادەنێن، کە خەڵکی مەککە محمدیان بە دروزن و جادوگەر و شێت بانگکردووە. کاتی خەڵکی مەککە بە پرسیارکردن بۆیان دەرکەوتووە، محمد ڕاست ناکا. و بەدرۆیان دەخستەوە، خۆ ناکرێ هەمان خەڵک، بە کەسێکی ڕاستگۆی دابنێن.

سەبارەت بە ووشەی الأمین یا أمین
لە حیجاز وا باو بوو، ئەو کەسانەی وەک بریکاری خەڵکیتر، خەریکی کڕین و فرۆشتن بوون، پێیان دەگوتن (أمین) لێرەدا أمین ئاکاری مرۆڤ نییە، بەڵکوو پێشەیە. لەبەر ئەوەی ئەو کاڵایەی بازرگانی پێدەکرد، هی کەسێکیتربووە. ئەو کەسەش خۆی بە أمین دەناسرا. زۆر جار لە بازاڕ دەیانپرسی بازرگانە یان أمین. بۆ ئەوەی بزانن بازرگانی بۆ خۆی دەکا یان بریکار یا نوێنەری کەسێکیترە. لە فەرهەنگەکانی زمانی عەرەبێش بە هەمان مانادێ:
معجم لسان العرب: عهدة (سەرپەرشتیکردن، چاوەردێریکردن)
معجم الوسیط: الوسيط الذي يحتفظ بالأوراق المالية للعميل، مقابل عمولة.
معجم المعاني الجامع: الأمين – الحافظ الحارس
قاموس الكل، قاموس عربي عربي: الأمين - الحافظ الحارس

بە لێکدانەوەیکی وورد بۆمان دەردەکەوێ، کە ڕێی تێناچێ ووشەی أمین مانای دەستپاک بێ. بەڵکوو بە مانای بریکار، نوێنەر، سەرپەرشتیکار یا پاسەوان دێ.
ئەو ووشەیە (أمین) تا ئێستاش لە زمانی عەرەبی، لە بوارە فەرمیەکان بەکاردێ، بۆ نموونە وەک أمين المكتبة، أمين العام، أمين الصندوق تا دەگاتە مجلس الأمناء.

محمد وەک بریکاری کاروباری بازرگانی بۆ خەدیجە، خەریکی بازرگانی بوو، و دەچووە شام و کاڵاکانی دەفرۆشتن و کالای تری لە شامەوە دەهێنانە مەککە. بۆیە وەک پیشە پێیان دەگوت أمین.

بێجگە لەوەش خەڵکیتریش لە مەککە بە أمین ناو دەبران. یەک لەوانە أبو العاص بن الربیع، مێردی زەینەب، زاوای محمد نازناوی (أمین)ی وەک پێشە هەبوو. تەنانەت باوەڕیشی بە ئیسلام نەهێنا. تا محمد ناچاری نەکرد! محمد فەرمانی بە زەینەب دا، ئەگەر أبو العاص موسوڵمان نەبێ، دەبێ وازی لێبێنێ. بۆیە أبو العاص موسوڵمان بوو.[82]

باشە، ئەگەر خەڵکی مەککە، محمدیان بە ڕاستگۆ و دەستپاک (صادق الأمین) دەزانی، بۆ کاتی داوای پەیامبەرایەتی کرد، گاڵتەیان پێکرد. محمد خۆی دان بەوەدا ناوە، کە خەڵکی بە جادوگەر و شێت و درۆزن بانگیانکردووە. و بە دەیان و سەدان جار بەرمەیدان بە درۆیان خستۆتەوە. و پەنای بردۆتە بەر هۆنینەوەی ئایەتی قورئان.

---

[82] النابلسي، الدكتور محمد راتب، سيرة و الشمائل – سيرة خمسين صحابي، المجلد الأول، أبو العاص بن الربيع.

# کەسایەتی محمد و باری دەروونی

تا ئێستا زۆر جار گوێمان لێ بووە، کە محمد پەیامبەری ئیسلام، هەر لە منداڵیەوە خۆی لە خەڵکی بەدوورگرتووە. و دوورەپەرێز لە ئەشکەوتی حەڕا کاتەکانی بەسەربردووە. هەروەها ئەوەشمان بیستووە. کە پەیامبەری ئیسلام، فێی لێهاتووە (پەرکەم لییداوە ). و لەرزو تای گرتووە. و هەمیشە لە دڵەراوکێ دابووە. یان باری دەروونی ناتەواو بووە. بەڵام ئەوەی تا ئێستا بە دەگمەن لەسەری نووسراوە، پرسی کەسایەتی، و گرێدانی بە نەخۆشی دەروونیەوەیە. نەخۆشی دەروونی، لە مرۆڤدا هەم پاشخانی ژیانی پێشتری هەیە. و هەمیش کاریگەری درێژخایەنی هەیە. کە بەزۆری دەگەڕێتەوە سەردەمی منداڵی و شێوەی گەشەکردنی خۆشی و ناخۆشیەکانی ژیانی.

محمد هەر لە منداڵیەوە، کەسێکی دوورەپەرێز بووە، و خۆی لە خەڵکیتر، بەتایبەتی هاوتەمەنەکانی بەدوورگرتووە. بەڵام هۆکاری چیبووە؟ لەو باسەدا هەوڵدەدرێ، تا دەکرێ بەدواداچوونی بۆ بکرێ.

باشترین ڕێگا، بۆ ساخکردنەوەی ئەو بابەتە، گەڕانەوەیە بۆ سەرەتای ژیانی منداڵی محمد و سەختیەکانی. و بەراوردکردنی بە کۆمەڵگەی دەوروبەری. و چۆنیەتی ڕەنگدانەوی لە ناو ئایەتەکانی قورئان و حەدیسەکان. ئەوسا هەڵسەنگاندنی بە پێوەری دەروونناسی.

زۆر نیشانەی دەروونی لەکەسایەتی محمد داهەن، کە دەتوانرێ لە ڕێگای دەروونناسی بەدواداچوونیان بۆبکرێ. و بتوانری باری دەروونی و هەڵسوکەوتی لەگەل نەخۆشیە

دەروونەیەکان بەراورد بکرێ. لەهەمان کاتدا لە ڕێگای ڕووداوەکانی ڕۆژانە، کە بوونەتە هۆکاری هاتنی ئایەتی قورئان، و گرێدانیان بە ڕەفتاری ڕۆژانەی محمد، هەر لە منداڵیەوە، تا دەگاتە گەنجی و بەتەمەن داچوونی. بۆ ئەوەی دەرئەنجامێکی جێمتمانەی لێوەربگیرێ.

لە بواری دەروونناسی زۆر نەخۆشی هەن، کە لە ئەنجامی ڕووداو ، و یان ژیانێکی، خۆش یان ناخۆش سەرهەڵدەدەن. و دەبنە هاودەمی مرۆڤ. ئەگەر چارەسەری نەکرێن، ئەوا بە درێژایی ژیان لەکۆڵ مرۆڤ نابنەوە. لەوانە خەمۆکی (Depression) دڵەڕاوکێ (Anxiety) فۆبیای کۆمەڵایەتی (Socialfobi)، سایکۆ (psychopath ) و نەرگسی (Narcissist) زۆر نیشانە و باری دەروونیتریش هەن، کە دەتوانرێ، لە ڕێگای پاشخانی ڕابردوو، و کەسایەتی مرۆڤ ساخبکرێنەوە.[83]

## نەخۆشی نەرگسی و تێکشکانی کەسایەتی

بەرلەوەی بچینە ناو باس، باشترە باسێکی نەخۆشی نەرگسی بکەین. کە هەندێک مرۆڤ وەک نەخۆشی دەروونی هەیانە. و ڕەنگدانەوەی لەسەر کەسایەتی، شێوەی بیرکردنەوە و هەڵسوکەوت و هەڵوێستیان بە ئاشکرا دەردەکەوێ.

زاراوەی نەرگسی لە ئەفسانەی یۆنانی لە ناوی (Narkissos) هاتووە. کە مرۆڤ ئەویندار جەستەی خۆی دەبێ. و لە ئەفسانەکەدا، نارکیسۆس باوەڕی وابوو دوای مردنی دەبێتە

[83] Egidius, Henry (1994) Psykologilexikon, Natur och Kultur. Pp 449 - 451

گوڵی نەرگس. ئەو چیرۆکە ئەفسانەیە، بۆتە ناوی یەک لەو نەخۆشیە دەروونیانەی کارەساتی بۆ مرۆڤایەتی دروستکردووە. و بە پێی لێکدانەوەی مێژوو بە دەیان دکتاتۆر، کە بە ملیۆن خەڵکیان کوشتووە، جیهانێکیان لە ماڵوێرانی و کاولکاری بۆ گەلانی جیهان بەدیهێناوە. ئەو کارەساتانەش گشتی لە ئەنجامی نەخۆشی نەرگسی بووین.[84]

بابەتی نەگسی لە ڕووی دەروونناسیەوە زۆر لێتۆژینەوەی فرەلایەنی لەسەر کراوە. لەوانە سیگمۆند فرۆید، پێی وابوو کە مرۆڤی نەرگسی دەبێتە ئەویندارى جەستەی خۆی. خۆی لەوانیتر پێ جیاوازە. و ئەو جیاوازیەش لە ئەنجامی ئەوە هاتووە. کەسی نەرگسی خۆی بە باشتر و مەزنتر دەزانێ. لە سالانی ٧٠ و ٨٠ ی سەدەی ڕابردوو ئۆتۆ کێرنبەرگ ( Otto Kernberg) لە بواری سایکۆدینامیک، لێکۆڵینەوەی لەسەر کەسی نەرگسی کردووە. و باوەڕی وایە، مندال نیشانەکانی نەرگسی وەک ناسنامەی خۆی دەبینێ. و کاریگەری لەسەر گەشەکردنی هەیە. دەبێتە کەسێکی لە ڕووی کۆمەڵایەتیەوە شکەستخواردوو. و ناتوانێ متمانە لەسەر خۆی و ئەوانیتر بکا. بۆیە پەنا دەباتە بەر خەیاڵ و کەسایەتیەک بۆخۆی وێنادەکا.[85]

نەرگسی لە ڕووی دەروونناسیەوە کەسێکی خۆ بە گەورەزانە. و پێویستی بە بەردەوام پشتڕاستکردنەوە، و پیاهەڵگوتن هەیە. و خۆی پێ لەوانیتر بەرزترە. و هاوسۆزی لەگەڵ ژینگەی کۆمەڵایەتی دەوروبەری نییە.

هێینز کۆهوت (Heinz Kohut) باوەڕی وایە، کە نیشانەکانی نەرگسی هەر لە تەمەنی منداڵی و هەرزەکاری، بە شێوەی جیاواز دەردەکەون. خاڵێکی هاوبەش لە نێوان گشت

---

[84] Ibid

[85] Ibid

کەسانی نەرگسی ئەوەیە، کە خۆ بەگەورەزانن. و باوەڕیان وایە کەسێکی گرنگن. بەردەوام ئەندیشەی بێسنوور لەسەر هێز و پێشکەوتنی خۆیان دەکەن. کێشەکانیان دەگمەنن، تەنیا کەسانی تایبەت، و هاوشێوەی خۆیان، دەتوانن تێیان بگەن. هەمیشە چاوەڕوانی ڕێز و ستایشی خوای لە ئەوانیتر دەکەن، و خۆیان وا دادەنێن، کە مافی خۆیانە هەڵسوکەوتی باشتر و جیاوازیان لەگەڵ بکرێ. بە کەمترین ڕەخنە، یا سەرنج هەڵدەچن و تووڕەدەبن. قسەی بەرامبەر بە سووکایەتی دادەنێن. [86]

## ژینگەی نزیک دروستکەری کەسایەتی نەرگسیە

گەشەکردنی منداڵ پێویستی بە ڕێنمایی پەروەردەکردن هەیە. منداڵ دەبێ بەشێوەیەک پەروەردە بکرێ کە خۆی بە بەشێک لە ژینگەی کۆمەڵایەتی بزانی. کاتی ژینگەی نزیک (خێزان) زیاد لە پێویست گرنگی بە منداڵ دەدا. و هەڵسوکەوتی تایبەتی بەرامبەر دەکا. منداڵ خۆی بە بوونەوەرێکی مەزنتر و جیاواز دەزانێ. یان بە پێچەوانەوە، بەرەو ڕووی گەف و تووڕەیی و قین دەبێتەوە. یان بەردەوام بەکەم دەزانرێ و سووکایەتی پێدەکرێ، ئەو کەسە لە دەروونیدا خۆبەکەم زانین و دڵەڕاوکێ دروستدەبێ، و دەبێتە هۆی قەیرانی کەسایەتی. بۆ خۆپاراستن و هەندێک ئاسوودەیی، فێری ئەوە دەبێ خۆی دوورەپەرێزبگرێ. و تووشی خۆخواردنەوە دەبێ. و گیانی تۆڵە یان خۆبەزلزانی تێدا دروست دەبێ. لە ژیانی تەنیایی و دوورەپەرێزیدا، سوپەرمانێک لە دەروونی دروستدەبێ. کە لە هەر ناخۆشیەک یان

---

[86] Ibid

خۆشیەک پەنای بۆ دەبا. ڕاوێژی پێدەکا. کە لە ڕاستیدا ئەو پەنا بۆبردنە، تەنیا مۆنۆلۆژێکی خۆبەخۆیە، لەگەڵ خۆیدا و هیچیتر.

بەهۆێ پەراوێزبوونی لە دەوروبەری، منداڵ هەست بە کەمی خۆی دەکا. و هەولدەدا ئەو دوورەپەرێزییە، بەشێوەیەکی بێ ئاگایانە قەرەبوو بکاتەوە. جا هەر لە درِدۆنگی بەرامبەر کۆمەڵ تا دەگاتە قین هەڵگرتن. ئەو درِدۆنگی و قین هەڵگرتنە، دەبێتە هۆی دروستبوونی (گرێکوێرەی هەست بە گەورەیی)کردن. ئەو گرێکوێرەیە، دیاردەی زێدەڕۆییەکی زیاد لە پێویست بەدی دێنێ. ئەوەش لە دەستکەوت و سەرکەوتنە خیاڵیەکانی مرۆڤ بەدیاردەکەون. کە بەردەوام لە بازنەیەکی نالۆژیک دادەخولێتەوە. و خۆی لادەبێتە خودا. بەرزەفڕێک و خاوەنی توانای بێ کۆتایی. کە تاکەکانی کۆمەڵگا، زۆر بچووک و بێ بایەخ دەبینێ.[87]

نەخۆشی دەروونی نەرگسی، شتێکی کۆنە. و تەنیا لە محمددا نەبووە، بەڵکوو لە پەیامبەرەکانیتری پێش ئەویش دا هەبووە. دەستەڵاتی دینی پاڵپشتێکی باشە بۆ بەردەوام بوونی نەرگسی و خەونەکانی. هاوڕێکانیشی لە ڕێگای فەرمانی خودایی و پاداشت و سزا. تەواو ملکەچی فەرمانەکانی دەبن. و پەیڕەوی ڕێنمایی و ئامۆژگاریەکانی دەکەن. تا وای لێدی ئەوەندە توند دەکونە ژێر کۆنترۆڵی کەسایەتی نەرگسی، بە هات و هاوار و هەلهەلە ستایشی دەکەن. دروشمی مەزنی و بەرزڕاگرتن، بۆ کەسایەتی لێدەدەن. هەڵسوکەوتی پەیڕەوکاران و پێویستی کەسایەتی نەرگسی یەکتری تەواودەکەن. و لە بەردەوامی کەسایەتی نەرگسی دەبێتە بەشێک لە مەزنییەکی سامناک و نادیار. ئەوەش قۆناخی ترسناکی نەخۆشی نەرگسییە، کە خۆی بە بەشێک لەودا دادەنێ. و کەسایەتی خۆی بە شکۆدار دەزانێ. لەلایەکیتر ئارەزووە

[87] Jon Mardi Horowitz (1997) Stress Response Syndromes: PTSD, Grief, and Adjustment Disorder. New Jersey: Jason Aronson Inc., Third Edition.

تایبەتیەکانی لە سامان تا دەگاتە سێکس هەنگاو بە هەنگاو زیاتر دەبن. پەیڕەوکارانیشی ئەو پێویستیانەی زۆربەی جار بۆ پڕ دەکەنەوە. [88]

شێوەی هەڵسوکەوت و کاردانەوەی کەسی نەرگسی، بەرامبەر ژینگەی کۆمەڵایەتی. پەیوەندیەکی توندی لەگەڵ ئاستی پێشکەوتنی شارستانی، و کولتووری کۆمەڵایەتی هەیە. بۆ نموونە یەسو دەڵێ:

پەیمانی نوێ - ئینجیلی مەتیاس ۱۰: ٣٤ - ٣٩

(٣٤) وا مەزانن کە هاتووم بۆ ئەوەی ئاشتی بێنمە سەر زەوی. من بۆ هێنانی ئاشتی نەهاتووم، بەڵکو شمشێر !(٣٥) چونکە من هاتووم بۆ هەڵگەڕاندنەوەی کوڕ لە باوکی و کچ لە دایکی و بووک لە خەسووی، (٣٦) دوژمنی مرۆڤیش لە خێزانەکەی خۆی دەبێ. (٣٧) ئەوەی باوک یان دایکی لە من زیاتر خۆشبوێ، شایانی من نییە. ئەوەی کوڕ یان کچی لە من زیاتر خۆشبوێ، شایانی من نییە .(٣٨) ئەوەی خاچەکەی هەڵنەگرێت و دوام نەکەوێت شایانی من نییە .(٣٩) ئەوەی ژیانی خۆی بدۆزێتەوە دەیدۆڕێنێ، بەڵام ئەوەی ژیانی خۆی لەبەر من بدۆڕێنێ دەیدۆزێتەوە.

ئەو دیمەنە ئاستی هەرە قووڵی نەخۆشی نەرگسیە، کە سنوورێک بۆ نانەوەی دووبەرەکی و تێکدانی شیرازەی کۆمەڵایەتی خێزان، و کۆمەڵگە نایەڵێتەوە. یەسو لە سەردەمی منداڵێ و هەرزەکاری، بە ژیانێکی سەخت دا تێپەڕیووە. ئەوەش لە سەرچاوەکانی ڕۆمانی و یەهودی. بە شێوەی جیاجیا باسکراوە. کە کاریگەری لەسەر کەسایەتی هەبووە. هەر زوو داوای

[88] Adler, Alfred (1954) Understanding Human nature. Seventh impression, George Allen &Unwin.LTD. London. Pp 120

پاشایەتی ئیسرائیلی کردووە. و دواتر گەیشتۆتە ئەو ئاستەی، خۆی بە کوڕی خودا داناوە. بەڵام کاریگەری کولتور و ژینگەی کۆمەڵایەتی و پەروەردەبوونی ڕێگەی نەداوە، هانی قوتابی و نێردەکان و دواکەوتوانی، بۆ شەڕ و کوشتن و تاڵان بدا.[89]

بەرامبەر بەوە، محمد، بەناوی خودا هانی یاوەرانی دەدا بۆ کوشتار و قڕکردنی ناحەزانی. وەک پاڵەوانێک وێنایان دەکا. کە هەریەکیان بەرامبەر سەد کەس دەبێ.

سورة الأنفال ٨: ٦٥

> ئەی پەیامبەر، هانی باوەڕداران بدە بۆ کوشتار. ئەگەر بیست دانەی خۆڕاگرتان تێدابن، ئەوا بەسەر دوو سەد کەس دا زاڵ دەبن، و ئەگەر سەد دانەتان تێدابن، ئەوە بەسەر هەزار کەس لەوان زاڵ دەبن، کە بێباوەڕن. چونکە ئەوانە خەڵکانێکن تێناگەن (٦٥)

## هۆکارەکانی نەخۆشی نەرگسی

منداڵ بە ئاسانی هەست بەو کەم و کووڕیانە دەکا، کە لە ژیانی داهەن. بەردەوام خۆی لەگەڵ منداڵانیتر، بەراورد دەکا. هەر لە نەبوونی باوک و نازناوی هەتیو، کە بۆشاییەکی گەورە لە ژیانی منداڵ دروست دەکا. تا دەگاتە ئەوەی باوک بەشێوەیەکی هەڵە، هەڵسوکەوت لەگەڵ منداڵی دەکا. دەبێتە هۆکارێکی گەورە بۆ تێکدانی کەسایەتی، و دروستبوونی نەرگسی. بۆ نموونە ئەو باوکانەی نەرمن و هەمیشە بە منداڵەکانیان داهەڵدەڵێن. زیاد لە پێویست گرنگیان پێدەدەن. شتی ناوازەیان بە دیاری دەدەنێ. دەبێتە

[89] ڕێبوار، سەلاح (٢٠٢٢) ئیسلام و پاشخانی مێژوویی. ل ٦٩ - ٨٧

هۆکار، بۆ گومبوونی دەستەڵاتی باوکایەتی. کەسایەتی منداڵ بەلارێدادەبا. یا کاتی منداڵ لە ژێر کۆنترۆڵ دەردەچێ، ئەو باوکانەی دەیانەوێ منداڵەکانیان بە لێدان چاکبکەن، یان پشتگوێیان دەخەن لە کۆتاییدا کەسێکی شکەستخواردوو دەردەچێ. ئەو دیاردەیە ئەو منداڵانەش دەگرێتەوە، کە لە ژیانی منداڵی هەست بە نەبوونی نموونەیەکی باوکایەتی یان دایکایەتی دەکەن، بەتایبەتی منداڵی هەتیو بە ئاسانی ئەو دیاردەیەی لێ دەردەکەوێ. لەو بێکەسی و بێدەرەتانییە، خەڵکیش بەچاوێکی کەمتر سەیریان دەکا.

بە پێی لێتۆژینەوە، دیاردەی نەرگسی لە مرۆڤدا، هەر لە منداڵیەوە بەدیار دەکەوێ. کە دەیەوێ قەرەبووی ئەو ناتەواویانە بکاتەوە. کە ڕۆژانە هەستی پێدەکا. ئەو منداڵانە بە خەیاڵ کەسایەتیەک بۆخۆیان دروست دەکەن، کە لە تەنیایی و بە ئارەزووی خۆیان ڕۆڵی ئەو مەزنایەتییە وەدی دێنن، کە خەونی پێوە دەبینن.

ئێمە دەزانین محمد، باوکی خۆی هەر نەدیووە. ئامینەی دایکی هەرگیز شیری نەداوەتێ. یەکسەر دراوەتە دایەنێک، بۆ ئەوەی فرچکی بداتێ. ئەو دایەنە، ناوی (ثويبة)بووە، کە لەلای أبي لهب، مامی محمد قەرەواش (جارية) بوو. هەمان أبي لهب کە محمد نەفرەتی لە خۆی و ژنەکەی کرد. و سورەتی (المسد) لەسەر هێنا.

هەر دوای ئەوە عبداالمطلبی باپیرەی، ژنێکی یەهودی نەسارِی بۆ گرت، بۆ ئەوەی ببێتە دایەنی، بەناوی (بركة الحبشية) کە بە (أم أيمن) بانگ دەکرا. محمد تا تەمەنی بووە ٥ ساڵ، لای ئەو ژنە یەهودی نەساریە مایەوە.

هەروەها داوا لە حليمة السعدية بنت أبي ذؤيب کرا، کە شیر بداتە محمد. حليمة دەبێتە دایکی شیری محمد. بەو شێوەیە سێ ژن ڕۆڵیان هەبووە لە ژیانی ساوایی محمد:

١ ثويبة، قەرەواشی أبو لهب، فرچکی داوەتە محمد.

٢ حليمة السعدية  كە ناوی خۆی حليمة بنت أبي ذؤيب كە شیردەری محمد بوو.

٣ بركة الحبشية كە بە (أم أيمن) بانگ دەكرا، دايەنی بوو. و تا تەمەنی پێنج ساڵی محمدی بەخێوكرد.

بەڵام سەبارەت بە ئامینەی دایکی، وگرنگی نەدانی بە محمدی ساوا، تەنانەت ڕێگەی نەدا شیری مەمکی خۆی بداتێ.  دەکرێ دوو گریمانە بۆ ئەو هەڵوێستەی ئامینە هەبێ!

یەکەم: لەو تەمەنە گەنجیەدا، منداڵ بەربەستە بۆ دووبارە شووکردنەوەی! بەڵام محمد گەیشتبووە تەمەنی پێنج ساڵی کەچی ئامینە هەر بە تەنیا بوو، و هەرگیز شووی نەکردەوە، تا مرد.

دووەم: ڕەنگە تووشی خەمۆکی بووبێ. کە زۆر ژن تووشی ئەو دۆخە نەخوازراوە دەبن. کە دەکەونە بارێکی دەروونی زۆر ناخۆش، کە ناتوانن منداڵ نەک هەر شیر بدەن، بەڵکوو ناتوانن لە باوەشیشیان بگەرن.[90]

بەو مانایەش محمد هەر لە ڕۆژی لەدایکبوونیەوە، لەباوەشی دایکی خۆی و سۆزی بێبەری بووە. و تا تەمەنی ٥ساڵان، لای دایەن بووە . و دایکی بە دەگمەن دیویەتی. یان نەیدەویست

[90] چەندین لێتۆژینەوە، ئەوەیان دەرخستوو، ئەو منداڵانەی لە دایکانێک لەدایکدەبن، کە پێش منداڵبوون ئاڵودەی خەمۆکی بووین. و ئاستی کۆرتیزۆڵ (kortisol) و نۆرئەپئنفرین (norepinefrin) کە پێشی دەڵێن نۆرئەدرینالین (noradrenalin)، هەروەها دۆپامین (dopamin) یان کەم بووە. ئەو کەمیەش کاریگەری دەروونی لەسەر منداڵە تازە لە دایکبووەکە دادەنێ. بەگشتی تەندروستی دەروونی منداڵ، پەیوەستە بە تەندروستی دەروونی دایک پێش لەدایکبوونی منداڵەکە.

بیبینێ.  لەماوەی منداڵی، کە هەستیارترین ماوەی ژیانی مرۆڤە، درایە کەسێکی نامۆ بە ژیانی. و لە نازی دایک و باوکایەتی بێبەش بوو.

ڕەنگە لە ماڵی دایەن، هەرچەندە زۆر بەباشی سەرپەرشتی دەکرا. بەڵام منداڵەکانی دایەن، هەست بە نامۆیی دەکەن بەرامبەر ئەندامێکی نوێی خێزانیان. کە دەشزانن ئەو ئەندامە نوێیە، بەشێک نییە لە خێزانەکە و هەتیویشە. سەرەڕای ئەوەی فەرمانیان پێدرابوو، کە بەرامبەری بەسۆز و نەرم بن. بەڵام هەرگیز ناتوانن وەک برایەکی خۆیان بیبینن. ئەو شتە محمدیش هەستی پێدەکرد.

هەرچەندە محمد لە بنەماڵەیەکی دەوڵەمەند و ناسراوی مەککە بوو. و عبدالمطلب (٤٨٠ – ٥٧٩ س.ب)   کەسێکی ساماندارى گەورە بوو. بە هەموو شێوەیەک خزمەتی باشی دەکرد. هەر لە مامان بۆگرتن و تا دەگاتە فێرکردن و نازهەڵگرتنی بێپایان. لەگەڵ ئەوەشدا هەتیوێکی بێ باوک بوو. و درابووە دەستی دایەنێک بەخێوی دەکرد.

هەرچەندە لە بواری بژێویو  فیزیۆلۆژی کەم نەبوو. چاک بەسەری ڕادەگەیشتن. بەڵام لە ڕووی دەروونیەوە. منداڵ لە چاوی ژینگەی کۆمەڵایەتی، خۆی دەناسێتەوە. و هەست بە کەمی و دوورەپەرێزی دەکا. و لە ناوەوە تێکدەشکێ.

محمد تەمەنی پێنج ساڵان بوو، لەگەڵ ئامینەی دایکی و (بركة الحبشية) سەردانی ماڵە خاڵوان (بنی نجار) ) یان کرد. و مانگێک لە یەتروب مانەوە. دوایی لە ڕێگای گەڕانەوە، لە

(الأبواء) کە شوێنێکە لە نێوان مەککە و مەدینە ئامینەی دایکی مرد. دوای مردنی ئامینە، برکة کۆرپە پێنج ساڵیەکەی، لەگەڵ خۆی هێنایەوە مەککە، بۆ لای عبدالمطلب[91] .

بۆ ماوەی دوو ساڵ لەلای باپیرەی ژیا. عبدالمطلب چاوەدێریەکی باشی دەکرد، لەبەر ئەوەی هەم هەتیو بوو، هەمیش نەوەی خۆی بوو، و تاکە بیرەوەری بوو کە بتوانێ بە کوڕە جوانەمەرگەکەی ببەستێتەوە، و دڵی پێخۆشبێ. خۆشەویستیەکی بێ سنووری دەدایە. ئەو گرنگیەی بەو منداڵەی دەدا بە هیچ یەک لە منداڵەکانی نەدەدا. [92]

هەڵسوکەوتی لەگەڵ نەوەکەی دەگمەن بوو. ڕۆژانە عبدالمطلب لەگەڵ هاوتەمەنەکانی، لە سێبەرەی کەعبە، بەرماڵێکیان ڕادەخست. و ئەو پیاوە پیر و بەتەمەنانە، لە دەوری کۆدەبوونەوە، و خۆیان دەدایە بەر ڕۆژ. هەندێک دوورتر لەبەر ڕێز و گەورەیی گەنجەکان لە دوورەوە دادەنیشتن. محمد لەوە ڕاهاتبوو وەک منداڵێکی بزێو، هەمیشە ڕایدەکرد. و یاری لە نزیکی باپیرەی دەکرد. هەروەها دەیەویست بە شێوەیەکی نەگونجاو شوێنەکەشی داگیربکا. منداڵەکان هەوڵیاندەدا، دووری بخەنەوە. کەچی عبدالمطلب بەدەنگ دەهات و دەیگوت: واز لە کوڕە بچکۆڵەکەم بێنن.

محمد خۆی بە پشتی باپیرەی هەڵدەواسی، و یاری لەگەڵ باپیرەی دەکرد. عبدالمطلب بەو بزیویەی نەوەکەی، دڵخۆش دەبوو. هەر لەو کاتەی کە هێشتا محمد لە ژێر چاوەدێری

---

[91] الحداد، یوسف درة، القرآن دعوة نصرانية ص ٣٠١ – ٣٠٢ ، السيرة الهاشمية ١ : ١٧٧ ، الحلبية ١: ٧٢

[92] إبن سعد، الطبقات الكبرى، المجلد الأول، ص ١٠٩

بەرەکە دابوو، کەچی هەمیشە بە ڕاکردن دوچووە ماڵی باپیرەی. تابگرە ئەگەر لەخەویش دابوایە هەڵیدەستاند. [93]

عبدالمطلب بەر لەوەی بمرێ، ڕایسپارد کە ابو طالبی مامی، سەرپەرشتیکردنی محمد بگرێتە ئەستۆ. کاتی عبدالمطلب مرد محمد تەمەنی ٩ ساڵ بوو. و ابو طالب بردیەوە لای خۆی. لەسەر ڕاسپاردەی باوکی بەرپرسیاریەتی محمدی خستە ئەستۆ.[94]

بەو شێوەیە محمد هەر لە لەدایکبوونەوە، کەوتە ژینگەیەکی نامۆ، لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی دیکە. ئەوەش کاریگەری توندی لەسەر گەشەکردنی هەبوو. و هەمیشە هەستی کردووە، کە ئەو خێزانەی لەگەڵیان دەژی هی ئەو نییە.

حلیمة السعدية بنت أبي ذؤيب کە دایکی شیری محمد بوو، دەڵێ محمد منداڵێکی گۆشەگیربوو، هەمیشە لە جیهانی خەیاڵدا دەژی. قسەی لەگەڵ خەڵکی نادیار دەکرد. بە واتایەکیتر لەبەر خۆیدا ورێنەی دەکرد. ئەوەش نیشانەی منداڵە کە لە جیهانی ڕیالیستی هەست بە خۆشەویستی ناکا. و پەنا دەباتە بەر خەیاڵ، کە تێدا داڵدە و خۆشەویستی دەدۆزێتەوە.

---

[93] Sir. William Muir، (1861) The Life Of Muhammad. London. Volume II Ch. 1. P. XXVIII

[94] الزركلي، خيرالدين (٢٠٠٢) الأعلام، الطبعة ١٥، بيروت، دار العلم للملايين. المجلد الرابع. ص ١٥٤.

دوایی هەنگاو بە هەنگاو تەندروستی دەروونی و شێوەی بیرکردنەوەی محمد، بووە هۆی گومان و دڵەڕاوکێی حەلیمة السعدیة دایکی شیری. بۆیە داوای لە ئامینەکرد، کە منداڵەکە، لە بەرەکە وەرگرێتەوە، بەڵام ئامینە ڕەتیکردەوە و نەیویست منداڵەکە وەرگرێتەوە.[95]

بە ووردبوونەیەک لە سورەتی الضحی، بۆمان ڕووندەبێتەوە. محمد خۆی دان بەوە دادەنێ، کە لە تەمەنی منداڵی لە ژیانێکی سەخت و نائارام دابووە. و پەنایبردۆتە بەر تەنیایی و دوور لە منداڵانی هاوتەمەنی خۆی. تا خودا خەیاڵیە سوپەرمانەکەی، فریایکەوتووە، و بۆتە چاودێری. و ڕێنمایی کردووە. و ژیانێکی خۆشی داوەتێ.[96]

سورة الضحی ٩٣: ٣ – ٨

> پەروەردگارت نە وازی لە تۆ هێناوە. و نە لێشت قەڵسە (٣) خۆ دیارە دوارۆژ بۆ تۆ، لەو جیهانە باشترە (٤) پەروەردگارت چاکەی وات لەگەڵ دەکا، ڕازیی (٥) ئەی تۆ هەتیوێک نەبووی، ئەو پەنایدای (٦) ئەی تۆ گومڕا نەبووی، ئەو ڕێ نیشاندای (٧) ئەدی دەستکورت نەبووی و دەوڵەمەندیکردی (٨)

هەرچەندە ڕەنگە محمد ووردەکاری ڕۆژانی منداڵی کە تووشی بووە، بە باشی بەبیری نەیەتەوە. لەبەرئەوەی لە بارێکی دەروونی سەخت و ناهەموار دابووە. و کەسایەتی نەرگسی بەسەریدا زاڵبووە. لە جیاتی ژیانێکی ئارام و خۆشەویستی دایک و باوک، پەنا بۆ تەنیایی دوور لە ئاوەدانی دەبا. یان لەجیاتی یاریکردن و هاودەمبوونی لەگەڵ منداڵانی هاوتەمەنی خۆی، هۆگری کەسانی زۆر لەخۆی بەتەمەنتر بووە. و لەگەڵیان چۆتە ئەشکەوتی حەڕا. بۆ ماوەی

---

[95] إبن هشام، سیرة النبویة جزئ الأول ص ١٦٦ – ١٦٧

[96] Jon Mardi Horowitz – Stress Response Syndromes: PTSD, Grief, and Adjustment Disorder” New Jersey: Jason Aronson Inc., Third Edition, 1997,

دوور و درێژ ماوەتەوە. و خەڵوەت و خوداپەرستی ئەوانی، لەگەڵ خەیاڵی نەرگسی خۆی تێکەڵکردووە.

بەپێی لێکدانەوەی بیۆگراف و مێژوونووسانی موسوڵمان دەبێ، محمد، بەردەوام چوویێتە ئەشکەوتی حەڕا. و هاودەمی کەسانی زۆر لە خۆی بەتەمەنتر بووبێ. بەتایبەتی ئەو کاتەی مانگی رەمەزان دادەهات عبدالمطلب لەگەڵ چەند کەسیتری حەنەفی نەساری دەچووە ئەشکەوتی حەڕا، لەوانە زەید بن نوفل (مامی عومەر کوڕی خەتاب)، و قەشە وەڕەقە بن نوفل ئامۆزای خەدیجە. شاعیری ناسراو أمية بن أبي سلط. و چەند کەسیتر بە درێژایی مانگی ڕەمەزان لەوێ دەمانەوە. محمد هەم بە منداڵی لەگەڵ باپیرەی دەچووە خەڵوەت. و هەم دواتریش بە هەرزەکاری و گەنجی تا تەمەنی گەورەیی، لەگەڵ أبي طالبی مامی دەچوو.[97]

چوونی محمد لەگەڵ ئەو خەڵکە بەتەمەنە، کە هەر یەکەیان لە تەمەنی باپیرەی دابووین، لەلایەک هەڵاتن بووە. لە کۆمەڵگەیەک کە تێیدا نامۆبووە. و بە کەمتر سەیرکراوە. لە لایەکیتر، ئەو کەسە بەتەمەن گەورە و توێژی هوشیاری کۆمەڵگەی ئەو دەمە بووین، محمد لە هاودەمیان هەستی بەگەورەیی خۆی کردووە. زیاتر یارمەتیدەر بووە، تا هەر لە منداڵیەوە، دیاردەی خۆ بە گەورەزانین و بەرزتر لە هاوتەمەنەکانی شار ببینێ. خودایەکی خەیاڵی لە سێبەری قسەوباسی بەتەمەنەکان، زۆر بە ووردەکاری، لە مێشکی خۆی دروستبکا.

نیشانەکانی نەخۆشی نەرگسی لە مرۆڤ دا، لە پڕ دەرناکەون. بەڵکوو لە قۆناخەکانی گەشەکردنی، بەر لە تەمەنی پێنج سالی دەستپێدەکا. باوەڕوایە کە زنجیرەیەک هۆکاری

[97] خلیل عبدالکریم ( ١٩٩٠) الجذور التاریخیه للشریعه الاسلامیه. سینا للنشر.

بنەڕەتی هەن، کە دەروونی منداڵ تێکدەشکێنن. بنەماکانی کەسایەتی و شیرازەی بیرکردنەوە، و جیهانبینی منداڵی دەشێوێنن. و وای لێدەکەن لە ژیانی ڕیالیستی دووربکەوێتەوە، و پەنا بباتە بەر ژیانێک کە لە مێشکی خۆی بەخەیاڵ دروستی دەکا.[98]

ئەو منداڵانەی تووشی کێشەی سەختی کۆمەڵایەتی دەبن. بە تایبەتی لە پەیوەندیان بە خەڵکیترەوە. و بەراوردکردنی خۆیان لەگەڵ منداڵانیتری لەتەمەنی خۆیان، کە بەبێ گرفت و بەختەوەر لە ژیاندا. ئەو منداڵانە بەردەوام بەدەست کێشەی دەروونییەوە دەناڵێنن، بە تایبەتی لە ساڵانی سەرەتای تەمەنیان، دەکەونە ناو گێژەنی ناکۆکی سەخت لەگەڵ ژینگە و هەروەها لەگەڵ خۆیان. ئەو گێژەنەش بە درێژایی تەمەنیان لەگەڵیان دایە. و دەگمەنە بە ئاسانی لێی دەربچن. زۆربەی ئەو منداڵانە هەست و سۆزی کۆمەڵایەتی لە دەستدەدەن. لەجیاتی خۆگونجاندن لەگەڵ ئەوانیتر. تەواوی کات لەگەڵ خۆیان خەریک دەبن، و مۆرکی نێگەتیف لەسەر ئەوانیتر دادەنێن.[99]

دوای مردنی عبدالمطلب ئەبی طالبی مامی بە شێوەیەکی باشتر لە منداڵەکانی خۆی خزمەتی دەکرد. وەک هەتیوێک لەگەڵ ئامۆزاکانی دەژیا. پێویستی بە سۆز و میهرەبانی هەبوو. بەڵام باپیرەی و مامی لە پەروەردەکردنی شکەستیان هێنا. و نەیانتوانی بەشێوەیەکی دروست و سیستەماتیک پەروەردەی بکەن. ئەوەش هۆکارێک بوو، بۆ پەرەسەندنی کەسایەتی نەرگسی محمد. لەبەر ئەوەی منداڵ چەند پێویستی بە خواردنی باش و شوێنی حەوانەوەی لە گەرمی و ساردی هەیە. دوو ئەوەندە:

١ پێویستی بە بوونی خۆشی و سۆزی  دایک و باوکایەتی هەیە.

---

[98] J. D. Levine and Rona H. Weiss. The Dynamics and Treatment of Alcoholism. Jason Aronson, 1994

[99] Adler, Alfred (1954) Understanding human nature. Pp 69 + 70

٢ پێویستی بە تێکەڵبوونێکی ئارام و دڵنیا لەگەڵ ژینگەی کۆمەڵایەتی هەیە. کو بنەڕەتە بۆ گەشەکردنێکی بەهێز و تەندروست. کە بتوانێ لەگەڵ قۆناخەکانی تەمەن بێتەوە. [100]

## نیشانەکانی نەخۆشی نەرگسی لەمرۆڤدا

بە پێی لێکدانەوەی پسپۆڕانی دەروروناسی، بەگشتی کەسێکی ئاڵوودە بە نەخۆسی نەرگسی، ٩ نیشانەی تێدان کە دەتوانرێ لەڕێگایانەوە دەسنیشانی دەرئەنجامی نەخۆشی نەرگسی بکرێ:

١ کەسی نەرگسی وا خۆی پێشاندەدا، کە گرنگتر و بەهای کۆمەڵایەتی بەرزترە لە ئەوانیتری دەوروبەری.

٢ سامان، پێشکەوتن، دەستەڵات و خۆشەویستی فاکتەری پالنەرن بۆ کەسی نەرگسی.

٣ بە ئاسانی دووبارەی ڕۆڵی کەسانی تری سەرکەوتوو، و مەزن دەکاتەوە، تا بتوانێ کۆنترۆڵ بخاتە سەر ژینگەی دەوروبەر. و ئامانجی خۆی بپێکێ. بۆ ئەوەش کەسانیتر وەک ئامرازێک، بۆ هاودەمی گرنگن.

٤ پێویستییەکی بێ کۆتایی بەوەیە، کە هەمیشە کەسێکی گرنگ و ڕۆڵی ناوەندی هەبێ. خەڵکیتری لە دەوربێ، وگەورەیی و ڕۆڵی کەسایەتی ناوەندی پشتڕاستکەنەوە.

٥ تێگەیشتنێکی نالۆژیکی و دوور لە ڕاستی، لەسەر ڕۆڵی خۆی و مافەکانی هەیە. لەبەر ئەوەی خۆی بە چەقی هەموو شتێک دەزانێ. بۆیە هەمیشە، خۆی خاڵەکانی هاوبەش بۆ

[100] J. D. Levine and Rona H. Weiss. The Dynamics and Treatment of Alcoholism. Jason Aronson, 1994

پەیوندی و هەڵسوکەوتی لەگەڵ دەوروبەری دادەنێ. بەردەوامیش چاوەڕوانی ئەوەیە، کە ئەوانیتر ملکەچ بن و پەیرەوی بڕیارەکانی بکەن

٦ زۆر زیرەک و سەرکەوتووانە، پلان بۆ گەیشتنە ئامانجەکانی خۆی لەسەر ئەرکی خەڵکیتر دادەنێ.

٧ سۆز و تێگەیشتنی بۆ هەستی ئەوانیتر نییە. بۆیە سەختە درک بە ڕا و بۆچوونی ئەوانیتر بکا. ئەوەش گەورەترین کێشەیە بۆ ژینگەی کۆمەڵایەتی دەوروبەری.

٨ باوەڕی وایە کە ئەوانیتر ئیرەیی پێدەبەن، کەچی لە ڕاستیدا خۆی ئیرایی بەوانیتر دەبا.

٩ هەمیشە خۆبەزلزان و لووتبەرزانە خۆی دەردەخا. و بە شێوەیەکی لە ڕادەبەدەر، خۆ بە مەزنزان هەڵسوکەوت لەگەڵ خەڵکیتر دەکا.[101]

بە پێی لێکدانەوەی ئەو نۆ خاڵەی سەرەوە، بەراوردکردنیا لەگەڵ ئایەتەکانی قورئان و ڕووداوەکانی ژیانی محمد، بۆمان دەردەکەوێ کە نەخۆشی دەروونی نەرگسی زۆر قووڵی هەبووە، کە گەیشتۆتە ئەو ئاستەی ڕاستی و خەیاڵێ تێکەڵکردووە.

## محمد و خوداکەی یەک کەسن

ئیسلام بێجگە لە ڕێبازێکی سیاسی محمد هیچیتر نەبوو. لە ئایەتەکانی قورئان دەخوێنینەوە، کە بەناوی خودا دەریاندەبڕێ. ڕەنگدانەوەی کەسایەتی نەرگسی محمد خۆیی. ئەو کەسایەتیە نەرگسیەش لە چاوی یاوەر و ژنەکانی، بە ڕوونی بەدیدەکەین. چۆن ملکەچی خۆیان هەر لە موژدەدەر و ئامۆژگاریکەرێکی سادە لە مەککە، هەنگاو بە هەنگاو دەگۆڕێ لە

[101] Nio tecken som avslöjar Narcissisten, Emelia, 1 Februari 2021.

مەدینە دەبێتە دەستەڵاداریکی بەهێزی سەرتاسەری وولاتی حیجاز. یاوەرەکانیشی وەک ئۆپیومێک، ئەگەر گلەیی و نارەزاییەکیشیان هەبووبێ. ئەوا بە ئایەتێک کپکراون. ئەوەش دەستی محمدی زیاتر ئاوەڵاکردووە. و لە پێناوی گەیشتنە ئامانجی خۆی، باکی بەهیچ نەبووە. دەبینین چۆن، لە پێناوی ئاسانکاری دەستەڵاتی رەهای خۆی، خەڵکی لەیەک دەترازێنێ. ناحەزەکانی خۆی دەکاتە ناحەزی گشت  باوەڕداران.

سورة الأحزاب ٣٣: ٣٦

> ئەگەر خودا و پەیامبەرەکەی فەرمانیان لەسەر هەر بابەتێک دا، هیچ پیاوێک یان ژنێکی باوەڕدار بۆی نییە ڕەتیکاتەوە. هەرکەسیش سەرپێچی لە فەرمانی خودا و پەیامبەر بکا، بێگومان گومڕا بووە (٣٦)

لەو ئایەتە بە ڕوونی خۆی لە ڕیزی خودا دادەنێ، و گەف لە یاوەرانی بە ژن و پیاوەوە دەکا. و دەڵێ ئەوەی من دەیڵێم، قسەی خوداشە. هەرکەسێکی سەرپێچی لە فەرمانەکانم بکا گومڕایە. ئەو سیاسەتە فریودەرانەی تا مردنیش هەر بەردەوام بوو. هەر ئەوەش وایکرد دوای مردنی خۆی، ناکۆکییەکانیش بتەقنەوە.

لە سیاسەتیدا بنەمای قین و توندوتیژی لە دڵی یاوەرانی دەچاند. دوژمنەکانی خۆی لە ناو قورەیش بە دوژمنی سەرجەمی دەوڵەتی ئیسلام و یاوەرانی دادەنا. هەوڵی دەدا لەیەکیان بترازێنی و لە ڕێگەی ئەوانەوە تۆڵەی خۆی بکاتەوە.

سورة التوبة ٩: ٢٣

> ئەی باوەڕداران باوک و براکانتان بە هاوڕێی خۆتان مەگرن. ئەگەر کوفریان لە باوەڕ خۆشتر بووێ. و هەر کەسێکتان هاوڕێیەتیان بکا و خۆشیانی بووێ، ئەوە لە ستەمکارانن (٢٣)

محمد تا بەهێزتر دەبوو، ئارەزووی دەستەڵات و داگیرکاری زیاتردەبوو. لەماوەی ژیانیدا بە دەیان شەڕی مالوێرانکەری دژی خەڵکیتر بەرپاکردووە. بە داگیرکاری و تاڵان و کۆیلە و بە سەبایاکردن، بەردەوامی بە بانگهێژی پەیامەکەی دەدا. لە ڕێی تۆقاندن بە کوشتن و لاقەکردن، نەیارانی ملکەچ دەکردن. چەندین کۆمەڵکوژی بەرامبەر خەڵکی بێتاوان، بە فەرمانی ئەو کران. ئارەزووی بەهێزی لە فرێ و فێڵ هەبوو. بۆ هەڵخەڵەتاندن، وەک ستراتیژی بەکاردێنان. بە ناوی خودا بەڵێنی تاڵان و سامانی بە یاوەرانی دەدا. ئەو ستراتیژیە تا ئێستاش موسوڵمانانی تیرۆریست بەکاری دێنن. بۆ ئەوەش بە سەدان بەڵگە هەیە. کە هەمان ڕێبازی محمد لە توندوتیژی بەکاری دێنا، تیرۆریستەکان ئێستا بە هەمان شێوە، پەیرەودەکەن.

لە هەمان کاتدا وەک سیستەمێکی پلان بۆ دانراو، مزگێنی دوای مزگێنی، بەناوی خودا دەداتە باوەڕدارانی. ئەو باوەڕدارانە چ کوچکردوو، و چ ئەوانەی حەواندوونیاتەوە. کە خودا لێیان رازیە، و بژێوی نایابیان پێ دەبەخشێ. ئەوەی سەیرە لەو ئایەتەی خوارەوە محمد لەبیری چووە، کە خودا قسە دەکا، بۆیە دەبینین خۆی دەبێتە نوێنەر و بەناوی ئەو لێیان دەبووری.

سورة الأنفال ٨: ٧٤

ئەوانەی باوەڕیان هێناوە و کۆچیان کردووە. و لە ڕای خودا خەزایان کردووە. و ئەوانەی ئێوەیان حەواندۆتەوە و کۆمەکیان کردوون، خاوەن باوەڕی بەڕاستین. خودا لەوانەی بووردووە و بژێوی نایابیان بۆ دەبێ (٧٤).

# فەرمانی بەردەوامی

محمد لە سەرەمەرگدابوو، بە سەحابەکانی نزیکی خۆی گوت، لە جیهادکردن بەردەوامبن. هەروەها پلانی کوشتنی عەبهەلەی لە یەمەن دانا. بەردەوام چاوەدێری دەکرد تا کوژرا. تەنیا لەبەر ئەوەی، عەبهەلە داوای پەیامبەرایەتی دەکرد. و محمد ڕقی لەوە بوو کەسانیتر بەرابرکێی لەگەڵدا بکەن. جەنگیزخانیش لەسەرەمەرگ هەمان فەرمانی دا، کە ئارەزووی ئەوە بوو، هەموو جیهان داگیرکا. بەڵام کە خۆی نەیتوانی خەونەکەی بێنێتەدی، پێویستە کوڕەکانی و لەشکرەکەی ئەوکارە ئەنجام بدەن. مەغۆلەکان هەروەک موسوڵمانان لە نەرگسیەتێک دادەژیان، کەبێجگە لە سەرکەوتن و بردنەوە و داگیرکاری زیاتر، هیچ شتێکیتر بوونی نەبوو. هیتلەر بە هەمان شێوە. نەرگسیەتی وایلێکرد لە شەڕی جیهانی دووەم بە ملیۆنان بەکوشت بدا. و هەمیشە داوای دەکرد، کە ڕەچەڵەکی ئاری بەسەرۆکایەتی خۆی، مرۆڤی باڵای جیهانن. ئەوانە هیچ ویژدانێکیان بۆ ژیانی خەڵکیتر نییە، گیانی خەڵکی بەرامبەر خەونە نەرگسیەکانیان زۆر هەرزان و بێ بەهان.[102]

هەڵیە ئیسلامی سەرەتایی بەدین دابنرێ، ناوەرۆکی ئەو ئیسلامەی کە ئێستا دەیبینین. دواتر لەلایەن ڕاڤەکار و مێژوونووسانی موسوڵمان دروستکراوە. ئەوانە لە ڕاڤەکردنەکانیان، ئایەتەکانی قورئان و قسەکانی محمدیان بە شێوەیەکیتر، کە لە گەڵ ڕەوتی سیاسەتی دەوڵەتی ئیسلام، و هەڵومەرجی مێژوویی دەگونجاند. ئەوەش وایکرد دین لەلایەن ئەوانەوە، و بە ئارەزووی ئەوان فۆرمێکیتر وەربگرێ. دواتر هەنگاو بە هەنگاو، بەپێی تێپەڕبوونی کات، ئەو ڕاڤانە، سیمایەکیتر بدەنە ئیسلام. و و مێژوویێکی پلان بۆدانراوی بۆ دروستبکەن، و

---

[102] تاریخ الطبري، تاریخ الرسل و الملوک الجزء الثالث، دار المعارف بمصر، ص ٢٢٧ – ٢٣٩

هەنگاو بە هەنگاو پەرەی پێدەدرا. و مۆرکی سەردەمی کۆن و جێ متمانەیان پێوە لکێندرا. بەڵگەی ئەوەش یەکەمجار لەسەردەمی عەباسیەکان إبن إسحاق یەکەم بیۆگرافیای محمدی نووسییەوە. و دواتر لەلایەن إبن هشام بەدەسکارییەکی زۆر پوختەکرایەوە.

ئیسلامی سەرەتایی، وەک هەر ڕەوتێکی سیاسی ئاسایی دەستی پێکرد. و لە سەدەی یەکەمی پەرەسەندنی هێشتا فۆرمی دینی وەرنەگرتبوو. بۆیە ئەگەر ئیسلام دین بێ، ئەوا ناسیزم، کۆمونیزم و ناسیۆنالیزمیش دینن. مادام ئیدایایەک ڕادەگەیێنن و خۆشیان بە ڕەها دادەنێن، ئەوا لە ڕووی پیرۆزییەوە، جیاوازیەکیان لەگەڵ ئیسلامی سەرەتایی و دینەکەی محمد دا نییە.

بە پێچەوانەوە، ئەگەر لە ڕوانگەی مرۆڤدۆستی و گیانی پێکەوەژیان ئیسلام هەڵسەنگێنین. ئەو دەمە ئیسلام لە تاقیکردنەوە دەرناچێ. و ناتوانێ دینێکی مرۆڤ دۆستبێ. بەڵکوو دینێکە لە کوشتن و تاڵان و قڕکردن، هاوشێوەی ناسیزم و کۆمونیزمی شەڕە.

کەسی نەرگسی، خۆی بە خودا دەزانێ. تاکە شتێک لای گرنگ بێ جیاکردنەوەی خۆیەتی لە ئەوانیتر. و خۆی دەکاتە هێزێکی دەگمەن. دەیەوێ ڕێزێکی بێ پایانی لێبگیرێ. تێبینی بکرێ و هەرگیز لەبیرنەکرێ. تەنانەت خوداکەشی لە قسەکردن گوێ لە ئەوەدەگرێ:

سورة النساء ٤: ٦٥

> بەڵام نەخێر، سوێند بە پەروەردگارت، ئەوانە باوەڕ ناهێنن، مەگەر لەسەر مشتومڕی ناوخۆیان، تۆ نەکەنە بڕیاردەر. و لە دڵەوە بە هەر فەرمانێک کە تۆ بیدەی، دەبێ ڕازیین و تەواو ملکەچیین (٦٥)

ئەو ئایەتە بەڵگەیە بۆ ئەوەی خودا، گوێڕایەڵی محمدە. و فەرمان بە خەڵک دەدا، دەبێ گوێڕایەڵ و ملکەچی ئەوبن. ئەگینا باوەڕهێنانتان بە دەردتان ناخوا.

## هەڵسوکەوتی محمد لەگەڵ یاوەرانی

سەرکردەی نەرگسی، ڕەفتاری لەگەڵ ئەندامانی گرووپی ژێردەستەڵاتی، شێوەیەکی توند و سەربازی هەیە. بە فەرمانی ئەو، لە شوێنێکی دیاریکراو نیشتەجێ دەبن. بەردەوام هەڵومەرجی نالەباریان لەسەر دەسەپێنێ. خورافات و دڵەڕاوکێیان لە مێشک دائاخنێ. شێوەی بیرکردنەوەی چەوساوەیان دەداتێ. کە چواردەوریان وبە دوژمنتەنراوە. ئەوەش لە ڕێگای چیرۆکی ئەفسانەیی و سیناریۆی خرۆشێنەر. [103]
ئەوەی جێگای سەرسوڕمانە موسوڵمانان، تا ئێستاشی لەگەڵدابێ، لە دڵەڕاوکێی چەوسانەوە دان، و گشت جیهان بە دوژمنی خۆیان دەزانن. باوەڕیان بە چیرۆکی ئەفسانەیی و فریشتە و خورافاتی وەک جنۆکە، میعراج و ڕۆژی پەسڵان هەیە. بە گشتی چواردەوریان بە خورافات و ترس و دواڕۆژ تەنراوە.

بەپێی لێکدانەوەی ڤاکنین: باوەڕی نەرگسی بەقووڵی لەسەر دوو خاڵ ڕەگی داکوتاوە،
یەکەم: بەردەوام لەلایەن دوژمنانی، چەوساوەتەوە. ئەو دوژمنانەی کە دەیانەوێ چارەنووسی تێکبشکێنن.
دووەم: خاوەنی ئارەزوو و خۆزگەی نەخۆشە.

[103] https://samvak.tripod.com/journal79.html

ئەوەش دوو دینامیکی دەروونین، کە پشتیوانی مەزنی نەرگسی دەکەن، و بەتایبەتمەندی بەرزدەکەنەوە. [104]

نەگسی خۆی بە پارێزراو (معصوم) دادەنێ. ئارەزوومەند، بلیمەت، توانا و زانینی ڕەهای هەیە. بەڵام بە زۆری درۆدەکا. لەسەر ئەو خۆ وێناکردنە، لە ناوگرووپ بە ڕەهایی و ڕاستەوخۆ و بێ شەرمانە، قسە لەسەر مەزنی خۆی دەکا.
بەردەوام چاوەڕوانی دڵ و دەستپاکی و وەفا و ڕێز و ملکەچی و ئاگاداری بەردەوام لە پەیڕەوانی دەکا. ئەوەش بە شێوەیەک، لەگەڵ چیرۆکە خورافیەکان بگونجێن.
بەڵام بیرکردنەوەی دۆگما و ساردو سڕی و چەقبەستوو لەسەر بیروباوەڕی. وایکردووە، لای ئەو بیری ئازاد و هاوبەشی و ئازادی ووتار قەدەخەیە، ڕەخنەی ڕای جیاواز ڕەتدەکاتەوە. [105]

## هەڵومەرجی کەسایەتی نەرگسی محمد

لە بنەڕەتدا نەرگسیەکان، هەست بەتەنیایی دەکەن، لە شوێنێک ئۆقرەناگرن. و لە دەربڕینی ئارەزووەکانیان، شەرمیان نییە. ئەوە باشدەزانن ئەو شتانە نەکەن، ناتوانن ببنە ئەو کەسە دەگمەنەی خەونی پێوەدەبینن. لە ووتاریاندا، خۆیان بە تاکە هیوابەخش پیشان دەدەن. فەرمانڕەوای کێشەیەکی گەورەن، تا دەگاتە ئەوەی خەڵکی دەوروبەریان بە بەڵێن و

[104] Ibid
[105] http://www.suite101.com/article.cfm/6514/95897

هیوابەخشین، وەک مێشوولە لەسەر قاپێکی هەنگوین کۆدەکەنەوە. بابەتەکە بۆ ئەوان بەهایەکی نییە. بەڵکوو تەنیا ئامرازێکە، بۆ گەیشتنە خۆزگەکانی و هیچیتر.

سورة الأنفال ٨: ٦٩

ئەو تاڵانەی گرتووتانە حەڵاڵە بیخۆن. ترسیشتان لە خودا هەبێ. خودا لێبووردە و دلۆڤانە (٦٩)

نەرگسی خودایەکی خەیاڵی بۆ بابەتێکی گەورە دادێنێ. تا لە ئاستی خودا داهێنراوەکە، زەمینە بۆ شکۆ و سەرفرازی خۆشبکەن. کە لەڕاستیدا ئەوە توانا و دەستەڵاتی خۆیانە بەرزی دەکەنەوە، نەک خودا.

خودا و دین بۆ محمد، تەنیا ئامرازێک بوون. کە لە ڕێگایەوە، خەڵکی لەخۆی کۆدەکردەوە. و دەستەڵات و کۆنترۆڵی بەسەر دادەنان. و لەو ڕێگایەوە خۆی دەکردە گەورەی ژیانیان. و بە ووتارەکانی وا نیشاندەدا، تەنیا ئەو دەتوانێ تاکە هوایان بێ.

خودای محمد تاک و تەنیا و تۆقێنەرە. بەقەد ئەوەی لێبووردەیە. و محمدیش تاکە نوێنەریەتی لەسەر زەوی. و بۆتە بریکاری خودا. لەگەڵ ئەوەشدا، لەلایەن خوداوە، بڕیاری ملکەچی خەڵکی بۆ ئەو (محمد) دراوە. بۆیە تاکەکەس بۆ ڕازیکردنی خودا، لەسەر کێشەکانی مرۆڤ و دوارۆژ و هەڵسانەوە، محمدە، هەر ئەویش لای خودا قسەی دەڕوا .[106]

لە ڕاستیدا ئامانجی نەرگسی ئەوەیە ببێتە خودا، و دەستەڵاتی ڕەها وەدەست بێنێ. خۆیان بە ڕەهای زانین دەبینن.

---

[106] https://samvak.tripod.com/journal79.html

ووشەی ئەوان تەنیا مرۆڤێکی ئاسایین، بۆ نەرگسیەکان، زاراوەیەکی بێ مانایە، ئەوانە کەسانی کەم بەهان، ترسنۆکن، دەبەنگن، خۆگونجێنن. لە پەیوەندیشیان لەگەڵ خودا دەستکردەکەیان یا دەستەڵاتی باڵاتر، بەهەمان ئالقەدا تێدەپەڕن. کە کەسایەتی نموونەیین بۆ نوێنەرایەتی دەستەڵات.

بەڵام بە زۆری، دوای دارمانی ئەو پەیکەرە خەیاڵیەش کەسی نەرگسی لە دیاردەی نواندنی خۆی هەر بەردەوامە. هەر بەردەوامە لە لەخشتەبردن، وەک بەردەوامیەک لە خوداوە ڕێگەی پێدراوە.

کاهینەکان، سەرۆکی بنەماڵە و خێڵ، موژدەدەر و سیاسی گشتیان دەستەڵات دەکەنە ئامرازێک بۆ ئەوەی نیشانی بدان کە ئەوان جیاوازن و بەرزترن.

دەستەڵاتی دین ڕێگا بە نەرگسی دەدا، کە ژن بەکەم بزانێ. و ڕقی لێبێتەوە. ئەوەش بە شێوەیەکی ئاشکرا و بەرمەیدان.

نەرگسی کە دین وەک سەرچاوەی دەستەکات دەبینێ، دەیەوێ لە ڕێگای ملکەچی خەڵکی نوێ بدۆزێتەوە. و زەمینەی داهێنانیش بۆ کۆیلەکردن و ملکەچەکانی بدۆزێتەوە. ئەو کۆیلە و گوێڕایەڵانەی کە دەتوانێ گەورەیی خۆی، لەسەریان بسەپێنێ.

نەرگسی گشت هەستی دین و بیروباوەڕ دەگۆڕێ، بۆ پیرۆزکردن و پەرستنی خێڵ و ئارەزووەکانی خۆی. و ساویلکەیی و خۆشباوەڕی خەلکیش یارمەتیدەرێکی باشە بۆ سەرکەوتنی. [107]

---

[107] Ibid

# نەرگسی محمد، لە هەڵگیرساندنی شەڕی بەدر

شەڕی بەدر (ساڵی دووەمی کۆچی/ ٦٢٤ س.ب) یەک لەو شەڕانەیە کە موسوڵمانان شانازی پێوەدەکەن. و وەک دیمەنی جوانی محمد نیشانی دەدەن. بە (غزوة بدر الكبير) ناوی دەبەن. بەڵام ئەو چیرۆکەی بەر گوێی موسوڵمانان کەوتووە، ڕاستی ئەو شەڕە نییە، بەڵکوو دیمەنێکی شاراوەی هەیە. کە دەتوانێ ببێتە نموونەی نەرگسی کەسایەتی محمد. و گیانی تۆڵە، بۆ گشت ئەو داگیرکاری و قین و دژە مرۆڤ بوون، بڵاوکردنەوەی قین و توند و تیژی بە درێژایی مێژووی ئیسلام.

هەر دوای کۆچ بۆ یەتروب، محمد دەستیکرد بە کڕینی لایەنگیری هۆزەکانی حیجاز. و باکی بەوە نەبوو ئەو سەرۆک خێل و بنەماڵانە یەکتاپەرستن یان فرەخوداپەستن. یان بوتپەرست بوون. ئەوەی بۆ ئەو گرنگ بوو خەونی خودایی خۆی بێنێتەدی. لە ڕێگەی کڕین و وەدستهێنانی پشتیوانی چەتە و ڕێگر و سەرۆک هۆزەکانی دوورگە، توانی بنەمای ئیمپراتۆری خەونەکانی خۆی وەک نەرگسی پەیگیرکا. بەوەش بەبێ ویستی ئەو یان هەوڵدانێک، سیستەمێکی نوێی دەرەبەگایەتی هاتەکایە. کە دەستەڵاتی ڕەهای پێدان تەنیا لایەنگیری بن و دژی نەوەستنەوە.بەوەش شەڕ و داگیرکاری و تاڵان بووبووە، ئامرازێک بۆ ڕاکێشان و خۆبەهێزکردن. لە هەمانکاتدا محمد خۆی بۆ شەڕی دژی خەڵکی مەککە بەتایبەتی قورەیش دەستپێکردبوو. ئەوشی دەزانی باشترین زەبرلێدان ڕێگری و تاڵانی کاروانەکانی بازرگانییە.

بۆ ئەو مەبەستەش طلحة بن عبيدالله و سعيد بن زيدی بەرەو باکوور ناردن، و ڕاسپاردن چاوەدێری کاروانی قورەیس بکەن هاواڵی بۆ بێننەوە. دوای ئەوەی هەواڵی بۆهات کە

کاروانێکی گەورەی قورەیش بەڕێوەیە، محمد بسبس بن عمروی نارد تا زانیاری ووردتری لەسەر ئەو کاروانەی بۆ پەیدابکا. کاتی بسبس بە زانیاری وورد و جێگای باوەڕ گەڕایەوە. محمد بە یاوەرانی گوت:

ئەوە کاروانی قورەیشە بەسامانەوە، بڕۆنە سەریان ڕەنگە خودا بیداتە ئێوە. [108]

ئەو هەوڵانەشی، بووە هۆی نارەزایی زۆر لەلایەن یاوەرانی. کە زۆریان بەشداری شەڕی بەدریان نەکرد. ئەوەشیان لەبەر هەستی مرۆڤایەتی و وەفای خزمایەتی بوو. نەیان دەویست دوژمنایەتی و ئازاری شەڕ تووشی کەس بێ. ئەوانە باوەڕیان وابوو کە بەرگری دەبێ تەنیا لەو سنووره بکەن، کە تێیدان و هەڕەشە لە ژیانی خەڵکیتر نەکەن. بەڵام محمد بە چەند ئایەتی قورئان، ئەو کێشەیەی کردە ململانێیەکی دینی، لە نێوان دوو بەرەی خورافات. لەبەر ئەوەی قورەیشیەکان زۆربەیان یەهودی نەساری بوون. و باوەڕیان بە خودای موسا و یەسو هەبوو، محمد و یاوەرانیشی باوەڕیان بە هەمان خورافات هەبوو لەژێر پەردەی دینێکی نوێ. [109]

سورة الأنفال ٨: ٥ - ٩

هەروەك چۆن پەروەردگارت بە هەق لە ماڵی خۆت هێنایەدەر. لە کاتێکدا تاقمێک لە باوەڕداران دڵگران بوون (٥) دوای ڕوونبوونەوەش، ئەوان کێشەت بۆ دەنێنەوە. وەك ئەوەی بە ئاشکرا ببینن، کە بەرەو مەرگ ڕاپێچ بکرێن. (٦) ئەوسا خودا بەڵێنی پێتان دا، کە یەکێك لە دوو تاقمە بۆ ئێوە دەبێ، و ئێوە خۆزگەتان دەخواست، دەستە بێدەستەڵاتەکە بۆ ئێوەبن. و خوداش ویستی، هەر چۆنی خۆی گوتوویەتی وەڕاست گەڕێ. و

[108] إبن هشام، سيرة النبوية، دار الفكر، جزء الثاني، ص ٦١
[109] إبن سعد، الطبقات الكبرى ج ١

خودانەناسان بنەبڕ کا.(٧) تا ڕاستی سەقامگیرکا، و پووچ و چرووک لەناوبەرێ. هەرچەندە تاوانباران دڵیان پێگرانە (٨)

زۆر لە یاوەران ڕقیان لەوەبوو بچنە شەڕ، گوتیان ئێمە کەمین. و لە پێناوی چێ بچین؟ ئەوەش ناکۆکیەکەی گەورەترکرد. لەبەر ئەوەی گیانی نەرگسی محمد، بەهەر نرخێک بوایە دەیەویست ئەو شەڕە بکا. لەبەر ئەوەی لووتبەرزی و گیانی نەرگسی ڕێگەی نەدەدا گوێ لەهیچ بگرێ. ئەو گرێکوێرەیە وای لێکردبوو، هاواری دەکرد. و ئەو شەڕەی بە فەرمانی خودا دادەنا. و مێشکی خەڵکی بە پیرۆزی شەڕ دەشووشتەوە. و وەک دڕوندەی لێدەکردن. یەک لەو کەسانەی، کە وەک دڕوندەیەکی لێهاتبوو، هەرزەکارێک بوو بەناوی عمرو بن أبي وقاص، برای سعد بن أبي وقاص. عمرو تەمەنی تەنیا شانزە ساڵ بوو کە چووە شەڕی بەدر، ئیتر نەهاتەوە و کوژرا. براکەی دەگێڕێتەوە کە ئەوەندە بچووکبوو، قایشی شمشێرەکەی توند لەناوقەدی قایمکردبوو تا لەدوای نەخشێ.

سورة الأنفال ٨: ٤٣ – ٤٤

لە خەونتدا، خودا ئەوانی بە کەم نیشاندای، خۆ ئەگەر ئەوانی بە ژمارەیەکی زۆر نیشان دابای، لە ترسان زراوتان دەچوو. لەناو خۆتان، کێشەتان لێ پەیدادەبوو. بەڵام خودا ئێوەی پاراست. خۆی لە نهێنی دڵانیش ئاگادارە (٤٣) ئەوکاتەی کە تووشیان هاتن، لەبەر چاوتان ، ئەوانی بە کەم نیشاندا. ئێوەشی بە کەم هێنایە بەرچاوی ئەوان. دەبوو کارێ کە خودا بڕیاری لەسەردابوو، بێتەجێ. کارەکانیش هەر دەچنەوە لای ئەو. (٤٤)

لە ڕاسیدا ئەو ئایەتە هیچ ڕاستی تێدانییە، لەبەر ئەوەی، بەپێی سەرچاوەکانی مێژوو لە شەڕی بەدر ژمارەی کاروانچیەکانی قوڕەیش ٧٠ کەس بوون. کەچی لەشکری محمد ٣١٤

کەس بوون. بەو مانایەش لەشکری محمد زیاتر لە چوار بەرامبەر کاروانچیەکانی قورەیش بوو. دووەم لەشکری محمد بە پلانێکی پوختە، بۆ شەڕ هاتبوون. کەچی کاروانچیەکان بێ ئاگا لە هەموو شتێک، کەوتنە ناو بۆسە و لە خەو بەسەریان دادرا. [110]

دوای کۆتایی شەڕ، لەشکری محمد زۆر لەو کاروانچیانەی بە دیلگرتن. لێرەوە پلانی شەڕی بەدر بە جوانی ئاشکرابوو، سێ لە دیلەکانی کە داخی کۆنینەی بەرامبەریان لەدڵ بوو. یەکسەر ئەو سێ کەسەی بە شێوەیەکی دڕوندانە کوشتن. لەبەر ئەوەی گیانی تۆڵەی بەرامبەر بەو سێ کەسە، ئەوەندە پەنگی خواردبووەوە، نەیدەتوانی بیشارێتەوە. ئەوانەش:

النضر بن الحارث، لە بنی الدار.

طعيمة بن عدي لە بنی نوفل لە ڕەچەڵەکی عبد مناف.

عقبة بن أبي معيط، لە ڕەچەڵەکی بن عبد مناف.

بە ووردبوونەوەیەک بۆمان دەردەکەوێ هەرسێ کەس نەک تەنیا قورەیش بوون. بەلکوو لە بنەماڵەکانی نزیکی محمد خۆی بوون. و نەوەی قصی بن كلاب بوون.

هەرچەندە بیۆگرافی نووسانی موسوڵمان دەڵێن ئەوانە محمدیان ئازارداوە. بەڵام هیچ لەو سێ کەسە لەوانە نین، بەڵکوو ئەو سێ کەسە بە پرسیار و بەڵگە بە درۆیان دەخستەوە. ئەوەش هۆکاری سەرەکیبوو، بۆ قینی محمد دژیان.

---

110 Rodgers ،Russ (2012). The Generalship of Muhammad: Battles and Campaigns of the Prophet of Allah. University Press of Florida. Pp. 88 - 89

سنن ابي داود، الجلد الرابع ،كتاب الجهاد، في قتل النساء ٣٠٣

به تایبەتی طليعة بن عدي، گوێی لێ ڕادەگرت و پرسیاری لێدەکرد، کە محمد نەیدەتوانی وەڵامی بداتەوە. درۆکانی دەردەکەوتن، بە ئایەتی قورئان بەرەو ڕوویان دەبووەوە. [111]

سورة القلم ٦٨: ١٥

ئەگەر نیشانەکانی ئێمەی بۆ بخوێننەوە. دەڵێ ئەفسانەی پێشینانن (١٥)

سورة الأنفال ٩: ٣١

کاتی ئایەتەکانی ئێمەی بەسەردا دەخوێندرێنەوە، دیان گوت گوێبیست بووین. ئەگەر بمانەوێ بە دڵنیاییەوە، شتی وەک ئەوە دەڵێین. ئەوە شتێک نییە تەنیا ئەفسانەی پێشینانە (٣١)

یان لە ئایەتێکیتر دەڵێ:

سورة الجاثية ٤٥: ٧ – ٨

ئەی لەو کەسەی تۆمەت کەر و تاوانبارە (٧) هەرکاتی ئایەتەکانی خودای بەسەردا دەخوێنیتەوە، دەبیستێ. بەڵام بە هۆی لەخۆ بایی بوونی، هەر پێدادەگرێ. و دەڵێی هەر نەشی بیستووە. دە تۆش مزگینی بدەیێ، کە ئازارێکی زۆر بەسۆی بەردەکەوێ (٨).

کوشتنی ئەو سێ کەسە قورەیشیە، بەو شێوە دروندانەیە، بێجگە لە کاردانەوەی نەخۆشی دەروونی نەرگسی محمد، و نەتوانینی کۆنترۆڵی قین و گیانی خۆبەزلزانی، هیچیتر نەبوو.

---

[111] أبي داود، سنن أبو داود، الجزء الرابع، كتاب الجهاد، باب في قتل الأسير صبرا ( مل پەڕاندن) ص ٣٢٢ ، الواقدی، كتاب المغازي، الجزء الأول ص ١٢٨ – ١٥٢، ابن سعد، الطبقات الكبرى غزوة بدر ص ٢٠

# محمد  تیرۆری کرده یاسا

هەڵسوکەوتی محمد بەرامبەر یاوەرانی و کۆنترۆلکردنیان لەلایەک، و گیانی تۆڵە بەرامبەر ناحەزانی کۆنی لەلایەکیتر، هەنگاوێکی ترسناک بوو لە مێژووی مرۆڤایەتی و بە یاساکردنی تیرۆر. هەورەها لە ژێر ناوی ستەملێکراو و بەناوی خودا جیهانی کردبووە، یەک لەشکری دوژمن بەرامبەر ئیسلام. کەچی ئەوانەی محمد و لەشکرەکەی شەڕی لەگەڵ دەکردن، هەر یەکەیان سەربە یەک لە دینە ئیبراهیمیەکان بوون. و یەکتاپەرست بوون. واتە هەمان خودای محمد. و هەمان چیرۆکە خورافیەکان و ئەفسانەکانی کۆن.

الحج ٢٢: ٣٩

مۆڵەت درا بەوانەی شەڕ دەکەن، لەبەرئەوەی ئەوانە ستەمیان لێکراوە، و خوداش دەتوانێ سەریانخا (٣٩)

هەروەها کوشتنی خەڵکی بێتاوان، و تاڵانکردنیان، و ئەتککردنی(*) ژنانیان، تەنیا لەبەر ئەوەی نەک ببنە ئاژاوە. بەمانایەکیتر هیچ دینێک سیاسەتێکیتر، بێجگە لە دینە نوێکەی محمد و دەوڵەتەکەی مەدینە ناتوانێ بوونی هەبێ.

سورة الأنفال ٨: ٣٩

شەڕیان لەگەڵ بکەن، تاوەکو نەبنە فیتنە. و گشت دین بۆ خودایە، جا ئەگەر کۆتاییان هێنا، ئەوە خودا چاودێرە بەسەر ئەو کارانەی کە دەیکەن. (٣٩)

ئەو ئایەتە بە یاساکردنی تیرۆر، و پشتیوانی جیهادە، کە بەڕای موسوڵمانان شەڕێکی پیرۆزە، بۆ ڕازیکردنی خودا. هەر ئەوەش وایکردووە کە توندوتیژی و هێرشی داگیرکاری ببێتە سیستەمێکی سەپێندراو، لەسەر موسوڵمانان. تا گەیشتبووە ئەو ئاستەی محمد کۆچبەرانی دژی خزم و کەسی خۆیان هاندەدا. و داوای لێدەکردن تۆڵەیان لێبکەنەوە.

ئەوکاتەی هەندێک لە یاوەرانی، دوودڵبوون لە بەشداری کردنی شەڕ دژی خزم کەسی خۆیان، محمد بەناوی خودا ناچاریکردن، ملکەچی فەرمانەکانی بن. ئەوەش لە ڕێگای گوایە وەحی بۆ هاتووە.

ئەوکاتەی تازە موسوڵمانان کۆچیان بۆ مەدینەکردبوو، هەرچەندە ژمارەیەکی کەم بوون. بەڵام محمد پێویستی بەوە هەبوو ژیانیان دابینکا. هەروەها پێویستی بەوە بوو یارمەتی موسوڵمانانی مەدینەش بدا، کە بە أنصار دەناسران. باشترین و خێراترین ڕێگای چارەسەری ئەو کێشەیە، ڕێگری بوو لە کاروانی بازرگانی. بەدزی کوشتنی خەڵکی بێتاوان. بەر لە محمد و دینەکەی عەرەب شەڕیان لەسەر دین نەکردبوو. ئەوەش تا ئێستا هەروایە. ناشیانەوی کوشتار بۆ دین بکەن. بۆیە محمد چارەسەری بۆ ئەوەش دۆزیەوە.

سورة البقرة ٢: ٢١٦

> شەڕکردنتان لەسەر نووساوە، هەرچەندە خۆشتان لێی نایە، وە ڕەنگ بێت ڕقتان لە شتێك بێت، بەڵام بۆ ئێوە چاك بێت، وە ڕەنگە حەز لە شتێک نەکەن. بەڵام بۆتان وەچاک بگەڕێ. ڕەنگیشە ئاواتی بۆ بخوازن، و ئاکامی باشنەبێ. و خودا دەیزانێ و ئێوە سەری لێدەرناکەن. (٢١٦)

دوای هاتنی ئەو ئایەتە هەوڵی محمد بۆ کوشتار، بەرهەمێکی باشی هەبوو. ئارەزووی دەستکەوتی سامان و ئەو پاداشتانەی محمد بەناوی خودا، بەڵێنی بە ئیمانداران دەدا، بە

چاکە بۆ ڕۆژی پەسڵان. ئەوە وایکرد ئەنسارەکانیش بەشداری شەڕی بکەن. تا دەهات بەو بەڵێنانە لەشکری محمد زیاتر دەبوو. لەگەڵ ئەوەشدا ئارەزووشیان زیادی دەکرد. ئیتر بڕیاریدا، ڕێگا لە کاروانی بازرگانی بگرن. محمد یاوەرانی خۆی نەک تەنیا بۆ شەڕ لە پێناوی خودا هاندەدا، بەڵکوو دەبوایە لەو دەستکەوتە نەفەقەش بدەن .

سورة البقرة ٢: ١٩٦
حەج و عومرە بۆ خودا، تەواو جێبەجێ بکەن، جا ئەگەر سنووردار کران ئەوە هەرچیەك تواناتان هەبوو، لە قوربانی ئەنجام بدەن. و سەرتان مەتاشن تاوەکو قوربانیەکەی بە شوێنی خۆی دەگا، جا ئەگەر هەر کەسێکتان نەخۆش بوو، یان کێشەیەکی لە سەر هەبوو، با فیدیەك بکات لە: بەڕۆژووبوون، یان خێرێ، یان قوربانیەك، وە هەر کاتێك متمانەتان هەبوو، جا ئەوەی کە نەیبوو، ئەوە با سێ ڕۆژی تەواو لە حەجدا بەڕۆژووبێ. و حەوت ڕۆژ کاتێ گەڕانەوە، ئەوە دە ڕۆژی تەواو دەکا. ئەوە بۆ کەسێکە کە خانەوادەی نیشتەجێی مەککە نین. و لە خودا بترسن. و بزانن کە خودا سزاکەی دژوار و سەختە (١٩٦)

بەو شێوەیە توانی تاوانی شەڕ لەگەڵ خێر بکاتە پاکێچێکی جێی باوەڕ. و تەواوکەری یەکتری. بە ووردبوونەوەیەک لە دەقەکانی قورئانی مەدینە، تاکە شتمان پێدەڵێن، کە ئەو بەشەی قورئان، پێناسەی ڕاستەقینە ئیسلامە. وەک دینی شەڕ و داگیرکاری و تاڵان کوشتن و سەبایا. جا تا موسوڵمانان باوەڕیان بە ئیسلام بێ کە دینی خودایە. و قورئانیش پەیامی خودایە بۆ محمد. ئەوا توند و تیژی و تیرۆر، بەهێزتر دەبێ. و زەمینەی تیرۆری ئیسلامیش فراوانتردەبێ.

سەبارەت بە موسوڵمانانی میانڕەویش، کە داوای چاکسازی، گیانی لێبووردەیی دەکەن. بێجگە لە کەسانی دووڕوو زیاتر نین. بەپێی دەقەکانی قورئان ئەوانە موسوڵمان نین. لەبەر ئەوەی ئایەتەکانی قورئان بەردەوام هانی موسوڵمانان بۆ توندوتیژی و شەڕ دەدەن. کەواتە یان دەبێ باوەڕیان بە ئایەتەکانی قورئان بێ یان ئیسلام نین.

لەبەر ئەوەی بیروباوەڕی دینی تا ئاستێکی بەرز ناوەرۆکەکەی کە لە دەقەکانی قورئان و حەدیس پێکهاتووە. سیستەمێک پێکدێنێ، کە گشت بەشەکانی پێکەوە بەستراونەتەوە، ئەگەر بە بەشێکی ڕازی بی، ئەوە ناچاری بەبەشەکەی تریش ڕازیی. ئەگەر مرۆڤ سەڕاستبێ لەگەڵ خۆی. و دینەکەی دەبێ لە پراکتیکدا، پەیڕەوی گشت بەشەکانی بکا. بەڵام ئەگەر لە هەندێکی دابەزی، ئەوا بەپێی لۆژیک لاسەنگ دەردەچێ. بۆ نموونە ئەگەر لە پێناوی گونجان لەگەڵ زانست لە سەر ئەوە دابەزین کە ئادەم و حەوا نەبووین. بۆچی لەوەش دانەبەزین کە بەهەشت و دۆزەخ بوونیان نییە! بۆ زانین هەموو بیروباوەڕانە بەشێکن لە ناوەرۆکی قورئان و چەقی بیروباوەڕی ئیسلامن. [112] جا ئەگەر موسوڵمان باوەڕی بە دینەکەیەتی، دەبی باوەڕی بە کوشتن و تاڵان و کۆیلەکردن و سەبایاش هەبێ. ئەگەر باوەڕی پێ نەبن ئەوا موسوڵمانییەتیەکەی، ناتەواو و خۆشی دووڕووە (منافق). با سەرنجێکی ئەو چەند ئایەتە بدەین کە لە بۆنەی جیا جیا محمد بەگوێی موسوڵماناین داداون.

سورة محمد ٤٧: ٣٨

ئێوە داواتان لێ دەکرێت کە لە پێناو ڕێبازی خودا، خەرج بکەن. جا هەتانە ڕەزیلی دەکات، وە هەر کەسێك ڕەزیلی بکات، ئەوە لە خودی خۆی دەکات،

[112] الدكتور صادق جلال العظم (١٩٧٠) نقد الفكر الدين. الطبعة الثانية. ص ٣٢

چونکە خودا دەوڵەمەندە و ئێوە هەژارن، وە ئەگەر پشتی تێبکەن، ئەوە خودا بە خەڵکانێکی جیا لە ئێوە دەتانگۆڕێتەوە، ئەوسا ئەوان وەك ئێوە نابن. (٣٨)

سورة النساء ٤: ٨٤

تۆ لەسەرتە لە پێناوی خودا بچیتە شەڕ. تۆ ئەرکی تەنیا خۆت لەسەرە. و هانی باوەڕدارانیش بدە، ڕەنگ بێت خودا، لە زەبروزەنگی بێباوەڕان بتانپارێزێ. و خودا بە گورترە، و لە تۆڵەدا بەزەبرترە. (٨٤)

النساء ٤: ١٤١

ئەوانە بۆ ئێوە خۆیان مت داوە، سا هەرکاتێ خودا ئێوەی سەرخست، دەڵێن: ئەی ئێمە لەگەڵ ئێوەدا نەبووین؟ و ئەگەر خودانەناسەکانیش، لە بەشێکدا باوخۆشتربوون، دەڵێن: ئەی ئێمە پاڵپشتی ئێوە نەبووین؟ و لە بێباوەڕان دەمانپاراستن. خودا لە ڕۆژی پەسڵان نێوانتان دەکات، وە خودا هەرگیز ڕێگا بە خودانەناسان نادا، دەستیان بەسەر باوەڕدراندا بڕوا. (١٤١)

سورة التوبة ٩: ٢٠

ئەوانەی باوەڕیان هێناوە و کۆچیان کردووە و جیهادیان لە پێناو خودا کردووە، بە سامانیان و گیانیان، پلەیەکی مەزنیان لای خودا هەیە. و ئەوانە سەرکەوتوون (٢٠)

سورة آل عمران ٣: ٧٢

وە دەستەیەك لە خەڵکانی خاوەن پەرتووك گوتیان: بە ڕۆژ ئیمان بێنن بەوەی بۆ سەر ئەوانەی ئیمانیان هێناوە دابەزیووە، وە لە کۆتایی ڕۆژ کوفری پێ بکەن، بەڵکو دەگەڕێنەوە و پاشگەز دەبنەوە. (٧٢)

سورة آل عمران ٣: ٧٤

هەرکەسێکی، ئەو بیەوێ، بەبەر بەزەیی خۆی دەخا.، و خودا چاکەی زۆر گرنگی لەلایە. (٧٤)

ئەو چەند ئایەتە نموونەی ناوەرۆکی قوڕئان و دینی ئیسلامن. هەروەها بنەڕەتن بۆ تێگەیشتن لە سیاسەتی، محمد، کۆنترۆڵکردنی یاوەرانی، هەر پارە خەرجکردن بۆ حەج، تا دەگاتە هاندانیان بۆشەڕ، و داگیرکاری، کە بەپێی پلانی فراوانخوازی محمد، ئایەتەکانیش دەگۆڕان ناوەرۆکیان لەگەڵ ئامانجی پلانەکە دەگونجێنران. بە هۆنینەوەی ئایەتەکان و گونجانیدنیان لەگەڵ هەلومەرجی شەڕ و داگیرکاری. توانی زۆربەی گرووپە چەتە و ڕێگرەکانی حیجاز لە خۆی کۆکاتەوە. لەلایەک ترساندنیان بە ناوی خودا و ڕۆژی دوایی، لەلایەکیتر پاداشتی تالان و سێکس و بەهەشت. ئەوەش دواتر بووە، سیستەمێکی سیاسی کە بە درێژایی مێژووی ١٤٠٠ ساڵی ئەو دەوڵەتە، بەردەوامە و پەیڕەودەکرێ.

# ئەتک و لاقەکردنی ژنان[113] چەکێکی تری محمد بوو لە شەڕ

محمد نەرگسیەتی ئەوەندە توندبوو، بۆ گەیشتنە ئامانج گشت ڕێگایەکی بەکاردێنا. یەک لەو کارە دڕوندانەی، بۆ تێکشکاندنی وورەی دوژمنانی، لەکاتی داگیرکاری بەکارهێنانی ژن بوو. لە هێرشی داگیرکاری وەک سیستەمێک کردبوویە، چەکێکی کاریگەر هەر لە ئەتککردنیان لەکاتی هێرش، تا دەگاتە بازرگانی پێکردنیان و لەکاتی دیلی لاقەکردنیان. ئەوەش وەک پلانێک بۆ سەلماندنی گیانی نەرگسی خۆی و تێکشکاندنی، نەک تەنیا دوژمن، بەڵکوو بەرامبەر گشت خەڵکی ئەو ناوچانەی دەکەوتنە بەر هێرشی داگیرکاری. کە توانای بەرەنگاریان نەمێنێ.

لە دوای کۆتایی هاتنی شەڕ، و بەدیلگێرانی کچ و ژنانی گەنج، ڕێگای بە شەڕکەرانی دابوو، بۆ دڵخۆشکرنیان و پاداشتی بەشداربوونیان لە شەڕ، لاقەی ئە ژنە بەدیلگیراوانە بکەن. سەبارەت بەو ڕێبازەش، زۆر چیرۆکی قێزەوەن هەن. کاتی لە شەڕێکدا ژن و کچیان بەدیل دەگرتن. بە پلەی یەکەم بۆ فرۆشتنیان بوو، لە بازاڕی نەخاسە. لە هەمانکاتدا وەک

113 لە زمانی کوردی دوو ووشەن بۆ ناچارکردنی ژن، و بە زۆری لەگەڵی جووتبوون.
- یەکەم لاقەکردن، مانای وایە کەسێک تەنیا بە هەڵسانی ئارەزووی سێکسی، بەبێ پلان و پێشینە ئەو ستەمە بەرامبەر ژنێک بکا.
- دووەم ئەتککردن، لەوکاتەدێ کە تاک یان گرووپ بە پلان بۆ تێکشکاندن و سووکایەتی یان تۆڵە، دژی ناحەز و دوژمنان بەکاری بێنن. ئەوەش لە هێرشی داگیرکاری، هەروەها لە ناکۆکی نێوان بنەماڵەی دژی یەکتری، زۆر ڕوودەدا. لە هێرشەکانی داگیرکاری ئیسلام ئەتککردن وەک پلانێکی بنچینەیی بووە دژی ئەو ناوچانەی، دەکوتنە بەر هێرشی داگیرکاری، ئەوەش بە مەبەستی تۆقاندن و زوو خۆدانە دەست. بەڵام دواداگیرکاری و دیلگرتن ژنان دەکەوتنە بەر تەوژمی لاقەکردنی شەڕکەرانی موسوڵمان. لەبەر ئەوەی هەم ئارەزوویان هەڵدەستا، و هەمێش دەیانزانی بڕیاری ئەتککردن ڕێگە دەدا، چەکدارانی موسوڵمان نەک تەنیا ئەو ژنانە لاقەبکەن، بەڵکوو دەتوانن بشیانکوژن.

کاڵایەکی سێکسی محمد ڕێگای دابوو، لاقەیان بکەن. بەوەش دەیتوانی هەم چەتە شەڕکەرەکانی لە ڕووی سێکسیەوە بخرۆشێنێ. هەم وەک کاڵایەک بۆ فرۆشتن.

ئەو ڕەفتارەی محمد لە شەڕ و داگیرکاری تا ئێستاش هەر بەردەوامە. نموونە لەسەر ئەو دڕوندەییە زۆرن. هەر لە دڕوندایەتی داعش بەرامبەر کوردانی ئێزیدی، تا دەگاتە بوکۆحەرام. کە وولاتی نێجیریا لە ساڵی ٢٠١٤ س.ب ٢٧٦ کچی قوتابیان رفاندن. لەوانە ٥٠ کچ توانیان ڕابکەن و ڕزگاریان بێ. ئەوانیتر کوژران، لە شوێنێکیتر ١٠٦ ژنی نێجیریان ڕفاندن و کوشتنیان. ئەوەی جێگای سەرنجە هەردوو داعش و بوکۆحەرام لە ئاینزای سونیین. و بەردەوام لەسەر تێرۆری محمد و سەرەتای ئیسلام دەڕۆن.

لەلایەکیتر، ڕێگا دانی محمد بە شەڕکەرانی بۆ لاقەکردنی ژنانی دیل، کێشەی بۆ شەڕکەرانی دروستکردبوو. لەبەر ئەوەی لەلایەک دەیانەویست سێکس لەگەڵ ژنە بەدیلگیراوەکان بکەن، لەلایەلیتر دەیانەویست بیانفرۆشن پارەی باش وەرگرن. کەچی لەوە دەترسان، ئەو ژنانە سکیان پڕبێ. نرخیان دادەبەزێ یان کەس نایانکڕێ. ئەو شەڕکەرانە لەبەر دوودڵی بۆ ئامۆژگاری پەنایان بردە بەر محمد.

محمد گوتی:

> هیچ گیانێک دروستنابێ، تەنیا خودا دەیئەفرێنێ. [114]

بەو مانایەش محمد وەک یاسایەک، ڕێگای بە شەڕکەرانی دا کە لاقەی ژنە بەدیل گیراوەکان بکەن. سەبارەت بەو کارە دڕوندانەی زۆر حەدیسیتر هەن. کە تەنیا دڕوندایەتی کەسایەتی دەردەخەن.

---

[114] صحيح البخاري، كتاب التوحيد ٦٩٧٤، ٢١١٦

# درۆکردن و پەیمان شکاندن

ڕەوشتی درۆکردن و پەیمان شکێنی، دوو لەو کردەوانە بوون محمد بەردەوام پەیرەوی دەکردن. یەک لەو نموونانە. پەیمانی حودەیبیة بوو، کە محمد لەگەڵ خەلکی مەککە لەسەر چەند خاڵێک پێکهاتن و هەردوولا مۆریانکرد. یەک لەو خاڵانە محمد بەڵێنی پێدابوون، هەر منداڵێک یان کۆیلەیەکی قورەیشیەکان، کە هەڵاتبوون. و هاتبوونە لای لەشکری محمد، بۆیان بگێڕێتەوە.

إبن إسحاق لە سەر أبو بصير دەگێڕێتەوە، کەسێکی خەڵکی مەککە دوای ماوەیەک هاتبوو، بە محمدی گوتبوو، مەکیەکان دوو کەسیان ناردوون، بۆ ئەوەی بەڵێنەکەی وەبیربێننەوە. لەو کاتە محمد هەستی بە سەخڵەتی و شەرمەزاریکرد. ناچاربوو، ڕووی لە أبو بصير کرد. و گوتی:

ئەی أبو بصير، ئێمە ئەو بەڵێنەمان بە خەڵکیدا، و لە دینی ئێمە زۆرداری لەکەس ناکرێ. و خودا لە تۆ و ئەوانەی لێرەن و بێ دەرەتانن دەبێ دەریچەیەک بۆ دەرچوونیان هەبێ. أبو بصير لە ئاماژەی محمد تێگەیشت. و لەگەڵ دوو نێردراوەکە ڕۆیشتن. دوای نزیکەی شەش میل لە مەدینە دوورکەوتنەوە، بۆ پشوودان وەستان. أبو بصير گوتی: شمشێرەکەم ڕاکێشا هەردووکیانم کوشت. دوایی گەڕایەوە لای محمد. و گوتی ئە پەیامبەری خودا، بەو خودایە خودا بەبەزەییە.

# دڕوندەیی بەرامبەر خەڵکی بێتاوان

گەورەترین دڕوندەیی کە نەرگسی بیکا، کوشتنە. کە محمد لەو تاوانە ڕەچەشکێن بووە.

یەک لە پلانەکانی ئەوەبوو، هێرشی بێ پێشوەختە و لە ناکاوی دەکرد. شەوێکیان هێرشی کردە سەر بەنی مصطلق کە لە خەودابوون، شوانەکانیان بە شەو مەڕوماڵاتیان ئاودەدان. کاتێ دەستیانکردە هێرش هەر پیاوێکیان دەدی دەیانکوشت. کچانیان دەکردنە سەبی. جویرة لەو شەڕەدە سەبیکرا. بە پێی مێژوونووسانی موسوڵمان ٦٠٠ کەسیان، کرانە سەبی، ۲۰۰۰ وشتر و ٥٠٠ سەر بزنیان بە تاڵان هێنا.[115]

کاتێ تێرۆریستەکانی موسوڵمان، منداڵان دەکوژن، دەستبەجێ موسوڵمانە میانڕەوەکان دەڵێن، لە ئیسلام کوشتنی منداڵ قەدەخەیە. کەچی بێ ئاگا لەوەی، محمد خۆی ڕێگای بە کوشتنی منداڵ داوە. ئەوەش لەکاتی هێرشکردن، منداڵ کەوتبێتە ناو. کە دایکی بەکەلکی ئەوە هاتبێ بکرێتە سەبی. منداڵەکە بوویێتە بەربەست.
لە الصعب دەگێڕنەوە، گوتوویەتی: سەبارەت منداڵانی بەدیلگیراو، لە محمدیان پرسی، ئێمە چی لەو منداڵانە بکەین؟ لە وەڵامدا محمد گوتبووی : ئەوانیش لەوانن.[116]

واتە بیانکوژن.یاوەرەکانیش پێویستیان بەو مۆڵەتە بوو، یەکسەر منداڵەکانیان کوشتوون. ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی، ئامانجی سەرەکی هێرشەکانی محمد بۆ تاڵان بووە، ئەوەی بەکەلکی بازاڕی فرۆشتن هاتبایە،  وەک مەڕوماڵات و سامانی تر و کچ و ژن بۆ بازاڕی نەخاسە. و پیاوەکانیشیان دەکوشتن.

---

[115] صحيح البخاری کتاب العتق ٢٤٠٣
[116] صحيح البخاری، کتاب الجهاد و السير ١٧٤٥

# محمد و ڕێبازی یەهودی نەسارِی

سەرپەرشتی کردنی قەشە وەرەقە لە ئاهەنگی هاوسەرگیری خەدیجە و محمد، بەپێی ڕێبازی دینی یەهودی نەسارِی، نیشانەیەکی بەهێزە، بۆ ئەوەی کە محمد خۆیشی باوەڕی بە یەهودی نەسارِی هەبووە. لە یاساکانی یەهودی نەسارِی مرۆڤ بۆی هەیە تەنیا یەک جار ژن بێنێ. و ناتوانێ لێی جیابێتەوە. مەگەر تەنیا دوای مردنی ژنەکەی. بە پێی ئەو یاسایەش تا خەدیجە لە ژیاندا مابێ، محمد ناتوانێ ژنی دووەم بێنێ. و ناشتوانێ لێی جیابێتەوە. وەک مێژوو بۆمان دەگێڕێتەوە تا خەدیجە لە ژیاندابوو. محمد هیچ ژنی تری نەهێنا و لە خەدیجەش جیا نەبووەوە.[117]

بە سەرنجدانێک لە گشت ئەو ئەفسانە و چیرۆکانەی، کە لە تەورات و ئینجیل دا هاتوون. و شێوەی ڕوونکردنەوەکانیان، بە بەراورد لەگەڵ قورئان، بۆمان دەردەکەوێ کە. محمد نزیکییەکی زۆری، لەگەڵ سەرچاوەکانی یەهودی نەسارِی دا هەبووە. و لەژێر سەرپەرشتی قەشە وەرەقە کوڕی نۆفل دابوو. ئەو فێری زانیاریەکانی دینی دەکرد. بۆ ئەوەی لە ئایندە ببێتە جێنیشینی.[118]

ئەوەی کە جیای دەکاتەوە شێوەی گێڕانەوەکانە. ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ وەرگێڕانی ئەو دەقانە، لە زمانی عیبری و ئارامی بۆ عەرەبی. وەرگێڕانەکان شێوەیەکی تایبەتیان هەبوو. پێیان

[117] هەمان سەرچاوە ل ٣٩
[118] أبو موسى، الحريري (٢٠١٠) قس و نبي. بحث في نشأة الإسلام. ص ٤١

دەگوت (تەرگوم). [119] ئەو شێوە وەرگێڕانە. وەک وەرگێڕانی ئێستای مۆدێرن نەبووە. بەڵکوو ئەو کەسەی تەرگومی دەکرد، بە ئارەزووی خۆی چمک و گوزارەکانی دەگەیاندن. تا لەگەڵ هەڵومەرجی نوێدا بگونجێن. ئەو شێوە وەرگێڕانەش لەو سەردەمەدا باو بووە. کە بە شێوەی پەخشان ڕوونیان دەکردنەوە. واتە وەرگێڕ بە ئارەزووی خۆی چمک و گوزارەی، سەبارەت بەو چیرۆک و ئەفسانانە دەربڕیون. لە وەرگێڕانی بۆ عەرەبی، لەلایەن یەهودیە نەسارییەکان دەبوایە، دەقەکان لەگەڵ ڕێبازیان بگونجێن، و لە ناو هەژار و بێ پەناکان شوێنیان ببێتەوە. و بە دینی خۆیانی بزانن.[120]

ئەوەش بەڵگەیە، کە محمد لەسەردەمی مەککە، نەبی نەبووە. و تەنیا موژدەدەرێکی یەهودی نەساری بووە.

گشت نیشانەکان ئاماژە بەوە دەکەن. کە ژینگەی هەرە نزیکی محمد لە هەردوو، بەری دایک و باوکی یەهودی نەساری بووە. محمد خۆیشی موژدەدەرێک بووە، لە ژێر سەرپەرشتی قەشە وەرەقە کوڕی نۆفل. لە چەندین ئایەتی قورئان ئاماژە بو ڕێز و گەورەیی کەسایەتیەکانی یەهودی نەساری کراوە. ( ئەو باسە بە درێژی دواتر بۆی دەگەڕێینەوە)

[119] سەبارەت بە مانای تەرگوم، دواتر بە درێژی بۆی دەگەڕێینەوە
[120] الحریری، ابو موسی (٢٠٠٥) قس و نبی، بحث فی نشأة الإسلام ص ٢٣

# یەهودیە نەسارییەکانی مەککە

لە قورئان تەنیا ناوی نەسارى یا نەسرانی[121] هاتووە. بەڵام نەسارى وەک دینێکی فراوانی ناو ڕەوتەکانی دینی یەهودی، ڕەوتی جیاوازی تێدابوون. ئەو ڕەوتانەش کەم یان زۆر پەیڕەوکاریان لە ناوچەکانی مەککە و یەتروب تائف هەبوون. و کاریگەریشیان لەسەر ژیان و باوەڕی خەڵکی بەهێزبوو. بۆیە لەجێی خۆیەتی، ئەگەر بە کورتیش بێ، باسی ئەو ڕەوتانە بکەین. و بزانین تاچەند ڕێنمایی و باوەڕیان بە گشتی لە ناو قورئان ڕەنگی داوەتەوە.

ڕێبازەکانی دینی یەهودی نەسارى زۆر پێشتر، لە ئیسرائیل دروستبووبوین. دوای لە خاچدانی یەسو (عیسا) و دەستبەسەر ڕێبازی دینی لەلایەن بنەماڵەکەیان بە سەرۆکایەتی یاقوب. کێشە لە نێوان بنەماڵەی یەسو لەلایەک، و نێردەکانی دروستبوو. کە دواتر نێردەکان لە ئەنتاکیان ناویان لە خۆیان نا کریستیانی، و لەیەکەی تر بە پشتیوانی و سەرۆکایەتی بنەماڵەی یەسو ناویان لێنرا نەسارییەکان[122] (یەهودیە نەسارییەکان) ئەو ڕەوتە دوای بەهێزبوونی کریستیانەکان. و بوونیان بە دینی دەوڵەت. شوێنیان لە ئۆرشەلیم نەما. و کۆچیان بۆ شام و میسۆپۆتامیا و حیجاز کرد. یەک لەو شارانەی کە ژمارەیەکی زۆر لێ نیشتەجێ بوون، مەککە بوو. ئەوانە وەک تۆڕێکی کۆمەڵایەتی و دینی، لە مەککە و یەتروب دەوروپشتی دژیان و چالاک بوون. ڕایەڵەکانی ئەو تۆڕە کۆمەڵایەتییە، پانتاییەکی فراوانی لە ناو

---

[121] لە قورئان بە هەردوو ناوی نەسرانی و نەسارى هاتووە. ئەو ناوە لە بنەڕەتدا ناوێکی ئارامییە. نەسرانی تاکە و کۆی دەکاتە نەسارى

[122] ئەو باسە بە درێژی لە پەرتووکی دینی ئیسلام و پاشخانی مێژوویی باسکراوە.

دانیشتوان داگرتبوو. هەرچەندە گشتیان بە یەهودی نەساڕی نلسرابوون. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەوانە جیاوزیان لە باوەڕ و بنەماکانی دینی داهەبوو. هەرچەندە دژایەتی یەکتریان، بە توند و تیژی نەدەکرد، کەچی جیاوازی لە نێوانیادا هەبوو. ئەوەش لە ناو ئایەتەکانی قورئان بە ڕوونی هەستی پێ دەکرێ.

# ڕێبازە نەساڕیەکان و ووتاری جیاوازیان

بەر لە کۆچی یەهودیە نەساڕیەکان بۆ حیجاز. و لە سەرەتای سەدەی چوارەم، دوای ڕاگەیاندنی دینی کریستیانی وەک دینی دەوڵەت لە ڕۆما. و بوونیان بە بەشیک لە دەستەڵات، یەهودیە نەساڕییەکان کە دوژمنی لە مێژینەیان بوون، کەوتنە بارێکی ناهەموار و شوێن پێیان لە وولاتی شام و ئیسرائیل بە شێوەیەکی دیار، لەق بوو. ئەوەش وایکرد، تا دەهات ناکۆکی دەکەوتە نێوانیان. و ڕێبازی جیاواز لەناویان دروست دەبوون. دوای ماوەیەک بووبوونە چەندین ڕێبازی هەمەجۆر، بە ووتاری جیاوازەوە دەهاتنە مەیدان. بەڵام لە حیجاز، بە تایبەتی مەککە و یەتروب، بە گشتی سێ ڕێبازی هەبوون. و هەر ڕێبازەی بە ووتاری جیاوازی خۆی هاتبووە گۆڕەپانی بانگهێژی دینی. هەر ڕێبازەشی خاڵی هاوبەشیان لەگەڵ یەکتریدا هەبوو. بەڵام خاڵەکانی جیاوازیان زیاتر زەقدەبوونەوە. و وەک چەکێک بۆ کاریگەری ، لە مەیدانی بەرابرکێی دینی دەخرانە ڕوو.

ئەو سێ ڕێبازەش بریتی بوون لە:

ئەبیونی: تا ڕێژەیەک نەرم بوون

قێرینتیزم: زێدەڕۆییان لە یەهودییەتی خۆیاندا دەکرد

کەسائیەکان: گنووسی بوون، زێدەڕۆییان لە دینداری دا دەکرد.

# ئەبیۆنی
# Ebionisme

ئەوانە کۆمەڵێکی یەهودی بوون، پەیڕەوی کریستیان دەکرد، بە نەبیەکی مەزنیان دەزانی. دانیان بە خودایەتی کریست دانەدەنا. تەنانەت بو کوری خوداشیان نەدەزانی. بە باوەڕی ئەوان، یەسو مرۆڤێک بوو. وەک هەموو مرۆڤێکیتری ئەو سەر زەمینە. دوای لە ئاو هەڵکێشانی (تعمید) بەدەستی یۆهانێس سرووشی بۆهات. واتەژیانی کریستی و هەتا هەتایی لەو دەمە دەستی پێکرد، کە لە ئاو هەڵکێشرا. [123]

ئەبیونیەکان کۆمەڵێک یەهوودی کۆن بوون، کە بووبوونە یەهودی نەسارێ. کە لە عیبری بەمانای (هەژاران یان چینی هەژاران) دێ. بیروباوەڕیان تێکەڵاویەک بوو لە نێوان، دینی موسا، و باوەڕبوونیان بە یەسو. بە مانایەکیتر یەهودی سەربە یەسوی نەسری بوون. باوەڕیان بە یەکتایی خودا کە ئەفرێنەری گەردوونە هەبووە.

نەسارێ ئەبیۆنی هەر لە سەرەتاوە لەلایەن کەنیسەی کاتۆلیکی بە گومڕا دادەنران. هۆکارەکەشی دەگەڕایەوە بۆ ئەوەی نەسارێ ئەبیونییەکان هەر لە سەرەتادا، باوەڕیان بە خودایی یەسو نەبوو، بە کوڕی خوداشیان نەدەزانی. هەروەها باوەڕیان بەوەش نەبوو کە یەسو لەخاچ درابێ. و دوای سێ ڕۆژ هەڵسابێتەوە. ئەو زانیاریانە بەردەوام قەشە وەرەقە فێری محمدی دەکردن. و محمدیش لە قورئانەکەی بە ناوی وەحی تۆماری دەکردن. [124]

---

[123] الحریری، أبو موسا. قس و نبی ل ٢٥

[124] الحريري، أبو موسى، قس و نبى ل ٧٨، سيرة الحلبيه ١: ٢٦٨

ئەوانە نکۆڵیان لە بیروباوەڕی پۆلس وەک نێردەی خودا دەکرد. ڕێزی گەورەیان بۆ ڕۆژی شەممە هەبوو. و بە ڕۆژێکی پیرۆزیان دادەنا. ئەبیونییەکان دوو گرووپ بوون. زۆربەیان باوەڕیان وابوو کە کریست وەک ئێمە مرۆڤ بووە. نێردەی خودا بووە. و بۆ گشت مرۆڤایەتی نێردراوە. نێردەیەک بوو، وەک هەموو نەبیە نێردراوەکانی تر. هەندێک باوەڕیان بە پاکیزەیی مریەم هەبوو. بە باوەڕی یەهودی نەسارڕی، لەدایکبوونی یەسوو پەیوەندی بە مرۆڤەوە نەبووە.

گرووپێکی تر باوەڕیان وابوو، یەسو کوری مریەم لە یوسفە و مرۆڤێکی تەواو بووە. نکۆڵیان لە لەخاچدانی دەکرد. باوەڕیان وابو ئەوەی لە خاچ دراوە کریست نەبووە. یەکێکی هاوشێوەی ئەو بووە لە خاچدراوە.

یەهودیە نەسارڕیەکان لە لەلایەن کریستیانەکان و یەهودیە حاخامەکان، بە گومڕا دادەنران. ئەوانە پەیڕەوی ئینجیلی مەتی عیبرانیان دەکرد. و بەشێک لەوانە، لە ئەشکەوتی قومران لە باکووری ڕۆژئاوای دەریای مردوو، بۆ یەکەمین جار بەدیار کەوتن.

ئەبیونیەکان لە سەرەتادا، هەندێک لە فەریسیەکانی یەهودی بوون و باوەڕیان یەسو هێنابوو. و بووبوونە نەسارڕی. دواتریش هەندێک لە ئەسینیە قومرانیەکانیان هاتنە ڕێزیان. ئەوانە باوەڕیان بەسەرۆکایەتی بنەماڵەی یەسو (أهل البیت) هەبوو. ئاراستەی ووتاریشیان

بەرامبەر گنوسی بوو. ئەوەش هەر وەک باوەڕێکی بنەڕەتی، هەر لە دینی یەهودی لەگەڵ خۆیان هێنابوویان. [125]

ئەبیۆنیەکان بە گشتی، شێوەی ووتاریان تا ئاستێک نەرم بوو، ئاڕاستەی باوەڕیان، بەلای یەهودیە نەسارپیەکانی بەنی ئیسرائیل بوو. کە دەگەڕایەوە بۆ سەردەمی یاقوبی برای یەسو.

مێژوونووسان بە تێکڕایی، لەسەر ئەو ڕایەن. کە ئەبیۆنی دوای ئەوەی ئەسینیەکان بوونە نەساڕی، وەک ڕێبازێکی سەربەخۆ دەستی پێکرد. ئەوەش بەتایبەتی دوای ڕاپەڕینی ٦٦-٧٠ س.ب، کە بە شێوەیەکی بنەڕەتی ژیان و بەردەوامی دینی و کۆمەڵایەتی یەهودی کەوتبووە دۆخێکی ترسناک. ئەوەش دەیسەلمێنێ کە چەند ڕەوتی نەساڕی، لە سەردەمی جیاواز و بە باوەڕی جیاواز دەرکەوتوون. [126]

ئەبیۆنیەکان پێیان وایە لە بنەڕەتدا خراپە لە مرۆڤە، نەک لە ئادەم. بەڵکوو ئەنجامی هاوسەرگیری هەندێک لە منداڵانی خودا (فریشتە)، لەگەڵ کچانی مرۆڤ خراپە دروست بوو. ئەوانە نکۆڵی لە ڕەچەڵەکی ئادەم دەکەن. ئەبیۆنیی ئەوە بە هەڵە دادەنێن. لەلای ئەوان ئادەم یەکەم نەبی خودایە، هەروەک نەبیەکانیتر، و خودا تۆبەی هەڵەی ئادەمی لە بەهەشت وەرگرتووە. ئەو باوەڕە لە قوڕئانیش، بە ڕوونی دووبارە بۆتەوە. [127]

القرآن – سورة البقرة ٢: ٣٧

---

[125] علی، دکتور جواد. مفصل فی تاریخ العرب قبل الاسلام ج ٦، ص ٦٣٥، الحریری، أبو موسی. قس و نبی ص ١٣

[126] الحداد، یوسف درة، قرآن دعوة نصرانیة. ص ١٤٤

[127] هەمان سەرچاوە. ص ١٤٧

ئادەم   لە پەروەردگارەوە چەند ووشەیەکی پێگەیشت. ئەوسا تۆبەی وەرگرت. هەر خۆیەتی، لە پەشیمانان دەبووڕێ (٣٧)

بە ووردبوونەوەیەک لە سورەتی طە، دەردەکەوێ کە چیرۆکی دەبەدەرکردنی ئادەم و حەوا لە بەهەشت، لە تەورات هاتووە. و لەگەڵ کۆچ و رەوی نەساڕییەکان، ئەو باوەڕەش گەیشتە حیجاز و تێکەڵی قورئان بوو.

القرآن- سورة طه ٢٠: ١٢١ – ١٢٢

ئەوسا هەردووکیان لە بەری درەختەکەیان خوارد. شەرمیان بەدەرکەوت. خەریک بوون بە گەڵای بەهەشت خۆیان داپۆشن. ئادەم لە فەرمانی پەروەردگاری لادا. و لە ڕێ دەرچوو (١٢١) پاشان پەروەردگار، ئەوی هەڵبژارد. و پەشیمانی لێوەرگرت و ڕێگای نیشاندا (١٢٢)

بە گەڕانەوەیەکی وورد، بۆ مێژووی نەبیەکانی بەنی ئیسڕائیل. بە تایبەتی دەقەکانی تەورات. دەگەینە ئەو تێگەیشتنە، کە نەبیەتی بۆ نەتەوەکان، هەر لە ئادەمەوە، لە ڕێگای نوح و آل عمران هاتووە. هەر بۆیە بۆ هەر نەتەوەیەک پەیامبەرێک هەیە. و بۆ هەر چارەنووسێکیش پەرتووکێک هەیە. بەڵام کریست دوا نەبیە و پەرتووکەکەشی دوا پەرتووکە. مەزنترین نەبییە، کە بۆ مرۆڤایەتی هاتبێ. هەروەک موسا.[128]

ئەوەش لە پەیمانی کۆن. لە پەرتووکی دواووتار. بە ڕوونی دەری دەبڕێ.

پەیمانی کۆن – دواووتار ١٨: ١٥

[128] The Panarion of Epiphanius of Salamis. Books I. 30: 3. Second revised edition. Translated by Frank Williams. Drill. Leiden. Boston. 2013.

(١٥) خودای پەروەردگارتان لەناو ئێوە، لە براکانتان پەیامبەرێکی وەک منتان بۆ دەستنیشان دەکات، گوێی لێ دەگرن.

القرآن- سورة البقرة ٢: ٢١٣

خەلکی بەرابی هەموو یەک چین و بەرە بوون. خودا پەیامبەری ناردن. موژدەدەر و ترسێنەر بن. پەرتووکی ڕاست و ڕەوای لەگەڵ ناردن تا ئەو شتەی بوونە بنەمای کێشەیان، بۆیان یەکلا کەنەوە (٢١٣)

سەبارەت بە لەدایکبوونی یەسو. نەساڕییەکان باوەڕیان بە پەرجوی لە دایکبوونی لە پاکیزەیەک هەیە. کە مرۆڤ دەستی لێ نەدابێ. بەڵام ووتاری ئەبیونی دەڵێ لەدایکبوونی یەسو، وەک هەر مرۆڤێکیتر سرووشتی بووە. ئەوەش بە گەواهی ئێپیفانیوس، لەسەر هەڵوێستی ئەبیونی. باوەڕی قورئانیش وەک ووتاری نەساڕییەکان وایە.[129]

ئەبیونییەکان ووشەی خودا لە کوڕی مریەم دەبەستنەوە. کەسایەتی کریست ووشەی خودایە، و ڕوحی لەوەوەیە. هەروەک ئۆرپێژین سەبارەت بەوە دەریبڕی، لە قورئانیش هەمان باوەڕە.

القرآن – سورة النساء ٤: ١٧

خودا تۆبە تەنیا لەوانە وەردەگرێ، کە لە نەزانیەوە، خراپەیان لێ ڕوودەدا. و بە گورجی پەشیمان دەبنەوە (١٧)

129 الحداد، یوسف درة، قرآن دعوة نصرانیة. ص ١٤٥

لای نەسارییەکان مەرگی کریست و هەڵسانەوەی، گەواهی بەرزبوونەوەیەتی بۆ ئاسمان. نەک خۆ بەختکردنی بۆ هەڵەی مورۆڤ.[130]

ووتاری نەسارِی کرنۆشی فریشتان بۆ ئادەم و ڕەتکردنەوەی ئەهریمەن (ئیبلیس) بۆ کرنۆشبردن، بووە هۆی دەرکردنی لە بەهەشت. ئەوەش حەوت جار لە قورئان دووبارە کراوەتەوە. [131]

لە ڕێبازی ئەبیونیی بوونە ڕەبەن قەدەخەیە. و پێیان وایە گوناهە بەرامبەر پەیامی زاوزێ و پەرەسەندنی وەچەی ئادەم. بۆیە بەکوڵەوە، هانی هاوسەرگیری دەدەن.[132] لە قورئانیش ئەو ڕەتکردنەوەیە لە سورەتی الحدید دا هاتووە.[133]

القرآن – سورة الحدید ٥٧: ٢٧

> ئەو ڕەبەنیەش کە هەیانە، ئێمە بۆمان نەنووسیون. خۆیان دایانهێناوە. ئەو کارەشیان بۆ ڕەزامەندی خودا بوو. بۆشیان نەکرا، وەک پێویستە پێکی بێنن. (٧)

ئەبیونیەکان وەک گشت نەسارِیەکانیتری بەنی ئیسرائیل، هەر ڕۆژ بەر لە نوێژکردن، دەستنوێژ دەشۆن. و لە دوای جووت بوون خۆیان دەشۆن (غسل). ئەوەش لە قورئان لە سورەتی المائدة ٧ دووبارە بۆتەوە.

---

[130] هەمان سەرچاوە. ص ١٤٦

[131] بۆ زانیاری زیاتر سەیری ئەو ئایەتانەی قورئان بکە ٢: ٢٤، ٧: ١٠، ١٥: ٣٠، ١٧: ٦١، ١٨: ٥١، ٢٠: ١١٦، ٣٨: ٧٣

[132] The Panarion of Epiphanius of Salamis. Books I. 2:30. Second revised edition. Translated by Frank Williams. Drill. Leiden. Boston. 2013.

[133] الحداد، یوسف درة. قرآن دعوة نصرانیة. ص ١٤٧

القرآن الکەیم – سورة المائدة ٥: ٦

ئەی خەڵکی باوەڕدار، ئەگەر بڕیارتان دا نوێژ بکەن. دەم و چاو و دەستەکانتان تا سەر ئەنیشکان بشۆن. دەستتان بە تەڕی بەسەرتان دا بماڵن. و پێکانیشتان هەتا سەر گوێزینگ بشۆن. ئەگەر تووشی لەش پیسی بوون، خۆتان پاککەنەوە. ئەگەر نەخۆش یان ڕێبوار بوون، یان یەکێکتان لە ئاودەست هاتەدەر. یان لەگەڵ ژنان بەر یەک کەوتن. و دەستتان با ئاو ڕانەگیشت، بە تۆزی پاکی سەر زەوی دەم و چاو و دەستەکانتان تێکهەرشێلن. خودا بتانخاتە تەنگەتاوی. بەڵام گەرەکیە خاوێنتان کاتەوە. بە تەواوی چاکەتان لەگەڵ بکا (٦)

بەو شێوەیە دەبینین کە ڕێبازی سەرەکی، کە بۆتە سەرجاوە بۆ دینی ئیسلام ڕێبازی ئەبیۆنیە. و تا ئاستێکی زۆر دەقەکان و باوەڕی ڕێبازی ئەبیۆنی لە قورئان ڕەنگیداوەتەوە. قەشە وەرەقە کوڕی نۆفل سەرۆکی کەینسەی یەهودیە نەساریەکان لە مەککە، لەسەر ئەو ڕێبازە بوو.

# قێرێتیزم

## Cèrinthisme

ئەو ڕێبازە دەگەڕێتەوە بۆ دامەزرێنەرەکەی (قێرنث). ئەوانە باوەڕیان وابوو یەسو فریشتەیەکی ئاسمانی بووە. وەک نموونە هاتۆتە سەر زەوی. ئەوەش لە ووتاریان بۆ بانگهێژی باوەڕیان بوو، فریشتەی خودا دەبێ زەمینی بێ. ڕۆڵی کریست ئەوە بووە خەڵکەکەی لە داگیرکاری رۆم، و هێزی بێگانە ڕزگار بکا. قێرنث دەڵێ بەهەشتی ئاسمان بریتیە لە چێژی لەش و ئارەزووەکانی.

ئۆسابیوسی قەیسەری دەربارەی قێرنث دەنووسێ:

> ئەو خۆی جەستەی خۆی خۆشدەویست و کەسێکی شەهوانی بوو. خەونی بەوەوە دەبینی، فریشتە ئەو خواردنانە دێنێ، کە ئەو حەزی لێیە. واتە خواردن،شراب و چێژی جەستە. . [134]

ئەگەر بە ووردی لە بەهەشتەکەی قورئان وورد ببینەوە،ڕێک ئەو بەهەشتەیە قرنثیەکان لە خواردن و خواردنەوە و حۆری و غلمان باسی دەکەن.

---

[134] قس و نبی ل ٢٦



خەونی دینداران ، هونەرمەندی فەرەنسی: Echille Zo 1870

بە شێوەیەکی گشتی قیرنثیەکان، لە ناو یەهودیە نەسارپیەکان، لە ئەبیونیەکان توندڕەوتر و خۆسەپێنتربوون.
ئەوانە نوێنەری توندڕەوەکانی، ناو یەهودیە نەسارپیەکان بوون. لەگەڵ ئەوەشدا، یەکێتی بیروباوەڕ، یان خاڵی هاوبەش لە نێوان ئەبیونی و قیرنثیەکان هەبوو. هەروەها ئێپیفانیوس، ئەبیونی و قیرنثی ڕووی باوەڕەوە، وەک بنەڕەتێک لە ژێر یەک چەتری بیروباوەڕ دەبینێ.[135]

هەر ئەوەشبوو کە قیرنثیەکان و ئەبیۆنیە توندڕەوەکان، خاوەنی هەمان باوەڕبوون. و متمانەیان بە یەک ئینجیل دەکرد. کە پێیان دەگوت (ئینجیلی دوانزە نێردەکە) کە لە

[135] The Panarion of Epiphanius of Salamis. Books I. 51: 6. Second revised edition. Translated by Frank Williams. Drill. Leiden. Boston. 2013.

بنەڕەتدا ئینجیلی عیبرانی مەتی بوو.[136] ئەو باوەڕەش دوای پەیدابوونی ئیسلام، هەر بەردەوام بوو. و وەک میراتێک، بەبەر دینە نوێکەدا برا.

لە سەرەتادا تا سەدەی سێیەمی س.ب قیرنئی، بە هیچ شێوەیەک لە ئەبیونییەکان جیا نەدەکرانەوە. لەوە بەدواوە، پەیتا پەیتا دەستیان بە زێدەڕۆیی، و توندڕەوی کرد. [137] ئەوەش وایکرد هەم لە ئەبیونیەکان دابڕێن. و هەمیش خۆیان پەراوێز بخرێن. و دوور لە کۆمەڵگە لەسەر زێدەڕۆیی و تەندڕەوی خۆیان بەردەوام بن.

ئەوەی قیرنئی لە ئەبیونی جیادەکردەوە، باوەڕ بە خودایی کریستی زەوی بوو. کە هەر لە هەزار ساڵ جارێکیتر دەگەڕێتەوە. بە بەهەشتێکی خۆش لە هەر مێوەیەک دوان، لەگەڵ حور العين کە وەک لؤلؤ و مەرجانن.[138] ئەو خەونانەی قیرنث، وەک ئاوێنەیەک، لە قورئان دەبینینەوە. کە لە چەندین ئایەتی قورئان دووبارە بۆتەوە.

لەو سێ سوورەتەی خوارەوە بە جوانی نیشانی دەدا. کە ڕۆڵی ڕێبازی قیرنئی لەسەر قورئان ڕەوتی پەرەسەندنی ئیسلام تا ئاستێکی زۆر کاریگەری هەبووە.

القرآن – سورة محمد ٤٧: ١٥

> ئەو بەهەشتەی خودا بەڵێنی بە پارێزکارانی داوە. چەندین ڕووباری وای تێدایە، ئاوەکانیان شلوێ نابن. چەند ڕووباری شیری تێدایە، هەرگیز تامی ناگۆڕاوە. چەندین ڕووباری شەرابی پێدا دەڕوا، تا بخۆنەوە کەیفیان پێدێ. چەند ڕووباریش لە هەنگوینی پاڵێوراو هەن. هەر مێوەیەکیش بخوازن،

---

[136] Ibid. 89: 43
[137] Eusebius Pamphilius. Church history. 7: 15. 1904 New York
[138138] Ibid. 7:25

تێیدایه. لەگەڵ لێبووردەیی پەروەردگاریان. چۆن ئەمانە دەبنە هاوتای ئەو کەسانەی هەتاهەتایە، هەر دەبێ لە ئاگردابن. و ئاوی کوڵاویان دەرخوارد بدرێ، کە ڕیخۆڵەکانینان لەت و پەتکا (١٥)

القرآن – سورة يس ٣٦: ٥٥ – ٥٧

ئەوانەی بەهەشتین، ئەمڕۆ سەرگەرمی خۆشین (٥٥) خۆیان و هاوسەرەکانیان لە سێبەر، لەسەر تەخت پاڵیان داوەتەوە (٥٦) لە بەهەشت هەر مێوەیەک داوابکەن، ئامادەیە (٥٧)

القرآن – سورة الدخان ٤٤: ٥١ – ٥٥

پارێزکاران لە شوێنێکی ئارام دان (٥١) لەناو باخ و نزیک کانیاوان (٥٢) لە پۆشاکی ئاوریشمی ناسک و ئەستوور دەپۆشن. بەرامبەر یەکتر دادەنیشن (٥٣) هەروەها کیژانی چاو گەورە و جوان دەکەینە هاوسەریان (٥٤) لەو بەهەشتە دا، گشت جۆرە مێوەیەک بە ئارامی داوادەکەن (٥٥)

بەم بەراوردکردنە، بۆمان دەردەکەوێ بەهەشتی قیرنث، هەمان بەهەشتی قورئانە. کە لە ڕێگای یەهودیە نەساریەکان گەیشتۆتە ناو قورئانی ئیسلام. و بۆتە بەشێک لە پەیامی دین.

ئێریانوس لێیان دەگێڕێتەوە کە گرووپێک لە قیرنثیەکان، بە پێچەوانەی ڕێبازی سەرەکی، ڕایان وابوو یەسو لە پاکیزە نەبووە. ئەوە کارێکی ئەستەمە. بەڵکوو کوڕی یوسف و مریەم بوو. هەروەکوو گشت کەسێکیتر. بەڵام بەهۆی پیرۆزی، ئاژاوەنانەوە و لێزانی، توانی ببێتە

ئەو مرۆڤەی، ڕەوتی مێژوو بگۆڕێ. و ببێتە کەسێکی پیرۆز و بەرزتر. تا لە کۆتایی پەیامەکەشی هەڵکێشرایەوە ئاسمان.[139]

القرآن – سورة النساء ٤: ١٥٧ – ١٥٨

> لەبەر ئەوەی کە دەیانگوت، ئێمە یەسوی کوڕی مریەممان کوشت، کە پەیامبەری خودایە. کەچی نە ئەوان کوشتیان، نە توانیشیان لە خاچیدەن. سەریان لێشێوابوو. نەیانناسی. ئەو کەسانە لەناو خۆیاندا، لەسەر یەسو دووبەرەکیان تێکەوت. لە ڕاکەیان دوودڵبوون، لەسەر کوشتنی. هیچیان نەیانەدەزانی. بێگومان نەیانکوشت (١٥٧) بەڵکوو خودا بۆلای خۆی هەڵیکێشا. خودا هەمیشە خاوەن دەستەڵات بووە و لێزانە (١٥٨)

[139]Eranaeus of Lyon. Against Heresies book1, chapter 3, paragraph 4

# کەسائیە گنووسیەکان

## Elxaisme

ئەوانە لە ترۆپکی گنووسی (سەلەفی) بوون. تەنانەت پەیرەوکارانی بە (اهل العلم) ناودەبران. باوەڕیان وابوو کە کریست وەک هەموو مرۆڤێکیتر وایە. لەلای ئەوان کریست پێش مردنی مرۆڤێکی ئاسایی، ناوی یەسو بووە. گیانی پیرۆز جارێک (دایکە) کریستی مێینەیە. و جارێک جوبرائیلە و نێرینەیە. کەسائی باوەڕیان وایە کە فریشتە لە ناو پەرتووکی ئاسمان لە لەوحی محفوض لە تابلۆی پیرۆز بۆ جوبرائیل دابەزاند. و فێری پەندو پەرجوی کرد. [140]

کەسائیەکان لە ژێر تارمایی گنوسیە هێلینیستیەکان پەیدابوون. ئامانجی سەرەکیان، بەرەنگاربوونەوە. و کەمکردنەوەی هەژموونی ڤێریتیزمی توندڕەو بوو. لەبەر ئەوەی، بەڕای ئەوان کیرنثیەکان، دەیانەویست ڕەوتی یەهودی نەساڕی بەرەو یەهودی حاخامی بگۆڕن.

هیپۆلیت دەنووسێ: کەسائیەکان ژیانی کریستیانی، لەسەر یاسای موسا دەبینن. و دەڵێن هەرکەس، باوەڕداربێ، دەبێ خەتەنە بکرێ. و پەیڕەوی فەرمانەکانی تەورات بکا. [141]

ئیپیفانیوس دەڵێ: کەسائی لە سەرەتادا وەک یەهودی نەساڕی بیری دەکردەوە. بەڵام ئیستا لەو ڕێبازە دەرچووە. فەرمان بە پەیڕەوکارانی دەدا، ئۆڕشەلیم ڕووگەی نوێژیانە، هەروەک

---

[140] الحريری، أبو موسی. قس و نبی ل ٢٦- ٢٧

[141] Hippolyte Taine, Selected writings 9: 14

یەهودی حاخامی. ئەوەی کەسائی لە یەهودی جیا دەکاتەوە، لای ئەوان قەدەخەیە بۆ خودا بەڵاگێڕ بە کوشتنەوە بکەن. و لە جیاتی ئەوە خواردن دەبەخشنەوە.[142]

باوەڕی کەسائی سەبارەت بە نەبیەتی و دەرکەوتنی نەبی دروست و ڕەوا، دوودڵن. ئەوان باوەڕیان وایە، خودا لە ڕوحی خۆی فووی لە ئادەم کرد. و بووە یەکەم نەبی لەسەر دینی ڕاست و ڕەوا. لەبەر ئەوەی ئادەم ڕوحی خودای تێدا گیرسایەوە. بۆیە بەردەوامە تا دەگاتە کریست. [143]

لە باوەڕی کەسائیەکان ڕەگەزی مرۆڤ دوای ئادەم، بە کاریگەری مادە گەندەڵ بوو. (ئەوەش تیورییەکی گنوسییە) دینیشیان گەندەڵکرد. مادەی گەندەڵ لە مرۆڤ، بە تایبەتی ژن ڕەنگی دایەوە. شەهوەت، و تاوان خراپی تێدایە. بەڵام خودا بە سۆزە، بۆ ڕەگەزی مرۆڤ. لە ڕوحی خۆی بۆ نەبییەکانی نارد. تا خۆگربن و پارێزگاری لە دینی ڕاست ڕەوا بکەن. هەروەک هابیل، آخنوخ، ئیدریس، ئیبراهیم، ئیسحاق، یاقوب و موسا.

هیپۆلیت دەڵێ لە باوەڕی کەسائیدا، کریست مرۆڤێکە وەک هەر مرۆڤێکی ئاسایی تر. و هاتووە یاساکانی موسا لە جەستە پاککاتەوە. و بیگوازێتەوە بۆ گیان. واتە پەرستن بە گیان و لە ناخەوە. لەلای ئەوان تەنیا ئەسینی لە ناو یەهودیە نەساڕییەکان گیانین (ڕوح). بەو شێوەیە دەیانەوێ دینی یەهودی نەساڕی بگۆڕن بۆ ئەسینی گنوسی خۆیان. [144]

---

[142] The Panarion of Epiphanius of Salamis. Books I. 19:1:5. Second revised edition. Translated by Frank Williams. Drill. Leiden. Boston. 2013.
[143] Ibid. 53:1:18
[144] Hippolyte Taine, Selected writings 9:14

# ڕۆڵی قەشە وەرەقە لەسەر ووتاری قورئان

نووسەری قورئان بێ پەردە و بە شانازییەوە ئاماژە بە پلەی ڕێزی قەشەی پسپۆر دەکا. ئەوەش گەورەیی مامۆستا و ڕێنماییکەرە بۆی. کە تا چ ئاستێک کاریگەری لەسەر محمد هەبووە.

چەندین جار بە ڕوونی و وەک شانازی، لە ناو ئایەتەکانی قورئان ئاماژەی پێکراوە. با نموونەیەک لە سوورەتەکانی مەککە بێنینەوە. کە تیایدا، شانازی نووسەری قورئان بەرامبەر ئەو پسپۆرانە، بە ڕوونی لە دەربڕینەکانی ڕوون و دیارن:

القرآن الكريم – سورة يونس ١٠: ٩٤

> ئەگەر تۆ لەوەی بۆمان ناردووی بە گومانی. دە لەو کەسانە بپرسە، کە بەر لە تۆ پەرتووکیان خوێندۆتەوە. (٩٤)

مرۆڤ بۆی هەیە بپرسێ ئەو کەسانە کێ بوون، پێش محمد پەرتووکیان خوێندبێتەوە. و لە محمدیش نزیکبن؟. ئەوەندەش شارەزابن ڕێنمایی بکەن، کە قورئان بە شانازییەوە، ئاماژەیان پێبکا؟ بێجگە لە چەند قەشە و ڕەبەنی یەهودی نەساری کەسیتر نەبوون. لەناو ئەوانە وەرەقە کوڕی نۆفل و بحیرا و عداسی نەینەوی، کەسی تری وا نادۆزینەوە، ئەوەندە لە محمد نزیک بووبێ. هەر نووسەری قورئان خۆی دان بەوە دادەنێ.

القرآن الكريم – سورة المائدة ٥: ٨٢

دەبینی نزیکترین لە سۆز و خۆشەویستی بۆ ئەوانەی باوەڕیان هێناوە. ئەوانەن کە دەڵێن: ئێمە نەسرانین. ئەوەش لەبەر ئەوەی هەندێکیان قەشەن و هەندێکیشیان ڕەبەنی (ڕهبان) دیندارن بێگومان ئەوانە لە ڕاستی ڕەواییدا خۆ بە زلزان نین(٨٢)

قەشە وەرەقە بە هۆی نزیکی لە عبدالمطلب و دواتریش لە أبي طالب زۆر لە محمد نزیک بوو. جا هەرکاتێ، محمد لە شتێ تێنەدەگەیشت. یان گومانی لە تێگەیشتنی هەبوایە. بێگومان پرسیاری لە پسپۆڕێک دەکرد. ئەویش قەشە وەرەقە بوو.

ئەوەش بەڵگەیە بۆ ئەوەی، کە محمد مامۆستای هەبووە. و قورئانیش سەرچاوەکەی پەرتووکێکی پێشتر بووە. هەروەها ئەوەمان بۆ ڕووندەکاتەوە کە قورئانی محمد، خوێندنەوەی پەرتووکێکی پێشترە. و ڕەنگدانەوەی ئەو پەرتووکەی پێشتریش لە گوزارە و شێوەی ڕەوانبێژی قورئان بە جوانی دەردەکەوێ. [145]

بۆیە بۆ گەڕان بۆ سەرچاوەی دەقەکانی قورئانی مەککە، بێجگە لە قەشە وەرەقە و ئینجیلی مەتی عیبرانی بیر لە هیچ شتێکیتر بکەیەنەوە.

---

[145] الحريری، أبو موسی. قس و نبی ص ١٠٢

# قەشە وەرەقە و ڕێبازی ئەبیۆنی

بەدیارکەوتنی قەشە وەرەقە لە ڕێبازی ئەبیۆنی و بەتایبەتی وەک کەسایەتییەکی دیار لە ناو هۆزی قورەیش. و سەرەڕای ئەوە کەسێکی دەوڵەمەند بوو، کاریگەرییەکی زۆری، لەسەر ژیانی کۆمەڵایەتی و بەرەوی دینی لە هەردوو شاری مەککە و یەتروب هەبوو. جێبەجێ کردنی نەریت و ڕێنماییەکانی، لەگەڵ کەسایەتی، بەڵگەن بۆ ئەوەی سەر بەو ڕێبازە بووە. بێجگە لەو ڕێنماییانەی دەبینین کاریگەرییەکی قووڵیشی لەسەر نووسەری قورئان هەبووە. ئەوەش لە ڕێگای هامووشۆ و خەڵوەتی لە ئەشکەوتی حەرا لەگەڵ عبدالمطلب، و عثمان بن الحویرث، و عبیداللە بن جحش، و أبی أمیە بن المغیرە و أمیة بن أبی سلط ... و هیتر[146]

إبن هشام لە بیۆگرافیاکەی خۆیدا دەنووسێ: تحنث هەمان تحنف و واتە خەڵوەت کردن و خودا پەرستن بە درێژایی شەوان و کاری خێر و باشەکردن. هەروەها مانگێکی تەواو لە ساڵدا بە رۆژوو دەبوون، نانیان دەدایە برسیان[147].

بەپێی گەواهی گێڕانەوەی پەرتووک و نامەکان. یەهودی نەسارى بەشێوەیەکی بەربڵاو، لە مەککە و حیجاز و سەرتاسەری دوورگەی عەرەبی و وڵاتی شام نەک تەنیا هەبوون، بەڵکوو کاریگەریان لەسەر ڕەوتەکانی کۆمەڵایەتی، دین و بازرگانیش هەبوو. ئەوەش ئەوە دەگەیێنێ، کە خاوەنی پێگە و دەستەڵات بوون لە مەککە و یەتروب و ئاوەدانیەکانیتری حیجاز.

---

[146] السیره الحلبیه ١: ٢٦٠
[147] سیره ابن هشام ١: ٢١٨، ٢٢٢

ئەوەی کە لێرەدا دەبێ بگوترێ، ئەوەیە کە ئەو ڕێبازە نەسڕیەی قەشە وەرەقە کوڕی نۆفل پەیڕەوی دەکرد، جیاواز بوو لەوەی ئەنجومەنی ئۆرشەلیم. کە لە سەردەمی یاقوبی برای یەسو بڕیاری لەسەر درابوو. لە سەر هێندێک پرس هاوڕابوون، و لە هەندێکیتر جیاواز.

جیاوازییەکان : نکۆڵی لە خودایەتی کریست دەکرد. باوەڕی بەوە نەبوو کە کریست کوڕی خودایە. بە لێبڕاوی نکۆڵی لە لەخاچدان و هەڵسانەوەی دەکرد.

هاوڕابوون: لە جێبەجێکردنی یاساکانی تەورات و ئینجیل پێکەوە، خەتەنەکردن و بەرۆژووبوون، باوەڕیان بەوە نەبوو بە تەنیا باوەڕ بە کریست ڕزگاریان دەبێ. باوەڕی یەهودی نەسڕی، قەشە وەرەقە و زۆربەی قورەیش پەیڕەویان دەکرد. ڕەوتی ئەبیونیە بوو. [148]

[148] هەمان سەرچاوە ص ١٩

# مێژوونووسانی موسوڵمان و نەبیەتی محمد

بەپێی ڕاڤەکار و مێژوونووسانی موسوڵمان دەبێ، محمد لەتەمەنی چل ساڵی، ڕۆژێکیان دوای گەڕانەوەی لە ئەشکەوتی حەڕا، بە دیداری جوبڕائیل گەیشتبێ. ئەو دیدارە تاساندوویەتی. و بە ترس و شێواوی. هاتۆتەوە ماڵ. و بە دەنگی لەرزۆک و پەشۆکاوی سەرجەمی چیرۆکەکەی بۆ خەدیجە گێڕابێتەوە. دواتر خەدیجە جلی خۆی گۆڕیێ، و خۆی گەیاندبێتە لای قەشە وەرەقەی ئامۆزای. بە درێژی چیرۆکی بەسەرهاتەکەی محمدی بۆ گێڕابێتەوە. دوای ئەوە قەشە وەرەقە پێی گوتووە:

> پیرۆزە، پیرۆزە. بەو کەسەی گیانی وەرەقەی بەدەستە. ئەی خەدیجە ئەگەر باوەڕم پێ بکەی، وەک ئەوەی بۆ موسا هات. ئەویش (محمد) نەبی ئەو نەتەوەیە. پێی ڕابگەیێنە ئەوە ئێستا سەلمێندرا.[149]

کێشەی سەرەکی ئەو چیرۆکە لەوە دایە. چۆن قەشە وەرەقە زانی؟ ئایا پێشبینی لە خوێندنەوەی ئاینده دەکرد؟

بێگومان ئەو چێرۆکە و چەندین چیرۆکیتری سەیر و سەمەرەی، مێژوونووسانی موسوڵمان باسیانکردووون. بێ بنەمان و تەنیا لە ناو هۆنینەوەی چیرۆکەکانی ئەوان دایاندۆزیتەوە. ئەگینا لە هیچ سەرچاوەیەکیتری دەرەوەی سیرە -و مێژوونووسانی موسوڵمان دەستناکەون.

---

[149] بن هشام ج١، ص ٢٢١، الحلبية ج١، ص ٢٦٢، إبن سعد ج١، ص١١٥

ئێمە ئەوە دەزانین محمد و قەشە وەرەقە بەردەوام هاودەمی یەکتری بوون. هەم خزمایەتیان هەبوو. و هەم هەردووکیان لەسەر دینی یەهودی ناسارێ بوون.

سەرەڕای ئەوە وەرەقە لەکاتی پێویستی ئامۆژگاری محمدی دەکرد، بە تایبەتی سەبارەت بە نەبیە کۆنەکان و وەحی و باوەڕداری لەسەر رێبازی دینی ئیبراهیم. بەڵام گشت ئەوانە، مانای ئەوە نادەن، کە هەر لەو سەردەمە زانراوە محمد دەبێتە نەبی نەتەوەی عەرەب. چیرۆکەکە، بەوەش کۆتایی نایە. و بەردەوام دەبێ. و قەشە بە دڵنیاییەوە هەستی بە ئارەزووی خودا دەکرد و بە خەدیجەی دەیگوت:

> ئەگەر ئەوە ڕاستبێ ئەی خەدیجە، محمد نەبی ئەو نەتەوەیە. دەمزانی ئەو بوونەوەرێکی ئەو نەتەوەیە و نەبی چاوەڕوانکراوە لەو سەردەمە. [150]

با وای دابنێین، ئەوە وەحی بوو بۆ محمد هات. ئەی قەشە وەرەقە چۆن زانی یا هەستی پێکرد. خۆ دەبێ توانای پێشبینیکردنی هەبووبێ، کە نەیبووە!! بە لێکدانەوەیەکی لۆژیک، ئەوە محمد نییە وەحی بۆ هاتووە. بەڵکوو ئەوە مێژوونووسانی موسوڵمانن، بە هۆنینەوەی چیرۆکی بێ بنەما، سەبارەت قەشە وەرەقە. کە وەک جادووێک جیهانێکی خەیاڵی بۆ محمد دروست دەکا.

لەڕاستیدا، ئەوەی قەشە وەرەقە هەوڵیدەدا، محمد فێری ئامۆژگری دین بکا. و چۆن کەنیسە بەڕێوەببا. ئەو چیرۆکانە، لە بنەڕەتدا گشتیان لەلایەن بیۆگرافی و مێژوونووسانی موسوڵمان دروستکراون. ئەگەر قەشە وەرەقە وەک بیۆگرافینووسان دەڵێن پێشبینی نەبیەتی محمدی دەکرد، ئەی بۆ خۆی باوەڕی پێ نەهێنا. و هەر لەسەر دینی یەهودی

---

150 سیره ابن هشام ١ج، ص ١٧٥ - ١٧٧، السیره الحلبیه ١ج، ص ١٥١

نەسارِی مرد. بێجگە لەوە محمد تەنیا ئامرازێک بووە، بۆ هێنانە دی ئەو جیهانەی وەرەقە دەیەویست، نەک محمد.

باشە مرۆڤ پرسیار دەکا: ئەوە لە کوێوە ئەی وەرەقە؟ چۆنت زانی ویستی خودایە؟ ئایا توانای پەرجوو (معجزة)ی پێشبینی کردنی پەیامبەرێکی نوێت هەبوو، کە بتوانی ئاگات لە فەرمانەکانی ئاسمان بێ؟

سەرەرای ئەوە بیۆگرافینووسان بەوەش ناوەستن. و رۆڵی خدیجەش لەو پلانە دیاردەکەن. خەدیجەش بە رێنماییەکانی وەرەقەی ئامۆزای هەروەک لە بیۆگرافیاکان دا هاتووە، دەبێ بەشێک بێ لە پلانی قەشە و ئاگاداری پرۆسەکەش بووبێ:

خدیجە پەیرەوی رێنماییەکانی وەرەقەی دەکرد. [151]

بەلێکدانەوەیەکی لۆژیکانە روونده‌بێتەوە، کە ئەو چیرۆکە و زۆریتریش بێ بنەمان، و سەرلەبەریان دروستکراون. راستە پەیوەندی بەهێز لە نێوان قەشە وەرەقە و محمد هەبووە. تا دەگاتە رێنمایی دینی و فێرکردنی چیرۆکی نەبیەکانی کۆنی ئیبراهیمی، و بەگشتی سەبارەت بە دەقەکانی تەورات و رووداوەکانی. ئەوە رێنمایی و فێرکردنەش بۆ ئەوە بووە تا محمد ببێتە جینیشینی قەشە وەرەقە بۆ سەرۆکایەتی کەنیسەی یەهودیە نەسارِیەکان لە مەککە، و رەنگە یەتروبیش. ئەو پەیوەندییەش لە بەشی داهاتوو، درێژەی پێدەدرێ.

---

[151] الحریری، قس و نبی ل ٧٤ ، السیرە الحلبیە ١: ٢٧٥

# پەیوەندی قەشە وەرەقە و محمد

بۆ تێگەیشتن لە پەیامی قورئانی مەککە، دەبێ بە گرنگی ڕەچاوی ڕۆڵی قەشە وەرەقە کوڕی نۆفل بکەین. لەبەر ئەوەی ئەگەر قەشە وەرەقە، داهێنەری دینە نوێکەی محمدیش نەبووبێ. ئەوا کاریگەرییەکی لە ڕادە بەدەری لەسەر پێگەیاندنی محمد، و ئاراستەکردنی هەبووە. بۆیە ئەگەر بە کورتیش بێ، دەبێ باسێکی ئەو مرۆڤە مەزنە بکەین. کە ڕاڤەکار و بیۆگرافی نووسانی ئیسلام بە مەبەست، تا پێیان کرابێ پەراویزیان خستووە.

هەرچەندە ئێمە زۆر سەبارەت بە ساڵی لەدایک بوون. و ژیانی سەرەتایی قەشە وەرەقە نازانین. بەڵام دەگێڕنەوە کە زیاتر لە سەد ساڵ ژیاوە. ئەوەش دوور نییە. چونکە هاوڕێ و هاوبیری عبدالمطلبی باپیرەی محمد بووە. و یەک لە حەنەفیە هەرە لە پێشەکانی شاری مەککە بوو. [152] هەر ساڵێک بۆ خودا پەرستی، لە ئەشکەوتی حەرا لەگەڵ عبدالمطلب، باپیرەی محمد و چەندین حەنەفی تر خەڵوەتیان دەکرد. [153] بە گوێرەی سەرچاوەکانی ئیسلامی و نائیسلامی قەشە وەرەقە مامۆستا، و ڕێنوێنی محمد بووە، بۆ پرسە دینییەکان. هەروەها محمدی، فێری زانیاری لەسەر دین و نەبیەکانی پێشتر دەکرد. بەتایبەتی تەورات و ئنجیل. سەبارەت بەو چیرۆک و ئەفسانانەی، سەبارەت بە نەبیەکانی پێشتر هاتبوون. [154] قەشە وەرەقە هەر لە منداڵییەوە محمدی دەناسی. و بەتایبەتی لە ساڵانی گەنجی، ئەرکی پەروەردەکردن، و پێگەیاندنی لایەنی ڕوحی کەوتبووە سەرشان. ئەوەش قۆناخیکی گرنگ

---

[152] سيرة الحلبية ١: ٢٧٤
[153] ط. الحلبى (١٩٧٣). نوادر المخطوطات. تحقيق عبدالسلام هارون جلد ١ ص ٣٢٧
[154] حوار المتمدن

بوو لە ژیانی محمد. بەتایبەتی ڕاهێنانی ڕەوانی (ڕوحی). و پێگەیاندنی بە زانیاری دینی. لە بنەڕەتدا، ئەوە پلانێکی کۆن بوو. کە هەر لە منداڵیەوە بۆ ئامادەکردنی محمد دانرابوو. لەبەر ئەوەی هەم گەنجێکی زیرەک و ڕەوانبێژ بوو، و هەمیش لە بنەماڵەیەکی ناودار و دەوڵەمەدبوو. بە ئاسانی لە لەلای گشت بنەماڵەکانی قورەیش لە مەککە و ئەتروب، بۆ سەرۆکایەتی کەنیسەی یەهودیە نەسلڕیەکان پەسند دەکرا.

قەشە وەرەقە لە ڕووی زانیاری دین و پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان، بلیمەتێکی بێ هاوتابوو. توانیبووی بە شێوەیەکی پتەو تۆڕێکی کۆمەڵایەتی لە دەوری محمد دروست بکا. تا لەڕێگەی ئەو تۆڕە بتوانێ بەشێوەیەکی فرە ڕەهەندی و گشتگیر، لەلایەک محمد بۆ ئەوکێکی پڕبەرپرسیارێتی ئامادە بکا. لەلایەکیتر هەنگاو بە هەنگاو لەسەر زانیارییەکانی دین و سرووشت پەروەردەی بکەن. [155]

ئەو کەسانەی لەناو ئەو تۆڕە دابوون. و یارمەتی قەشەیان دەدا. و گوێیان لە فەرمان و بانگهێژەکانی دەگرت. هەروەها ئاگایان لە پلانەکانیشی هەبوو، چەند کەسێکی نزیکی محمد و قەشە وەرەقە بوون. گرنگترینیان خدیجە ژنی محمد، أبو طالبی مام و سەرپەرشتیاری محمد، ئەبو بەکری سدیق برادەری گیانی بەگیانی محمد. هەروەها بلوکی خدیجە دوای ڕەزامەندی لەسەر هاوسەرگیری محمد و خەدیجە، و عمرو برای خدیجە بوون. گشت ئەو کەسانە لە پلانی ئامادەکردنی محمد بە شێوەی جۆراوجۆر بەشداربوون. سەرەڕای ئەوە ڕاهب بوحیرا کە مەترانی نەسارییەکان لە شاری بوسری لە شام دادەنیشت. هەروەها ڕاهب عداسی نینوی. هەر یەک لەوانە بەپێی توانا و ئەو ڕۆڵەی پێی درابوو، لەسەر شانۆ،

[155] الحریری،أبو موسی. قس و نبی ل ٦٠

بۆ ئەنجام دانی پرۆسەی سینارۆکە دەردەکەوتن. کەچی دەرهێنەری شانۆ و خاوەن بڕیار تەنیا قەشە وەرەقە بوو. ئەوانی تر گشتیان هەریەک بەپێی پێویست، و ئارەزووی قەشە وەرەقە یارمەتیان دەدا. پێشبینییەکانیش لەسەر ئایندەی محمد لە گشت لایەکەوە، وا رێکخرابوو. بەپێی پەرتووکی پیرۆزی تەورات، بۆ کاریگەتربوون، لەسەرزمانی جادوو و کاهین، انس و جن، و درەخت و بەرد. جۆرەکانی گیانداران، پاشا و ناوداران، و فریشتە و مرۆڤ دەسووڕایەوە. ئەوەش بێ دوودڵی لە پەرتووکەکانی سیرە و ڕاڤەکاران دووبارە دەبوونەوە و ناویان دەهێنان و چیرۆکیان لەسەر دەگێڕانەوە. [156]

ئەو پلانەش پێش هاوسەرگیری محمد و خەدیجە بووە. ئەو کاتەی هێشتا محمد بازرگانی بۆ خەدیجە دەکرد، لە هاتوچۆی بۆ شام. وەک خزمەتکارێکی جێ متمانە، هەموو ئەو شتانەی کە بەسەری دەهاتن و بینیبوونی بۆ خەدیجەی دەگێڕانەوە. هەر دوای ئەوە، خەدیجە بەپەلە دەچووە لای قەشە وەرەقە. و سەرلەبەری هەواڵ و بەسەرهاتەکانی بۆ دەگێڕایەوە. کە خزمەتکارەکەی لەو سەفەرە چی بینیوە. [157]

بیۆگرافینووسان بەسەرهاتێک سەبارەت بە خەدیجە دەگێڕنەوە: دەڵێن خدیجە تا دەهات بە تێکچوونی محمدی مێردی، زیاتر سەخڵەت دەبوو. هەمیشە پێیەکی لای وەرەقە بوو، ئەویتری لای عەداسی نەینەوی بوو. دوایی ڕۆژێکیان سەربردەی بەسەرهاتی مێردەکەی بۆ عەداس گێڕایەوە. عەداس پێی گوت:

> ئەی خەدیجە، ڕەنگە شەیتان هاتبێتە مێشکی و تێکی بدا. ئەو پەرتووکە ببە، بۆ مێردەکەت فڕێبدە. ئەگەر شێت بووبێ، ئەوە شەیتانی لێ دەردەچێ. ئەگەر

[156] الحریری، قس و نبی ل ٧٣ ، السیره المکیه ١: ١٨٣، السیره الحلبیه ١: ٣٦٧
[157] ابن هشام ١:١٧٥، امل فی التاریخ ٢:٣٩، الحلبیه ١: ١٤٧- ١٥٢، ابن الکثیر، السیره النبویه ١: ٢٦٨

لای خوداوە هاتبێ هیچ زیانی پێ ناگەیێنێ. [158]

هەرچەندە لە بەردەوامی چیرۆکەکەدا دەڵێ، دوای ئەو دیدارەی لەگەڵ عەداس، خەدیجە پەرتووکەکەی هنا و گەڕایەوە لای مێردی. بەڵام لەوە زیاتر بەردەوام نابێ، ئاخۆ خەدیجە ڕێنمایی عەداسی جێبەجێکردووە یان نا!! یان دەرئەنجامەکەی چۆن بووە.

هەر لەو جۆرە چیرۆکانە بەردەوام دەبن. و دەڵێن هەر جارەی ئایەتێکی نوێ بۆ محمد دەهات. ئەوەندە دوودڵ و تەنگاو دەبوو. و جێگای پێ نەدەما و دەلەرزی. جارێکیان، لەو کاتەی خەریکی ئامۆژگاری و پەند دادان بوو، دەستی بە لەرزین کرد. دەم و چاوی سوورهەڵگەڕا، نێوچەوانی ئارەق لێدەچۆڕا. تووشی دڵ لێدانی بەهێز بوو. گەڕایەوەماڵەوە بە پشێوی و ترس چووە لای خەدیجە. پێی گوت دامپۆشە، دامپۆشە بە جل و بەرگی گەرم. دوای ئەوەی هێور بووەوە خەدیجە لێی پرسی چی ڕوودیداوە. ئەویش بۆی گێڕایەوە. خەدیجە گوتی:

نەخێر بە خودا، خودا ئەگەر مزگێنی بێ، خودا شەرم لە تۆ ناکا . [159]

بیۆگرافینووسان بەردەوام دەبن: دوای هێوربوونەوەی محمد، خەدیجە وەک هەمیشە خۆی دەگەیاندە لای پسپۆڕی خودایی، وەرەقەی ئامۆزای. و پێی گوت:

ئەی مام گوێ لە برازات بگرە. مەبەستی ئەوەبوو وەرەقە گوێ لە محمد بگرێ.

دوای ئەوە وەرەقە محمدی بینی و پرسیاری لێکرد: برازای خۆم، چی دەبینی؟

---

[158] قس و نبی ل ٧٨. السیره الحلبیه ١: ٢٦٨

[159] الحریری، أبو موسی. قس و نبی ل ٨٠

محمد ئەوەی دیبووی بۆی گێڕایەوە. قەشە وەرەقە دووبارە گەشایەوە، گۆتەکەی خۆی دووبارەکردەوە:

ئەو یاسایە کە بۆ موسا دابەزی، ئەوە جارێکی تری لەسەرزیادکرد. خۆزگەم من لقێک بام لێی و لە سەردەمی ئەو بانگهێژە.[160]

ئەوەی جێی پرسیارە، ئەگەر جوبرائیل هاتبێ، هەڵبەتە بە مەبەستی پەیام پێدان بووە. بۆ بەو شێوە ترسێنەرە هاتووە. و وەک جۆکە دواندوویەتی. بۆ بە شێوەیەکی نەرم و خۆی نەدەناساند و پەیامی پێ نەدەدا؟ یان بۆ خەدیجە هەمیشە بۆ لای قەشەکانی یەهودی نەسارێ ڕای دەکرد؟ گشت ئەو دیاردانە دوورن لە ڕاستی. بەڵکوو ئەوە قەشە وەرەقەیە هەر جارەی پەیامێکی نوێ دەداتە محمد، بۆ ئەوەی لە بەرامبەر خەڵکی موژدەبدا، و ترس گرتوویەتی و تا دەگاتە شێوان و لەرزین. ڕەنگە لە ترسی هەڵەی گەیاندنی موژدەکەبووبێ. یان هەر شێوەیەک لە نەخۆشی فێگرتنی هەبووبێ، و لەو کاتانەی ویستوویەتی پەیامەکەی بگەیێنێ، گرتوویەتی.

بۆیە سەردان بۆ لای قەشە وەرەقە و ئامۆژگارییەکانی، بووبوونە سەرچاوە بۆ هێوربوونەوەی محمد و خەدیجە. بۆیە دەبینین دوای ماوەیەکیتر. محمد تەنیا بە چوونی خەدیجە ناوەستێ. و خۆی ئەو هەنگاوەی هەلگردەگرێ. و لەگەڵ ئەبو بەکری سدیق سەردانی قەشە وەرەقەدەکا. و داوایڕاڤەی ئەو تەنگاوی و دل لێدان و خەیاڵ بڵاویەیان لێکرد. نازانێ لە کوێ دێن، کێن و مانایان چیە؟ محمد بە وەرەقەیڕاگەیاند کە ئامۆژگاری بکات. گوتی:

ئەو کاتەی کە بە تەنیا لە خەڵوەت دام، لە پشتمەوە گوێم لە دەنگێک بوو ئەی محمد، ئەی محمد، دوایی وەک لە زەوی ڕۆبچێ وابوو.

---

[160] السيره الحلبيه ١: ٢٦٣ و ٢٦٧، تاريخ الطبرى ٢: ٢٩٨ – ٢٩٩، الحريرى، قس و نبى ل٨١

هەرچۆنی بێ قەشە وەرەقە ئامۆژگاریکرد و ڕەنمایی دایە. کە هێمن بێ، سام نەیگرێ و ئارام بێ. پێی گوت:

هیچ مەکە. کاتی بۆ لات هات، بوەستە و گوێبگرە چی دەڵێ. ئەوسا وەرەدەر. [161]

دوای ماوەیەک لەو هەڵومەرجە خەدیجە بەوەش نەوەستا. بۆ دڵنیابوون نامەیەکی بۆ بحیرای ڕەبەن، لە شاری بەسری لە شام نووسی. و پرسیاری جوبرائیلی لێکرد. خدیجە ووتی مێردم (بعلي) و وەرەقەی ئامۆزام هەواڵیان پێدام کە پێی گەیشتووە. لە وەڵامدا بحیرا نووسی:

پیرۆزە، پیرۆزە. ئەی گەورەی ژنانی قوڕەیش. من بەو ناوە بانگت بکەم؟

ئەوەش بەڵگەیە، کە بحیرای ڕەبەنیش. بەشدارە لە پلانی ئامادەکردنی محمد، لەلایەن قەشە وەرەقە. بۆیە ڕاستەو خۆ، وەک بەشێک لە پرۆسەی پلانەکە. بۆیە بە گەورەی ژنانی قوڕەیش ناوی خەدیجە دەبا. و بێ سێ و دوو، بە پیرۆز، پیرۆز دەست پێدەکا.

قەشە وەرەقە خاوەنی گەنجینەیەکی مەزنی زانیاریی بوو، لەسەر دینەکان. زۆر بە کرامەیی و بە ئارەزوو، بۆ بەرژەوەندی یەهودیە ناسارییەکان کاری دەکرد. هەرئەوەش بوو دەیەویست محمد ئامادەبکا، بۆ بەردەوامی و سەروەری دین.

ئەوەش بەڵگەیە کە وەرەقە بەزیرەکی خۆی، پلانی بۆ ئایندەی محمد، و پرۆسەی چۆنییەتی ئەنجامدانی دانابوو، و پەیڕەوی دەکرد. کە هەنگاو بە هەنگاو دەقەکانی ئینجیلی عیبرانی بۆ

---

161 الحریری، قس و نبی ل ٧٧ ، الحلبیە ١: ٢٦٣

مۆژده ده‌دانه محمد. كه دوایی محمد له‌سه‌ر ڕێنماییه‌كانی قه‌شه به شێوه‌ی ڕه‌وانبێژی بیانكاته‌ڕێنمایی بۆ خه‌ڵك. و هه‌ر ئه‌و ده‌قانه‌ی ئینجیلی مه‌تی عیبرانی، بوونه قورئانی مه‌ككه.

## مردنی قه‌شه و هه‌تیو بوونی محمد

به‌پێی بیۆگرافینووسان ده‌بێ محمد له ته‌مه‌نی ٤٠ ساڵی ده‌ستی به بانگهێژ/مزگێنی كردووه. چوار ساڵ دوای یه‌كه‌م بانگهێژی محمد، هێشتا وه‌ك پێویسته، له پرۆسه‌ی قوتابیه‌تی ده‌رنه‌چووبوو. قه‌شه وه‌ره‌قه كۆچی دوایی كرد. واته كه قه‌شه وه‌ره‌قه مرد محمد ته‌مه‌نی ٤٤ ساڵ بوو. له‌و ده‌مه‌وه كه‌س نه‌ما ڕێنمایی و ئامۆژگاری بكا، ده‌قه‌كانی ئینجیلی بۆ ئاماده بكا. به‌وه‌ش محمد تووشی شۆك بوو. وه‌ك شێتی لێهات. خه‌مۆكی ته‌نگی پێ هه‌ڵچنیبوو. و هه‌میشه له‌به‌ر خۆی قسه‌ی ده‌كرد. [162]

كاریگه‌ری مه‌رگی قه‌شه وه‌ره‌قه، له‌سه‌ر محمد بێ ئه‌ندازه بوو. له قۆناخی یه‌كه‌م وه‌ك شێتی لێهات. ته‌نانه‌ت خه‌ونی پێوه ده‌بنینی. جارێكیان په‌یامبه‌ر ده‌ڵێ:

> من قه‌شه‌م بینی، واته وه‌ره‌قه له به‌هه‌شت. جلێكی ئاوریشمی له‌به‌ردابوو

له‌ریوایه‌تێكی تر ده‌ڵێ:

> بینیم. بینیم جلێكی سپی له‌به‌ردابوو. وای بۆ ده‌چم ئه‌گه‌ر دۆزه‌خی بوایه، نه‌ده‌بوو جلی سپی له‌به‌ردابوایه. [163]

---

162 الحريري، أبو موسى، قس و نبى ص ٣٥

163 الحريري، أبو موسى، قس و نبى ل ٤٢، كتاب السيرة الحلبيه ١: ٢٧٤

مردنی قەشە وەرەقە، کاریگەری بە ئاشکرا سەر محمد دانابوو. تا ئەو ڕادەیەی، توانای ئەوەی نامابوو، چیتر بانگەیژی بکا. دوای ئەوە بۆ ماوەیەک، پەیامبەر نە باسی جوبرائیلی دەکرد و نە پەیامێکی نوێ پێبوو. تەنانەت لە عائیشە دەگێڕنەوە کە گوتوویەتی:

کە قەشە وەرەقە مرد وەحیش وەستا. ئەو گێڕانەوەی عائیشە، لە صەحیحی بوخاریش داهاتووە: کە وەرەقە مرد سرووش (وحی) بڕایەوە. [164]

لەو گێڕانەوەی پرۆسەی دین و هۆنینەوەی بیۆگرافینووسان. نالۆژیکی بە ئاشکرا دیارە. هەر بیۆگرافینووسان خۆیان دەڵێن محمد لەتەمەنی ٥٣ ساڵی بوو کە عائیشەی تەمەن ٨ ساڵی هێنا. بەوپێیەش کە عائیشە لەدایک بوو، محمد تەمەنی ٤٥ ساڵ بوو قەشە وەرەقەش ساڵێک پێشتر مردبوو. چونکە کە قەشە وەرەقە مرد محمد تەمەنی ٤٤ ساڵی بوو. کە عائیشە قەشەی نەدیبێ چۆن زانی کە قەشە مرد، وەحی وەستا. یان چۆن زانی قەشە ئینجیلی عیبرانی وەردەگێڕێتە سەر زمانی عەرەبی. لەبەر ئەوە هیچ لە ڕاڤەکار و بیۆگرافینووسان ناڵێن عائیشە لە کەسێکیتر گوێی لێبووە. دەڵێن عائیشە وای گوتووە. ئەوەش نابێتە جێی متمانە.

دەرئەنجامی ئەو بەڵگانەی سەرەوە، دەگەینە ئەو باوەڕەی کە بەلای کەمی، لە قۆناخی مەککەدا محمد بانگەیژی دینێکی نوێی نەکردووە. بەڵکوو موژدەدەرێکی دینی یەهودی نەسارێ بووە. و کە قەشە وەرەقەش مرد ئیتر کەس نەما دەقەکانی ئینجیلی عیبرانی بۆ ئامادە بکا. و ڕێنمایی بۆ بانگەیژی بکا. تەنانەت وەک کەسایەتیەک بۆ سەرۆکایەتی پەرستگای یەهودی نەسارێ پەروەردەی بکا. بۆیە لەو کاتە بەدواوە، نە محمد پەیامی پێما و نە دینی

---

[164] الحريري، كبو موسى، قس و نبى ل ٤١

یەهودی نەسرانیش توانی وەک خۆی بمێنێتەوە. سەرەڕای ئەوەش ژیانی محمد، دوای چەند ساڵی تر بە مردنی ئەبی طالب و خدیجە خراپتر بوو. جیاوازیەکانی پەیام و کەسایەتی محمد بەتەواوی لە دوای کۆچ بۆ یەترب بەدیار کەوتن.

## مەرگی وەرەقە و سەرەتای قۆناخێکی تر

بۆیە ئەگەر بە گومانەوە سەرنج بدەین، بۆمان دەردەکەوێ، کە محمد دوای مردنی قەشە، دەستی ئاوەڵا بووە. شێوەی ئایەتەکانیش گۆڕان. تا دەهات قۆناخێکی نوێ لەژیان و پەیامی محمد بەدیاردەکەوت. بۆیە دەتوانین بڵێین تا قەشە وەرەقە، ئەبی طالب و خدیجە مابوون، بیرۆکەی دینێکی نوێ لە ئارادا نەبووە. نە قەشە وەرەقە باوەڕی بە پەیامبەرایەتی محمد هەبووە. نە محمدیش لەو قۆناخەدا کە سەرەتای بانگهێڕ بووە، باوەڕی بەوە هەبووە کە نەبی بێ. تەنانەت ئەبی طالب باوەڕی بەوە نەبووە کە محمد نەبی بووبێ. هەرچەندە مێژوونووسانی موسوڵمان دەڵێن خەدیجە یەکەم کەس بووە باوەڕی بە محمد هێناوە. کەچی ئەوەش جێی گومانە و تەنیا بۆی هۆنراوەتەوە.

لەجیاتی ئەوە لۆژیکترە کە قەشە وەرەقە دەیەویست محمد ببێتە جێنیشینی لەسەرۆکایەتی کەنیسەی نەسارییەکانی مەککە، تا برەو بە کاری خودایی لەناو عەرەب بدا. هەردووک ئەبی طالب و خدیجەش پاڵپشتی تەواوی بوون. چونکە گەورەیی قورەیش لەناو هۆزە عەرەبیەکان هەر لە سەردەمی قصي بن كلاب شتێکی بەڵگە نەویست بوو. ئەوانیش دەیانەویست لەو قەیرانەی دوای مەرگی عبدالمطلب ئالترنەتیڤێکی بەهێز بدۆزنەوە، کە محمد بوو. تا بتوانێ هەم پارێزگاری لە بەردەوامبوونی ڕێبازی یەهودی نەسارێ لە حیجاز

بکا. و هەوڵبدا ڕەوتەکانی بەنی ئیسرائیل و باوەڕیان و پەرتووکەکانیان، لە دەوری خۆی کۆبکاتەوە. هەم  توانای و پایەی کۆمەڵایەتی بنی هاشم، لەناو هۆزە عەرەبەکانی دوورگەی عەرەبی  بەرز ڕابگرێ. کە ئەوەش خۆزگەی گشت لایەکیان بوو، بۆ بەردەوامی مەزنی هۆزی قورەیش، و بنەماڵەی بنی هاشم. بەتایبەتی خەونی یەهودیە نەسڕیەکان، بۆ گەشانەوەی ڕێبازە دینیەکەیان لە حیجاز. تا گەڕانەوە بۆ خاکی پەیمان [165]

## ئایا محمد لە مەککە دینێکی نوێی دروستکرد؟

لێرە دەکرێ هەڵوێستەیەک لەسەر ئەو پرۆسەیە بکرێ کە بۆگرافینووسان هۆنیویانەتەوە. و پرسیارێک بوروژێندرێ:

- چۆن محمدزانی لە پێش ئەو وەحی هاتووە؟

- یا مامۆستایەکی پسپۆر و بلیمەت محمدی فێری ووردەکاری دین و مێژووی نەبیەکانی پێشترکرد. کە دواتر بە گیانی توورەی کۆمەڵایەتی و دینی، کۆمەڵی دوورگەی عەرەبی سەراوژێرکا. [166]

گریمانەی یەکەم ئەستەمە. چونکە محمد هیچ کام لەزمانەکانی عیبری و نە ئارامی نەزانیوە، تا ئەو شتانەی لە قورئان دا هاتوون سەبارەت بە داستانی نەبیەکانی تر. و هەواڵ و چیرۆک و ڕووداوەکانی ناو پەرتووکەکانی پێشتر، یاساکانی تەورات، پەند و ئەفسانەکان. و ڕێنماییەکانی ئینجیل لە ناو قورئان بۆ دینە نوێکەی تۆماربکا.

---

[165] الحريري، أبو موسى،  قس و نبی  ص ٨٧

[166] الحداد، يوسف درة، قرآن دعوة نصرانية ص ١٢١

بەڵام گریمانەی دووەم، زۆر ڕێی تێدەچێ. محمد هەمیشە متمانەی بەردەوامی لەسەر کەسێک هەبوو، کە زانیاری پەرتووکەکانی پێشتری پێبوو. پرسیاری لێدەکرد، ڕەنمایی لێ وەردەگرت. ئەوەش لە قورئان بە ئاشکرا ئاماژەی پێکراوە. [167]

القرآن – سورة الرعد ١٣: ٤٣

> ئەوانەی بێ باوەڕن و پێت دەڵێن، تۆ پەیامبەرنی. تۆش پێیان بڵێ خودا و کەسێک کە زانستی پەرتووکی لەلایە، بۆ گەواهی نێوان من و ئێوە بەسە (٤٣)

ناوەڕۆکی ئەم ئایەتە بە ڕوونی پێمان دەڵێ. ئەو کەسەی، لە نزیکی محمد بوو. هامووشۆی بەردەوامی لەگەڵ دابوو. سەرەڕای ئەوە مامۆستاشی بوو. بێجگە لە قەشە وەرەقە لە مەککە کەسی تر نییە. هەر ئەویش بەپێی ڕاڤەکار و مێژوونووسانی موسوڵمان ڕێنمایی دەکرد و فێری ئینجیل و تەوراتی دەکرد. ئەو گریمانەیە هیلاری بیلوچ پشتڕاستی دەکاتەوە، و دەڵێ:

> ئیسلام وەک لاڕێ (گومڕا) دەستی پێکرد. پاڕۆگاری لە سیمای یەهودی بە باوەڕۆکێکی نوێ و یەکتاپەرستی و ڕەها دەکرد. کە بەگشت شێوەیەک کریستیانی بەرجەستەکردنی خودا و کریستی (یەسو) ڕەتدەکردەوە، و بە تەنیا مرۆڤی دادەنا. [168]

---

[167] هەمان سەرچاوە ص ١٢٢

[168] Hilaire Belloc, What kind of Religion is Islam

# ئینجیلی عیبرانی

(ئەو ئینجیلەی نەسلڕیەکان پەیڕەویان دەکرد)

ئینجیلی عیبرانی (یا ئینجیلی مەتی عیبرانی) کە تا ئێستاشی لەگەڵ دابێ، لەلایەن هیچ ڕاڤەکارێکی موسوڵمان باسنەکراوە. و تا لە توانایان دابووبێ پەراوێزیان خستووە. بەڵام بە پێچەوانەوە لەلای مێژوونووسانی کەنیسە وەک هەر ئینجیلێکی تری ئەپۆکریفی (منحول) باسیکراوە. و گەواهی بۆ بوونی دەدەن. لەو مێژوونووسانە ئێریانووس مەترانی لیۆن (٢٠٨ س.ب مردووە). ئێکلینزۆسی ئەسکەندەری (٢١٦ س.ب مردووە)، ئۆسابیوسی قەیسەرری (٣٤٠ س.ب مردووە) مردووە، ئەبیفانیوس مەترانی قوبرس (٤٠٣ س.ب مردووە)، هەروەها سانت جیرۆم (٤٢٠ س.ب مردووە). [169]

ئەوسابیۆسی قەیسەری دەڵێ:

> لە ڕوانگەی ئەو عیبریانەی باوەڕیان بە یەسو هێنا، ئینجیلی عیبری ڕاستترین ئینجیل بوو. ئەوانە سەرجەم نەرێتەکانی یەهودیان دەپاراست، پەیڕەوی یاساکانی تەوراتیان دەکرد. باوەڕیان وابوو، دەربازبوون تەنیا بە کریست نابێ، بەڵکوو هەروەها دەبێ بەپێی یاساکانی موساش بێ. [170]

---

[169] الأناجيل المنحولة، الكنيسة الشرق (٨) ترجمة اسكندر شديد، دير سيدة النصر، (٢٠٠٤) ص ٩٧

[170] هەمان سەرچاوە

ئەبیفانیوس ئەسقەفی قوبرس، سەبارەت بە ئینجیلی عیبری ئەوەی لەسەر زیاد دەکا و دەڵێ:

> سەبارەت بە ئەبیونیە نەسارییەکان، لە چوار سەد ساڵی یەکەمی کەنیسە، ئەبیونیەکان باوەڕیان بە ئینجیلی مەتی هەبوو. متمانەیان تەنیا بەو دەکرد. و پێیان دەگوت ئینجیلی عیبرانی و ئینجیلی مەتی. [171]

هەموو تەقەللای یەهودیە نەسارییەکان بۆ ڕازیکردنی یەهودیە حاخامەکان، ئەوە بوو باوەڕ بە یەسو بێنن. بەڵام کە سەر نەکەوتن، کەوتنە هێرش و تاوانبارکردنیان. ئەوەش لە قورئانی مەدینە بەڕاشکاوی دەخوێنینەوە.

القرآن الكريم – سورة البقرة ٢: ٨٧

> ئێمە پەرتووکمان دا بە موسا. و چەند پەیامبەری تریشمان لە دوای ئەو ناردن. چەند بەڵگەی ئاشکراشمان دانە عیسای کوڕی مریەم. لە گیانی پیرۆزی خۆشمان هاوکاریمان کرد. تاکوو ئێستا، هەر پەیامبەرێکتان بۆ هاتبێ، خۆتان لەو بەزلتر زانیووە. و بە هەندکیانتان گوت درۆزن و هەندێکیشتان هەر کوشتن (٨٧)

ئەو بەڵگەنامە و سەرچاوانەی لەبەر دەستدان، کە لە سەرەتای ئیسلام، سەرچاوەی ئەدەبی ئیسلامین، و بە زمانی عەرەبی نووسراون. بێجگە لە چەند سەرچاوەیەکی دەرەوەی بازنەی دین. ئەوانەش شێوەیەکی قووڵ و فراوانیان نەداوەتە بابەتەکە. تا بتوانین، لە گۆشەنیگای ئەوانەوە مێژوویێکی ڕوون ببینین.

[171] هەمان سەرچاوە

کەواتە ئەو پەرتووکە بە هەراوەی لەسەر قورئان و ئیسلام و محمد نووسراون. گشتیان یەک لایەنەن. و تەنیا پێداهەڵگوتنن. ئەو جۆرە پەرتووکانەش ناتوانن بەتەنیا بکرێنە پاشخانی لێکدانەوەیەکی قووڵ، بۆ ژیان و ژینگەی مەککە. و کاریگەری لەسەر کەسایەتیی محمد، و دواتریش دەقەکانی قورئان.[172]

لە سەدەی هەشتەمی زایینی، بۆ نموونە ڕاڤەکاری قورئان مقاتل بن سلیمان ( ٧٦٥ س.ب مردووە) بە ئارەزووی خۆی سەبارەت بە دابەزینی ئایەتەکانی قورئان دەدوێ. بەبێ ئەوەی هیچ بەڵگەیەک بۆ پشتڕاستکردنەوەی دەربڕینەکانی بخاتە ڕوو.

زۆربەی گێڕانەوەکانی سەرەتای هاتنی ئیسلام. کە مەبەستی مێژووییان هەبووبێ، بەشێوەیەکی ڕێکوپێک نەگەیشتوونەتە ئێمە. بەڵکوو تەنیا لە ڕێگای پەرتووکی دواتر. بەلای کەمی تا ٦٣٢ س.ب. بەمانای ١١ کۆچی. ئەو ساڵەی بە پێی لێکدانەوەی پیۆگرافی نووسانی موسوڵمان، وا دادەنرێ ساڵی مردنی نەبی محمد بووبێ.

## ئینجیلی عیبرانی و قورئان

شتێکی سەرسوڕهێن نیە، ئەگەر بڵێین، فێرکردن و هوشیارکردنەوەی دینی لە مەککە. و ئامادەکردنی بە ئەو پەرتووکەی کە ورەقە خەریکی وەگێڕانی بوو بۆ عەرەبی بەستراببووەوە.

---

[172] Alfred-louis de Prémare (2002) The foundations of Islam, between Writing and History. Pp 14

و هەر خۆشی (وەرەقە) بە هەمان پەرتووک محمدیشی پەروەردەدەکرد. و تەواوی هیوای لەسەر بنیات نابوو. ئەوەش لە چەندین ئایەتی قورئان، بە روونی ئاماژی پێکراوە. کە کەسانێک هەن، ئەو گرنگیە نوێیە دیاردەکەن. کە نەبی وەدەستی هێنابوون و خۆی لەسەر رادەهێنان.

لەلایەکیتر هەر لەو سەردەمەدا، قەشە وەرەقە ئینجیلی عیبرانی کە تا ئەو دەمە بە زمانی ئارامی بوو، بە شێوەی تەرگوم وەردەگێڕایە سەر زمانی عەرەبی. دوای ئەوە هەر جارەی ئایەتێک یان چەند ئایەتی بۆ محمد ئامادە دەکردن. و شێوەی دەربڕین و لیتۆرگی محمد بۆ بانگهێژەکەی لە چوارچێوەی ئامۆژگاریی و ڕێنمایی قەشە دابوون، بەوەش ئینجیلە وەرگێڕدراوەکە، دەبووە سەرچاوەیەک بۆ محمد و بانگهێژەکەی لە سەردەمی مەککە. [173]

هەر ئەوەشە وایکردووە، لە ناو زۆر ئایەتی جیاجیای قورئانی مەککە، ڕاستەوخۆ ئەو شتانە دووبارە بوونەتەوە. کە لە ئینجیلی عیبرانی دابوون.

لەسورەتی فصلت ناڕاستەوخۆ ئەوە دەدرکێنێ، بەڵگە بۆ ئەوە دێنێتەوە، کە ئەگەر تەرگومی عەرەبی نەبوایە. و دەقەکان هەر بە عەجەمی بان. ئەوە باوەڕدارانی عەرەب گلەییان دەکرد. بۆ بە زمانی عەرەبی نین تالێی تێبگەین.

القرأن الكريم – سورة فصلت ٤١: ٤٤

> ئەگەر ئەم قورئانەمان بە عەجەمی بناردبایە، دەیانگوت، ئایەتەکانی بە ڕوونی شرۆڤە نەکراون.(٤٤)

---

[173] صحيح بخارى ١: ٣٨ – ٣٩، صحيح مسلم ١: ٧٨ – ٧٩، أغانى للأصفهانى ١: ١١٤، ابن كثير سير: نبوية ١: ٣٨٦، قس و نبى ٩٥

له سورەتی (هد) بە ڕاشکاوی دان بەوە دادەنێ، کە ئایەتەکانی قورئان لەلایەن پسپۆڕێک ڕوونکراونەتەوە. ئەو پسپۆرەش بێجگە لە قەشە وەرەقە ناتوانێ کەسێکیتر بێ.

القرأان الكريم – سورة هد ١١: ١

الر، پەرتووکێکە ئایەتەکانی بە پتەوی داڕێژراون. دواتر لەلایەن کارزانی کرامە ڕوونکراونەتەوە (١) بێجگە لە خودا هیچی تر مەپەرستن. منیش بۆتان ئاگادارکەرەوە و مژدە دەرم (٢) [174]

له قورئاندا بە ڕاشکاوی دەڵێ: محمد هیچی لەسەر نییە. تەنیا ئەرک و ئاسانکاری، لە پەیامی پێشتر کە بۆی مانەتەوە بڵاو دەکاتەوە.[175]

ئەو بەڵگانە، گشتیان ئەوە دەسەلمێنن، کە قورئانی عەرەبی لە ڕاستیدا عەجەمیە، واتە بریتییە لە ڕوونکردنەوەی ناوەرۆکی پەرتووکەکانی پێش خۆی، کە بەزمانی تر هاتبن. و هیچی نوێی تێدانەبێ. محمدیش تەنیا ئەوەی لەسەرە، خەڵکی عەرەب لە ناوەرۆکی پەرتووکەکانی پێش خۆی ئاگادار کاتەوە. تا تێی بگەن. و گلەیی و ڕەخنەیان نەبێ.

---

[174] آ.ل.ر : کورتکراوەی (إمر لي ربو) ئارامیە. واتە پەروەردگار فەرمانی پێداوم

[175] الحريرى، أبو موسى، قس و نبى ص ١١٩

# شێوەی وەرگێڕانی ئینجیلی عیبرانی

وەرگێڕانی ئینجیلی عیبرانی لە ئارامییەوە بۆ عەرەبی، کە قەشە وەرەقە پێی هەڵدەستا. بەشێوەی تەوگوم بوو. واتە وەرگێڕانی ووشە و ڕستە نەبوو، وەک وەرگێڕانی هاوچەرخ. بەڵکوو هەروەکوو قورئان خۆی دەڵێ ڕوونکرنەوە، ڕاڤەکردن و ڕاستاندن بووە. ئەو شێوەیەش واتە خوێندنەوەی بە ئارامی ڕوونکردنەوە و ڕاڤەکردن و گەیاندنی پەیامەکەی بە زمانی عەرەبی.

لەو کاتەدا، لەلایەن یەهودیە نەسارییەکان و باڵەکانی تری کریستیانی باوبووە. ئەگەر بەراوردێک لە نێوان پەیمانی نوێ ئینجیلی مەتی ١٢: ١٨ و تەناخ – ئەشعیا ٤٢: ١ بکەین. بۆمان دەردەکەوێ کە ئەوەش زیاتر لە ڕاڤەکردن و بەوگری و ڕوونکردنەوەیە. و مەبەستی سەرەکیش گەیاندنی پەیامی دینی بووە، نەک وەرگێڕان وەک هونەری هاوچەرخ.

دەتوانیین بڵێین قورئانی عەرەبی (مەبەست قورئانی مەککەیە) ڕوونکردنەوەی ئینجیلی عیبرانیە، کە قەشە وەرەقەش بۆ محمد وەریدەگێڕا (ڕوونی دەکردەوە). و بە شێوەی لیتورگی دەیدایە نووسەری قورئان تا بۆ پەیامەکەی بەرامبەر خەڵکی دووبارەیان بکاتەوە.[176] ئەوەش نووسەری قورئان خۆی دانی پێدادەنێ، کە قورئان کراوەتە عەرەبی:

---

[176] الحريري، أبو موسى، قس و نبی ل ١٠٠

القرآن الكريم – سورة الزخرف ٤٣: ٣

لەڕاستیدا، ئێمە قورئانمان کردۆتە عەرەبی، بۆ ئەوەی لێی تێبگەن (٣)

با بۆ زیاتر تێگەیشتن لە چۆنیەتی مێتودی تەوگوم، سەرنجێکی ئەو دووبارەکردنەوەیە بدەین کە مەتی بۆ ئینجیلەکەی، لە پەرتووکی ئەشعیا وەریگرتووە. دەبینین مەبەستی سەرەکی پەیامی دەقی ئەشعیایە و هیچیتر.

پەیمانی نوێ – ئینجیلی مەتی ١٢: ١٨

ئەوەتا خزمەتکارەکەم، ئەوەی هەڵمبژاردووە. خۆشەویستم کە پێی دڵشادم، گیانی خۆمی دەخەمەسەر. جاڕی دادپەروەری بۆ نەتەوەکان دەدا.

تەناخ – پەرتووکی ئەشعیا ٤٢: ١

(١) ئەوەتا خزمەتکارەکەم، ئەوەی پشتیوانی دەکەم، هەلبژاردەکەم کە پێی دڵشادم، گیانی خۆمی دەخەمە سەر. دادپەروەری بۆ نەتەوەکان دێنێتە ئارا.

جا ئەو کاتەی قەشە وەرەقە خەریکی تەرگومی ئینجیلی عیبرانی بوو. ڕاڤەی دەقەکانی بۆ محمد ڕادەگواست. و وەک ئایەتی ئاسمانی لە زمانی فریشتە، محمد بۆ یاوەرانی دووبارەی دەکردەوە.

# تەرگوم یان تەرگومیم و پاشخانی مێژوویی

ئەگەر بە چاوێکی وورد و ڕەخنەگرانە، بەناو مێژووی دینە ئیبراهیمیەکاندا شۆڕببینەوە. بە ئاسانی هەست بە دووبارە بوونەوەی دەقەکانی پەرتووکە پیرۆزەکانیان دەکەین. ئەو دووبارە بوونەوەیەش، هەمیشە دەقاودەق نییە. بەڵکوو بەشێوەی گوزارە دەردەبڕێ. و لە بواری مێژوویەوە پێ دەگوترێ (تەرگوم کۆی: تەرگومیم) Targum: Targumim یان بە زمانی عەرەبی (ترجوم)

دەستپێکردنی تەرگوم لە نێوان زمانی عیبری و ئارامی، لە ساڵی ٥٩٧ پ.س.ب ئەو کاتەی کلدانیەکان، یەهودییەکانیان لە خاکی خۆیان بە کۆیلەیی هێنانە بابل. و دواتر لە ساڵی ٥٨٧ پ.س.ب جارێکیتر هێرشیان کردەوە سەر ئۆرشەلیم و داگیرکردەوە. پەرستگایان ڕووخاند و سەرجەمی شاریان سوتاند.

دواتر یەهودیەکان لە بابل، لە دیلی دەژیان. و هەنگاو بە هەنگاو خەریکی کاری ڕۆژانەبوون. بە هۆی هەلومەرجی کۆمەڵایەتی و جوگرافی. لەناو یەهودیەکان لەسەرخۆ، زمانی ئارامی جێگای عیبری دەگرتەوە. منداڵەکانیان لە جیاتی عیبری فێری ئارامی دەبوون.

لە بابل نە پەرستگایەک و نە پەرتووکێکی پیرۆز هەبوو. بۆیە ماڵێکیان دروستکرد، بە ناوی ماڵی کۆبوونەوە. کە بۆ پەرستن تێیدا کۆدەبوونەوە. لە پاڵ ئەوەش پێشڕەوانی دین خەریکی ئامادەکردنی دەقە پیرۆزەکانی یەهودی بە زمانی ئارامی بوون. شێوەی ئامادەکردنەکە ناوی

لێنرا تەرگوم. واتە وەرگێڕانی دەقێک بە شێوەی ڕوونکردنەوە. کە زۆربەی جار وەرگێڕ، بۆ گونجاندنی دەقەکە لەگەڵ زمان و کولتووری زمانە نوێکە، خۆی شت لە دەقەکە دەگۆڕی یان لێی زیاد دەکرد. [177]

لە سەرەتادا ئەو دەقە (تەرگوم)انە لەلایەن پێشڕەوانی دین دانیان پێدا نەدەنرا. بەڵکوو تەنیا وەک ئەدەبی دینی گەلێری چاولێدەکران. بەڵام دوایی بۆ دەقەکانی دەرەوەی تەورات وەک پەرتووکەکانی نەبیەکان و تێکستەکان پەسندکران. تەرگوم  یان تەرگومیم لە ناوچەکانی یەمەن تا ماوەیەکی زۆر دواتر، هەر بەردەوام بوون.

ئایەتەکانی قورئان، لە ژێر کاریگەری سەرچاوەکانی یەهودی نەسارێ نووسراونەتەوە. بۆیە ئەگەر بەراوردێکی سەرتاسەری ئایەتەکان، لەگەڵ سەرچاوەکانی نەسارێ بکەین، بۆمان دەردەکەوێ. زۆربەی ئایەتەکانی قورئانی مەککە، لە سەرچاوەکانی یەهودی نەسارێ کۆپیکراون.

---

[177] Philip S. Alexander, (1992) “Targum, Targumim,” in The Anchor Bible Dictionary, ed. David Noel Freedman (New York: Doubleday), 6:320–31

# تابلۆی پارێزراو لە قوڕئان

لەوەش زیاتر، سەرچاوەی قوڕئان بێجگە لە تەورات ناتوانێ، پرتووکێکیتر بێ. بەکار هێنانی (لوح المحفوض)ە لە قوڕئان. کە سەرچاوەیەکی یەهودی نەساڕیی بووە. نووسەری قوڕئان بەردەوام لە ڕێگای قەشە و ڕەبەناکانی ئەبیونی وەک سەرچاوە بۆ ئایەتەکانی بەکاری هێناون. سەرەڕای ئەوە لە چەندین ئایەت نووسەری قوڕئان دانی بەوەداناوە، کە ئەو پەرتووکە لە پەرتووکەکانی پێشتر داهەیە. و شتێکی نوێ نییە.

القرآن الكريم سورة الأعلى ٨٧: ١٨ – ١٩

> ئەوە لە پەرتووکەکانی پێشوودا هەیە (١٨) پەرتووکەکانی ئیبراهیم و موسا (١٩)

یان

القرآن الكريم – سورة النمل ٢٧: ٦٨

> ئێمە و باوکانی پێشووترمان، ئەو بەڵێنەمان پێدراوە (٣٦) کە لەڕاستی تەنیا ئەفسانەی پێشینانە (٣٧)

بۆیە با سەرنجێکی نزیکتر، سەبارەت بە زاراوەی تابلۆی پارێزراوی (لوح المحفوظ) بکرێ. ئەوەی جێگای سەرنجە مێژوونووس و ڕاڤەکارانی موسوڵمان لەسەر ئەو تابلۆیە بە سەدان چیرۆکیان هۆنیوەتەوە. لێرەدا قسەی چەند ڕاڤەکارێکی موسوڵمان دەنووسینەوە.

طبری دەڵی ئەو تابلۆیە لە نێوچەوانی ئیسڕافیل هەڵکۆڵراوە. کەچی إبن کثیر لەوەش زیاتر دەڕوا. و دەڵێ: تابلۆیەکی لە مرواری سپیە، درێژی لە نێوان ئاسمان و زەویە. پانی لە نێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوایە. چوارچێوەکەی مروارییە. ناوەوەی مرواری سوورە. پێنووسەکەی تیشکە و ووشەکانی پەیمانن بە تەخت...... هتد [178]

فتح الباري دەڵێ تابلۆی پارێزراو لە سەرووی تەختە (عرش) [179]

القرطبي دەڵێ تابلۆیەکە لە مرواری سوور، لەلای سەرەوەی تەخت (عرش) قایمکراوە [180].

مقاتل دەڵێ تابلۆی پارێزراو لەلای ڕاستی تەختە (عرش). [181]

سیوطی لە إبن عباس دەگێڕێتەوە: خودا تابلۆی پارێزراوی لە ماوەی سەد ساڵ دروستکرد. [182]

ئەوە بەگشتی لێکدانەوەی ڕاڤەکار و مێژوونووسانی موسوڵمانە. کە خۆشیان نەدەزانن باسی چیدەکەن. نە لەسەر ئەوە هاوڕان تابلۆی پارێزراو چیە، و لە کۆیە. لەلایەکیتر لەناو دەقەکانی قورئان ڕاستەوخۆ جارێک ناوی (لوح المحفوظ البرج ٢٢) هاتووە، جارێکیش بە (کتاب مکنون الواقعة ٧٨) هاتووە، کە دەبێ سەرچاوەی هەڵێنجانی ئایەتەکانی قورئان بن.

سەرەڕای ئەوە چەندین ئایەتی تر هەن ،کە بە خوێندنەوەیان بۆمان دەردەکەوێ، مەبەستیان هەمان ئەو تابلۆیەیە، کە وەک سەرچاوە ئایەتەکانی قورئانی لێ وەرگیراون. و

---

[178] إسماعيل بن عمر بن كثير القرشي الدمشقي، البداية والنهاية. دار عالم الكتب. ٢٠٠٣م. ص٢٦

[179] تفسير القرطبي، جامع لأحكام القرآن،الجزء ١٩، ص٢٩٨.

[180] فتح الباري شرح صحيح البخاري لأبي الفضل العسقلاني ج ١٣ ص ٥٢٦

[181] تفسير القرطبي، جامع لأحكام القرآن،الجزء ١٩، ص٢٩٨.

[182] السيوطي، الدر المنثور في تفسير المأثور، الجزء ٦، ص٧٤

بەردەوامیش قورئان ستایشی ئەو سەرچاوەیە دەکا. و وەک سەرچاوەیەکی بەنرخ ناوی دێنێ. بەپێی لێکدانەوەی موسوڵمانان، ئەو تابلۆیە دەبێ گشت زانیارییەکانی لەسەر چارەنووسی مرۆڤ و سرووشت و گەردوون بە گشتی تێدابێ.

القرآن الكريم – سورة البرج ٨٥: ٢١ – ٢٢
ئەو قورئانە شکۆدارە (٢١) لە تابلۆ پارێزراوە (٢٢)

القرآن الكريم – سورة الواقعة ٥٦: ٧٧ – ٧٨
ئەوە قورئانێکی بەرێزە (٧٧) لە پەرتووکێکی شاراوەدایە (٧٨)

لە قورئان تەنیا ناوی دێنێ و وەک سەرچاوەیەکی قورئان باسی دەکا. بۆیە بۆمان دەردەکەوێ مێژوونووس و ڕاڤەکارانی موسوڵمان ئەو لێکدانەوانەیان بە ئارەزووی خۆیان کردووە. هیچ بنەڕەتێکی لۆژیکی یان زانستی تێدانییە.

بەڵام ئەگەر بە چاوێکی وورد و ڕەخنەگرانە، بەناو مێژووی دینە ئیبراهیمیەکاندا شۆڕببینەوە. بە ئاسانی هەست بە دووبارە بوونەوەی دەقەکانی پەرتووکە پیرۆزەکانیان دەکەین. ئەو دووبارە بوونەوەیەش، هەمیشە دەقاودەق نییە. بەڵکوو بەشێوەی گوزارە و دەردەبڕینی ئازادانە بووە. و بە ئارەزووی خۆیان شتیان لێ گۆڕیووە، یان لەسەریان زیادکردووە. ئەو شێوە وەرگێڕانە، لە بواری مێژووییەوە پێ دەگوترێ (تەرگوم. کۆی: تەرگومیم) Targum: Targumim.[183]

[183] Philip S. Alexander, (1992) "Targum, Targumim," in The Anchor Bible Dictionary, ed. David Noel Freedman (New York: Doubleday), 6:320–31

دەستپێکردنی تەرگوم لە نێوان زمانی عیبری و ئارامی، لە ساڵی ٥٩٧ پ.س.ب ئەوکاتەی کلدانیەکان، یەهودییەکانیان لە خاکی خۆیان بە کۆیلەیی هێنانە بابل. و دواتر لە ساڵی ٥٨٧ پ.س.ب جارێکیتر هێرشیان کردەوە سەر ئۆرشەلیم و داگیرکردەوە. پەرستگایان ڕووخاند و سەرجەمی شاریان سوتاند.

دواتر یەهودیەکان لە بابل، لە دیلی دەژیان. و هەنگاو بە هەنگاو خەریکی کاری ڕۆژانەبوون. بە هۆی هەڵومەرجی کۆمەڵایەتی و جوگرافی. لەناو یەهودیەکان لەسەرخۆ، زمانی ئارامی جێگای عیبری دەگرتەوە. منداڵەکانیان لە جیاتی عیبری فێری ئارامی دەبوون.

لە بابل نە پەرستگایەک و نە پەرتووکێکی پیرۆز هەبوو. بۆیە ماڵێکیان دروستکرد، بە ناوی ماڵی کۆبوونەوە. کە بۆ پەرستن تێیدا کۆدەبوونەوە. لە پاڵ ئەوەش پێشڕەوانی دین خەریکی ئامادەکردنی دەقە پیرۆزەکانی یەهودی بە زمانی ئارامی بوون. شێوەی ئامادەکردنەکە ناوی لێنرا تەرگوم. واتە وەرگێڕانی دەقێک بە شێوەی ڕوونکردنەوە. کە زۆربەی جار وەرگێڕ، بۆ گونجاندنی دەقەکە لەگەڵ زمان و کولتووری زمانە نوێکە، خۆی شت لە دەقەکە دەگۆڕی یان لێی زیاد دەکرد.[184]

لە سەرەتادا ئەو دەقە (تەرگوم)انە لەلایەن پێشڕەوانی دین دانیان پێدا نەدەنرا. بەڵکوو تەنیا وەک ئەدەبی دینی گەلێری چاولێدەکران. بەڵام دوایی بۆ دەقەکانی دەرەوەی تەورات وەک پەرتووکەکانی نەبیەکان و تێکستەکان پەسندکران.

[184] آل عيسى، د. محمد. تاريخ الإسلام المبكر ص ٦٩

ئەو دەقانە بەگشتی لە پەرتووکێک کۆکرانەوە، بە ناوی تەوراتی ئارامی. و لە ناوچەکانی شام، کە زمانی فەرمی ئارامی بوو. پارێزگاری لێدەکرا. کە دواتر لە کەنیسەی گەورەی ئەنتاکیا پارێزرا. و یەهودیە نەسارپەکان وەک سەرچاوەیەکی باوەڕ پێکراو، بەردەوام بۆ دەگەڕانەوە. هەرچەندە ئەو تەوراتە بەهۆی وەرگێڕانی بەشێوەی تەرگوم، و گونجاندنی لەگەڵ مەبەستی سیاسی و جوگرافی، جیاوازی لەگەڵ تەوراتی عیبری هەبوو. کەچی یەهودیە نەسارپەکان، چەندین چیرۆک و ئەفسانەیان لەو تەوراتە ئارامیە وەرگرتوون. هەر ئەوەش وایکردووە چیرۆکی نەبیەکان و ئەفسانەکانی کۆن لەگەڵ چیرۆک و ئەفسانەکانی تەوراتی عیبری ناکۆک بن. ئەوەش سەرچاوەی ئەو تاوانانەیە، کە قەشە و ڕەبەنەکانی یەهودی نەسارِی تەوراتی عیبری پێ تاوانباردەکەن. کە گوایە گۆڕانیان لە دەقەکانی تەورات داکردووە. دوای ئەوەی دینی یەهودی نەسارِی گۆڕا بۆ ئیسلام، بە هەمان شێوە ڕێبەرانی موسوڵمان، لەسەر ئەو تاوانبارکردنە هەر بەردەوام بوون. وەک میراتێک هەمان شتیان دووبارە دەکردەوە.

لە قورئاندا لە چەندین ئایەت دان بەوە دادەنێ کە تەورات پەرتووکێکی مەزنە و پێشڕەوە بۆ قورئان.

سورة هود ١١: ١٧

> ئاخۆ کەسێک لە پەروەردگاری خۆیەوە بەڵگەی ڕوونی پێدراوە، و گەواهێکیش لەلایەن خوداوە بەشوێنیا هاتووە. و پەرتووکی موساش بەرلەوە، پێشڕەو (إماما) و جێی بەزەیی بوو باسی دەکا. بۆ ئەوانەن باوەڕی پێدێنن. و هەرکەسیش لەو کۆمەڵانە نکۆڵی لێبکا، جێگای ئاگرە، سا تۆ لێ بەگومان مەبە. ئەوە ڕاستە و لە پەروەردگارتەوەیە. کەچی زۆربەی ئەو خەڵکە باوەڕ ناکەن. (١٧)

سەرنج بدە چۆن قورئان، پەرتووکی موسا بە پێشڕەو (إماما) ناودەبا، ئەوەش بەڵگەیە بۆ ئەوەی قورئان، تەورات بە چاوساخ و پێشڕەوی خۆی دەزانێ. سەرەڕای ئەوە، بە دەیان چیرۆک و ئەفسانەی کۆن لەسەر نەبی و پیرۆزییەکانی دینی یەهودی لە قورئان دووبارە بوونەتەوە. کە لە زۆربەیان لادانێک یان یان لەگەڵ تەوراتی عیبری هەیە. ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو تەرگومەی بۆ چیرۆکەکە کراوە. بۆ نموونە لە چیرۆکی سلێمان و شاژنی سەبا. گێڕانەوەی قورئان، جیاوازە لەگەڵ تەورات. لە جیاتی ئەوە نووسەری قورئان لە تەرگومی دووەمی پەرتووکی ئێستەر چیرۆکەکەی وەرگرتووە. سەرەڕای نووسەری قورئان، هەندێک ووردەکاری ناو تەرگومی دووەمی ئەستیری گۆڕیووە.

سورة المائدة ٥: ٤٣

جا چۆن ئەوانە دێنەلات، کە بە کێشەیان ڕابگەی. لە کاتێکدا تەوراتیان هەیە، کە فەرمانی خودای تێدان. کەچی دوای ئەوەش لە پێڕاگەیشتنەکەی تۆ خۆ دەبوێرن. خۆ ئەوانە بە باوەڕدارنین (٤٣)

لەو ئایەتە نووسەری قورئان بە ئاشکرا گەروەیی تەورات و پیرۆزی لەسەر قورئان دەردەبڕێ. ئەگەر باوەڕ بە تەورات نەکەن چۆن باوەڕ بە قورئان دەکەن.

سورة المائدة ٥: ٤٨

دەبا خەڵکانی ئینجیلیان لەلایە، بەپێی ناوەرۆکی کە خودا ناردوویەتە خوار فەرمان بدەن. ئەو کەسانەی لەو فەرمانانەی خودا ناردوویەتیە خوار لابدەن، دیارە ئەوانە لە سەرپێچیکەرانن (٤٧)

لێرەدا نووسەر تەنیا بە تەورات ناوەستێ بەڵکوو ئینجیلی عیبرانیش کە یەهودیە نەساڕیەکان بەکاریان دێنا. وەک پەرتووکێکی مەزن و سەرچاوەیەکی پیرۆز دەبینێ. تێبینی: لێرەدا ناوی

تەنیا یەک ئینجیل دێنێ، ئەگەر مەبەستی ئینجیلەکانی قانوونی کریستیانی با ئەوە دەبوایە بە کۆ ناوی بردبان.

بە کورتی تابلۆی پارێزراو لە ئاسمان نییە و لە مرواری و دوڕ و گەوهەریش نییە. بەڵکوو تەوراتی تەرگومی ئارامییە لە کەنیسەی گەورەی ئەنتاکیا، کە سورەت و ئایەتەکانی قورئانی لێ کۆپیکراون.

## قورئان باسی یەک ئینجیل دەکا

ئەمڕۆ لە هەوکەسێک سەبارەت بە ئینجیل، بپرسی. یەکسەر دەزانی بێجگە لە چوار ئینجیلی قانونی زیاتر لە بیست و پێنج تا سی ئینجیلی ئەپۆکریفیشمان هەن. و تا دێ هیتریش دەدۆزرێنەوە. کەچی قورئان تەنیا باسی یەک ئینجیل دەکا. [185]

هەڵبەتە نووسەری قورئان باش دەیزانی، کە لە یەک ئینجیل زیاتر هەن. بەڵام ئەو ئینجیلەی کە قورئان و نووسەرەکەی، ئەو بەها گەورەییەی پێ دەبەخشێ. و بەرێزەوە ناوی دەبا. تەنیا ئینجیلی عیبرانییە. کە قەشە وەرەقە خەریکی تەوگومی بوو. و یەهودیە نەسرانییەکانی ئەبیۆنیش پەیڕەویان دەکرد. ئەمەش نموونەیەک، سەبارەت بەوەی قورئان باسی یەک ئینجیل دەکا.

القورآن الكريم – سورة المائدة ٥: ٤٦

---

[185] الحريري، أبو موسى، قس و نبی ل ٣٦

له شوێن ئەوان عیسای کوڕی مریەممان نارد. که باوەڕی به تەورات هەبوو.
که پێشتر لەو هاتبوو، ئینجیلیشمان بۆ نارد (٤٦)

## یەهودی نەساڕی و ئیسلام دوو ڕووی یەک دراون

لێرەدا جێگەی ئاماژە پێکردنە، که دینی تاک و دینی به کۆمەڵ پەیوەندییەکی هاوتەریبی توندیان پێکەوە هەیە. وەک پەیوەندی نێوان تاک و کۆمەڵگە تەواوکەری یەکترین. و تاک هەمیشە له چوارچێوەی کۆمەڵ دەبینرێ. لەلایەک وەک تاکێکی ئازاد و لەلایەکیتر، پابەند به نەریت و یاساکانی کۆمەڵگە. ئەوەش یەکەیەکی بنەڕەتییە، که کۆمەڵگەی لەسەر بنیات دەنرێ.

لەو ڕوانگەیەوە، کۆمەڵگە و نەریتەکانی بڕیاردەرن، که تاکەکانی چۆن ڕێز له پیرۆزیەکان بگرن. و ریتوالەکانیش وەک هاودەنگی تاکن و گوزارەن لەسەر ئەوەی که ئەو تاکە له چوارچێوەی ئەو کۆمەڵگەیەدایە. به هەمان شێوە تێگەیشتنی تاک له دیاردەکانی دین، له ژێر تارمایی دیاردەکانی پیرۆزی کۆمەڵایەتین. بۆیە تاک وەک کولتوورێکی بۆماوە ئەو پیرۆزیانە وەردەگرێ، که بەشێکن هەڵوکێشە کۆمەڵایەتیەکان. وەک ئاراستەیەکی دەروونناسی کۆمەڵایەتی پێی پەروەردەدەکرێ. لێکۆڵینەوەکانی دەروونناسی ئەوە نیشان دەدەن، که گشت پیرۆزییەکان، لای مرۆڤ، له کاردانەوەی بەرامبەر ژینگەی کۆمەڵایەتی سەرچاوە دەگرن. ئەوەش بەڵگەیە، بۆ ئەوەی، دین بەرهەمی کۆمەڵگەیە و دیاردەکانی میتۆلۆژی و پیرۆزییەکانیشی، گوزارەن له نەریتەکانی کۆمەڵگە و پەیڕەوکردنیان. ئەو شێوەیەش دیاردە

سەرەتاییەکانن بۆ ژیانی دین. [186]

قورئانی ئیسلامیش لە هەناوی کۆمەڵگەی یەهودی نەسارِی چاوی هەڵێناوە. و لە زۆر بابەتی گرنگ، وەک کۆپیەکی ئینجیلی عیبرانییە. بۆ نموونە سەبارەت بە یەسوی کریست و دایکی و گیانی پیرۆز. چاکە کردن و بەخشین. لە گشتیان گرنگتر سەبارەت بە ڕۆژی هەڵسانەوە. ئەو بابەتانە چۆن لە قورئان هەن بە هەمان شێوە لە ئینجیلی عیبرانیش بە شێوەیەکی یەکجار لەیەکچوو هەن. [187]

دکتۆر جەواد علی سەبارەت بە باوەڕی ئەبیۆنی دەڵێ: باوەڕیان بە تاکە خودا هەبوو، کە ئەفرێنەری گەردوونە، نکۆڵیشیان هەروەک ئیسلام لە ڕێبازی پاولۆسی نێردە دەکرد. باوەڕیان وابوو کریست مرۆڤێکی وەک ئێمە ئاسایی بووە. و خودا هەڵیبژاردووە ببێتە نەبی. وەک گشت نەبیەکانی تری بەنی ئیسرائیل. [188]

لە قورئان خۆی دان بەوە دادەنێ کە محمد نەیدەزانی پەرتووک چییە و باوەڕ چییە؟ ئەگەر کەسێک ڕێنمایی نەکردبایە:

القرآن الكريم – سورة الشورى ٤٢: ٥٢

تۆ نەت دەزانی پەرتووک کامەیە و باوەڕ چیە. بەڵام ئێمە ئەوەمان کردە مەشخەڵێک و ڕێنمایی هەرکەسی پێدەکەین بمانەوێ (٥٢)

---

[186] Durkheim, Emile (1995) The elementary forms of Religious .lifeTranslation and Introduction by Karen E. Fields

[187] الحريري، أبو موسى، قس و نبي، ص ١٠٠

[188] علي، د. جواد (١٩٩٣) المفصل في تاريخ العرب قبل الإسلام. الطبعة الثانية. جامعة بغداد. ج ٦ ص ٦٣٥

به لێکدانەوەیەک بۆ پاشخانی محمد. وەک نەسڕیەک، هەروەها پەیوەندی نزیکی بە قەشە وەرەقە بن نوفل، بە ئاسانی لە مەبەستی ئەو ئایەتە، تێدەگەین. کە مەشخەڵی ئەو ڕەنماییانە، کێن و چیان ویستووە فێری بکەن. هەر ئەوەش ئەوەمان بۆ ئاشکرا دەکا، کە قورئانی عەرەبی، کۆمەڵگەی ئیسلامی، ناتوانن لە دەرەوەی کۆمەڵگەی یەهودی نەسارِی و ئینجیلی عیبرانی بن.، کە قەشە وەرەقە هەم وەریدەگێڕا و هەم ئامۆژگاری و ڕێنمایی محمدی پێدەکرد. و محمدیش بە زمانی خۆی و پەخشان ئاسا بۆ خەڵکی دەگوتەوە. [189]

بەڵگەیەکیتری زۆر گرنگ، کە دەیسەلمێنێ محمد تا داگیرکردنی مەکەش هەر لەژێر کاریگەری باوەری نەسارِی دابووە.

لە ڕۆژی داگیرکردنی مەککە محمد چووە ناو بەیت. و فەزلی کوری عەباسی کوری عبدالمطلبی نارد، کە ئاوای زەمزەم بێنێ. دوایی فەرمانی دا، قوماشێک تەڕکەن و ئەو وێنانەی لەسەر دیواری کەعبە دروستکرابوون، پێ ڕەشکەنەوە. دوایی دەستی لەسەر دوو وێنەدانا گوتی بێجگە لەوانەی لە ژێردەستم دان، ئەوانیتر هەمووی لەناوبەرن. کە دەستی بەرزکردەوە وێنەی عیسا و مریەمی دایکی بوون[190].

هەر لەبەر ئەو هۆیانەی سەرەوە قورئانی مەککە و ئینجیلی مەتی عیبرانی، دوو ڕووی یەک دراون. واتە قورئان تەرگومی ئینجیلی عیبرانییە بۆ عەرەبی. تا نەتەوەی عەرەب لێی تێبگەن.

---

[189]الحريري، أبو موسى، قس و نبی ص ٣٠

[190] هەمان سەرچاوە، ص ١٩

# کولتوور و ئەدەبی عەرەب لە قورئان

هەرچەندە دینی یەهودی نەسارێ و ئینجیلی عیبرانی بنەڕەتی قورئانن. و سەرچاوەن بۆ زۆر ڕەهەندی بەردەوامی نووسەری قورئان. بەتایبەتی یاساکانی موسا، لە قورئانی مەککە، بە ئاسانی دەدۆزرێنەوە. سەرەڕای ئەوە، نابێ ئەوەش لەبیربکرێ، کە کولتوور و نەرێتە باوەکانی دوورگەی عەرەبی کە بە قووڵایی پەیوەندیە کۆمەڵایەتییەکان و ئاکارەکانی تاکی عەرەبی لە ژینگەی نووسەری قورئان توانیویانە مۆرکی خۆیان بەسەر ئایەتەکانی قورئان و کەسایەتی نووسەری قورئاندا بسەپێنن.

# کولتوور و نەرێتەکانی عەرەب لە قورئاندا

دینی ئیسلام وەک میرات، سەرجەمی کەلەپوور و نەرێت و کولتوورەکانی دوورگەی عەرەبی، لە سەردەمی پێش پەیدابوونی ئیسلامیش، بە شێوەیەکی ئاسایی خزاندوونەتە ناو شەریعەتی ئیسلام و ئایەتەکانی قورئان. بە واتایەکیتر سەرجەمی جۆمگەکانی کۆمەڵایەتی باوی ئیسلام، لە بوارە جیاجیاکانیدا. میراتی ڕاستەوخۆی سەردەمی جاهیلین. ئەوانەش بەبێ دەستکاری، لەسەریان بەردەوام بووە. بۆ نموونە ڕەوشت، کۆمەڵایەتی، یاسا و سیاسەت و زمان. هەندێك لەو شتانە، بە بێ گۆڕان هاتنە ناو ئیسلام. و وەک خۆیان مانەوە. هەندێك نەرێتی تریش، بە هەمان ناوەرۆک. بەڵام تەنیا ناوەکانیان گۆڕین.[191]

---

[191] عبدالکریم، خلیل (١٩٩٠) الجذور التاریخیه للشریعه الاسلامیه. سینا للنشر. ص ٩

١ له بواره‌كانی دینی و كۆمه‌ڵایه‌تی و ئابووری و سیاسی و دادوه‌ری و هتد. گۆڕانكاری بنه‌ڕه‌تی، نه‌ریت و یاسا كۆنه‌كان. و داهێنانی نه‌ریت و كولتووری نوێ، له جیاتی ئه‌و میراته‌ی عه‌ره‌ب پێشتر هه‌یبوو. دوای هاتنی ئیسلام بنبڕكردنی، كارێكی ئه‌سته‌م بوو. [192]

بۆ نموونه

هه‌رسێ زیناكردن، دزی و شه‌رابخواردنه‌وه له‌سه‌رده‌می جاهیلی وه‌رگیراوه. ته‌نانه‌ت سزادانه‌كانیش القصاص، والدیه و القسامه و العقله ... هتد.[193]

٢ كاتی ئیسلام هات پیرۆزی كه‌عبه و مه‌ككه هه‌ر وه‌ك خۆی مایه‌وه و له قورئانیش چه‌ندین نازناوی به مه‌زن زانین و پیرۆزكردنی لێنراوه. ته‌نانه‌ت به شوێنێكی دڵنیا ناوی براوه له سوره‌تی ال عمران ئایه‌تی ٩٧ ده‌ڵێ ( ومن دخله كان آمنا)

ئه‌وه‌ی بچێته ناوی (په‌نای بۆ به‌رێ) دڵنیایه (یان پێویست ناكات له‌هیچ بترسێ)

## ٣ حه‌ج و عومره

له پێش ئیسلام خه‌ڵكی له مانگی ذی الحجه، عه‌ره‌ب، بۆ به‌جێگه‌یاندنی ئه‌ركی حه‌ج ئه‌و نه‌ریته، تا ئێستاش موسولمانان هه‌ر له‌سه‌ری به‌رده‌وامن.[194]

ئه‌وه ته‌نانه‌ت دووباره‌كردنه‌وه‌ی چه‌ند ڕسته‌یه‌ك بۆ ستایشكردن، یان به‌كارهێنانی كه‌له‌پووری پێشتری دوورگه‌ی عه‌ره‌بی، له‌وانه:

---

[192] هه‌مان سه‌رچاوه ص ١٢

[193] هه‌مان سه‌رچاوه ص ٩

[194] هه‌مان سه‌رچاوه ص ١٦- ١٧

شرك بالله تبارك و تعالى، و پۆشینی بەرگی تایبەتی، و جێبەجێکردنی نەرێتە تایبەتییەکان و وەستان. کاتی ئیسلام هات ئەو شتانەی بە میرات وەرگرت و بە هەمان ناوەرۆك و هەمان ناو.[195]

ئیسلام ئەرکی حەج، نەرێتی عەمرە، پیرۆزکردنی کەعبە، پیرۆزکردنی مانگی ڕەمەزان و حەرامکردنی سێ مانگ.[196]

هەر لەبەر ئەوە دەبێ بڵێین: عەرەب ماتریالی بنەڕەتی ئیسلامە، بۆیە ئیسلام قەرزاری عەرەبە، و دینێکی عەرەبیە.[197]

سەرەڕای ئەوەش زۆر پێشتر لە یەهودیە نەسارپەکان و دواتریش ئیسلام، ٢١ کەعبە لە دوورگەی عەرەبی هەبوون، هۆزە عەرەبییەکان بە گشتی مکوڕبوون لەسەر ئەوەی سەردانی کەعبە بکەن و ئەرکی پیرۆز ئەنجام بدەن. بە حەزەوە حەجیان بۆ دەکرد.[198] مەرج نەبوو کەعبەی مەککەبێ یان کەعبەیەکیتر. ئەوەش بەڵگەیە کە حەج کردن بۆ کەعبە زۆر پێش هاتنی ئیسلام بووە.

ئەو سەردان و حەج بۆ کەعبە، نەک تەنیا یەهودی نەساڕی و دواتر ئیسلام دەیانکرد. بەڵکوو یەهودی و سابئیش، بە بەردەوامی بەشداری حەجیان دەکرد. لەوانە سەردانی کەعبەی مەککەشیان دەکرد. دواتر بەهۆی بوونی بە پێگای قوڕەیش و هاوپەیمانی لەگەڵ هۆزە عەرەبەکانیتر، هەر لە سەردەمی هاشم و دوای ئەویش عبدالمطلب، کەعبەی مەککە

---

[195] هەمان سەرچاوە ص ١٧
[196] هەمان سەرچاوە ص ٩
[197] هەمان سەرچاوە
[198] هەمان سەرچاوە ص ١٥

برەوی زیاتر بوو. تەنانەت ئەوەندە بە پیرۆزیان دەزانی، جارێکیان پیاوێك لەوێ بکوژی باوکی لە بیت الحرام دەبینێ و دەستی لێناکاتەوە.

لەسەردەمەکانی کۆتایی، عەرەب بە گشتی ڕێزیان بۆ خەڵکی مەککە (قورەیش) هەبوو، بە مەزنیان دەزانین و بەناوی ( اهل الحرم) بانگیان دەکردن [199]

٤ پێش هاتنی ئیسلام لە مانگی ذی الحجە هەموو ساڵێك عەرەب لەسەرتاسەری دوورگەی عەرەبی سەفەری مەککەیان لە وەرزی حەج دەکرد بۆ ئەنجامدانی ئەرکی حەج.[200]

## پیرۆزکردنی مانگی ڕەمەزان

القرآن الکریم سورة البقرة ٢: ١٨٥

مانگی ڕەمەزان قورئانی تێدا دابەزیوە، بە ڕێنمایی بۆ خەڵکی و روونکردنەوە (١٨٥)

ئەو ئایەتە بەڵگەیە کە مانگی ڕەمەزان پێش ئیسلامیش، هەر پیرۆزبووە. تەنانەت لەبەر پیرۆزی نووسەری قورئان ناوی دێنێ. و لەبەر مەزنی، دەنووسێ، یەکەم ئایەتی قورئان لەو مانگە دابەزیووە.

بەڵگەیەکیتریش بۆ ئەوەی کە ئیسلام، ئەو پیرۆزییەی لەپێش خۆی وەریگرتووە. بەر لە پەیدابوونی ئیسلام، حەنەفییەکان لەو مانگەدا ئەو ڕیتوالانەیان دەکرد. یەك لەوانە

---

199 هەمان سەرچاوە ص ١١

200 الخربوطی د. علی حسنی (١٩٦٧) الکعبە علی مر العصور ل ٢٤

عبدالمطلب باپیرەی محمد بووە. وەك دەگێڕنەوەكاتی ڕەمەزان دەهات دەچووە (ئەشكەوتی حەڕا) لەوێ خواپەرستی دەكرد و فەرمانی دەدا بە درێژایی مانگی ڕەمەزان خۆراك دەبەخشرایە هەژاران، هەروەها زید كوڕی عمرو بن نفیل (مامی عومەر كوڕی خەتاب) كە ئەویش یەك لە حەنەفییەكان بوو.

هەر لە كۆنەوە پێش هاتنی ئیسلام عەرەب مانگەكانی ذی القعده، ذی الحجه، محرم و رجب بە مانگی پیرۆز دانراون. لەو مانگانەدا وەرزی حەج بۆ گەورەترین كەعبەكان. لە هەمووشیان پیرۆزتر كەعبەی مەككە بووە. بەتایبەتی لەو مانگانە سیانیان (ذی القعده، ذو الحجه و محرم) بەڵام ڕەجەب مانگی عەمرەیە. لەبەر پیرۆزی حەج، ئەو مانگانە عەرەب واز لە كوشتن و ڕاووڕووت دێنن.

لەو سەردەمەدا كوشت وكوشتار لە نێوان هۆزە عەرەبەكان ڕووی دەدا. ئەوەش لەبەر چەند هۆیەك بووە، یەك لەوانە بە سەرچاوەی داهات دادەنرا. و پێیان دەگوت غەزو یان الغار. ئەوە نیشانەی ژیانی هۆز بووە لەو سەردەمەدا. كاتی ئیسلام هات ئەو نەرێتانە هەروەك خۆیان مانەوە، بەتایبەتی حەرامكردنی كوشتار.[201]

القرآن الكريم – سورة البقره ٢: ٢١٧

> لێت دەپرسن. شەڕكردن لەمانگی حەرامدا، چۆنە؟ بڵێ: شەڕ لەو مانگەدا
> گوناهێكی زۆر گەورەیە (٢١٧)

یان لە ئایەتێكیتری سوڕەتی المائدة لەبەر مەزنی ئەو مانگانە، نابێ باوەڕداران لاڕێی بكەن، ئاژاوە بنێنەوە.

---

[201] عبدالكريم، خليل (١٩٩٠) الجذور التاريخيه للشريعه الاسلاميه. سينا للنشر. ص ١٩

القرآن الكريم – سورة المائده ٥: ٢

ئەی گەلیٚ باوەڕداران، ئەو ڕێوشوێنانەی خودا بۆتانی داناوە، لامەدەن (٢)

سەرەڕای ئەوە، ئێمە تا ئێستاش، لێرە و لەویٚ ناوی (رجبیە) دەبیستین. و ئەوەش هەر لە ناوی مانگی ڕەجەب هاتووە. لەجیاتی عومرە، کە لە مانگی ڕەجەب کۆتایی دیٚ[202]

## ٥ الاجتماع العام .... یوم الجمعه

یەکەم کەس کعب بن لؤی ( باپیرە گەورەی محمد) ناوی ناوە جومعە یان ڕۆژی جومعە دوای کۆچی محمد بۆ یەثرب، یەکەم ڕۆژی گیرسانەوەیان مزگەوتێکیان دروستکرد و لە مزگەوت موسولمانان کۆبوونەوە. محمد یەکەم ووتاری لە مەدینە دا. دوای ئەوە ئایەتێك دابەزی (یا ایها الذین امنوا نودی للصلاة من یوم الجمعة فاسعوا إلی ذکر الله و ذروا البیع إن کنتم تعلمون (الجمعه ٩).[203]

# ٦ نەرێتە کۆمەڵایەتییەکان

## نووشتە و پاڕانەوە

هەر لەسەردەمی کۆندا هەروەك هەموو نەتەوەکان مرۆڤ باوەڕی بەوە هەبوو کە هێزێکی نادیار لەسەرەوە هەیە چارەسەری نەخۆشی دەکات. لای عەرەبانیش هەر بەو شێوەیە

202 هەمان سەرچاوە ص ١٩
203 هەمان سەرچاوە ص ٢١

خێروپاداشت بۆ بوتەکان دەکرا بۆ دەرکردنی جنۆکە و شەیتان لەلەشی نەخۆش بە نووشتەوە پاڕانەوە.[204]

چارەسەری بۆ پێوەدانی مار و دووپشك و مێرووله، پێش ئیسلام باو بوو. کچی عەبدوللە تەرەقی چارەسەری پێوەدانی مێروولەی لە سەردەمی جاهیلی دەکرد. دوای کۆچکردن بۆ مەدینە ئەویش لەگەڵ محمد و یاوەرانی کۆچیکرد. لە مەدینە محمد داوای لێکرد کە فێری بکات چۆن چارەسەری مێروولە بکات کە ژنەکەی حفصە کچی عومەر مێروولە پێیەوەدابوو. لەبەر ئەوەی ووشەکانی پاڕانەوە گوناهی تێدانییە و هاوبەشی بۆ اللە دروست ناکات.

دوای ئەوەی هەرکاتی یاوەرانی محمد مارپێوەی دەدان، پەیامبەر داوای لە عمار بن حزم دەکرد کە بۆیان بپاڕێتەوە. دوای دووبارەکردنەوەی بینیان چارەسەربووە (بە پێی بوخاری و مسلم) [205]

## ئیرەیی (حسد)

لە پێش ئیسلام عەرەب باوەڕییان بە ئیرەیی (حسد) هەبوو، کە کاریگەری لەسەر کەسی ئیرەیی پێ بردراو هەیە. کاتی ئیسلام هات بڕیاری دا کە بە سوورەتی (قل اعوذ برب الفلق .... ومشر حاسد اذا حسد (سوره الفلق) بەردەوامبێ، لە باوەڕ بە ئیرەیی بردن. و خۆپاراستن لە کاریگەریەکانی.

---

[204] هەمان سەرچاوە ص ٢٩

[205] هەمان سەرچاوە ٢٩-٣٠

## چاوپیسی

هەر لە کۆنەوە عەرەب، باوەڕیان بە چاوپیسی هەبوو. کە کەسی چاوپیس کاریگەرییەکی خراپی لەسەر ئەو کەسە هەیە کە چاوپیسی لێکراوە. کە پێچەوانەی ئیرەییە. چاوپیسی پێویست بەوە ناکا ئیرەیی ببا، بەڵکوو هەندێ کەس هەروان چاویان بە شتێک لای کەسێ یان خێزانێک بکەوێ، ئەو خێزانە شتێکیان بەسەردێ یان زیانیان لێدەکەوەێ.[206]

لە حەدیسێکی ئەبی هورەیرە لە صحیحین و أبی داود و ابن ماجە دەگێڕنەوە کە تەنانەت محمد خۆی ئامۆژگاری عائیشەی کردووە، خۆی لە چاوی پیس بپارێزێ. هەر لەسەر ئەو نەریتەی سەردەمی جاهیلی لە ئیسلامیش، محمد چەندین ڕێنمایی بۆ خۆپاراستن لە چاوپیسی داناوە.[207]

## نەفەس (نفث)

نفث (جادوو) کەلە کوردەواری پێی دەڵێن (نەفەس)، هەر لە پێش پەیدابوونی ئیسلام، ئەوەش فاڵچییەکان یان جادووکەر بەکاریان دەهێنا بۆ کەسێ تا زیان لە کەسێك بدات (جا خۆی یا منداڵی یان ماڵ و هتد...) ئەوەش باوەڕێکی بەربڵاوبوو و بازاڕێکی بە برەوی لە دوورگەی عەرەبی هەبوو. زۆر جار خەڵکی دەچوونە لای جادووکەر تا نەفەسیان لەسەر لاببا. و یان لەنەفەس بیانپارێزێ. شاعیر متمم بن نویرە لە سەردەمی جاهیلی دەڵێ:

نفثت فی خیط شبیە الرقی

من خشیة الجنة و الحاسد

---

[206] هەمان سەرچاوە ص ٣٠

[207] هەمان سەرچاوە ص ٣١

کاتی ئیسلام هات نەفەس وەك خۆی مایەوە. و محمد وابوو کە شتێکی ڕاستە. و بە سورەتێکی قورئان، داوای لە موسوڵمانان کرد پەنا بۆ خودا ببەن.

القرآن الكريم – سورة الفلق ١١٣: ١ – ٥

> بڵێ، پەنا بۆ خودای زا لە ماک دەبەم (١) لە خراپەکاری ئەوەی دروستیکردووە (٢) لە خراپەکاری برەر، کە تێدەچەقێتەناو (٣) لە خراپەی جادوگەرانی فوو بە گرێکان دادەکەن (٤) لە خراپەکاری ئیرەیی بەر کاتی ئیرەیی دەبا (٥)

## تایبەتمەندی ووشتر

لای عەرەب حوشتر، لەناو گیاندارانیتر، بۆ ئاڵوگۆڕی ئابووری بەرزتری هەبووە. ئەو تایبەتمەندیەی ئاستی حوشتر لەلای عەرەب، زۆر پێشتر لە ئیسلام، وەک دیاردەیەکی ئابووری هەر هەبووە. کاتێك دادوەر دەیەویست سزای تاوانبار قورس بکا، دەبوایە بە ژمارەی حوشتر دیاری بیکا. بە هیچ شێوەیەک ڕێگا نەدەدرا، بە شتێکیتر قەرەبووی ئەوە بکرێتەوە، بێجگە لە حوشتر. تەنانەت ئەگەر دادوەر بشی ویستایە بیگۆڕێ، نەیدەتوانی. چونکە بەپێی یاسای کۆمەڵایەتی ئەو سەردەمە تەنیا، دەبوایە حوشتربێ.[208]

عبدالمطلب باپیرەی محمد یەکەم کەس بوو سزای بۆ بکوژێك دانا بە سەد حوشتر. هەر ئەوەش گواسترایەوە و وەك خۆی لە ئیسلام مایەوە. بەو پێیەی حوشتر شوێنێکی تایبەتی لە ئاڵوگۆڕی و بازرگانی هەبوو، لە زەکات دان حوشتر ڕۆڵێکی بەرزی هەبوو، کە لەو بوارەوە

---

[208] عبدالكريم، خليل، الجذور التاريخية للشريعة الإسلامية ل ٣٥

ووردەکاری لە دانانی نرخی چەند حوشتر نێر یان مێ و تەمەنی و ددانەکانی بۆ دیاری بەهای بۆ ئاڵوگۆڕی.

# ئەدەبی جاهیلی و  قورئان[209]

شیعری جاهیلی بەو شیعرانە دەڵێن، کە لە کۆتایی، سەردەمی پێش ئیسلام لە ناوچەکانی شام، و میسۆپۆتامیا و دوورگەی عەرەبی بەدەرکەوتن. ئەو ماوەیەش بە دووسەد تا سەدوپەنجا ساڵ مەزەندە دەکرێ.

بەو لێکدانەوەیەش ئەو شاعیرانە لەهەمان سەردەم و ژینگەی نووسەری قورئان بووین. و کاریگەری هەمان کولتوور و باوەڕ و هوشیاری کۆمەڵایەتی نووسەری قورئانیان لەسەر بووە. بۆیە زۆر گرنگە کە باسی ژینگەی کۆمەڵایەتی نووسینی قورئان دەکەین، ئاوڕێکیش لەو شیعرانە بدەینەوە. تا بزانین تا چ ئاستێک کاریگەریان لەسەر دەقەکانی قورئان هەبووە. سەرەڕای ئەوەی ئەدەبی عەرەبی لە سەردەمێکی زێڕین دابوو، کەچی لە دقی قورئان بە سەردەمی تاریکی ناو دەبرێ.

القرآن الكريم – سورة البقرة ٢: ٢٥٧

> خودا پشتیوانی باوەڕدارانە. و لە تاریکی دیانگەیێنێتە ڕووناکی. خودا نەناسانیش، پشتیوانیان تاغوتە. لە ڕووناکی بەرەو تاریکیان دەبا. ئەوانە یاوەرانی دۆزەخن، بۆ تاهەتایە تیایدا دەمێننەوە (٢٥٧)

[209] لەو بەشەدا دەقی شیعرەکانی شاعیرانی جاگیلی وەک خۆی بە زمانی عەرەبی دادەنێم، ئەوەش بۆ ئەوەی خوێنەر بتوانێ خۆی بەراورد، لە نێوان ئەو بەیتە شیعرانە و ئایەتەکانی قورئان بکا.

نووسەری قورئان سەبارەت بەو خەڵکەی کە گوێیان لە شاعیران دەگرت، بە گومرای دادەنان. بەتایبەتی ڕووی دەمی لە شاعیران دەکا، و بە سەرلێشێواویان دادەنێ:

القرآن الكريم – سورة الشعراء ٢٦: ٢٢٤ – ٢٢٧

> گومڕاکان بەدوای شاعیرەکان کەوتوون (٢٢٤) ئەی نەتبینیوە لە هەموو دۆڵێکدا سەرلێ شێواون (٢٢٥) و قسانێک دەکەن خۆیان کاری پێناکەن (٢٢٦) مەگەر ئەوانەی باوەڕیان بە خودا هەیە، و ئاکار چاکن. و زۆر یادی خودایانکردەوە. دوای ئەوەی ستەمیان لێکراوە. ستەمکارانیش، زۆری پێناچی تێدەگەن، هەر سەرەو ژێردەبێ (٢٧)

هەرچەندە نووسەری قورئان ئەو شاعیرانە، بە گومڕا و سەرلێشێواو ناو دەبا، کەچی بە ووردبوونەوەیەک، بۆمان دەردەکەوێ ئەو سەردەمە (سەردەمی جاهیلی) ئەدەبی عەرەبێ لە ئاستێکی هەرە بەرزدابووە. زۆر لە شاعیرانی ئەو دەمە تا ئێستاش وەک ئەستێرەی درەوشاوە، لە ئاسمانی ئەدەبی نەک تەنیا عەرەبی، بەڵکوو تەواوی گەلانی ناوچەکە دەدرەوشێتەوە. زۆر جار لەناو کۆمەڵی لێتۆژنەوەی هاوچەرخ، ئاماژە بەوە دەکەن کە، ئەدەبی جاهیلی نەک تەنیا کاریگەری لەسەر ڕەوانبێژی قورئان هەبووە، بەڵکوو نووسەری قورئان بەوە تاوانباردەکەن، کە زۆر لە شیعری شاعیرانی کۆپیکردوون و وەک ووشەی خودا خستوونیەتە ناو دەقەکانی قورئان. لەوانە شیعری امرئ القیس (دەوروبەری ٥٤٠ س.ب مردووە) أمية بن أبي سلط (٦٢٦ س.ب مردووە) کە دوو شاعیری هەرە گەورەی سەردەمی جاهیلی بووین. چمکی شیعرەکانیان بە ڕاشکاوی لە ناو ئایەتەکانی قورئان دەدۆزرێنەوە.

بێجگە لەو دوو شاعیرە مەزنە، نووسەری قورئان لە زۆر شاعیرانیتری، سەردەمی جاهیلی چمکی جۆراوجۆری وەرگرتووە. و بەپێی گونجان خستوونیتیە ناو ئایەتەکانی قورئان. وا لە

خوارەوە چەند نموونەیەک لە شیعرەکانی ئەو چەند شاعیرێک دێنینەوە. بەرامبەر وەرگرتن و گونجاندنیان لە ناو ئایەتەکانی قورئان. شیعرەکان و ئایەتەکانی قورئان بەبێ وەرگێڕان دادەنرێن. بۆ ئەوەی خوێنەر خۆی بەراوردێکیان بکا.

سەبارەت بەو شاعیرانەی سەردەمی خۆشی، محمد تەنیا ئەو شاعیرانەی لا پەسند بووین، کە ڕاستەوخۆ باسی ئەویان بەباشی و پیرۆزی کردبێ. بۆ نموونە  محمد سەبارەت بە عمرو بن الأهتم دەڵێ: إن من البیان السحرا. دەگێڕنەوە دەربارەی شیعرێکی عمرو محمد گوتوویەتی: لە شیعریدا حیکمەت هەیە.[210]

سەرەڕای ئەوە نووسەری قورئان، سەرەڕای کۆپیکردنی شیعرەکانی ئەو شاعیرانە. و بەناوی خودا وەک ئایەت هێنانەوەی، لە ئاستی ئەدەبی ئەو کەڵە شاعیرانە و سەرجەم مرۆڤایەتی دادەبەزێنێ. و بە شێوەیەکی بێڕێزانە مەیدانخازی دەکا.

سورة الإسراء ١٧: ٨٨ - ٨٩

> بڵێ، گەر مرۆڤ و جنۆکە گشت کۆببنەوە، لە شێوەی ئەو قورئانە بێنن، پێیان ناکرێ لە شیوی بێنن. با هەمووشیان پشتیوانی یەکتربن (٨٨) ئێمە لە قورئاندا نموونەی هەموو شتێکمان بۆ خەڵکی هێناوە، و ڕوونمانکردۆتەوە. بەڵام زۆربەی خەڵک بە کوفر ڕەتی دەکەنەوە (٨٩)

باوای دابنێین نووسەری قورئان، لەو دیمەنەی ئەو ئایەتە ، ئەلەنگاری مرۆڤ و جنۆکە دەکا، کە ناتوانن، نموونەی قورئان بێنن. بەڵام بە چاوگێڕانێک بە دیوانی شیعرانی پێش

[210] ابن عبد ربه. شهاب الدین احمد بن عبد ربه الأندلسي. العقد. منشورات دار المكتبة الهلال، ٥: ١٦٦

ئیسلام بۆمان دەردەکەوێ، کە زمانی شیعر و ئەدەبی پەخشان زۆر لە ئاستی قورئان بەرزتر بووە. نووسەری قورئان لە زۆر ئایەتی قورئان پەنای بردۆتە بەر شیعری ئەو شاعیرانە. و شیعری لێ دزیون و بەناوی خودا، وەک ئایەت تۆماری کردوون. لە ناو ئەو شاعیرانەی، کە بەشێوەیەکی بەرچاو شیعرەکانی بە شێوەی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ، لە ناو ئایەتەکانی قورئان دەدۆزینەوە، امرؤ القیس (٥٤٠ س.ب مردووە)، و أمية بن أبي الصلت ( ساڵی ٦٢٦ س.ب مردووە).

بە بەدواداچوونێکی وورد دەردەکەوێ، کە تەواوی دەقی بەیتە شیعریەکان کۆپیکراون. یان لێکچوونێکی نزیک لە نێوان شیعرەکان و ئایەتی قورئاندا هەیە. ئەوەش بەڵگەیە بۆ ئەوەی شەڕەڕای ئەلەنگاری نووسەری قورئان، ئەدەبی ئەدەبی عەرەبی پێش ئیسلام یەک لە سەرچاوە هەرە گرنگەکانی نووسەری قورئانن. جا کۆپیکردن یان دارشتنی ئایەتەکان بەکاری هێناون.

## أمية بن ابي الصلت

بەر لەوەی بچینە ناو خەرمانی شیعرەکانی أمية کە لە قورپان دووبارە بوونەتەوە، با هەوڵدەین لە یەک لە گرنگترین ئایەتی قورئان دەست پێ بکەین. زۆر جار موسوڵمانان شانازی بەوە دەکەن، کە ئایەتێکی قورئان ئیسلام بە شێوەی فەرمی بە تاکە دینی خودا دادەنێ. بەردەوام مەلا و ڕێبەرانی دین وەک شانازی بە بەڵگە دەیهێننەوە. کەچی تا ئێستاش بیریان لەوە نەکردۆتەوە بنەڕەتی ئەو ئایەتە لە کوێ هاتووە. با پێکەوە سەیری کێشەی ئەو ئایەتە بکەین:

سورة آل عمران ٣: ١٩

إِنَّ الدِّينَ عِندَ اللَّهِ الْإِسْلَامُ (١٩)

ئەو ئایەتە وەک خۆی دیارە لە سوورەتی آل عمران دا هاتووە. و یەک لە ئایەتەکانی قورئانی مەدینەیە. کە دوای کۆچی محمد بۆ مەدینە هاتووە. بەڵام بەپێی لێتۆژینەوە، دەقی ئایەتەکە لەوە کۆنترە. و دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای قۆناخی مەککە.

خلیل عبدالکریم لە پەرتووکی الجذور التاریخیة للشریعة الإسلامیة، دەڵێ حەنیفیەکان باوەڕیان وابوو، کە (الدین عند الله الحنیفیة). هەر ئەو چمکە، لەگەڵ دەرکەوتنی قۆناخی سەرەتایی مەککە، خزاوەتە ناو ئیسلام.[211]

برهان الدین دلو ئاماژە بە مصحفی عبدالله بن مسعود دەکا، و دەنووسێ یەکەم جار محمد، خۆی ئەو ئایەتەی ڕاگەیاندووە، گوتوویەتی (ان الدین عند الله الحنیفیة) لە جیاتی (إِنَّ ٱلدِّينَ عِندَ ٱللَّهِ ٱلْإِسْلَٰمُ)[212]. ئەوەش بەو مانایەوە دێ کە ئەو دینەی محمد و نەسارییەکان خەریکی دروستکردنی بوون. بەردەوامییەکی ڕێبازی نەسارِی بووە. کە بەناوی حەینیفی ئیبراهیم، لە حیجاز موژدەی دەدا.

کێشەی ئەو ئایەتە هەر ئەوەندە نییە، بەڵکوو بنەڕەتی بیرۆکەی، زووتر لەلایەن حەنیفیەکان دووبارەکراوەتەوە. و لە شعرێکی أمیة بن أبي الصلت وەرگیراوە. کە دەڵێ:

كل دين يوم القيامة عند الله إلا دين الحنيفة زور

---

211 عبدالکریم، خلیل (١٩٩٠) الجذور التاریخیة للشریعة الإسلامیة. ص ٢٣

212 برهان الدین دلو (٢٠٠٤) جزیرة العرب قبل الإسلام، التاریخ الأقتصادي، الإجتماعي، الثقافي و السیاسي. الطبعة الثانیة. دار الفارابي. ص ٢٢٤

هەر دینێک، ڕۆژی پەسلان لەلای خودا، بێجگە لە دینی حەنیفی ساختەیە. [213]

مسعودي دەڵێ: أمية بازرگانی بۆ شام دەکرد، و شاعیرێکی ژیر بوو. لەوێ خەڵکی پەرستگاکانی یەهودی و نەسارى دەبينين. پەرتووکی بەزمانی جیاواز دەخوێندنەوە. هەندێ خەڵک وەک نەبی سەیریان دەکرد، کە بۆ عەرەب هاتبێ. شیعرەکانی بە شێوەیەکی گشتی سەبارەت بە دەستپێکی ئەفراندن، نەبیەکان، باسی ئاسمانەکان و زەوی و ڕۆژ و مانگ و فریشتانی دەکرد. باسی زیندووبوونەوە و بەهەشت و ئاگر بوون. ئەوەش نیشانەکانی ڕەسەنی دینی حەنیفی ئیبراهیمی بووین. لەوەش زیاتر، بەردەوام هاودەمی کەسانیتری حەنیفی وەک وەرقە کوڕی نۆفل و عبدالمطلب صيفي ابي الأسلت کوڕی قيس الأنصاری بوو. کە گشتیان پەیڕەوکاری ڕێبازی حەنیفی ئیبراهیمی بوون.[214]

بەپێی گێڕانەوەی بیۆگرافینووسان، ئەو کاتەی محمد منداڵ بووە. گرووپێکی یەهودی نەسارى (حەنیفی) کاتی ڕەمەزان دادەهات، دەچوونە ئەشکەوتی حەڕا ، لەوێ خوداپەرستیان دەکرد. لەوانە قەشە وەڕەقە کوڕی نوفل، و أمية بنى أبي الصلت و هەروەها زيد کور ی عمر و کور ی نفيل ) مامی عومەر کوڕی خەتاب، لەگەڵ ئەوانەش عبدالمطلبی باپیرەی محمد و آبی طالبی مامی. محمدیش لەگەڵیان دەچوو. و دەبووە هاودەمیان. لەو ڕێگایەوە ئاشنایەتی نزیکی لەگەڵ ئەو گرووپە دروستدەکا، بەتایبەتی قەشە وەرەقە و أمية. [215]

---

[213] هەمان سەرچاوە، ص ٣٨

[214] ديوان أمية بن أبي الصلت، جمعه و قف على طبعه بشير بهموت، الطبعة الأولى ١٩٣٤، المطبعة الوطنية – بيروت، ص ٣ - ٦

[215] عبدالكريم، خليل (١٩٩٠) الجذور التاريخية للشريعة الإسلامية. ص ١٨

لێکۆڵەرەوان دەڵێن، أمية یەکەم کەس بووە لە ناو قورەیش، کە پەرتووکی بۆ خوێندنەوە دەکردەوە، دەیگوت (بسمک اللهم). کە دواتر لە ئیسلام کرایە (بسم الله الرحمن الرحيم) [216]

هەندێ لە مێژوونووسانی ئەدەبی عەرەبی، خۆیان لەو باسە دەبوێرن. و بیانووی نەگونجاو دێننەوە. کە جێگای باوەڕکردن نییە. بەڵکوو مەبەستی سەرەکیان ئەوەیە، لە ئاستی بەرزی أمية دابەزێنن. ئەوانە چەند وەڵامێکی ئامادەکراویان پێیە، کە بە دەیان و سەداجار دووبارە بوونەتەوە، بۆ نموونە:

کە ئیسلام پێشینە و پاشخانی، لە وولات هەبووە.

یان ڕەسەنایەتی ئەو شیعرانەی کە دەگەڕێندرێنەوە بۆ ئەم شاعیرە جێگەی پرسیارە، هەروەک شیعری هەندێک کەسی دیکەی پێش ئیسلام بە گشتی

لێرەدا دوو نموونە لەو بەرگریکەرانە، دێنینەوە:

یەک لەو مێژوونووسانە د. عمر فروخ، کە دەڵێ بەشی هەرە زۆری شیعرەکانی أمية لەناوچووین. تەنیا چەند شعرێکی لاواز نەبێ کە هیچ پێزیان تێدانییە.[217] دکتۆر عومەر دەبوایە وەک ئەکادیمیەک، بیری لەوە بکردبایەوە. ئەگەر نووسەری قوڕئان، ئەو شیعرە لاوازانەی دزیبن، ئەی دەبێ شیعرە بە هێزەکانی چۆن بووبن. لێرە ئەوەندە بەسە کە شیعرەکانی لەناو دەقی ئایەتەکانی قوڕئان دەبینینەوە. و ڕاستەوخۆ دەشیانناسینەوە.

---

[216] ديوان أمية بن أبي الصلت، جمعه و قف على طبعه بشير بهموت، الطبعة الأولى ١٩٣٤، المطبعة الوطنية – بيروت، ص ٥ - ٦

[217] فروخ، د.عمر (١٩٤٨) تاريخ الأدب العربي. الطبعة الخامسة، دار العلم للملايين ص217-218

لەوەش سەیرتە دکتۆر شوقي ضیف، کە هاوکارێکی دکتۆر عومەرە. زۆر بە سادەیی دەڵێ ناوەڕۆکی شعرەکانی أمیة لە قورئان وەرگیراون. ئەو لێکدانەوەیەش بەو مانایەوەدێ، کە قورئان پێش أمیة هاتبێ. زۆر تەمەنی کۆنتربێ لە بانگهێژی محمد.[218] ئەوەی دکتۆر شەوقی لەبیری چووە یان خۆی لێدەبوێرێ، ئەوەیە کە أمیة هاوڕێ و هاودەمی عبدالمطلب و قەشە وەرەقە کوڕی نۆفل بوو. واتە ئەو شیعرانەی، بە ماوەیەکی زۆر بەر لە بانگهێژی قورئان گوتوون. سەرەڕای ئەوە دیارە ئاگای لە ڕاڤەکردنی ئەو ئایەتەی خوارەوە نەبووە. کە نووسەری قورئان لەبەر گەورەیی أمیة دان بەوە دادەنێ کە خودا خۆی باسیکردووە. و نیشانەکانی خۆی پێداون. بەڵام شەیتان بەلاڕێیدا بردووە. ئەوەش زۆر لە ڕاڤەکارانی موسوڵمان، پشتڕاستی دەکەنەوە..

القرآن الكريم سورة الأعراف ٧: ١٧٥ – ١٧٦

> هەواڵی ئەو کەسەیان پێ بدە، کە نیشانەکانی خومان پێدا. ئەو لە خۆی لێبواردن. ئەوسا شەیتان وەدووخۆیدا. و یەکێک بوو لە چەنەباز و سەرلێشێواوان (١٧٥) ئەگەر بمانویستایە، لەمانەڕا پایەبەرزیمان دەدایە. بەڵام ئەو هەر خۆی بە زەویەوە چەسپاند. نموونەی ئەوانە وەک ئەو سەگەیە بۆی بچی زمانی دەردێنێ، لێشی گەڕێی هەر زمانی دەردێنێ. ئەو چیرۆکە بەسرهاتی ئەوانەیە کە نیشانەکانی ئێمەیان بە درۆ دانان. تۆ لەو شێوە باسانەیان بۆ بگێڕەوە. بەڵکوو بیرکەنەوە (١٧٦)

---

[218] ضيف، د. شوقی (بدون تاريخ)، العصر الجاهلی، الطبعة العاشرة - دار المعارف قاهرة ص ٣٩٥ – ٣٩٦

هەرچەندە هەندێک ناکۆکی لەسەر ئاڕاستەی ئەو ئایەتە لە ناو ڕاڤەکارانی موسوڵماندا هەیە. هەندێکیان دەڵێن مەبەستی بلعم بن أبر یان بلعم بن باعور بووە. هەندێکیتر دەڵێن مەبەستی أمية بن ابي الصلت بووە.

الطبري دەڵێ ئەو ئایەتە، مەبەستی أمية بووە. هەروەها عبدالله بن عمرو بن العاص و زيد بن أسلم گوتوویانە ئەو ئایەتە لەسەر أمية بن أبي الصلت هاتووە. ئەوەش ابن كثير و قرطبي پشتڕاستی دەکەنەوە.[219]

ئەگەر نووسەری قورئان ئایەتێک لەسەر أمية بێنێتەوە، دەبێ کەسایەتی أمية کاریگەری لەسەری هەبووبێ. و زۆر کۆنتریش بووبێ. ئەگەر تەمەنی عبدالمطلب و وەرەقە کوڕی نۆفل ڕەچاو بکەین، بۆمان دەردەکەوێ کە أمية زۆر پێش محمد و بانگهێژەکەی شیعری گوتووە. بۆیە ئەو نموونەی دکتور ضيف، ناتوانێ لۆژیکی بێ و ئاوەژۆکردنەوەی مێژووە.

دەرەئەنجامی لێکدانەوەی ئایەتەکە
یەکەم:ئەوەی لێرەدا گرنگە ئەوەیە، کە کاتی ڕاڤەکارانی وەک طبري، ابن كثير و قرطبي باسی ئایەتێکی مەککە دەکەن، کە دەبێ مەبەسەتی أمية بێ، کەواتە شیعرەکانی زۆر لەپێش قورئان نووسیون. ناکرێ ئەو لە قورئانی وەرگرتبن، یانیش دەبێ أمية خۆی نەبی بووبێ!!! و ڕاستەوخۆ لە لەوحی محفوض وەریگرتبن.

---

[219] الطبري. جامع البيان لتأويل القرآن. الجزء العاشر ص ٥٦٨ - ٥٦٩
ابن كثير، تفسير القرآن العضيم المجلد السادس ص ٤٤٩ - ٤٥٠
القرطبي الجامع لأحكام القرآن جزء السابع، ص ٢٨٠ - ٢٨١

دووەم: کە زۆر گرنگە ئایەتی قورئان دەق جێگیر نەبووین، بێجگە لە ناسخ و مەنسوخ، ئەوە دەیسەلمێنێ محمد خۆی بەپێی کات و بەرژەوەندی ئایەتەکانی گۆڕیون یان دوای ئەو گۆڕدراون. ئەگینا چۆن الحنيفية كرايه الإسلام!!

سێیەم: کە لە دوو خاڵەکەیتر کەمتر نییە، ئەویش دزین، دزینی بیرۆکەی ئەو ئایەتە لە شعری أمية، بەڵگەیە بۆ ئەوەی نووسەری قورئان باکی بەهیچ نەبووە. تەنیا لە بەرژەوەندی دابووبێ، هی خۆی بووین.

چوارەم: لەسەرەتادا دینەکەی محمد ناوی ئیسلام نەبووە، بەڵکوو زۆر دواتر ئەو ناوەی بۆ دۆزراوەتەوە.

چەند شیعری دیکەی أمية،لە قورئاندا

هەندێ بەیتی شیعری أمية کە بوونەتە سەرچاوە بۆ ئایەتی ١٠ سورەتی لوقمان لە قورئان.

إلهُ العالمينَ وكلَّ أرض          وربُّ الرّاسيات من الجبالِ

بناها وابتنى سبعاً شداداً          بلا عمدٍ يرين ولا رجالِ

و سوّاها وزيّنها بنور من الشمسِ المضيئةِ والهلالِ

ومن شهب تلألأ في دُجاها          مراميها أشدّ من النصال

وشق الأرض فانبجست عُيوناً  وأنهاراً من العذب الزلالِ

سورة لقمان ٣١: ١٠

خَلَقَ السَّمَاوَاتِ بِغَيْرِ عَمَدٍ تَرَوْنَهَا وَأَلْقَى فِي الْأَرْضِ رَوَاسِيَ أَنْ تَمِيدَ بِكُمْ وَبَثَّ فِيهَا مِنْ كُلِّ دَابَّةٍ وَأَنْزَلْنَا مِنَ السَّمَاءِ مَاءً فَأَنْبَتْنَا فِيهَا مِنْ كُلِّ زَوْجٍ كَرِيمٍ (١٠)

ئاسمانەکانی بەبێ ئەستووندەگ، لەو بەرزییەوە وەدیهێنان. و شاخی بەرزی خستنە سەر زەوی، کە لەرزە بە ئێوە نەکا. و هەموو جۆرە زیندەوەرێکی تێدا بڵاوکردنەوە. و لە ئاسمانەوە ئاومان بۆ ڕژاندن، ک لەوێدا ، لە هەموو ڕووەکێک جووتێکی نایابمان ڕواندووە (١٠)

بە بەراوردێکی ناوەرۆکی ئەو شعرەی أمية بن ابي الصلت، لەگەڵ ئایەتی ژمارە ١٠ سورەتی لقمان، بۆمان دەردەکەوێ وەک ناوەرۆک دوو ڕووی هەمان پەیامن.

خلق الليل والنهار فكل مستبين حسابه مقدور

ثم يجلو النهار رب رحيم بمهاة شعاعها منشور

سورة الأنبياء ٢١: ٣٣

وَهُوَ الَّذِي خَلَقَ اللَّيْلَ وَالنَّهَارَ وَالشَّمْسَ وَالْقَمَرَ كُلٌّ فِي فَلَكٍ يَسْبَحُونَ (٣٣)

هەروەها ئەو بەیتە شیعرانەی لە سورەتی مريم ڕەنگدانەوەیەکی توندیان هەیە:

وَفِي دينِكُم مِن رَبِّ مَريمَ آيةٌ مُنَبِّئَةٌ بِالعَبدِ عِيسى اِبنِ مَريمِ

اَنابَت لِوَجهِ اللهِ ثُمَّ تَبتَّلَت فَسَّبَحَ عَنها لَومةَ المُتَلَوِّمِ

فَلا هِيَ هَّمَت بالنِكاحِ وَلا دَنَت إِلى بَشرٍ مِنها بِفَرجٍ وَلا فَمِ

ولَطَّت حِجابَ البَيتِ مِن دُونِ أَهلِها تغَيَّبُ عَنهُم فِي صَحاريِّ رِمرِمِ

يَحارُ بِها السارِي إِذا جَنَّ لَيلُهُ ولَيسَ وإِن كانَ النَهارُ بِمُعلَمِ [220]

---

[220] ديوان أمية بن أبي الصلت، جمعه و قف على طبعه بشير بهموت الطبعة الأولى ١٩٣٤، المطبعة الوطنية – بيروت، ص ٥٨

سورة مريم ١٩: ١٦

وَاذْكُرْ فِي الْكِتَابِ مَرْيَمَ إِذِ انْتَبَذَتْ مِنْ أَهْلِهَا مَكَانًا شَرْقِيًّا (١٦) فَاتَّخَذَتْ مِنْ دُونِهِمْ حِجَابًا فَأَرْسَلْنَا إِلَيْهَا رُوحَنَا فَتَمَثَّلَ لَهَا بَشَرًا سَوِيًّا (١٧) قَالَتْ إِنِّي أَعُوذُ بِالرَّحْمَنِ مِنْكَ إِنْ كُنْتَ تَقِيًّا (١٨) قَالَ إِنَّمَا أَنَا رَسُولُ رَبِّكِ لِأَهَبَ لَكِ غُلَامًا زَكِيًّا (١٩) قَالَتْ أَنَّى يَكُونُ لِي غُلَامٌ وَلَمْ يَمْسَسْنِي بَشَرٌ وَلَمْ أَكُ بَغِيًّا (٢٠)

الخيط الأبْيضُ ضوءُ الصبحِ مُنْفَلِقٌ
والخيطُ الأسْودُ لونُ الليلِ مكموم [221]

سورة البقرة ٢: ١٨٧

وَكُلُوا وَاشْرَبُوا حَتَّى يَتَبَيَّنَ لَكُمُ الْخَيْطُ الْأَبْيَضُ مِنَ الْخَيْطِ الْأَسْوَدِ مِنَ الْفَجْرِ ثُمَّ أَتِمُّوا الصِّيَامَ إِلَى اللَّيْلِ (١٨٧)

ئەگەر بە ووردی بەناو شیعرەکانی أمية بن أبي الصلت دا بگەڕێین، بۆمان دەردەکەوێ کە شیعرەکانی سەرچاوەی زۆر گرنگ بووین بۆ نووسەری قورئان. ئەگەریش وەک دکتۆر عمر فروخ دەڵێ زۆر شیعرەکانی لە ناوچووین، ئەوەش بەو مانایەدێ، قورئان ماڵێ وێرانە و هیچی تێدا نامێنێ.[222]

[221] هەمان سەرچاوە ص ٥٩
[222] فروخ، د.عمر (١٩٤٨) تاريخ الأدب العربي. الطبعة الخامسة، دار العلم للملايين ص217-218

## إمرؤ القيس

امرؤ القيس یەک لە شاعیرە مەزنەکانی سەردەمی جاهیلی بووە. ساڵی ٥٤٠ س.ب مردووە. واتە ٣٠ ساڵ بەر لەدایکبوونی محمد.  امرؤ القيس کوڕی حجر الكندي و ناوی خۆی (حُندج) بووە. و یەک لەو شاعیرانەیە کە خاوەنی حەوت معلقاتی بەناوبانگە. نووسەری قورئان هەر لەتەمەنی گەنجی بۆ بازرگانی هاتوچۆی شامی دەکرد. و لەوێ بە هاودەمی لەگەڵ قەشەکانی یەهودی نەساڕی وەک بحیرا، ئاشنایی لەگەڵ ئەدەبی ئەو دەمە پەیداکرد. بەتایبەتی شیعرەکانی امرؤ القيس. کاریگەری شیعرەکانی امرؤ لەسەر محمد ئەوەندە بەهێزبوو، کە ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ لەناو ئایەتەکانی قورئان ڕەنگی داوەتەوە.

ئەوەش چەند نموونەیەک و بەراوردکردنیان:

شیعری امرؤ القيس

| | |
|---|---|
| دنت الساعةُ وانشقَّ القمر | عن غزالٍ صاد قلبي ونفر |
| أحور قد حرتُ في أوصافه | ناعس الطرف بعينيه حَوَر |
| مرَّ يوم العيد في زينته | فرماني فتعاطى فعقر |
| بسهامٍ من لِحاظٍ فاتكٍ | فترَكَني كهشيمِ المُحتظِر |
| وإذا ما غاب عني ساعةً | كانت الساعةُ أدهى وأمرّ |
| كُتب الحسنُ على وجنته | بسَحيق المِسْك سطراً مُختصَر |
| عادةُ الأقمارِ تسري في الدجى | فرأيتُ الليلَ يسري بالقمر |
| بالضحى والليلِ من طُرَّته | فَرْقه ذا النور كم شيء زَهَر |

قلتُ إذ شقَّ العِذارُ خدَّه          دنت الساعةُ وانشقَّ القمر[223]

سورة القمر ٥٤: ١ – ٨

اقْتَرَبَتِ السَّاعَةُ وَانشَقَّ الْقَمَرُ (١) وَإِن يَرَوْا آيَةً يُعْرِضُوا وَيَقُولُوا سِحْرٌ مُّسْتَمِرٌّ (٢) وَكَذَّبُوا وَاتَّبَعُوا أَهْوَاءهُمْ وَكُلُّ أَمْرٍ مُّسْتَقِرٌّ (٣) وَلَقَدْ جَاءهُم مِّنَ الْأَنبَاء مَا فِيهِ مُزْدَجَرٌ (٤) حِكْمَةٌ بَالِغَةٌ فَمَا تُغْنِ النُّذُرُ (٥) فَتَوَلَّ عَنْهُمْ يَوْمَ يَدْعُ الدَّاعِ إِلَى شَيْءٍ نُّكُرٍ (٦) خُشَّعًا أَبْصَارُهُمْ يَخْرُجُونَ مِنَ الْأَجْدَاثِ كَأَنَّهُمْ جَرَادٌ مُّنتَشِرٌ (٧) مُّهْطِعِينَ إِلَى الدَّاعِ يَقُولُ الْكَافِرُونَ هَذَا يَوْمٌ عَسِرٌ (٨)

هەروەها ووشە یان ڕستەش لەناو ئاتەکانی قورئان دووبارە بوونەتەوە:

فتعاطى فعقر...

سورة القمر ٥٤: ٢٩

فَنَادَوْا صَاحِبَهُمْ فَتَعَاطَى فَعَقَرَ (٢٩)

(كشهيم المحتضر) ...

سورة القمر ٥٤: ٣١

إِنَّا أَرْسَلْنَا عَلَيْهِمْ صَيْحَةً وَاحِدَةً فَكَانُوا كَهَشِيمِ الْمُحْتَظِرِ (٣١)

هەروەها

بالضحى والليل

---

[223] ديوان امرئ القيس، تحقيق محمد أبو الفضل إبراهيم. الطبعة الرابعة ١٩٥٨

سورة الضحى ٩٣:  ١ - ٢

وَالضُّحَى (١) وَاللَّيْلِ إِذَا سَجَى (٢)

امروالقيس:

يتمنى المرء فى الصيف الشتاء    حتى إذا جاء الشتاء أنكره

فهو لا يرضى بحال واحد    قتل الإنسان ما أكفره

سورة العبس ٨٠: ١٧

قتل الانسان ما اكفره (١٧)

امروالقيس:

إذا زلزلت الأرض زلزالها    وأخرجت الأرض أثقالها

تقوم الأنام على رسلها    ليوم الحساب ترى حالها

يحاسبها ملك عادل    فإما عليها وإما لها

قرآن: سورة الزلزلة ٩٩: ١ - ٢

إذا زلزلت الأرض زلزالها (١) وأخرجت الأرض أثقالها (٢)

إمرؤ القيس:

اقبل العشاق من خلفه كأنهم من كل حدب ينسلون , وجاء يوم العيد في زينة لمثل ذا فليعمل العاملون

سورة الصافات ٣٧ : ٦١

لمثل هذا فليعمل العاملون

شاعير زيد بن نفيل:

زيد بن نفيل به چەند بەيتێک باسی لەدایکبوونی کریستی کوڕی مریەم دەکا.

فقالت مريم : أنى يكون ولم أكن بغياً ولا حبلى ولا ذات قيم، فقال لها: إني من الله آية وعلمني والله خير معـلم، وأرسلت ولم أرسل غويا ولم أكن شقيا ولم أبعث بفحش ومأثم..

سورة مريم: ١٩: ٢١ - ٢٣

قَالَتْ أَنَّى يَكُونُ لِي غُلَامٌ وَلَمْ يَمْسَسْنِي بَشَرٌ وَلَمْ أَكُ بَغِيًّا (٢٠) قَالَ كَذَلِكِ قَالَ رَبُّكِ هُوَ عَلَيَّ هَيِّنٌ وَلِنَجْعَلَهُ آيَةً لِلنَّاسِ وَرَحْمَةً مِنَّا وَكَانَ أَمْرًا مَقْضِيًّا (٢١)

شاعير رؤبة بن العجاج:

رؤبة بن العجاج شيعرێکی به خەیاڵی خۆی لەسەر ئەفسانەی چیرۆکی فیل نووسی، کەچی دواتر بووە سوورەتێکی قورئان.

ومسهم ما مس أصحاب الفيل ترميهم بحجارة من سجيل،

ولعبت بهم طير أبابـيل فصيروا مثل عصف مأكول !!

القرآن في سورة الفيل ١٠٥: ١ - ٥

أَلَمْ تَرَ كَيْفَ فَعَلَ رَبُّكَ بِأَصْحَابِ الْفِيلِ (١) أَلَمْ يَجْعَلْ كَيْدَهُمْ فِي تَضْلِيلٍ (٢) وَأَرْسَلَ عَلَيْهِمْ طَيْرًا أَبَابِيلَ (٣) تَرْمِيهِمْ بِحِجَارَةٍ مِنْ سِجِّيلٍ (٤) فَجَعَلَهُمْ كَعَصْفٍ مَأْكُولٍ (٥)

ئەوەش گشت ڕێگای نکۆڵیکردن لەسەر کاریگەری شیعر و ئەدەبی جاهیلی لەسەر دەقەکانی قورئان دەبڕێتەوە. و بەڵگەیەکی بنبڕە بۆ کاریگەری ئەدەبی عەرەبی پێش ئیسلام لەسەر نووسەری قورئان، هەروەک کاریگەری دیاردە کۆمەڵایەتیەکان و دین و دەروونیەکانیتر ژینگەی پەروەردەبوونی.

لەیەکچوونەکانی ناوەوڕۆکی شیعرەکانی شاعیرانی عەرەبی پێش ئیسلام، و کاریگەری کەسایەتیان و باوەڕیشیان شتێکی بەڵگەنەویستە. لەلایەکیتریش شیعر و شاعیرانی عەرەب، نزیکەی دووسەد ساڵ، پێش نووسەری قورئان، و دەرکەوتنی ئیسلام هەبووین. بۆ نموونە إمرؤ القيش سی ساڵ بەر لە لەدیکبوونی محمد مردووە. ناکرێ ئەو یان أمية، دەقی قورئانیان بۆ شیعرەکانیان وەرگرتبێ.[224]

---

[224] ضیف، د. شوقی (بدون تاریخ)، العصر الجاهلی، دار المعارف قاهرة ص ٣٩٥ – ٣٩٦

# ناکۆکیەکانی دەروونی ئیسلامی سەرەتایی

لێتۆژینەوە سەبارەت بە ژینگەی نووسینی قورئان، کارێکی ئەوەندە ئاسان نییە. ئەگەر بمانەوێ بەدواداچوون بۆ دۆزینەوەی ئەو ژینگەیە بکەین، دەبێ کار بۆ دەستنیشانکردنی مێژوویی و جوگرافی و کۆمەڵگەی ئەو سەردەمە بکەین. تا بتوانین لە ڕێگای کولتوور و کەسایەتی کۆمەڵگە، بگەینە بنەڕەتەکانی کۆمەڵایەتی. لەبەر ئەوەی دەقەکانی قورئان هەر ئایەتێک پەیوەندی بە ڕووداوێک دیاردەیەک یان میراتی مێژوویی دین و کەلەپووری ناوچەکەوە هەیە. کە لە ڕێگایانەوە، دەستمان دەگاتە کلیلی چوونە ناو هۆکارەکان. ئەو کاتە دەتوانین، ئاسانتر پەنجە بخەینەسەر، ئەو کاریگەریانەی، لە ڕێگای کەسایەتی تاکی موسوڵمان، ڕۆچوونەتە ناو دەقەکانی قورئان و ڕەوتی مێژوویی ١٤٤٠ ساڵەی دینی ئیسلام.

لە سەرچاوەکانی دەرەوەی کەلەپووری ئیسلامی، وەک بێزەنتی و فارسی، تا دەگاتە ڕەوتەکانی دینی ناوچەکانی شام و میسۆپۆتامیا و حەبەشە، باسێک لەسەر دینی داگیرکاری عەرەب نادۆزرێتەوە. ئەی چۆن باوەڕ بەوە بکەین، کاتی لەسەردەمی عومەر، لەشکری ئیسلامی عەرەبی شامیان گرت. دواتر بەرەوە ئۆرشەلیم بەڕێکەوتن و داگیریان کرد. ئیسلام وەک دین هەبووبێ. [225]

کۆنترین بیۆگرافیای ژیان و کردەوەکانی محمد، دوو سەد ساڵ دوای مردنی نووسراوەتەوە.

---

[225] آل عیسی، د. محمد، تاریخ الإسلام المبکر ص١١

سەرڕەرای ئەوە چیرۆکەکان. سەبارەت بەژیانی کۆمەڵایەتی، تەنیا ئەو شتانە دەگێڕنەوە، کە خۆیان ویستوویانە. یان بۆ گونجاندنی سیاسەتی دەوڵەت پێویستیان پێی هابووە.

لە ڕووی شارستانیشەوە، یەهودی و ڕۆمان و یۆنانیەکان، چ لە ڕووی شوێنەوارناسی و چ لە ڕووی مێژووی تۆمارکراو شوێن پەنجەیان لە شارستانییەتی ناوچەکانیان دیارە. بەڵام لە دوورگەی عەرەبی و بەتایبەتی ناوچەکانی حیجاز، هیچ شتێک نادۆزرێتەوە، کە پەیوەندی بە شارستانی ئیسلام و مێژووی عەرەبەوە هەبێ.

جا ئەگەر لە تۆمارەکانی سەدەی حەوتەم، ئەو کاتەی موسوڵمانان هاتنە ئۆڕشەلیم، دینێک بەناوی ئیسلام نەدۆزرێتەوە. کەواتە هێزێکی داگیرکەری لە شێوەی لەشکری شێوەی مەغۆلە داگیرکەرەکان بووین. نەک دینێکی خاوەن پەرتووک.

خاڵێکی تر کە زۆر گرنگە، لەو کاتەی داگیرکەرە عەرەبەکان هاتنە ئۆڕشەلیم، دەبینین شانبەشانی کریستیانەکان بێ پەلە قاژەی شەرو بەرەنگاری مانەوە. ئەگەر داگیرکەر دینێکی نوی هەبوایە، دەبوایە کریستیانەکان بەرەنگاریان بووبوونایەوە. و یەهودیەکانیش بەو ئاسانیە ڕێگەیان نەدابایە، بێنە ناو شار. بە پێچەوانەوە دەبینرێ، لە ئەنجامی گفتوگۆی بە ئاشتی، نێوان دینەکان دەرگای ئۆڕشەلیمیان کردەوە. و دەستەڵاتی سیاسیان دایە دەست، هێزی داگیرکەر. تەنانەت کەس نەیدەزانی داگیرکەر دینێکی نوێی هێناوە، یان هەر کۆنە دینەکەی خۆیانە، بە نوێ پێیان دەفرۆشێتەوە.

ئەوەی جێگای سەرسوڕمانە کریستیانەکان، بە پێچەوانەی هێرشی ٦١٤ س.ب [226]کە ساسانیەکان لەگەڵ یەهودیە نەسارییەکان کردیان. و کریستیانەکانیان بەکۆمەڵ دەکوشتن.

[226] سەلاح، ڕێبوار (٢٠٢٢) ئیسلام و پاشخانی مێژوویی، ل ١٩١

دەبینین ئەو جارە لە ساڵانی نێوان ٦٣٦- ٦٣٨ س.ب کە بەسەرکردایەتی عومەر کوڕی خەتاب هاتنە ئۆرشەلیم، بە باوەڕدار ناویان دەبەن. ئەوەش لە بنەڕەتدا گومان لەسەر ناسنامەی ئەو داگیرکەرە عەرەبانە دروستدەکا. و گریمانەی ئەوە دروست دەبێ، دینی ئەو عەرەبانە شێوەیەکی یەهودی کریستیانی بووبێ. یان یەهودی کریستیانی شکەستخواردووبن و هەوڵ بدەن فۆرمێکی نوێ بۆ دینەکەیان بدۆزنەوە. ئەوەش باشترین ڕێگایە خۆیان بە خزمی یەکتری زانیبێ. تەنانەت داگیرکەر دەستی بە نوێژ لەسەر ڕێبازی یەهودی کرد. ئیتر ژیان لە ئۆرشەلیم و سەرتاسەری ئیسرائیل و شام، بەبێ ڕەچاوکردنی دین و نەتەوە، یا هەر ناکۆکیەکی تر، شان بە شانی یەکتری هەرسێ دینەکان، بەردەوام بوون.

لەوەش سەیرتر، تا ماوەیەکی زۆر دواتریش، لەسەردەمی دەوڵەتی ئەمەوی، لە تۆمارەکانی معاویة کوڕی ئەبو سفیان ئاماژەیەک بە ناوی ئیسلام ناکەن، تەنانەت ناوی محمد لەناو تۆمارەکان نادۆزرێتەوە. [227]

هەر ئەوانە لێتۆژەرەوە ناچار دەکا، ئەگەر بیەوێ بەدوای کۆنترین سەرچاوەی دینی ئیسلام دا بگەڕێ، بێگومان بێجگە لە دەقەکانی قورئان، ناتوانێ هیچیتر وەک جێ متمانە وەربگرێ. کەچی دەقەکانی قورئان، یەک لە دوای یەک، داوا لە نەبی دەکەن، پەیڕەوی دینی نەتەوەی ئیبراهیم بکا. ئایا ئەو دەربڕینە جارێکیتر گەڕانەوەی نەسلڕیەکان نییە بۆ باوەشی یەهودی. تا بەو شێوەیە کریستیانی هێلێنیڕەتکاتەوە. یان بە مانایەکیتر سەرکەوتنی یەهودی نەسلڕی ڕۆژهەڵات بەسەر کریستیانی ڕۆمانی ڕۆژئاوا. [228]

---

[227] آل عیسی، د. محمد، تاریخ الإسلام المبکر ص١٢
[228] هەمان سەرچاوە ص ١٣

یەهودیە نەسارییەکان تەوراتی موسا و ئینجیل بە یەک ووشە دەپەرستن. ئەو ئینجیلەش جیایە، لە چوار ئینجیلە قانوونیەکان. کە بە ئینجیلی مەتیی، بە ئارامی نسراوە. (هەروەها پێشی دەڵێن ئینجیلی نەسارِی و عیبرانی)، کە لەناو چووە. ئەو ئینجیلە قەشە ئیرۆنیمۆس لە سەدەی پێنجی زایینی وەرگێڕاوەتە سەر لاتینی و یۆنانی، کە لە دەستنووسێک لە پەرتوکخانەی حەلەب دۆزراوەتەوە. هەروەها وەرەقە کوڕی نوفل وەرگێڕاوەتە سەر عەرەبی. بە گەواهی عائیشە، کە دەڵێ قەشە وەرەق کۆڕی نۆفل خەریک بوو پەرتووکێکی بە عیبری دەنووسی. [229]

بە هەڵوێستەیەک، لەسەر ئەو زانیاریانەی سەرەوە، دەکرێ مرۆڤ پرسیار بکا: ئایا ئیسلام ئیمپراتۆری عەرەبی دروستکرد، یان ئیمپراتۆری عەرەبی ئیسلامی دروستکرد؟

مێژوو وەڵامی خۆی بۆ ئەو پرسیارە هەیە. ئیمپراتۆری عەرەبی هەر لە دروستبوونیەوە، کێشەی نێوان بنەماڵەکانی قورەیشی هەبوو. بەهێز بوون و بڵاوبوونەوەی لایەنەکانی ناکۆک لە ناو ڕایەڵەی دەستەڵاتی ئیمپراتۆری عەرەبی، کێشەکانیش، هەم قوڵتر و هەم بەربڵاوتر دەبوو. ئەوەش بە تایبەتی دوای کۆتایی خەلافەتی ڕاشدین. و دامەزرانی ئیمپراتۆری ئەمەوی، کە بۆ بەرەنگاربوونەوەی بنەماڵەی هاشمیەکان، پلانێکی توکمەی دانا. هاشمیەکانیش لەلای خۆیانەوە، بە سەرکردایەتی عبداللە کوڕی زبێر، وەک لایەنی دووەم بوون، بەرەنگار بوونەوەی ئەمەویەکان. عبداللە بن زبیر یەکەم کەس بوو، ناوی محمد بێنێ. ئەوەش لە ساڵی ٦٨٥ س.ب بوو. پلانی عبداللە کۆپیەکی ئیمپراتۆری ڕۆم بوو، کە توانیان لە ڕێگای دروستکردنی کریستیانی وەک لایەنێکی بەهێزی دینی بۆ ڕاگرتنی دەستەڵاتی ئیمپراتۆریەتی ڕۆم. ئاواش عبداللە کوڕی زوبیر ئیسلامی داهێنا بۆ دروستکردنی ئیمپراتۆریەکەی. [230]

---

[229] هەمان سەرچاوە، ص ٢٧٧

[230] هەمان سەرچاوە، ص ١٤

ئیمپراتۆر کۆنستەنتین لە بنیاتنانی دینی کریستیانی سەرکەوت. کەچی عبداللە بن زبیر، دوای بنیاتنانی ئیسلام بەزی. و بلیمەتی ئەمەویەکان  ئەوە بوو، دەرفەت بۆ بەردەوامی بنیاتنانی بقۆزنەوە. ناوی محمد بۆ یەکەمجار، لە سەردەمی عبدالملک کوڕی مەڕوان، کەوتە سەر پارەی کانزایی. لە هەمان کاتدا (قبة الصخرة) و مسجد الاقصی، لەسەر پەرستگای یەهودی، لە ناوەڕاستی ئۆرشەلیم دروستکران. عبدالملك ئەوەی بە فەرمی جێگیرکرد ( دین لەلای خودا ئیسلامە) [231]

لەلایەکیتر، ئێستا لە سەرتاسەری جیهانی ئیسلامی، موسوڵمان شەهادە (لا إله إلا الله) بە شەهادەتی (محمد رسول الله) دەبەستنەوە. کەچی ماوەی زیاتر لە ٦٠ ساڵ دوای مردنی نەبی محمد، تا ئەو دەمەش ناوی محمد لە شەهادە دانەبوو. بەڵکوو باوەڕێکی یەکتا پەرستی یەهودی نەسارِی بووە، ناوەرۆکەکەی لە چمکی کریستیانی بە شێوەی یەهودی پەرەی سەندووە. شەهادەتی محمد تا سەردەمی عبدالملک کوڕی مەڕوان نەبووە. لەو سەردەمە لە ناکاو وەک بڕیارێکی فەرمی بۆ گەواهی باوەڕ هات. تەنانەت لە هەمان کاتدا ناوی محمد لەسەر پارەی کانزاش بەدەست کەوت. [232]

دینی ئیسلام لە سەرەتادا، وەک کۆمەڵێکی گومڕا دەستی پێکرد، کە پارێزگاری لە باوەڕی یەهودی بۆ دینی نوێی خۆی بکا. ئەوەش ئاسانە. چونکە لەدەرەوەی کەنیسە دەستپێکرد، نەک لە ناو کەنیسە تا بتوانن بەرەنگاری ببنەوە و شکەستی پێبێنن. [233]

---

[231] هەمان سەرچاوە ص ١٥١

[232] Hilaire Belloc. What kind of Religion is Islam

[233] آل عیسی، د. محمد، تاریخ الإسلام المبکر، ص ١٦٧ - ١٦٨

نووسەری سوداني اسماعیل آدهم لە پەرتووکی ( مصادر التاریخ الاسلامی) دەنووسێ:ژیانی پەیامبەری ئیسلامی دۆزییەوە. بەڵام نەک وەک ئەوەی بیۆگرافینووسان بۆ ئێمەی دەگێڕنەوە. ئەو پێی وایە ژیانی پەیامبەر لە ماوەی سەدەی یەکەم و دووەم داهێنراوە. لە ڕێگای ئەمەشەوە، مێژووی ئیسلام و بیۆگرافیای ژیانی پەیامبەر، تێکەڵاویەکە لە چیرۆکی زۆری خەیاڵی و کەسێکی ڕاستی. هەروەها دەڵێ ڕەچەڵەکی پەیامبەر جیاوازە و ناوی عبدالمطلب ناوی مرۆڤێک نییە. بەڵکوو ناوی بوتێکە. [234]

ابن الراوندی باوەڕی وایە کە عەرەب ئیمپراتۆریەتەکەی خۆیان تەواوکرد. هەستیانکرد پێویستیان بە دینێک هەیە گەرەنتی مانەوەی ئیمپراتۆریەتەکەیان بدا. و لە هەمانکاتدا پاکانەشبێ بۆ فەرمانڕەوایی و یاسایی بوونیان. پلانەکەش وابوو کە مێژوویێکی بەرەو دواوە بنووسنەوە. وەک دوو نموونە یەهودی و کریستیانیش هەبوون. ئەوەش بەو مانایەی کە عەرەب پێویستیان بە دینێک و نەبییێک هەیە کەژیانی نموونەیی بێ بۆ پەیرەوانی.

قورئان پەرتووکێکی ئاسمانی نیە. بەڵکوو کۆکراوەیەکی سەلەوات لێدان و خوێندنەوەی لیتورگییە بۆ پەیرەوکردنی لە نوێژ و خودپەرستی. [235]

ئەوەی جێگای سەرسوورمانە یەکەمین جار ووشەی محمد لەسەر پارەی ئەمەویەکان لە سووریا بەدیارکەوت. لەوەش سەیرتر ئەوەبوو، ئەو پارانە لەپاڵ ئەو ناوە وێنەی خاچیان لەسەربوو. لێکۆڵەرەوانی کە بە دواداچوونیان لەسەر ئەو بابەتەکردووە، گومانی ئەوە دەکەن ووشەی (محمد) تەنیا بۆ ڕوونکردنەوەی گەورەیی یەسوی کریست بووە. لە کریستیانی، کە لە شام لەو سەردەمەدا باو بووە. ئەو ڕوونکردنەوانە لەسەر دیوارەکانی

---

[234] اسماعیل آدهم، مصادر التاریخ الاسلامی ص ٤
[235] آل عیسی، د. محمد، تاریخ الإسلام المبکر ص ١٥٤

ڕۆگەوتی (قبه الصخره) هەر لە بنیاتنانیەوە هەبووین. ئەو فەرمانڕەوایانەش، لەو بنەماڵەی کریستیانی دیاریکراوبوون کە دەگەڕانەوە بۆ یەهودی نەساری.

لە گشت شێوەیکی نەخش و نیگار یان پارە کە ناوی محمد هاتبێ ئاماژەیە بۆ ئەوە نەبی یان پەیامبەر بووە تا ساڵی ٦٩١ س.ب. ئەو پێوارییەش (غیاب) و نەبوونی لە گشت نەخش و نیگارەکان بە تایبەتی دینی، بۆ لێکۆڵینەوە زۆر گرنگە. [236]

سەرچاوەکانی دواتر هەموو هەواڵ و بەسەرهاتەکان لەسەر ژیانی پەیامبەر بە ووردی و درێژی تۆمارکراون. کەچی هیچ لەو هەواڵ و بەسەرهاتانە لەسەر نەخش و نیگارەکانی سەرەتایی کە دەکرێ محمد ژیابێ نادۆزرێتەوە. [237]

لە دەقە دینییەکانی قۆناخی ئەمەوی یەکەم و سەرەتا لە سالانی ٦٦١ - ٦٨٤ س.ب کە وەک یاسای باوەڕ وابوو. بەبێ ئاماژەکردن بەناوی محمد. ئەو ناوە لە دەقە عەرەبیەکان دا نییە تا ساڵی ٦٩١ س.ب.

چمکی (محمدرسول الله) یەکەمین جار لەسەر پارەی عەرەبی لە سەرەتای ٦٩١ س.ب لە دیمەشق وەک چمکێکی تەواو بەدەرکەوت. (لا إله إلا الله محمد رسول الله) ئەوە لە نەخشونیگاری عبدالملک لەسەر دیواری (قبه الصخرة) لە هەمان ساڵ واتە دوای ٦٠ ساڵ لە مردنی محمد بەدیارکەوت و پێش ئەو دەمە بوونی نەبوو. [238]

---

[236] هەمان سەرچاوە ص ١٥٧

[237] Jay Smith (2011) The Converted Qurán.

[238] آل عیسی، د. محمد، تاریخ الإسلام المبکر، ص ١٥٨

لەسەرجەم داگیرکاری عەرەب، نەناوی ئیسلام یان قورئان لە ماوەی ٦٠ ساڵ دوای مردنی محمد نەبیزاوە. بێجگە لە دووجار نەبێ، بەبێ دیاریکردنی مێژووەکەی. لە رووی دووەمی پارەکەش وێنەی پیاوێک بە خاچەوە کێشرابوو. لێرەدا دەردەکەوێ مەبەست لە ووشەی محمد ناو نییە، بەڵکوو ڕوونکردنەوەیەکی شانازییە. بەگشتی پێیان وایە مەبەست یەسوی کریستە. هەروەها لە کۆتایی سەدەی حەوتەم ڕستەی محمد رسول الله هەلکۆلراوە. و لەسەر ئەو ئەو هەڵکۆڵینەش خاچێک دانراوە. [239]

بە لێکۆڵینەوەیەکی بەراوردکاری بۆ چیرۆکی محمد، هەروەک نەریتی ئیسلام زۆر شتی شاراوە ڕوون دەبێتەوە. کە دەبنە بەردی بناخەی دروستبوونی ئەو چیرۆکانە. قورئان بێجگە لە موسا باسی پەیامبەرێکی تر ناکا، کە لەگەڵ محمد لەیەک بچن. ڕووداوی سەرەکی لە چیرۆکی موسا دەرچوونە لە میسر. و ڕووداوی سەرەکی محمدیش کۆچکردنە. هەر ئەو هۆیەشە چیرۆکی کۆچکردن لە ژیاننامەی محمد دروستکراوە. بۆ ئەوەی لەگەڵ چیرۆکی موسا بگونجێ.
بەڵام چیرۆکی مەککە، هەر لەسەرەتاوە پرۆسەی خەونی یەهودیەکانە، بۆ گێڕانەوەی پەرستگای یەهودی.

ئەو چیرۆکانەش دوای کاولبوونی ئۆرشەلیم و دانانی بوتەکانی ڕۆمانی لە شوێنی پەیکەر، وایکردبوو کە یەهودیەکان خەون بەوەوە ببینن. کە لەدەستی ڕۆم ڕزگاربێن و ئۆرشەلیم بگەڕێتەوە، و بوتەکان تێک بشکێنن. یەک لەو بوتانە هەبل. کە گەورەترین بوتبووە، وەک خودای شەڕ لای ڕۆمانەکان. چیرۆکی داگیرکردنی مەککە. و ڕۆڵی دروستکراوی محمد لە چیرۆکەکانی کەلەپووری یەهودیەوە هاتووە. لە مەککە جارێکیتر بەرجەستەکراوەتەوە.

---

[239] هەمان سەرچاوە ص ١٥٨ - ١٥٩

بێجگە لەوەش، زۆر لە کەلەپووری یەهودی نەسارِی لە چیرۆکی محمد سەرهەڵدەدەنەوە. ئایا ژەهردانە محمد لەلایەن ژنێکی یەهودی، بەپێی ژیاننامەی پەیامبەر. هەڵسوکەوتی یەهودیەکان نییە دژی یەسو و لەخاچدانی؟ سەرجەمی سەرچاوەکانی ئیسلام کۆکن لەسەر ئەوەی محمد بە ژەهرخواردن مرد. ئەوە ڕووداوێکە زیاتر بە شاتۆگەری دەچێ، کە ژیانی پاڵەوان لەپڕ خەڵکی سەرسام دەکا. نەریتی ئیسلامی دەڵێ: یەکەم دروستکراوی خودا محمد بووە. بیرۆکەی بنەڕەتی ئەوە یەسو یەکەم دروستکراوی خودابووە. ئەوەش بەپێی ئینجیلی یۆحەننا. ئایا ئەوە ڕێکەوت نییە؟. [240]

هەندێک باوەڕیان وایە گەشەکردنی ئیسلام، بەرهەمێکی سرووشتی یەهودیە نەسارِیەکانە، کە لە پەراوێزی کریستیانەکانی هێلینی بوون. کەچی هەندێکی تر باوەڕیان وایە، ئیسلام کوڕی ڕەسەنی یەهودیە بە تالمود و میدراش و کەلەپووری هاگادە و هالاخا. ئەو دوانەش تاکە ئاڵترنەتیڤن بۆ بنەڕەتی ئیسلام. جا هەر کامیان بێ هیچ لەوە ناگۆڕێ کە دینی ئیسلام دینێکی نوێ نییە. بەڵکوو کۆپیکردن، و پەرەدانە بە دینی یەهودی. جا یەهودی حاخامی یان یەهودی نەسارِی، دەگەڕێتەوە سەر هەمان سەرچاوە. بە یەک جیاوازی کە بەلای یەهودی نەسارِیدا دەشکێتەوە. ئەویش ڕۆڵی یەسوی کریستە. لە هەردوو دینی یەهودی نەسارِی و ئیسلام وەک کۆپی یەکتری وان. [241]

ابو موسی الحریری ,دەڵێ ئیسلام و نەسرانی یەک دینن بە جیاوازی ناو. یان ئیسلام ناوی عەرەبی نەسرانیە. ئەوەش ڕاستی مانای دینی ئیبراهیمی حەنیفە، کە یەکەم و کۆتایی داوای یەکتاپەرستی خودای ڕەها دەکا. و هاوبەشی بۆ ڕەتدەکاتەوە. بەو پێیە بۆمان دەردەکەوێ قورئان بریتییە لە کۆکردنەوە و وەگێڕانی دەقە پیرۆزەکانی سریانی دینی یەهودی نەسارِی.

---

[240] آل عیسی، د. محمد، تاریخ الإسلام المبکر، ص ١٦٣
[241] نبیل فیاض، یوم انحدر الجمل من السقفیه

کەواتە ئیسلام بە عەرەبکردنی دینە ئیبراهیمیەکانە و هەوڵدانێکە بۆ دابڕینی میراتی ئیبراهیمی لە یەهود. [242]

هیلاری بیلوچ دەڵێ: ئیسلام وەک لاڕێ (گومڕا) دەستی پێکرد. پارێزگاری لە سیمای یەهودی بە باوەڕێکی نوێ، و یەکتاپەرستی، بەشێوەی ڕەها دەکرد. کە بەگشت شێوەیەک کریستیانی بەرجەستەکردنی خودا و کریستی (یەسو) ڕەتدەکردەوە، و تەنیا بە مرۆڤێکی ئاسایی دادەنا. وەک هەر کەسێکیتر. [243]

بەو هەموو لێکچوونە ئەفسانەییانە، زۆربەی هەرە زۆری لێتۆژەرەوان هاتوونەتە سەر ئەو ڕایە، کە ئیسلام بێجگە لە دینی یەهودی نەسرانی شتێکی تر نییە. دوای جیابوونەوەی لە کریستیانی و داماڵینی خودایی لە کریست و تەنیا وەک دینێکی سادە لەسەر ڕێبازی یەهودی مایەوە. [244]

جەستەی ئیسلامی سەرەتایی، بە تەواوی لە لەسەر ئەفسانە و چیرۆکەکانی یەهودی نەسلڕیەوە ڕۆنراوە. بۆ پشتڕاستکردنەوەی، ئەو گریمانەیە، بەراوردی هەندێک گوزارەی قوڕئان و دەقەکانی سریانین. [245]

دەبێ تێبینی ئەوە بکرێ کە ئیسلام لە کۆتاییدا پارێزگاری لە پێگای کریستیانی کرد. گەواهی بە عیسای کوڕی مریەم دا لەڕێگای (عبده و رسوله).

---

[242] الحريري، ابو موسى، قس و بنی ص ١٦٦

[243] Hilaire Belloc, What kind of Religion is Islam

[244] جعیط، هشام . تاريخية الدعوة المحمدية ص ١٦٩

[245] هەمان سەرچاوە.

ئەوەی زیاتر جێگای هەڵوێستەکردنە، نووسەری قورئان توخمە سەرەکیە گرنگەکانی ڕەوتە دینیەکانی دانەدەنا. کە خۆیان بڵاویان دەکردەوە و بەگرنگیان دادەنا. بە پێچەوانەوە بە مەبەستی نارەزایەتی و پەڵپ لێگرتنیان و کوودەتاکردن بەسەریاندا، ئەو شتانەیان وەردەگێڕا، کە ئەو ڕەوتانە گرنگیان پێ نەدەدان. و پشتگوێیان دەخستن. زیاتر شتە شاراوەکان (ئەپۆکریفا) و لە پێشەوەی باوەڕی خۆیان دایان دەنان. [246]

بۆیە ووشەی ئیسلام و دەربڕینی، هیچ پەیوەندی بە چۆنییەتی دینەوە نییە. دین شتێکە و ئیسلام شتێکی تر. دین واتە باوەڕ (ئیمان) و ئیسلام واتە خۆدانەدەست و ملکەچبوون. بەو پێیەش دەتوانین ووشەی ئیسلام بە گونجان، پەیڕەوکردن و ڕاستاندنی یاساکانی موسا وەربگرین. بەو مانایەی گەڕانەوە بۆ ئیبراهیم و یاسای موسا و تەورات. جا هەر کام دین لە دینە ئیبراهیمیەکان ئیسلامە.

القرآن الکریم – سورة آل عمران ٣: ٨٥

هەر کەس بەدەر لە ئیسلام، هەر دینێکی دیکەی هەبێ، لێی قەبوڵناکرێ، و
لە دوارۆژدا لە دۆڕاوانە (٨٥)

ئەو ئایەتە بە ڕوونی دەڵێ، لەدەرەوەی دینەکانی ئیبراهیم، هیچ دینێکیتر، پەسند نییە. و دوارۆژیان بە دۆڕاو و زیان لێکەوتوو کۆتایی دێ.

[246] آل عیسی، د، محمد، تاریخ الاسلام المبکر ل ١٧٤

# ژینگەی کۆمەڵایەتی و کاریگەری لەسەر قورئان

بێجگە لە کاریگەری دینی یەهودی و زەردەشتی، کریستیانی و نەرێت و ڕێتوالەکانی سەردەمی کۆنی عەرەبی بەر لە ئیسلام، ژینگەی کۆمەڵایەتی هاوسەردەمی نووسەری قورئانیش، ڕۆڵێکی زۆر گرنگی بۆ هاتنی، ئایەتی نوێ لە قورئاندا هەبووە. ئەو ئایەتانە بەڕوونی، لە فۆرم و گوزارەکردن دیارن. و نیشانەی کۆمەڵگە و ئاکارەکانی تاکە کەسیان پێوە دیارە. کەم نین ئەو ئایەتانەی ڕاستەوخۆ پەیوستن بە ڕووداوێکی تاکە کەسی یان کۆمەڵایەتی زۆر نزیکی نووسەری قورئان.

زۆرجار ئایەتەکانی قورئان بوونەتە مینبەرێک، بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی نەبی. بەتایبەتی لە قورئانی مەدینە. سورەتەکانی البقرة، الأحزاب، النور، تحريم، الأنفال و التوبة ئەوەندە بە ئاشکرا، و نالۆژیکی دەچنە ناو کاروبارەکانی کۆمەڵایەتی محمد. تەنانەت یاوەرانی نزیکی پەیامبەر کاردانەوەی نەرێنیان دەبێ، و باوەڕ بەوە ناکەن کە خودایەکی ئەوەندە مەزن، ئەو گەردوونە بێ لەمپەرەی دروستکردبێ، بەردەوام خەریکی کێشەکانی خێزانی پەیامبەر بێ. یا جار هەبووە خەڵکیتر بۆ هاتنی ئایەتێک پێشنیازیان کردووە. یانیش لەبەر هۆیەک، یان ڕووداوێک ئایەتێکی باوی سەردەمی پێشتر بە ئایەتێکیتر نەسخکراوە، جا ئەگەر ئایەتە نوێکە، بوویێتە هۆی ناکۆکیش، کەچی لەبەر گونجاندنی، لەگەڵ هەلومەرجە نوێکەدا هەر سەپێندراوە.

لەم بەشەدا گوزەرێک بەناو ئایەتەکانی قورئان دادەکەین. چەند چیرۆکی جۆراوجۆر، لەگەڵ ئەو ئایەتەنای بە هۆیانەوە هاتوون، دەخرێنە ڕوو. ئەوەش وەک بەڵگە، بۆ نیشاندانی کاریگەری ژینگەی کۆمەڵایەتی و ئارەزووە تایبەتییەکانی نووسەری قورئان. کە کاریگەریەکی ڕاستەوخۆیان لەسەر ئاڕاستەی دین هەبووە. ئەوەش تا ئەندازەیەکی بەرز، ڕەنگدانەوەی، لە چمک و گوزارەی ئایەتەکانی قورئان دیارن. و بوونەتە هەڵومەرجی ڕەها بۆ ئایەتی نوێ.

## مارەبەجاش چەقی پەیامی دینی ئیسلامە

لە کوردەواری مارەبەجاش ناوێکی ناسراوە. وکە بە پێی قورئان، لە دینی ئیسلام لەسەر پرسی تەڵاق هاتووە. و لە جیهانی ئیسلام بە شێوەیەکی بەرفراوان کاری پێدەکرێ. و پەڵەیەکی ڕەشە بە تەوێڵی داهێنەری ئەو یاسایە. کە ماڵی بە هەزاران کەسی بەدبەختی وێرانکردووە. لە گشت کولتوورێک و نەتەوەیەک هەر لەسەردەمە هەرە کۆنەکان تەڵاقدان و پێکهاتنەوە هەبووە. هۆکاری تەڵاقدان زۆرن، بەڵام زۆر جار لەبەر بوونی منداڵ یان سامانی زۆر و کارەساتی خێزان پێکهاتوونەتەوە.

بۆ پرسی تەڵاق و شێوەی چارەسەرکردنی، نووسەری قورئان لە سنووری چوارچێوەی کولتووری هۆزەکانی دوورگەی عەرەبی دەرنەچووە. و هزری کۆمەڵایەتی هۆز و بنەماڵەی کۆنی عەرەب، سەرچاوەی ئەو چارەسەریانەن کە نووسەری قورئان بانگهێژی بۆکردوون. بۆیە ڕەنگدانەوەیەکی زەقی سەردەمی، پێش هاتنی ئیسلامی پیوەیە. و نەیتوانیوە سنووری ئەو کولتوورە دەربازکا.

تەڵاقدان وەک زۆربەی نەرێتەکانی تری کۆن بە دواکەوتوویی خۆیان خزاونەتە ناو دین. ئەوەش لە پرۆسەی پەرەسەندنی کۆمەڵایەتی کارێکی ئاساییە. بەڵام پیرۆزکردن و دانانی بە کارێکی خودایی، کێشەکە ئاڵۆزدەکا. و لە ریالیزم دەردەچێ و دەبێتە کارێکی خەیاڵی و دوور لە لۆژیک. هەروەها دەبێتە گەیێنەری پەیامێک، کە ئەو دینە چەقی سووکایەتی بە خێزان و شکاندنی شکۆی ژن و مێردە.

بە پێی یاسای شارستانی و پەرەسەندنی کۆمەڵایەتی مرۆڤ، ئازادی تەڵاقدان و پێکهاتنەوە، لە چورچێوەی مافی تاکەکەس دایە. نە دین و نە سیاسەت ناتوانن، چوارچێوی دیاریکراوی بۆ دابنێن. ئەگەر چوارچێوەیەکیان بۆ دانا، ئەوا ئازادی تاک پێشێل دەکەن. خێزان دەخرێتە ناو دیواری زیندان. گشت سەرفرازیەکانی پێشێل دەکرێن. و تاکەکانی بە پێی ئارەزووی هێزێک لەدەرەوەی ویستی خۆیان دەبێ بژێن.

لە گشت دینەکانە ئیبراهیمیەکان ئەو پێشێلکردنە کەم یا زۆر هەست پێدەکرێ.

## تەڵاق لە دینی یەهودی

لە دینی یەهودی تەڵاق، بۆ پیاو بە کارێکی پەسند دانراوە. هەڵوێستی دینی دەڵێ:

> جیابوونەوە باشترە لە ژیانێکی پڕ شەڕ و دوژمنایەتی. لە ژێر ناوی (ئاشتی لەماڵەوە).

بەڵام ژن لەو مافەدا، ڕەچاوی کەمترین ڕۆڵی بۆ نەکراوە. بەڵکوو چارەنووسی خراوەتە دەستی پیاو. هەر لەوکاتەی ژن هاوسەرگیری دەکا، بە پیاوێک دەبەسترێتەوە، تەنانەت مافە هەرە سەرەتاییەکانیشی پێ ڕەوانابینرێ. بۆ گوزارەکردن لەو بەدبەختیەی، زاراوەیەکی عیبری

هەیە بەناوی ئەگونە (Aguna). ئەگونە زاراوەیەکی یاساییە، لە پەرتووکی هالاخا، دینی یەهودیە. مانای بەستراو، یان بەند لەگەڵ مێردەکەی، لە ڕێگای مارەبڕی. بە ژنێک دەگوترێ کە هاوسەرگیری کردبێ، هەرچەندە ئەگەر لەگەڵ یەکتریش نەژین. ژنە ناتوانێ هیچ هەنگاوێک بەبێ ڕەزامەندی مێردەکەی باوێ، لەبەر ئەوەی هیچ مافێکی یاسایی نییە. تا داوای جیابوونەوە بکا، و مێردێکیتر بکاتەوە. ئەگەر ژنێکی ئەگونە لەگەڵ پیاوێک بژی، و مێردی هێشتا تەڵاقی نەدابێ، لە ڕووی یاساییەوە کێشەیەکی گورەیە. بەتایبەتی ئەگەر منداڵی هەبن.

ژن و مێرد تەنیا ئەوکاتە دەتوانن لەیەک جیاببنەوە، کە پیاوەکە خۆی یان لە ڕێگای بریکارەوە، بڕیاری تەلاقدان پەسندبکا.

بۆ ئەوەی ژنێک بە ئەگونە دابنرێدەبێ:

١ پیاوەکە گوم بووبێ.

٢ پیاوەکە تووشی نەخۆشی دەروونی بووبێ یان کەم ئەندام بێ.

پیاوەکە جیابوونەوە ڕەتبکاتەوە، سەرەڕای ئەوەی لەگەڵ یەکیش نەژین.[247]

## تەڵاق لە دینی کریستیانی

لە ڕێبازی کاتۆلیک و ئەرثەدۆکس جیابوونە قەدەخەیە، بەڵام لە هەلومەرجی نالەبار کە ڕێگایەکیتر نەبێ، ئەوکاتە پەسنددەکرێ. ئەوەش بە هەڵوەشاندنەوەی هاوسەرگیری

---

[247] Groth Bente (2002) Jodendomen, kultur, historia, tradition. Natur & Kultur. Stockholm.

ناودەبرێ. بۆ نموونە ئەگەر هاوسەرگیریەک گومانی لەسەربێ، یەک لە ژن و مێردەکە بە زۆری ناچاری هاوسەرگیری کرابن. یان کێشەی دەروونی لەیەکیان دا هەبێ و بسەلمێ کە ناتوانێ لە ژیانی ژن و مێردایەتی بەردەوام بێ.
بەڵام لە ڕێبازی پرۆتستانتی کەنیسە ڕێگە دەدا ژن و مێرد لەیەک جیا ببنەوە. و دواتر بگەڕێنەوە لای یەکتریش.

## تەڵاق لە ئیسلام

لە دینی ئیسلام و قورئانەکەی، ئەو پێشێلکردنی ژیانی خێزان و هاوسەرگیری، گەیشتۆتە ئاستی سووکایەتی بەرامبەر مافی ژن و مێرد لە خێزان.

مارەبەجاش هەر لەسەرەتای پەیدابوونی دەوڵەتی ئیسلام و دەستەڵاتی، چوارچێوەیەکی بۆ تەڵاقدان داناوە. لەوەش خراپتر، دوای سێ جار تەڵاقدان. هەنگاوی کارەساتێک دەستپێدەکا. لە بەر نالۆژیکی و بێ ڕەوشتی بەرامبەر شیرازەی خێزان، هیچ سیستەمێکی کۆمەڵایەتی ناتوانێ پەسندی بکا.

موسوڵمانان زۆر باش ئەوە دەزانن، بۆیە تا بۆیان بکرێ، خۆیان لە باسی مارەبەجاش دەبوێرن. ئەگەر ناچاریش بکرێن، ئەوا بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ نکۆڵی لێدەکەن. و دەیانەوێ بڵێن ئەو نەرێتە دواتر هاتووە. و هیچ کارێکی بە ئیسلام و قورئانەوە نییە. بەڵام بە پێچەوانەوە، ئەو نەرێتە لە ئایەتی قورئان و حدیسی نەبی بە ئاشکرا هاتووە. و سەرجەمی ڕاڤەکارانیش سەرەڕای ناکۆکیان لەسەر چۆنیەتی مارەبەجاش، لەسەر ئەوە کۆکن، کە دوای سێ جار تەڵاقدان. ژن و مێرد چیتر حەڵاڵی یەکتری نین.

سورة البقرة ٢: ٢٣٠

گەر تەڵاقیدا، لەوە بەدوا بۆی حەڵاڵ نیە، تاوەکوو مێردێکی تر لەگەڵی جووت نەبێ. گەر لەو مێردەی کردوویەتی تەڵاقدرا، ئەوسا هیچ گوناهێکیان ناگاتێ. ئەگەر دووبارە بۆ لای یەکتر بگەڕێنەوە. بەو مەرجەی هەردووکیان، بتوانن پابەندی سنوورەکانی خودابن. و ئەمانەش سنوورەکانی خودان. بۆ خەڵکی ڕوونی دەکاتەوە، کە دەزانن (٢٣٠)

القرطبي دەڵێ: کە تەڵاقیدا (فإن طلقها) واتە تەڵاقی سێیەم، ئەوسا بۆ پیاوەکەی حەڵاڵ نییە. ئەو لێکدانەوەیە، گشت ڕاڤەکارانی موسوڵمان لەسەری هاوڕان. لە حەدیسێکی پەیامبەر سەبارەت بە ئەو پرسە دەڵێ:

١٢٣٢ - تا هەریەک لەوان، لە ئەندامی سێکس (عسیلة)ی بەرامبەرەکەی چێژ وەردەگرێ. کە مەبەستی چێژی جووتبوونە.[248]

ئەو کەسەی ژنەکەی دووجار تەڵاقدا، لێی جیابووەوە، دوایی ویستی هاوسەرگیری لەگەڵ بکاتەوە. پێویست بەوەناکا، لەگەڵ مێردێکیتر جووتبێ، لەبەر ئەوەی سێ جاری تەواونەکردووە. بەڵام دوای ئەو دووجارە، جاری سێیەم (فإن طلقها) ئیتر ئەو ژنە حەڵالی نابێ، تا لەگەڵ مێردێکیتر جووت نەبێ.[249]

الطبري دەنووسێ، ابن عباس گوتوویەتی: ووشەی (إن طلقها ثلاثا) واتە سێ جار تەڵاقیدا، ئیتر حەڵالی نییە، تا لەگەڵ مێردێکیتر جووت نەبێ. هەروەها الضحاک دەڵێ:

---

[248] تفسير القرطبي، جامع لأحكام القرآن الجلد الثالث ص ١٤٠

[249] هەمان سەرچاوە ص ١٣٧

ئەگەر جارێک یا دووجار تەڵاقیدا، دەتوانێ بیگێڕێتەوە بەبێ ماوەی چاوەڕوانی. بەڵام جاری سێیەم هیچ پاشەکشیەک نیە. تا لەگەڵ مێردێکیتر جووت نەبێ.[250]

لە عائیشە دەگێڕنەوە، گوتوویەتی:

جارێک سەبارەت بە پیاوێک لە پەیامبەریان پرسی: کە ژنی خۆی تەڵاقدابوو، و میردێکیتری کردبوو. بەڵام بەر لەوەی لەگەڵی جووتبێ، تەڵاقی دابوو. حەڵالە بۆ پیاوی یەکەم؟
پەیامبەر گوتێ: نەخێر، تا مێردی دووەم چێژی لێوەردەگرێ. و ئەویش چێژ لە پیاوەکە وەردەگرێ، بۆ پیاوی یەکەم حەرامە. بەو مانەیەش دەبێ چووکی پیاو و زایەنی ژن چێژ لەیەکتری وەرگرن.[251]

تەڵاقی یەکەم و دووەم تۆ ئازادی، ئەگەر ماوەی چاوەڕوانی مابێ. ئەگەر پێکهاتنەوە و گەڕانەوە لای یەکتری، ئەوە چاکەی تێدایە. ئەگەر ماوەی چاوەڕوانی کۆتایی هات، ئەوا ئازادی دەکەی مافی خۆی دەدەیتێ. زیانی پێ ناگەیێنی.[252]

ئەگەر پیاوێک ژنەکەی بۆ جاری سێیەم تەڵاقدا. یان سێ بەسێ تەڵاقی خوارد. بەپێی ئایەتەکە دەڵێ: (حتى تنكح زوجا غيره). واتە تا لەگەڵ مێردێکیتر جووت دەبێ.

---

[250] الطبری المجلد الرابع ص ١٦٦ - ١٦٧
[251] هەمان سەرچاوە ص ١٦٩ – ١٧٠
[252] ابن كثير تفسير القرآن العظيم المجلد الثالث ص ٣٤١

دەربڕینی قورئان سەرڕاست و بێ گرێگۆڵە. بە ڕوونی دەڵێ دەبێ مێردێکیتر بکا. و پێویستە لەگەلیشی جووتبێ. مادام ووشەی (زوجا)ی بەکارهێناوە. ئەگینا دەبوایە ووشەی (رجلا) بەکار هاتبووایە.

السیوطي دوو ڕووداو دەگێڕێتەوە، ڕەنگە هەمان ڕووداوبن، بەڵام بە دوو شێوەی جیاواز. یەکەمیان دەڵێ:
ئەو ئایەتە سەبارەت بە عائیشة کچی عبدالرحمان کوڕی عتیک النظري هاتووە. کە ژنی ریفاعة کوڕی وهب کوڕی عەتیک بوو. و ئامۆزای خۆی بوو. کاتی ڕیفاعە بۆ جاری سێیەم تەڵاقیدا، مێردی بە عبدالرحمن کوڕی زبێر القورەزی کرد. ئینجا تەڵاقیدا.
عائیشە هاتە لای پەیامبەر و گوتی تەڵاقیدام، بەڵام بەر لەوەی لەگەڵم جووتبێ. ئایا دەتوانم بگەڕێمەوە لای مێردەکەم؟
پەیامبەر گوتی: نەخێر، تاکوو مێردی دووەمت لەگەڵت جووت نەبێ، ناتوانی.

لە صحیح البخاري و صحیح مسلم و جامع الترمذي هاتووە. کە عائیشە گوتوویەتی:
ژنی ڕیفاعە القورزی هاتە لای پەیامبەر، و گوتی: من ژنی ڕیفاعە بووم، و تەڵاقیدام. عبدالرحمان کوڕی زوبێر هاوسەرگیری لەگەڵکردم. بەڵام چووکی وەک لچکی ئەو کراسەم نەرمە. و هیچی پێناکرێ.

پەیەیامبەر بە زەردەخەنەیەکەوە، گوتی: دەتەوێ بگەڕێیتەوە لای ڕیفاعە؟ ناتوانی. تاکوو تامی چووکی عبدالرحمان نەکەی و عبدالرحمان تامی زێی تۆ نەکا.[253]

---

[253] السیوطي. أسباب النزول. الطبعة الأولی ٢٠٠٢. ص ٤٦

دووەم ڕووداو، سەبارەت بە پیاوێکە، ژنەکەی تەڵاقدا، بەر لەوەی ماوەی چاوەڕوانی کۆتایی بێ، پێکهاتنەوە. و ژنەی گەڕاندەوە. دواتر دیسان تەڵاقی دایەوە. ئیتر لەسەر ئەو کارەی هەر بەردەوام بوو. بە پێی لێکدانەوەی ڕاڤەکارانی وەک السیوطي دەبێ خودا وەک سزایەک، ئایەتی ٢٣٠ البقرەی ناردبێ.[254] بەڵام بە هەر لێکدانەوەیەک بێ مارەبەجاش کارێکی نامرۆڤانەیە.

بەپێی ئەو فەرموودانەی پەیامبەر، کە وەک بەرگری و تەواوکەری ئایەتی ٢٣٠ سورەتی البقرەن. دەیسەلمێنێ مارەبەجاش. سەرچاوەکەی لە قورئانەوە هاتووە. دوای ئەوەش پەیامبەر بە حەدیس بنبەستیکردووە. ئەگەر ژنێک سێ جار تەڵاق بدرێ، یان مێردەکە سێ بە سێ تەڵاقی خوارد، دەبێ میردێکیتر بکا، و لە گەڵ مێردە نوێکە جووت بێ و چێژی سێکس لەیەکتری بە جوانی وەربگرن، ئەوسا دەتوانێ دوای تەڵاقدانی بگەڕێتەوە لای مێردەکەی.

ئایەتی ٢٣٠ سورەتی البقرة لە قورئان دەیسەلمێنێ، کە پەیامی ڕاستەقینە و گرنگی دینی ئیسلامە بۆ کۆمەڵگە، ئەوەش بە حەدیس و ڕووداوی مێژوویی لە سەردەمی محمد بە دەیان جار پشتڕاستکراوەتەوە. بۆیە دەبێ وەک پەیامێکی ناوەندی و گرنگی ئەو دینە ببینرێ. بەیاساکردنی مارەبەجاش واتە وێرانکردنی کۆمەڵگە، و دواخستنی پەرەسەندنی بە هەزاران ساڵە. لەبەرئەوەی:

١ سەرفرازی و خۆشەویستی نێوان دوو هاوسەر، بە شکاندنی کەسایەتیان دادەبەزێنێ.

٢ بەربادکردنی خێزانێک، کە ڕەنگە منداڵیان هەبن، بەوەش دەردەکەوێ کە لە دینی ئیسلام پەروەردە و بنەماکانی بوونیان نییە. بیری لێبکەوە لە ڕووی دەروونیەوە، لە کۆمەڵگەیەکی

[254] هەمان سەرچاوە ص ٤٧

پیاوسالاری وەک عەرەبی ١٤٤٠ ساڵ لەمەوبەر، منداڵێک بزانێ دایک و باوکی یەکیان تەڵاقداوە، و دایکی سێکسی لەگەڵ کەسێکیتر کردووە. دەبێ لە ڕووی دەروونیەوە چۆن تێکبشکێ.

٣ ئایا چ پەندێک لە پرۆسەیەکی وا قێزەون وەربگیرێ. تەنیا لەسەر ئەوەی مێردە قسەیەکی کردووە، بۆ نموونە سوێندی بە تەڵاقی خواردووە. با شە ئەوا سوێندی خوارد، ژنە چ تاوانێکی هەیە، ببێتە قوربانی قسەی پیاوەکەی! تەڵاق چیە تا بشکێ. ئەگەر هاوسەرگیری، ئەنجامی یەکترویستنی دوو کەسە!! بە قسەیەک ئەو ویستە هەڵناوەشێتەوە. بۆیە مارەبڕێ و بڕیاری جیابوونەوە. لەدەستی ئەو دووکەسە دایە، کە هاوسەرگیری دەکەن. نە پێویستیان بە دینە مارەیان بکا، و نە پێویستیان بە مەلایە مارەباجاشیان بۆ بکا.

لە کۆتاییدا مارەبەجاش، بەرلەوەی کارەساتێ بۆ کۆمەڵ، نەخۆشیەکی درمی دینەکەیە. و دەیسەلمێنێ، ئەو دینە ئامادەیە سەروەری خێزان بشکێنێ، تەنیا بۆ گەیاندنی پەیامێک، و باکی بەوە نییە دەرئەنجامەکەی، تەنیا وێرانکەری کۆمەڵ، و تێکدەری شیرازەی خێزانە. و تاکەکانی کۆمەڵگە دەکاتە کۆیلەیەکی گرێبەستکراو. بە تاکە ووشەیەک (تەڵاق) لەکار دەکەوێ. تەنیا بە سێ جار دووبارە کردنەوە. کۆتایی ژیانی هاوسەری و دایک و باوکایەتی دێ.

## پەیامی قورئان بۆ پێگەی ژن

موسوڵمانان سەبارەت بە پرسی ژن لە ئیسلامدا، هەمیشە لە سەنگەری بەرگریکردن دان، و دەڵێن، دینی ئیسلام ڕێزێکی گەورەی بۆ ژن داناوە. بەڵگەشیان سوڕەتی (النساء)ە. کە بە

قسەی ئەوان، دەبێ سەرچاوەی یەکسانی نێوان ژن و پیاو بێ. بە دەیان پاساو وەک بەڵگە دێننەوە، بۆ ئەوەی بیسەلمێنن، کە دینی ئیسلام ڕیزی لە ژن ناوە. و لەگەڵ پیاو یەکسانی کردووە. بەردەوام وەک بنێشتە خۆشە، کات و ناکات دووبارەی دەکەنەوە، ئەوە نیە سوڕەتێکی گەورە بەناوی ژن (النساء) لە قورئاندا بۆ مەزنی ژن هاتووە!!

بەڵام ئەوەی موسوڵمان، تا ئێستاشی لەگەڵدابێ، تێی نەگەیشتووە ئەوەیە، ناوەرۆکی سوڕەتی النساء گەورەترین سووکایەتی بە ژن و پێگای کۆمەڵایەتی دەکا. و بە ئاشکرا بە بوونەوەرێکی کەمتر لە پیاوی دادەنێ. هەر بۆ ئەو مەبەستە، لەم باسەدا دوو چیرۆک دەخرێنەڕوو، کە بوونەتە هۆی هاتنی دوو ئایەت، هەردوو ئایەتەکەش، لە سووڕەتی النساء دان. ئەو دوو ئایەتە بەڵگەن، کە دینی ئیسلام و پەیامبەرەکەی، ژنیان خستۆتە ژێر ڕکێفی پیاو. ئەوەش هەر لە مافی تاک بۆ ژن، تا دەگاتە یەکسانی لەگەڵ پیاو. لە جیاتی ئەوە، تەنیا سووکایەتی بە ژن و پێگەی کۆمەڵایەتی ڕادەبینن. و لە هەر هەڵومەرجێکی ناکۆکی ژن تاوانبارە و دەبێ باجی تاوانی خۆی و پیاویش بدا. لە جیاتی ئەوە پێگای پیاو لای نووسەری قورئان بەرزترە. و مافی سەرپەرشتی ژنی دراوەتێ، تا ئەو ئاستەی وەک یاسا دەتوانێ تەمێی بکا.

## چیرۆکی یەکەم

بە پێی گێڕانەوەی ڕاڤەکارانی موسوڵمان القرطبي، و الطبري و ابن كثير و هیتر، سعد بن الربيع، شەقێکی لە ژنەکەی، بەناوی حەبیبە کچی خارجة کوڕی أبي زوهير داوە. باوکی حەبیبە دەچێتە خزمەت پەیامبەر و پێی دەڵێ: ئەی پەیامبەری خودا، من ئەو کچە باشەی خۆم داوەتێ، کەچی ئەو بە شەق لێیداوە. پەیامبەر گوتی: بڕۆن تۆڵەی لێبکەنەوە. کاتی حەبیبە لەگەڵ باوکی بۆ تۆڵە سەندنەوە دەچوون، پەیامبەر بانگیکردن و گوتی: بگەڕێنەوە

ئێستا جبرائیل هات و ئەو ئایەتەی دابەزاند. پیاوان لەسەر ژنان باڵادەستن. بەردەوام بوو گوتی: ئێمە شتێکمان دەویست، بەڵام خودا شتێکیتری دەوێ. ئەوەی خوداش دەیەوی باشترە.[255]

سورة النساء ٤: ٣٤

> پیاوان بەسەر ژنانەوە باڵادەستن. لەبەر ئەوەی خودا هەندێکیانی بەسەر هەندێکی دیکەدا پەسندکردووە.  بەهۆی ئەوەی پیاوان پارەکانیان خەرج دەکەن. جا ژنانی چاک، کە گوێڕایەڵن. و دوور لە مێردیان ئابڕووی خۆیان دەپارێزن. و ئاگایان لەماڵ دەبێ. ئەو ژنانەی کە لێیان دەترسن سەرپێچیتان لێبکەن، ئەوا ئامۆژگاریانکەن، سەرجێیان لەگەڵ مەکەن، و لێیان بدەن. ئەگەر گوێڕایەڵتان بوون، ئەوا هیچ بیانوویەک بۆ ئازاردانیان مەدۆزنەوە، لە ڕاستیدا خودا بەرزو گەورەیە (٣٤)

لە چیرۆکێکیتر کە ڕەنگە هەمان چیرۆکبێ، دەڵێ: ژنێک هاتە لای نەبی و گوتی: مێردەکەم شەقێکی لێداوم. پەیامبەر گوتی لەنێوانتان سزا هەیە. یەکسەر ئایەتی ٣٤ سورەتی النسائی هات. و قەدەخەی ئەوەیکرد. کە ژن مافی ئەوەی هەبێ، داوای مافی ئاسایی خۆی وەک مرۆڤێک بکا.[256]

بەرزتر و باڵادست دانانی پیاو لەسەر ژن، لە قورئاندا جاری یەکەم نییە. بەڵکوو پێشتر لە ئایەتی تریش هاتووە. کە نووسەری قورئان ژن بە بوونەوەرێکی کەمترادەنێ.

---

[255] القرطبي، جامع لأحكام القرآن، الجزء الخامس ص ١٦١

[256] هەمان سەرچاوە ص ١٦٢

سورة البقرة ٢: ٢٢٨

پیاوان پلەیەکیان بەسەر ژنانەوە هەیە (٢٢٨)

ئەو ئایەتە بەڵگەیە، بۆ ئەوەی نووسەری قورئان پیاوان هاندەدا، کە ژنان تەمبێ بکەن تا دەگاتە ئاستی لێدان و ئەشکەنجە. سەرەڕای ئەوە، لە کۆتایی ئایەتەکە دەڵێ:

ئەگەر مافی پیاوانیان پاراست نابێ لەگەڵیان خراپبن.[257]

کەواتە ژن بەردەوام دەبێ ملکەچ و بەرفەرمانی پیاو بێ، ئەگینا تەمبێکردنی، وەک ئەرکێک لەسەر پیاو دانراوە.[258]

ئەو دیمەنە لە حەدیسەکانی محمدیش دووبارە دەبنەوە. بۆ نموونەبە رێوایەتێک لە مسند احمد هاتووە، دەڵێ، محمد گوتوویەتی:

ئەگەر ژن پێنج نوێژی خۆی کرد، و مانگی رەمەزان بەرۆژوو بوو. و ناوگەڵی خۆی پاراست و ملکەچی مێردەکەی بوو. پێی دەگوترێ لە هەر دەرگایەکی ئارەزوودەکەی، برۆ بۆ بەهەشت.[259]

هەروەها لە صحیح البخاری و صحیح مسلم ریوایەتێک هەیە دەڵێ: محمد گوتوویەتی:

ئەگەر پیاوێک بانگی ژنەکەی بۆ سەرجێی کرد. و ژنەکە ڕەتیکردەوە، ئەوە تابەیانی فریشتە نەفرەتی لێدەکەن.[260]

---

[257] الطبري، جامع البيان عن تأويل القرآن، الجزء السادس ص ١٨٧

[258] القرطبي، جامع لأحكام القرآن، الجزء الخامس ص ١٦١

[259] ابن كثير، تفسير القرآن العظيم، المجلد الرابع ص ٢٣

[260] هەمان سەرچاوە ص ٢٥

الطبري ئاماژە بە الزهري دەکا، کە محمد گوتوویەتی:
لە نێوان پیاو و ژن تۆڵەکردنەوە نییە. بۆ هەر شتێک تەنیا کوشتنە.
لە حەدیسێکیتر، ئەو سووکایەتییە، لەوەش زیاتر دەڕوا. بێتوانایی ژن و بەکەمتر زانینی لە پیاو دەڵێ:

میللەتێک سەرناکەوێ، ئەگەر ژن سەرۆکیان بێ.[261]

بە کورتی ئەو ئایەتە چەند خاڵێکمان دەداتێ:
یەکەم: پیاوان بژێوی ژیان بۆ ژن دابین دەکەن. ئەوەش وادەکا باڵادەستبن لەسەریان. نموونەی سعد کوڕی رەبیعە کە پێشتر باسکرا.[262]
دووەم: ئەو ئایەتە بەڵگەیە، کە پیاوان بۆیان هەیە بۆ بڕاندنەوەی ناکۆکی، هەموو ڕێگایەک بەکاربێنن هەر لە ئامۆژگاری، و سەرجێی نەکردن تا دەگاتە لێدان و ئەشکەنجە. ئەوەش تەنیا بۆ ڕاگیرکردنی ژن لەژێر ڕکێفی دەستەڵاتی پیاو.[263]

سێیەم: پارە خەرجدەکەن. و بژێوی ژن دابین دەکەن، ئەی ئەگەر وای نەکرد، و بووە بارگرانی بەسەر ژنەکەی؟ خۆ ئەگەر پارە خەرج نەکا، یان سەرمایە و سامانی نەمێنێ. ئیتر نابێ باڵادەستیەکەشی بمێنێ. کەواتە گرێبەستی ژن و مێردایەتیش هەڵدەوەشێتەوە.[264]

---

[261] صحيح البخاري، كتاب الفتن باب الفتنة التي تموج كموج البحر، حديث رقم: ٧٠٩٩

[262] القرطبي، الجامع لأحكام القرآن، الجزء الخامس، ص ١٦١

[263] هەمان سەرچاوە ص ١٦٢

[264] هەمان سەرچاوە. ص ١٦٢

چوارەم: مەبەستی ئەو ئایەتە، بەگشتی دابەزاندنی پێگای ژنە. ئەگینا بۆ لە کۆتایی ئایەتەکە دەڵێ، ژن دەبێ گوێڕایەڵی مێردەکەی بێ و لە قسەی دەرنەچێ.[265]

ئەوە دیمەنی ژنە بەرامبەر پیاو، لای نووسەری قورئان، کە بەڕوونی ڕەنگدانەوەی لەناو کولتوور و پەیوەندی ژن و مێرد بە درێژایی سەردەمی پێش ئیسلام. بەپێی ئەو ئایەتانەی قورئان. نەک هەرماون، بەڵکوو پەرەشیان پێدراوە.

## چیرۆکی دووەم سەبارەت بە سۆدە کچی زەمعەیە

ئەو چیرۆکە تەواو پێچەوانەیە، سۆدە کچی زمعە ژنی دووەمی محمد بوو، دوای خەدیجە. سۆدە لە تەمەن بەساڵدا چووبوو. محمد دەیەویست تەڵاقی بدا. سۆدە ژنێکی بێکەس و بێ دەرەتان بوو. لەو کاتەدا لەناو کەس و کاری خۆی لە مەککە نەمابوو. و کۆچی بۆ مەدینە کردبوو. لەبەر بێدەستەڵاتی لە محمد پاڕایەوە کە تەڵاقی نەدا. ئامادەبوو، شەوی نۆرەی خۆی بداتە عائیشة.[266] محمد پێشنیارکەی سۆدەی پەسەندکرد. هەردوای ئەوە، بە ئایەتێکیش ئەو ڕێکەوتنەی پشتڕاستکردەوە:

سورة النساء ٤: ١٢٨

> ئەگەر ژنێک لە مێردەکەی ترسا، مێردی ڕووی نادانێ. یان پەراوێزی دەخا.
> گوناهیان ناگاتێ، لە نێوان خۆیان پێکبێن. پێکهاتن چاکە. خۆویستی و ماڵی

---

265 هەمان سەرچاوە ص ١٦٢

266 إبن كثير، تفسير القرآن العظيم، المجلد الرابع ص ٢٩٩، السيوطي، الدر المنثور في تفسير المأثور. الجزء الثاني ص ٧١٠

دونیاش لە هەمووکەسدا هەیە. جا چاکبن و خۆپارێزبن لە هەڵە. خودا لە
هەر کارێکی دەیکەن ئاگادارە (١٢٨)

لە گێڕانەوەیەک بە پێی فتح الباری، کاتی پەیامبەر سۆدەی تەڵاقدا، سۆدە هات لەسەر ڕێگای دانیشت و پێی گوت:
سوێند بەوەی تۆی ناردووە، من پێویستیم بە پیاو نەماوە، بەڵام ئارەزوودەکەم وەک یەک لە ژنەکانت لە ڕۆژی پەسڵان زیندووببمەوە. و بەردەوام بوو گوتێ: سوێندت دەدەم بەوەی پەرتووکی بۆت ناردووە، کەمترخەمیەکت لە من دیووە؟
گوتی: نەخێر.
گوتی: داوات لێدەکەم، بمگێڕەوە. ڕۆژی خۆم دایە عائیشە.[267]
محمد سۆدەی گێڕایەوە.

ئەو ئایەتە دەکرێ لە دوو ڕەهەند شرۆڤەی بۆ بکرێ. یەکەمیان بەراوردێک لەگەڵ چیرۆک و ئایەتی ٣٤. نووسەری قورئان بە هەموو شێوەیەک بەرگری لە پیاو دەکا و تەنانەت، باسی پێکهاتن و ئاشتەواییش ناکا، بەڵکوو پیاوی ئازادکردووە، بەهەر شێوەیەک دەیەوێ ژن تەمبێ بکا. بە ڕاشکاوی مۆڵەتی لێدان دەداتە دەستی پیاو. ژنیش دەبێ ملکەچ بێ. و جارێکیتر سەرپێچی نەکاتەوە. کەچی لە ئایەتی دووەم کە پیاو (خۆی) تاوانبارە. بە تەڵاقدانی ژنە، دەیەوێ بە پێی گرێبەستێک کە ژنە واز لە شتێک بێنێ کە پیاوە دەیەوێ، ئەوسا پێکهاتن دەکرێ. ناکۆکی نێوان ئەو دوو ئایەتە لە هەمان سورەتی النساء، بەڵگەیەکی ڕوونە بۆ جیاکاری و چەوساندنەوەی ژن. و هەموو مافێکی داوەتە پیاو، ژنی لێ بێ بەشکردووە.

---

[267] فتح الباري شرح صحيح البخاري، أحمد بن علي بن حجر العسقلاني، جلد ٣، ص ٢٢٥ - ٢٢٤، كتاب النكاح، باب المرأة تهب يومها من زوجها لضرتها وكيف يقسم ذلك، دار الريان للتراث، ١٩٨٦

ڕەهەندی دووەم، بێویژدانی و دوو فاقەیی نووسەری قورئانە سەبارەت بەو ڕێکەوتنەی لەگەڵ ژنێکی بێ دەرەتان. لە پێناوی ژنێکی منداڵکار، دەیەوێ لە کۆڵی خۆی بکاتەوە، و تەڵاقی بدا. چیرۆکی تەڵاقدانی سۆدە، ئەوەندە قێزەوەنە، وای لە ڕاڤەکاران کردووە، بۆ هێشتنەوەی ئابرووی دین، و پەیەمبەرەکەیان، چیرۆکێکی سەمەرە دروستبکەن. لە چیرۆکەکەدا، گوایە کەسێک بەناوی (رامع بن خديج) دوو ژنی هەبووین، یەکیان بەساڵاچووبوو، و ئەویتریان گەنج بوو. ڕافع لەبەر هەندێ ناکۆکی، ویستی ژنە بەساڵاچووەکەی بەرەڵلاکا (طلاق)، بەڵام بەر لە کۆتایی هاتنی ماوەی چاوەڕوانی، ڕێکەوتنێکی خستە بەردەست. و مەرجی بۆ دانا، کە ڕێگا لەوە نەگرێ ژنەگەنجەکەی لەپێش ئەو دابنێ. واتە جیاوازیان پێ بکا. تا چاوەڕوانی ماوەی چاوەڕوانی کۆتایی دێ. ژنەکەی پێشنیازەکەی پەسندکرد.

بە ڕەچاوکردنی ئەو ڕێکەوتنەی محمد لەگەڵ سۆدە. بۆمان دەردەکەوێ کە یەکسانی و گیانی بەخشین لەلای پەیامبەری ئیسلام بوونی نەبووە. ئەگەر سۆدە بەوە ڕازی نەبووایە شەوی خۆی بداتە عائیشە، مەحاڵ بوو محمد ئەو ڕێکەوتنە پەسندکا.

نووسەری قورئان لە سورەتی النساء، دوو پەیامی ناکۆک لەگەڵ یەکتری هەیە. ئایەتی ٣٤ ژن دەبێ تەمبێ بکرێ، کەچی لە ئایەتی ١٢٨ ژن دەبێ واز لە گرنگترین مافەکانی خۆی بێنێ.

بە بەراوردکردنێکی خێرا لە نێوان ئەو دوو ئایەتە دیاردەکەوێ. لای نووسەری قورئان بانێکە و دوو هەوا. ئەوەش بەڵگەیەکی ڕوونە بۆ ئەوەی لە دینی ئیسلام هیچ گۆڕانکارییەک نەهاتووە. بەڵکوو پیاوسالاری و باڵادەستی بەسەر ژن دا، بەردەوامی هەمان کولتووری عەرەبی پێش ئیسلامە. تەنیا جیاوازی ئەوەیە. لە کولتوورێکی گەلێری باو، کراوەتە پەیامێکی پیرۆزی خودایی، کە ژن تاهەتایە بخرێتە ژێر ڕکێفی دەستەڵاتی پیاو، و ڕێگە نەدرێ خاوەنی

ڕا و بۆچوونی خۆیێ. و نەتوانێ لەو چوارچێوەیە، ئەو بەکەمزانین و سووکایەتییە، زیاتر مافێکیتری نەبێ.

# بڕینی دەستی دز و پاشخانی

بیۆگرافینووسانی موسوڵمان و پەرتووکەکانی مێژوویی، بە گشتی ئاماژە بەوە دەکەن، کە سزای دەستبڕینی دز، پێش پەیدابوونی ئیسلامیش هەر هەبووە.

هەرچەندە دیار نییە کام ساڵ یاسای دەستبڕینی دز دەستی پێکردووە. بەڵام بە لێکدانەوەی تەمەنی وەلید بن مغیرة (٥٢٧ – ٦٢٢ س.ب) کە یەکەم کەس بوو دەستی دزی بڕی، دەبێ نزیکەی زیاتر بیست ساڵ بەر لە سەرهەڵدانی ئیسلام، لە مەککە دەستبڕینی دز دەستی پێکردبێ. و بووبێتە یاسایەک بۆ سزادانی دز، جا هەرچی شتێکی دزیبێ. لەلایەکیتر گشت ئەو بازرگان و دەستەڵاتدارانی لە مەککە بەشداری ئەو تاوانە گەورەیە بوون، دواتر بوونە دەستەڵاتدار، لە دەوڵەتی ئیسلام.[268]

کارەساتەکە بەو شێوەیە دەستی پێکرد، ساڵێک گرانیەکی بەهێز سەرتاپای حیجازی گرتەوە. و بووە هۆی قات وقڕی و برسیەتی لەناو خەڵکی مەککە. برسیەتی و پێویستی خەڵکی مەککە گەیشتە ئەو ئاستەی خەڵکی توانای ژیانیان نەما. و دزی و ماڵبڕین لە ماڵ و سامان دەستیپێکرد. ئەو دیاردەیەش، ترسێکی گەورەی لەسەر دەوڵەمەندەکان دروستکردبوو. بۆیە دەیانەویست بە هەر شێوەیەک بێ، بەسەر ئەو کارەساتە گەورەیەدا زاڵبن. کە خەڵکی هەژار و بێدەرەتان لە دەستی مردن، دەستیان کردبووە دزیکردن.

---

[268] خطیب. د. علي (١٩٨٦) عمر بن خطاب، حیاته، علمه أدبه الطبعة الأولی. ص ٨٤، ٨٧، ٨٨ و ١٥٣

ئەو هەڵومەرجە تا دەهات توندتر دەبوو، و خەڵکی گەیاندبووە ناخۆشترین باری ژیان. و هەژاران لەبرسان بێ پەروا، و بە ئاشکرا دزیان لە دوڵەمەندەکان دەکرد. و ناچاریان دەکردن چاوپۆشی بکەون.

دەوڵەمەندەکانێش ڕوویان لە شورای الملأ کرد، کە دەستەڵاتداری شاربوو. تا بتوانن ڕێگایەک بدۆزنەوە بۆ یارمەتی هەژاران. بەڵام شورای الملأ لەجیاتی ئەوە بڕیاری سزای توندی، لەسەر ئەو کەسانە دانا، کە ماڵ و سامانی خەڵکی بە ناڕەوا دەدزن یا زەوت دەکەن.[269]

القرطبي دەڵێ یەکەمین کەس کە سزای دەستبڕینی لەسەردەمی جاهیلی دا، یەک لە گەورە پیاوانی قورێش و ئەندامی شورای الملأ بوو، بە ناوی وەلید کوڕی مغيرة (٥٢٧ – ٦٢٢ س.ب) بوو.[270] ئەو سیستەمە تا هاتنی ئیسلامیش هەر بەردەوام بوو.

دوای پەیدابوونی ئیسلام، و داگیرکردنی مەککە، پەیامبەر لەسەر هەمان یاسا بەردەوام بوو. دەستبڕینی دزی، کردە سزایەکی خودایی. و بە ئایەتی قورئان جێگیریکرد.

سورة المائدة ٥: ٣٨

> هەرکەسێک نێر یان مێ دزی بکا، دەستی ببڕن. ئەوەش سزایەکە لەخوداوە.
> بە هۆی ئەوەی وەدەستیان هێناوە. خودا باڵادەست و لێزانە (٣٨)

بڕیاری دەستبڕینی دز ئەوەندە کاریگەری خراپی هەبوو. بەتایبەتی کاتی عومەر کوڕی خەتاب هاواری دەکرد. و دەیگوت:

---

[269] على، د. جواد (٢٠٠١) المفصل في تاريخ العرب قبل الإسلام. الجلد التاسع ص ٨٢
[270] القرطبي الجامع البيان لأحكام القرآن تفسير القرطبي. الجزء السادس. ص ١٦٠

له دزان توندکەن، دەست لە دواى دەستيان ببڕن، قاچ لە دواى قاچيان ببڕن.[271]

عومەر وەک بازرگانێکی سەردەمی پێش هاتنی ئیسلام،[272] لەو کارە ڕاهاتبوو، هەر لەسەردەمی کۆن بەشداربووە لە داهێنانی دەستبڕینی دز. ئێستاش هەر لەسەر هەمان هەڵوێستە. لەبەر ئەوەی هەرگیز برسیەتی و هەژاری نەبینیووە. دەستبڕین و کوشتن و ماڵوێرانکردنی خەڵکیتری بەلاوە گرنگ نەبووە. ئەوەی بەلای عومەرەوە گرنگ بوو، پەیڕەوکردنی یاسا بەبێ بیرلێکردنەوە. هەر ئەوەش لە کۆتاییدا بووە هۆی کوشتنی خۆی.

لە دەستەڵاتی دەوڵەتی ئیسلام، یەکەم پیاو دەستی بڕابێ الخيار بن عدى بن نوفل بن عبد مناف بوو. و یەکەم ژنیش مرة بنت سفيان بن عبدالأسد لە بەنی مەخزوم بوو.
لەکاتی دەستبڕینی مرة محمد گووتی:

ئەگەر فاتیمەی کچی محمد دزی کردبا، دەستم دەبڕی.[273]

تا ئێرە بەڵگەیە بۆ ئەوەی ئیسلام و قورئان شتێکی نوێیان نەهێناوە. و تەنیا بەردەوامی نەریتێکی عەرەبی، بەپێی گۆتەی خۆیان، گوایە سەردەمی جاهیلی بووە. و نووسەری قورئان بەرگی پیرۆزی لەبەرکرد. و کردیە سیستەمێک کە بە درێژایی ١٤٤٠ ساڵە لە ناو دەستەڵاتە ئیسلامیەکان پەیڕەودەکرێ.

ئەوەی سەبارەت بەو بابەتە گرنگە، زۆر جار گوێمان لێدەبێ، موسوڵمانان دەڵێن، پەیامبەر ئەوەندە سەرڕاست پەیڕەوکردنی فەرمانەکانی خودای کردووە. کە مێژووی مرۆڤایەتی

[271] الطبري، جامع البيان في تأويل القرآن. الطبعة الثانية. جزء الثامن ص ٤١١
[272] سەلاح ڕێبوار (٢٠٢٢) ئیسلام و پاشخانی مێژوویی، ل ٣٦٣
[273] احمد طه فرج، أول من حكم بقطع يد السارق. جريدة الوفد. تاريخ ٢٦ مايو ٢٠٢٠

بەخۆیەوە نەیدیووە. و مرۆڤایەتی لە جاهیلی دەرهێنا. کەچی بە تەنیا یەک ووردبوونەوەی خێرا، بۆمان دەردەکەوێ. گشت ئەو پیاهەڵدانە، زۆر لە ڕاستی دوورە. و پرسەکە تەواو پێچەوانەیە. بەڵکوو بەپێی هەڵومەرج، ئارەزوو و بەرژەوەندی خۆی بریاری داوە. بڕیارەکانیشی هەرجارەی دژی جارەکانیتر بووە. ئەوەش چەند نموونەیەک، لە ڕاڤەکارانی موسوڵمانەوە:

ابن کثیر دەڵێ: پەیامبەر گوتوویەتی، دەستی دز نابڕدرێ، ئەگەر بەهای شتە دزراوەکە، لە چارەکە دینارێکی زێر تێنەپەڕێ نەبێ.[274]

کەچی الطبري دەڵێ پەیامبەر لەسەر دزینی گۆچانێک، دەستی پیاوێکی بڕیوە، کە نرخەکەی ٣ درهەم بووە. بە مەزەندەکردن نرخی زۆر لە چارەکە دینارێکی زێڕ کەمترە.

هەر بەو بۆنەیەوە، پەیامبەر جارێکیتر گوتوویەتی:
خودا نەفرەتی لە دز کردووە. ئەگەر هێلکەیەکی دزیێ دەبێ دەستی دەبڕدرێ، ئەگەر پەتێکی دزیێ دەبێ دەستی دەبڕدرێ.[275]

بەو ووتەیە محمد ئامادەبوو، لەسەر یەک هێلکە یان پەتێک دەستی دز ببڕێ. ئەوەش پێچەوانەی چوارەکە دینارێکی زێڕە. بڕیارەکانی لە سەڕاستی و دادوەری دوورن. هەر بڕیارێکی دەگەڕایەوە بۆ پەیوەندی خۆی لەگەڵ دزی کەر یا دزی لێکراو. گۆچان بە ٣ درهەم، و هێلکەیەک یان پەتێک ناگەنە ئاستی نیوەی چواریەکی دینارێکی زێڕ، کەچی دەستی بڕیون.

---

[274] ابن کثیر، تفسیر القرآن العضیم. الجلد الخامس ص ٢١١
[275] هەمان سەرچاوە، ص ٢٠٩

به پێچەوانەی ئەو دەستبڕینانە. جارێک کۆیلەی، یەک لە دەوڵەمەندە خاوەن کۆیلەکان دزی بایی ٣٠ درهەم دەکا. خاوەن کۆیلە دێتە لای محمد و پێی دەڵێ: لە پێناوی ٣٠ درهەم دەستی دەبڕی؟ من دیفرۆشم و نرخەکەی دەدەمەوە کابرا. پەیامبەر پێیگوت: خێراکە تا کەس هەواڵەکەی نەگایاندۆتە من.[276]

سەرجەمی ئەو سیستەمە، بێجگە لە دووفاقەیی نووسەری قورئان، و دینی ئیسلام زیاتر نییە. دەستەڵاتدار و دۆستی محمد هەرچی بدزن، یان دەستو پێوەند و کۆیلەکانیان هەرچی بکەن، پەنا دەدرێن. کەچی کەسێکی بێ دەرەتان و هەژار لەسەر گۆچانێک یان هێلکەیەک دەستی دەبڕێ. بەوەشەوە دەزانین گەندەڵی لە سیستەمی بەڕێوەبەرایەتی، ڕەگەکانی لەوێوە سەرچاوەیان گرتووە.

## چیرۆکی مرة بنت سفيان بن عبدالأسد

ابن کثیر باسی چیرۆکێکی تر دەکا، کە زیاتر بڕیارەکانی محمد دەخاتە ژێر پرسیار. ژنێک بە ناوی مرة بنت سفيان بن عبدالأسد، لە بەنی مەخزوم بە دزی تاوانبارکرا!!

عائیشە دەڵێ: ئەو ژنە مەخزومی بوو، کەلوپەلی قەرزکردبوو، دوایی نکۆڵی لیکرد، پەیامبەر فەرمانیدا دەستی ببڕن.

ابن عمر دەڵێ: ژنە مەخزومیەکە بە پێی قسەی هاوسێیەکی، کە کەلوپەلی بە قەرز لێوەرگرتبوو. و دوایی نکۆڵیکردووە. پەیامبەر فەرمانیدا دەستی ببڕن.[277]

---

[276] القرطبي، القرطبي الجامع البيان لأحكام القرآن تفسير القرطبي. الجزء السادس، ص ١٥٥
[277] هەمان سەرچاوە ص ٢١٧

سەرەڕای ئەوەش پەیامبەر دەڵی:
ئەو ژنە تۆبە لەبەردەم خودا و پەیامبەری دەکا، و ئەوشتانەی وەریگرتوون دەیانگێڕێتەوە.
هەر دوای ئەوە گوتی: ئا دەی بیلال، هەڵسە دەستی بگرە و بیبڕە.[278]

ئەوەش تەواو دژی ئایەتی دواترە دەڵێ:
سورة المائدة ٥: ٣٩

> هەرکەس دوای ستەمکردنی، پەشیمان ببێتەوە. و ڕێگای چاکە بگرێ، خودا لێی خۆشدەبێ. خودا لێبووردە و بە بەزەییە. (٣٩)

بەپێی ئەو ئایەتە، دەبێ دز پەشیمان بێتەوە. و بەر بەزەیی خودا بکەوێ. بەڵام ئەو ئایەتە، تەنیا جۆرێکە لە پلانێکی سیاسی دووفاقەیی محمد. بۆیە مجاهد، سەبارەت بە تۆبەکردن و لێخۆشبوون دەڵێ:

> مەبەست لەو ئایەتە، و پەشیمان بوونەوەی دز لەو کارەی کردوویەتی، ئەو سزایەیە کە وەیدەگرێ.

بەو لێکدانەویەش کە لەگەڵ کردەوەی محمد بەرامبەر مرة بنت سفیان بن عبدالأسد، ئەو ئایەتە تەنیا داپۆشینی ئایەتی پێشترە. ئەگینا لێبووردەیی خودا دوای پەشیمان بوونەوە. و سزای دەستبڕین لەلاین محمد، بێجگە لە دووفاقەیی نووسەری قورئان هیچیتر نییە.[279]

دەستەڵاتێک بەبێ لێپێچانەوەی یاسای دەوڵەت، و قسەکانی محمد خۆی، تەنیا بە قسەی هاوسێیەکی کە ڕەنگە ڕاستیش نەبێ، یان ناکۆکی هاوسێیەتی بێ، یانیش هەر لە بنەڕەتەوە

---

[278] هەمان سەرچاوە ص٢١٨
[279] السيوطي، الدر المنثور في التفسير المأثور، الجلد الثانى ص ٨١

پیلانێک بووبێ، بۆ ترساندنی بەنی مەخزوم.

ناکۆکی دزی ئەو ژنە لە چەند لایەکەوە جێگای پرسیارە.
یەکەم: ئەو ژنە لە خانەدانەکانی بەنی مەخزومە و موسوڵمانیشە. لە کاتی داگیرکردنی مەککە. بە دزی تاوانبارکراوە. لە هەمان کاتدا. گشت پرۆسەی تاوانباریەکە، قسەی هاوسێیەکیەتی، کە دەبێ کەلوپەکی لێ قەرزکردبێ، و دوایی نکۆڵیکردبێ. ئەگینا لەوە زیاتر هیچ بەڵگەیەکیتر لەسەر دزیکردنی مرة نییە. کەچی محمد، بەبێ بەدواداچوون و ساخکردنەوەی کێشەکە، یەکسەر بڕیاری دەستبڕینی داوە.

ئەگەر قەرزیکردووە، خۆ قەرز دزی نییە. دوای ئەوەش تەنیا قسەی هاوسێیەکە و هیچیتر. ئەی بۆ لە کێشەی ئیفک ئەوەندە توندبوو. و داوای چوار گەواهی دەکرد، کە بەچاوی خۆیان هەموو شتێکیان دیبێ.

پەیامبەری ئیسلام، بە بڕینی دەستی ژنێکی قورەیش، ژیانی لەکەدارکرد. لە کاتێکدا، سەرجەمی خەڵکی قورەیش، لە کێشەکە ئاڵابوون. و دژی ئەو کارە بوون. هەوڵیان بۆ لێخۆشبوونی دەدا. و تکایان لە محمد دەکرد، لێی خۆشبێ. کەچی محمد لە وەڵامدا گوتی لێخۆشبوون لە سزا. لە سنووری خودادایە، تەنیا ئەویش دەتوانێ لێی خۆشبێ. ئەوەش ئاماژەیە بە ئایەتی ٣٨ لە سورەتی المائدة.

دووەم: دوژمنایەتیەکی کۆن لە نێوان بنەماڵەی بەنی هاشم، کە دەکاتە ماڵی باوانی محمد. و بەنی مەخزوم هەبوو، کە ئەبوو جەهل و وەلید بن مغیرة پێشتر سەروکیان بووین. بۆ باشتر ڕوونبوونەوە هەردوو ئەبو جەهل و وەلید مام و برازابوون. و هەردووکیان دژی ئیسلام بوون. تەنانەت ئایەتی قورئان لەسەر وەلید هەیە کە بە کوڕی زینا ناوی دەبا.

ئەوەش لە وەڵامی ئەوەی وەلید گوتبووی من لە گەورەپیاوانی قورەیشم و بانگهێژ بۆ من نەهاتووە، بۆ محمد هاتووە. محمدیش بە ئایەتێک وەڵامی دەداتەوە:

سورة القلم ٦٨: ١٣

ڕەزاقورس، دوای ئەوەش زۆڵێکە خۆی سەپاندووە (١٣)

وەلید هەرگیز باوەڕی بە محمد و دینەکای نەهێنا و ساڵی ٦٢٢ س. ب مرد.

یەکێکیتر لە سەرکردەکانی بەنی مخزوم ئەبو جەهل (٥٧٢- ٦٢٤ س.ب) بوو. کە لەکاتی خۆی محمد، لەسەر ڕەخنەکانی، بۆ سووکایەتی ئەو ناوەی لێناوە. ئەگینا ناوی خۆی عمرو بن هشام بن مغيرة بوو. لەبەر زیرەکی لەناو قورەیش ناوی لێنرابوو (ئەبو حەکەم). لە شەڕی بەدر کوژرا.

عومەر کوڕی خەتاب دەگێڕێتەوە، کە گوایە لەگەڵ ئەبو جەهل و شبيهة کوڕی ڕەبيعة دانیشتبوون. ئەبو جەهل گوتوویەتی: ئەی خەڵکی قورەیش، محمد جنێو بە خوداکەتان دەدا، خەونەکانتان سووک دەکا. و دەڵێ باو و باپیرانتان دەچنە دۆزەخ.[280]

ئەو چیرۆکە ڕێی تێناچێ. لەبەر ئەوەی خەڵکی مەککە لەو سەردەمەدا یان یەهودی نەساری بووین، یان سابئی مەندائی بووین. کەواتە گشتیان باوەڕیان بە خودای محمد هەبووە. و ئەبو جەهل ئەوەی زۆر باش دەزانی. لە مەککە بوتپەرست بوونی نەبووە. کەواتە ئەو چیرۆکە هەڵبەستراوە. سەرەڕای ئەوە، لە دژایەتی محمد و بانگهێژەکەی، ئەبو جەهل بە تەنیا نەبوو، ئومییە بن أبي الصلت و أبی طالبی مامی خۆییشی زۆریتر لەگەڵی نەبوون. و هەرگیز باوەڕیان پێنەهێنا.

---

[280] القرطبي الجامع البيان لأحكام القرآن تفسير القرطبي. ص ١٥٢

سێیەم: گشت بیۆگرافینووسان ئاماژە بەوەدەکەن، هەر لە دوای داگیرکردنی مەککە، پێغەمبەر هەوڵیدەدا، تا بتوانێ دڵی هۆز و بنەماڵەکان ئاشت کاتەوە، بۆ نموونە ئاشتەوایی لەگەڵ بەنی ئومەییە، بەنی عەبد الدار، بەنی عامر کرد. بەڵام بەنی مەخزومی پشتگوێخست. لێرەدا پرسیارێک دێتە پێش! ئەو هەموو رێکەوتە پێکەوە، لە خۆڕایی بوو؟

سەرەڕای ئەوە، ئەو ژنە موسوڵمان بوو، و لایەنگیری دینی محمد بوو. کەچی لەو کاتە هەستیارەدا، محمد ژنێکی موسوڵمان بەڵام لە بەنی مەخزوم، بە دزی تاوانبار دەکا. و یاسای ئایەتێکی قورئانی لەسەر جێبەجێ دەکا. بیری لەوە نەکردەوە، بەنی مەخزوم ئاشتکاتەوە. لە جیاتی ئەوە دۆخێکی نالەباری هێنایە ئارا. کە ئەگەر لێبووردەیی بەنی مەخزوم نەبایە، کە بە ئاشتیانە هەوڵیان دەدا کێشەکە هامواربکەن، ڕەنگە کارەساتێکی خوێناوی لە مەککە ڕوویدەدا.

سێیەم: بەڵگەی کە نەقورئان پەرتووکی خودایە. و نەمحمدیش مرۆڤێکی سەرراست بووە. دوو حەدیسی خۆی کە دژی یەکن، کە دەسەلمێنن کە محمد یاساکانی ئیسلام و دەستەڵاتەکەی، بەپێی بەرژەوەندی و ئارەزووی خۆی باکاردێنان:

یەکەم:

٢٦٦٦ دەستی دز مەبڕن، ئەگەر لە چواریەکی دینارێکی زێڕ تێنەپەڕێ.[281]

دووەم:

خودا نەفرەتی لە دز کردووە، ئەگەر هێلکەیەکی دزیێ، دەبێ دەستی ببڕدرێ، ئەگەر پەتێکی دزیێ دەبێ دەستی ببڕدرێ.

---

[281] موسوعة أحاديث النبوية، حديث: أن قريش أهمهم شأن المخزومية التي سرقت.

ئەوەی لێرەدا گرنگە، محمد دەیەویست پیشانی خەڵکی بدا کە لەلایەک پەیڕەوی فەرمانەکانی خودا دەکا. و هیچ باکی بە قسەی خەڵکی قورەیش نییە. لەلایەکیتر قینی کۆنی لە بەنی مەخزوم لە ڕێگای ژنێکی خانەدانی ئەو هۆزە دەڕێژێ. ئەوەش بێجگە لە دوو فاقەیی محمد زیاتر نییە.

دەستبڕینی ژنەی سەر بە بەنی مخزوم، هیچ پەیوەندی بە دزیەوە نییە. بەڵکوو پلانێکی سیاسی بوو. بۆ تەمبێکردنی سەرجەم بنەماڵەیەک، کە قینی کۆنی لێبوون. ئەگینا کەلوپەل قەرزکردن، دزی نییە. لە جیاتی ئەوە دەتوانرا، دادگایی بکرێ و دوای گەواهی ناچاربکرێ بیانگێڕێتەوە.

لە بەرامبەر ئەوە، بەنی مەخزوم دەیانزانی محمد بەدوای ئەوەیە کە بەنی مەخزوم تەمێ بکا. و هیچ باکی بە کوشتن و خوێنڕشتن نەبوو. بۆیە پەنایان بردە بەر یەک لە ژنەکانی محمد، بەناوی أم سلمە، قورەیشیەکانیش داوایان لە أسامە کرد، کە زۆر لای محمد خۆشەویشتبوو. ڕایان ڕاسپاردن داوای لێخۆشبوونی بۆ بکەن. بەڵام ئەوەش دادی نەدا. ومحمد ڕەتیکردەوە لێی خۆشبێ.

لە دەرئەنجامی ئەو پرۆسەیە تێدەگەین. کە دینی ئیسلام لە محمد خۆی زیاتر نییە. و ڕەنگدانەوەی کەسایەتی خۆیەتی لەناو ئایەتەکانی قورئان. و بەگشتی ڕوخساری دووفاقەیی، لە یاسای دەوڵەتەکەی و سەپاندنی ئارەزووەکانی خۆی بووە. ئەوەش ڕەنگدانەوەی لە زۆربەی ئایەتەکانی قورئاندا هەیە. دەستبڕینی ژنێکی بێ تاوان، تەنیا قوربانیەکە بۆ ئارەزووی تۆڵەی لە ناحەزانی کۆنی. و نموونەیەکی ڕوونە، کە تەنیا بۆ ترساندن و تەمێکردنی هۆزێک کە دوژمنایەتی لەمێژینەیان لەگەڵ بەنی هاشم هەبووە.

# قورئان و بەرژەوندیەکانی محمد

کەم نین ئەو ئایەتانەی قورئان، کە لە خەمی بەرژەوەندی، و ئارەزووەکانی محمد دان. یان لە پێناوی بەرژەوەندی ڕاگرتنی هاوسەنگی کۆمەڵایەتی محمد و دەوروبەری هاتوون.

بەپێی ئایەتەکانی قورئان، خودا بەردەوام پاسەوانی بەرژەوەندیەکانی پەیامبەرەکەی بووە. هەم ئاگاداری دەکردۆتەوە، و هەمیش بەرگری لێکردووە. بەڕوونی و بێ پەروا، ڕەوایی داوەتە ڕەفتارەکانی ڕۆژانەی محمد.

لە عائیشە دەگێڕنەوە، کە سەبارەت بە ئایەتی ٥٠ سورەتی الاحزاب بە پەیامبەری گوتووە:

> بە خودا، من پەروەردگارت نابینم، تەنیا لەو کاتە نەبێ، کە پەلەیەتی لە دوای ئارەزووەکانت.[282]

هەرچەندە لەسەرتادا و لە قۆناخی مەککە، وەک درێژبوونەوەی دینی یەهودی نەساری محمد، مۆڵەتی ئەوەی نەبووە، لە ژنێک زیاتر بێنێ. ئەوەش بەدرێژایی ئەوکاتەی خەدیجە لە ژیاندابووە. تا مردنی خدیجە و کۆتایی قۆناخی مەککە ئەو نەرێتە لای محمد هەر بەردەوام

---

[282] صحيح مسلم الجزء الثالث. ص ٣٦٤، صحيح البخاري (٦: ١١٧) (٤٧٨٨)، صحيح مسلم (٢: ١٠٨٥) (١٤٦٤)، عمدة القاري شرح صحيح البخاري ٢٠: ١٠٩

بوو. بەڵام دوای مردنی خەدیجە، و کۆچکردنی بۆ مەدینە و گیرسانەوەی. ئەو دەمە خدیجە نەمابوو. و دینی یەهودی نەسارێش بەپێی ئارەزووی ئەو دەسووڕایەوە، بۆیە هەنگاو بە هەنگاو کێشەی سێکس و ئارەزوو تا دەهات گرنگتر دەبوو. تا لە کۆتاییدا، گەیشتە ئەو ئاستەی، ببێتە چەقی پەیامی دین. و بە ئاشکرا خودا لە خزمەتی دابێ. و لە هەر تەنگاوەیەک یان ئارەزووێکی بەتین، بە هانایەوە بێ.

ئەوەش تا دەهات، لە ڕێبازی دینە ئیبراهیمیەکان لای دەدا. و بە بەراورد لەگەڵ هەردوو نەبی موسا و یەسو، کە دوو نەبێ هەرە گرنگن نەک تەنیا لە مێژووی دینە ئیبراهیمیەکان، بەڵکوو لە ناو دەقەکانی قورئانیش، شوێنێکی دیار و پیرۆزیان هەیە. لە هیچ یەک لەو دوو پەیامبەرە، و پەیامبەرانی پێشترش، ڕێبازێکی هاوشێوە نادۆزرێتەوە. و هەرگیز لە پەرتووکی پیرۆزیشیاندا، لەبارەی یەکێکیانەوە نەهاتووە کە ژنانی باوەڕدار، تەنیا شایستەی خۆیان بێ، و قەدەخە نییە، هەر ژنێک مێردار یان بێ مێرد لەو حەڵاڵ بێ. ئەو هەنگاوەی پەیامبەری ئیسلام، پێچەوانەی ئەو ڕێبازەیە، کە دینە ئیبراهیمیەکانی پێشتر کردوویانەتە ئامانج. بە ڕوونی خودا ئەو کارەی، لە پەیامبەرانی خۆی قەدەخەی کردووە.

چ جای ژنی کوڕە تەبەنیەکەی زەینەب کچی جەحش. کە گەنجێکی دیندار و کوڕی تەبەنی خۆی، لە ژنە جوانەکەی بێبەش بکا، تەنیا لەبەر ئەوەی پەیامبەرە، بۆیە بۆی حەڵالە. و دەبێ شووی پێ بکا. ئەوە بێجگە لە دامرکاندنەوەی ماکی ئارەزووی خۆی هیچ شتێکیتر نییە. کە بەناوی خودا ڕەوایی پێدەدا. بۆ هەمان خودا پێشتر، بۆ نەبیەکانی تر شتی وای نەفەرمووە. ئایا کەسێک پەیامبەربێ مافی خۆیەتی، لەگەڵ ژنی جوانی هاوەڵەکانی بخەوێ؟ بەبێ گوێدانە هەستی ئەو کەسە، تەنیا بۆ ئەوەی خۆی چێژ وەربگرێ؟

دینداره‌کان بۆ بەرگری لەو ڕەفتارە نامرۆڤانە، دەڵێن ئەو پەیامبەرە و ڕاست و دروستە، و خودا پێی ڕەوا بینیووە. بەڵام نەخێر، لە چاوی هەر کەسێکی خاوەن هزردا ناگونجێ. باشە بۆ خودا ئەو ڕێگایەی بە پەیامبەرانی پێشتر نەدا، خۆ دەقەکانی قورئان ئەوە پشتڕاست دەکەنەوە، کە گشت پەیامبەرنی پێشتر لای ئیسلامیش پیرۆزن. بە تایبەتی هەردوو دوو پەیامبەری کۆتایی، موسا و یەسو، پێگایان لە ناو ئیسلامیش زۆر بەرزە. بۆچی بۆ ئەوان ناشایستەبێ، بەڵام بۆ محمد پێچەوانە.

لە تەورات سەبارەت بەو باسە، لە تابلۆی دە فەرمایشتەکانی خودا بۆ موسا، بە کورتی و ڕوونی، ڕوو لە بەنی ئیسرائیل دەکا و دەڵێ:

پەیمانی کۆن - پەرتووکی دەرچوون ۲۰: ۱۷

> (۱۷) چاو مەبڕنە ژنی کەس. چاو مەبڕنە ماڵ و خزمەتکار و کارەکەر و گا و مانگا و گوێدرێژی هیچ کەس. و هەر شتێک کە هی کەسێکی دیکە بێ.

لەو دەقەی تەورات پەرتووکی دەرچوون، جیاوازی بە هیچ کەس ناکا، ناشڵێ بێجگە لە پەیامبەر یان هەر پێگایەکی کۆمەڵایەتی تر. گوزارەکە بە ئاشکرا، ڕوو لە سەرجەمی بەنی ئیسڕائیل دەکا. و هیچیتر.

بە هەمان شێوە بۆ یەسوی کریستیش لە دوو پەرەگرافی جیاواز، لە پەیمانی نوێ ئاماژەی پێکراوە

پەیمانی نوێ - ئینجیلی مەتیاس ۵: ۲۸

(٢٧) بیستووتانە گوتراوە: [داوێنپیسی مەکەن.] (٢٨) بەڵام من پێتان دەڵێم: ئەوەی بە هەوەسبازییەوە سەیری ژنێک بکا، ئەوا لە دڵی خۆیدا داوێنپیسی لەگەڵ کردووە.

هەروەها پاولۆس لە نامەیەکیدا دەنووسێ:

پەیمانی نوێ - یەکەم کۆرنسۆس ٧: ١ - ٣

(١)سەبارەت بەو شتانەی کە بۆ منتان نووسیوە: باشە بۆ پیاو ژن نەهێنێ (٢) بەڵام لەبەر داوێنپیسی، با هەر پیاوێک ژنی خۆی هەبێ و هەر ژنێک مێردی خۆی هەبێت .(٣) مێرد لەسەریەتی ئەرکی سەرشانی بۆ ژنەکەی بەجێبگەیەنێ، هەروەها ژنیش بۆ مێرد .

ئەو چەند دەقەی سەرەوە لە تەورات و ئینجیل دەدۆزرێنەوە. بەڵام هیچ پەرەگرافێک یان دیاردەیەکی تایبەتی نادۆزرێتەوە، کە تایبەت بن، بۆ ئەو دوو پەیامبەرە. بە شانازیەوە لە دەقە پیرۆزەکانیش تۆمارکرابن. بەو مانایەش، هیچ کەسێک پێش محەمەد داوای مافی ئەوەی نەکردووە، کە بێ پەروا ژن و کچی خەڵک لە خۆی حەڵاڵ بکا.

# محمد و سێکس لە قورئاندا

کەسایەتی مرۆڤ، لە سەرەتای تەمەنی منداڵی و هەرزەکاری بنیات دەنرێ. دەروونناسی ئەوەی سەلماندووە، کە ئاڵۆزی و گرێکوێرەکانی دەروونی تاک، وەک فرۆید بە گرێکوێرەی ئۆدیب ناوی دەبا. ئەو گرێکوێرەیەش بە تایبەتی لە تەمەنی ٣ – ٦ ساڵی دەست پێدەکا کە بە قۆناخی چووک[283] ناو دەبرێ. دواتریش لە نێوان ١٢ – ١٨ ساڵیدا[284] جارێکی تر دەگەڕێتەوە.

لە ڕووی دەروونناسیەوە، هەر لە دایک بوونەوە تا دەگاتە تەمەنی ١٨ – ٢٠ ساڵ. بنەڕەتن بۆ دروستبوونی کەسایەتی مرۆڤ و ئاکارەکانی. یان بە مانایەکیتر ئەو تەمەنە ناسنامەی کەسی بە مرۆڤ دەبەخشێ.

بەسەرهات و پەنگخواردنەوە دەروونیەکانی تەمەنی منداڵی و هەرزەکاری، بنەمان بۆ، ئەو کەسایەتی مرۆڤ لەتەمەنی گەورەییدا، بەدەستیانەوە دەناڵێنێ یا بەختەوەر دەبێ . بەتایبەتی لە ڕووی هەست و ئارەزووەکانی. و کێشەی کۆنترۆڵی هەڵسوکەوتی لە تەمەنی گەورەیی.[285]

---

283 Phallic stage
284 Genital stage
285 Hwang, P & Wickberg, B (2001) Föräldrastöd & Barns Psykiska Hälsa. Stockholm. Nordstedts.

لێتۆژینەوەکانی سایکۆداینامیک کە ڕەگی لە تیۆری شیکاری دەروونی فرۆیدەوە هاتووە، جەخت لەسەر کاریگەری نائاگایانەی مرۆڤ دەکا. کە ئەنجامی هێزە دژبەیەکەکانی پرۆسەی بنیاتنانی دەروونی و دروستبوونی بنەڕەتەکانی کەسایەتی سەرهەڵدەدەن. ئەوەش هەر لە سەرەتای ژیانی مرۆڤدا، ئەم ململانێیانە لەو شوێنانە سەرهەڵدەدەن، کە منداڵی بچووک دەیەوێ پێداویستییە زگماکییەکانی خۆی بەدیبێنێ، و بگاتە ئارەزوو و خەونەکانی خۆی. لە کاتێکدا کۆمەڵگەی دەوروبەر، ناچاری دەکا دەستبەرداری پێداویستییە زگماکییەکانی خۆی بێ، ملکەچی ژینگەی کۆمەلایەتی دەوروبەری بێ. بە گشتی تەمەنی منداڵی، کەسایەتی مرۆڤ دەخاتە ناو چوارچێوەیەکی کولتووری ژینگەی دیاریکراو. و مەرجەکانی ڕەفتارکردنی لەگەڵ دەوروبەری دیاری دەکا. کە لە دواتر چۆن مامەڵە بکا. بە بڕوای فرۆید هەمیشە هۆکاری پێشوەخت بۆ هەڵسوکەوتی مرۆڤەکان هەیە. بەڵام زۆر بە دەگمەن ئاگایان لێیە. بۆیە ڕەهەندی پرۆسەی نائاگایی منداڵ، دەبێتە بنەڕەت بۆ دروستبوونی مرۆڤی دواڕۆژ. و چۆنیەتی مامەڵەکردنی لەگەڵ دەوروبەر.[286]

ئەگەر ڕەچاوی ئەو لێکدانەوە سایکۆدینامیکییە بۆ ڕەفتارەکانی پەیامبەری ئیسلام بکەین. ئەوا دەتوانین بڵێین ژیانی منداڵی و هەرزەکاری ئەو کەسەی دروستکردووە، کە دواتر لە ڕەفتارەکانی بەدی دەکەین. ڕاستە وەک ڕاڤەکارانی موسوڵمان دەڵێن، محمد لە بنەماڵەیەکی دەوڵەمەند لە دایک بووە. نازی گیراوە. بەڵام با ئەوەشمان لەبیر نەچێ، کە محمد باوکی خۆی نەدیووە، و دایکی لە تەمەنی پێنج ساڵی مردووە. پەروەردەی کۆمەڵگەی ئەو دەمە منداڵێکیان لە چوارچێوەی کولتوورێکی لەلایەک دوور لە نازی دایک و باوک، لەلایەکیتر ناچارکردنی بە نەرێت و کولتووری نەساڕی. سەرەڕای ئەوەش لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە پەراوێزخراو. کە لەتەمەنی گەنجی (٢٥) ناچار دەبێ هاوسەرگیری لەگەڵ ژنێکدا بکا کە پانزە

[286] Bowlby. J (1994) En tryggbas. Stockholm. Natur & Kultur.

ساڵ له خۆی گەورەتره. و تا ئەو کاتەی ژنەکەشی دەمرێ. وەک یەهودیەکی نەساڕی ناتوانێ لێی جیابێتەوە. تەنانەت ئایەتی قورئان لەسەر ئەو پەیوەندیە دێنێتەوە.

سورة الضحى ٩٣: ٣ – ١١

> خوداکەت نه وازی لەتۆ هێناوه و نه لێشت قەڵسه (٣) دیاره، دوارۆژ بۆتۆ چاکتره، له دونیا (٤) به دڵنیاییەوه خوداکەت چاکه وات لەگەڵ دەکا، تۆ ڕازی دەبی (٥) ئەی تۆی به هەتیوی نەبینی، ئەو پەنایدای (٦) ئەی تۆی نەبینی گومڕابووی، ئینجا لانەداریکردی (٧) تۆی بینی نەداربووی، و دەوڵەمەندی کردی (٨) سا تۆش هەتیو مەڕەنجێنه (٩) دەرۆزەکەر مەتارێنه (١٠) تۆ هەر باسی چاکەی پەروەردگارت بکه (١١)

لەو چەند ئایەته، محمد دەیەوێ، باسی چاکەی خەدیجه دەکا. و به ڕوونی باسی، ئەو ڕۆڵه دەکا، که لەژیانی بینیویه. ئەوەش بەڵگەیه بۆ ئەوەی، هاوسەرگیری محمد و خەدیجه، گرێبەستێک بووه له نیوان بازرگانی خەدیجه و دەربازبوونی محمد، له بێکەسی و بێدەرەتانی. لێرەدا خەدیجه بۆ محمد وەک پوورێکی ڕزگارکەر بووه، لەو ژیانه کۆڵەمەرگیەی تێیدابووه، به تایبەتی دوای مردنی عبدالمطلبی باپیرەی. گرێبەست له نێوان دووکەس، بۆ مەرامی جیاواز، بەناوی هاوسەرگیری.

بۆیه دوای مردنی خەدیجه، گرێبەستەکەش کۆتایی دێ. و محمد دەستی واڵا دەبێ، ئیتر خۆی بڕیاردەدا. ئێستا دەوڵەمەند بووه، دەستەڵاتدارەم کەسایەتیەکی لەلای خەڵکی پیرۆزیشه. بۆیه ئەوجارەیان به پێچەوانەوه، کیژۆڵەیەک دێنێ که ٤٥ ساڵ له خۆی بچووکتره. عائیشەی تەمەن نۆ ساڵ، لەگەڵ محمدی تەمەن ٥٣ ساڵ، زیاتر پەیوەندی منداڵێک لەگەڵ باپیرەی بووه، تا مێردی. محمدیش چاک ئەوەی دەزانی. بۆیه لێی دەگەڕا

وەک منداڵانی هاوتەمەنی خۆی یاری بکا. ئەوەش لە زۆربەی پەرتووکەکانی ڕاڤەکاری و بیۆگرافینووسی موسوڵمان دووبارە بۆتەوە.[287]

ئەو دیاردەیەی پەیوەندی نێوان عائیشە و محمد، زۆر باش لە ڕووداوی الإفک دەبینرێ. کە چۆن لە دەرەوەی لۆژیک بیردەکاتەوە. و بە هەر ڕێگایەک بێ، دەبێ ئەو کیژۆڵەیە ڕزگار بکا. تەنانەت پەنا بۆ ئایەتی وا دەبا کە گرفت بۆ خۆی دروست دەکەن.

بە خوێندنەوەی هەندێک لە ئایەتەکانی قورئان، و بەراوردکردنیان بە هەڵسوکەوتی نووسەرەکەی، بە ڕوونی دەردەکەوێ، کە لە بارێکی دەروونی سایکۆدینامیکی سەخت دادەژی. خوێنەر ئەگەر بۆ تاوێکیش لەو ئایەتانە قووڵبێتەوە. و بەراوردیان بە کەسایەتی نووسەری بکا، بۆی دەردەکەوێ. کە پاشخانی پەروەردەبوونی کاریگەرییەکی بەهێزی لەسەر ئاکارەکانی کەسایەتی هەیە.

یەک لەو ئاکارانە کێشەی سێکسە. کە بۆتە چەقی پاڵنانی ئەو ماکەی (غریضة) لە تەمەنی هەرزەکاری و گەنجی تێیدا پەنگی خواردبووەوە. و بەوەش بۆتە چەقی گرنگی لە ئاڕاستەی پەیامی دین. و لە گشت هەڵومەرجە کۆمەڵایەتیەکانی ئامادەبووە، کاریگەری سایکۆدینامیکی گەیشتۆتە ئەو ئاستەی، ئایەت بێنێ. بێ ئەوەی بیر لە دەرئەنجامەکەی بکاتەوە. لەوانە ڕووداوی الإفک و خۆشەویستی بۆ عائیشەیە. کە زۆربەی یاوەرانی هەرە نزیکی ، بەرامبەری وەستانەوە. چەندین ڕووداویتر، کە لێرە دەخرێنە ڕوو، بەڵگەن بۆ کێشەی دەروونی

[287] فیاض، نبیل، أم المؤمنین تأکل أولادها، دراسة توثیقیة تاریخیة، عن عائشة بنت أبي بکر في مصادر التاریخ الإسلامي. ص ٢٠

نووسەری قورئان، و پاشخانی پەروەردەی کۆمەڵایەتی. هەر ئەوەش وایکردووە، بۆ گەیشتنە ئامانج، سڵ لە هیچ ڕێگایەک نەکردۆتەوە.

بۆ زیاتر ڕوونکردنەوە، چەند ڕووداوێک وەک بەڵگە، لەگەڵ هەندێ ئایەت لە سوورەتی جیاجیا .

## ١- عائیشە و سەفوان و ڕووداوی الإفک

ڕووداوی الإفک، ڕووداوێکی مێژوویی ناسراوە، لە ناو کەلەپووری ئیسلامی. هەروەها ئەو ڕووداوەیە کە تیایدا عائیشەی هاوسەری پەیامبەری ئیسلام محمد، لە کاتی خەوتنیان لە بیابان، تۆمەتبار کرا بە زیناکردن لەگەڵ سەفوان بن المعطل. دوای ئەوەی دەنگۆی نێوان عائیشە و سەفوان لە مەدینە بڵاوبووەوە، پەیامبەر لە عائیشە تووڕە بوو، کە پاکانەی بۆ بێتاوانی خۆی لەو دەنگۆیە دەکرد. پاشان عائیشە خۆی وا نیشان دا، کە نەخۆشە و ماڵی خۆیانی بەجێهێشت و ڕۆیشتەوە ماڵی باوکی. ئەو چوونەوەشی بۆ ئەوەبوو، لەلایەک چاودێری و سەرنجی دایکی بۆ ئەو کێشەیە ڕاکێشێ، بۆ ئەوەی ئاگاداری بێ. و لە هەمان کاتدا لە تووڕەیی مێردەکەی (پەیامبەر) تا ماوەیەک دوور دەکەوێتەوە، بۆ ئەوەی بەڵکوو تووڕەیییەکەی، لە نەبوونی ئەو (عائیشە) لەماڵ سارد ببێتەوە، و بیری بکا.

عائیشە دەیزانی سۆز و هەستی نەبی بۆی ئەوەندە بەهێزە کە ناتوانێ ماوەیەکی درێژ بەرگە بگرێ. هەرواش بوو، دوای مانگێک شتەکان گەڕانەوە بۆ ڕێڕەوی خۆیان. پەیامبەر مانگێکی

تەواو چاوەڕێی کرد لەکاتێکدا توڕەیی خۆی، بە بەرەنگاربوونەوەی قسەی خەڵک لەسەر بڵاوکردنەوەی دەنگۆ لە مەدینە.

یەکەم جار بە ئایەتێکی قورئان، لە سورەتی النور ئایەتی ١١ دەڵێ دەستەیەک (عصبة) گەواهیدەر هەبووین. دەستەیەک واتە کۆمەڵێ کەس تا دەگاتە زیاتر لە دە کەس.

القرآن الكريم – سورة النور ٢٤: ١١

ئەوانەی درۆکەیان هەڵبەست، دەستەیەك بوون لە ئێوە (١١)

لەلایەکیتر محمد دەیەویست لەوە دڵنیابێ، کە عائیشە لە سەفوان دووگیان نەبووە. دواتر چارەسەرێکی گونجاوی دۆزیەوە. و بە ئایەتێک، هەڕەشەی لەو کەسانە دەکرد، کە لە خۆیانەوە گومان و دەنگۆیان لەسەر ڕووداوی زیناکردن لەناو خەڵکی بڵاودەکەنەوە. هەروەها هەڕەشەی قامچی لێدانی لەو کەسانە دەکرد، کە ئەگەر چوار گەواهیدەریان نەبن، کە بەچاوی خۆیان ڕووداوەکەیان بینیبێ. واتە پرۆسەی زیناکەیان بە چاوەکانی خۆیان دیبێ.

جبرائیل لە ئاسمانی حەوتەمەوە، هاتە لای. و بە نیشانەی لێدان و ئاگادارکردنەوە و پێویستی پێشکەشکردنی چوار گەواهیدەر. ئەگینا ئەوانە لە لە سەرپێچیکەرانن (لەو ئایەتە، و ئایەتەکانیتر، جوبرائیل وەک تەتەرێکی لەسەرپێ، ئامادەیە. کاتی محمد پێویستی بە کەمێ یارمەتی هەبێ، چارەسەری خێرای بۆ بدۆزێتەوە).

القرآن الكريم – سورة النور ٢٤: ٤

وە ئەو کەسانەی ژنانی پاك و خاوەن مێرد تۆمەتباردەکەن بە زینا، ئینجا نەیانتاونی چوار گەواهیدەر بێنن. ئەوا ٨٠ قامچیان لێ بدەن. و هەرگیز شەیتان قەبوڵ مەکەن ئەوانە خراپەکارن (٤)

زۆر بە سادەیی، ئایەتەکە دەڵێ: ئەوەی ژنێکی موسوڵمان بە زیناکردن تاوانبار بکا، ئەگەر چوار گەواهیدەری نەبن، دەبێ هەشتا قامچی بخوا!! نالۆژیکی ئەوە ئایەتە کەوەدایە، کە تەنیا لە پێناوی ڕزگارکردنی عائیشە بوو. بە هیچ شێوەیەک، بیر لە دەرئەنجامی کاریگەری ئەو ئایەتە نەکراوەتەوە. کە چ کێشەیەکی بەدواخۆی دا هێنا.

دوای هاتنی ئایەتەکە، پەیامبەر بۆ هاوەڵەکانی دەخوێندەوە، سەرکردەی ئەنسار (سعد بن عبادة) بەگژی داچووەوە و گوتی: ئەی پەیامبەری خودا، بەم شێوەیە دابەزی؟ وەک ئەوەی بڵێ: ناکرێ خودا وا بڵێ. پەیامبەر توڕە بوو و گوتی ئەی خەڵکی ئەنسار گوێتان لە قسەی گەورەکەتانە چی دەڵێ؟ وتیان ئەی پەیامبەری خودا لۆمەی مەکە، چونکە پیاوێکی بێ پەروایە (مەبەستیان بە ئایەتێکی وا ڕازی نییە) سعد گوتی: ئەی پەیامبەری خودا ئەگەر پیاوێکم، لە سەر ژنەکەم گرت، ئایا وازی لێ بێنم (....) و بچم بەدوای چوار گەواهیدەردا بگەڕێم، و لێیانگەڕێم تا ئەو کاتەی پێویستیەکانی لەگەڵیدا دابین دەکا؟ بەخودا من چوار گەواهیدەر ناهێنم، تا ئەو، پێویستیەکانی ئەنجام دەدا. و بە تیخی شمشێر لە ملی دەدەم.

سەرکردەیەکی گەورەی وەک سعد بن عبادة، یەک لە ئایەتەکانی قورئانی کە محمد هێنابووی ڕەتکردەوە، کۆمەڵێکی گەورەی هاوەڵانی پشتیوانیان لێکرد. پەیامبەر خۆی لە دۆخێکی شەرمەزاری زۆر خراپدا بینیەوە. لەبەر ئەوەی خۆی هەستی بەوەکرد، کە لۆژیک و ژیریەک لەو ئایەتە دا نییە. و حوکمی ئەم ئایەتە دەبێتە سەرچاوەی کارەساتی گەورە. و

دەبێت چارەسەرێک هەبێ، کە کۆتایی بەو دووفاقییە بهێنێت. چەند ڕۆژێک دوای ئەو دیالۆگە، شتەکان بۆ پەیامبەر و دژایەتی ئایەتەکەی خراپتربوون. خەڵک تێگەیشت، تاکە مەبەست لەو ئایەتە، ڕزگارکردنی عائیشە بوو. لەبەرئەوەی ئەستەم بوو، لە دۆخێکی ئاوادا چوار گەواهیدەر هەبن، زیناکردنەکەیان بە چاوی خۆیان دیبێ. محمد زۆر بە وردی بیری لە کاریگەری دەرئەنجامەکانی، و لایەنە جۆراوجۆرەکانی، بەتایبەتی لایەنە خراپەکانی نەکردبووەوە.[288]

سەیر لەوەدایە، کێ ئامادەیە، لەو کاتەی زینا لەگەڵ ژنێک دەکات، ڕێگەی ئەوە بدا، لەلایەن چوار گەواهیدەر چاودێری بکرێ؟ یان ئەگەر بەڕێکەوت ژنەکەی بینی کە زینا دەکات، داوا لە ژنەکەی بکا، لە سەر زیناکردن بەردەوام بێ، تا بەدوای چوار گەواهیدەر دا بگەڕێ؟ و دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی لەگەڵ زیناکارەکە بیگرێ؟ بەڕاست، ئایەتەکە بە سادەیی دەڵێت هەرکەسێک هەر ژنێکی موسڵمان بە زینا تۆمەتبار بکات، با چاوەڕوانی ئەوەش بکا، هەشتا قامچی لێدەدرێ. زۆر لە یاوەرانی پەیامبەر عائیشەیان بە زینا تۆمەتبار کرد، لەوانە عەلی بن ئەبی تالیب و لە نێویاندا شاعیری پەیامبەر حسن بن ثابت، لەو سەردەمەدا، ئەو و مسطح بن أثاثا، کوڕی خاڵۆزای عائیشە و حمنة بنت جحش خوشکی زەینەب، قامچیان لێدرا . چونکە ئەوان باوەڕیان بەو دەنگۆیە کرد. و لەناو خەڵکیشدا بڵاویان دەکردەوە.

لە هەمووی گرنگتر عەلی کوڕی أبی طالب بوو. کە بەشداری لە تاوانبارکردنی عائیشە بە زیناکردبوو. و محمدیشی هاندا لە عائیشە جیابێتەوە. سەرەڕای ئەوەش محمد قامچی لێنەدا.  بەڵام عائیشە ئەو قینەی هەر لە دڵ مابوو. تا لە شەڕێکی گەورە پێی دارِشت. ئەو

288 السیوطي الدر المنثور فی تفسیر المأثور، الجزء السادس، ص ١٣٣ - ١٣٤

قین هەڵگرتنە، بووە هۆکاری شەڕی ووشتر (حرب الجمل). کە لەشکری عائیشە و عەلی لە نزیک بەسرە لە عێراق، لە شەڕێکی خوێناوی بەرەنگاری یەکبوونەوە.

ئەوەی کێشەکەی بە یەکجاری لە محمد ئاڵۆزکرد، کەسێک بە ناوی هلال بن ئومیة بوو. هات بە پەیامبەر و هاوەڵانی بڵێ، پیاوێکم بەسەر ژنەکەمەوە دیووە.  بە ناوی شریک بن سحمە، کە بە چاوی خۆم بینیومە. و بە گوێی خۆم گوێم لێ بووە، کەچی محمد هیچی نەکرد، چونکە لەوکاتە، چوار گەواهیدەر نەبوون، کە زیناکردنەکەیان بە چاوی خۆیان دیبێ.

هلال گوتی: بەچاوەکانی خۆم بینیومە، وبە گوێی خۆم گوێم لێیان بوو. ئایا ئینکاری لە هەستەکانم بکەم؟ بەڵام پەیامبەر، هە سووربوو. بەڵگە و چوار گەواهیدەری دەویست، کە بە چاوی خۆیان زیانکردنەکەیان دیبێ. هلال هەوڵیدەدا پەیامبەر دڵنیا بکا، کە ڕاستگۆیە. و هەموو ڕووداوی زیناکردنەکەی بە چاوی خۆی دیووە.[289]

لێرەدا پەیامبەر کەوتە دۆخێکی پڕ شەرمەزاری، و یاوەرانیش هاواریان دەکرد. و ڕەخنەیان لە ئایەتە مەحاڵەکە گرت، پەیامبەریش تێگەیشتبوو، کە لە دۆخێکی زۆر سەختدایە. ناچار بوو جارێکی تر ڕاوێژ بە جبرائیل بکا، و ئەو دووفاقییە، بە شێوەیەکی لۆژیکی چارەسەربکا. بۆ ئەوەی خەڵک بەو ئایەتانەی کە بۆی دابەزاندووە ڕازی بن. بە پێی ئایەتەکە، پێغەمبەر ناچار بوو هەشتا قامچی لە هلال بدات، چونکە هاوسەرەکەی بە زینا تۆمەتبار کرد. و نەیتوانی چوار گەواهیدەر بێنێ، ئەوەش بە کردەوە مەحاڵ بوو!! سەرەڕای ئەوەی کە ڕاستگۆ بوو. و خۆی زیناکەی بە چاوی خۆی دیبوو. محمد لەو دۆخە ناخۆشە زۆر سەخڵەت بووبوو.  یاوەرانیشی لە هەموو لایەکەوە توندیان بۆ هێنابوو.

---

[289] ابراهیم، صباح. حادثة الإفک مع عائشة. مفکر حر ٣١-٧- ٢٠٢١

یاوەرانیش لە لای خۆیان کۆبوونەوە و دەیانگوت: ئێمە بە قسەی سعد بن عبادة تووشی ئازار بووین، محمد بەپێی ئایەتی خودا قامچی لە هلال بن ئومیة دەدا. ئەگەر لە گەواهیەکەی پەشیمان نەبێتەوە.

هلال گوتی: ئەی پەیامبەری خودا دەبینم، بۆ تۆ چەند سەختە بەو هەواڵەی، پێم ڕاگەیاندی. واتە من ئەو شەرمەزارییە دەبینم کە بەهۆی ئەم ئایەتەیەوە لە ڕوخسارت دیارە، وەک چۆن فەرمانم پێکرابوو کە قامچیم لێبدرێ، سەرەڕای ئەوی بێتاوانم[290].

پەیامبەر ئەو شەوە نەخەوت، تا ڕۆژی دواتر یاوەرانی گەیشتن، پێیان بڵێ وەحی بە وەڵامی ئەرێنی، بۆ کێشەی هلال هاتووە. چارەسەری کێشەکە بەو ئایەتانەی خوارەوە هات.

القرآن الكريم – سورة النور ٢٤: ٦ - ٩

> ئەوانەی تۆمەت بۆ ژنەکانیان هەڵدەبەستن و شایەتیان نییە، تەنیا خودی خۆیان نەبێت، ئەوە شایەتی یەکێکیان چوار جار سوێند خواردنە بە خودا کە لە ڕاستگۆکانە (٦) و پێنجەم سوێند بڵێت: نەفرەتی خودام لێبێ، ئەگەر لە درۆزنەکان بم. (٧) و سزا لە سەر ژنەکە لادەچێ ئەگەر چوار جار سوێند بە خودا بخوا و بڵێ لە درۆزنەکانە (٨) و سوێندی پێنجەم بخوا و بڵێ: تورەی خودام لەسەر بێت ئەگەر ئەو لە ڕاستگۆکان بێت. (٩)

هەروەها لە ئایەتێکی دواتر، بەگشتی گوزارە دەکا

القرآن الكريم – سورة النور ٢٤: ١٣

---

[290] هەمان سەرچاوە

جا ئەگەر چوار گەواهیدەر بۆ دەنگۆکە نەهێنن، و ئەگەر گەواهیدەراکان نەهێنن، ئەوە ئەوانە لای خودا درۆزنن. (١٣)

بەم شێوەیە پەیامبەر دەریچەیەکی بۆ خۆ دەربازکردن، و چارەسەرکردنی کێشەی هەڵەی یەکەمی حوکمدان دۆزییەوە. بەڵام ئەوەی بەسەر هلال و کەسانیتر بە درێژایی مێژوو، هاتووە. گرنگ نییە. بەڵکوو ئەوەی لەو کێشەیە گرنگە دەربازبوونی پەیامبەر خۆیەتی لەگەڵ عائیشە.

لەو ئایەتانەی سەرەوە دەبینرێ، چۆن نووسەری قورئان، لە پێناوی بەرژەوەندی و ئارەزووی خۆی، ئایەتی تێکهەڵکێشاون. کە بە درێژایی مێژووی ١٤٤٠ ساڵی ڕابردوو، تا ئەمڕۆشی لەگەڵ دابێ، ئایەتەکە بە گشت نالۆژیکیەکی، هەر ماوە. و کێشەی دژایەتیش لە نێوان ئایەتەکان، هەرگیز چارەسەر نەکراوە. و دووفاقیی لەسەر کێشەکانیش بە بەردەوامی گرفتی نوێ دروست دەکەن.

هەرچەندە، بە فەرمان ئایەتی دواتر، جێبەجێکردنی ئایەتی یەکەم هەڵوەشێندراوەتەوە: بەڵام ئایا ئێستا داوا دەکرێ، ئەگەر پیاوێک هاوسەرەکەی، بەبێ گەواهیدەر تۆمەتبار بکا، قامچی لێبدرێ. یان نەفرەت لەخۆی بکا. تا لە قامچی لێدان ڕزگاری بێ.

دژایەتی ئایەتەکان، ئەوەندە زەقن، موسڵمانان نازانن شوێن کامیان بکەون؟ یان بە ئارەزووی خۆی هەڵبرژێری. قامچی لێدان یان نەفرەت لە خۆکردن، بۆ ڕزگاربوون، سەرەڕای ئەوەی کە سکاڵاکار بێتاوانە.

داهێنانی ئایەتی چوار گەواگیدەر ئامرازێکی کاتی بوو، بۆ بێدەنگکردنی ئەوانەی لەسەر زینای عائیشەی هاوسەری پەیامبەر کردیانە هەڵلا، چونکە عائیشە بە تەنیا لەگەڵ سەفوان بن المعطل لە بیابان بوو، شەیتانیش بووە سێیەمیان. [291]

ئایا پەیامبەر خۆی نالێ: ئەگەر پیاوێک چاوی بە ژنێک کەوت، شەیتان سێیەمیانە. کەواتە پەیامبەر ئەو قسەیە، لەسەر عائیشە و سەفوان جێبەجێ دەکات؟ دوای مانگێکی تەواو لە دەمەقاڵێ و پەنگخواردنەوە، پەیامبەر بەرگەی جیابوونەوەی لە خۆشەویستە بچۆڵەکەی نەگرت، بۆیە بە هەڵگرتنی بڕوانامەی بێتاوانییەوە، چووە لای و گوتی خودا لە سەرووی حەوت ئاسمانەوە بێتاوانی کردووە.[292]

عائیشە خۆی ئەم چیرۆکەی گێڕایەوە، و گوتی: پەیامبەری خودا هاتە لامان، سڵاوی کرد، پاشان دانیشت. دەمێک بوو، لەگەڵم دانەنیشتبوو. گوتی: پاشان پەیامبەر گوتی: ئەی عائیشە فڵان کەس لەبارەی تۆوە ئاگاداری کردمەوە. ئەوەش بەڵگەیە کە پەیامبەر هێشتا گومانی هەبوو لە ڕاستی دەنگۆی زینا، هەر بۆیەش بە عائیشەی گوت: ئەگەر تاوانبار بوویت، داوای لێخۆشبوون لە خودا بکە. و بۆ تەوبەکردن ڕووی تێ بکە!!! پاشان پەیامبەر پێکەنی. دوای ئەوەی جبرائیل (چارەسەری کێشەکان) بە ئایەتی بێتاوانییەوە هاتە لای و گوتی: ئەی عائیشە شادبە، ئێستا خودا تۆی بێتاوان کرد. [293]

---

[291] صباح ابراهیم، حادثة الإفک مع عائشة. مفکر حر ٣١-٧- ٢٠٢١
[292] محمود جابر، حادثة الإفک، الجزء الأول. الحوار المتمدن. العدد ٤٣٦٠، ٠٩- ٠٢- ٢٠١٤
[293] هەمان سەرچاوە. العدد ٤٣٦١، ١٠-٠٢- ٢٠١٤

القرآن الكريم - سورة النور ٢٤: ٢٣ - ٢٦
له ڕاستیدا ئەوانەی ژنانێکی نێوگەڵپاکی بێئاگای باوەڕدار تۆمەتبار دەکەن، له دونیا و لەڕۆژی دوایی نەفرەتیان لێکراوە، و سزایەکی مەزنیان دەبێت. (٢٣) ڕۆژێ زمانەکانیان و دەستەکانیان و قاچەکانیان شایەتیان بەسەر ئەو کارانەیان دەدەن کە دەیانکرد. (٢٤) ئەوێ ڕۆژێ پابەندی لێپرسینەوەیان دەبێ بە هەق و دەزانن کە الله هەقە حاشاهەڵنەگرەکەیە.(٢٥) ژنانی قێزەوەن بۆ پیاوانی قێزەوەن، و پیاوانی قێزەوەن بۆ ژنانی قێزەوەن. و ژنانی نایاب بۆ پیاوانی نایاب، و پیاوانی نایاب بۆ ژنانی نایاب. ئەوانە بێبەرین لەوەی ئەوان دەیڵێن. بۆ ئەوانە لێبووردەیی و ڕزقێکی چاک هەیە (٢٦)

# ٢- مارية القبطي

له ساڵی حەوتەمی کۆچی پەیامبەر، حاطب کوڕی أبي بلتعة دەنێرێتە لای مقەوقەس پاشای میسر له ئەسکەندەریە. کاتێ گەڕانەوەی دیاری بۆ پەیامبەر لەلایەن مقەوقەس هێنابوو. دیاریەکە بریتی بوو له دوو کچ بەناوی ماریە و شیرین کە هەردووکیان خوشک بوون. پەیامبەر شیرینی دایە حسان کوڕی ثابت. هەروەها ئێسترێک بە ناوی دولدر و کەرێک بەناوی یەعفور.

ماریا وەک کەنیزە، لای محمد مابووەوە. و محمد له کاتی ئارەزووی لێبوایە لەگەڵی جووت دەبوو. ئەو کارەی لای ژنەکانی تری پەسند نەبوو. بەتایبەتی عائیشە و حەفسە.

القرآن الكريم – سورة التحريم ٦٦: ١

ئەی پەیامبەری خودا، بۆ ئەو شتانەی خودا بە تۆی ڕەوابینیوە. لەخۆتی حەرام دەکەی. دەتەوێ ڕەزامەندی ژنەکانت وەدەستبێنی. خودا لێبووردە و دلۆڤانە. (١) ئەوا خودا بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی سوێندەکەتی داوە. خودا پشتیوانی ئێوەیە، ئەو زانا و دانایە (٢)

ابن کثیر دەڵێ جیاوازی لە ڕای ڕاڤەکاران، لەسەر هاتنی ئەو ئایەتە هەیە.
بەپێی شرۆڤەی لێکدانەوەی سەرجەمی ڕاڤەکارانی موسوڵمان، کێشەی لەخۆ قەدەخەکردنی محمد، بۆتە هۆی هاتنی ئەو چەند ئایەتە. بەڵام بۆ لەڕێ لادانی بابەتەکە چیرۆکێکی سەیریان هۆنیوەتەوە. گوایە محمد زۆربەی کات، لای یەک لە ژنەکانی بووە. هەنگوینی خواردۆتەوە. عائیشە و حەفصە پلانێکیان داناوە. پێیان گوتووە، ئەو هەنگوینە بۆنی درەختی (مغافیر)ی لێدێ کە بۆنی زۆر ناخۆشە و ژەهراوەیە. محمد سوێندی خواردووە ئیتر نایخوا. [294]

إبن سعد، عبد بن حمید و البخاري، و ابن منذر و إبن مردویة، لە عائیشە دەگێڕنەوە گوتوویەتی: پەیامبەر زۆرکاتی لەلای زەنەب بن جحش بەسەردەبرد. و هەنگوینی دەخواردەوە. عائیشە دەڵێ: من حفصەم ڕاسپارد، ئەگەر پەیامبەر هاتەلای، بڵێ بۆنی مغافیری لێدێ، ئایا مغافیری خواردووە. ئەگەر بڵێ هەنگوینم خواردۆتەوە، بڵێ: دیارە هەنگوینەکە لەسەر درەختی مغافیر پەروەردەکراوە. و تۆ خواردووتە. ئەگەر ئەوە بڵێن محمد سوێند دەخوا. دەڵێ ئیتر هەنگوین ناخۆم.

[294] ابن کثیر، تفسیر القرآن العضیم، المجلد الرابع عشر، ص ٤٧ - ٤٨

کاتێ پەیامبەر دەچێتە لای یەکیان، ئەو پرسیارەی لێکرد. ئەویش گوتی: نەخێر تەنیا لای زەینەب هەنگوینم خواردۆتەوە. دوای ئەو پرسیارو وەڵامانە، محمد دەڵێ: لەمەودوا هەنگوینم لە خۆ قەدەخەکرد.[295] دواتر خودا ئایەتی یەکەمی سورەتی التحریم نارد.

لەبەر چەند هۆکارێک، ئەو چیرۆکە ناتوانێ جێگای باوەڕبێ.
یەکەم: نووسەری قورئان شەرم لەوە ناکا، کە هەنگوینی خواردووە، ئەوەمان دیوە چۆن بێ شەرمانە بەگژ ئەو کەسانە داچووتەوە، کە بە ناحەزی زانیون. بەڵکوو لە جیاتی ئەوە، دەیتوانی بڵێ: هەر کامتان هەنگوینم بدەنێ دێمە لای ئەو.

دووەم: پەیامبەر ئەوەندە زیرەک بێ مەیدانخوازی لە کۆمەڵگەی عەرەبی ئەو سەردەمە بکا، کەچی هێشتا نەتوانێ جیاوازی لە تام و بۆنی هەنگوینێکی خراپ بکا. کە چەندین جار هەر بە پێی گێڕانەوەی حەدیس و ڕاڤە ئەوە دەردەخا کە ئەو چیرۆکە بنەمایەکی نیە.

سێیەم: ئەی جوبرائیل لە کوێبوو، ئاگاداری بکاتەوە، خۆ چەندین جار پێش هاتنی ڕووداوێک جوبرائیل ئاگادری کردۆتەوە، و چارەسەریشی بۆ داناوە.

بۆیە هەو چیرۆکە تەنیا هەوڵێکە بۆ بەلارێدابردنی ڕووداوە ڕاستیەکە. کە بە پێی هەندێ ڕاڤەکاریتر، دەربارەی ئارەزووی سێکسی خۆی بووە.

بەپێی ڕاڤەی الجلالین ئایەتی یەکەمی سورەتی تحریم، دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی محمد لە ماڵی حەفسە، لەگەڵ ماریە جووت دەبێ. و لاناکاو حەفسە دەگەڕێتەوە. و بەسەریان دادێ. و

[295] السیوطي، الدر المنثور في تفسیر المأثور. الجزء الثامن، ص ٢١٣

به محمد دەڵێ: لە ماڵی من، لەسەر جێگای من و لەڕۆژی من!! ئەویش گوتی لێم حەرام بێ. دواتر بە ئایەتی یەکەمی سورەتی التحریم بۆی حەڵاڵ کرایەوە.[296]

بەپێی ابن جرير الطبري

٢٦٦١٢ بە پێی گێڕانەوەی ابن عەباس ئەو ئایەتە: نۆرەی حەفسە بوو، کە محمد بچێتە لای. بەڵام ئەو ڕۆژە حەفسە، بە سەردان چووبووە ماڵی باوکی.کاتی محمد چووە ماڵی حەفسە بینی لەماڵ نییە، بە دوای کەنیزەکەی (ماريا قيبتى) دانارد. ئەویش هات و لە ماڵی حەفسە لەگەڵیدا مایەوە. لەو کاتەدا حەفسە گەرایەوە، محمد کەنیزەکەی ناردە دەرەوە و حەفسە هاتە ژوورەوە و گوتی: بینیم کێت لەگەڵدابوو. بەو خودایە تۆ تورەت کردم. پەیامبەر گوتی: لەمڕۆ بەولاوە، ئەم کەنیزەیە بۆ من حەرامە. بۆ ئەوەی دڵی تۆ ڕازی بکەم. بۆیە خودا ئایەتێکی بۆ پەیامبەرەکەی نارد.[297]

لە گێڕانەوەیەکیتر الطبري دەگێڕێتەوە:

٢٦٦٢٤ پێغەمبەر، صلعم، چووە ماڵی حەفسە، و بەڵام حەفسە لە ماڵ نەبوو. لەجیاتی ئەو کەنیزەکە هاتە لای، و خەریکی کاری خۆیان بوون. لەو کاتە دا، حەفسە هاتەوە. و لە دەرگاکە دانیشت تا پەیامبەری تێپەڕی، ئەویش گوتی: بەخوا تۆ ڕقت هەڵساندم، لە ماڵی من، و لە سەرجێگای من و لە نۆرەی من، لەگەڵیدا جووتبووی. پەیامبەریش سوێندی خوارد لە مەودوا لێم حەرامبێ.

السيوطی لەڕیگای الترمذی و التبارانی لە ئیبن عەباس دەگێڕێتەوە، گوتوویەتی: {ئەی پێغەمبەر بۆچی قەدەخەت کرد} ئایەتەکە دابەزی، لە نهێنی خۆیدا .ابن جرير لە ابن

[296] متقي الهندي (٢٠٠٥) كنز العمال فن سنن الأقوال و الأفعال جلد الثاني.
[297] تفسير الطبري، تفسير سورة التحريم، رقم ٢٦٦٠٩

عەباس دەگێڕێتەوە، گوتی : بە عومەر ابن الخطابم گوت: ئەو دوو ژنە کێن کە خۆدا باسیکردوون ؟ گوتی: عائیشە و حەفسەن. و سەرەتای فەرموودەکەش لەسەر مەریە، ئوم ئیبراهیم القیبتیە. گوتی لە ماڵی من و لەسەر جێگاکەم و لە ڕۆژی مندا. و گوتی: ئایا قبوڵ ناکەیت کە من حەرامی بکەم و لێی نزیک نەبمەوە؟ ژنەکە گوتی: بەڵێ، بۆیە لەخۆی حەرامکرد و گوتی: بەڵام قسە بۆ کەس مەکە. کەچی بۆ عائیشەی باسکرد. بۆیە خودا ئەو ئایەتانەی ناردن. کە بۆچی پەیامبەر، ئەو شتانە لەخۆی حەرام دەکا، کە خودا بۆی حەڵاڵ کردووە.[298]

القرآن الكريم – سورة الأحزاب ٣٣: ٣ - ٥

ئەگەر پەیامبەر نهێنیەکی لای یەکێك لە ژنەکانی درکاند، کاتێ ژنەکەی باسەکەی، بۆ ژنێکی دیکەی گێڕایەوە، و خودا لەوە پەیامبەری ئاگادار کردەوە، هەندێکی پێی ناساند و هەندێکی پێی نەناساند. جا کاتێك پەیامبەر بە ژنەکەی ڕاگەیاند، ژنەکەی گوتی کێ ئەوەی پێت ڕاگەیاندووە، گوتی: دانا ئاگادارە و پێی ڕاگەیاندم. (٣) ئەگەر تۆبە بۆ خودا بکا، بێگومان چونکە دڵەکانتان بەلارێدا ڕۆیشتووە، و ئەگەر لە دژی بوەستن، ئەوە خودا خۆی پشتیوانیەتی، وە جبرایل و ئیماندارە چاکەکان و فریشتەکانیش لەوە بەدوا پشتیوانین. (٤) ئەگەر تەڵاقتان بدا، ڕەنگبێ خوداکەی بە ژنانی چاکتر کە موسوڵمان و باوەڕدار گوڕایەڵ و تۆبەکار و خوداپەرست. و گەشتیاری بێوەژن و پاکیزە بتانگۆڕێتەوە (٥)

[298] تفسير الطبري، تفسير سورة التحريم رقم ٢٦٦٠٨، ابن كثير، تفسير القرآن العضيم، المجلد الرابع عشر ص ٥٣

بەپێی ئایەتی چوارەم خودا بە عائیشە و حەفسە دەڵێ، دەبێ تۆبە بۆ خودا بکەن، بێگومان دڵتان گومڕابووە. ئەگەر لە دژی بووەستن، ئەوە خودا پشتیوانیەتی (مەبەستی محمدە).

القرآن الكريم – سورة الأحزاب ٣٣: ٢٨ - ٣٤

ئەی پەیامبەر بە ژنەکانت بڵێ: ئەگەر ژیان و خۆشیەکانی دونیاتان دەوێ ئەوە وەرن پێتان بدەم و ئازادتان بکەم ئازادکردنێکی جوان. (٢٨) و ئەگەر خودا و پەیامبەرەکەی و ماڵی دواییتان دەوێ، ئەوە خودا بۆ ژیانێکی چاک، پاداشتێکی مەزنی بۆ ئێوە داناوە. (٢٩) ئەی ژنانی پەیامبەر: هەریەکێک لە ئێوە ناپەسندیەکی بە ئاشکرا ئەنجام بدا. ئەوە سزاکەی دوو بەرابەر دەبێ. و ئەوەش لای خودا کارێکی ئاسانە. (٣٠) و هەر یەکێکتان بەرفەرمانی خودا و پەیامبەرەکەی بێ، و کاری چاک بکا. ئەوە دوو بەرابەر پاداشتی دەدەین. و ڕزقێبژێوێکی نایابمان بۆ داناوە. (٣١) ئەی ژنانی پەیامبەر ئێوە وەک ژنانی دیکە نین، دەسا خۆتان بپارێزن. و نەکەن بە قسە دەستەمۆبن. چونکە ئەو پیاوەی نەخۆشی لەدڵدایە ئارەزووتان لێدەکا. دەسا قسەیەک بکەن قسەی چاکبێ (٣٢) و لە ماڵەکانتان ئۆقرەبگرن. و خۆتان دەرمەخەن وەک دەرخستنی جاهیلیەتی یەکەم. و نوێژبکەن و زەکات بدەن، و گوێڕایەڵی خودا و پەیامبەرەکەی بن. لە ڕاستیدا خودا دەیەوێ لەسەر ئێوەی خاوەنماڵ گڵاوی لابەرێ. و بە پاککردنەوە پاکتان کاتەوە (٣٣) و ئەو ئایەت و حیکمەتانەی خوداتان لە یادبێ، کە لە ماڵەکانتان دەگوترێتەوە لە ڕاستیدا خودا میهرەبان و شارەزایە (٣٤)

بەو چەند ئایەتە پەیامبەر ژنەکانی خۆی هەم لەخەڵکی پاراستن و هەمیش ئەوانی کردنە کۆیلەیەکی بێ دەرەتان. ئارەزووەکانی ئەو سنوورەکانی پیرۆزی تێدەپەڕێنێ. و دین دەبێتە ئامرازێکی بێ هاوتا، بۆ هێنانەدی ئارەزووە تایبەتیەکانی خۆی.

ئەو هەڵسوکەوتانەی بەرامبەر ژنەکانی و دەوروبەری، گواستنەوەی کولتووری کۆنی عەرەبی دوورگەیە، بۆ ناو ڕەوتی دین. لەلایەکیتر کاریگەری کۆمەڵگەی عەرەبی هاوسەردەمن، محمد توانی بیانکاتە یاسایەک بۆ جێگیرکردن و پەرەدان بە کولتووری پیاوساڵاری، کە بە درێژایی پەرەسەندنی هزری دین هاوتای لە دڕندەیی و نایەکسانی و سووکایەتی بەژن نەبووە. و کاریگەریەکانیشی بە درێژایی مێژووی ئەو دینە بۆتە کۆت و زمجیر لەبەردەم پێشکەوتنی کۆمەڵگە و شکاندنی کۆتی کولتووری پیاوسالاری.

## ٣ - زەید و زەینەب

زید بن حارثه (٥٨١ – ٦٢٩ س.ب) کوڕی تەبەنی محمد بوو. محمد زەینەب کچی جەحش کە کچی پووری بوو ،کردیە هاوسەری زەید. ماوەی ساڵێک یا زیاتر دەبوو، وەک هاوسەر لەگەڵ یەک دابوون.[299] ڕۆژێکیان محمد بۆ کارێک سەردانی ماڵی زەید دەکا. لەو کاتە زەید لە دەرەوە دەبێ، و زەینەب بە تەنیالەماڵ دەبێ. شتێکی ئاساییەژن لەماڵ، بێ سەرپۆش بێ. لەو کاتەی محمد لە دەرگا دەدا، زەینەب دەیەوێ خۆی داپۆشێ. بەڵام دیارە پێڕاناگا. و محمد دەیبینێ. لەو کاتەدا زەینەب وەستاوە، سپی پێست و جوان و باڵابەرز. ئیتر محمد

[299] إبن كثير. تفسير القرآن العضيم، المجلد الحادي عشر، ص ١٧١

دڵی بۆی دەچێ. دەڵێ: سبحان الله مقلب القلوب[300] (پاک و بێگەردی بۆ خودای دڵبگۆڕ) زەینەب گوێی لە قسەی محمد بوو.

کاتێ زەید گەڕایەوە، باسەکەی بۆ گێڕایەوە. زەید یەکسەر لەمەبەستی محمد تێگەیشت و ڕۆیشتەی لای. و گوتی: ئەی پێغەمبەری خودا ڕێگەم بدە زەینەب تەڵاق بدەم، چونکە لووتبەرزیەک لە ناخیدا هەیە، کە بێزارم دەکات.

بەڵام محمد لە سەرەتا ڕازی نەبوو. و ئەوەی لێی دەترسا، زمانی ناحەزان و یاوەرانی خۆیشی بوو. کە بڵێن فەرمانی بە کوڕی تەبەنی خۆی کردووە، لە ژنەکەی جیابێتەوە. ئەوکاتەی لەیەک جیابووەنەتەوە، خۆی هاوسەرگیری لەگەڵدا کردووە.

بۆیە باشترین ڕێگا بەکارهێنانی فەرمانی خودابوو. کە ڕەوایی بەو کارەی بدا. خوداش، بە ئایەتێک بۆی ئاشکراکرد، کە زەید لە زەینەب جیادەبێتەوە. ئەویش لەسەر دەستی خودا، هاوسەرگیری لەگەڵ زەینەب دەکا.

القرآن الكريم – سورة الأحزاب ٣٣: ٣٧ - ٣٨

> ئەوسا ئەو خودا چاکەی لەگەڵکردبوو، تۆش چاکەت لەگەڵیکردووە.، تۆ پێت دەگوت دەست لە ژنەکەت بەرمەدە. و دەبێ لە خودا بترسی. و لە هەمان کاتدا تۆ شتێکت لە دڵی خۆتدا حەشارداوە، کە خودا ئاشکرای دەکا. هەر لە خەڵك دەترسای، لە کاتێکدا خودا شایستەت بوو لێی بترسی. جا کاتێك زەید لە هاوسەرەکەی بە ئارەزووگەیشت، ئەومان کردە

300 القرطبي، لجامع لأحكام القرآن، تفسير القرطبي، الجزء الرابع عشر، ص ١٦٨

هاوسەری تۆ، تا پیاوانی باوەڕدار، لە خواستنی ژنی کوڕانی بەخۆوەگرتوویان (تبني)، دوای ئەوەی لێیان جیادەبنەوە، تووشی سەخڵەتی نەبن. هەر فەرمانێک خودا بیدا، دەبێ بێتەجێ(٣٧) بۆ پەیامبەر هیچ شەرمازاری نییە، کارێک بکا، خودا فەرمانی بەهەرچیدا، دەبێ بکرێ. (٣٨)

دوای بڵاوبوونەوەی هەواڵی ئەو ڕووداوە، لەلای خەڵکی کارێکی تا بڵێی قێزەون بوو. چونکە لەمەوبەر، ڕووداوێکی وا لە نێوان دووکەسی لەیەکنزیک ڕووی نەدابوو، ئەگەر ڕووشی دابێ، ئەوا ئەوکەسە شاربەدەرکراوە. ئیتر لۆمەیی و تانە و توانجی خەڵک دەستیپێکرد. تا ئاستێکی زۆر محمدی هەراسانکرد. بۆیە ئەو جارەش خودا و جوبرائیل بە ئایەتێک، لە هەمان سورەت، وەڵامی توانج و لۆمەی قورەیشیەکان دەداتەوە.

القرآن الكريم – سورة الأحزاب ٣٣: ٤٠

محمد باوکی هیچ کام لە پیاوەکانتان نەبووە. بەڵکوو پەیامبەری خودایە و کۆتای (پشتڕاستکەرەوەی) نێردەکانە. و خودا هەموو شتێکی زانیووە (٤٠)

بە پێی ڕاڤەی الطبري ئەو ئایەتە لەسەر زەید هاتووە. مەبەستی ئەوەیە کە بە باوەرداران بڵێ محمد باوکی زەید نییە. مەبەستی باوکی بایۆلۆژی، هەروەها باوکی هیچ پیاوێکیتر لە ئێوە نییە. مادام لە ڕووی بایۆلۆژیەوە لە ئەو نین. پەیوەندی لەنێوانیان گرنگ نییە. سا لەوکاتەی زەید لە ژنەکەی جیابووەوە، لێی حەرام کراوە.[301]

---

[301] الطبري. الطبري لە جامع البيان في تفسير سورة الأحزاب ئایەتی ٤٠ ژمارە ٢١٧٢٦

به ووردبوونەوە لەو چەند ئایەتە، جیهانێکیتر، لەبارەی کەسایەتی محمد ئاوەڵا دەبێ. مادام خۆی ئارەزووی لەسەرە، گرنگ نییە. بە ئاسانی وەک چەندین ڕووداویتر، پەنا بۆ ئایەت هێنان بە ناوی خودا. و ڕەواییدان بە گشت ئەو بەها مرۆڤایەتیانەی کە مێژووی کۆمەلایەتی بە درێژایی پەرەسەندنی کولتوور و نەرێت بەرهەمی هێناون. بۆیە دەبینین لە دوورگەی عەرەبی بەخۆوەگرتنی منداڵ کارێکی ئاسایی مرۆڤانە بووە. کەچی محمد لە پێناوی ئارەزووی خۆی، پشت گوێی خست و. ئەو پەیمانە مێژوویەی خستە ژێر پێ. هەر ئەوەش بوو دوای ئەو ئایەتە بەخۆوەگرتنی منداڵ لە ئیسلام حەرامکرا.

## ٤- گشت ژنان بۆ پەیامبەر حەڵاڵن

ئارەزووی سێکس لای محمد ئەوەندە بەهێزبووە، کە ئامادە بووە، گشت سنوورێکی کۆمەڵایەتی و ڕەوشتی لە پێناو بشکێنێ. هەنگاو بە هەنگاو سنوورەکانی کۆمەڵایەتی بۆ ئارەزووەکانی فراوانتر دەکا. تا دەگاتە ئەو ئاستەی ژنی سەرجەمی کۆمەڵگەی باوەڕداران، لەخۆی حەڵال دەکا.

القرآن الكريم – سورة الأحزاب ٣٣: ٥٠

> ئەی پێغەمبەر لە ڕاستیدا ئێمە ئەو ژنانەی تۆمان، کە کرێکانیانت داوە حەڵاڵ کرد. و هەر کەنیزەیەک کە خودا بۆی دابینکردووە. و کچە مامەکانت و کچە پوورەکانت و کچە خاڵەکانت. و ئەو کچە پوورانەت کە لەگەڵتدا کۆچیان کردووە. و هەر ژنێکی باوەڕدار ئەگەر خۆی پێشکەش بە پەیامبەرکرد. ئەگەر پەیامبەر ویستی نیکاحیکا. ئەوە تەنیا بۆ تۆ، نەک بۆ

پیاوانی باوەڕدار، ئێمە زانیومانە چیمان بەسەردا سەپاندووە لە ژنەکانیان و کەنیزەکانیان. ئەمە بۆ ئەوەیە تۆ شەرمەزارنەبی. و خودا لێبووردە و میهرەبانە (٥٠)

بە پێی ناوەرۆکی ئەو ئایەتە. ئەوەی ڕێگربێ لە حەڵاڵکردنی ژن لە محمد تەنیا چاوەکانیەتی. و ژنەی بەدڵ نەبێ. ئەگینا ئەگەر چاوی کەوتە سەر ژنێک. لەسەر مێردەکەی پێویستە، لێی جیابێتەوە. ئەوە پوختەی ناوەرۆکی ئایەت ٥٠ یە. گشت خەڵکی سەرسامکرد، لەوانە عائیشە بە بیستنی ئەو ئایەتانە، بێ پەروا بە توانج پێێ گوت:

بە خودا، من پەروەردگارت نابینم، تەنیا لەکاتی بە دوای ئارەزووەکانت دا پەلەیەتی.

## ٥- جیاوازی کردن لە سەرجێی ژنەکانی

لەوەش زیاتر جیاوازی نێوان ژنەکانی دەکاتە یاسایەکی پیرۆز. بە ئارەزووی خۆی سەرجێی ئەوانەی دەکرد کە بە دڵی بوون. هیچ یەک لە ژنەکانیش بۆیان نەبوو گلەیی بکەن، لەبەر ئەوەی فەرمانی خودایە. دەبێ بۆی ملکەچ بن. ڕەزامەندی پەیامبەری خودا، ڕەزامەندی خوداشە.

ئەو تاوانەش لەیەک هەڵاواردنی مرۆڤەکانە، کە گەورەترین تاوانە لە مێژووی پەرەسەندنی مرۆڤ، هیچ کۆمەڵگەیەکی کۆن نوێ بەخۆیەوە نەیبینیووە. ئارەزووی تاک ببێتە یاسایەکی خودایی. و کەسیش نەبێ بەرامبەری بووەستێتەوە.

القرآن الكريم – سورة الأحزاب ٣٣: ٥١

تۆ سەر جێی هەر کامێکیان دوا بخەی. و هەر کامێکیان بە ئارەزووی خۆت بانگی لای خۆت کەی، وە ئەوەی بشتەوێ کە دەستبەرداری بووی، ئەوە گوناهت ناگاتێ، ئەوە کەمترین شتە بۆ ئەوەی دڵخۆشبن و نیگەران نەبن و ڕازی بن بەوەی کە پێت داون، و خودا دەزانێ ئێوە چیتان بە دڵدادێ. خودا زانا و لەسەرخۆیە. (٥١)

لەو ئایەتەدا، دەبینین چۆن محمد ڕەوایی بە جیاوازیکردن، لە نێوان ژنەکانی دەدا. ئەوەش بەڵگەیەکی حاشاهەڵنەگرە، کە بە ناوی خودا، وەک فەرمانێکی پیرۆز لە قورئان ڕەوایی بەو جیاوازیە داوە. و هەندێکیانی لەوانیتر، لەلا ئازیزتر بووین. لەوەش گرنگتر بەدرێژایی مێژوو موسوڵمانان دەڵێن کە پەیامبەری خۆشەویست یەکسانی نێوان ژنەکانی پێنەکرێ. ئێمە چۆن پێمان دەکرێ. بەوەش نێرینەی کردۆتە دەستەڵاتدار و بڕیاردەر لەسەر مێینە.

## ٦- سەبارەت بە ژن گۆڕینەوە، لە ئیسلامدا

هەرچەندە لە ئایەتی ٥٠ گشت ژنان بۆ محمد حەڵاڵکراون، کەچی بۆی نییە، لەگەڵ یاوەرانی ئاڵوگۆڕیان پێبکا. ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ڕووداوێک کە داوای عائیشەی بۆ گۆڕینەوە لێکراوە. کەچی ئەوە دەبێتە هۆی، قەدەخەکردنی ژن گۆڕینەوە.

إبن زید گوتوویەتی لە سەردەمی پێش ئیسلام ژن گۆڕینەوە، لە نێوان پیاوان شتێکی ئاسایی بوو. پیاوێک بە پیاوێکیتری دەگوت، ژنەکەتم بدەیتێ، ئەوا منیش ژنەکەی خۆمت بە زیادەوە دەدەمێ. ئەو گۆڕینەوەیەش وەک هەر کاڵایەکیتر، مامڵەتی پێدەکرا. ژن گۆڕینەوە

له نێوان دووکەش (پیاو) دەکرا. وەک ئەوەی شتێك له بەرامبەر شتێکیتر وەربگری. لێرەدا کارەکە قووڵتر دەبێ، ئەو دووکەسە مامڵەت لەسەر دوو مرۆڤی هەرە نزیکیان دەکەن. [302]

ئەو کولتووره له ئیسلامدا، سەرتاسەری سەردەمی مەککە بەردەوام بووە. تا ئەو کاتەی له مەدینه، ماوەیەک بوو محمد و یاوەرانی گیرسابوونەوە. له ناکاو ڕێکەوتێک بۆ پەیامبەر خۆی دێتەپێش. هەر دوای ئەو ڕێکەوتە، که دیارە بە دڵی محمد نەبووە. خودا ئایەتێکی نارد. و ژنگۆڕینەوەی بۆ محمد حەرام کرد.

ئەو ڕێکەوتەش، که بۆتە هۆکاری دابەزینی ئەو ئایەتە. له ڕیوایەتێك دا هاتووە، که ابو هريرة گێڕاویەتیەوە، و دەڵێ:
ژنگۆڕینەوە له جاهیلیەت هەبوو، پیاوێك به پیاوێکی دەگوت: بۆم دەستبەرداری ژنەکەت بە، منیش بۆت دەستبەرداری ژنەکەم دەبم و زیادەشت پێ دەدەم.

ڕێکەوتەکە بەم جۆرەبوو، جارێکیان عویەینه کوڕی حیسن فەزاری، له پەیامبەر بەبێ مۆڵەت وە ژوور دەکەوێ. لەو کاتەدا عائیشه لای پەیامبەر دانیشتبوو.
پەیامبەر پێی گوت: ئەی عویەینە، ئەی مۆڵەت؟
گوتی، لەو کاتەوە هۆشم کردووە، مۆڵەتم له هیچ پیاوێك وەرنەگرتووە. ئەوسا گوتی ئەو ژنه سوورکەڵەیە کێیە لات دانیشتووە؟ پەیامبەر گوتی: ئەوە عائیشەیە دایکی باوەڕداران.
گوتی: چۆنە من بۆ تۆ دەستبەرداری ژنەکەم بم، وە تۆش دەستبەرداری عائیشە بی بۆ من؟
پەیامبەر گوتی: ئەی عویەینە خودا ژن گۆڕینەوەی حەرام کردووە.

---

302 الطبري، له جامع البيان في تفسير القرآن الجزء الثالث ص ٣٦٢ ، السيوطي، الدر المنثور في تفسير المأثور الجزء السادس ص ٦٣٩

کاتێك دەرچوو، عائیشة گوتی: ئەی پەیامبەری خودا، ئەوە کێ بوو؟
گوتی: ئەوە پیاوێکی دەبەنگە کە گەورەی هۆزەکەیەتی.[303]

هەر دوای ئەوە سەردانەی عویەینە، خودا کەوتە خۆی. و ئایەتێکی نارد کە تێیدا ئەو جارەش عائیشەی ڕزگارکرد.

القرآن الكريم – سورة الأحزاب ٣٣: ٥٢

> لەمەودوا ژنی ترت پێ ناشێن، و بۆشت نییە بە ژنانی دیکە بیانگۆڕیەوە. با بە جوانیشیان سەرسام بی. بێجگە لە کەنیزەکانت نەبێ. و خودا بەسەر هەموو شتێک چاوەدێرە (٥٢)

هاتنی ئەو ئایەتە، بەو شێوە ڕوونیە، و لە ماوەیەکی باش دوای گیرسانەوە لە مەدینە. دوو شتمان بۆ ئاشکرادەکا.
یەکەم: تا قۆناخی مەدینە، ژنگۆڕینەوە هیچ قەدەخەی لەسەر نەبووە. و بە شێوەیەکی ئاسایی موسوڵمانان ژنیان گۆڕیوەتەوە. بەڵکوو دوای ئەو ڕووداوە، کە محمد نەیویستووە، ژنە خۆشەویستەکەی عائیشە بگۆڕێتەوە. ناچاربووە بەو ئایەتە بەرپەرچ بداتەوە. ئەگینا ڕەنگە تا ئێستاش هەر بەردەوام بوایە. و بە کارێکی خودایە بژمێردرابوایە.

دووەم: هاتنی ئەو ئایەتە بەڵگەیە بۆ ئەوەی محمد بەپێی ئارەزوو و بەرژەوەندی خۆی ئایەتی هێناون. ئەگەر ئەو ڕووداوە، لە عائیشە نەبوایە، کە خۆشەویسترین ژنی بووە. کە ئەستەم بوو دەستبەرداری بێ. تەنانەت دوای کێشەی الإفک و سەفوان ئامادەبوو هەموو شتێک

---

[303] القرطبي له الجامع لاحكام القران الجزء ١٤ ص ١٩٢

بکا، تەنیا عائیشەی لەدەست نەچێ.  کەواتە ڕێگەی تێناچێ بڵێین قورئان پەرتووکێکی ئاسمانیە. بەلکوو محمد خۆی نووسەری بووە.

## ٧- سەبارەت بە سەردانی ماڵی محمد

القرآن الكريم – سورة الأحزاب ٣٣: ٥٣

> ئەی باوەڕداران مەچنە ماڵەکانی پەیامبەر، مەگەر بۆ ژەمێکی نان بانگنەکرابن (جا کە بانگ کران) ئەگەر چووشن، نابێ کاتێکی وا بچن، هێشتا ژەمەکە ئامادە نەبووبێ. هەرکە ژەمە نانەکەتان خوارد، بڵاوەی لێبکەن. و خۆتان بە قسەوە خەریک مەکەن. ئەو کارەتان پەیامبەر سەخڵەت دەکا. و لەبەر ئێوە شەرم دەکا. خودا لە ڕاستی گوتن شەرم ناکا. هەرکاتێکیش  لە ژنانی ناوماڵ، داوای شتێک دەکەن، لە پشت پەردەوە داوابکەن. ئەو کارەشتان لە دڵپاکی ئێوە، و ئەوانیش نزیکترە. نابێ پەیامبەری خودا لە دەستی ئێوە ئازار بچێژێ. هەرگیز ناشبێ دوای ئەو ژنەکانی مارە بکەن. ئەوکارە لەلای خودا گەناهێکی زۆر گەورەیە (٥٣)

کاتی محمد هاوسەرگیری لەگەڵ زەینەب کچی جحش کرد. خەڵکی بەو بۆنەیەوە، بۆ ماڵێ بانگهێژی کردبوو. دوای کۆتایی هاتنی ناخواردن، کۆمەڵێک لەو خەڵکە نەڕۆیشتن. بە قسەوباس خەریک بوون.

لەو کاتەدا زەینەب ڕووی کردبووە دیوار، بۆیە محمد پەردوویەکی لە نێوان پیاوەکان و زەینەب هەڵواسی. دوای ئەوە ئایەتێک سەبارەت بە ڕەفتارەی یاوەرانی محمد هات.

لەهەمان جێدا عومەر دەڵێ: گوتم ئەی پەیامبەری خودا، خەڵک و خوا کات و ناکات دێن. بەوەش ژنەکانت سەخڵەت دەبن. بۆیە ئەو ئایەتە دابەزێ. [304]

طبری دەڵێ ئەو ئایەتە سەبارەت بە یەکێک لە یاوەرانی زۆر نزیکی پەیامبەر هاتووە. کە بەر لە هاتنی ئایەتی حیجاب، بەردەوام دەچووە لای ژنەکانی محمد. کاتی محمد حیجابی دانا، ئەو پیاوە گوتبووی: ئەگەر محمد بمرێ، دەبێ یەک لە ژنەکانی مارە بکەمەوە.[305]

السیوطي دەنووسێ ابن مردوية، لە ابن عباس دەگێڕێتەوە، گوتوویەتی: پیاوێک گوتبووی، ئەگەر محمد بمرێ، من دەبێ عائیشە مارەکەمەوە.[306]

القرطبي دەڵێ: إبن عباس گوتوویەتی ئەو ئایەتە سەبارەت بە یەکێک لەو دەکەسەی قورەیشی هاتووە. کە لەگەڵ محمد بووە لە بیابان. و مقاتل گوتوویەتی: ئەو کەسە طلحة بن عبيدالله بوو.

ابن کثیر لە تفسیر القرآن العظیم دەڵێ: السدي گوتوویەتی طلحة بن عبيدالله بوو. گوتی ئەگەر محمد بمرێ، دەبێ عائیشە مارەبکەمەوە.[307] طلحة بن عبيدالله یەکێک بوو، لەو دە کەسەی موژدەی بەهەشتیان پێدرابوو. لەشەڕی ووشتر لایەنگیری عائیشە بوو و کوژرا.

---

[304] القرطبي جامع لأحكام القرآن (تفسير القرطبي) الجزء الرابع عشر، ص ١٩٨، الطبري، جزء التاسع عشر ص ١٦٣ - ١٦٤
[305] الطبرى الجزء التاسع عشر، ص ١٧٠
[306] السيوطي الدر المنثور الجزء السادس، ص ٦٤٤
[307] ابن كثير. تفسير القرآن العظيم، الجزء الحادي عشر، ص ٢٠٨

سەبارەت بەو ئایەتە، دەکرێ بڵێین دوای مردنی محمد عكرمة بن أبو جهل هاوسەرگیری لەگەڵ یەکێک لە ژنەکانی محمدکرد، بەناوی قيلة بنت الأشعث الكندي. [308]

القرآن الكريم – سورة الأحزاب ٣٣: ٥٩

ئەی پەیامبەر بە ژنەکانت و کچەکانت و ژنانی باوەڕدار بڵێ، سەرپۆشەکانیان بەسەرخۆیان دا شۆڕکەنەوە. ئەوە کەمترین شتە بیکەن بۆ ئەوەی بناسرێنەوە و ئازار نەدرێن. و خودا لێبووردە و میهرەبانە (٥٩)

[308] تفسير الطبري الجزء التاسع عشر ص ١٧٠

# جنێو و سووکایەتی لە قورئان

لەناو دەقەکانی قورئان، بە شێوەی جۆراوجۆر جنێو و سووکایەتی بەدی دەکری. ئەو جنێو و سووکایەتیانەش زۆر جار بە گشتی لەسەر دینی جیاواز، یا کێشەی کەسی، تا دەگاتە هەڕەشە و ترساندن بە دۆزەخ. لێرەدا چەند نموونەیەکی ئەو چمکانە دەخرێنە روو. کە لە دوو ڕووەوە، دەرگا ئاوەڵا دەبێ.
یەکەم: پەردە لەسەر کەسایەتی نووسەری قورئان هەدەداتەوە.
دووەم: زمانی دەربڕینی قورئان کە هەر زوو معتەزیلەکان دەیانگوت ئەوە زمانی خودا نییە.

## ئەبو لەهەب و سورەتی المسد

ئەبو لەهەب ناوی عبدالعزي بن عبدالمطلب مامی محمد بووە ( ٥٤٩ – ٦٢٤ س.ب) زڕبرای عبداللّٰهی باوکی محمد بووە. لە ناوخەڵکی بە ئەبو عەتەبە ناسرابوو. لەبەر ئەوەی کوڕی گەورەی ناوی عەتەبە بوو.

ئەبو لەهەب گاڵتەی بە بانگهێژی محمد دەهات. کەسێکی هوشیار بوو. هەروەک أمية بن أبي سلط و ئەبی طاڵبی مامی محمد باوەڕی بە کەسایەتی محمد نەبوو. ئەوەی جیاوازی ئەبو لەهەب لەگەڵ ئەوانیتر، ئەوەبوو کە ئەبو لەهەب بە ئاشکرا دەیگوت تۆ ڕاست ناکەی و

پەیامێکی خودایيت پێنییە. ئەو گۆتەیە لە أمية بن أبي سلطیش دەگێڕنەوە کە گوتوویەتی: باوەڕم بە خودا هەیە، بەڵام شتێکم بەرامبەر محمد لە دڵدایە.
واتە لە پەیامەکەی بە گومانم.

چیرۆکی ئەبو لەهەب و محمد، وا دەستی پێکرد. ڕۆژێک محمد ڕۆیشتە دەرەوە بە تەپۆلکەی سەفا هەڵگەڕا، و بانگی کرد: ئەی بەرەبەیان، بۆیە قورەیش لەدەوری کۆبوونەوە. گوتی: ئەگەر پێتان بڵێم، دوژمن بەرەبەیانی یان ئێوارە بەسەرتان دادەدا، باوەڕم پێ دەکەن؟ گوتیان بەڵێ، گوتی: من ئاگادارکەرەوەم بۆ ئێوە لە دەستی سزایەکی سەختدا، پاشان ئەبولەهاب وتی: هەی داوەشێی. تەنیا بۆ ئەوە ئێمەت لێرە کۆکردۆتەوە؟
لە گێڕانەوەیەکتردا دەڵێ: هەسا و دەستی لەقاند و گوتی: دەک ئەو ڕۆژەت بە فیڕۆ بڕا، هەر بۆ ئەو ئێمەت کۆکردۆتەوە؟

القرآن الكريم – سورة المسد ١١١: ١ – ٥

> دەستەکانت بڕزێن ئەبو لەهەب، هەی داوەشێی (١) نە سامانی و نە ئەوەی دەستی کەوتووە، بە کەلکی دێن (٢) هەر ببینە، لە ئاگرێکی بەگوڕدا دەسووتێ (٣) ژنەکەشی بە کۆڵ دار هەڵدەگرێ (٤) پەتێکی سیرمەی دووبادی لەملدایە (٥)

موسوڵمانان ئەو سورەتە بە پەڕجووی قورئان دەژمێرن. لەبەر ئەوەی لە سورەتەکەدا دەڵێ هەر ببینە لە ئاگرێکی بەگوڕ دا دەسووتێ. تەنانەت هەندێ ڕاڤەکاران دەڵێن. ئەگەر تەنیا ئەبو لەهەب پەشیمان ببوایەوە. دینی ئیسلامی وەرگرتبا، وای لێ نەدەهات.
لێرەدا بەبێ ڕەچاوکردنی ئەوەی سوورەتەکە چی دەڵێ. با سەیرێکی دۆزەخ و بەهەشت بەگشتی بکەین. قورئان و ڕاڤەکارانی خۆیان دەڵێن پرسی بەهەشت و دۆزەخ دوای ڕۆژی

لێپرسینەوەیە (یوم الحساب). باشە هەر خۆیان دەڵێن ئەو ڕۆژە دوای کاولبوونی جیهانە. و ڕۆژی سەڵا دێ. ئەی کەوابێ چۆن زانرا ئەبو لەهەب لە دۆزەخە.

ڕاستی ئەو سوڕەتە و زۆربەی ئەوانیتریش، محمد دژی نەیارانی، بە شێوەی پەخشانە شیعر، بەناوی خودا نووسیویەتی.

## ڕەزاقوڕس دوای ئەوەش زۆڵ

القرآن الكريم – سورة القلم ٦٨: ١٣

ڕەزاقوڕس، دوای ئەوەش زۆڵێکە خۆی سوپاندووە (١٣)

ڕاڤەکارانی موسوڵمان لەسەر ئەو ئایەتە، بوونەتە دوو بەش بەشێکیان دەڵێن مەبەستی الأخنس بن شريقە، بەڵام زۆربەی هەرە زۆریان باوەڕیان وایە وەلید بن مغيرة بووە. هەرچەندە هەردووکیان زۆر دژایەتی پەیامبەریان کردووە.

هۆکاری، کە زۆربەی ڕاڤەکاران باوەڕیان وایە ولید بن مغيرة بووە، دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی پێشنیازی بۆ محمد کردووبوو، و پەیمانی ماڵ و سامانێکی زۆری پێدابوو، ئەگەر لەو دینە پەشیمان ببێتەوە. [309]

[309] القرطبي، تفسير لأحكام القرآن، الجلد الطامن عشر، ص ٢٠٣

لەو ئایەتە نووسەری قورئان هێرش دەکاتە سەر ولید کوڕی مغیرة باوکی خالد کوڕی وەلید، و سووکایەتی پێدەکا.

دایکی گوتی: باوکت توانای جووتبوونی نەبوو، و منداڵی نەدەبوو. لەوە دەترسام، ئەگەر بمرێ گشت سامانەکەی بۆ کەسێکیتر بێ. ئەوە بوو بانگی شوانێکم کرد. و لەگەڵی جووتبووم. و تۆ کوڕی ئەو شوانەی.

ئەوەی جێگەی هەڵوێستەکردنە، لەو ئایەتە محمد دەربارەی زۆڵ چەندین فەرموودەی هەن. کە دەکرێ سێ لەوانە وەک نموونە پیشانبدرێن:

یەکەم: منداڵی زینا و منداڵەکەی منداڵی منداڵەکەی ناچنە بەهەشت.
ئەو فەرموودەیە خالید کوڕی وەلید بێنە بەرچاوت. کە بەڕاستی کوڕ و نەوەی زینا بووە

دووەم: ئەو کاتە نەتەوەکەم چاک دەبێ، کە زینا تیایدا بڵاونەبێتەوە. هەرکە منداڵی زینا زۆربوون، خودا گشت سزایەکیان بەسەر دا دەبارێنێ. ئەوەش سەرچاوەیە بۆ مەلا محمد مەلا فایەق کە دەڵێ: بوومەلەرزە لە هەر شوێنێک بدا، واتە زینا زۆرە لەو شوێنە.
سێیەم: منداڵی زینا لە ڕۆژی سەڵا، لە شێوەی مەیموون و بەراز لێپرسینەوەیان لێدەکرێ.[310]

[310] إمام الثعلبي. تفسير الكشف و البيان، الجزء العاشر ص ١٤، القرطبي، تفسير لأحكام القرآن الجلد الثامن عشر، ص ٢٤٣

# لەیەکچواندنی مرۆڤ بە سەگ

کولتووری ژینگە بنەڕەتی گشت ئاکار و ڕەفتارەکانی مرۆڤە. لە کولتووری نەساڕی دواتریش لە ناو کۆمەڵی دوورگەی عەرەبی، سەگ سەرڕای بەوەفایی و زیرەکی و توانایک کارکردنی لە هەڵومەرجە جیاجیاکاندا، لەگەڵ ئەوەش بە بوونەوەرێکی پیس دادەنرێ. کاتی ئایەتێکی قورئان مرۆڤ بە سەک دەچوێنێ، بەڵگەی ئەوە دەداتە دەست، کە نەیتوانیووە، لە سنووری ئەو ژینگەیە دەربچی، کە نووسەری قورئان تێیدا گەشەیکردووە. و پێی پەروەردەکراوە.

القرآن الكريم – سورة الأعراف ٧: ١٧٦

> ئەگەر بمانویستایە، بەو ئایەتە پلەبەرزمان دەکرد. بەڵام ئەو هەر خۆی لە زەوی گیرکرد. و دوای ئارەزووەکانی خۆی کەوت. ئەو کەسە وەک ئەو سەگە وایە بۆی بچی زمانی دەردێنێ، وازیشی لێبێنی هەر زمانی دەردێنێ. ئەوە نموونەی ئەو کەسانەیە، کە نکۆڵیان لە ئایەتەکانی ئێمە دەکرد. تۆ لەو چیرۆکانەیان بۆ بگێڕەوە، بەڵکوو بیرکەنەوە (١٧٦)

ئەو ئایەتە هەرچەندە ناوی کەس نایەنێ، بەڵام دەبێ نووسەری قورئان ڕووی توانجی لە کەسێک بووبێ، الطبری لە أبو جعفر دەگێڕێتەوە، کە گوتوویەتی: مانای وایە کەسێک چ ئامۆژگاری بکەی یان نەکەی، وەک یەک وایە. ئەو کەسە واز لە ڕێگای خۆی ناهێنێ. بەرفەرمانی پەروەردگار نابێ. [311] کە هەم زانا بووبێ و هەمیش دیندارێکی یەکتا پەرست

[311] الطبري. جامع البيان جزء العاشر ص ٥٨٨

بووبێ. کە گوێی بۆ محمد و ئایەتەکانی نەگرتبێ. ئەو جۆرە کەسانەش لە دەوری پەیامبەر زۆر، بەتایبەتی لە مەککە زۆر بووین. بۆ نموونە أبی طالبی مامی، و قەشە وەرەقە، أمیة بن أبی سلط و أبی عامر. سورەتی الأعرافیش هەر لە مەککە و زوو هاتووە. لە تەفسیری المنار دا هاتووە، کە محمد خۆی گوتوویەتی: نموونەی بلعام بن باعوراء لە بەنی ئیسرائیل، وەک أمیة بن أبی سلط لە نەتەوەی ئێمە.[312]

بەلعام بن باعوراء کاهن بووە، لە تەورات پەرتووکی ژمارە دەقی ٢٢، باسی چیرۆکی ئەو کاهنە دەکا. بەپێی سەرچاوەکانی یەهودی بەلعام، نەبی بووە، بەڵام لە بەنی ئیسرائیل نەبووە. کاتی بەنی ئیسرائیل لەگەڵ موسا لە میسر دەگەرێنەوە، خەڵکی ناوچەکە دەچنە لای و داوای یارمەتی لێ دەکەن. و بەلعامیش گفتوگۆ لەگەڵ خودا دەکا. بۆ باشتر لە چیرۆکەکە تێگەیشتن وا دەقی تەورات لە خوارەوە دادەنرێ.

دەقی چیرۆکی بە لعام لە تەورات

پەیمانی کۆن پەرتووکی ژمێرە ٢٢: ١ - ٤١

بالاق بانگی بەلعام دەکات

(١) ئینجا نەوەی ئیسرائیل کۆچیان کرد و لە دەشتاییەکانی مۆئاب لەلای کەناری ڕووباری ئوردون بەرامبەر ئەریحا چادریان هەڵدا.

(٢) کاتێک بالاقی کوڕی چیپور هەموو ئەو شتانەی بینی کە ئیسرائیل بە ئەمورییەکانی کرد، (٣) مۆئاب لە گەلەکە تۆقی، چونکە زۆر بوون، مۆئاب بەهۆی نەوەی ئیسرائیل ترسی لێ نیشت.

---

[312] الشیخ محمد عبدة (١٩٤٧) تفسیر المنار. تفسیر سورة الأعراف، جلد ٨

(٤) مۆئابییەکان بە پیرەکانی میدیانیان گوت: ئێستا ئەم ئاپۆرەی خەڵکە هەموو چواردەورمان دەلێسنەوە وەک چۆن گا سەوزایی کێڵگە دەلێسێتەوە. لەو سەردەمە بالاقی کوڕی چیپور پاشای مۆئاب بوو .(٥) چەند نێردراوێکی بۆ لای بەلعامی کوڕی بەعۆر نارد بۆ پەتور کە نزیک ڕووباری فوراتە لە خاکی نەوەی گەلەکەی، بۆ ئەوەی بانگی بکات و بڵێت:

وا گەلێک لە میسر هاتووە و ڕووی زەوی داپۆشیوە و لەتەنیشتم نیشتەجێیە. (٦) ئێستاش وەرە و نەفرەت لەم گەلە بکە بۆم، چونکە لە من مەزنترن. بەڵکو بتوانم بیانشکێنم و لە خاکەکە دەریانکەم، چونکە زانیومە ئەوەی داوای بڕشتی بۆ بکەیت، بڕشتدار کراوە. و ئەوەی نەفرەتی لێ بکەیت نەفرەت لێکراوە.

(٧) پیرانی مۆئاب و پیرانی میدیان بە کرێی فاڵگرتنەوە بەڕێکەوتن و هاتنە لای بەلعام و بە وتەکانی بالاق لەگەڵیدا دوان.

(٨) ئەویش پێی گوتن: ئەمشەو لێرە بمێننەوە، یەزدان چیم پێ بڵێت، ئاوا وەڵامتان دەدەمەوە. ئینجا پیاوە گەورەکانی مۆئاب لەلای بەلعام مانەوە.

(٩) ئەوسا خودا هاتە لای بەلعام و فەرمووی: ئەو پیاوانە کێنە، لەلاتن؟

(١٠) بەلعامیش بە خودای گوت: بالاقی کوڕی چیپوری پاشای مۆئاب بەدوامدا ناردوویەتی و دەڵێت، (١١) ئەو گەلەی لە میسرەوە هاتووە ڕووی زەوی داپۆشیوە. ئێستا وەرە و نەفرەتیان لێ بکە بۆم، هەتا بتوانم لەگەڵیاندا بجەنگم و دەریانبکەم.

(١٢) بەڵام خودا بە بەلعامی فەرموو: لەگەڵیاندا مەڕۆ و نەفرەت لە گەلەکە مەکە، چونکە گەلێکی بە بڕشتن.

(١٣) بەلعام بەیانی هەستا و بە پیاوە گەورەکانی بالاقی گوت: بۆ خاکەکەتان بگەڕێنەوە، چونکە خودا ڕازی نەبوو، ڕێم بدات لەگەڵتان بێم.
(١٤) پیاوە گەورەکانی مۆئابیش هەستان و هاتنە لای بالاق و گوتیان: بەلعام ڕازی نەبوو لەگەڵماندا بێت.
(١٥) ئینجا بالاق دووبارە پیاوی گەورەی زۆرتر و بەڕێزتری لەوانەی پێشووتر نارد .(١٦) ئەوانیش هاتنە لای بەلعام و پێیان گوت:
بالاقی کوڕی چیپور ئاوا دەڵێت: با هیچ شتێک ڕێت لێ نەگرێت بێیت بۆ لام، (١٧) چونکە پاداشتێکی گەورەت دەکەم، ئەوەی پێم بڵێی دەیکەم، ئێستا وەرە و نەفرەت لەم گەلە بکە بۆم.
(١٨) بەڵام بەلعام وەڵامی دایەوە و بە خزمەتکارانی بالاقی گوت: ئەگەر بالاق بە پڕی کۆشکەکەی زێڕ و زیوم پێبدات، ناتوانم لە فەرمانی خودای پەروەردگارم دەربچم، بۆ ئەوەی شتێکی بچووک یان گەورە بکەم .(١٩) ئێوەش ئێستا ئەمشەو لێرە بمێننەوە، هەتا بزانم خودا ئەم جارە چیم پێ دەڵێت.
(٢٠) خودا لە شەودا هاتە لای بەلعام و پێی فەرموو: لەبەر ئەوەی ئەو پیاوانە هاتوون هەتا بانگت بکەن، هەستە و لەگەڵیاندا بڕۆ، بەڵام تەنها ئەو قسەیەی کە من پێت دەڵێم ئەوە دەکەیت.

ماکەری بەلعام

(٢١) بەلعامیش بەیانی هەستا و ماکەرەکەی کورتان کرد و لەگەڵ پیاوە گەورەکانی مۆئاب بەڕێکەوت .(٢٢) بەڵام کاتێک بەڕێکەوت تووڕەیی خودا جۆشا، ئینجا فریشتەی خودا لەسەر ڕێگا بۆی وەستا، هەتا بەربەرەکانێی بکات. لەو کاتەی بەلعام سواری ماکەرەکەی ببوو، و هەردوو

خزمەتکارەکەشی لەگەڵی بوون .(٢٣) کە ماکەرەکە فریشتەی یەزدانی بینی لەسەر ڕێگاکە وەستاوە، و شمشێرەکەی هەڵکێشاوە و بە دەستیەوەیە، ماکەرەکە لە ڕێگاکە لایدا و دایەوە ناو کێڵگە، بەلعامیش لە ماکەرەکەی دا هەتا بیگەڕێنێتەوە سەر ڕێگاکە.

(٢٤) ئینجا فریشتەی خودا لە ڕێچکەیەکی باریکدا لەنێوان دوو ڕەزدا وەستا کە لەملا و ئەولا دیواری هەبوو، (٢٥) کاتێک ماکەرەکە فریشتەی یەزدانی بینی ملی دا بە دیوارەکە و پێی بەلعام بەر دیوارەکە کەوت. ئینجا دیسان لە ماکەرەکەی دایەوە.

(٢٦) دواتر فریشتەی خودا، پێشیان کەوتەوە. و لە شوێنێکی تەنگەبەر وەستا. کە هیچ ڕێگا نەبوو بۆ سوڕانەوە، نە بەلای ڕاست و نە بەلای چەپدا .(٢٧) کە ماکەرەکە فریشتەی خودای بینی، لەژێر بەلعامدا خۆی کێشایەوە، تووڕەیی بەلعام جۆشا و بە گۆچانەکەی لە ماکەرەکەی دا، (٢٨) ئینجا خودا دەمی ماکەرەکەی کردەوە و بە بەلعامی گوت: چیم لێکردوویت؟ بۆچی هەتا ئێستا سێ جار لێت دام؟

(٢٩) بەلعامیش بە ماکەرەکەی گوت: چونکە سووکایەتیم پێ دەکەیت، ئەگەر شمشێرم لە دەست بووایە ئێستا دەمکوشتیت.

(٣٠) ماکەرەکەش بە بەلعامی گوت: باشە من ماکەرەکەی تۆ نیم کە لەو کاتەوەی هەی سوارم دەبیت هەتا ئەمڕۆ، ئایا من لێڕاهاتووم وات لێ بکەم. ئەویش گوتی: نا.

(٣١) ئینجا خودا چاوی بەلعامی کردەوە و فریشتەی یەزدانی بینی لەسەر ڕێگاکە وەستاوە. و شمشێری هەڵکێشاوە. و بە دەستیەوەیە، جا بەسەر ڕوویدا کەوت و کڕنۆشی برد.

(٣٢) فریشتەی خوداش پێی فەرموو: بۆچی هەتا ئێستا سێ جار لە ماکەرەکەی خۆتت داوە؟ ئەوەتا من بۆ بەربەرەکانێت هاتووم، چونکە لەبەرچاوی من ڕێگاکەت لاساریکردنە .(٣٣) ماکەرەکە منی بینی هەتا ئێستا سێ جار لە بەرامبەرم خۆی لادا، ئەگەر لە بەرامبەرم خۆی لانەدەدا، ئێستا من تۆم دەکوشت و ئەوم دەهێشتەوە.

(٣٤) بەلعام بە فریشتەی خودای گوت: گوناهم کرد، من نەمزانی کە تۆ بوویت ئەوەی لەسەر ڕێگا لەپێشم وەستاویت بۆ بەربەرەکانێم، ئێستاش ئەگەر پێت ناخۆشە من دەگەڕێمەوە.

(٣٥) فریشتەی خودا بە بەلعامی فەرموو: لەگەڵ پیاوەکاندا بڕۆ، بەڵام تەنها ئەو قسەیەی کە من پێت دەڵێم ئەوە دەکەیت. ئیتر بەلعام لەگەڵ پیاوە گەورەکانی بالاق بەڕێکەوت.

(٣٦) کاتێک بالاق بیستی کە بەلعام هاتووە، چوو بۆ پێشوازیکردنی بۆ ئەو شارۆچکەیەی مۆئاب کە لەسەر سنووری ئەرنۆنە، لەوپەڕی خاکەکەی .(٣٧) بالاق بە بەلعامی گوت: ئایا بەدوای تۆمدا نەنارد، هەتا بانگت بکەم، ئیتر بۆ نەهاتی؟ ئایا بەڕاستی من ناتوانم پاداشتت بکەم؟

(٣٨) بەلعامیش بە بالاقی گوت: ئەوەتا ئێستا هاتم بۆ لات، ئایا ئێستا هیچ توانایەکم هەیە کە خۆم شتێک بڵێم؟ ئەو ووشەیەی خودا دەیخاتە دەمم ئەوە دەڵێم. (٣٩) بەلعام و بالاق بەڕێکەوتن و هاتنە قیریەت حوچۆت، (٤٠) ئینجا بالاق مەڕ و مانگای سەربڕی و بەدوای بەلعام و ئەو پیاوە گەورانەی نارد کە لەگەڵی بوون .(٤١) بۆ بەیانی بالاق بەلعامی بردە سەرەوە بۆ بامۆت بەعل و لەوێوە ئەوپەڕی گەلی بینی.

بە ڕەچاوکردنی ئەوەی سوڕەتی الأعراف سووڕەتێکی مەکییە. و قوڕئانی مەککەش کۆپیەکی ئینجیلی مەتی عیبرانیە. بۆیە شتێکی سەیر نییە، بۆ گشت نموونە و پەندوەرگرتن لە ڕووداوەکان یەکسەر دەگەڕێتەوە بۆ پەیمانی کۆن. بەتایبەتی تەورات، و چیرۆکەکانی. ئەوەشمان لە بیر نەچێ کە محمد خۆی، لە هەردوو پشتەوە یەهودی نەساڕی بووە. و لە هەمانکاتدا لەژێر چاوەدێری و پەروەردەی قەشە وەڕەقە بن نوفل دابوو.

## دەنگی هەرە ناخۆش وەک دەنگی کەر وایە

القرآن الكريم – سورة لقمان ٣١: ١٩

> بە شێنەیی بڕۆ، بە دەنگی نزم بدوێ، چونکە دەنگی هەرە ناخۆش وەک دەنگی کەر وایە (١٩)

بە پێی ڕاڤەی ڕاڤەکارانی موسوڵمان ئەو ئایەتە، مەبەستی ئامۆژگارییە، بۆ ئەوەی مرۆڤ بە لەسەرخۆیی و دەنگی نزم بدوێ، کە نیشانەی ئارامی و ڕێزگرتنە. کەچی القرطبي لە لایەکیتر دەڵێ:

> کەر نموونەی بوختان و سووکایەتییە. و هەروەها بە زەڕەی ناوی دەبەن. و ئەوانەی لە بێزاری دەیانەوێ باسی شتێک بکەن. بێ ئەوەی ڕوونی بکەنەوە، تەنیا دەڵێن: کەره[313].

[313] القرطبي (٢٠٠١) جامع الأحكام القرآن تفسير القرطبي، تحقيق عبدالرزاق المهدي. دار الكتاب العربي بيروت، لبنان. الجزء ١٤ ص ٦٧ ، السيوطي (٢٠١١) الدر المنثور في تفسير المأثور. بإشراف دار الفكر بيروت لبنان. الجزء السادس ص ٥٢٤

به ووردبوونەوەیەک، بۆمان دەردەکەوێ، کە ئەو ئایەتە لە بنەڕەتدا لە دەستنووسێکی سریانی ئارامیەوە هاتووە. و یەکێکە لە ئامۆژگاریەکانی ئەحیقار بۆ کوڕەکەی.

کوڕەکەم، سەرت داخە، و دەنگت نزمکە، و چاوێک بە خوارەوە دابگێڕە.
چونکە ئەگەر مرۆڤ بیتوانیایە بەدەنگی بەرز خانوێک دروستبکا، ئەوە کەر دەیتوانی لە ڕۆژێکدا، دوو خانوو دروست بکا.[314]

ئەوەی جێگای سەرنجە، دەقی بنەڕەتی أحیقار، دوورە لە بێڕێزی و ئامۆژگارییەکە، کە دەکرێ سوودی لێ وەربگیرێ. بەڵام نووسەری قورئان نەیتوانیووە. چ لە ڕووی ڕەوانبێژییەوە، چ لە ڕووی پەندێکی ئامۆژگاری ڕەچاوی ئەوە بکا. کە بۆ نەتەوەیەک قسەدەکا. و ئاستی بەهای مرۆڤ بوون نایەڵێتەوە.

ئەحیقار یان لە قورئان و کولتووری ئیسلام بە لوقمان ناو دەبرێ، فەیەلەسوفێکی ئارامی بووە، لە ساڵانی ٧٠٠ پ.س ب ژیاوە. و وەزیری سەنحاریب (٧٠٤ – ٦٨١ پ.س.ب) بووە. ئەو پەندانەی وەک ئامۆژگارییەک بۆ کوڕەکەی نووسیوون.

لە ناو کەلەپووری ئیسلام و عەرەب دا. پێیان وایە لوقمان دانایەک بووە، وگشت پەندەکانی أحیقار بەناوی لوقمانەوە، بڵاون. إبن کثیر دەڵێ ناوی لوقمان بن عنقا بن سدون بووە.[315]

کەچی القرطبي دەڵێ ناوی لقمان بن باعوراء بن ناحور بن تارح بووە. لە قورئان بە (أزر) ناوی هاتووە، کە باوکی ئیبراهیم بووە.

---

[314] الأب سهیل قاشا. حکمة أحیقار و أثرها فی الکتاب المقدس
Encyclopedia Britannica, The story of Ahikar
[315] ابن کثیر، تفسیر ابن کثیر، الطبعة الحلبي و شرکاه. ج٣، ص ٤٤٤

قرطبی هەروەها دەڵێ، کەر لە ديندا بۆتە ئامانجی سووکایەتی و زەمکردن. بێجگە لەوەی کەر بە دەبەنگ و بێ مێشک، بە خراپەکار و نیشانەکانی شەيتانيش دادەنرێ. قرطبي لە تەفسیرەکەی، ئاماژە بە حەدیسێکی پەیامبەر دەکا، کە دەڵێ: [316]

ئەگەر گوێتان لە قووقەی کەلەشێر بوو، داوای بڕشت لە خودا بکەن، لەبەر ئەوەی فریشتەی دیووە. و ئەگەر گوێتان لە زەڕەی کەر بوو پەنا بۆ خودا بەرن، چونکە شەیتانی بینیووە.

القرآن الكريم – سورة الأعراف ٧: ١٧٩

ئێمە زۆر لە جنۆکە و مرۆڤمان بۆ دۆزەخ درووستکردووە، ئەوانە دڵێکیان هەیە پێ تێناگەن. چاویشیان هەیە بەڵام پێی نابینن، گوێشیان هەیە بەڵام پێی نابیستن. ئەوانە وەک ئاژەڵ وان. بەڵکوو لە ئاژەڵیش گومڕاترن. و بێ ئاگان (١٧٩)

ئەو ئایەتە لەگەڵ ئایەتی ١٧٦ ئەو سوڕەتە، بەڵگەن بۆ ئەوەی نووسەری قورئان پابەندی کولتووری گەلێری عەرەبی دوورگەیە، و تەنانەت زمانی دەربڕینیشی نەیتوانیوە، لە چوارچێوەی ئەو کلتوورە دەربچێ. بۆیە ناحەزانی بە سەگ و ئاژەڵ دەچوێنێ. هیچ بەهایەکی مرۆڤبوون بە ئەوانە نادا، کە لەگەڵ باوەڕی ئەو جیاوازن.

تەنانەت نەیتوانیوە لە باری زانستی لێی دەربچێ و وادەزانێ مرۆڤ بە دڵ بیردەکاتەوە. (دڵێکیان هەیە، پێی بیرناکەنەوە). بۆیە دەبێ بیر کەینەوە، ئەگەر قورئان پەرتووکی خودابێ،

[316] القرطبي. جامع الأحكام القرآن للقرطبي، ج٤ ص ٢٥٩ دار الكتاب العربي. للطباعة و النشر، ١٩٦٧

خوداش خۆی مرۆڤت دروستکردبێ، دەبوایە بزانێ مێشک بیر دەکاتەوە، نەک دڵ. ئەوانە بۆ دۆزەخ دروستکراون. و جەستەیان هی مرۆڤە و گیانیان هی شەیتانە.[317]

## نێردەی نەجران و زێدەڕۆیی

النساء ٤: ١٧١

ئەی أهل الكتاب، زێدەڕۆیی لە دینی خوتاندا مەکەن (١٧١)

زۆر کەس وا تێدەگا ئەو ئایەتە دژی کریستیانەکان نووسراوە، بەڵام لە ڕاستیدا محمد دوور یا نزیک، کریستیانەکانی نەدەناسین، هیچ زانیاری لە سەریان نەبوو. بەڵکوو ئەو ئایەتە لەسەر نێردەی نەجران هاتووە. کە ساڵێک بەر لە مردنی محمد لە مەدینە سەردانیانکرد. مەبەستیان لەو سەردانە دەربڕینی لایەنگیری سیاسی بوو بۆ دەوڵەتە نوێکەی محمد، بەرامبەر پارێزگاری و ئارامیان.

لە ماوەی سەردانەکە باسی خودایی یەسو (عیسا)، کوڕی خودایی کرا. ئەو دیالۆگانەش لە قورئانی مەدینە لە سوورەتی آل عمران ٣: ٣٣ – ٦٤ و سورەتی النساء ٤: ١٧٠ – ١٧٢ هەروەها لە سورەتی المائدة ٥: ٧٥ – ٨٠ و ١١٢ – ١٢٢ دا هاتوون.

ئەو نێردەیە سەر بە ڕێبازی یاقوبی (یعقوب البرادعی) بوون، کە لە لایەن کاتۆلیکەکان، لە کۆنفرانسی خلقیدون لە ٤٥١، بە گومرا دادەنران. لە کەنیسەی کاتۆلیک وەدەرنران،

[317] السیوطی الدر المنثور الجزء الثالث ص ١٦٢ - ١٦٣

کەوتنە بەر ڕاونانی کەنیسە و دەستەڵاتی ڕۆم. بۆیە لەگەڵ لایەنگیرانی، ڕایان کردە بیابانی ناوەڕاستی میسر. دواییماوەیەک هەندێکیان بەرەوە یەمەن، و ئەوانیتر بەرەو دەستەڵاتی ساسانیەکان بە ناوی نەستۆری گیرسانەوە. هەندێکی کەمیشیان لە مەدینە دەژیان. لەبەر ئەوەی باوەڕیان بەیەک سرووشتی کریست هەبوو. کە یەسو، خودایە لە بەرگی مرۆڤ دابەزیووە.

ئەو ئایەتە دژی یاقوبیەکان هاتووە، کە لە ناوچەکانی نەجران لە یەمەن دەژیان. باوەڕیان وابوو یەسو کوڕی خودایە. یەک سرووشتیە. [318]

التوبة ٩: ٢٨

> ئەی باوەڕداران، موشریکەکان گلاون، دوای ئەمساڵ نەکەن لە مسجد الحرام نزیک ببنەوە (٢٨)

# بەلاڕێدابردنی مێژوو

آل عمران ٣: ٦٥

> ئەی خەڵکانی خاوەن پەرتووك، بۆ چی مشتومڕ لەسەر ئیبراهیم دەکەن، خۆ تەورات و ئینجیل دوای ئیبراهیم دابەزین، ئەرێ ئاقڵ نابن؟ (٦٥)

[318] الحريري، أبو موسى، قس و نبی ص ١١٣

السيوطي له ابن عباس دەگێڕێتەوە، کە گوتوویەتی: نەسارپەکانی نەجران و ئەحبارەکانی یەهودی لە لای پەیامبەر دەمەقاڵیان لەسەر ئەوە بوو، یەهودیەکان دەیانگوت ئیبراهیم یەهودیە. و نەساڕیەکانیش دەیانگوت ئیبراهیم نەساڕی بووە. بۆیە ئەو ئایەتە هات.

ناکۆکی ئەو قسەیەی ابن عباس لەوەدایە، هیچ یەک لە یەهودی و نەساڕیەکان ئەو گرنگیەیان بە محمد نەداوە، تا بچن دەمەقاڵی لەسەر ئیبراهیم لەلای ئەو بکەن. سەرەڕای ئەوەش. ئەو کاتەی ئەو ئایەتە دابەزی محمد دەمێک بوو خەریکی قڕکردنی یەهودیەکانی دوورگە بوو، تەنیا لەسەر ئەوەی دانیان بەوە دانەدەنا کە محمد نێردەی خودابێ. لایەنی دووەم نەساڕیەکانی نەجران، یەکەم نەساڕی نەبوون بەڵکوو کریستیانی یاقوبی بوون. ئەو گرووپە، هیچ ئاشنایەتی و نزیکایەتیەکیان لەگەڵ محمد نەبووە. بەڵکوو یەکەم جار ساڵێک بەر لە مردنی محمد واتە لە ساڵی ٦٣١ س.ب نێردەیەکیان ناردە لای محمد بۆ ئەوەی ئاشتەوایی بکەن، و سەروماڵیان پارێزراوبێ.

ئیتر ڕێگای تێناچێ دوو گرووپ هەردووکیان دژی محمد و دینەکەی بن، و لەگەڵ یەکتریش ناکۆک بن لە ژێر یەک چادر کۆببنەوە. و دەمەقاڵی لەسەر ئیبراهیم ڕەچەڵەکی بکەن.

سەرەڕای ئەوەش هیچ شوێنێکی پەرتووکی تەورات یان ئینجیل دا نەهاتووە، کە ئیبراهیم یەهودی یان کریستیان بووبێ. تەنانەت یەهودی خۆیان بە نەوەی یاقوب دەزانن. کە نازناوی ئیسرائیلی پێدرابوو. ئەوەش بەڵگەیە کە نووسەری قورئان وەک پێویستە، هیچ زانیاریەکی لەسەر پەرەسەندنی دینە ئیبراهیمیەکان نەبووە. ئەگینا دەبوایە بیزانیایە، دینی یەهودی زۆر دواتر لە سەر دەستی موسا دروستبوو. موساش لە ڕەچەڵەکی ئیبراهیم نەبوو. بەڵکوو کەسێکی سەر بە بنەماڵەی لێڤی بووە. ئەوەش لە تەورات - پەرتووکی دەرچوون بە درێژی باسیکراوە.

# ڕۆڵی یاوەرانی محمد لە قورئان

بە درێژایی سەردەمی مەدینە یاوەرانی بەرایی، موسوڵمان ڕۆڵێکی دیاریان لەسەر ناوەرۆکی قورئان هەبووە. ئەوەش چ لە ڕەخنەگرتنیان سەبارەت بە ئایەت یان ناوێک لە قورئان تا دەگاتە پێشنیازکردن بۆ ئایەتی نوێ لە هەڵومەرجێکی پێویستدا. کەسی هەرە دیار، بۆ پێشنیازکردنی ئایەتی قورئان عومەری کوڕی خەتاب بوو. کە لێرە باسیدەکەین.

## سەبارەت بە الرحمن لە قورئان

إبن ئیسحاق دەڵێ ئەو ئایەتە ئاماژەیە بۆ ئەو تۆمەتەی ناحەزانی محمد دەینکرد. و دەیانگوت ڕەحمان کەسێکی خەڵکی یەمامەیە. و ئێمە باوەڕمان پێی نییە ( ڕەحمان).[319]

القرآن الكريم – سورة الرعد ١٣: ٣٠

بەم جۆرە تۆمان نارد ناو میللەتە. کە بەر لەوانێش بۆ میللەتانی پێشوومان نارد، بۆ ئەوەی هەر شتێ لە ئێمە بە تۆ گەییوە، بۆیانی بخوێنیتەوە. لە

---

319 سيرة إبن إسحاق القاهرة ١٩٩٥، ص ٣١١

کاتێکدا ئەوان حاشا لە ڕەحمان دەکەن. بڵێ ئەو خودامە،  و بێجگە لەو هیچ خودایەکیتر نییە، تەنیا ئەو نەبێ. من خۆم بە ئەو سپاردووە. و هەر بۆ لای ئەویش دەگەڕێمەوە. (٣٠)

بە لێکدانەوەی سەرجەمی ڕاڤەکارانی موسوڵمان ئەو ئایەتە، لەسەر پەیمانی حودەیبیە هاتووە. بەلام جیاوزییەکی بچووک، لە نێوان هەندێکیان هەیە.
بۆ نوونە القرطبي لە جامع الأحكام و الطبري لە جامع البيان دا سەبارەت بە هاتنی ئەو ئایەتە دەڵێن:

کاتی دەیانەویست پەیمانەکە بنووسن. پەیامبەر، بە عەلی گوت: بنووسە بسم الله الرحمن الرحيم. سهيل کوڕی عەمر و ئەوانیتر گوتیان: ئێمە رحمن ناناسین، تەنیا رحمن یەمامە نەبێ. (مەبستیان خودای موسەیلمەی یەمامە بوو). و بنووسە (باسمک اللهم) خەڵکی سەردەمی بەر لە ئیسلام هەر وایان دەنووسی.  دوای ئەوە محمد بە عەلی گوت: بنووسە، ئەمە ئەوەیە، کە محمد پەیامبەری خودا پێکدێنێ.

قورەیشیەکان گوتیان: ئەگەر تۆ پەیامبەر بای، پێت وایە ئێمە شەڕمان لەگەڵ کردبای. یان بەرپەرچمان دابایەوە. و ستەممان لێ کردبای. تەنیا بنووسە محمد کوڕی عەبدوللە لەسەری پێکهاتووە. یاوەرانی پەیامبەر گوتیان: مۆڵەتمان بدە شەڕیان لەگەڵ بکەین.
پەیامبەر گوتی: نەخێر، ئەوە بنووسە، کە دەیانەوێ. دوای ئەوە ئەو ئایەتە هات.

کەچی إبن عباس گوتوویەتی: ئەو ئایەتە لەسەر ئەوە هاتووە، کاتی پەیامبەر، بە قورەیشیەکانی گوتووە: کڕنۆش بۆ رحمن بەرن. ئەوانیش گوتیان رحمن چییە؟  دوای ئەوە ئەو ئایەتە هاتووە.

بەڵام موقاتل و ابن جرير سەبارەت بە (وهم يكفرون بالرحمن) دەڵێن: ئەو ئایەتە لە پەیمانی حودەیبیەدا دابەزی. کاتێ دەیانویست پەیمانی حودەیبیە بنووسن. (باسمک اللهم) ، کە ئەهلی جاهلییە بەم شێوەیە دەیاننووسی؛ پاشان پێغەمبەر – صلعم بە عەلی فەرموو: بنووسە ئەوە محمد پێغەمبەری خودا، موشریکەکانی قورەیش گوتیان: ئەگەر تۆ پەیامبەری خودا بوویت، ئەوا ئێمە شەڕمان لەگەڵ نەدەکردی و بەرپەرچمان نەدەدایەوە ، ستەممان لێ نەدەکردی، بەڵام بنووسە: ئەمەیە کە محمد بن عەبدوڵلا لەگەڵیدا لەسەری رێکەوتووە. یاوەرانی پێغەمبەر - صلعم دەیانگوت: با شەڕیان لەگەڵ بکەین. پەیامبەر گوتی: نەخێر، با ئەوەی دەیانەوێ بینووسن.[320]

## ئەو ئایەتانەی بە پێشنیازی عومەر هاتوون

لە مێژووی ئیسلام عومەر ناوێکی ناسراوە، چ وەک خەلیفەی دووەم دوای مردنی محمد، و چ سەرکەوتنەکانی سوپای ئیسلام و دڕوندەیی لە داگیرکردنی وولاتان. بەڵام ئەوەی جێگای سەرنجە، سەرجەمی ڕاڤەکار و مێژوونووسانی موسوڵمان، هاوڕان لەسەر ئەوەی کە ئایەتەکانی قورئان ووشەی خودان. و بەر لە دروستبوونی جیهان، لە لەوحی مەحفوز نووسراون و پارێزراون.

دواتر هەنگاو بە هەنگاو، لە ڕێگای جوبرائیلەوە، بەپێی ڕووداو و پێویستی پەیام بۆ محمد نێردرابن. کەچی چەندین ئایەت بە پێشنیازی عومەر هاتوون.

---

[320] القرطبي له جامع الأحكام ج ٩ ص ٢٧٠ ، الطبري له جامع البيان ج ١٦، ص ٤٤٥

هەر بەپێی سەرچاوەکانی ئیسلام، و دانپێدانانی عومەر خۆی، دەبێ چەندین ئایەتی قورئان بە پێشنیازی عومەر کوڕی خەتاب هاتبن. گوتوویەتی پەروردگارم سێ پێشنیازی منی پەسندکردن[321]. کەچی هەندێکیتر دەڵێن. عومەر گوتوویەتی، پەروەردگارم چوار پێشنیازی منی پەسندکردن. کەچی بەپێی ژماردنیان دەبێ زیاتر بن. پرسیارەکە ئەوەیە، ئەگەر ئایەتەکانی قورئان لە (لوح الحفوظ) بن، و لەوەتەی گەردوون هەیە ئەوانیش لەوێ پارێزراوبووبن. ئەی چۆن توانرا دەستکاری بکرێن و ئایەتی تریان لێزیاد بکرێ؟ ئەوەش بەڵگەیە کە دەقی ئایەتەکانی قورئان. بە ئارەزووی موسوڵمانانی بەرایی هەڵاوگێڕیان پێکراوە.

## سەبارەت بە شەڕی بەدر و دیل ئازادکردن

لە شەڕی بەدر دیلی زۆر گیران. پێغەمبەر سەبارەت بە چارەنووسی ئەو دیلانە ڕاوێژی بە ابوبکر و عومەر و عەلی کرد. ابوبکر گوتی: پەیامبەری خودا، ئەوانە ئامۆزا و خزم و کەسوکاری خۆمانن، بەڕای من، بەرامبەر بە پارە ئازادیان بکەین، وە ئەو پارەیەش بۆ بەرگری دژی کافران، هێزدەداتە ئێمە. هەروەها ڕەنگ بێ خودا بۆ ئیسلام هیدایەتشیان بدا. ئەو کاتە بۆ ئێمە دەبنە پشت و پەنا.

پەیامبەر ڕووی لە عومەر کرد و گو تی، ئەی عومەر ڕای تۆ چییە؟ عومەر گوتی، سوێند بە خودا من لەگەڵ ئەبو بەکر نیم، پێم باشە لە ملیان بدەین، هەر کەسێك کە کەسێکی نزیکی خۆی هەیە لە دیلەکان با لە ملی بدا، من لە ملی خزمێکی خۆم و علی لە ملی خزمێکی خۆی

---

321 تفسیر القرطبي، جامع لأحكام القرأن، الجزء الثانی، ص ١١١

و هەمزە لە ملی خزمێکی خۆی، وە بەم شێوەیە، بۆ ئەوەی خودا بزانێ، بەرامبەر کافران دڵمان ڕەقە.[322]

ئەوەبوو پێغەمبەر بۆچوونەکەی ئەبو بەکری لا پەسند بوو. و پارەی لە دیلەکان وەرگرت و ئازادی کردن. بەیانی ڕۆژی دواتر، بە هۆی ئەوەی پەیامبەر پارەی لە دیلەکان بەرامبەر ئازاد کردنیان وەرگرتبوو، ئایەتێک هات:

ورەتی الأنفال ٨: ٦٧

> بۆ هیچ نەبیەک نەبووە، دیلی هەبن. مەگەر کاتێک لەسەر زەوی بوویێتە دەستەڵاتدار. دەتانەوێ ماڵی دونیاتان دەست کەوێ. خوداش پاشەڕۆژی دەوێ. خودا دەستەڵاتدار و دلۆڤانە (٦٧) ئەگەر خودا پێشتر، نەینووسیبایە، لەوەی دەستانکەوتووە، بە دڵنیاییەوە سزایەکی گەورەتان وەردەگرت (٦٨)

القرطبي لە الجامع لاحكام القران دەڵێت: ئەم ئایەتە وەك لۆمەکردنی خودا لە پەیامبەر هات. ماناکەشی ڕوونە کە خودای ئیسلام بە دیل ڕازی نابێ، تەنیا لەملدان و خوێن ڕشتن نەبێ. دەبوایە گشتیان بکوشتبان، چۆن النضر بن الحارث و عقبة بن ابي المعيطيان کوشتن.[323]

بۆ ئەو ئایەتە لێکدانەوەیەکیتریش هەیە. گریمانەی ئەوە دەکرێ، دوای ڕەتکردنەوەی پێشنیازەکەی عومەر، محمد ترسابێ، سیاسەتێکیتری بەکارهێنابێ، پارەکەی وەرگرت،

---

[322] تفسى الطبري المجلد الحادي عشر، ص ٢٧٣. إبن كثير، تفسير القرآن العضيم المجلد السابع، ص ١١٩

[323] تفسير القرطبي، الجزء الثامن ص ٤٦

ئەوسا بەناوی خودا پێشنیازەکەی عومەری وەک ئایەت هێنا. و بە عومەری گوت تۆ ڕاست بوویت. خوداش لایەنگیری کردی. و ئێمە هەڵەبووین و دەبێ لەمەودوا فەرمانبەرداری بڕیاری خودابین.[324]

لەو هەڵومەرجەدا محمد دوو نیشانی پێکان، یەکەم هیچ قوڕەیشیەکی نەکوشت بێجگە لەوانەی خۆی بەدوایانەوە بوو. دووەم کولتوورێکی نوێی هێنا، ئاستی کوشتن و تۆقاندنی بەناوی خودا گەیاندە ئاستی هەرە بەرز. و عومەریش خۆی کردە خاوەنێ ئەو ئایەتە.

## ئایەتی سەبارەت بە چارشێو (حیجاب)

ئایەتێکیتر کە دەبێ لەسەر پێشنیازی عومەر هاتبێ. سەرەتای کۆچ بۆ مەدینە، ئایەتی چارشێو (حجاب) بوو. عومەر پێشنیازیکرد، بۆ ئەوەی ژنانی ئازاد لە کۆیلەکان جیابکرێنەوە. باشترە ژنە ئازادەکان خۆیان بە چارشێو داپۆشن (حیجاب بکەن). ئەوەش ئەنجامی ئەوە هات عومەر بە پەیامبەری گوت، خەڵکی چاک و خراپ دێنە ماڵت باشتر ژنەکانت خۆیان داپۆشن.[325] بۆ خۆیان باشە و خەلکیش لە خراپە بە دوور دەبێ. ئەم پێشنیازە بووە هۆی هاتنی ئایەتێکی تایبەتی، سەبارەت بە چارشێو. بۆ ژنانی ئازاد.

---

[324] علي محمد محمد الصلابي (٢٠٠٥) سيرة أمير المؤمنين عمر بن خطاب، رضي الله عنه. الطبعة الأولى مؤسسة إقرأ للنشر و لتوزيع و الترجمة. القاهرة. ص ٣٢

[325] في صحيح البخاری، عن أنس بن مالک الرقم ٤٧٩٠، هەروەها - فتاوی الشبكة الإسلامية ٢٠٠٩ جزء ٨، ص ٣٠٩

القرآن الكريم – سورة الأحزاب ٣٣: ٥٩

ئەی پەیامبەری خودا بە ژنەکانت، و کچەکانت و خێزانی باوەڕداران بڵێ. با خۆیان بە چارشێو داپۆشن. ئەوکارە باشتر دەبێتە هۆی ئەوەی بناسرێن. و ئازار نەدرێن. خودا لێبووردە و بە بەزەییە (٥٩)

## شوێنی وەستانی ئیبراهیم

ئایەتی سێیەم لەسەر شوێنی وەستانی ئیبراهیم بوو. عومەر پێشنیازی ئەوەبوو کە لە قورئان ناوی ببردرێ. (مقم إبراهیم مصلی) [326]

البقرة ٢: ١٢٥

دە ئێوەش شوێنی وەستانی ئیبراهیم بکەنە نوێژگە (١٢٥).

## بەبێ مۆڵەت نەچنە ماڵی پەیامبەر

دیارە عومەر شتێک سەخڵەتی کردووە. لەوەی خەڵکی کات و ناکات، سەریان لە ماڵی نەبی داوە. و سەردانەکانیشیان زیاد لە پێویست بووە. هەر ئەوەش وای لە عومەر کردووە. کە پێشنیازی ئەوە بکا بە ئایەتێک ئەو سەردانانە سنووردار بکرێن.

---

326 سعيد بن علي بن وهب القحطانی، إظهار الحق و الصواب فی حكم الحجاب و التبرج و السفور، والخلوة بالمرأة الأجنبية و سفرها بدون محرم و الاخلاص فی ضوء الكتاب السنة و أثار السلف الصالح. الرياض مطبعة سفير جزء الأول، ص ١٤٤- ١٤٥

الأحزاب ٣٣: ٥٣ – ٥٤

ئەی باوەڕداران، مەچنە ماڵەکانی پەیامبەر، مەگەر مۆڵەتتان، بۆ خواردن پێدرابێ. کە چووشن سەیری قاپەکان مەکەن. ئەو کاتەی بانگکران بڕۆنە ژوور. هەرکە خۆراکەکەتان خوارد، بڵاوەی لێبکەن. خۆتان بە قسەکردن خەریک مەکەن.  ئەو کارەتان پەیامبەر ئازاردەدا. و لە ئێوە شەرم دەکا. خۆ ئەو لە قسەی ڕاست شەرم ناکا. ئەگەر داوای شتێکتان لە ژنەکانی کرد. ئەوە لەپشت پەردەوە داوا بکەن. ئەو کارە بۆ دڵپاکی ئێوە و ئەوانیش باشترە. بۆ ئێوە نابێ پەیامبەری خودا ئازار بدەن. و هەرگیز لە دوای خۆی ژنەکانی نیکاح مەکەن. ئەو کارە لای خودا تاوانێکی مەزنە. (٥٣) ئەگەر شتێك ئاشکرابکەن، یان بیشارنەوە، خودا بە هەموو شتێك دەزانێ (٥٤)

## ژنانی نەبی نابێ جیاببنەوە

ئایەتی سەبارەت بە ژنانی نەبی، کە نابێ داوای جیابوونەوە بکەن [327]

سورة التحريم ٦٦: ٤ – ٥

[327] حامد بن علي بن إبراهيم العمادي (١٩٦٦) الدر المستطاب فى موافقات عمر بن خطاب و أبى بكر و علي أبي تراب و ترجمتهم مع عدة من الأصحاب. الطبعة الأولى. دار الكتب العلمية. بيروت، لبنان ص ٦٢ - ٦٣

ئەگەر هەردووکتان بگەڕێنەوە قاپی خودا، لەبەر ئەوەی دڵتان لە ڕەوایی لایداوە. ئەگەر لە دژی ئەو ( پەیامبەر) پشتی یەک بگرن. لەبەر ئەوەی ئەو خودای لەپشتە، هەروەها جوبرائیل و باوەڕدارانیش. دوای ئەوان فریشتەکانیش پیشتیوانی ئەون. (٤) دڵنیابن ئەگەر ئێوە تەڵاق بدا، پەروەردگاری لە جیاتی ئێوە، ژنانێکی باشتر لە ئێوەی دەداتێ. ژنانێک گەردنکەچ و باوەڕدار و بەرفەمان. خوداپەرستی ڕۆژووگر، لە بێوەژن و کچان (٥)

## سەبارەت بە نوێژنەکەر

عومەر سەبارەت بەوانەی نوێژناکەن پێشنیازی بۆ محمد کردووە، کە دەبوایە خودا سزایەکی گەورەی بۆ دانابان. خۆداش بە بەدەنگی پێشنیازەکەی عومەرەوە هات. و لە سورەتی توبة ئایەتێکی تایبەتی نارد. [328]

القرآن الكريم - سورة التوبة أية ٩: ٨٤

هەرکەسێکیشیان لێبمرێ، هەرگیز نەکەی نوێژیان لەسەر بکەی. و لەسەر گۆڕیان بوەستی. ئەوان حاشایان لە خودا و پەیامبەرەکەی کرد و بە گومڕایی مردن (٨٤)

---

[328] محمد حامد محمد (٢٠١٢) سيرة و مناقب عمر بن خطاب رضي الله عنه ص ٨٤

# ڕەوشتی یاوەرانی محمد وەک یاسا بوو

ڕەوشتی یاوەرانی محمد و بەتایبەتی ١٠ موژدە پێدراوەکان وەك دەقی یاسایی کاری پێدەکرا. بەڵگەی ئەوەش ئەو ئایەتەی سورەتی (توبة) یە.

سورة التوبة ٩: ١٠٠

> ئەوانەی یەکەمین کوچکردوەکان و لایەنگیرەکانیان و ئەوانەی بە باشترین ئارەزووەوە دوایان کەوتن، خودا لێیان ڕازییە و ئەوانیش لێی ڕازین، بەهەشتێکی بۆ ئامادە کردوون کە جۆباری بە بەردا تێدەپەڕێ و هەتاهەتایە تێیدا دەحاوێنەوە. ئەوەیە خەڵاتی مەزن (١٠٠)

هەر ئەوەش بوو. هەر لە سەرەتای ئیسلامەوە تخووبی ئەو چوار ژنە دەبەزێنن. بە مارەکردن و جیا بوونەوەی چەندین ژن. ئەوەش کولتوورێکی عەرەبی پێش ئیسلامە. سەرەڕای ئەوە کە ئیسلام هات. دیاریکرا کە ژمارەی ژنان چەند بن، بەڵام یاوەرانی بەرایی ڕەچاویان نەدەکرد و لەو ژمارەیە زیاتریان دەهێنان.

القرآن الكريم – سورة النساء ٤: ٣

> چەندی خۆتان پێتان باشبێ، پێتان دەشێ مارەیان کەن. دوو دوو بن، و سیان پێکەوە، و چواریش بن هەر ڕەوایە. (٣)

هەندێك ڕاڤەكارانی ئیسلام پێیان وایە بە چوار ناوەستێ، بەڵكو ئەوە ژمارەیەكە دەتوانن هەرچەند بێنن. هەرچەندە لە ڕێنمایی و ڕاڤەی ئەو ئایەتە باسی تەنیا چوار ژن دەكەن. كەچی بێجگە لە محمد خۆی چەندین یاوەری نزیكی، گەیاندوویەتیانە نۆ ژن. هەر ئەوەشە كە تا ئێستاش نەتوانرێ بەربەست بۆ ژنی زیاتر دابنرێ، كە موسوڵمانان ئەو سنوورە تێبپەڕێنن .[329]

ئەوەش بەو مانایە دێ نەریت و كولتووری عەرەبی باو لە ماوەی پێش ئیسلام، كاریگەری خۆی لەسەر دەقە پیرۆزەكان و ڕەوشتی موسوڵمانان بەجێ هێشت.[330]

## ناسخ و منسوخ لە قورئاندا

كێشەی نسخ لە قورئاندا دوو ڕووی دین پیشان دەدا. یەكەمیان ئەگەر قورئان لە لەوحی مەحفوز بووبێ، نابێ لێی بگۆردرێ و ووشەكانی، ووتەی خودان و هەتاهەتایین. ئەوەش بە پشتیوانی ئایەتی قورئان خۆی.

القرآن الكريم – سورة يونس ١٠: ٦٤
ووتەكانی خودا گۆڕانیان بەسەردا نایە (٦٤)

---

[329] عودة، د. عبدالقادر (١٩٨٤) التشريع الاسلامی ل ٥٤

[330] عبدالكريم، خليل، الجذور التاريخية للشرى ص ٤٢

دووەم بەڵگە، نیشان دەدا کە دەقەکانی قورئان بەپێی هەلومەرجی کۆمەڵایەتی دەگۆڕێن. بۆیە بەپێی پێویست ئایەت هاتووە، و ئایەتیتری نەسخکردووە. ئەوەش مەبەستی سەرەکی ئەو زاراوەیە. کە بە درێژایی مێژووی ١٤٠٠ ساڵی ڕابردوو، ڕاڤەکارانی موسوڵمانی سەرقاڵ کردووە.

القرآن الكريم – سورة النحل ١٦: ١٠١

هەرکاتێ ئایەتێک بە شوێنی ئایەتێکیتردا دەگۆڕینەوە، خوداش چاک دەزانێ چی دەنێرێ (١٠١)

بە بەراوردکردنێکی ئەو دوو ئایەتەی سەرەوە، کە هەردووکیان لە هەمان پەرتووک دان. لە هەمان کات دوو پەیامی دژبەیەکن. ئەو دوو ئایەتە نموونەن لەسەر دوو فاقەیی پەیامی نووسەری قورئان، کە بەپێی بەرژەوەندی کات و هەلومەرج ئایەتەکان، بە ئارەزووی خۆی ئایەتێک نەسخ دەکا. و ئایەتی تری لە شوێن دادەنێ. ئەو دووفاقەییەش ڕەنگدانەوەیەکی قووڵی، لەسەر ئاکار و کرداری موسوڵمانان هەیە. لەلایەک هاموارکردن و گۆڕینی ئایەتەکان بە ئایەتی نوێ، و لەلایەکیتر ووتەی خودان و ناگۆڕێن و لە لەوحی مەحفوز جێگیرن.

ئەگەر بە ووردی بەدواداچوون لەسەر ئایەتەکانی قورئان بکەین، بۆمان دەردەکەوێ کە کاریگەری ژینگەی کۆمەڵایەتی بە ڕوونی لەسەر دیارە. بە مانایەکیتر، قورئان ڕەنگدانەوەی پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکانی ڕۆژانەی، ئەو ژینگەیەن کە قورئانی تێدا نووسراوەتەوە.

کاریگەری کەسانی بەهێز، توانیویەتی ئایەتەکانی قورئان بەو لایەنەدا ببا، کە لەگەڵ بۆچوونی ئەوان دەگونجێن. ئەو کاریگەرییەش لە چەند بوارێک بەڕوونی دەردەکەون. کە دەتوانرێ، ببنە بنەڕەت بۆ لێتۆژینەوەیەکی قووڵتر و ووردتر. بۆ نموونە ئەگەر بیر لە هاتنی چەندین ئایەت لەسەر پێشنیازی عومەر بکرێتەوە، یان کێشەی زەید و زەینەب لەگەڵ

محمد. هەروەها ناكۆكی نێوان محمد و أبی لەهەب، تا دەگاتە پاكانەی داوێن پاكی عائیشە. گشت ئەوانە گەواهین بۆ ئەوەی، ژینگەی نووسینەوەی قورئان كاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر دەقەكانی هەبووە.

ناكۆكی لەسەر ناسخ و منسوخ لەنێوان ڕای ڕاڤەكارانی موسولمان دا هەیە.
لە ناو ڕاڤەكاران هەن، گشت ئەو ئایەتانەی لێیان تێنەدەگەیشتن ، یان لە نێوان خۆیان یەكڕانەبوون یا ناكۆک بوون لەگەڵ ئایەتەكانیتر بە منسوخیان دادەنان. ئەوەشیان دابەشی سەر سێ گرووپ دەكرد:
١ ئەو ئایەتانەی كارپێكردنیان (حكم) نەسخ كرابوون، بەڵام بە نووسین و گوتنەوە هەرمابوون.
٢ ئەو ئایەتانەی نووسین و گوتنەوەیان نەسخ كرابوون. كەچی هەر كاریان پێدەكرا (حوكم).
٣ ئەو ئایەتانەی هەم نووسین و گوتنەوەیان و هەم كارپێكردنیان نەسخ بوون.[331]

هەرسێ خاڵ لە رووی ماناوە بێ كەلكن و لۆژیک رێنادا، و هیچ بەڵگەیەكی زانستی پشتگیری ئەو دەربڕینە ناكا. نموونەیەكی زۆر ڕوون لەسەر خاڵی یەكەم:

القرآن الكريم سورة البقرة ٢: ٨٣

> كاتی پەیمانمان لە بەنی ئیسرائیل وەرگرت كە تەنیا خودا بپەرستن، و چاكە لەگەڵ دایك و باوك و كەسوكار و هەتیوو و هەژاران بكەن، و بە ووتەی جوان و نەرم بە خەڵك بڵێن نوێژبكەن و زەكات بدەن. دوای ئەوە زۆری

[331] إبن الخطيب، الفرقان، ص ١٥٥

نەبرد پشتتان تێکرد تەنها کەمێکتان نەبێت، خۆتان لە پەیمانەکە بوارد.(٨٣)

ئەو ئایەتە بە ئایەتی ٥ لە سورەتی التوبة نەسخ بووە.

القرآن الكريم – سورة التوبة ٩:  ٥

هەرکە مانگە حەرامەکان بەسەرچوون، ئەوە لە هەر شوێنێك بوتپەرستەکانتان وەدەستکەوتن، بیانکوژن و بیانگرن و چواردەوریان بدەن و بۆیان لە بۆسە دانیشن، ئەگە ر پەشیمانبوونەوە، و نوێژیان کرد و زەکاتیان دا، ئەوە دەستیان لێهەڵگرن. و بە ڕێگای خۆیاندا برۆن، لە ڕاستیدا خودا لێبووردە و بە دلۆڤانە (٥)

بەپێی إبن الخطیب، سورەتی البقرة ئایەتی ٨٣ کارپێکردنی نەسخ بووە. کەچی بە نووسین و گوتن هەرماوە. ئەگەر بەو نەسخە بکەین، نابێ ئەو ئایەتە ڕەچاوبکەین. و بە خەڵکی بڵێین کارێکی باشت کرد. دەبێ ئەوەش ڕەتکەینەوە کە دەڵێ فەرمان بەچاکە بدەن. کەواتە ئەرکی چاوەدێری دایک و باوکی پیر و کەنەفتە، نەخۆش، هەتیو هەژارانی لەسەر نییە. بەپێی ئەو نەسخە مرۆڤ هەر کارێکی باش و گیانی مرۆڤایەتی بەپێ یاسای قورئان، نەسخکراوە. و دەستی یارمەتی و دڵسۆزیش تاوانە. سەرەڕای ئەوە لە هەمان ئایەت فەرمان بە نوێژکردن و زەکات دانیش دەکا. ئەگەر ئەو ئایەتە نەسخ کراوە. نوێژ نەکەر و زەکات نەدەر هیچ سزایەکیان لەسەر نییە. و کەسیش ناتوانێ بە دۆزەخ بیانترسێنێ.[332]

لەوەش خراپتر ئایەتی السيف ئایەتێکیتریشی نەسخکردووە. لە سورەتی التين، ئایەتی ژمارە ٨ دەڵێ:

332 ابن الخطيب ص ١٥٥ ــ ١٥٦

القرآن الكريم - سورة التين ٩٥: ٨

ئایا خودا لەناو فەرمانڕەوایان، باشترینیان نییە (٨).

ئەگەر خودا فەرمانی بەشمشێردا بۆ کوشتن وماڵوێرانی خەڵکیتر، و نەسخی ئایەتی ٨٣ سوڕەتی البقرەی کرد. دەبێ باشی لەکوێیێ؟ چۆن دەتوانێ بەو بێدادیەی، فەرمانڕەوایەکی باشبێ؟ لەجیاتی ئەوە دەبێ بڵێین خراپترین و نادادپەروەرترین فەرمانڕەوایە.

سەبارەت بە خاڵی دووەم. ئەو ئایەتانەی بە نووسین و گوتنەوە نەسخ کراون، بەڵام هێشتا هەر کاریان بێدەکرێ، دەتوانین ئایەتی الرجم بێنین کە عومەر کوڕی خەتاب بە زەید بن ثابتی گوت، خۆی گوێی لە پەیامبەر بووە، ئەو ئایەتەی خوێندووتەوە. کەچی زەید لێی وەرنەگرت. و داوای دوو گەواهیدەری لێکرد، کە عومەر نەیبوو. بۆیە زەید ڕەتیکردەوە. عومەر ئایەتی ڕجم کە زەید تۆماری نەکرد:

الشيخ والشيخة، إذا زنيا فارجموهما البتة نكالا من الله.

ئەگەر پیاوێک و ژنێک زینایان کرد، تەواو بەردبارانیان کەن. وەک سزایەک لەلایەن خوداوە.

مەبەست لە الشیخ و الشیخة بەمانای المتزوج و المتزوجة دێن .[333]

لە باوەڕی موسوڵمانان، خودا قورئانی بەبێ کەم و کوڕی، و پاک لە گشت ناکۆکیەک هەڵگرتووە. بەڵام هەر لەمێژووی ئیسلام بە گەواهی خۆیان، نیشانەی ڕوون هەن کە قورئان کەم و زیادی، لەبیرچوون و گۆڕانی تێداکراوە.[334]

---

333 هەمان سەرچاوە ص ١٥٧

334 أبو موسى، الحريري (١٩٨٢) عالم المعجزات. بحث في تاريخ القرآن. سلسلة الحقيقة الصعبة ٣. بيروت. ص ١٣٣

أبي بن كعب پرسیاری لە در بن حبیش کرد: سورەتی الأحزاب چەندە؟
گوتی: ٧٢ ئایەتە، یان ٧٣ ئایەت.
گوتی: بەقەد سورەتی البقرە بوو. ئێمە ئایەتی الرجممان تێدا دەخوێندەوە.
گوتی: ئایەتی الرجم کامەیە؟
گوتی: إذ زنی الشیخ و الشیخة فارجموهما البتة نکالا من الله. والله عزیز الحکیم
ئەگەر پیاوێک و ژنێک زینایان کرد، تەواو بەردبارانیان کەن. وەک سزایەک لەلایەن خوداوە. خودا بە تواناو لێزانە.[335]

ئەو ئایەتە لە دوو سەرچاوە پشتڕاستکراوەتەوە کە هەبووە، عومەر خۆی گوێی لە محمد بووە. و در بن حبیش لە سەروەتی الأحزاب خوێندوویەتیەوە. کەواتە دەبێ هەبووبێ. کەچی لە قورئانی ئێستا دا نییە. بەڵام تا ئێستاش، لە وولاتانی ئیسلام بەتایبەتی ژن ڕەجم دەکرێن. و لەسەر ڕێبازی ئیسلام و قورئانەکەی، جا گرنگی چی لە نەسخکردنی دا هەیە. کاتێ بەکردەوە ناڕەواترین، بێویژدانانەتری کاری نامرۆڤانە بکەن.

خاڵێ سێیەم: هەڵبەتە دەبێ ئایەتی تریش هەبووبن، کە خاڵی سێیەم بیانگرێتەوە. ئەگەر نەبوان، وەک خاڵێک دانەدەنرا. بەڵام کامەن کە هەم بە نووسین و گوتنەوە، هەم کاریان پێنەکرێ. بەڵام ڕاڤەکاران یان نازانن، یان شەرم دەکەن باسیان بکەن. بۆیە لەناو دەفتەری ڕاڤەکاران و مێژوونووسانی موسوڵمان نادۆزرێنەوە.

[335] هەمان سەرچاوە ص ١٣٥

# زیادبوون و گۆڕین لە قورئان

سەبارەت بە سورەتی الأحزاب السیوطی دەڵێ بوخاری لە حذیقە دەگێڕێتەوە: سورەتی الأحزاب لە سەردەمی پەیامبەر دوو سەد ئایەت بوو. سورەتی الأحزابم بۆ نەبی خوێندەوە، کە ئێستا تەنیا حەفتا و سێ ئایەتی لێ ماوە .[336]

جارێکیتر السیوطی لە عائیشە دەگێڕێتەوە، کە سورەتی الأحزاب لە سەردەمی پەیامبەر دەخوێندرایەوە، دوو سەد ئایەت بوو، کاتی عوسمان مصحەفەکەی نووسیەوە ئەوەیە کە ماوە. [337]

مسلم لەسەر أبا موسی الأشعري دەڵێ: لە بەرامبەر پێنج سەد خوێنەر لە بەسرا، گوتی:

> قورئانمان دەخوێندەوە، هەر سوورەتێکی بە قەد درێژی ڕمێک بوو. بەڵام ئێستا تەنیا چەند ئایەتێکی تێدا ماون.[338]

لە أبی بن کعب دەگێڕنەوە، دەڵێ پەیامبەری خودا پێێ گوتم: خودا فەرمانی پێداوم قورئانت بۆ بخوێنمەوە. خوێندیەوە. ئایەتێکی خوێندەوە. کە لە مصحفی ئێستا نایبینم [339]

---

[336] متقي الهندي (٢٠٠٥) كنز العمال في سنن الأقوال و الأعمال ج٢، ص ٥٦٧
[337] السيوطي، الإتقان في علوم القرآن ٣: ٨٢، الدر المنثور ٥: ١٨٠
[338] عالم المعجزات ص ١٣٤
[339] السيوطي، الإتقان في علوم القرآن ٢: ٢٥

له نافع إبن عومەر دەگێڕنەوە، گوتوویەتی: کەس نەڵێ قورئان هەموو شتی تێدایە، کێ دەزانێ هەموویەتی؟ قورئان زۆری لێ ڕۆیشتووە، بەڵام با ئەوە وەرگرین کە دیارە. [340]

کۆی سورەتەکانی قورئانی ئێستا ١١٤ سورەتە، کەچی، لە مصحفی إبن مسعود ١١٢ سورەتە، لە مصحفی أبي بن کعب ١١٦ سورەتە. لەبەر ئەوەی سورەتی الحفد و الخلع تێدان. هەروەها مصحفی عەلی بن أبي طالب سورەتی النورين و الولايةی تێدایە.[341]

چەند خاڵێک هەن کە وامان لێدەکەن، کە متمانە بەوە نەکەین کە قورئان پەرتووکێکی ئاسمانیە:

١ سەرچاوەکانی مێژووی ئیسلامی هاوسەردەم نین، لەگەڵ کاتی بانگهێژی محمد. بۆیە جێگای متمانە نین.

٢ لە هەڵکۆڵینی شوێنەوار ناسی لە دوورگەی عەرەبی، بەڵگەن بۆ ئەوەی لە سەدەی یەکەمی کۆچی قورئان نەبووە.

٣ دەستنووسەکانی قورئانی کە لە مزگەوتی گەورەی سەنعا ساڵی ١٩٧٢ دۆزرانەوە، ئاماژە بەوە دەکەن کە پەرەدان و دەستکاریکردنی قورئان ماوەیەکی زۆری بردووە. کە دەگاتە دوو سەد ساڵ.

٤ ڕەخنەی دەق ئاماژەیە بۆ هەڵە لە کۆپییەکانی قورئان. دەستنووسەکانی قورئان، کە پاشخانی ئەو کۆپییەی ئێستا وەک کۆپی فەرمی لە جیهانی ئیسلام بەکاردێ، چەندین جار

---

[340] السيوطي الإتقان في علوم القرآن، الجزء ٢: ٢٥
[341] السيوطي الإتقان ١: ٦٥

گۆڕین و هەڵەگیری و چاکسازی تێداکراوە.[342]

ئەو چاکسازی و گۆڕانکارییەی لە قورئاندا کراوە، بەباشی لە کۆپی سەنعا بەدیارکەوت، کە لەسەر پەرتووکێکی پێشتر هەڵەگیری تێداکراوە. بەدیار کەوت کە دەقی بنەڕەتی پاککراوەتەوە، و لەسەر ئەوە شتێکیتر نووسراوە. بەو مانایەش گۆڕان و هەڵەگیری تێداکراوە

## گۆڕینی ئایەت لە قورئان

زۆر جار لێرە و لەوێ گوێمان لێدەبێ، موسوڵمانان دەڵێن. تەنیا دینی ئیسلام لەلای خودا، وەک دینێکی دروست و ڕەوا دەبینرێ. و لەوەتەی جیهان بوونی هەیە ئیسلامیش هەر هەبووە. بەڵگەشیان بۆ ئەو دەربڕینە سورەتی آل عمران دا هاتووە.

القرآن الكريم – سورة آل عمران ٣: ١٩

دین لای خودا ئیسلامە (١٩)

با هەندێک نزیکتر لەو ئایەتە ووردبینەوە بزانین بەڕاستی وایە؟ ئەی ئەو هەموو دینانەی تر چیان لێدێ؟

بۆ بەدواداچوونی ئەو باسە و نیشاندانی دیمەنی هەمەلایەنی ئەو چمکە، دەبێ لە دوو

---

[342] تاريخ الإسلام المبكر ص ٧٩ – ٨٠

ڕوانگەوە، لێی ووردبینەوە. تابتوانین ئاسانتر لەو ئایەتە و هاتنی تێبگەین.

ئەم ئایەتە وەک خۆی دیارە لە سوورەتی آل عمران دا هاتووە. بەوەش بۆمان دەردەکەوێ یەک لە ئایەتەکانی مەدینەیە، دوای دروستبوونی دەوڵەتی ئیسلام. کەچی بە پێی بەڵگەی مێژوویی، ئەو ئایەتە کۆنترە. و دەگەڕێتەوە سەردەمی مەککە. لەو سەردەمەدا محمد بە گوێی پەیڕەوانی خۆیدا چرپاندوویە. بۆیە گرنگیەکی زۆری هەیە، تا بتوانین لە پرۆسەی دینە نوێکەی محمد و دەوڵەتی قوڕەیش تێبگەین.

برهان الدین دلو ئاماژە بە (مصحف، عبدالله بن مسعود) دەکات و دەنووسێ یەکەم جار محمد کە ئەو ئایەتەی ڕاگەیاندووە، گوتوویەتی (دین لای خودا حەنیفیە) نەک (دین لای خودا ئیسلامە)[343]. ئەوەش بەو مانایەوە دێ کە ئەو دینەی محمد و یەهودیە نەسڕیەکان چالاکانە بڵاویان دەکردەوە. بەردەوامییەکی ڕێبازی ئیبراهیمی بووە. لەبەر ئەوەی حەنیفیەکان لە بنەڕەتدا یەهودی نەسڕی بوون. کاتی لە شامەوە لە سەدەی ٤ و ٥ی س.ب بەرەو ناوچەکانی دوورگەی عەرەبی هاتن لەژێر ناوی حەنیفی کاریان دەکرد.

حەنیفی دینێکی سەربەخۆ نەبووە، کە لە سەردەمی محمد هەبووبێ. وەک دینەکانی یەهودی، کریستیانی، زەردەشتی و سابئی، بەڵکوو ئاکارێکی دینی ئیبراهیمی بووە.[344] محمدیش هەولیدەدا یەکێک بێ لە ڕیزی ئەوان:

القرآن الکريم – سورة النساء ٤: ١٢٥

> کام دیندار، دینی لەو کەسە چاکترە، کە خۆی بە خودا سپاردووە. ئاکارچاکە، و شوێنکەوتەی دینی ئیبراهیمی حەنیفە (١٢٥)

---

343 دلو، برهان الدین (١٩٨٩). جزيرة العرب قبل الإسلام. دار الفارابي، بيروت، ص ٢٢٤

344 الحريري، ابو موسى، قس و نبي ص ١٠٦

لەلایەکی تریش دینەکەی محمد ناوی ئیسلام نەبووە. بەڵکوو دواتر، لە دوای دامەزرانی دەوڵەتی قورەیش لە مەدینە، ئەو ناوەی لێنرا. ئەو ناوەش وەک کەوایەک بەبەر دینە نوێکەی محمد دابڕا. ئەگینا ئەو دینە هەر دینی یەهودی نەسارِی بووە. ناوی ئیسلام، یەکەم جار بۆ دەوڵەتە نوێکەی محمد بووە، نەک دین.

سەرەڕای ئەوە بیرورِای بەهێز لەناو ڕاڤەکاران و خەڵکی تری عەرەب هەبووە، کە محمد دامەزرێنەری دەوڵەتی قورەیش لە یەثرب، پێش ئیسلام خۆی یەکێک لە حەنیفیەکان بووە.[345] حەنیفیش لەناو قورەیش مێژوویێکی زۆر کۆنتری هەبووە. هەر لەو کاتەی یەهودیە نەسارِیەکان بەرەو حیجاز کۆچیانکرد. بەپێی بەڵگەی مێژوویی لە سەدەی چوارەمی س. ب باوەری حەنەفی لە دوورگەی عەرەبی. بەتایبەتی خێلی قورەیش بە بەربڵاوی هەبووین. و لە یەتروب و مەککە و تائف گیرساونەتەوە. لەژێر ناوی حەنیفی بانگهێژی دینی ئیبراهیمیان دەکرد. لەوانە عبدالمطلب، و أبي طالب و قەشە وەرەقە بن نوفل و أمية بن أبي سلط و زۆریتر بوون. سەرەڕای ئەوەش هەر کەسێک، باوەری بە یەکتاپەرستی هەبووبێ لە سەر ڕێبازی ئیبراهیم، جا لەسەر هەر کام لە دینە ئیبراهیمییەکان بووبێ.

نووسەری قورئان لە ئایەتیتریش ئاماژە بە حەنیفی دەکا:

القرآن الكريم – سورة الأنعام ٦: ١٦١

> بڵی پەروەردگارم، منی خستۆتە سەر ڕێگەی ڕاست، سەر دینی حەنیفی ئیبراهیم. (١٦١)

---

[345] بورهان الدين دلو لە پەرتووکی (جزيرة العرب) دەڵێ بیرورِای بەهێز لەسەر ئەوە هەیە کە محمد دامەزرێنەری دەوڵەتی قورەیش لە یەثرب، پێش ئیسلام حەنیفی بووبێ (خليل ٢٢٤)

ئەو سورەتە سورەتێکی مەککەیە. و محمد هیدایەتی خۆی لە حەنیفی بوونی خۆیدا دەبینێ. ئەوەش پشتڕاستکردنەوەیەکی بەهێزە، بۆ ئەوەی محمد زۆر پێش لەکۆچ و دامەزرانی دەوڵەتی قورەیش لە مەدینە، دینی حەنیفی (یەهودی نەسارێی) بە تاکە دینی خودا دەزانی.

لەلایەکیتر دوای ماوەیەکیش لە کۆچ. و گێڕسانەوە لە مەدینە، دەبینین نووسەری قورئان هێشتا، لەسەر هەمان باوەڕی حەنیفی بەردەوامە.

ئەم ڕەوتە لە ژێر کاریگەری کەسایەتی ئیبراهیم لە چوارچێوەی، هزری دینی یەهودی نەسارێی لە وولاتی حیجاز، بە هۆی ئارامییەکان سەری هەڵدا. لەو دەمە ئارامییەکان دەستەڵاتیان بەسەر باکووری نیمچە دوورگەی عەرەبیدا هەبوو. ئەم ڕەوتەش ناویان لە خۆیان نا (حنفاء). هەر کەسێک پەیڕەوی ئەو ڕێبازەی بکردایە، پێیان دەگوت (حنیف). کەزاراوەی حەنیف ووشەیەکی عیبرییە لە (تحنث)ەوە هاتووە. لەڕێگەی ئارامی گەیشتۆتە ئەو ناوچەیە. واتە ئارەزووی دوورکەوتنەوە لە گومرایی چوونە سەر ڕێگای ڕاست. [346]

هەر بەو ڕەچاوکردنەش بیری حەنیفی، و مێژووی لەگەڵ هاتنی یەهودیە نەسارێیەکان بۆ دوورگە، زۆر لە ئیسلام کۆنترە. بەڵگەش بۆ ئەوە کعب بن لؤی بن غالب ( کە باپیرە گەورەی محمد بووە) یەک لە حەنەفیەکان بووە. [347]

بەپێی گشت سەرچاوەکانی ئیسلامی و نا ئیسلامی، هەر کەسێک باوەڕی بە یەکتاپەرستی لەسەر ڕێبازی ئیبراهیم هەبووبێ حەنیفی بووە. لەلایەکیتر حەنیفی وەک سەرچاوەیەکی خوداپەرستی، هەرسێ دینە ئیبراهیمییەکان کۆدەکاتەوە. هەر بۆیە دەبێ ئەوەش بڵێین

[346] راغب الاصفهاني. المفردات في غريب القرآن ل ۱۳۳
[347] د. السيد عبدالعزيز سالم. دراسات في تاريخ العرب قبل الاسلام ل ٤٣٨)

حەنیفی وەک دینێک نەبووە، بەڵکوو کەسێکی حەنیف، لە هەمانکاتدا نەسارى و موسوڵمانە. و پەیڕەوکاری ڕێبازی ئیبراهیم بووە. بۆیە مرۆڤ ئەگەر سەر بە هەر دینێکی ئیبراهیمی بووبێ، ئەوە لە بنەڕەتدا حەنیفی بووە. هەروەها دکتۆر سمیح دەڵێ مانای ئارەزوو (میل) دەدات . بۆ نموونە (إبراهيم حنف الى دين الله) واتە (ئیبراهیم ئارەزووی لە دینی خودایە). [348]

سەرەڕای ئەوە، سەرجەمی بنەماڵەی محمد لەسەر دینی یەهودی نەسارى بووین. پەیڕەوکاری سەرسەختی ئەو دینە بووین. کەواتە ئەو ژینگەیەی محمد لێی لە دایک بووە و تێیدا پەروەردەکراوە. ژینگەیەکی حەنیفی، نەسارى بووە. ئەوەش کاریگەری لەسەر کەسایەتی و ڕێبازە دینییەکەی محمد هەبووە.

ئەگەر زیاتر لەو بابەتە قووڵبینەوە، چوونی محمد بۆ ئەشکەوتی حەرا. و خەڵوەت گرتنی، لەگەڵ ئەو کەسانەی تر، کە سەرجەم لەو خەڵوەتە دابووین حەنەفی لەسەر دینی یەهودی نەسارى بووین. ئەوەش وادەکا کە محمد پەیوەندییەکی بەردەوام و پتەوی لەگەڵ حەنەفی و نەسارییەکان هەبووبێ. پێشتر عبدالمطلبی باپیرەی هەر ساڵێ تەواوی مانگی ڕەمەزان دەچووە ئەشکەوتی حەرا. ئەوەش بۆمان دەسەلمێنێ کە محمد پەیڕەوکارێکی سەرسەختی باپیرەی بووە و هەمان دید و بۆچوونی سەبارەت بە یەکتاپەرستی هەبووە. هەرچەندە هیچ کەس نازانێ ناوەڕۆک و بنەماکانی خەڵوەتی محمد لە ئەشکەوتی حەرا چی بووە. بەڵام بە پێی گێڕانەوەی سراج البلقيني لە شرح البخارى، دەبێ ناوەڕۆکی وەک هەر حەنیفیەکی تر

[348] دکتۆر سمیح دغیم (١٩٩٥) موسوعة الاديان السماويه و الوضعية. لاديان و معتقدات العرب ل٤٧،

بووبێ لەوانە عبدالمطلب و قەشە وەرەقە بن نۆفل و ئەوانی تر. کە بریتی بوو لە دوورە پەرێزی و وەرزشی دەروونی. [349]

سەرەڕای ئەوە محمد خۆیشی دان بەوەدادەنێ کە حەنیفیە:
جارێکیان عومەری کوڕی خەتاب بە محمدی گوتووە، ئەو شتانەی ئەو (محمد) باسدەکات، ئەو لە تەورات خوێندوونیەتەوە. لەگەڵ ئەوانە یەکن کە محمد باسیان دەکا. محمد تووڕەدەبێ و دەڵێ:( ئەی کوڕی خەتاب شەرم بکە! بە الله من بە حەنەفی هاتووم. ئەگەر موسای کوڕی عومران لەژیاندابایە، چاری نەدەبوو بە دوام دەکەوت). [350]

کریستی چاوەڕوانکراو خەونێک بوو بۆ هەریەک لە حەنیفیەکان کە خۆی بێ. امیە بن ابی صلت یەکێک لەوانە بووە کە بەردەوام خۆی وەک کریستی چاوەڕوانکراو دەبینی. بەو پێیە بۆمان دەردەکەوێ قورئان بریتییە لە کۆکردنەوە و وەگێڕانی دەقە پیرۆزەکانی سریانی و نەسرانی. کەواتە ئیسلام بە عەرەبکردنی دینە ئیبراهیمیەکانە و هەوڵدانێکە بۆ دابڕینی میراتی ئیبراهیمی لە یەهود. [351]

هیلاری بیلوچ دەڵێ: ئیسلام وەک لاباڵێکی نەسرانی لاڕێ (گومڕا) هرطقە دەستی پێکرد. پارێزگاری لە سیمای یەهودی بە باوەڕەکی نوێ و یەکتاپەرستی و ڕەها دەکرد. کە بەگشت شێوەیەک کریستیانی بەرجەستەکردنی الله و کریستی (یەسو) ڕەتدەکردەوە، و تەنیا بە مرۆڤی دادەنا. [352]

[349] تاریخ الاسلام المبکر ل ١٧٤
[350] عبدالکریم، خلیل قریش ص ٢٣٠
[351] تاریخ الاسلام المبکر ٥
[352] Hilaire Belloc. What kind of Religion is Islam. Pp 6

ڕوانگەی دووەم: جیاوازی دینی محمد و ئیسلام

سەبارەت بە ناوی ئیسلام پاتریشیا کرۆنە دەڵێ:

> ووشەی ئیسلام  یان مسلم  بە مانای مل کەچکردن و گوێڕایەڵی دێ. و لە زمانی سامەرییەوە هاتووە نەک عیبری یان ئارامی[353] .

ووشەی ئیسلام و دەربڕینی هیچ پەیوەندی بە چۆنییەتی دینەوە نییە. دین شتێکە و ئیسلام شتێکی تر. دین واتە باوەڕ (ئیمان) و ئیسلام واتە خۆدانەدەست و مڵ کەچ کردن. بەو پێیەش، دەتوانین ووشەی ئیسلام بە گونجان، پەیڕەوکردن و ڕاستاندنی یاساکانی موسا دابنێین. بەو مانایەی گەڕانەوە بۆ ئیبراهیم و یاسای موسا و تەورات. جا بەو پێیە دین هەر دینێکی ئیبراهیمی ئیسلامە. یان لەگەڵ یاسای ڕێکەوتن. [354]

القرآن الكريم – سورة آل عمران ٣: ٨٥

> هەر کەسێک، بێجگە لە ئیسلام دینێکی تری هەبێ، لێی قەبووڵناکرێ. و لە دواڕۆژدا لەڕیزی دۆڕاوانە (٨٥)

---

[353] الاصفهاني، راغب. المفردات فی غريب القرآن ص ١٧٥

[354] Crone Patricia (1977) Hagarism Tha making of the Islamic World

# قورئان لەنێوان گەف و بێ وەڵامی

کێشەیەکیتری نووسەری قورئان، توێژی هوشیاری کۆمەڵگەی دوورگەی عەرەبی بوو، کە بەردەوام بەرەورووی پرسیاری سەختیان دەکردەوە. تا وای لێهات، دەست بە گەف و مەیدانخوازی بکا. دەبێ ئەوەش بڵێین، ئەو مەیدانخوازیە لە سێ ئایەت دا هاتووە. کە نیشانەی هەڵچوون و بێ وەڵامی نووسەری قورئان دەردەخەن. لەبەر ئەوەی، یەکەم بەر لە هاتنی قورئان، ئەدەبی عەرەبی لە ناوچەکانی حیجاز و شام لە ترۆپکی هونەری شیعری دابوو.

شاعیرانی وەک أمية بن أبي سلط و أمرء القيس دوو نموونەن کە نووسەری قورئان لاسایی کردوونەتەوە. دووەم ئەگەر نووسەری قورئان وەڵامی لۆژیکی پێبوایە، نەدەبوایە هەڕەشە و مەیدانخوازی بکا. خلیل عبدالکریم دەڵێ:

> پێت وایە میللەتێك کە دیبەیتی بەهێز لەسەر ئەو شتانە بکەن، کە قورئان باسیان دەکات. بیرت بۆی دەچێ کە لە نەزانی و گەمژەیی و توندوتیژی دابووبن. نەخێر ئەوانە نەزان و گەمژە نەبووین، توند و تیژیش نەبووین. بەڵکوو خاوەن زانست و بلیمەتی بووین. خاوەنی هەست و سۆزی ناسك بووین کە ژیان تێیدا بە ئارامی تێپەڕیووە.[355]

[355] عبدالكريم، خليل، الجذور التاريخية للشريعة الإسلامية ص ٨

١ مرۆڤ بیری بۆ ئەوە ناچێ، نەتەوەیەک گەنگەشە لەسەر بنەڕەتی بوون، ژیان و ئەفراندن بکەن، لەگەڵ ئەوەشدا ئەوەندە نەزان و ووشک و توند و تیژبووبن. لە ڕاستیدا قورئان و مەیدانخوازی بەڵگەن، بۆ زیرەکی و هوشیاریان.[356]

القرآن الكريم – سورة يونس ١٠: ٣٨

یان دەڵێن، خۆی هەلیبەستووە، بڵێ دە ئێوەش سورەتێکی هاوچەشنی بێنن (٣٨)

لە سورەتی هود مەیدانەکە فراوانتر دەکا، و دەیکاتە دە ئەوەندە.

القرآن الكريم – سورة هود ١١: ١٣

> یا دەڵێن هەڵبەستوون. بڵێ دە ئێوە، دە سوورەتی هەلبەستراوی هاوشێوە بێنن (١٣)

لە سوورەتی ئیسرا مەیدان لە مرۆڤ و جن دەخوازی، کە هەر هەموویان پێکەوە ناتوانن قورئان دروست بکەن.

القرآن الكريم – سورة الإسراء ١٧: ٨٨

> بڵێ ئەگەر مرۆڤ و جن گشت کۆببنەوە، وێنەی ئەو قورئانە بێنن. بە دڵنیاییەوە ناتوانن، با هەمووشیان پشتیوانی یەکترین (٨٨)

[356] طه حسين (١٩٢٦) في الشعر الجاهلي. الطبعة ١. مطبعة دار الكتاب المصرية القاهرة ص ٢٠

مەیدانخوازی قورئان بۆ هێنانی سورەتی هاوشێوە، بەڵگەیەکی حاشا هەڵنەگرە، کە نووسەری قورئان، لە بەرامبەر خەڵکی مەدینە، دەستەوەستان بووە. و نیشانەی بەهێزی هەڵچوونی تێدا بەدی دەکرێ. ئەگینا ئەوان (عەرەبی جاهیلی) لە بواری ڕەوانبێژی و زانین (معرفة) و جیهانبینی، توانایەکی بەرچاویان هەبووە. و لە ئاستێکی بەرزی پێشکەوتن دابووین. ئەوەش هاوسەنگییەکی گرنگە لە توانای گەلان.[357]

بەڵگەی ئەوەش، نووسەرەی قورئان خۆی، لە شوێنی جیاجیای قورئان، پەنا بۆ شیعرەکانی شاعیرانی سەردەمی بە ناو (جاهیلی) ببا.

٢ مەیدانخوازی قورئان، لەو ئایەتانەدا. لەبەر نەبوونی زانین، شێوەی گەنگەشەی دوولایەنە، و هاوسەنگی خۆی لەدەست دەدا. و لۆژیکی خودایی جێدێڵێ. و بۆ دەربازبوون لەو تەنگاویە، دەکەوێتە بەرەنگاربوونەوە بەناوی خودا.

٣ ئیسلام و نووسەری قورئان میراتی زۆری لە کولتوور و کەلەپووری عەرەبی دوورگە وەرگرتووە. ئەوانەش لە ڕووی ڕەوشت و ئابووری و کۆمەڵایەتی و یاسایی و سیاسی بوون. تا دەگاتە زمانەوانی و ڕەوانبێژی.

سیستەمی ژیانی کۆمەڵایەتی گشت ئەوانە لەیەک کۆدەکاتەوە. و ئاستی پەرەسەندنیان ئاستی هوشیاری و تێگەیشتنی ئەندامانی کۆمەڵە. کاتێ نووسەری قورئان لە ئەدەبی جاهیلی و شاعیرانی شت وەردەگرێ، ناکرێ ئەو کۆمەڵگەیە ئەوەندە دواکەوتووبن، و لە نەزانیدا بژین. [358]

---

[357] هەمان سەرچاوە ص ٩
[358] عبدالكريم، خليل (١٩٩٠) الجذور التاريخية للشريعة الإسلامية. سيناء للنشر ص ٧-٨

# قورئان بەرهەمی ژینگەی سەردەمی خۆیەتی

پەیوەندیە کۆمەڵایەتییەکانی ناوچەیەکی جوگرافی، بەرهەمهێنی شێوەی بیرکردنەوە. و چۆنیەتی باوەڕ و پێکەوە ژیانن. ئەو دیاردە دەروونناسی کۆمەڵایەتییە، بەتایبەتی دینەکان دەگرێتەوە. مرۆڤ و بیرکردنەوەی بەرهەمی کۆمەڵایەتی جوگرافین، و ناتوانن لە چوارچێوەی دەربچن. بۆیە بۆ ناسینەوەی بنەماکانی دین، بەر لە هەموو شتێک گرنگە ئاکاری کۆمەڵایەتی و کەراکتەرەکانی بناسرێنەوە. ئەوسا ئەو بنەما و کەراکتەرانە بکرێنە ژێرخانی دۆزینەوەی سیمای دین، لە ناو ڕایەڵەی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەی دینی تێدا بەرهەم هاتووە.

# توندوتیژی لە قورئاندا

توندوتیژی لە قورئاندا، شتێک نییە شاراوەبێ. کەچی موسوڵمانان شانازی بەوە دەکەن، کە قورئان و نووسەرەکەی وەک بەرگریەک ئەو ئایەتانەی هێناون. بێئاگا لەوەی هیچ لەو ئایەتانە باسی بەرگری ناکا، بەڵکوو باسی هێرشبردن، و کوشتن و تاڵان دەکەن. بەڵگەیەک بۆ ئەوە ئایەتی ٤١ لە سورەتی التوبة، بە پێی ابن کثیر بانگەوازە، بۆ گرتکردنەوەی گشتگیری

موسوڵمانان. بۆ هێرشکردنە سەر تەبوک، تا شەڕی دوژمنانی خودا و پەیامبەرەکەی بکەن[359].

چەندین ئایەتیتر لە سورەی التوبة هەن، کە سنووری توندوتیژی دەبەزێنن، و داوای جیهاد بۆ داگیرکاری دەکەن، بە ئایەتی السیف ناو دەبرێن. کە هیچ پەیوەندیان بە بەرگریەوە نییە، بەڵکوو مەبەستی سەرەکی داگیرکردن و کوشتن و تاڵان سەبایا بووە.

ڕاڤەکارانی موسوڵمان، وەک بیانۆیەک بۆ بەرگری لەو ئایەتانە، دەڵێن لێکدانەوەی دەقی ئەو ئایەتانە، دوای شکاندنی ڕێکەوتی حودەیبیە. لەلایەن هۆزی بنی بکر کە هێرشیان کردە سەر هۆزی خەزاعەی هاوپەیمانی موسوڵمانان. بۆ وەڵامدانەوەی ئەو بەلارێدابرنە. محمد بە تەتەرێکدا نامەیەکی بۆ قورەیش نارد. تیایدا داوای لێکردن، یان کۆتایی بە هاوپەیمانی لەگەڵ هۆزی بەکر بێنن، یان دەبێ فدیە بدەن. قورەیش هەر دوو داواکەی محمدی ڕەتکردەوە. بەوەش پەیمانەکە هەڵوەشایەوە.

کێشەی سەرەکی لەوەدایە، کاتی محمد نامەیەکی بەو شێوەیە دەنووسێ، کە قورەیش تەنیا دوو ڕێگای لەبەر دەستدایە. یان واز لە بنی بکر بێنن یان فدیە بدەن. ئەو جۆرە هێرشانە لە دوورگەی عەرەبی بەدرێژایی مێژوو هەبووین. و ئەوەش ڕووداوێکی نوێ نەبووە. دووەم لە هیچ شوێنێک باسی ئەوە ناکا، ئەو هێرشەی بنی بکر لەسەر چی بووە. ئەوە لە گشت کولتوورێک شەڕفرۆشتنە. محمد کە هێزی پەیداکرد، بە دوای بیانویەک دادەگەڕا، تا شەڕ دژی قورەیش بەرپابکا. ئەوەش باشترین دەرفەت بوو، ئەگینا محمد دەیتوانی نامەیەکی هەوڵی ئاشتەوایی بنووسێ. وەک بنەڕەتێک بۆ ڕاگرتنی ئارامی ئەو ناوچەیە. و لە جیاتی ئەو

---

[359] ابن کثیر، تفسیر القرآن العظیم. المجلد السابع، ص ٢٠٦ - ٢٠٧

هەڕەشە توندە، بینووسیایە، با هەوڵدەین ئارامی بنوێنین. و هۆزی خەزاعە و بنی بەکر ئاشت کەینەوە.

ئایەتی سیف مەبەست ئایەتی پێنجەمی سورەتی التوبةیە. کە موسوڵمانان هان دەدا بۆ کوشتنی بێدینان. هەرچەندە لە ئایەتەکە باسی السیف ناکا، بەڵام لەناو ڕەڤەکارانی موسوڵمان و ڕۆژهەڵاتناسان بەو ناوە ناسراوە. ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی لەو ئایەتە موسوڵمانان بۆ کوشتار هاندەدا. بەڵام ابن کثیر پێی وایە ئایەتەکانی السیف زیاترن. کە ئەمانەن:

سورة التوبة ٩: ٥

> هەرکە مانگە حەرامەکان بەسەرچوون، ئەوا بێدینانتان، لە هەرکوێ دەستکەوت، بیانکوژن. بیانگرن و گەمارۆیان دەن. بۆسەیان بۆ دانێنەوە. ئەگەرڤ پەشیمان بوونەوە. و نوێژیان کرد و زەکاتیان دا. وازیان لێبێنن. خودا لە گوناە خۆشدەبێ و میهرەبانە (٥)

القرطبي دەڵێ قورئان دوو مەرجی بۆ بێدینان دانان. نوێژبکەن و زەکات بدەن. ئەوەش لە بنەڕەتدا تۆبەکردن و بوونە موسوڵمان بوو. نووسەری قورئان تەنیا ئەو کەسەی پەسەند دەکرد، کە خودا و محمد بپەرستن. و هیچیتر.[360]

لەو ئایەتەدا بە پێی ابن کثیر موسوڵمانان سەرپشک دەکا، بیانگرن یان بیانکوژن. تەنانەت دەڵێ گوێ بە ویژدانتان مەدەن. بەڵکوو لە کۆشک وماڵەکانی خۆیان گەمارۆیان دەن. ڕێگای

[360] القرطبي، جامع لأحكام القرآن، الجزء الثامن، ص ٧١

دەرچوونیشیان مەدەن.[361] تاکە دەرفەت بۆیان ئەوەیە پەشیمان ببنەوە، و نوێژبکەن و زەکات بدەن. واتە باوەڕی خۆیان بەجێبێڵن و سەر لەنوێ ملکەچی دینێکی تربن، کە نازانن چیە، لەبەرچی.[362]

سورة التوبة ٩: ٢٨

ئەی گەلێ باوەرداران، بێدینەکان گڵاون. لەدوای ئەم ساڵ نەکەن خۆیان لە مسجد الحرام نزیک بکەنەوە. ئەگەر لە هەژاریش ترسان. ئەوە گەر خودا حەزبکا، لە چاکەی خۆی دەتانداتێ. خودا زانا و دانایە (٢٨)

محمد دەیەویست هەموو ڕێگایەک لە بێدینان بگرێ. ئەو ڕێگاگرتنەی خاوەن پەرتووکەکانیشی دەگرتەوە. تا ئەوکاتەی، دینەکەی ئەو پەسەند دەکەن. جارێکیان محمد خۆی تووشی حذیفە دەبێ، و دەستیگرت، لێنەگەڕی بێتە ناو مسجد الحرام. حذیفە گوتی:

ئەی پەیامبەری خودا، من باوەڕدارم و گڵاونیم.[363]

هەرکەسێک هاتبایە ناو مزگەوت دەبوایە، پێشوەخت خۆی پاککاتەوە. (واتە خۆی بشوا، و شەهادەت بێنێ) تا لە بێدینی داببڕێ. هەنێکیتر دەڵێن ووشەی گڵاو مەبەستی لەیەکچواندنی بێدینەکانە لەگەڵ بەراز و سەگ. تابگرە ئەو دەربڕینەی نووسەری قورئان یەهودی و یەهودیە نەساڕیەکانیش دەگرێتەوە.[364]

---

[361] ابن کثیر، تفسیر القرآن العظیم المجلد السابع، ص ١٤٨
[362] السیوطي، الدر المنثور في التفسیر المأثور، الجزء الرابع، ص ١٣٢
[363] الطبری (٢٠٠١) جامع البیان عن تأویل القرآن. المجلد الحادي عشر، ص ٣٩٧
[364] هەمان سەرچاوە ص ٣٩٨

سورة التوبة ٩: ٢٩

شەڕی ئەوانە بکەن کە نە باوەڕیان بە خودا و نە ڕۆژی دوایی هەیە، و ئەوە حەرام ناکەن کە خودا و پەیامبەرەکەی حەرامیان کردووە، وە پیادەی دینی ڕەوا ناکەن. لەوانەی پەرتووکیان بۆ هاتووە، تاوەکو بە دەستێك سەرانە دەدەن و ڕیسوا و سووك و بچووكن (٢٩)

بەپێی لێکدانەوەی ابن کثير ئەو ئایەتە، مەبەستی ئەو کەسانەیە کە نکۆڵیان لە محمد دەکرد. نەک تەنیا بێدین، تابگرە ئەگەر خاوەن پەرتووکیش بان، تەنیا باوەڕ نەبوونیان بە محمد، مانای وابوو، باوەڕیان بە هیچ نەبیەک نەماوە. بۆیە وا دادەنرێ، ئەو ئایەتە بە پلەی یەکەم شەڕکردنە دژی یەهودی و یەهودی نەساڕی و سابئی و زەردەشتی کە خاوەنی پەرتووکی خۆیان بوون. و محمدیان بە پەیامبەر و نێردەی خودا نەدەزانی. ئەو ئایەتە دوای بەهێزبوونی لەشکری ئیسلام و هاتنی هۆزە عەرەبەکان لە دوورەگە، بۆ ناو ئیسلام، هات. لەو کاتەوە بڕیاردرا دژی ئەو گرووپانەی خاوەن پەرتووکیشن شەڕبکەن.

لەلایەکیتر خۆ ئامادەکردن بوو بۆ هێرشکردنە سەر تەبوک لە ساڵی ٩ ک/ ٦٣٠ س.ب.[365] ابن کثير ئاماژە بەوە دەکا کە چوار ئایەت بە ناوی السيف ناسراون. ئەوەش چوار جۆر خەڵک هەبوون کە فەرمان بە موسوڵمانان کراوە شەڕیان لەگەڵ بکەن :ئایەتی 29 ی سوڕەتی التوبة ئاماژە بە شەڕی یەهودی و کریستیان دەکا، تاکو سەرانە بدەن.

سورة التوبة ٩: ٣٦

ژمارەی مانگەکان لای خودا دوانزە مانگە لە پەرتووکی خودا، هەر لەو ڕۆژەوەی ئاسمان و زەوی ئەفراندووە، تیایاندا چواریان حەرامن، ئەوەیە

365 ابن کثير، تفسير القرآن العظيم، المجلد السابع، ص ١٧٥

دینی ڕاست ، جا نەکەن تیایاندا ستەم لە خۆتان بکەن، وە بەتێکڕا شەڕی خودانەناسەکان بکەن، هەروەك چۆن ئەوان بەتێکڕا شەڕتان دەکەن، وە بزانن کە خودا لەگەڵ خوداپەرستان دایە (٣٦)

القرطبی مەبەستی، بۆ لێکدانەوەی (بەتێکڕا شەڕی خودانەناسەکان بکەن) دەڵێ واتە هەموو بێدینان بکوژن.[366] لێرەدا هیچ بیانۆیەک بۆ بەرگری نامێنێ، و تەنیا قڕکردنی هەرکەسێکە باوەڕی بە پەیامبەربوونی محمد نەبێ. ئەگینا خەڵکی تەبوک و لەشکری ڕۆم کریستیان بوون و باوەڕیان بە یەکتابوونی خودا هەبوو.

سورة التوبة ٩: ٤١

سووکبار و گرانبار بڕۆن، بە سامان و گیان لە ڕێگای خودا جیهاد بکەن. ئەوەیان بۆ ئێوە باشترە ئەگەر بزانن (٤١)

ئەو ئایەتە، بەگشتی جاردانە، بۆ خۆ ئامادەکردنی محمد، بۆ شەڕی تەبوک، بۆ شەڕی دوژمنانی خودا، ڕۆمەکان، هەرچەندە باوەڕیان بە خودا و یەسوی کوڕی مریەم هەبوو. بەڵام دیارە ئەوەندە بۆ محمد بەس نەبووە. ئەو جاڕدانە هەوڵێکی گشتگیریە، بۆ ڕەکێشکردنی گشت باوەڕدارانی موسوڵمان، کە دەبوایە ئامادەبن بۆ چوونە شەڕ.[367] بەڵام دوای نارەزایی و دوودڵی، لەلایەن عەرەبەکانی دەشتەکی هات. محمد یەکەمجار گوتی: داوای بووردن لە شتێک دەکەن کە مافتان نییە.[368]

---

366 القرطبي، جامع لأحكام القرآن، الجزء الثامن، ص ١٢٥
367 هەمان سەرچاوە ص ٢٠٦ - ٢٠٧
368 السيوطي، الدر المنثور في التفسير المأثور، الجزء الرابع، ص ٢٦١

هەر لەسەر ئەو باسە دەبێ شتیکیتریش لەسەر شێوەی، جارڕدانەکەی محمد باسکەین. چۆن پیاوانی موسوڵمانی عەرەبی بە ژن سێکس بۆ داگیرکاری ڕادەکێشان. بەسەرهاتەکە دەڵێ: محمد خۆی بۆ هێرشی تەبووک ئامادە دەکرد، لەوکاتە جد بن قیس بانگ دەکا، و پێی دەڵێ: ئەی جد بۆکچی لەوەند بەني ئەسفەر[369] چی دەڵێی؟

جدگوتی: گشت خزم وکەسم دەزانن، من بۆ ژنان لاوازم. لەوە دەترسم بەنی ئەسەفەر ببینم، نەتوانم خۆم بگرم. و تووشی گوناهم مەکە. مۆڵەتم بدە، من بە ماڵ و سامان ئامادەم. پەیامبەر گوتی: وا مۆڵەتم دای. دوای ئەوە ئەو ئایەتە هات.

هەروەها لە شوێنێکیتر دەڵێ، محمد گوتوویەتی: غەزا بکەن، بەنی ئەسفەر بە تاڵان بێنن. جد بن قیس وەڵامی داوەتەوە: مۆڵەتمان بدە و لەگەڵ ژنان تووشی گوناهمان مەکە.[370]

الطبري ئەوە پشتڕاست دەکاتەوە کە ئەو ئایەتە لەسەر جد بن قیس هاتووە. و دەڵێ محمد گوتی تەبوک داگیرکەن وکجانی قژزەرد و ژنانی ڕۆم بە تاڵان بێنن. جد گوتی: مۆڵەتمان بدە، تووشی فتنەی ژنانمان مەکە.[371]

سورة التوبة ٩: ٤٩

هەیانە دەڵێ، مۆڵەتمان بدە، تووشی گوناهم مەکە. ئەی هەر ئێستا خۆیان تووشی گوناه نەبووین. ئەوانە خودانەناسن، دۆزەخ دەوریان لێدەدا (٤٩)

---

[369] سەبارەت بە کچانی ئەسمەری زەردباو دەڵێن: لە ناوچەیەک حەبەشیەکان و ڕۆمەم تێکەڵاویان بوو. لە سپی قژزەردی ڕۆم و ڕەشپێستی حەبەشی، ئەوکیژۆڵە ئەسمەری زەردباوانە بوون. سەرچاوە الکشف البیان المعروف بتفسیر الثعلبي. الجزء الخامس، ص ٥٠ - ٥٢

[370] القرطبي، جامع لأحکام القرآن، تحقیق عبدالرزاق المهدي، الجزء الثامن، ص ١٤٣ – ١٤٤، السیوطي الدر المنثور في التفسیر المأثور. الجزء الرابع ص ٢١٣

[371] الطبري، جامع البیان عن تأویل القرآن. تحقیق الدکتور عبدالله بن عبدالمحسن الترکي. المجلد السابع، ص ٢١٤

ئەوەش دیمەنێکە لە ڕووی ڕاستەقینەی بڵاوبوونەوەی ئیسلام. کە پەیامبەر خۆی هانی موسوڵمانانی داوە. و بە کچی جوان و ژنی شۆخی ڕۆمی بۆ هێرشکردن، ڕەکێشی کردوون. لەلایەکیتر بەڕوونی بۆمان دەردەکەوێ، کە سێکس و پارە ئامانجی سەرەکی ئەو داگیرکاریە بووین. تەنانەت گەیشتۆتە ئەو ئاستەی لەلایەک مەستکردنیان بە سێکس و تاڵان، لەلایەکیتر بە سزای دۆزەخ. هەر ئەوەش لە ئایەتی ٩٠ زیاتر ڕوون دەبێتەوە. کە چۆن نووسەری قورئان ئایەت دوای ئایەت، ئەوانە تاوانبار دەکا. کە بەشداری لە کوشتن و تاڵان سەبایا ناکەن. و ناوی دەنێن، تاکە دینی ڕەوا.

سورة التوبة ٩: ٩٠

> بیانووهێنەرەکان لە عەرەبە دەشتەکیەکان (الأعراب) هاتن بۆ ئەوەی مۆڵەتیان پێ بدرێ، و ئەوانەی نکۆڵیان لە خودا و پەیامبەرەکەی کرد و دانیشتن، ئەوە ئەوانەیان کە بێباوەڕ بوون سزایەکی ئازاربەخش تووشیان دەبێت.(٩٠)

بەڵام دوای ئەوەی کێشەی کەسانی بێهێز، نەخۆش و پیر و کەنەفتە زۆر بوو. و ترسی لەسەر کاریگەری خراپ بۆ هێرشەکە هەبوو. نووسەری قورئان وەک هەمیشەی، دوای بیرکردنەو، و دەرکەوتنی هەڵەی، بایدایەوە. و بە ئایەتێکی دیکە ئەو کەسانەی بێهێز، و نەخۆشن، ئەوانە لە جاڕدانەکە وەدەرنێ، و ئەوەش وایکرد دوایی ئایەتی (سووکبار و گرانبار بڕۆن) نەسخ کرا و لەجیاتی ئەو ئایەتە، ئایەتی ژمارە ٩١ هات[372] کە دەڵێ:

سورة التوبة ٩: ٩١

---

[372] هەمان سەرچاوە ص ٢٠٩

گلەییەک، لەسەر بێهێزەکان، و لەسەر نەخۆشەکان، و لەسەر ئەوانەی کە هیچیان نییە بۆ بەخشین. کاتێك دڵسۆزی خودا و پەیامبەرەکەی بن، هیچ سزایەك لەسەر چاکەخوازان نییە، وە خودا لێبووردە و دلۆڤانە. (٩١)

لە ئایەتی ١٢٣ نووسەری قورئان هەنگاوێک زیاتر دەڕوا. و موسوڵمانان هاندەدا. تا شەڕ و ئاژاوە دژی خودانەناسەکانی نزیکی خۆشیان بنێنەوە. و پیشانیان بدەن کە ناتوانن بە ئارامی بژین. بەڵکوو ئیسلام وەک هێزێکی پاوانخواز، دەرفەتی هیچ دینێکیتر و یان هێزێکیتر نادا، لە هەمان ناوچە یان ناوچەکانیتر بەشێوەیە ئاشتی و پێکەوەژیان بژین.

سورة التوبة ٩: ١٢٣

ئەی خەڵکی باوەڕدار، شەڕی ئەو خودانەناسانە بکەن، کە لە دەوروبەرتانن. و با زەبروزەنگ ببینن. و بزانن کە خودا لەگەڵ خوداپەرستانە (١٢٣)

مەبەستی سەرەکی ئەو ئایەتە، پاککردنەوەی دوورگەی عەرەبی بوو، لە خودانەناسەکان. کە هانی باوەڕدارانی موسوڵمان دەدا، لە هەرە نزیکەکانی خۆیانەوە دەست پێبکەن، شار بەشاری دوورگەیان لێ پاککەنەوە. لەو کاتەوە فەرمان بە کوشتاری خاوەن پەرتووکەکانیش درا. بە تایبەتی لەشکری ڕۆم لە باکووری دوورگەبوو.[373]
هیچ ڕێگای لە محمد نەدەگرت شەڕ دژی گەلانی خاوەن پەرتووکیش بکا، بۆیە ئەو ئایەتە، خۆ ئامادەکردنە بۆ شەڕی لەشکری ڕۆم لە تەبوک و شێوەیەکی تۆقاندنی لە خۆوەگرتووە. ابن عمر لە پەیامبەری پرسی: مەبەستت لە دەوروبەرتان کێیە؟ گوتی ڕۆم. [374]

---

[373] الطبری، جامع البیان عن تأويل القرآن، تراث الإسلام. المجلد الحادي عشر، ص ٣٢٠
[374] هەمان سەرچاوە ص ٣٢٤

بێجگە لەو چوار ئایەتەی سورەتی التوبة لە سەرەوە، چەندین ئایەتیتر سەبارەت بە هاندانی موسوڵمانان بۆ کوشتنی بێدین و دیندارەکانی سەر بە دینەکانیتر هاتوون.

سورة محمد ٤٧: ٤

هەرکاتی تووشی ئەو خودانەناسانە بوون، لە ملیان دەن. کە خەڵتانی خوێنتان کردن، شەتەکیان دەن. ئەوسا هەر بە چاکە ئازادیان کەن، یا بارمتەیان لێبستێنن. هەتا شەڕ کۆتایی دێ. ئەگەر خودا بیویستایە، بۆخۆی بەسەریاندا زاڵ دەبوو. بەڵام شەڕ بۆ ئەوەیە هەندێکتان بە هەندێکتان تاقیبکاتەوە. ئەوانەی لەڕێی خودا کوژراون، کاریان بە فیرۆ ناچێ(٤)

ئەو ئایەتە بۆ هێرشکردنی موسوڵمان بۆ سەر بێدین، هیچ مەرجێکی دانەناوە. و شێوەیەکی ڕەهای داوەتێ. کەواتە مەرج نییە، ملی بێدین تەنیا لە شەڕ بپەڕێنێ، بەڵکوو لە هەر بارێکدابێ، لە شەقام یان لە کاتی خەویشدا. خەڵتانی خوێنیان کەن. و کۆت و زنجیریان کەن. ئەو ئایەتە شێوەیەکی توندی تۆقاندنە، سەرەڕای ئەوەی موسوڵمانان دەستکراوەن، لە ئازادکردن، یا دیل دەبێ خۆی بکڕێتەوە. لە هەر بارێکدا دەبێ بگەڕێینەوە بۆ سورەتی الأنفال ئایەتی ٦٧، ئەو ئایەتە ڕەچەشکێنبوو بۆ دیل کوشتن و بارمتەوەرگرتن. دواتر بووە یاسایەک بۆ شەڕ و داگیرکاریەکانیتر. و کاریگەری هەزار ساڵەی لەسەر دیل کوشتن و ئەتککردنی ژنان و بە سەبایاگرتنیان هەبووە.

القرآن الکریم – سورة الأنفال ٨: ٦٧

بۆ پەیامبەر نەبووە، دیلی هەبێ، تا زەوی خەڵتانی خوێن نەکا. ئێوە دەستکەوتی دونیاتان دەوێ، و خوداش هی ڕۆژی دوایی (٦٧)

نووسەری قورئان دوو ڕێگای داوەتە موسوڵمان. یان لە چاکەی خۆی ئازادی کا، یان دیلەکە بە پارە خۆی بکڕێتەوە. لەو دوو ڕێگایە بەدەر، لە ملدانیانە. هەروەک لە شەڕی بەدر وایان کرد. هەژارەکانی قورەیش پارەیان نەبوو، تا وەک دەوڵەمەندەکان خۆیان بکڕنەوە. لە ملیان درا. ئەوەش کولتوورێکی عەرەبی پێش ئیسلامە. نووسەری قورئان وەک خۆی، بەردەوامی پێداوە. و هێناویەتیە ناو یاسای ئیسلام.

القرآن الكريم – سورة التوبة ٩: ٧٣

> ئەی پەیامبەر، دژی خودانەناسان و ئەوانەی دووڕوویی دەکەن جیهاد بکە. بە توندوتیژی ڕەفتاریان لەگەڵ بکە. ئەوان جێگایان دۆزەخە، و چارەنووسی دژواریان هەیە (٧٣)

ئەوانە سوێند بە خودا دەخۆن، کە کفریان نەکردووە، کەچی بەردەوامیش کفر دەکەن. دوای ئیسلامبوونیان، دەگەڕێنەوە سەر بێدینی جارانیان. نیازی شتێکیان هەبوو. بەڵام دەرفەتیان وەرنەگرت ئەنجامی بدەن.

محمد لەکاتی خۆ ئامادەکردن بۆ داگیرکاری تەبوک، بەڵێنی بە موسوڵمانان دەدا دوای سەرکەوتن و بەزاندنی لەشکری ڕۆم، کچانی قژکاڵی ڕۆم بەدەست دێنن. کەچی خۆی و سوپاکەی شکەستی هێنا. و بەدەستی بەتاڵ گەڕانەوە.

دوای ئەو شکەستە زۆر لە موسوڵمانان گومان، لە پەیامبەرایەتی محمد دەکەن. هەندێک سووکایەتی پێدەکەن و هەندێکیتر جنێوی بە ئاشکرا پێدەدەن. هەندێکیش تەنیا گاڵتە بەخۆی و قورئان دەکەن.  تابگرە دەستەیەک هەوڵی تێرۆرکردنی دەدەن.

القرآن الكريم – سورة الأنفال ٨: ٣٩

شەڕیان لەگەڵ بکەن، هەتا ئاژاوە نامێنێ. و دینی گشتی خودا دەبێ. سا ئەگەر تەمێ بوون، ئەوا خودا خۆی چاودێرە و دیبینێ (٣٩)

القرطبي دەڵێ، لەو ئایەتەدا پەیامبەری ئیسلام دەیەوێ دەستپێشخەری شەڕ دژی بوتپەرستان بکا، تا نەبنە هۆی ئاژاوەگێڕان، بۆ دینەکەی[375]. کەچی طبری مەبەستی ئەو ئایەتە دەگێڕێتەوە بۆ بنبڕکردنی بوتپەرستان. و تەنیا مانەوەی یەک دین و تاکە خوداکەی[376]. ئەگەر کۆتاییان پێ هێنان واتە کۆتایی هێنانە بە بێدینی، لەبەر ئەوەی لە ڕوانگەی محمد ناکرێ دینێکیتر هەبێ. مرۆڤ بتوانن بەراوردبکەن. ئەوەش بەڵگەیە بۆ نالێبووردەیی دینی محمد و خوداکەی.

القرآن الكريم - سورة الأنفال ٨: ٦٥

ئەی پەیامبەری خودا، بۆ شەڕ هانی باوەڕداران بدە. ئەگەر ئێوە بیست کەس بن و خۆڕاگربن، تواناتان بەسەر دووسەد کەس دا دەشکێنێ. گەر سەد کەستان خۆڕاگربن، بە پشتیوانی خودا دوو هەزارکەس، لەوان ڕادەنێن. چونکە ئەوان خەڵکێکن تێناگەن (٦٥)

لەشەڕدا یەک موسوڵمانی خۆڕاگر، دەتوانێ بەرامبەر دە بێدین و ناموسوڵمان شەڕبکا و بەسەریاندا زاڵبێ. [377] لە ڕاستیدا ئەو ئایەتە ناکۆکە، لەبەر ئەوەی بە سیرێکی ئایەتی دواتر دەردەکەوێ، کە نەسخ بووە. ئەوەش نیشانەیەکە بۆ ئەوەی موسوڵمانان گاڵتەیان بە محمد کردبێ، و گوتبێتیان چۆن یەک شەڕکەری موسوڵمان بە شمشێر بەرامبەر ڕم و نێزەی

[375] السيوطي، الدر المنثور في التفسير المأثور، الجزء التاسع ص ٦٤
[376] الطبري، الجامع البيان لتأويل القرآن الجزء التاسع ص ١٠٢
[377] السيوطي، الدر المنثور في تفسير المأثور، الجزء التاسع ص ١٠٢

ده بێدین ببێتەوە. لە کاتێکدا خۆت دان بەوەدادەنێی کە لە شەڕی بەدر هەزار فریشتە بۆ پشتیوانی موسوڵمانان دابەزین. کۆتایی شەڕ ئێمە و فریشتەکان بەگشتی ٧٠ بێدینمان کوشتبێ.

القرآن الكريم – سورة الأنفال ٨: ٦٦
ئێستا خودا، لەسەرتانی سووککرد. و بێهێزتان تێدایە (٦٦)

بە ڕەچاوکردنی جیاوازی ئەو دووئایەتە یەک لە دوای یەکەی ناو قورئان. ناکۆکیەکی ئاشکرا هەیە. موسوڵمان بەهێزن یان بێهێزن. نووسەری قورئان ناتوانێ بڕیاربدا. ئەوەی دەبینین نەک تەنیا موسوڵمان بێهێزن، بەلکوو قورئانیش بێهێزی تێدایە.[378]

سورة البقرة ٢: ٢١٦

> شەرکردنتان لەسەر نووسراوە، هەرچەندە خۆشتان لێی نایە. ڕەنگە لە شتی حەز نەکەن، بەڵام بۆتان بەچاکە وەرگەڕێ. ڕەنگیشە ئاوات بۆ شتێ بخوازن، کە ئاکامەکەی باش نەبێ. خودا دەزانێ، ئێوە سەری لێدەرناکەن (٢١٦)

لەو ئایەتەدا کوشتارکردن، وەک ئەرکێکی بنەڕەتی ئیسلام بۆ پیاوان دەسەپێنێ. وەک نوێژ و ڕۆژوو، زەکات و حەج. کە دەڵێ کوشتارتان لەسەرنووسراوە، واتە ئەرکێکی سەپێندراوە. جا بەڵیان بێ یان نا دەبێ پێی هەڵسن. ئەوەش لە سورەتی النساء ئایەتی ٧٧ بە ڕوونی پشتڕاستی دەکاتەوە. کە هەندێک لە یاوەرانی محمد ئارەزوویان لە کوشتار نەبووە.

---

378 هەمان سەرچاوە ص ١٠٤

سورة النساء ٤: ٧٧

> کاتێ کوشتاریان لەسەر نووسرا، ئەوکات دەستەیەکیان ، لە خەڵک دەترسن. وەک ترسانیان لە خوداکەمان، بۆچی کوشتارت لەسەرمان نووسیووە (٧٧)

لێرەدا بە ڕاسکاوی قورئان دان بەوە دادەنێ، کە یاوەرانی محمد نەیانویستووە، هاوهۆز و ناسیاوی خۆیان بکوژن، تا بگرە نارەزاییشیان دەربڕیووە. بۆیە محمد بە ناوی خودا، ناچارێ شەڕێکیکردوون کە هیوان نەبووە. چونکە دەیزانی تاکە ڕێگایە بەناوی خودا و دینەوە دەتوانێ ڕەکێشی خوێنڕێژیان بکا. و مرۆڤەکانی کۆمەڵگە بکاتە دوژمنی یەکتری و تاکە پەناشیان بۆ ئەوە ئیسلامبێ، کە بە خۆسی یان ناخۆشی لە سێبەری کۆببنەوە.

السیوطي دەنووسێ: لە سەردەمی قوناخی مەککە پەیامبەر داوای لە باوەڕداران دەکرد یەکتری بگرن. بەڵام دوای کۆچی بۆ مەدینە ئایەتی کوشتاریان لەسەر نووسرا. بەو مانایەش کۆشتار دەبێتە ئەرکێکی سەپاو بۆ سەر باوەڕدار، تەنانەت دژی برای خوێنی خۆشی. [379]
وەک طبري دەڵێ لەسەرتان نووسراوە. و دەبێ بەناچاری بیکەن.[380]

سورة البقرة ٢: ١٩١

> لە هەر شوێنێ تووشیان بوون، بینکوژن، لەو شوێنەشیان دەرکەن، کە ئێوەیان لێ دەرکرد. ئاژاوە زۆر لە کوشتن دژوارترە. نابێ لە دەوروبەری مسجدالحرام شەڕیان لەگەڵ بکەن. مەگەر ئەوان لەوێ شەڕتان پێ بفرۆشن، ئەگەر لەوێش شەڕیان هەڵگیرساند، لە کوشتنیان دەست مەپارێزن، پاداشتی خودانەناسان هەر ئەوەیە (١٩١)

---

[379] السيوطي الدر المنثور في تفسير المأثور، الجزء الأول ص ٥٨٦
[380] الطبري جامع البيان لتأويل القرآن، الجزء الخامس، ص ٦٤٣

القرطبي سەبارەت بەو ئایەتە دەڵێ: ئەو ئایەتە سەبارەت بە عمر بن الحضرمي هاتووە. ئەوکاتەی واقید بن عبدالله التمیمي، لە دوارۆژی مانگی ڕەجەب کوشتی. لەو کاتەدا محمد دەستەیەکی چەکداری بەسەرکردایەتی عبدالله بن جحش نارد.[381] هەندێک لە ڕاڤەکاران دەڵێن ئەو ئایەتە بە ئایەتی ٥ سورەتی التوبة نسخکراوە.

سورة التوبة ٩: ٥

> کاتی مانگە حەرامەکان تێپەڕین، بێدینەکان بکۆژن، لە هەر کوێیەک تووشیان بوون.(٥)

القرطبي درێژەی پێدەدا، و دەڵێ کاتی گیرانی مەککە، بە پەیامبەریان گوت:إبن أخطل خۆی بە پەردەی کەعبە هەڵواسیووە. گوتی: بیکوژن.
دوای ئەوە پەیامبەر خالید کوڕی وەلیدی لە ڕۆژی گرتنی مەککە نارد. و پێیگوت: بە شمشێر دروێنەیان کە. تا لەسەر سەفا پێم دەگەی. ئەوە بوو خالد ئەوەندەی کوشتبوون، عەباس هات و بە پەیامبەری گوت: ئەی پەیامبەری خودا: قورەیش نەما. دوای ئەمڕۆ قوڕیش کۆتاییدێ. هەڵبەتە مەبەستی ئەوەبوو، کە خالد ئەوەندەی کوشتوون.

سورة البقرة ٢: ١٩٣

> لە شەڕکردنیان مەوەستن، تا ئاژاوە لە جیهاندا بنبڕ دەبێ. و تەنیا دینی خودا دەبێ. سا ئەگەر ئەوان دەستبەرداربوون، ئەوا دەستدرێژی نامێنێ، تەنیا دژی ستەمکاران نەبێ (١٩٣)

---

[381] السیوطي، الدر المنثور في تفسیر المأثور، الجزء الأول ص ٤٩٤ – ٤٩٥، القرطبي، جامع لأحکام القرآن الجزء الثاني ص ٣٤٨

ئەو ئایەتە دووشت ڕوون دەکاتەوە. یەکەمیان لە ڕوانگەی قورئان خودانەناس و یان دینەکانیتر. ئاژاوەن. بۆیە وەک پێشگیری لێیان دەبێ بنبڕبکرێن. بەوەش لە فیتنە و ئاژاوەی بێدینان ڕزگاریان دەبێ. دووەم ئەگەر وازیان لە ئاژاوەهێنا.، واتە دەستبەرداری بێدینی خۆیان دەبن، و ئیسلام وەک تاکە دین پەسەند دەکەن. ئەوە پارێزراون نابێ دەستدرێژیان بکرێتە سەر. تەنیا ئەوانە نەبێ کە هێشتا هەر لەسەر بێدینی خۆیان ماون.[382] بە لێکدانەوەی ئەو دوو خاڵە، دەردەکەوێ کە ئیسلام هیچ باوەڕێکی تری پەسند نییە. باوەڕیشی بە ئاستی و پێکەوە ژیان هەر لە سەرەتاوە نوبووە، بۆ دەرفەتی ئەو نا داتە بیروباوەڕی جیاواز، و شەڕفرۆشتنێکی بەبێ هۆیان بەسەردا دەسەپێنێ. تا بێدینان بەوە ڕانەگەن هاوەڵ بۆ خودا پەیدابکەن. ئەوەش بوتپەرستان، بێدینان و هتد.. دەگرێتەوە. بێچگە لە محمد و خوداکەی.[383]

سورة الأحزاب ٣٣: ٢٦ – ٢٧

> ئەی أهل الکتاب، ئەوانەی پشتیوانی ئەوانیان کرد، لە قەڵاکانیان هێنانە خوار. و تۆقاندنیان خستە دڵیان . و دەستەیەکیان، بەدەستی ئێوە لێ کوژران. دەستەیەکیشیان بەدیل گرتن (٢٦) زەوی خانوو و سامانیان، و ئەو خاکەی کە پێتان پێدا نەنابوو، خودا گشتی بە میرات بە ئێوە بەخشی. خودا توانای بەسەر هەموو شت دا هەیە (٢٧)

382 هەمان سەرچاوە، الجزء الأول ص ٤٩٥
383 الطبري، جامع البیان عن تأویل القرآن. الجزء الثالث ص ٢٩٩

ئەو دوو ئایەتە بەپێی زۆربەی ڕاڤەکارانی قورئان مەبەستی بني قريضة بووە. کە چۆن لە قەڵاکانیان دایبنەزاندوون. جا کردنیان بە دوو بەش. بەشێکیان، بەدەستی م[384]وسوڵمانان کوژران. (پیاوەکانیان) بەشەکەیتریان بەدیلگیران، و کرانە کۆیلە (ژن و منداڵ).

بەو پێیە هیچ کەسیان ڕزگاری نەبووە. الطبري دەڵێ: کۆمەڵێکتان کوشنواتە ئەوەی پیاوبوو و توانای شەڕی هەبوو کوشتیان، دەستەیەکیشیان بەدیلگرتن ژن و منداڵ. زەوی و زارەکانیان و ماڵ و سامانیان، خاکێک کە تا ئێستا پێتان نەخستبووە سەری، خودا پێتانی بەخشی[385]

سورة النساء ٤: ٨٤

> لە ڕێێ خودا، شەڕبکە. و تۆ هەر ئەرکی خۆت لەسەرە. دنە و هانی باوەڕدارانیش بدە. بەڵکوو خودا لە بەدفەڕی و زەبروزەنگی خودانەناسان بتانپارێزێ. خودا بە زەبرە و لە تۆڵەشدا دژوارترە (٨٤)

سورة النساء ٤: ٨٩

> ئەو دووڕووانە، هەر وەک خۆیان بێدینن، گەرەکیانە ئێوەش وەک خۆیان لە دین وەرگێڕن. لە هەرکێ تووشیان بوون بیانکوژن (٨٩)

ئەو دوو ئایەتەی سورەتی النساء، دەبینین محمد دەیەوێ هاوسەنگی شکەستی دەقەکانی بۆ موسوڵمانان لەلایەک بە گەف و لەلایەکیتر، تاوانبارکردنی بەرهەڵستەکانی لەناو یاوەرەنای موسوڵمان بە دووڕوو تاوانباربکا. دەڵێ ئەو دووڕووانە، لەلایەک باوەڕیان هێناوە، کەچی

---

[384] السيوطي، الدر المنثور في تفسير المأثور، الجزء الحادي عشر ص ٥٩

[385] الطبري، جامع البيان لتأويل القرآن. الجزء التاسع عشر ص ٧١

هێشتا هەر لە ناو بێدینەکان دەژین. خۆزگە بەوە دەخوازن کە ئێوەی باوەڕدار، وەک ئەوان ببنەوە بێباوەڕ، هەروەک چۆن خۆیان بێباوەڕن. تا وەک یەکتان لێبێ. ئەو ئایەتە بەڵگەیە، بۆ ئەوەی موسوڵمانان لە پەیامبەرایەتی و لۆژیکی قسەکردنی محمد بە گومان کەوتوون. بۆیە محمد پەنا دەباتە بەر خودا و دەیەوێ، بەناوی ئاسمان وورەیان بەرزکاتەوە.

هەندێک لە پێشڕاوانی ئیسلام وەک محمد أسعد و مەولانا محمد علی دەڵێن. ئەو ئایەتە بانگەوازی شەڕ و کوشتنی هۆزی دیاریکراوە، لە کاتی شەڕ، دژی موسوڵمانان، کە پەیمانی ئاشتیان شکاندووە، و هێرشیان کرۆتە سەرموسوڵمانان.[386]

ڕای ڕۆژهەڵاتناسان سەبارەت بە ئایەتی السیف: ئارون شوری[387] ڕەخنەی لە ئایەتی السیف و زۆر ئایەتیتری قورئان گرتووە. و دەڵێ سونەی نەبەوی و حەدیس بە هەمان شێوە پشتگیری لە جیهاد دەکەن. کە دەستەڵاتی باڵایان لە هزری بڵاوبوونەوەی ئیسلام هەیە.[388]

---

[386] Asad, Muhammad: The Message of The Quran. Footnote 7, p. 256. Redwood Books, Wiltshire, Great Britain
Ali, Maulana Muhammad; The Religion of Islam (6th Edition), Ch V "Jihad" p. 414 "When shall war cease". Published by

[387] ئارون شوری Arun Shourie : لەدایکبووی ٢ی تشرینی دووەمی ١٩٤١ ئابووریناس، ڕۆژنامەنووس، نووسەر و سیاسەتمەدارێکی هیندییە. وەک ئابووریناسێک لەگەڵ بانکی نێودەوڵەتی، ڕاوێژکاری کۆمیسیۆنی پلاندانانی هیندستان، سەرنووسەری ڕۆژنامەکانی ئیندیەن ئێکسپرێس و تایمز ئۆف هیندستان و وەزیری پەیوەندییەکان و تەکنەلۆژیای زانیاری لە وەزارەتی ڤاجپای (1998-2004) کاری کردووە .لە ساڵی ١٩٨٢ خەڵاتی ڕامۆن ماگسایسای و لە ساڵی ١٩٩٠ خەڵاتی پادما بوشانی پێبەخشرا.

[388] Shourie, Arun. Indian Controversies, Essays in Religion and Politics ASA Publications, New Delhi-110021

به پێی ئولیڤەر لیمان، ژمارەیەک لە زانایانی موسوڵمان بە پلەی یەکەم ئایەتی السیف بە ئایەتێکی ئاشتەوایی دادەنێن لە سەردەمێکی دیاری مێژوویی.[389]

بە ڕای گوپتا دیپاک زۆربەی موسوڵمانان، پشتگیری لە بیانۆی بەکارهێنانی توندوتیژی، دژی بێدینان دەکەن. ئەوەش بە ئایەتەکانی السیف. هاندانیان و خرۆشاندیان، لەلایەن ئیسلامی توندڕەو.[390]

---

[389] Oliver Leaman (2006). Jewish Thought. Taylor & Francis. .pp 69. -2020 13-03. 2015-12-13.

[390] Gupta ،Dipak K. (2008). Understanding terrorism and political violence: the life cycle of birth, growth, transformation, and demise. Taylor & Francis ، PP 232, 13-03-2020 .

# قورئان و کۆیلایەتی



A Slave market in Cairo, By David Roberts ca. 1848

قورئان نەک تەنیا کۆیلایەتی قەدەخە ناکا، بەڵکوو بۆ ڕەوایی پێدانی، یاسای پتەو وبنبڕی دەرکردن. هەروەها هانیدەدا بۆ کۆیلەگرتن. تەنانەت لە ئایەتەکانی قورئان ٢٩ جار باسی نیکاح لەگەڵ کۆیلە دەکا. ١٥ جار باسی ما ملکت ئیمانکم، ما ملکت أیمانهم و ما ملکت ئیمانهن.

سورة النساء ٤: ٣

وه ئەگەر ترسان کە دادپەروەر نەبن لەگەڵ کچانی هەتیو، ئەوە هەرچەندێك بۆتان کرا لە ژنان، دوو دوو و سێ سێ و چوارچوار نیکاح بکەن، جا ئەگەر ترسان کە دادپەروەر نابن، ئەوە دانەیەك یان هەرچەندێك توانیتان بە دەست بێنن لە کۆیلە، ئەوە چاک یيە بۆ ئەوەی ستەم نەکەن (٣)

سورة النساء ٤: ٢٥

وە هەر یەکێك لە ئێوە ئەگەر نەیتوانی ژنانی ئازادی داوێنپاکی ئیماندار نیکاح بکات، ئەوە با کۆیلەیەك لە کچانی ئیماندار بێنێ (٢٥)

سورة النساء ٤: ٣٦

لەگەڵ دایکان و باوکان و کەسوکاری نزیك و هەتیوان و هەژاران و دراوسێتان و خزم و دراوسێ تەنیشت و هاوڕێ نزیکەکەت و گەشتیار و کۆیلەکانتان چاك بن (٣٦)

سورة النحل ١٦: ٧١

ئەوانەی زیاتریان پێدراوە، بەشێك لە ڕزقەکەیان نادەن بەو کۆیلانەی بەدەستیان هێناون و تا لە گەڵیان یەکسان بن (٧١)

سورة المؤمنون ٢٣: ٦

تەنیا لە سەر هاوسەرەکانیان یا کەنیزەکانیان نەبێ، ئەوانە لۆمەناکرێن (٦)

سورة المعارج ٧٠: ٣٠

تەنیا لە سەر هاوسەرەکانیان یا کەنیزەکانیان نەبێ، ئەوانە لۆمەناکرێن (٣٠)

سەرەڕای زۆر دووبارەکردنەوەی ئەو ڕستەیە، موسوڵمانان کاتی دەگاتە ئەوە ئایەتانە، دەیانەوێ باسەکە بگۆڕن. و خۆیان لێی دەبوێرن. ئەوەش لەبەر سەخڵەتی باسەکە بۆیان.

ئایەتەکانی قورئان بە ڕوونی باس لە دۆخ و مافەکانی کۆیلە لە ڕووی یاساییەوە دەکەن. جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە، کە کۆیلەن و دەبێ باش لەگەڵیان بجوولێنەوە. بەڵام بە ووردبوونەوەیەک دەردەکەوێ، خاوەن کۆیلە، بڕیاردەرە لە سەر چارەنووسی. و دوو مافی ڕەهای بەرامبەر کۆیلە هەن. یەکیان مافی خاوەنداریەتی کۆیلەیە. مافەکەیتریشی دەتوانێ ئازادی بکا. بەڵام خاوەنداریەتی زۆر لە ئازادکردن زیاترە. ئازادکردنیشی، بە هەڵومەرجی دەگمەن بەستراوەتەوە، و بە ئارەزووی خاوەنەکەیەتی. واتە هیچ یاسایەک نییە ناچاری بکا. بە پێچەوانەوە، قورئان گشت هەڵبژاردەکانی داوەتە دەست خاوەن کۆیلە.

## پرسی کۆیلە، و خۆ کاوێژکردنەوەی موسوڵمانان

هەرچەندە هەندێ لە زانا موسوڵمانەکان، دەڵێن ئیسلام بە یاسا کۆتایی بە کۆیلایەتی هێناوە. بەڵام لەکاتی سەلماندنی، تەمنیا خۆیان کاوێژدەکەنەوە. و بەڵگەیەکیان بۆ سەلماندنی، نەداوەتە دەست. مرۆڤ لەو شێوە دەربڕینانە سەرسام دەبێ. کە تەنیا لە درۆ و لەخشتەبردن زیاتر نیین. باشە ناڵێن قورئان بۆ گشت سەردەم و شوێنێک دەبێ؟.

ئایەتەکانی قورئان سەبارەت بە کۆیلە و ژیانیان و ماف و ئەرکەکانیان دێنینەوە. ئەگەر دەڵێن قورئان پەرتووکێکی بێ کەم و کوورییە، با بێن لەو سەردەمە بیخەنەکار. و ئایەتێک بێننەوە، کە کۆیلەی قەدەخەکردبێ. بەڵکوو لە سەرتاسەری ئایەتەکانی قورئان چارەنووسی کۆیلەی داوەتە دەستی ئارەزووی تاکی خاوەن کۆیلە. بەو مانایەش کۆیلە وەک گشت کاڵایەکیتری تاڵان یان کڕدراو، سامانی تاکە کەسی خاوەنەکەیەتی. ئەی بۆ نەبی خۆی لەگەڵ کۆیلەکەی (ماریە) جووت بوو. قورئانیش ڕەوایی پێدا:

سورة التحریم ٣٣: ١

ئەی پێغەمبەر بۆ چی ئەوەی خودا بۆی حەڵاڵکردووی، لە خۆت حەرام دەکەی. تۆ دەتەوێ ڕەزامەندی هاوسەرەکانت بەدەست بێنی، و خودا لێبووردە و دڵۆڤانە (١)

ئەو ئایەتە بە ڕوونی ڕێگەی بە محمد داوە، لەگەڵ ماریەی قبتی جووتبێ. ئەگەر موسوڵمان پێی وایە قورئان هێشتا مابووی و محمد زوو مرد. بۆ بیر لەوە ناکەنەوە کە ئیسلام وەک دین کۆتایی پێهات.

سورة المائدة ٥: ٣

لەمڕۆوە دینەکەتانم تەواو کرد، و بڕشتی خۆمم بەسەرتاندا کۆتایی پێهێنا. ئیسلامیشم  بە دین بۆ ئێوە هەڵبژارد. (٣)

ئەی محمد نەیگوت ئەوڕۆ دینەکەتانم تەواوکرد؟ چۆن دینێکی تەواوکرد و بازاڕی نەساخە هەروەک خۆی مایەوە. بۆ خودای محمد شەڕابی قەدەخەکرد، بەڵام کۆیلەی بەبیر نەبوو.

یان بە پێچەوانەوە لەسەرەتای پەیدابوونی دینی ئیسلام قەدەخەبوو. نە یەهودی، کریستیان یا یەهودی نەساڕی کۆیلەیان نەبوون. ئەو ئایەتانەی سەبارەت بە جاریە و کۆیلە دوای مردنی خەدیجە یان دوای دە ساڵ لە هاتنی بانگهێژ بۆ محمد. نەک لە سەرەتا. ئەوە تەنیا مانایەک دەدا، دوای مردنی خەدیجە و پچڕانی محمد لەگەڵ دینی یەهودی نەساڕی ئازادی و ئارەزووی سێکس لەگەڵیان وای دەویست. چۆن محمد دژایەتی هۆزی قورەیشی دەکرد کە هێشتا موسوڵمان نەبووبوون!! و بە بوێرییەوە، داوای یەکگرتنی و یەکتاپەرستی لێدەکردن.

بە پێی قورئان خودا فرۆشتنی شەڕاب، گۆشتی مردوو، بەراز و بوتی قەدەخەکردن. بەڵام فرۆشتن و کڕینی مرۆڤ ڕەوابوو. ئەوەش لە کۆتایی بانگهێژی بە تەواوی جێگیریکرد.

دیارە بابەتی خاوەندارێتی کۆیلە و جاریە و ملک الیمین و ئەوەندە گرنگ نەبووە، کە دەقێکی ڕوونی لەسەر بێ و قەدەخەی بکا. سەرەڕای هاتنی زۆر ئایەتی قورئان، بۆ سادەترین بابەتەکانی پەیوەست بە ژیانی محەمەد هاتوون، بۆ نموونە بۆ... هاوسەرگیریەکانی محمد، و بۆ ئەوەی ژنەکانی لە کەسانی تر جیا بکاتەوە (وکە ئەوان لە ژنانی پاک و خاوێن باشترن).

سەرەڕای ئەو هەموو ناتەواویە، ڕاڤەکار و لێتۆژەرەوانی موسوڵمان، زانیاری ئایەتەکانی قورئان لەسەر کۆیلایەتی بە دیاردەیەکی مەزن دادەنێن، کە ئەوە یاسایە بۆ گشت کات و شوێن دەبێ. بەپێی گوزارەی ئەوان، ئەو ئایەتانە ئاماژەن بۆ قەدەخەکردنی کۆیلایەتی.

لە سەدەی بیستەمەوە،گشت پەیمان و گرێبەستەکانی جیهانی و کۆمەلگە ئازادەکان بە فەرمی کۆیلایەتیان قەدەخەکردووە. کەچی لە وولاتانی ئیسلام سەبارەت بو باسە گرنگە هەواڵێک نییە. ڕەنگە بڵێن بەندەکانی ئەو پەیمان و بەڵگەنامانە، بەشێکن لە ئایەتەکانی قورئان؟؟؟

لەو سەردەمی زانست و هوشیاری گەلان کە بە هەراو باسی ئازادی و یەکسانی مرۆڤ دەکرێ، کەچی تا ئێستاش موسوڵمان هەن، بە بیانووی بێ بنەما بەرگری لە کۆیلایەتی دەکەن، هەروەکوو چۆن بەرگری لە فرەژنیش دەکەن. لە ڕاستیدا ئەوانە موسوڵمانی ڕاستەقینەن، لەبەر ئەوەی ڕووی ڕاستی ئیسلام ئەوەیە.

یەک لە شێخە بەرزەکانی سعودی سعد البريک دەڵێ:

> فەلەستینیەکان ئەو کارە لەگەڵ یەهودی بکەن، ژنەکانیان مافی شەرعی خۆتانە، خودا لێتانی حەڵاڵ کردووە، بۆ نایانکەنە کۆیلە؟!!

هەروەها لە ساڵی ٢٠٠٣ شێخی سعودی صالح الفوزان فتوایەکی دا:

> دەڵێ کۆیلایەتی، بەشێکە لە ئیسلام و بەشێکە لە جیهاد، جیهادیش تا ئیسلام مابێ، هەر بەردەوامە.[391]

دوای ئەوە شێخ فوزان، بەوەش ناوەستێ. و هێرش دەکاتە سەر ئەو زانا موسوڵمانانەی، پێچەوانە ئەویان گوتووە. و بە (نەزان و تەنیا نووسەر) ناویان دەبا. هەروەها دەڵێ: هەرکەس، شتی وا بڵێ بێدین و کافرە.[392]

زانایانی موسوڵمان سەبارەت بە پرسی قەدەخەکردنی کۆیلایەتی دەڵێن: ئیسلام ڕاسپێری ئەوەی کردووە، کە لەگەڵ کۆیلە هەڵسوکەوتی باشبکرێ. و محمد خۆیشی کۆیلەی هەبوو.

---

[391] سایتی سيرة الشيخ https://dralfawzann.com/page/1

[392] شایەنی باسە کە شێخ فوزان ئەو پلەو پایانەی هەبوو، کە ئەو فتوایەی دا:
عضو مجلس كبار رجال الدين الذي هو أعلى هيئة دينية في المملكة العربية السعودية
وعضو مجلس الأبحاث الدينية وخطيب مسجد الأمير متعب في الرياض ومحاضر في جامعة الإمام محمد بن سعود الإسلامية التي هي مركز التعليم الوهابي الرئيسي في الدولة.

قورئان وەک سەرچاوەی پیرۆزی دینی ئیسلام ڕەوایی داوە بە کۆیلایەتی، بۆیە نکۆڵیکردن لە ڕەوابوونی کۆیلایەتی لە ناو ئیسلام، نکۆڵیکردنە لە ئایەتەکانی قورئان، کە بە ڕوونی ڕەوایی پێداون. و مافی تەواوی داوەتە خاوەن کۆیلە، تا ئەو ئاستەی لەگەڵیشیان جووت بن.

کۆیلەکردنی ئازاد، بەو مانایە نایە، بەڵکوو مەبەستی کەسێکی موسوڵمان کردنە کۆیلە. لەبەر ئەوەی کەسێکی لەسەر دینێکیتر لەشەڕ بە دیل بگیرێ. تا ئازادیش بێ لە ڕوانگەی محمد و ئیسلام ئازاد نییە. یان ژنێکی ئازاد لە دینێکیتر یان بێدین هەرگیز لە ڕوانگەی ئیسلام بە ئازاد دانانرێ.

عومەر بن خەتاب بە ئاشکرا لە سەردەمی خۆی جاریەی قەدەخەکردن سەرپۆش دانێن. تا بگرە لێدانی لە جاریە لآل أنس دا، لەبەر ئەوەی خۆی داپۆشیبوو. و پێی گوت (لا تتشبهي بالحرائر) واتە ئازاد و ڕەوشت باشەکان، بەلای عومەرەوە گشت موسوڵمانیش ئاکارباش و ئازاد نەبوون.

زۆر جار دەڵێن محمد، خۆی کۆیلەی ئازادکردووە. بەڵێ یەک کۆیلەی دوای ژیانێکی بەدبەختی ئازادکرد. کەچی حکیم بن خویلد بن أسد برای خدیجة هەر لەو کاتەدا سەد کۆیلەی هەبوو. کەوایە بۆ لە کات و ناکات دەڵێن ئەوە نییە، محمد کۆیلەیەکی ئازادکرد. بەڵام ناڵێن محمد ٤٠ کۆیلەی تری هەبوون. زۆر بە ئارەزووەوە دەڵێن کۆیلەیەکی هەبوو، و ئازادیکرد. کەچی ناڵێن دوای ئەوە زۆر کۆیلەی تری پەیداکردن. هەرگیز ناشڵێن بەکۆیلەی کردن، بەڵکوو دەڵێن ئازادیکردن و وەریگرتن. ئایا بە میرات لە باپیرەی وەریگرتن؟.

ئەگەر ڕێبازی محمد بەڕاستی قەدەخەکردنی کۆیلایەتی بوو، بۆ لەخۆیەوە دەستی پێنەکرد. بۆ لەسەرەتای بانگهێژ کۆیلەی وەرگرت؟ دواتریش زۆرتری وەرگرتن. دوای مردنی ٤ جاریەی لە دوا بە جێمان.

إبن القییم دەڵێ: چوار جاریەی هەبوون، ماریە کە دایکی ئیبراهیمی کوڕی بوو، ڕەیحانە، جاریەیەکیتر بەناوی جەمیلە و جاریەکیش زەینەب کچی جحش پێشکەشیکرد.[393]
بێجگە لەوانە محمد نزیکەی ٢٠ کۆیلەی لە دوا بەجێما.

تەنیا محمد کۆیلەی نەبوون بەڵکوو ژنەکانیشی کۆیلەی زۆریان هەبوون. تەنیا عائیشە ٦٧ کۆیلەی ئازادکرد. باشە عائیشە تەمەنی ٩ ساڵ بوو هاوسەرگیری لەگەڵ محمد کرد، ئەو هەمووکۆیلەی لە کوێ هێنا. ئایا ئەوانە کۆیلەی شەڕبوون، یان بە سامانی خۆی کڕینی یان بە سامانی أبو بەکری باوکی؟ ئایا بازاڕی کڕین و فرۆشتنی کۆیلە تا ئەو ئاستە چالاک بوو؟ چۆن توانی ئەو هەموو سامانە بەدەست بێنێ، کە خۆی لە ناوەڕاستی گەشەسەندنی ئیسلام مێردی بە محمد کرد؟ ئەی چارەسەرکردنی کێشە کۆمەڵایەتیەکان لە کوێن وەک خۆیان پڕۆپاگاندەی بۆ دەکەن؟

کاتی ناکۆکی لە نێوان عائیشە و عبداللە بن زبیر دروستبوو، لەسەر ئەوەی عائیشە دەیگوت هیچ کۆیلەی نەبووە ..... کەچی لە کۆتایی دانی پیانا، کە ٤٠ کۆیلەی وەرگرتووە[394].

سەرەڕای ئەوە چەندین حەدیس هەن بە ئاشکرا ئاماژە بەوە دەکەن کە محمد دژی ئازادکردنی کۆیلە بووە.

---

[393] إبن قیم الجوزي (٢٠٠٩) زاد المعاد في هدي خير العباد ج١، ص ١١٤
[394] البخاري، صحيح البخاري ج ٧ ص ١١٨

یەک لەو بەسەرهاتانە، دایکی ئیمانداران میمونة بنت الحارث بوو، کە وەلیدەی کۆیلەی ئازادکرد، بەبێ ئەوەی پرس بە محمد بکا، کاتی شەوی خۆی هات کە محمد سەرجێی بکا، گوتی: ئەی پەیامبەری خودا، هەستم بەوەکرد، کە وەلیدە ئازادکەم.
لێی پرسی: واتکرد؟ گوتی بەڵێ.
گوتی: ئەگەر بتدابویە یەک لە ماڵە خاڵەکانت خێرێکی گەرەت دەکرد.[395]

جارێکیان دەگێڕنەوە، یەک لە ژنەکانی عومەر بەیانی و ئێوارە نوێژی بە کۆمەڵ (الجماعة) لە مزگەوت دەکرد، إبن عومەر پێی گوت، بۆچی دەچیتە دەرەوە لە کاتێکدا دەزانیت عومەر ڕقی لەوە دەبێتەوە و ئیرەیی دەبات؟ ژنەکە گوتی: چی ڕێگری، ئەوەی لێدەکا، من قەدەغە بکا؟ گوتی: بە فەرمودەیەکی پەیامبەری خودا، ڕێگریت لێدەکرێ، کە دەڵێ: ڕێگری لە ژنە کۆیلەکانی خودا لە مزگەوتەکانی خودا مەکەن. (فەرموودەی ژمارە 900) [396]

لە حدیسێکی أبی هریرة هاتووە، کە نەبی محمد فەرموویەتی: دوو شت موسوڵمان نابێ بیانکاتە خێر، کۆیلە و ئەسپەکەی(حدیث رقم 1464) ئەو حدیسە گرنگی لەوەدایە مرۆڤێک، کە لەبەر بەدبەختی کرابێتە کۆیلە، لەگەڵ ئەسپێک یەکسان بکرێ.
لەو حەدیسانەی سەرەوە، چەند خاڵێک دەسەلمێنن:
١ مرۆڤ (کۆیلە) لە کۆمەڵگەی عەرەبی کاڵایەک بووە، زۆر جار بۆ چەندین خاوەن، ئەوەش مانای لە ڕستەی (من أعتق شـِركـًا له فى عبد)
٢ پشتڕاستکردنەوەی ئاڵوگۆڕی کڕین و فرۆشتن پێکردنیان، وەک هەر کاڵایەکیتر.

---

[395] فتح الباري شرح صحيح البخاري. ابن حجر العسقلاني. احمد بن علي بن حجر العسقلاني. الرقم: ٢٥٩٢، سنن الكبرى – النسائي جزء ٣ الصفحة ١٧٩
[396] موختار الصحيح - مطبعة ئەلعامرى في مصر - سنة ١٩١١ - ص ٣٨

٣ مرۆڤ (كۆيله/ كاڵا)دابەشی سەر چەندین هاوبەش دەكرێن. ئەوەش مانای لە حدیسێک دێ، کە دەڵێ:

فأعطی شرکاءه حصصهم.

ئەوەش گەیشتە ئەو ئاستەی ژنی زیناکار دوای جەڵدە لێدانی ئەوسا بفرۆشرێ.[397]

[397]طلعت رضوان، العبودية في صحيح البخاري (٤) الحوار المتمدن العدد: ٤٩٨٢ يوم ١١-١١-٢٠١٥

# دۆزەخ و پاشخانی مێژوویی



ترساندن بە سزای دوارۆژی دوای مردن، لە هەموو دینەکان و هەموو ڕێبازە جیاوازەکان بۆ دینداران هەبووە. بەڵام ناوەرۆکی سزادانەکە دەگۆڕێ، ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ژینگەی

کۆمەڵایەتی و چۆنیەتی بانگهێژی دین، و تا چەند لۆژیکی تێدایە. و ئاستی زانین و شارستانیش بۆ ترساندن یا پاداشت ڕۆڵێکی گەورەی هەبووە.

## چمکی جەهەنەم لەناو دیندا

مەبەستی سەرەکی لەو باسە باسی دۆزەخ (جهنم) لە قورئاندایە، بەڵام بەر لەوەی ڕوومانی دۆزەخی خودا لە قوڕئان بکرێ، وا چاکە ئەگەر بە کورتیش بێ باسی مێژوو و جوگرافیای جەهەنەم (دۆزەخ)، و هاتنی بۆ ناو دینە ئیبراهیمەیەکان، و پەرەسەندنی بخرێتە ڕوو.

## هەڵکەوتەی جوگرافی دۆڵی هینۆم

دۆڵی هینۆم یان (دۆڵی کوڕی هینۆم)، ووشەی (گێ یان جێ، Ge) لە زمانی عیبری بە دۆڵ دێ. ئەو دۆڵە دۆڵی هینۆم Ge-hinnom ئێستا بە ناوی (واد الربابی) ناسراوە، لە باشووری شاری ئۆڕشەلیم.

دۆڵی هینۆم لە ساڵی ١٨٦٥ی پ.س.ب، هەروەها دواتر لە ساڵانی چلی سەدەی ڕابردوو، کاتی ڕووپێوی نە خشەی ئۆڕشەلیم کرا، دۆڵی هینۆم لەگەڵ واد الرِبابی ناسێندرا. بەڵام دیارکردنی شوێنی ڕاستی دۆڵی هینۆم، لە سەرەتادا کێشەی لەسەربوو، جۆرج ئادەم سمیث ساڵی ١٩٠٧ نووسی گریمانەی سێ شوێن هەیە[398].

١ ڕۆژهەڵاتی شاری ئۆڕشەلیمی کۆن (ئەمڕۆ بە دۆڵی یۆسافات ناسراوە)

---

[398] Smith, G. A. 1907. Jerusalem: The Topography, Economics and History from the Earliest Times to A.D. 70, pages 170-180. London.

٢ لەناو شارە کۆنەکەدا (ئەمڕۆ بە دۆڵی تیرۆپۆیۆن ناسراوە): زۆرێک لە شرۆڤەکاران شوێنەکە وەک خوار دیواری باشووری قودسی کۆن دەخەنە ڕوو، کە لە دامێنی چیای زایۆنەوە، بەرەو ڕۆژهەڵات بە تیرۆپۆیۆن دا تێدەپەڕێ، تا دۆڵی کیدرۆن. هەرچەندە دۆڵی تیرۆپۆیۆن بەزۆری پەیوەندی بە دۆڵی هینۆمەوە نەبووە. چونکە لە سەردەمی ئەحاز و مەنەسەدا، تیرۆپۆیۆن لەناو دیوارەکانی شوورەی شاردا بوو. کەچی قوربانیکردنی منداڵ لە دەرەوەی شوورەی شار ئەنجام دەدرا.

٣ وادی الڕبابی: دالمان[399] و واتسۆن (١٩٩٢)[400] لەو باوەڕەدان، کە واد الربابی، لەگەڵ دەربڕینی یەشوع دەگونجێ، کە دۆڵی هینۆم لە ڕۆژهەڵاتەوە بۆ ڕۆژئاوا دەڕوات و کەوتۆتە دەرەوەی دیوارەکانی شوورەی شار. بە گوتەی یەشوع، دۆڵەکە لە ئەن-رۆگێلەوە دەستی پێکردووە. ئەگەر بیر ئەیوبی مۆدێرن ئەن-رۆگێل بێت، ئەوا واد الربابی کە لەوێوە دەست پێدەکات، دۆڵی هینۆمە.[401]

ئێستا ناوی دۆڵی هینۆم، بۆ ئەو دۆڵەی دەوروبەری شاری کۆنی ئۆڕشەلیم، و چیای زایۆنی تەنیشتی لە ڕۆژئاوا و باشوورەوە بەکاردێ. کە لەگەڵ دۆڵی کیدرۆن بەیەک دەگا، و تێکەڵ دەبێ. ئەوەش دۆڵێکی سەرەکی دیکەی دەوروبەری شاری ئۆڕشەلیمە، و دەکەوێتە گۆشەی باشووری ڕۆژهەڵاتی ئۆڕشەلیمی کۆن. کە ئێستا بە (واد الربابی) ناسراوە. (بە عەرەبی: وادي الربابة "دۆڵی ڕەباب"). بەشی باکووری ڕۆژئاوای دۆڵەکە ئێستا پارکێکی شارستانییە.[402]

---

[399] Dalman, G. 1930. Jerusalem und sein Gelande. Schriften des Deutschen Palastina-Instituts 4

[400] Watson, Duane F. Hinnom. In Freedman, David Noel, ed., *The Anchor Bible Dictionary*, New York Doubleday 1997, 1992.

[401] Geoffrey W. Bromiley, *International Standard Bible Encyclopedia*:

[402] Mitchell, Hinckley G. (1903). "The Wall of Jerusalem According to the Book of Nehemiah". *Journal of Bible Literature*. 22: 108.




دۆڵی هینۆم لە باشووری ئۆڕشەلیم




نەخشەی ئۆڕشەلیم کە دۆڵی هینوم دەکەوێتە وادی الربابی



Valley of Hinom  now. جەهەنەم، دۆڵی هینۆم ئێستا

# مێژووی دۆڵی هینۆم (جەهەنەم)

دۆڵی هینۆم بۆ یەکەمجار لە پەرتووکی پیرۆزی عیبریدا، وەک بەشێک لە سنووری نێوان هۆزەکانی یەهودا و بنیامین باسکراوە (یەشوع ١٥: ٨). لە کۆتاییەکانی سەردەمی پەرستگای یەکەم دەوروبوری ٩٥٧ پ.س.ب، شوێنی تۆفێت[403] بوو، کە هەندێک لە پاشاکانی یەهودا منداڵەکانیان کردبووە قوربانی، و بە ئاگر دەیانسووتاندن (یەرمیا ٧:٣١).[404]

بە پێی ئینسکلۆپێدیای بەریتانی، شوێنی گێ هینۆم (دۆڵی هینۆم یا دۆڵی بن هینۆم)، بەپێی گێڕانەوەی مێژوو، ئیسرائیلیەکانی سەرەتایی، لەو شوێنە منداڵەکانیان کردۆتە قوربانی مۆلۆخ، بەڵام نەوەکانی دواتری بەنی ئیسرائیل لە کتێبی پیرۆزدا، زبڵ و خاشاکی شارەوانی ئۆرشەلیمیان لێ سووتاندووە. و بەپێی تێپەڕبوونی کات، ناوەکەی بۆ گێهەنا (Ge- hinna) گۆڕا. کە ئۆردوگایەکی فراوانە بۆ ئەشکەنجەدانی گوناهکاران بە ئاگر تەرخانکراوە.[405]

دواتر، لە پەیمانی کۆن، لەلایەن پەیامبەر یەرمیا نەفرەتی لێکرا (یەرمیا ١٩ :٢-٦). لە ئەدەبیاتی ڕابینی یەهودی دواتردا، گێهینۆم لە ڕۆژی سەڵای (یوم القيامة) یەهودیان وەک شوێنی مەبەستی گوناهکاران پەیوەست بوو بە سزای خوداییەوە. ئەوەش جیاوازە لە زاراوەی بێلایەن (گۆڕ) کە شوێنی ئارامگرتنی مردووانە.

---

[403] زاراوەی ئینجیلی تۆفێت Tophet لە دینەکۆنەکان، بەو گۆڕەپانە کراوەیە دەگوترا، کە قوربانی بۆ خوداکان لێدەکرا. لە ڕوانگەی دینیەوە، بە شوێنێکی پیرۆز دادەنرا. بە شێوەیەکی ئاسایی، دەبووە شوێنی پاشماوەی سووتاوی ئاژەڵ و/یان منداڵان.

[404] *Watson E. Mills; Roger Aubrey Bullard (1990). Mercer Dictionary of the Bible. Mercer University Press. p. 319.*

[405] Encyclopedia Britannica

ئەو دۆڵە، بە پەرستنی مەلۆخ بەناوبانگ بوو. هەر لەبەر دەم پەرستگای مولۆخ ڕیتوالەکانی سوتاندنی منداڵانی قوربانی، لەلایەن دایک و باوکیان بەڕێوە دەبر. دواتر بڕیاردرا، ئەو دۆڵە بکرێتە شوێنی ناشتنی گوناهکاران. لێرە بە دواوە بە دۆڵی هینۆم Ge-hinnom وەک شوێنی سزا، ناسرا.[406]

یەکەم جار ناوی جەهەنەم لەوەوە هات، لە سەردەمی کەنعانیەکان، کەسێک بەناوی هینۆم منداڵێکی خۆی لەبەردەم بوتی مۆلۆخ ، وەک قوربانی سووتاند. بۆیە ئەو شوێنە ئەو ناوەی لێنرا. هەر لە زووەوە بە ناوی دۆڵی هینۆم یا دۆڵی بن هینۆم ناسراوە. کەنعانیەکان لەسەر ئەو ڕیتوالە بەردەوام بوون. کاتێ هەر قوربانیەکیان بۆ خودای بەعل یان خودای مۆلۆخ دەکرد. لە ئاگردانی خودای مۆلوخ، منداڵەکانی خۆیان وەک قوربانی دەسووتاندن.

خودای (مۆلەخ یا مولوخ)، بریتبووە لە بوتێکی گەورە. بەشی خوارەوەی لە شێوەی جەستەی مرۆڤ بووە. و سەری وەک سەری گا بووە.

مۆلەخ ناو جەستەی ئاگردانێکی گەورەی تێدابوو، بە جەهەنەم ناسرابوو. هەروەها لەسەرەوەی ئاگردان، حەوت دەرگای بچووک هەبوون.

[406] Jewish Encyclopedia, GE-HINNOM, or GE BEN-(BENE-)HINNOM:

# جەهەنەم لە تەورات

مۆلۆخ، لەدەقەکانی زمانی عیبری بە مۆلیک، و لە ئارامی بە مالیک ناودەبرا. ئەو بوتە لەدوای بەعل، بە دەستەڵاتدارترین خودا بوو. کە کەنعانیەکان قوربانیان بۆ دەکرد. تا لە گوناهیان خۆشبێ.

لە تەورات پەرتووکی پیرۆزی یەهودیان، لە هەردوو پەرتووکی ئەفراندن و دەرچوون، کە دوو لە هەرە کۆنترین پەرتووکەکانی تەوراتن، ناوی جەهەنەم نادۆزرێتەوە. و سزای دوای مردن بوونی نییە. بەڵکوو سزادانی گوناهکاران لە سەرزەوی دانراوە. کەچی لە پەرتووکی سێەمی تەورات، پەرتووکی لیڤیەکان نەفرەت لە مۆلەخ و سوتاندن دەکا.

پەیمانی کۆن - لیڤیەکان ١٨: ٢١

> (٢١) منداڵەکانتان وەک قوربانی بۆ مۆلەخ مەسووتێنە، نەوەک ناوی خودای خۆ بزرێنی.

بەپێی ئەو دەقە بوونی مۆلەخ و سوتاندن، لە سەرەتای دینی یەهودی نەفرەتی لێکراوە. و فەرمان بە دینداران کراوە، کە لە قوربانیدان، و سوتاندنی منداڵان دوورکەونەوە. بەو کارە ناوی خودا دەزرێنن.

لە پەرتووکی دواووتار، پەرتووکی پێنجەمی تەوراتە، فەرمان بە بەنی ئیسرائیل دەکا. کە لە کەنعانیەکان دوورکەونەوە. تێکەڵاویان مەبن. لەبەر ئەوەی خودا نەفرەت لە نەرێتە قێزەوەنەکانیان دەکا. لەوانە منداڵ وەک قوربانی بۆ خودا سووتاندن یان فاڵگرتنەوە، و هتد.

پەیمانی کۆن - دواووتار ١٨: ٩ – ١٣

(٩) کاتێک چوونە ناو ئەو خاکەی کە خودای پەروەردگارتان پێتان دەدات، فێر مەبن وەک نەریتە قێزەونەکانی ئەو نەتەوانە بکەن .(١٠) ئەوانەتان تێدا نییە کە کوڕەکەی یان کچەکەی وەک قوربانی بسووتێنێ، هەروەها نە ئەوانەی فاڵگرتنەوە دەکەن و نە بەخت خوێندنەوە، و نە جادووگەری و نە سیحربازی، (١١) نە ئەوانەی نوشتە دەکەن و نە ئەوانەی نێوانگر و نە ئەوانەی گیان ئامادەکارن، و نە ئەوانەی ڕاوێژ بە مردووان دەکەن، (١٢) چونکە هەرکەسێک ئەم نەریتانە پەیڕەو بکا لەلای خودا قێزەونە، هەر بەهۆی ئەم نەریتە قێزەونانەیە خودای پەروەردگارتان نەتەوەکان لەبەردەمتان ڕاو دەنێ. (١٣) لەلای خودای پەروەردگارتان بێ کەموکوڕی دەبن.

بەڵام بە تێپەڕبوونی کات، و ئەنجامی تێکەڵاوبوونی نەوەکانی یاقوب (بنی ئیسرائیل) لەگەڵ کەنعانیەکان، بە تایبەتی دوای دروستبوونی پاشانیشینی یەهودا و نەوەکانی داود. ئەو کولتوورەش هەنگاو بە هەنگاو، خزایە ناو دینی یەهودی. ئەفسانەی جەهەنەمیش لە ناو پەرتووکی نەبیەکان بەدیارکەوت.

پەیمانی کۆن - دووەم پاشایان ٣: ٢٧

(٢٧) ئینجا کوڕە نۆبەرەکەی، ئەوەی لە جێی ئەو دەبوو بە پاشا، لەسەر شوورەی شارەکە کردە قوربانی سووتاندن. ئەوە بووە تووڕەییەکی گەورە لە دژی ئیسرائیل، پاشەکشەیان لێی کرد و گەڕانەوە خاکی خۆیان.

پەیمانی کۆن - دووەم پاشایان ٢٣: ١٠

(١٠) ئینجا تۆفەتی، دۆڵی جە هینۆمی گڵاوکرد، بۆ ئەوەی کەس کوڕەکەی یان کچەکەی بۆ مۆلەخ وەک قوربانی نەسووتێنێ.

## مەسەنە دەبێتە پاشای یەهودا

دوای ئەوەی مەنەسە (manasse) (٦٩٥ – ٦٤٢ پ.س.ب) کوڕی حیسقیا (Hiskia) پاش مردنی باوکی، دەستەڵاتی پاشایەتی ئۆرشەلیمی گرتە دەست، قوربانیکردن و ڕێتوالەکانیتری کەنعانییەکان، بە تێکڕا هاتنە ناو ڕایەڵەی دینی یەهودی و پیرۆزیەکانی.

دووەم پاشایان ٢١: ١ – ٦

پاشایەتی مەنەسە

(١) کاتی مەنەسە بووە پاشا، کوڕێکی دوازدە ساڵان بوو. پەنجا و پێنج ساڵ لە ئۆرشەلیم پاشایەتی کرد، ناوی دایکیشی حەفچیڤا بوو .(٢) لەبەرچاوی خودا خراپەکاری دەکرد، وەک نەریتە قێزەونەکانی ئەو گەلانەی کە خودا لەبەردەم نەوەی ئیسرائیل دەریکردبوون .(٣) جا گەڕایەوە و ئەو پەرستگایەکی لە سەر بەرزایی بنیاد نایەوە، کە حەزقیای باوکی وێرانی کردبوون، هەروەها چەند شوێنی قوربانی بۆ بەعل دانا و ستوونە ئەشێرایەکی دروستکرد، وەک ئەوەی ئەحاڤی پاشای ئیسرائیل دروستی کردبوو، کڕنۆشی بۆ هەموو هێزەکانی ئاسمان برد و ئەوانی پەرست .(٤) چەند قوربانگایەکیشی لە پەرستگای خودا بنیاد نا، ئەوەی خودا فەرمووی، ناوی

خۆم لە ئۆرشەلیم دادەنێم .(٥) لە هەردوو حەوشەکەی پەرستگای خودا قوربانگای بۆ هەموو هێزەکانی ئاسمان بنیاد نا .(٦) کورەکەی خۆشی وەک قوربانی سووتاند، بەختی خوێندەوە و فاڵی گرتەوە، نێوانگر و ڕۆح ئامادەکاری بەکارهێنا، لەبەرچاوی یەزدان خراپەی زیاتریشی کرد بۆ پەستکردنی.

دوای مەنەسە قوربانی لە جەهەننەم نەما. بەڵام ناوی جەهەنەم بۆ هەتاهەتایە، وەک تۆقاندن و ئاگری خودا، هاتە ناو دەقەکانی پەرتووکە پیرۆزەکان.



شوێنەواری گۆڕەکانی دۆڵی هیۆنوم لە باشووری ئۆرشەلیم
کە ساڵانە گەشتەوانان وەک شوێنێکی مێژوویی سەردانی دەکەن

# گ‌ هینۆم له بواری شوێنەوارناسی

بابەتی سەرەکی: تۆفێت

قوربانیکردنی منداڵ له تۆفێتەکانی تر کە هاوچەرخ لەگەڵ گێڕانەوەی پەرتووکی پیرۆز (٧٠٠-٦٠٠ پ.س.ب) له سەردەمی ئەحاز و مەنەسە دامەزراوە، هاوشێوەی ئێسکی منداڵان، کە لە تۆفێتدا قوربانی خوداوەند تانیت له قیرتاجی فینیقی[407]، و هەروەها قوربانیکردنی منداڵان له سوریا - ئیسرائیلی کۆن. زانایانی وەک مۆسکا (1975) گەیشتوونەتە ئەو دەرئەنجامەی، کە ئەو قوربانیانەی له تەوراتی عیبریدا تۆمارکراون، وەک سەرنجی یەرمیا کە دەڵێت پەرستیارانی بەعل "ئەم شوێنەیان پڕکردووە له خوێنی بێتاوانەکان". [408]

لەگەڵ ئەوەشدا، وشەکانی پەیمانی کۆن، له پەرتووکی یەرمیا، باس لەو ڕووداوانە دەکەن کە له سەدەی حەوتەمی پ.س.ب، له شوێنی بن هینۆم ڕوویانداوە:

چونکە ئەوان [ئیسرائیلییەکان] وازیان له من هێناوە. و ئەمەیان کردووە بە شوێنێکی نامۆ و قوربانییان بۆ خوداوەندەکانی تر تێدا سووتاندووە. کە نە خۆیان و نە باوباپیرانیان و نە پاشاکانی یەهودا نەیانزانیبوو، چۆن ئەو شوێنەیان پڕکردووە له خوێنی بێتاوانان و شوێنە بەرزەکانی بەعلیان دروستکردووە، بۆ ئەوەی کوڕەکانیان له ئاگردا وەک قوربانی بۆ خودای

---

407 قیرتاج دەکەوێتە وولاتی توونس نزیک شاری توونسی پایتەخت.

408 - P. Mosca, 'Child Sacrifice in Canaanite and Israelite Religion: A Study on Mulk and "pa' (PhD dissertation. Harvard University, Cambridge, MA, 1975)
- Susan Niditch *War in the Hebrew Bible: A Study in the Ethics of Violence* 1995 p. 48 "An ancient Near Eastern parallel for the cult of Molech is provided by Punic epigraphic and archaeological evidence (Heider:203)

بەعل بسووتێنن. شتێک کە هەرگیز فەرمانم نەداون و باسم نەکردووە، بیریشم لێنەکردۆتەوە. بۆیە تەنیا چاوەڕوانبە ڕۆژێک دێ یەزدان دەڵێت: کە ئەم شوێنە چیتر ناوی تۆفێت یان دۆڵی بن هینۆم نامێنێ ، بەڵکو زیاتر دۆڵی سەربڕین. بەو پێیەش دەبێ پەرستنی مۆلۆخ لە دۆڵی هینۆم لە تۆفێت ڕوویدابێ.

هیچ بەڵگەیەکی شوێنەوارناسی وەک گۆڕی بەکۆمەڵی منداڵان لە گێ هینۆم تا ئێستا نەدۆزراوەتەوە. بەڵام بە لێکدانەوەی پسپۆران، بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە ئەگەری ترسێکی زۆر هەیە. کە دۆزینەوەیەکی لەو شێوەیە، بەهۆی مێژووی کۆنی شارستانی و زۆری دانیشتوانی شاری ئۆرشەلیم و ناوچەکانی دەوروبەری بخاتە مەترسی. چونکە ناتوانرێ، بەراوردی ئۆرشەلیم لەگەڵ ئەو تۆفێتە بکرێ، کە لە قیرتاج/ تونس دۆزرایەوە. هەر ئەوەشە وایکردووە، کە بە شێوەیەکی سیستەماتیک و ورد. لە ڕووی شوێنەوارناسیەوە هەڵکۆڵین لە شوێنە نەکەن.

## چمکی گێ هینۆم لە پەیمانی کۆن دا

کۆنترین ئاماژەی مێژوویی بۆ دۆڵی هینۆم لە یەشوع ١٥:٨، ١٨:١٦دا دەبینرێت کە باس لە سنووری هۆزەکان دەکەن. ئاماژەی داهاتوو بە ڕێکوپێکی بۆ دۆڵەکە لە سەردەمی پاشا ئەحازی یەهودایە. کە کوڕەکانی خۆی لەوێ کردنە قوربانی بەپێی پەیمانی کۆن پوختەی مێژوو ٢٨: ٣

(١) ئاحاز گەنجێکی بیست ساڵان بوو کاتێک بوو بە پاشا، شازدە ساڵیش لە ئۆرشەلیم پاشایەتی کرد. بە پێچەوانەی داودی باپیرە گەورەی، ئەوەی

لەبەرچاوی خودا ڕاست بوو نەیکرد .(٢) بەڵکو هەمان ڕێچکەی پاشاکانی ئیسرائیلی گرتەبەر و چەند بتێکی دارێژراویشی بۆ بەعلەکان دروستکرد .(٣) ئەو بوو کە لە دۆڵی بەن‌هینۆم بخووری سووتاند و کوڕەکانی خۆشی کردە قوربانی سووتاندن، وەک نەریتە قێزەونەکانی ئەو گەلانەی کرد کە یەزدان لەبەردەم نەوەی ئیسرائیل دەریکردن .(٤) هەروەها لە نزرگەکانی سەر بەرزایی و لەسەر گردەکان و لەژێر هەموو دارێکی سەوزدا قوربانی سەربڕی و بخووری سووتاند.

مشتومڕ لەسەر ئەوە دەمێنێتەوە کە ئایا دەستەواژەی (منداڵەکان بۆ قوربانی بە ئاگر بسووتێن) ئاماژەیە بۆ ڕیتوالێکی دینی، کە تیایدا، کاهینی تۆفەتی مۆلۆخ، منداڵەکەی لە نێوان دوو هێڵی ئاگردا بەپێ دەبرد، یان قوربانیکردنی منداڵ بە شێوەیەک، کە تێیدا منداڵەکە فڕێدەدرێتە ناو ئاگرەکەوە .

لە پەرتووکی ئیشایا بە ناوی گێ هێنیۆم باسی نەکراوە، بەڵکو ڕاست دەڵێ "شوێنی سووتاندن"

پەیمانی کۆن – پەرتووکی ئیشایا ٣٠: ٣٣

(٣٣) چونکە چاڵی تۆفەت لەمێژە ڕێکخراوە، بۆ پاشا ئامادە کراوە،
قووڵە، بەرینە، کەڵەکە کراوەکەی ئاگرە و داری زۆرە.
هەناسەی خودا، وەک ڕووباری گۆگردە گڕی تێبەردەدات.

لەو پرگەیە، باسی بڕیاری سوپای ئاشووری دەکا، کە دەبێ لەناوببرێت، و لە تۆفەت بسووتێندرێن. پەرەگرافی کۆتایی ئیشایا کە پەیوەندی، بەوانەوە هەیە کە دژی خودا یاخیبوون.

پەیمانی کۆن – پەرتووکی ئیشایا ٦٦ :٢٤.

(٢٤) دەچنە دەرەوە و لاشەی ئەو خەڵکانە دەبینن کە لە من یاخی بوون، چونکە کرمەکانیان نامرن و ئاگریان ناکوژێتەوە و بۆ هەمووان دەبن بە قێزەون.

## تەرگومی دۆڵی هینۆم

وەرگێڕانەکانی کۆن و وەرگێڕانی ئارامیی پەرتووکی پیرۆز (تەورات) کە بە تەرگوم ناسراوە، زۆرجار زاراوەی "گەهینۆم" بۆ ئەو پەرەگرافانە دادەنێن، کە دەست دەخەنە سەر زیندووبوونەوە، و بڕیاردان لەسەر چارەنووسی گوناهباران. ئەوەش ڕەنگە زیادکردنی دەستەواژەی "مەرگی دووەم"یش لەخۆبگرێت، وەک لە کۆتا بەشی پەرتووکی ئیشایادا لە زمانی عیبری، نە باسی گەهینۆم و نە باسی مردنی دووەمی کردووە، لەکاتێکدا تەرگومەکان هەردووکیان زیاد دەکردوون. لەم بابەتەدا تارگومەکان هاوتەریین لەگەڵ زیادکردنی "گەهەنە"ی ئینجیلی مارکوس بۆ وەرگێڕانی ئایەتەکانی ئیشایا کە باس لە تەرمی مردووەکان دەکەن (کە کرمیان تێدا نامرێ).[409]

بۆ ئەوەش بەڵگە هەیە کە لای باشووری ڕۆژئاوای ئەم دۆڵە (کێتێف هینۆم) شوێنێکی، تایبەت بە ناشتن بووە. و ژووری ناشتنی زۆری تێدابووە. ئەو ژوورانە لەلایەن نەوەی خێزانەکانەوە، لە سەدەی حەوتەمەوە تا سەدەی پێنجەمی پ.س.ب بەکارهێنراون. بەکارهێنانی ئەم ناوچەیە بۆ گۆڕەکان تا سەدەی یەکەمی پ.س.ب و دواتریش هەر

[409] McNamara (1854)*Targums and Testament*.

بەردەوام بووە. تا ساڵی ٧٠ی س.ب، ناوچەکە تەنیا شوێنی ناشتن نەبوو. بەڵکو شوێنێک بوو بۆ سووتاندنی مردووان. لەگەڵ هاتنی لەشکری دەیەمی ڕۆمانی کە تاکە گروپ بوون، بەوە ناسرابوون مردووەکانیان لەم ناوچەیەدا دەسووتاند.[410]

لە کۆتاییدا زاراوەی عیبری گێ هینۆم[411] بوو بە ناوێکی خوازراوە، لە دینی یەهودی، بۆ شوێنی پاککردنەوەی گیانی مردووە گوناهباران. بەپێی زۆربەی سەرچاوەکانی یەهودی، ماوەی پاککردنەوە یان سزادانەکەی تەنیا بۆ 12 مانگ سنوردار بووە. و هەموو ڕۆژێکی شەممە لە سزادان وەدەر دەنرێ. لەکاتێکدا فەرمان بە ئاگری گێ هینۆم دەکرێ. و ئەشکەنجەکانی لە ماوەی ڕۆژی شەممە ڕادەگیرێ. ئەو گیانانەی کە لەوێ خزمەت دەکەن، ئازاد دەکرێن. بۆ ئەوەی بەسەر زەویدا بگەڕێن. دوای ئەمە گیان دەچێتە سەر ئۆلام ها-با (Olam Ha.Ba) (جیهانی داهاتوو)، لەناو دەچێ، یان لە دۆخێکی هۆشیاری پەشیمانیدا، لەژیان بەردەوام دەبێ.[412] گێ هینا بەهۆی دیاربوونی نەخۆشی لە دەقە دینیە یەهودیەکاندا بۆتە نیشانەی "دۆزەخ".

---

[410] Gabriel Barkay, "The Riches of Ketef Hinnom." *Biblical Archaeological Review* 35:4–5 (2005): 22–35, 122–26.

[411] *Gehinnom"*. Judaism 101. Gehinnom is the Hebrew name; Gehenna is Yiddish.

[412] *"Judaism 101: Olam Ha-Ba: The Afterlife"*.

## دینی کریستیانی (پەیمانی نوێ)

دوای پەیدابوونی کریستیانی، گێهەنا (دۆزەخ) وەک بەشێک لە سزای گوناهباران، لە ناو هەر چوار ئینجیلە قانوونیەکان و نامەکانی تر بەردەوام ناوی هاتووە. زاراوەی گێهەنا لە ئینجیلی کریستیانی، ١٣ جار لە ١١ پەرەگرافی جیاوازدا هاتووە. هەرچەندە ئاماژەیەکی مێژوویی یان جوگرافی نادا، بەڵام بە هەمان مانای دۆڵی هینۆم، یان دۆڵی کوڕی هینۆم هاتووە.

لە ئینجیلەکانی سینۆپتیکدا[413] هەر سێ نووسەر، بە جیاواز لە یەکتری باسی یەسو دەکەن. کە یەهودی بووە، ووشەی گێهینۆمی بەکارهێناوە، بۆ باسکردنی پێچەوانەی ژیان لە شانشینی خودا. زاراوەی گێهەنا (دۆزەخ) لە هەندێ بەکارهێنانی ئینجیلی کریستیانی، لە ئاماژەپێکردندا، وەک شوێنێک دەیخاتە ڕوو. کە دەتوانرێ هەردوو گیان و جەستە، لەناو ئاگرێکی بەگڕی نەکوژاوەدا دەسووتێن و لەناودەبرێن.

پەیمانی نوێ – ئینجیلی مەتیاس ١٠: ٢٨

> (٢٨) لەوانە مەترسن کە جەستە دەکوژن، بەڵام ناتوانن گیان بکوژن، بەڵکو لەوە بترسن کە دەتوانێ جەستە و گیان بە یەکەوە لە گێهینا لەناوبەرێ.

[413] سێ لە چوار ئینجیلە قانوونیەکان، مەتیاس، مارکوس و لوکاس، بێجگە لە یۆهانێس.

بەکارهێنانی گێهەنا، لە ئینجیلەکانی کریستیانی، بە زۆری، وەک ئامۆژگاری و ترساندنی، لایەنگرانی دین بەکاردێ، بۆ ئەوەی ژیانێکی خوداپەرستی بەسەر بەرن. ئەوەش چەندین نموونە لەسەر گێهەنا لە پەیمانی نوێی کریستیانی:

پەیمانی نوێ - ئینجیلی مەتیاس ۱۸: ۹

(۹) ئەگەر چاوت بۆت بووە کۆسپ، دەریبهێنە و فڕێیدە. باشترە بە یەک چاو بچیتە ناو ژیانەوە، لەوەی بە دوو چاوەوە بخرێیتە ئاگری گێهەنا (دۆزەخ).

پەیمانی نوێ – ئینجیلی مەتیاس ۵: ۲۲

(۲۲) ئەو کەسەی بە براکەی دەڵێ (هیچوپووچ)، دەبێ بدرێتە سەنهەدرین. ئەوەی دەڵێ (گێلە)، دەبێت بخرێتە ناو ئاگری گێهەنا (دۆزەخەوە).

پەیمانی نوێ – ئینجیلی مەتیاس ۲۳: ۳۳ بۆ فەریسیەکان

(۳۳) ئەی مارینە! ئەی بێچووە ماران! چۆن لە سزای گێهەنا (دۆزەخ) هەڵدێن؟

پەیمانی نوێ - ئینجیلی مارکوس ۹ :۴۵

باشترە بۆ تۆ بە چەقۆ بچیتە ژیانەوە، لەوەی دوو پێت هەبێ و فڕێ بدرێتە گێهەنا (دۆزەخ).

پەیمانی نوێ - ئینجیلی مارکوس ٩ :٤٧

باشترە بۆ ئێوە بە یەک چاو بچنە ناو شانشینی خودا، لەوەی دوو چاوتان هەبێ و فڕێ بدرێنە گێهەنا (دۆزەخ).

پەیمانی نوێ - ئینجیلی لوکاس ١٢ :٥

لەو کەسە بترسن کە دوای کوشتنی دەسەڵاتی ئەوەی هەیە فڕێی بداتە گێهەنا (دۆزەخ)، بەڵێ پێتان دەڵێم لێی بترسن.

لە هەندێ شوێنی ئینجیل، باسی تۆقاندنی ئاگری گێهەنا (دۆزەخ) دەکا، بەبێ ئەوەی ناوی گێهەنا بێنێ.

پەیمانی نوێ - ئینجیلی مارکوس ٩: ٤٣

باشترە بۆ تۆ بە پەککەوتە بچیتە ژیانەوە، لەوەی دوو دەستت هەبێت و بچیتە ناو ئاگری نەکوژاوە.

پەیمانی نوێ - بینینی یۆهانێس ١٤:

(١٠) ئەویش شەرابی تووڕەیی خودا دەخواتەوە، کە بە سادەیی لە جامی تووڕەییەکەی ڕژاوە. لەبەردەم فریشتە پیرۆزەکان و بەرخەکەدا بە ئاگر و گۆگرد ئازار دەدرێت .(١١) دووکەڵی ئازاریان بۆ هەتاهەتایە بەرز دەبێتەوە. ئەوانەی کڕنۆش بۆ دڕندەکە و پەیکەرەکەی دەبەن، ئەوەی نیشانەی ناوەکەی وەربگرێت شەو و ڕۆژ پشوویان نابێت.

له چەند دەقێکی دیکەی پەیمانی نوێ، ووشەی گێهەنا هاتووە، کە وەک شوێنی ئازاردان و ئەشکەنجەی هەتا هەتایی. لەوانەش نامەی یاقوب و نامەی دووەمی پەترۆسە:[414] کە لە هەردووکیان بە ڕوونی ناوی گێهەنە هاتووە.

پەیمانی نوێ - نامەی یاقوب ٣: ٦

(٦) زمان ئاگرە، جیهانێکە لە خراپە لەنێو ئەندامانی لەشمان. زمان هەموو لەش گڵاو دەکات، ئاگر لە ژیان بەردەدات و خۆی بە گڕی گێهەنا (دۆزەخ) دادەگیرسێ.

نامەی دووەمی پەترۆسی ٢: ٤

(٤)خودا بەزەیی بەو فریشتانەدا نەهاتەوە کە گوناهیان کرد، بەڵکو فڕێیدانە گێهەنا (دۆزەخ) و لەنێو تاریکیدا بەندی کردن و بۆ ڕۆژی لێپرسینەوە هەڵیگرتن

بێجگە لەو دوو نامەیەش لە ئینجیلی مەتیاس چەند جارێک دووبارە بۆتەوە.

پەیمانی نوێ - ئینجیلی مەتیاس ٥: ٢٩ - ٣٠

(٢٩) ئەگەر چاوی ڕاستت بۆت بووە کۆسپ، دەریبهێنە و فڕێی دە. بۆ تۆ باشترە ئەندامێکت لەدەست بچێ، لەوەی هەموو جەستەت فڕێبدرێتە ناو گێهەنا (دۆزەخ). (٣٠) ئەگەر دەستی ڕاستت بۆت بووە کۆسپ، بیبڕەوە و

---

414 G1067 – geenna – Strong's Greek Lexicon (KJV)". Retrieved 10 November 2017.

فڕێیبدە. بۆ تۆ باشترە ئەندامێکت لەدەست بچێت، لەوەی هەموو جەستەت بچێتە گێهەنا (دۆزەخ).

پەیمانی نوێ - ئینجیلی مەتیاس ١٠ :٢٨

بەڵکو لەو کەسە بترسن کە توانای لەناوبردنی هەم گیان و هەم جەستەی هەیە لە گێهەنا.

لە سەرجەمی ئینجیلی کریستیانی زاراوەی گێهەنا (دۆزەخ) وەک ناوێکی خوازراوە بۆ سزای تۆقێنەری گوناهکاران بەکاردێ، کە لە ڕێگایەوە، هەم ئامۆژگاری دەکا و هەم وەک ئامرازێکی تۆقێنەر نیشان دەدرێ.

## دۆزەخی خودا لە قورئاندا

دۆزەخ یا کوورەی ئەشکەنجە دانی مرۆڤ دوای مردن، بەردەوام لە هەموو دینەکان باسیکراوە. بەڵام لە هیچ دینێک پرسی دوزەخ ئەوەندەی دینی ئیسلام، سامناک و تۆقێنەر نەبووە. لە دینی ئیسلام و لە ناو دەقەکانی قورئان، دەستەڵاتی خودا دوورە لە گشت بەهاکانی میهرەبانی و لێبووردەیی. لەجیاتی ئەوە خودایەکی قیچکە تەنگ، بێ بەزەیی، خوێنرێژ، و تینووی خوێنی هەموو بەندەکانیەتی. و تاسەی بینینی ئەشکەنجەدان و هاواری مرۆڤە. خودا ئەو بوونەوەرانەی کە خۆی دروستی کردوون، بەو پەڕی دڕوندەیی و دڵڕەقی و ناشیرینترین شێوە. مسی سوورکراوەیان لە قورگ دەکا. و گۆشت و پێست و ئێسکەکانیان دەبرژێنێ. سەیر لەوەدایە بەپێێ قورئان هەرگیز ماندووش نابێ. و دیسان سەرلەبەر گۆشت

و پێستیکی‌تریان بۆ دروست دەکا. و سەرلەنوێ دەس دەکاتەوە بە ئەشکەنجە و ئازار. ئایا ئەوە دەبێت خودا بێت یان کەسێکی دەروون نەخۆش؟

دۆزەخ کوورەیەکی زەبەلاحە، هەر مرۆڤێک لە بوونی سەرسامە و هەرگیز وەڵامێک نادۆزێتەوە، کە بۆچی هەبێ. و لەسەرچی، مرۆڤی پێ بتۆقێندرێ. هۆی ئەو هەموو ئەشکەنجەدانە لەپای چی.

لە قورئاندا ووشەی دۆزەخ ، لە کۆی ١١٤ سورەت، لە ٦٧ سورەتدا هەیە. و لە ٢٨٥ ئایەت دووبارەبۆتەوە. ئاخر نووسەری قورئان، ئۆخژنی نەهاتووە، بۆیە ئەوەندە ناو و شێوەکانی ئەشکەنجەدان دووبارە کردۆتەوە. وەک ئەوە وایە بەردەوام لە بیری کوشتن و ئەشکەنجە و تۆڵەکردنەوەدابێ.

ئەوەی جێگای هەڵوێستەکردنە، نووسەری قورئان، نەک تەنیا باسی دۆزەخ (جهنم)دەکا، بەڵکوو ناوی (مەلۆخ) یش، کە خودای سوتاندنی کەنعانیەکانە دێنێ. و وەک پاسەوانی ئاگردانی دۆزەخ باسی دەکا.

سورة الزخرف ٤٣: ٧٧

> ئەوانیش هاوار دەکەن، ئەی مالیک (مەلۆخ) لێگەڕێ، با خوداکەت کۆتاییمان پێبێنێ. ئەویش پێیان دەڵێ: ئێوە تێیدا دەمێننەوە (مەبەستی جەهەنەمە) (٧٧)

لەلایەک نووسەری قورئان گشت دینە فرەخوداییەکان ڕەتدەکاتەوە، کەچی بێ ئاگا لەوەی وەک پاسەوانی ئاگر و نوێنەری خودا باسی مەلۆخ دەکا.

به چاوگێڕانێکی وورد نالۆژیکی نووسەری قورئانت بۆ دەردەکەوێ. سەرەڕای ئەوەی مرۆڤ بەهیچ شێوەیەک نە خودا دەبینێ، و نە هەستیشی پێدەکا. کەچی نووسەری قورئان، مرۆڤ بە دوژمنی خودا ناودەبا. لەوەش سەیرتر هەر لەدوای ئەوە دەنووسێ خودا میهرەبان و لێبووردەیە. گەورە و دانایە.

بەپێی ئایەتەکانی قورئان و باسی دۆزەخ، مرۆڤ بۆی دەردەکەوێ کە خودای ئیسلام، گشت بوونەوەرانی بۆیە دروستکردوون، تا بە کوشتن و سوتاندنیان دەروونی خۆی ئارامکاتەوە. ئەی بۆ دەڵێن خودا میهرەبانە؟ ئەگەر وابێ چ پێویستی بە ئەشکەنجە و سوتاندنی مرۆڤ هەیە؟ دۆزەخی قورئان ئەوەندە ترسناکە، بە هیچ شێوەیەک ناکرێ بەراوردی لەگەڵ دەروونی خودایەکی میهرەبان بکرێ.

سورة الحاقة ٦٩: ٣٠ – ٣٣

بیگرن و کۆتبەندی کەن (٣٠) ئەوسا بیخەنە ناو (جهنم) دۆزەخ (٣١) ئەوسا زنجیرێک، درێژیەکەی حەفتا گەزە تێی ببڕن (٣٢) چونکە باوەڕی بە خودای مەزن نەهێنا (٣٣)

خوداکەی ناو قورئان، جیاوازی بە دۆست و دوژمن ناکا. ئەو تەنیا خوێن و ئەشکەنجەی هەتاهەتایی دەوێ. تەنانەت بەوەش نەوەستاوە، دۆزەخەکەی ئەوەندە گەورەیە، هەر بەشێکی یا نهۆمێکی ناوی تایبەتی و شێوەی ئەشکەنجەدانی خۆی هەیە.

لە قورئاندا دۆزەخ ئەو ماڵەیە، کە خودا بۆ گشت ئەوانەی داناوە، بەپێی قورئان دوژمنی خودا و پەیامبەرەکەین. لەئایەتەکانی قورئاندا، زیاتر دەڕوا. و دوژمن و تاوانبارانی دابەشی چەند گرووپ کردوون. و هەر گرووپەی جۆری جیاواز لە ئازاردان و ئەشکەنجە هەیە. کە مرۆڤ بەرگەی ناگرێ.

# جۆرەکانی دۆزەخ لە قورئان

لە قورئاندا چەندین جۆر ئەشکەنجەدان هەیە، کە خودا پەیمانی داوە بە ئەوانەی سەرپێچی دەکەن. و لێی یاخی دەبن:

یەکەم دۆزەخ (جهنم)

سورة الحجر ٤٣ - ٤٤

بە دڵنیاییەوە دۆزەخ (جهنم) جێگای هەموویان دەبێ. (٤٣) و دۆزەخ حەوت دەرگای هەیە، وە بۆ هەر دەرگایەکی بەشێکی دابەشکراو هەیە.

دووم سقر

سورة المدثر ٧٤: ٢٦ – ٢٩

هەردەبێ، لە سەقەر بیسووتێنم (٢٦) و تۆ جوزانی سەقەر چییە؟ نایهێڵێ و لەناویشی نابا (٢٨) داخکەری مرۆڤە (٢٩)

سێیەم السَّعیر

سورة الشوری ٤٢: ٧

بەمجۆرە قورئانێکی عەرەبیمان بە وەحی بۆ نارد، بۆ ئەوەی دایکی گوندان و خەڵکی دەوروبەری ئاگادارکەیتەوە. ئاگاداری سەبارەت بە ڕۆژی گردبوونەوە

بدەی. گومانی تێدانییە دەستەیەکیان بەهەشتین و دەستەیەکیشیان لە دۆزەخ (السعیر) (٧)[415]

چوارەم الجحيم

سورة النازعات ٧٩: ٣٧ – ٣٩

بەڵام ئەو سەرکێشیکردووە (٣٧) ژیانی دونیای پێشخستووە (٣٨) لەڕاستیدا دۆزەخ ( الجحيم) مۆڵگەی دەبێ (٣٩)

پێنجەم الحطمة

سورة الهمزة ١٠٤: ٣ – ٧

وا دەزانێ سامانەکەی، نەمری دەکا (٣) نەخێر فڕێدەدرێتە ناو بڵقێنەرەکە (الحطمة)(٥) ئاگرتی هەڵگیرساوی خودایە (٦) ئەوەی ڕوودەکاتە دڵەکان (٧)[416]

شەشەم لظی[417]

سورة المعارج ٧: ١٥ – ١٧

نەخێر لە ڕاستیدا، ئەوە بڵێسەدارە ( لظی) (١٥) کەوڵکەرە بۆ سوورکراوەکە (١٦) بانگی کەسێک دەکا، کە پشتیکردووە، و ڕۆیشتووە (١٧)

[415] ووشەی السعیر لە چاوگی (سعر) گەردێندراوە. بە مانای ئاگرکردنەوە و فوودانی دێ. هەروەها بە مانای گڕی بە تینیش دێ. السعیر واتە ئاگرێکی بەتین و بڵێسەی بە هێز بسووتێ.
[416] ووشەی (الحطمة) لە ووشەی (حطم) هاتووە.، بە مانای شکاندن و وورد و خاشکردن. هەندێک بە مانای شکاندنی شتی ووشک ڕاڤەیان کردووە.
[417] ووشەی (لظی) لە بنەڕەتدا بە ئاگر یان گڕی ئاگری بەتین دێ.

حەوتەم الهاوية

سورة القارعة ١٠١: ٨ - ١١

بەڵام ئەوەی پارسەنگی تەرازووی سووکبوو (٨) ئەوە دایکی دۆزەخ (هاوية)
دەبێ (٩) و تۆ چوزانی کە چییە؟(١٠) ئاگرێکی گەرمە (١١)

والهاوية لە چاوگی (هوي) هاتووە. و بەمانای کەوتن دێ، لەبەر ئەوەی بێدین و تاوانباران وەک چۆن منداڵ بەردەبێتەوە کۆشی دایکی. ئەوانیش بەو شێوەیە دەکەونە ناو باوەشی ئاگری دۆزەخی هاوية.

## دەرگاکانی دۆزەخ

لە هەندێک ئایەت باسی ئەوە دەکا، کە دۆزەخ دەرگای هەن. بەڵام ناڵێن چەند دەرگان. کەچی تەنیا لە یەک ئایەت باسی ژمارەی دەرگاکان دەکا.

سورة الحجر ١٥: ٤٣ - ٤٤

بە دڵنیاییەوە دۆزەخ جێگای هەموویانە (٤٣) دۆزەخ حەوت دەرگایە.
و هەر دەرگایەکی بەشێکی دابەشکراوی هەیە (٤٤)

هەرچەندە نالێ حەوت دەرگا چین؟ بەڵام کە دەڵێ حەوت دەرگایە، نەک حەوت دەرگای هەیە. دەبێ مەبەستی نهۆم (طبقات) بێ. کە لە چەندین ڕیوایەتیش باسیان دەکا.

دوو ڕای جیاواز سەبارەت بە دۆزەخ، لای ڕاڤەکاران هەن:

ڕای یەکەم: دۆزەخ حەوت نهۆمە، لەسەر یەکتری، ئەو نهۆمانە بە (الدرکات) ناو دەبرێن. بەو مانایەش:

سورة النساء ٤: ١٤٥

لە ڕاستیدا دووڕووەکان لە نهۆمی (الدرک)[418] لەهەرە ژێرەوەی ئاگر دەبن (١٤٥)

ڕای دووەم: دۆزەخ دابەشی سەر حەوت نهۆم کراوە. هەر نهۆمەی بریتییە لە چەند بەشێک. یەکەم جهنم، دووەم لظى، سێیەم الحطمة، چوارەم السعير، پێنجەم سقر، شەشەم جحيم و حەوتەم و کۆتایی الهاوية.

سورة الحجر ١٥: ٤٤

هەر دەرگایەکی بەشێکی دابەشکراوی هەیە (٤٤)

بەو مانایە خراپەکاران بە گرووپی جیاواز دادەنرێن. هەر گرووپێک بەپێی تاوانەکانی دەخرێتە

---

[418] لە زمانی عەرەبی هەنگاوەکانی بەرەو سەرەوە دەڵێن (الدرجة) بەلام بە هەنگاوەکانی لە سەروە بۆ خوارەوە دەڵێن (الدركة).

یەک لەو بەشانەی دۆزەخ. سزاکانیشیان لە جیهانی دوارۆژ وەک یەک نییە. جیاوازییەکی زۆریان هەیە.

لە قورئانی مەککە هەندێ ئایەت، سەبارەت بە دۆزەخ هاتوون. ئەوانە زۆرتر بۆ ئەو کەسانە هاتوون کە دژایەتی محمد و پەیامەکەیان دەکرد. نەک ئەوانەی تووشی تاوان یا گونهێک دەبوون. کەچی لە قۆناخی مەدینە، دۆزەخ توند و تیژتر و پڕ ووردەکاریترە. ئەو ئایەتانە، باس لە دۆزەخ و تۆقاندن دەکەن، تا دەگاتە ئارەزووەکانی پاشایەتی محمد.

دۆزەخی قورئان بۆ ئەوانە دروست کراوە کە باوەڕیان بە مەحەممەد و پەیامبەرایەتی نیە، و هەوڵ دەدەن گاڵتە بە کەسایەتی خۆی بکەن.
بۆ نموونە سورەتی المسد.

لەلایەکیتر بە پێی ئایەتەکانی قورئان، دۆزەخ جێگای دووڕوو، بێدین، گاور و دوژمنانی خودایە. ئەوانەی کە خراپەی خودایان دەوێ. و درۆ بە دەم خوداوە هەڵ دەبەستن. بۆ ئەو کەسانەیە کە لە مەیدانی شەر، پشت لە دوژمن دەکەن، بۆ ئەوانەیە کە لە ماڵ دەمێنەوە و لە پێناوی مەحەممەددا شەرناکەن و پارە و زێر و زێوەکانیان شاردۆتەوە. و نایدەن بە مەحەممەد کە خەرجیان بکا. بۆ ئەو کەسانەیە کە تۆبە ناکەن. و نکۆڵی لە خودا و پەیامبەر دەکەن.

لە سورەتی التوبة بە ئاشکرا باس لەو کەسانە دەکا. کە بۆ پەیامبەر شەر ناکەن. و پارەکانیان لە رێگای ئامانج و مەبەستەکانی پەیامبەر و خودا بە کار ناهێنن، جێگایان لە دۆزەخە و چاوەروانی ئازاری قورسی خودا بن.

القرآن الكريم – سورة التوبة ٩: ٨١

جێهێلدراوەکان دڵیان بە مانەوەیان لەدوای پەیامبەری خودا خۆشبوو. و پێیان خۆش نەبوو، بەسامانەکانیان، و خودی خۆیان، لە پێناوی خودا جیهاد بکەن. و گوتیان: لە گەرمادا مەڕۆن، بڵێ: ئاگری دۆزەخ زۆر گەرمترە. ئەگەر درکیان بکردایە (٨١)

القرآن الكريم - سورة الزمر ٣٩: ٢٦

جا خودا ڕیسوایی ژیانی دونیای پێچەشتن، و بە دڵنیاییەوە لە کۆتاییش گەورەترە، گەر بزانن (٢٦)

لە قورئاندا لە سورەتی الصافات و الدخان، باسی درەختی زەقوم دەکا. الطبري دەڵێ مەبەستی ئەبو جەهل بووە، لەبەر ئەوەی بە گاڵتە بە موسوڵمانانی گوتووە، هاوڕێکەتان دەڵێ لە دۆزەخ درەختێک هەیە. ئاگریش دەخوا. بۆیە ئایەتی ٦٢ هات کە تیایدا سەبارەت بە درەختی زەقوم ڕوونکراوەتەوە.[419]

٤٣ الزقوم مێوەی درەختێکی پیسە لە ناخی ئاگر دەردەچێ، مێوەیەکی قێزەوەنی هەیە. بەڵام دۆزەخیەکان هیچیتریان نییە بیخۆن، بۆیە ناچارن ئەو مێوەیە بخۆن، لەبەر ئەوەی نەفرەتیان لێکراوە. درەختی زەقوم، درەختێکە لە ئاگر دەڕوێ.[420]

طبري ئەوەشی لەسەر زیاد دەکا، دەڵێ ئەگەر یەک دڵۆپ لە زەقومی دۆزەخ، دابەزێتە زەوی ژیانی خەڵکی وێران دەکا.[421]

---

[419] تفسير الطبري، جامع البيان عن تأويل القرآن، الجزء التاسع عشر، ص ٥٥٢.

[420] أسعد حومد، أيسر التفاسير لأسعد حومد، صفحة ٤٣٣٦

[421] تفسير الطبري، جامع البيان عن تأويل القرآن، الجزء الحادي و العشرون، ص ٥٤

بەپێی تفسیر الجلالین درەختی زەوقم بۆ ئەبو جەهل دانراوە، کە لە دۆزەخ دەرخواردی بدرێ. لە قوڵایی دۆزەخ درەختی زەقوم ڕواوە. کە گەڵاکانی لە شێوەی سەری دێون. خۆراکی دۆزەخیان میوەی ئەو دارەیە، کە لەگەڵ چڵک و برین و پیسایییەکانیتر دەیخۆن.[422]

لەو کاتەدا، دەرگایەک بەرەو دۆزەخ دەکرێتەوە و ئەو دەنگی ددانەکانی دۆزەخ دەبیسێ کە ئامادەن بۆ خواردن و ورد کردنی گۆشت و ئێسکی ئەو. لە قەراخ ئەو دەنگەدا گڕەکانی ئاور هێرش دێنن بۆ لایی و دیوارەکانی قەبرەکە تەنگ دەبێتەوە و ئێسکەکانی دەشکێن.

## ڕۆژی پەسڵان (القیامة) لە قورئاندا

بەپێی لێکدانەوەی موسوڵمانان، ڕۆژی پەسڵان ڕۆژێکە کە خودا دادەنیشێ، و داوەری دەکات. ئەو کەسانەی کە باوەریان بە مەحەممەد و ئیسلام هەیە، بە ڕێزەوە دەنێردرێن بۆ بەهەشت. و ئەوانەی کە باوەڕیان پێی نیە، ڕەوانەی دۆزەخ دەکرێن.

پەیامبەر سەبارەت بە چۆنیەتی ڕۆژی قیامەت باسی هێندێ شت دەکات کە لێرەدا بە کورتی باسیان دەکەین؛ کە بۆمان دەردەخەن کە چۆن زیاتر لە یەک میلیارد موسڵمان ئەو قسە خەیاڵی و دوور لە زانستیانەیان قەبووڵن و باوەریان پێن.

---

[422] جلال الدین المحلي ، تفسیر الجلالین، صفحة ٦٥٩.

سورة التكوير ١ - ١٤

ئەو کاتەی ڕۆژ لوولدەدرێ (١) و ئەوکاتەی ئەستێرە غلۆردەبنەوە (٢) ئەوکاتەی چیاکان ناهێلدرێن (٣) ئەوکاتەی وشتری ئاوس بەرداوێن (٤) ئەوکاتەی دڕوندەکان کۆکرانەوە (٥) ئەو کاتەی دەریاکان گڕدەگرن (٦) ئەوکاتەی خودەکان جووت دەکرێن (٧) ئەو کاتەی زیندەباچاڵ پرسیاری لێدەکرێ (٨) بەکامە گوناە کوژرا (٩) ئەوکاتەی پەڕاوەکان دەکرێنەوە (١٠) ئەوکاتەی ئاسمان دەپچڕێتەوە (١١) ئەوکاتەی دۆزەخ دادەگیرسێ(١٢) ئەوکاتەی بەهەشت نزیکدەبێتەوە (١٣) خودەکان زانیان چیان ئامادەکردووە (١٤)

ئەو دەربڕینەی قورئان و نووسەرەکەی، سەرچاوەکەی لە ئینجیلی کریستیانیەوە هاتووە:

پەیمانی نوێ - بینینی یۆهانیس ٢: ١١ - ١٥

دادگاییکردنی مردووان

(١١) پاشان تەختێکی گەورەی سپیم بینی و ئەوەی لەسەری دانیشتبوو. ئاسمان و زەوی لەبەر ڕووی هەڵاتبوون، شوێنی دیکەیان بۆ خۆیان نەدۆزییەوە .(١٢) مردووەکانم بینی بە گەورە و بچووکەوە، لەبەردەم تەختەکەدا ڕاوەستابوون و پەڕتووکەکان کرانەوە. پەڕتووکێکی دیکەش کە پەڕتووکی ژیانە کرابووەوە. مردووەکان بەگوێرەی کردەوەکانیان بەوەی لە پەڕتووکەکان نووسراوە بڕیان لەسەر دەدرا .(١٣) دەریاش مردووەکانی ناوخۆی ڕادەست کرد، هەروەها مردن و جیهانی مردووان، مردووەکانی خۆیان دایە دەست. و هەریەکە و بەگوێرەی کردەوەکانی بڕیاری لەسەر دەدرا .(١٤) مردن و جیهانی مردووان فڕێدرانە دەریاچە ئاگرەکە. ئەم دەریاچە ئاگرە مردنی دووەمە (١٥) هەرکەسێک ناوی لە پەڕتووکی ژیاندا تۆمار نەکرابوو، فڕێدرایە دەریاچە ئاگرەکە.

دواتر ژنان و پیاوان چەندین ساڵ لە بارەگای خودادا ڕاوەدەستن، چونکە خودا هیچ پەلەیەکی نیە بۆ بەڕێوە بردنی کارەکانی. ڕۆژ ئەوەندە لە خەڵک نزیک دەبێتەوە کە شۆقەکەی چاوەکان کوێر و تینەکەی مێشکەکان قاڵ دەکات. کەلە سەری بێدینەکان وەک کۆزەڵەیەکی لێدێ کە لە سەر ئاگر دەکولێ. خەڵک تێنو و برسی دەبن. ئەوەندە جەماوەر زۆرە، کە زۆر کەس دەکەونە هەناسە برکە و هەناسە کەم دێنن. ڕووبەڕووی جەماوەر؛ دۆزەخ وەک حەیوانێکی ترسناک لە سەر چوار پێیەکانی ڕاوەستاوە؛ کە بە میلیۆنان فریشتە و هەزاران زنجیر دەێنە پێش. و کاتێ کافرەکان سەرەوبن دەبن و دەخرێنە دۆزەخ، دەنگی زنجیر و ئاخ و مەنجەڵی ئاورەکان دەبیسرێت. دۆزەخ ئەوەندە لە بێدینەکان قەڵس دەبێت کە لە قینان، تیکە تیکە دەبێ.

سورة الملک ٦٧: ٧ - ٨

> ئەوکاتەی فڕێدەدرێنە ناویەوە، نێڵەنێڵی دۆزەخیان گوێلێدەبێ. و هەڵدەچێ (٧) خەریکە لەداخا شەق بەرێ، تا کۆمەڵێکی فڕێدرێنە ناوی، پاسەوانەکان لێیان دەپرسن، ئەی ئاگادارکەرەوەیەکتان بۆ نەهاتبوو؟ (٨)

لە نێوان شەویلکەکانی دۆزەخ پردی "صراط" هەیە. ئەو پردە لە مو باریکترە و لە شمشێر تێژترە. هەموو کەس دەبێ لەو پردە ڕەت ببێت. ئەوانەی کە ئیمانداران بە ئاسانی بە سەر پردەکەدا دەڕۆن و دەچن بۆ بەهەشت و ئەوانەی کە کافریشن بەر دەبنەوە دۆزەخ. لە پێشەوەی پردی "صراط" جبرەئیل ڕاوەستاوە و تەرازوویەکی گەورەی پێیە کە چاکە و خراپەکانی خەڵکەکە وەزن دەکات. هەر کەس کە کردەوەی باشی زۆر هەبێت، ئەوە دەچێت بۆ بەهەشت؛ ئەوانیتریش دەنێردرێن بۆ دۆزەخ.

سورة القارعة ١٠١: ٦ – ١٠

بەڵام ئەوەی پارسەنگی تەرازووەکەی قورسە (٦) ئەوەیان لە ژیانێکدادەبێ،
کە لێی ڕازیە (٧) بەڵام ئەوەی پارسەنگی تەرازووی سووکبوو (٨) ئەوە دایکی
دۆزەخ دەبێ (٩) تۆ چوزانی، کە چیە؟ ئاگرێکی گەرمە (١٠)

لەو کاتەدا کاتی داوەری دێت و زۆر زووش تەواو دەبێت. فریشتەکان نامەی کردەوەکان بە دەستەوە دەکرن و دێنە پێش. ئەو نامانە هەڵگری کردەوە چاک و خراپەکانی خەڵکن. ئەوانەی کە کردەوەی چاکیان زۆرە نامەکە دەدرێتە دەستی راستیان و ئەوەی کە کردەوەی کەمە، نامەکە دەدرێتە دەستی چەپی. دوزەخیەکان هاوار دەکەن: خۆزگە قەت نامەی ئەعمالمان نەدەدرایە دەس تا لە کردەوەکانی خۆمان ئاگادار نەبین. ئایەکانی 30 تا 32 سورەی حاقە دەڵێن لەو کاتەدا فەرمان دەدرێ : زوو بیگرن و کەلەبچە و زنجیری بکەن تا دووبارە بنێردرێت بۆ دوزەخ و بە زنجیرێ کە درێژیەکەی حەفتا میترە لە ئاورەکە هاوێژرێن.

هەر وەک باس کرا، بوونی ئەشکەنجە بە نێوی دۆزەخ لەگەڵ زیندان و بەندیخانە و تاوانی هیچ تاوانبارێکی ئەم سەردەمە هەڵ ناسەنگێندرێت. دیاردەی دۆزەخ دەتوانێ خاڵێکی شەرمەزاری بێ بۆ قورئان و خودای قورئان. ئاخر بە چ تاوانێ ئەو هەموو خەڵکە لە دۆزەخدا دەسووتێن؟ بۆ هەرکەسێ کە باوەری کرد بە مەحەممەد و سەڵەواتی لە دیداری لێدا یەکراست دەرگای بەهەشتی بۆ دەگرێتەوە؟ بە پێی ئایەتەکانی قورئان هەر کەسێکی موسڵمان و مەحەممەد پەرەست، ئەگەرچی تووشی گوناح و کردەوەی خراپیش بووبێ، لە ئاگری دۆزەخ دوور دەخرێتەوە. و شوێنێکی لە بەهەشت دەدرێتێ. دۆزەخ هەر بۆ بێدین و و مرۆڤە خوانەناسەکان دروست کراوە.

هەڵبەت لە نێوان ڕاڤەکار و حەدیس‌نووسەکان جیاوازی بیر و بروا هەیە سەبارەت بەو موسڵمانانەی کە تووشی گوناح دەبن. هێندێک دەڵێن، ئەو کەسانەی دەبنە موسڵمان و گوناحی مەزن (کبیرة) دەکەن دەچن بۆ دۆزەخ، بەڵام بە پێی ئایەتی ٤٠ لە سورەتی النساء هەتا سەر لەوێ نامێنەوە. لەو ئایەدا هاتووە: هەر کەس کە چکۆڵەترین کردەوەی باش بکات، پاداشەکەی دوو بەرامبەر دەبێت.

هەر کات کە مرۆڤ بیر لەو قسانەی خودا، و لەو ئایەتانە دەکاتەوە. کە باسی دۆزەخ و ئاگر و سووتاندن و ئەشکەنجە دەکەن، کۆمەڵێ پرسیاری، لە مێشک دروست دەبن. و لە خۆی و لە دەورووبەری دەپرسێ:

ئەو خەڵکە بێ گوناحە کە ئاوا تووشیان بووە بە تووشی خودایەک بووە، کە هەر خۆی چارەنووسیان، هەر لە ڕۆژی یەکەم بۆ دیاردەکا، دەبێ چ تاوانێکیان کردبێ، کە خودانەناس و بێدین دەربچن؟

زۆربەی ئایەتەکانی قورئان، باس لەو هەموو ئەو ئەشکەنجە و سووتاندنە دڕوندانەی لە دۆزەخ دەکەن، کە تەنیا بۆ ئەو کەسانەیە باوەڕیان بە پەیامبەری خودا یانی مەحەممەد نیە و پەیرەوی ڕێبازی ئەو ناکەن .

ئەگەر بۆ تاوێکیش لەو ئایەتە ورد بینەوە، بۆمان دەردەکەوێ کە دەرگای بەهەشت و لێبووردەیی خودا، یانی بەخشینی ماڵ و سامان، بە پەیامبەری ئیسلامە. و ئەگەر نەیبەخشی بەرەو دۆزەخ دەنێردرێ. ئایا ئەوە ویستێکی دروستە؟ ئایا ئەوەی کە کەسێ بە ماندوویی و شەونەخوونی ماڵ و خانوو و پارەی بە دەست هێناوە، هەروا، لە خۆڕایی، بیدا بە محمد، بەس بۆ ئەوەی بەهەشتیان بداتێ. ئەوانە نیشان دەدەن کە مەحەممەد مرۆڤێکی شەیدای

دەستەڵات بووە. بۆ گەیشتن بەو دەستەڵاتەش. ئامادەبووە، هەموو چەشنە درۆیەک بخاتە پاڵ خودا. لە هەموو ئەو ٢٨٥ ئایەتەی کە باسی دۆزەخ دەکەن هاتووە کە ئینسان بە ئاگر دەسووتێ و ئێسک و گۆشت و پێستەکەی هەڵدەپرووزێ و هەڵدەقرچێ و بە تەواوی دەبرژێ، بەڵام هەرگیز باس لەوە نەکراوە، ئەگەر کەسێ کردەوەیەکی دژ بە یاسا و ڕەوشتی مرۆڤایەتیکرد چ سزایەکی دەدرێ. یان ئەگەر کەسێ دزی کرد، یان کەسێکیتری کوشت، یان خۆی تەقاندەوە چ سزایەکی بۆ دابین کراوە لە دۆزەخ. بۆ مەحەممەد و خوداکەی، گرینگ نیە کە مرۆڤ چۆن کردەوەی جوان و شیرین و خاوێن ڕەچاو بکات، بەڵکو گرنگ ئەوەیە باوەری بە خودا و مەحەممەد هەبێ، تا نەنێردرێتە دۆزەخ. لەوە بەولاوە هەرچی دەکا، لێبووردەیە.

ئایا دینێک لەسەر بنچینەی باوەڕ بە محمد دروست بووبێ، و ڕەچاوی ڕەفتار و چاکەکانی مرۆڤ نەکا، نابێ پاشخانێکی پتەوی دینی هەبێ. بەڵکوو شتێکە لە ناکاو هەڵتۆقیوە. و بۆتە مۆڵگەی چەتە و ڕێگر و تاڵانچی.

بۆ زیاتر تێگەیشتن لە کێشەیە، واباشە چاوێک بە تۆمارەکانی سەدەی حەوتەم دابخشێنین، ئەو کاتەی موسوڵمانان بە سەرکردایەتی عومەر کوڕی خەتاب، هاتنە ئۆرشەلیم، دەبینین دینێک بەناوی ئیسلام نادۆزرێتەوە. کەواتە لە شکرێکی داگیرکەری لە شێوەی مەغۆلەکان بووین. نەک دینێکی خاوەن پەرتووک.

لەو کاتەی داگیرکەرە عەرەبەکان هاتنە ئۆرشەلیم، دەبینین شانبەشانی کریستیانەکان هەر مانەوە. ئەگەر داگیرکەر دینێکی نوێ بوایە، دەبوایە کریستیانەکان بەرەنگاریان بووبوونایەوە. یەهودیەکانیش لە ئەنجامی گفتوگۆی بە ئاشتی دەگای ئۆرشەلیمیان کردەوە. و دەستەڵاتی سیاسیان دایە دەست. تەنانەت کەس نەیدەزانی ئەو دینە چییە و ئەوانە کێن؟

ئەوەی جێگای سەرسوڕمانە کریستیانەکان بە پێچەوانەی هێرشی ٦١٤ س.ب [423]کە ساسانیەکان لەگەڵ یەهودیە نەسارییەکان کردیان و کریستیانەکانیان بە کۆمەڵ دەکوشتن. دەبینین ئەو جارە لە ساڵانی نێوان ٦٣٦- ٦٣٨ س.ب کە بەسەرکردایەتی عومەر کوڕی خەتاب هاتنە ئۆرشەلیم، بە باوەڕدار ناویان دەبەن. ئەوەش لە بنەڕەتدا گومان لەسەر ناسنامەی ئەو داگیرکەرە عەرەبانە دروستدەکا. کە گریمانەی ئەوەیە، کە دینی ئەو عەرەبانە شێوەیەکی یەهودی کریستیانی بووبێ. یان یەهودی کریستیانی شکەستخواردووبن و هەوڵ بدەن فۆرمێکی نوێ بۆ دینەکەیان بدۆزنەوە. ئەوەش باشترین ڕێگایە خۆیان بە خزمی یەکتری زانیبێ. تەنانەت داگیرکەر دەستی بە نوێژ لەسەر ڕێبازی یەهودی کرد.

تەنانەت زۆر دواتر لەسەردەمی دەوڵەتی ئەمەوی، لە تۆمارەکانی معاویة کوڕی ئەبو سفیان ئاماژەیەک بە ناوی ئیسلام، یا ناوی محمد نادۆزرێتەوە. [424]

ئەگەر بمانەوێ بەدوای کۆنترین سەرچاوەی دینی ئیسلام دا بگەڕێین، بێگومان ناتوانێ بێجگە لە قورئان هیچیتربێ. کەچی دەقەکانی قورئان یەک لە دوای یەک، داوا لە نەبی دەکەن، پەیڕەوی دینی نەتەوەی ئیبراهیم بکا. ئایا ئەو دەربڕینە جارێکیتر گەڕانەوەی نەسارییەکان نییە بۆ باوەشی یەهودی. تا بەو شێوەیە بەرەنگاری کریستیانی هێلێنی ببێتەوە. یان بە مانایەکیتر سەرکەوتنی یەهودی نەساری ڕۆژهەڵات بەسەر کریستیانی ڕۆمانی ڕۆژئاوا. [425]

---

[423] ڕێبوار سەلاح (٢٠٢٢) ئیسلام و پاشخانی مێژوویی
[424] هەمان سەرچاوە ص١٢
[425] هەمان سەرچاوە ص ١٣

بەڵگەیەکیتریش کە پەیامبەری ئیسلام یەکسەر جبەی یەسوی کریستی لەبەرکردووە. ئەوەیە لەناو سورەتەکانی قورئان بە هێچ شێوەیەک ناوی مصطفی وەک ناوی پەیامبەر نەهاتووە. بەڵکوو بەپێی قورئان، ڕوونکردنەوەی ئاکارەکانی نەبیەکانی دینە ئیبراهیمیەکانە.بۆ نموونە لە سورەتی ص هاتووە.

سورة ص ٣٨: ٤٧

و ئەوانە لەلای ئێمە لە باشترین هەڵبژێردراوەکانن. (٤٧)

موسوڵمانان باوەڕیان وایە، کە مصطفی ناوی محمدە. کەچی بۆ ئەو دەربڕینە هیچ بەڵگەیەکی پشتڕاستکەرەوە نیە. تەنیا بە گوتی و گوتیان بەردەوامن.

سەبارەت بە ناوی ئەحمەدیش

سورة الصف ٦١: ٦

وە کە عیسا کوڕی مریەم گوتی: ئەی بەنی ئیسرائیل من پەیامبەری خودام، بۆ ئێوە نێردراوم دروستی ئەو تەوراتە دەسەلمێنم کە لەبەر دەستەکانمە، وە مژدەتان بە پەیامبەرێک دەدەمێ، کە دوای من دێ ناوی ئەحمەدە، جا کاتێك بەڵگەکانیان بۆ هات گوتیان ئەمە جادوویەکی ڕوونە (٦)

ووشەی ئەحمەد بە مانای کەسێک دێ، لە ئەندازە بەدەر سەنای بکرێ، ئەو ناوەش بە هەردوو شێوەی ئەحمەد و محمد تەنیا سەنا بۆ خوداکردنە و بەس.

القرطبي لە پەرتووکی جامع الحكام دەڵێ (محمد) کەسێکە بەردەوام، جار لە دوای جار سەنای بۆ بکرێ. سەناکردنیش بەپێی باوەڕی دین تەنیا بۆ خودا دێ. سەرەڕای ئەوە لە سەرتاسەری قورئان چوار جار ووشەی (محمد) هاتووە.

هەرچەندە موسوڵمانان دەڵێن ناوی محمد المصطفی، مەبەست پەیامبەری ئیسلامە. بەڵام بە پێی لێکدانەوە ناوی مصطفی لای یەهودیە نەسارییەکان ناوی کریستە (مسیح). کە لە ئینجیلی عیبرانیش بە ئەحمەد ناوی دەبرێ.[426]

[426] حداد، یوسف الدرة. قرآن دعوة نصرانية. ص ١٤٧

# ناکۆکی نێوان قورئان و کردەوەکانی محمد

قورئان وەک پەرتووکی پیرۆز و سەرچاوەی یەکەم، بۆ گشت جیهانی ئیسلام، بەدرێژایی مێژووی ١٤٤٠ ساڵ پەیڕەوکراوە. و جێی متمانەی یاسایی و کۆمەڵایەتی دینی بووە. ئەو دەربڕینە سەرجەمی موسوڵمانان لەسەری ڕێکن، بەڵام ئەوەی  کە جێگای هەڵوێستە لەسەرکردنە، لە کردەوەی ڕۆژانەی نووسەری قورئان و موسوڵمانانی بەرایی، هەر لە سەرەتاوە پێچەوانە بووە. ناکۆکی ئایەتەکانی قورئانیش کەلێنێکی گەورەیان دروستکردووە. بۆ دروستبوونی دووفاقیی کەسایەتی دیندار. ئەو دووفاقەییەش هەر لە ڕەوشتی ڕۆژانە تا دەگاتە هەڵسوەکەوت بەرامبەر نایاران دەگرێتەوە. کە یەکەم کەس، محمد خۆی پەیڕەویکردووە.

پرسەکانی ڕەوشتی کۆمەڵایەتی و هەڵسوکەوتی دینداری موسوڵمان و قورئان، میراتێکی بۆ ماوەی، یەهودیە نەساڕیەکان و یەهودی حاخامیەکانە، ئیسلام تەنیا وەریگرتووە. و لەسەری بەردەوام بووە . ئەوەش بریتییە لە شێوەیەک ووتاری بێگیان، مرۆڤ ناچاری هەندێک ڕێسای باوەڕی دینی و کۆمەڵایەتی ئەبستراکت دەکا. کە ئەنجامەکەی ئازادی تاک دەخنکێنێ و مرۆڤ دەکاتە بوونەوەرێکی بێ هەست. و دوور لە هاودەنگی کۆمەڵایەتی. کە بنەڕەتەکەی لە دینە کانی پێشتر هاتووە، و قورئان وەک سەرچاوەی دینی موسوڵمانان

دووبارەیکردۆتەوە. محمد پەیامبەری ئیسلام، زیرەکانە ئەو ڕێبازەی بە مەبەستی بەرژەوەندی سیاسی خۆی بەکاردێنا. [427]

واله خوارەوە هەندێک لەو ئاکارانە دووفاقەییانە دەخرێنەڕوو. کە هەم لە قورئان و هەم لە کردەوەی ڕۆژانەی پەیامبەری ئیسلام، بەپێی کات و بەرژەوەندی بەکاری دێنان.

# سیخوڕی

لە قورئان دا، سیخوڕی کارێکی ناشیرینە، و بە ئایەتی قورئان قەدەخەکراوە. هەر شتێکیش قورئان قەدەخەیکردبێ، دەبێ بە ووردی و توندی پەیڕەوی بکرێ.

القرآن الكريم – سورة الحجرات ٤٩: ١٢

> ئەی گەلی باوەڕداران، لە زۆرێک گومان خۆتان بە دووربگرن. چونکە هەندێک گومانی وا هەن، وە نەکەن سیخوڕی بەسەریەکتریدا بکەن، لە پاشەملەش بە خراپە باسی یەکتر مەکەن، ئاخۆ کەسێکتان ئارەزوو دەکا، گۆشتی برای خۆی بە مردوویی بخوا، دیارە قێزتان دێتەوە. ئەشی لە خودا بترسن، خودا پەشیمانی وەردەگرێ، و میهرەبانە (١٢)

بەڵام بێئاگا لەوەی، هەر لە سەرەتای کۆچ بۆ مەدینە، محمد تۆڕی سیخوڕی بە شێوەیەکی سیستەماتیک و ووردی هەبوو. ئەوەش بەشێک بوو، لە کاری سەربازی و سیاسی ڕۆژانە.

---

[427] فصول من تاريخ الإسلام السياسي ص ٣٢

محمد بەردەوام زانیاری لەسەر نەیارانی کۆدەکردەوە. بە تایبەتی لەسەر یەهودی و دووڕووان (المنافقين). تەنانەت دەقی قورئان سەبارەت بەو زانیاریانە، گەڤی ئەوە دەکا کە ناوەڕۆکی کۆمەڵێک خەڵکی دەزانێ.

القرآن الكريم – سورة البقرة ٢: ٦٤ – ٦٦

> پاش ئەوەی پشتتان تێکرد، ئەگەر چاکەو بەزەیی خودا بەهاناتان نەهاتبایە، ئێوە لە دۆراوان بوون (٦٤) هەواڵی حاڵی ئەو کەسانەشتان دەزانی، کە لە ڕۆژی شەممە، لە سنووری خۆیان دەرچوون، پێمان گوتن: مەیموونی ترۆکراو (٦٥) بە پەندێکی وامان بردن، کە هاوچەرخان دوای ئەوانیش، چاوترسێن کا. و وانەیەکیش بێ بۆ خۆپارێزان )٦٦(

لەو ئایەتە دیاردەکەوێ ڕۆژی شەممە، یەهودی دەبێ باسی هەندێک شتیانکردبێ، کە نووسەری قورئان پێی وایە لە سنوور دەرچوون، بەو ئایەتە نیشانی دەدا کە قورئان نەک تەنیا دووفاقەیی لە نێوان ئایەتەکانی داهەن، بەڵکوو هەر ئازادیەکی ڕا دەربڕین لە سنووری دەستەڵاتی قەدەخەیە. تەنانەت وەڵامی نەیارانی، بە قسەی سووک و بەکەمزانین دەداتەوە.

سەبارەت بە سیخوڕی موسوڵمانان بۆ محمد، بەڵگەی زۆر لەبەردەست دان. کە محمد خۆی لەناو مەدینە سیخوڕی هەبووین. و دەیزانی لە ناو شار بە ووردی چی دەگوزەرێ.[428]

یەک لە نموونە هەرە دیارەکانی تۆڕی سیخوڕی محمد، چیرۆکی حاطب بن أبي بلتعة بوو. تا ئەو ئاستەی زانیاری ڕۆژانەی بەردەوام دەگەیشتە محمد. حاطب یەک لە گەورە

---

[428] هەمان سەرچاوە ص ٣٣

ئەسحابەکان بوو، پاڵەوانێکی شەڕی بەدر بوو. نامەیەکی نهێنی بۆ مەککە نارد، تێیدا هەواڵی بە خەڵکی مەککە دا، کە محمد خەریکی ئامادەکردنی هێرشە بۆ سەر مەککە.

محمد هەواڵی نامەکەی، پێش ئەوەی بگاتە مەککە ئاشکراکرد. عەلی بن ئەبي طاڵبی نارد، بۆ گرتنی نامەبەر، و بیگێڕێتەوە بۆ مەدینە. [429]

لەلایەکیتر بەردەوام زانیاری لەسەر قورەیش و مەککە کۆکردنەوە. ئەوەش بەشێک بووە لە سەرکەوتنەکانی بەسەر قورەیش و نەیارەکانی تری.[430]

یەک لەو کەسانەی کە لە مەککە دەژیاو پەیوەندی بەردەوامی لەگەڵ محمدی برازای دا هەبوو، عەباسی کوڕی عبدالمطلب بوو. کە تا گرتنی مەککە ئیسلامەتی خۆی ئاشکرا نەکرد. کەچی پێش کۆچ و دواتریش وەک کەسێکی جێمتمانەی محمد لە مەکە بوو، پەیوەندی پتەوی لەگەڵ برازاکەی هەبوو. ئەوەی لەدەستی هاتبایە لە هەواڵ ناردن بۆ محمد دریخی نەدەکرد.

لە شەڕی بەدر عەباس لەگەڵ عقیل و طاڵبی کوڕانی أبي طالب کە دوو برای عەلی بوون، لەگەڵ قورەیش دژی محمد، بەشداری شەڕی بەدریان کرد. و بە دیل گیران. ئیبن هشام دەگێڕێتەوە، کە محمد فەرمانی دا، نابێ کەس تخونیان بکەوێ و مامڵەتی خراپیان لەگەڵ بکا. عەباس لەو شەڕە ئەرکێکی گرنگی لەسەر شان بوو. کە ڕۆڵی تابووری پێنجەمی، بۆ محمد دەگێڕا.[431]

---

[429] هەمان سەرچاوە ص ٣٣
[430] Montgomry, William (1961) Mohamed prophet and Stateman. Oxford university press.
[431] فصول من تاريخ الإسلام السياسي ص ٣٣ - ٣٤

# درۆ

لە ڕووی باوەڕی دینیەوە، درۆ یەک لە ڕەوشتە هەرە ناشیرینەکانی دینداره. ئەوەش لە قورئان بە ڕوونی ئاماژەی پێکراوە.

سورة النحل ١٦: ١١٦

> بە درۆ زمانتان نەگەڕێ، کە ئەم ڕەوا و ئەو ناڕەوایە، هەر بۆ ئەوە. بەدەم خوداوە درۆ هەڵبەستن (١١٦)

بەڵام بەپێی گێڕانەوەی مسلم لە صحیحەکەی لە سێ هەڵومەرجدا ڕێگا بە درۆ دراوە:
١ لە شەڕدا.
٢ چاکسازی نێوان خەڵک.
٣ پیاو درۆ لەگەڵ ژنەکەی بکا.

لە سەرجەمی هەر شەش صحیحەکان و مسند بن حنبل هاتووە، کە شەڕ فڕک و فێڵە، لە ئەنجامی بەدواداچوون بۆمان دەردەکەوێ کە محمد خۆی لە هەڵومەرجی جیاوازدا، درۆی بەکار هێناوە.

إبن هشام دەڵێ، کاتی محمد بۆ خەزا دەردەچوو، هیچکات مەبەستی ڕاستی نەدەگوت. و هەواڵی درۆی بڵاودەکردەوە. بۆ ئەوەی نەکا هەواڵەکە دزەبکا. و سەرکەوتوونەبێ. پلانی شەڕی هەمیشە نهێنی بوو، و ئەوەی لای خەڵکی دەیگوت درۆ و فڕک و فێڵ بوو.

نموونەیەکی بەرچاومان لەبەر دەست دایە. ئەویش چیرۆکی دەستەی عبداللە بن جحش بوو. کاتی محمد لەگەڵ ٨ یان ١٢ چەکدار بۆ ئەرکێکی سەربازی ناردن. نامەیەکی بۆ عبداللە بن جحش نووسی. و فەرمانی پێدا، تا دوای دوو ڕۆژ نەیخوێنێتەوە. عبداللە لەگەڵ دەستە چەکدارەکەی ڕۆیشتن. و دوای دوو ڕۆژ نامەکەی کردەوە، کە ئەو فەرمانەی تێدابوو:

> بڕۆ ناو دارخورماکانی نێوان مەککە و تائف. لەوێ چاوەدێری قورەیش بکە و هەواڵمان پێ ڕابگەیێنە.

عبداللە و چەکدارەکانی، ڕوویان لەو شوێنەکرد. و بۆسەی لە ڕێگای کاروانێکی بازرگانی دانایەوە. و دەستی بەسەرداگرت. بەو نهێنییە توانی لە شوێنێکی وا ناهەموار و ترسناک، لە هێرشەکەی سەرکەوتووبێ، کە بەبێ ئەو نهێنییە کارێکی مەحاڵ بوو. بۆیە تەنانەت ناوەرۆکی هێرشەکەو و شوێنی نە شەڕکەران و نە سەرکردەیان نەیاندەزانی.[432]

## بەرتیل

لە قورئاندە بە ئایەت، بەرتیل قەدەخەکراوە. هەندێ سەرچاوە ئاماژە بەوەدەکەن کە لە ئیسلام ( نەفرەت لە بەریل خۆر و بەرتیلدەر کراوە)[433]

---

[432] هەمان سەرچاوە ص ٣٤
[433] ابي الحسن الشافعي (١٩٧١) أدب القاضي. تحقيق محي هلال السرحان. الجمهورية العراقية رئاسة ديوان الأوقاف. أحياء التراث الإسلامي. الجزء الأول ص ١٥٢ – ١ ٥٣

سورة البقرة ٢: ١٨٨

نەکەن سامانی یەکتری بە ناڕەوا بخۆن. و مەشیدەنە کاربەدەستان تا خۆتانیان لێ نزیك کەنەوە، بۆ ئەوەی دەستەیەکتان بە ناڕەوایی لە سامانی خەڵك بخۆن، وە خۆتان دەزانن.(١٨٨)

بەڵام لە پراکتیکدا، لە گۆڕەپانی سیاسی و سەربازی، ڕەچاوی قورئان نەدەکرا. کاتی دەستەڵات کەسێکی، بۆ کارێکی سیاسی بەکرێ دەگرت. بۆ ئەوەی ڕازیبکا یان بێدەنگی بکا، بەرتیلی دەدایە. بەرامبەر بەرتیل و ڕاگرتنی ئەو ئەرکەی کە پێی سپێردرابوو گەفی لێدەکرا. ئەگەر لادان یان هەرچی بکا ئەوە تەمێ دەکرێ.

محمد جۆرێکیتری بەرتیلی بەکاردێنا بۆ ئەوەی لەناو قورەیش لەیانگیر بۆ ئیسلام بکرێ. تەنانەت لە ناو هەندێ هۆزی بەهێزی عەرەبی دوورگەش ئەو کارەی دەکرد. ناوی لەو کەسانە دەنا (دڵیان نەرم بووە) واتە لایەنگیری ئیسلامن، کەچێ هێشتا ئیسلام نەبووین. ئەوەش محمد بە سامان ڕازی دەکردن.
ئەو دیاردەیە، دوای شەڕی حنین بە ئاشکرا بەدیارکەوت. بە تایبەتی دوای تاڵانی زۆر و دەستەڵاتی محمد بووە جیگای ترس، بۆ دەوروبەری. هەندێک لەو کەسانەی کە هێشتا دەستەڵاتیان هەبوو، و بۆ محمد جێگای ترس بوون. سامانی زۆریان دەردرایێ، بۆ بۆ بێلایەن کردنیان لەکاتی شەڕو ناکۆکی. بەتایبەتی هەندێ هۆزی عەرەبی خاوەن هێز و دەستەڵات.[434]

ئەو بەرتیلدانەش دواتر بە ئایەتی قورئان جێگیرکرا، کە بەشێک لە زەکات، بۆ نەرمکردنی دڵی ئەو کەس و هۆزانە تەرخانبکرێ.

---

[434] فصول من تاريخ الإسلام السياسي ص ٣٦

سورة التوبة ۹: ٦٠

> زەکات هەر دەبی بدرێتە هەژاران، و دەستکورتان، و ئەوانەی بە کاروبار ڕادەگەن، و بشبەخشرێ بۆ نەرمکردنی دڵی نەیاران و ئازادکردنی کۆیلە و قەرزاران لە ڕای خودا.لە ڕێگای بەجێماواندا. (٦٠)

ئەو جۆرە بەخشینە لە زەکات و تاڵانی شەڕ بۆ بێلایەنی ئەو هۆزانە، بێجگە لە بەرتیل شتێکیتر نییە. بۆیە دوو فاقەیی ئیسلام لە نێوان تیوری ئایەتەکان و پراکتیکی کردەوەی ڕۆژانە یەک ناگرتنەوە.

بە لێکدانەوەیەک ئەو ئایەتە دژی ئایەتی ۱۸۸ سورەتی البقرەیە. ئەوەش بەڵگەیە بۆ ناکۆکی نێوان ئایەتەکانی قورئان و گونجاندنیان بەپێی پێویستی سیاسەتی سەربازی محمد.

لەسەردەمی عومەر کوڕی خەتابیش، دوای داگیرکردنی عیراق گیرایە بەر. ئەوەش بەمەبەستی بەهێزکردنی ئیسلام و ڕاکێشانی کادری کارگێڕی و سەربازی بە توانای ناوچەکەبوو، کە هێشتا هەر مابوون، بۆ ئەوەی ببنە یارمەتیدەری داگیرکەرە نوێکان. و بەهێزکردنی پێگای بەڕێوەبردنیان لە ناوچە داگیرکراوەکان [435]

## پەیمان

بەپێی دەقی قورئان دەبێ مرۆڤ ڕێز بۆ پەیمان دابنێ. خراپی پەیمان شکاندن یا ئەوانەی بۆ پەیمان بە وەفانین.

[435] تاريخ اليعقوبي، الجزء الثاني، ص ١٠٧ طبعة النجف، سنة ١٣٥٣ هـ

بەگشتی پەیمان لە ئیسلام ئەوە بوو کە لەگەڵ ناموسوڵمانان لەسەر چەندە خاڵێک پەیمانیان دەبەست.

محمد بە قسە لەسەر ڕاگرتنی پەیمان زۆر توندبوو، بەڵام بەکردەوە، پێچوانەبوو. یەک لە گەورەترین پەیمانشکاندنەکانی بەرامبەر یەهودیەکانی مەدینە بوو.

کاتی محمد لە بێهێزیدابوو پەیمانێکی لەگەڵ یەهودی و سابئیەکان بەست. کە تیایدا سێ خاڵی دیاریکردن

القرآن الكريم – سورة البقرة ٢: ٦٢

> ئەوانەی باوەڕدارن و ئەو کەسانەش کە لەسەر دینی یەهودی و نەساری و سابیئین. ئەگەر باوەڕیان بە خودا، و ڕۆژی پەسڵان (القيامة) هەبێ. و کاری چاک بکەن. لای پەروەردگار، پاداشتی خۆیان هەیە. و نە هیچ ترسێکیان لەسەرە. و نە خەم دەخۆن (٦٢)

یەهودیەکان بەردەوام، ئامادەبوون بەپێی پەیمان بجوولێنەوە. بەڵام محمد دوای بەهێزبوونی کەوتە دۆزینەوەی بیانوو. کە دەبێ دینی خۆیان بەجێبێڵن. ئەگینا کافرن. تا گەیشتە هێرش بۆ سەر بەني نضیر، و بەني قینەقاع. بەڵام لە گشتیان توندتر و دڕوندانەتر هێرشی سەر بەنی قورەیضە بوو، کە کوشتارێکی گەورەی لێکردن. بەپێی سەرچاوەکانی ئیسلام لە نێوان شەش سەد تا هەشت سەد پیاویان کوشتن. ئەوەش هیچ پاکانە هەڵناگرێ و نموونەیەکی دیارە لە سیاسەتی محمد دژی دینەکانیتر. ئەوە سەرەڕای ئەوەی محمد پەیمانی لەگەڵ بەستبوون، بەڵام بە درۆی هەڵبستراو وەک بیانوو، بۆ قڕکردن.

ئەوەش بەڵگەیە بۆ ئەوەی کە محمد هەرگیز پەیمانی نەبەستووە، بەڵکوو تاکتیکێک بووە بۆ وەرگرتنی کات و دەرفەت بۆ خۆزاڵکردن. ئینجا پەیمانەکەی ناوەتە ژێر پێ. و شکاندوویەتی.[436]

---

[436] فصول من تاريخ الإسلام السياسي ص ٣٧

# کوشتنی سیاسی

محمد دەیگوت: باوەڕ زنجیری مردنە، باوەڕدار نامرێ.

مرۆڤ سەری سووردەمێنێ، کاتی هێرشی دڕوندانە دەکرێتە سەر خاوەن هزر، یا ململانێی لەسەر دەستەڵات. ئەو کارەش ئێستا دەستی پێنەکردووە. بەڵکوو مێژووی ئەشکەنجە و کوشتن لە ئیسلام، پاشخانی دەگەڕێتەوە بۆ دامەزرێنەکەی محمد.

دواتر لەسەردەمی عومەری کوڕی خەتاب کاتی شام و عیراق داگیرکران بێجگە لە تاڵان و بڕۆ، کوشتنی گەورە و منداڵ دەستی لێ نەدەپارێزرا. ئەوەش بە پشت بەستن بە ئایەتی قورئان، کە هەر زووتر محمد خۆی دەستی پێکردبوو:
بە تەنیا لە داگیرکردنی جەزائیر ئیسلامیەکان بڕیاری سەربڕینی خەڵکی جازائیریاندا تا منداڵێشی دەگرتەوە. ئەوەش بە ئایەتی:

سورة نوح ٧١: ٢٧

> ئەگەر تۆ بیانهێڵیتەوە، بەندەکانت گومڕادەکەن. و هەر منداڵێکیشیان بێ تاوانبار و سپڵە دەبێ (٢٧)

لە صحیح مسلم هاتووە:
حەدیسی ژمارە ٣١٨٩- لە العصب بن جثامة دەگێڕنەوە، گوتوویەتی: لە نەبیان پرسی ئەگەر بە شەو هێرشکرایە سەر کافران. ئەوە منداڵ و ژنانیش بەردەکەون و دەکوژرێن؟

محمد لە وڵامدا گوتی:

ژن و منداڵیش لەوانن ( واتە کافرن و کوشتنیان ئاساییە).

کوشتنی سیاسی لە ئیسلام، هەر لە سەردەمی دامەزرانی دەوڵەتی قورەیش بەناوی دەوڵەتی ئیسلام دامەزرا. سیاسەتی ئەشکەنجە و کوشتنی سیاسیش وەک بەشێکی دانەبڕاو لەگەڵی هات. ئەوەش نەک لەسەر بنچینەی دادگا و توانای بەرگری لەخۆ بە پێی یاسا. نەخێر کوشتی بە دانانی پیلانی نهێنی طێپەڕین بە ترس نەک کەسی مەبەست بزانێ و دەستیان نەگاتێ.

جیاوازیەکەش لەوەدایە لە سێدارەدان واتە کەسی بڕیار لەسەردراو پێشوەخت تاوانەکانی دیارن و هۆکاری لە سێدارەکەشی دیارە. بەڵام کوشتن بە پیلان شێوەیەکی یاسای جەنگەڵە، کەسی دەبێ بکوژرێ نازانێ جێ چاوەڕوانی دەکا. بەڵکوو هەنگاو بە هەنگاو بە لە خشتەبردن و درۆ و ڕاسپاردنی کەسانی خراپەکار و بکوژ بۆ ئەو کارە. و دواتر نکۆڵی لێکردن.

لە سەردەمی محمد دوای، وەرگرتنی دەستەڵات لە مەدینە، و بەهێزبوونی، دەستکردە لەناوبردنی ئەو کەسانەی کاتی خۆی ئازاری موسوڵمانیان دابوو. بە نهێنێ دەیانکوشتن و نکۆڵیان لێدەکرد.

لەلایەک محمد لە ووتارەکانی، بەردەوام باسی لێبووردەیی و ئاشتەوایی دەکرد. و لەلایەکیتر پلانی کوشتن و لەناوبردنی نەیارانی دادەنا. هەر لە ئەشکەنجدان تا دەگاتە شێواندنی لاشەی مردوو.... هتد بەمەبەستی تۆقاندنی نەیارانی.

سەرەڕای ئەوەی لە یاسای ئیسلام (شريعة) کوشتن بەناڕەوا دانرا، و قەدەخەکراوە. کەچی هێرشی سوارەی، لە ناکاوی سەردەمی جاهیلی هەر بەردەوام بوو. محمد توانی بەشێوەیەکی

سیستەماتیک بەردەوامی بپێبدا. سەرچاوەکان ناوی زۆر کەسمان پێدەڵێن، کە بووبوونە ئامانجی ئەو پلانانەی محمد. یەک لەو شتانەی کە محمد دەیکرد، ئەوەبوو کە هەمیشە هێرشی بۆ سەر نەیارانی، بەشەو دەکرد، کە دەیتوانی بە ئاسانی نکۆڵی لێبکا[437].

سورة الحج ٢٢: ٣٨

> خودا بەرگری لەو کەسانە دەکا، کە باوەڕیان پێهێناوە. چونکە خودا خیانەتکارێکی گاوری خۆشناوێ (٣٨)

کوشتنی سەرکردەکانی یەهودی:

کوشتنی کعب بن الأشرف:

یەک لە سەرکردە مەزنەکانی یەهودی بوو، هەر لە سەرەتای کۆچ بۆ مەدینە، دژی محمد چالاکانە کاری دەکرد. یەک لە ئالقەکانی نێوان یەهودی و قورەیش بوو. بەهیچ شێوەیەک ڕەخنەکانی لە محمد و بانگهێژیەکەی نەدەشاردەوە.

کوشتن یەک لەو ئامرازانە بوو کە محمد بەکاری دێنا. بۆ پاکتاوکردنی نەیارانی. لە ساڵی سێیەمی کۆچی یەک لە ئەنسارەکانی بەناوی محمد بن مسلمة الأوسي نارده لای سەرکردەی بنی قريضة (كعب بن الاشرف) و کوشتی.

سلام بن أبي الحقيق

یەک لە سەرکردەکانی بني نضير بوو، یەک لەو کەسانە بوو، پێش شەڕی خەندەق لەگەڵ نێردەیەک چووە مەککە. دوای گەڕانەوەی محمد پلانی لەناوبردنی بۆ دانا. دەڵێن ئەو پلانە

---

[437] هەمان سەرچاوە ص ٣٥ - ٣٦

له دەستپێشخەری الخزرج بوو. کە لەگەڵ هۆزی ئەوس لە بەرابرکێ دابوون. کە تازە ئەوس کعب بن الأشرفيان کوشتبوو. [438]

إبن سنينة

یەکێک بوو لە یەهودیەکانی بنی حارثة. هیچ بەڵگەیەک یان سەرچاوەیەک باسی نەیاری دژی محمد و ئیسلام ناکا. کەچی کەسێک بە ناوی حويصة بن مسعود کوشتی. إبن سنينة دۆستێکی نزیکی بکوژەکەی ( حويصة بن مسعود) بوو. سەیر لەوەدایە کە محيصة إبن سنينەی لەبەر چاوی برای خۆی محيصة کوشت، کە موسوڵمان نەبوو. ئەو کارەش لە پێناوی نانەوەی ئاژاوەبوو، لە ناو بنەماڵەکان. ئەگینا هیچ بیانوویەکی تر نەبوو، بۆ ئەو تاوانە گەورەیە. [439]

# کوشتنی ژنێک

ئەو کوشتنە بە دوو شێوە هاتووە. یەکیان سەرچاوەی لە حەدیثەوە هاتووە، ئەویتریان لە بیۆگرافیانووسانەوە. لە حديث النسائي و أبي داود لە پەرتوکی سنن بە کورتی باسی ئەوە دەکەن، کە أعمى دایکی منداڵەکانی کەنیزەکیشی بووە. دوو کوڕی لێ هەبوون. ڕووداوێک دەبێ لە دەمەقاڵێیەک جنێو بە محمد دەدا، و هەمان شەو أعمى بە (مغول) شمشمشێرێکی کورت سکی هەڵدەدڕێ، و دەیکوژێ، هەر دوای ئەوە دێتە لای محمد. و پێی دەڵێ ئەی پەیامبەری خودا. من خاوەنی بووم، دایکی منداڵەکانیشم بوو دووکوڕی وەل لۆلۆم لێی هەن.

---

[438] هەمان سەرچاوە ص ١٨٦

[439] هەمان سەرچاوە ص ١٨٧

بەڵام بە هۆی سووکایەتی بە تۆ جنێودانی تۆڵەم لێکردەوە، و کۆتاییم بەژیانی هێنا. بە (مغول) سکیم هەڵدڕی.
محمد گوتی: شایەتی دەدەم، کە خوێنی بە خۆڕایی ڕۆیشت، هەرچەندە لەو گێڕانەوەیە ناوی ژنە ناهێنێ.

لە ڕووی مێژووییەوە، ئەو ژنە ناوی (عصماء بنت مروان). و یەهودی بووە. نەک کەنیزەک، بەڵکوو ژنی پیاوێک لە بەنی خطمة بوو. دژیایەتی ئیسلامیکردووە، شیعری هەجووی گوتووە.

سەحابەیەک بەناوی عمیر بن عدي الخطي، لە هەمان هۆزی مێردی عصماء. دەیکوژێ، کاتی محمد لە شەڕی بەدر بەساخی دەگەڕێتەوە، عومیر بە شەو دەچێتە سەری و لەوکاتە منداڵی بەباوەشەوە دەبێ مەمکی دەداتێ، عومیر دەستی بەملی پێدادێنێ. و خۆی بەسەریدا دەچەمێنێتەوە. و شمشێرێکی لە سنگی دەچەقێنێ، تا لە پشتی دەردەچێ.

بۆ بەیانی دێتە مزگەوت. و لەگەڵ محمد نوێژدەکا. دوای نوێژکردن، نەبی سەیری دەکا، و دەڵێ: کچی مەڕوانت کوشت؟
گوتی: بەڵێ، ئەی پەیامبەری خودا.
گوتی: خودا و پەیامبەرەکەی سەرکەوتن، ئەی عومیر.
گوتێ: ئەی پەیامبەری خودا، لەسەر شطێک شایەنی بوو.
گوتی: بە دوو بزن پاکتاونابێ.و بە یاوەرانی گوت: ئەگەر دەتانەوێ ئەو کەسە ببینن، کە خودا و پەیامبەرەکەی سەرخستن، ئەوا سەیری عەمەیر بن عدي بکەن.[440]

---

[440] هەمان سەرچاوە ص ١٨٧ - ١٨٨

کوشتنی أبو عفک

أبو عفک یەهودی لە بەنی عمرو بن عوف بوو، نەیاری محمد بوو. هەروەک یەهودیەکانیتری یەتروب، شیعری لەسەر محمد دەگوت. بە پێی گێڕانەوەی سەحابەیەک، بەناوی سالم بن عومەیر الأنصاري کوشتی. پلانەکەش هەر بەخۆی دایڕشتبوو. سالم بۆ ماوەیەک چاوەدێری دەکرد، تا هاوین هات و خەڵکی لەدەروە دەخەوتن. شەوێکیان سەردانی هۆزەکەی دەکا، شەو لەدەرەوە دەبن، سالم دەخزێتە لای و بە (مغول) شمشێرێکی کورتیلەیە دەیکوژێ. [441]

# هەوڵی کوشتنی أبو سفیان

لە شەڕی بەدر، سەرکردەیەکی گرنگی قوڕەیش کوژرا. لەوە بەدوا خەڵکی مەککە بەسەرکردایەتی آبو سفیان وەک براگەورە و بە دەستەڵاتداری مەککە، بووە ڕێککخەری هەردوو شەڕی خەندەق و أحد. لە پشت گشت، ئەو چالاکیانە بوو، کە خەڵکی مەککە دژی محمد دەیانکرد. ئەوەش تا گیرانی مەککە هەر بەردەوام بوو.

شتێکی بەڵگەنەویست بوو کە ناوی لە لیستی ئەوانەبوو، کە دەبێ بکوژرێن. بەڵام کارەکە وا ئاسان نەبوو. لەبەر دوو هۆکار:

---

[441] هەمان سەرچاوە ص ١٨٩

یەکەم: دووری نێوان مەککە و یەتروب، و نادڵنیایی لە ڕێگای پاشەکشەکردن، بۆ ئەوانەی بەو کارە هەڵدەستن. بەتایبەتی قوڕەیش کۆنترۆڵی تەواوی لەسەر زۆربەی ڕێگاکانی نێوان ئەو دوو شارە هەبوو.

دووەم: لەوەش گرنگتر، نەبوونی توانای دەستەیەک بۆ چوونە ناو مەککە. لەبەر ئەوەی هیچ موسوڵمانی تێدانەبوو. ئەوەش وایکردبوو، نەتوانن هەواڵەکانی ناو شار و جوولەی خەڵکی مەککە بزانن. کەچی ئەو سەختیانەش لەوە ڕێگرنەبوون، کە محمد هەوڵی خۆی بۆ کوشتنی أبو سفیان بدا.

طبري و إبن الأثير سەبارەت بە ڕووداوەکانی ساڵی ٤ کۆچی دەڵێن:
محمد بۆ ئەو مەبەستە ( کەسێکی شەیتانی) خراپەکاری دانا، بەناوی عمرو بن أمیة الضمیري. هاتە ناو ئیسلام، بەڵام ۆێشتر لە هەردوو شەڕی بەدر و أحد دژی ئیسلام بەشداری کردبوو.
ئەوەش چاوەڕواندەکرا، بۆ ئەوەی شانسی خۆی تاقیبکاتەوە. و پیشانی بدا هاتنە ناو ئیسلامی، دەتوانێ شتی گەورەبکا. و بۆ ئەوەش لە کوشتنی أبو سفیان باشتر نییە.
محمد کەسێکی لە أنصارەکان لەگەڵ نارد، هەردووکیان بە شەو چوونە ناو مەککە. لەوکاتە خەڵکی کاری ڕۆژانەی کۆتایی پێ هێنابوو، چووبوونەوە ماڵ سەرگەرمی دانیشتن بوون.
لە ناو مەککە، لە ڕێگای بەرەو ماڵی أبو سفیان، عمرۆ و هاوڕێکەی بەلای چەند کەس دا تێدەپەرة، کە لە پەنایەک دانیشتبوون. کاتی چاویان بە عمرۆ کەوت کە باش دەیانناسی، هاواریان کرد ئەوە (عمرو بن أمیة) یە. خەڵکی مەککە خرۆشان و زانیان وا بەخۆڕایی نەهاتووە. بەڵکوو مەبەستی ئاژاوەیە لە مەککە. عمرو ڕێگاکان شارەزابوو. لەگەڵ هاوڕێکەی توانی لە تاریکی دەربچێ و گەوڕایەوە مەدینە.
أبو سفیان بە ساخی دەرچوو، هەوڵدانەکەش دووبارە نەبووەوە.

هەڵبەتە محند سەختیەکانی ئەو هەڵدانەی دەزانین. کاتێ کەسێکی خراپەکاری وەک عمروی هەڵبژارد مەبەستێکی تایبەتی هەبوو. کە بێچگە لەو کەسە دەرفەتێکیتری نەبوو. بەڵام هەرچەندە هەوڵدانەکەی سەرکەوتوو نەبوو. توانی بە خەڵکی مەککە بڵێ ئێوە هەرگیز ناتوانن لە خۆتان دڵنیابن[442] .

# کوشتنی عەبهەلە – الأسود العنسي

عەبهەلە (عەیهەلة) یەکێک بوو لە سەرکردەکانی بەرەنگاری یەمەن دژی، ئیسلام. لە کاتی سەرەمەرگی محمد، توانی دەستەڵاتی بەسەر سەرتاسەری یەمەن دابگرێ. و توانای بۆ سەر بەشە فراوانەکانی خوارووی دوورگە، تا دەگاتە کەنداو بڵاوبکاتەوە. بزووتنەوەکەی بە ئەندازەی بزووتنەوەی مسلمی یەمامە بوو. ئەوەش ترسێکی زۆری خستبووە دڵی محمد.

بە شێوەیەکی ئاسایی محمد چارەسەری کێشەیەکی وای لە ڕێگای هێرش و شەڕی مەیدانی دەکرد. ئەوەش دوای شەڕی حودەیبە و گەورەیی لەشکری ئیسلام لە دوورگەی عەرەبی. و هێزە بەرەنگارییەکانیش لەو ئاستەدا نەبوون، کە محمد لێیان بترسێ. بەڵام هێز و ناوچەی جوگرافی لەشکری عەبهەلە لەو ئاستە بەدەر بوو، محمد بتوانی لە گۆڕەپانی شەڕ بیبەزێنێ. و بیگرێ یان بیکوژێ. لەبەر ئەوەی کارێکی وا توانایەکی گەورە و کارێکی زۆری دەویست. بەڵام محمد دەیەویست بەهەر شێوەیەکبێ بە ئاسانی و توانای کەمتر، ئەو بزووتنەوەیە تێکبشکێنێ. و بەسەریدا زاڵبێ.

---

[442] هەمان سەرچاوە ص ١٩٤

محمد پلانێکی دانا، کە تا ئەو کاتەش ئاڵۆزترین پلان بووە، بۆ کوشتنی کەسێک. بۆیە بە کوشتنی سیاسی دادەنرێ.
پلانەکە بەو شێوەیەبوو: وەک چۆن لە مێژووی طبري و إبن الأثير و اليعقوبي و فتوح البلدان البلاذری هاتووە.
محمد خۆی بڕیاری کوشتنی عەبهەلەی دەرکرد. دەستەیەک لە خەڵکی یەمەنی ڕاسپارد. و پلانەکە ماوەیەکی درێژی خایاند. یەک لەو کەسانەی، کە لەگەڵ پلانەکەدابوون، سەرکردەی سوپای عەبهەلە بوو، بەناوی قەیس بن عبد يغوث. دوای ناکۆکی لەگەڵ عەبهەلە.ئامادەبوونی قەیس ئاسانکارییەکی زۆری بۆ پلانەکە کرد.
هەواڵەکان وا دەگێڕنەوە: کە هەندێک ئێرانی کە لەیەمەن دەژیان، دوای بەجێهێشتنی حەبەشیەکان، دەستەڵاتی گەورەی سیاسیان لە یەمەن هەبوو.
ئەوانە بەرەنگاری عەبهەلە بوونەوە. و شەڕی گەورەیان لەگەڵکرد. و دۆڕاندیان. و کۆتایی بە سەرکردەیان بەناوی (شەهر) هات و عەبهەلە دوای کوشتنی دەستی بەسەر ژنەکەی بەناوی (ئازاد) داگرت.

لێرەوە پلانەکە زۆر قووڵتر و ئاڵۆزتر بوو، زۆر لەیەن بەشداریان پێکرا. تا دەگاتە ناڕازیەکانی خەڵکی یەمەن لە سەنعا. بە نهێنی گشت لایەک هەر گرووپە بە ڕۆڵی خۆی لە پلانەکە ئاگاداربوون. بۆ نموونە خەڵکی نارازی سەنعا تێگەیێندران، هەرکاتی گوێیان لە بانگادن بوو لە کۆشکی عەبهەلە ڕاپەڕن.

گرێی بنەڕەتی پلانەکە ئەوە بوو، کە چۆن بگەنە عەبهەلە. لەبەر ئەوەی لە کۆشکێکی بەهێز و بە سەنگەر دەوری گیرابوو. و چوار دەوری بە پاسەوان تەنرابوو. کە شەو و ڕۆژ پاسەوانیان دەکرد.

دوای ئەوەی عەبهەلە، (ئازاد) ژنە زەوتکراوەکەی لەخۆی مارەکرد، کوڕی مامی ئامۆزای بەناوی (فەیروز) کە یەکێک بوو لەوانەی ڕۆڵی سەرەکی لە کارەکەدا هەبوو. لە بەشی دواوەی کۆشک دوای پاسەوانان کە بەرەو ژووری عەبهەلە دەڕۆیشت، لە شەوی پلان بۆ دانراو، فەیروز لەگەڵ ئازاد، کە دوو کەسیتری ئێرانی لەگەڵدابوون. یەکیان بە ناوی داذویة و ئەویتریش قەیس بن جحشیش الدلیمي. لەو شوێنەی لەگەڵ ئازاد ڕێکەوتن کۆشکیان هەڵکۆڵی. و بەبێ ئەوەی پاسەوان هەست پێبکەن، چوونە ژوور. لەبەر ئەوەی پاسەوان لە دەرەوە بوون. هێرشیان کردە سەر عەبهەلە، لەو کاتە هاواریکرد. کەچی ئازاد گوتی، وازیلێبێنن پەیامبەر وەحی بۆدێ.

پاسەوانەکان لە دەرەوە مانەوە. لە ژوورەوەش ئازاد و عەبهەلەی کوژراو تا بەیانی. بەرەبەیان بانگ لە کۆشک هەڵسا، لەگەڵ دەنگی بانگ خەڵکی ناڕازی سەنحا هێرشیانکردە سەر کۆشک.[443]

هەرچەندە پاسەوانەکان ویستیان بەرگری بکەن، بەڵام لە ژووری عەبهەلە دەستەیەک بەرەنگاریان بوونەوە. و لە پشتەوە لێیاندان. بەوەش هێرشی دەرەوە بۆ داگیرکردنی کۆشک ئاسانبوو. و سەربازانی عەبهەلە بۆ دەرەوەی سەنعا ڕایانکرد.

هەرچەندە د. حمود العودي، مامۆستای زانستی کۆمەڵایەتی لە زانکۆی سەنعا، چیرۆکی ئەو بەسەرهاتە بەشێوەیەکیتر دەگێڕێتەوە. و ناوی لێدەنێ ستەمی ئیسلام و شۆڕشی خەڵکی یەمەن. کە کاردانەوەی سیاسەتی خراپی ئیسلام بوو، بەرامبەر خەڵکی یەمەن. و ئەنجامی بێهیوا بوونی خەڵکی یەمەن بوو، دژی نادادی و ستەمی ئیسلام و پەیامبەرەکەی دژی خەڵکی

[443] تاریخ الطبري، تاریخ الرسل و الملوکالجزء الثالث ص ٢٢٧ – ٢٣٩. دار المعارف بمصر.

یەمەن. د. حمود بەردەوام دەبێ، کە دەستەڵاتداری ئیسلام لە مەدینە دەستەڵاتی بێسنووری دابووە نەوکانی فارس، کە لە یەمەن مابوون، تا عەرەب بچەوسێننەوە.[444]

بەڵام کە دێتە سەر کوشتنی عبهلە و لەناوبردنی هێزەکەی هەمان دەرئەنجامی هەیە. کە محمد پلانێکی قووڵ و ئاڵۆزی دانا بۆ کوشتنی و دامرکاندنەوەی ئەو جوولانەوە دینییە، کە ترسی گەورەی لێی هەبوو.

کوشتنی عەبهەلە – الأسود العنسي بە هەر شێوەیەک کام هۆکاربێ، چەند خاڵێک لەسەر سیاسەتی پاکتاوکردنی نەیارانی ئیسلاممان دەداتێ.

١ لە سەرەتادا، کوشتنی عەبهەلە کوشتنی تاکە کەسێک نەبوو. لەبەر ئەوەی کوشتنی عەبهەلە بەشێک بوو لە کوودەتای لەناوبردنی بزووتنەوەیەکی دژی ئیسلام.
٢ کوشتنی عەبهەلە، بە ئاسانی کێشەکەی بڕاندەوە، ئەگەر عەبهەلە دەرچووبوایە، ئەوە شەڕێکی درێژخایەن چاوەڕوانی دەکرد.
٣ دەستپێشخەری عەبهەلە، دەبووە هۆکار و بنەمای نوێ. یەک لەوانە بەرنامەیەکی دیاریکراو، کە ئایدیۆلۆژیایەکی بەراوردکاری بۆ دینەکەی محمد دەهاتە ئارا. هەرچەندە عەبهەلە لە دەستپێشخەریەکەی دواکەوت، هەروەک مسیلەمەی یەمامە.[445]

سەبارەت بە ڕێبازی کوشتنی سیاسی، کە محمد بەکاریدێنا، هەرچەندە کولتوورێکی کۆنی بەر لە ئیسلام بوو لە ناو سەرۆک هۆز و ناو بنەماڵەکان بۆ یەکتری پاکتاوکردن، و نەهێشتنی

---

[444] ا.د د.حمود العود، عبهلة بن كعب بن غوث العنسي بين الردة والبطولة
[445] فصول من تاريخ الإسلام السياسي ص ١٩٢

بەربەست لە ڕێگای دەستەڵاتی ڕەها. بەڵام بەردەوامی لای محمد و دواتریش خەلیفەکان مەبەستی تایبەتی خۆی هەبوو:

١ محمد وەک تاک کەسانی دیاریکراوی دەکوشتن، ئەوەش بە مەبەستی تۆقاندنی نەیارانی بوو. هەرچەندە ئەو کارەی لەگەڵ یاساکانی کە خۆی دایانابوون، ناکۆک بوون. بەڵام بۆ پاکتاوکردنی سیاسی و چەکداری، تا پێیکرابێ دریخی نەدکرد.
٢ کوشتنەکانی لەسەردەمی محمد ژمارەیان دیاربوو، و لە ماوەیەکی دیاریکراوبوو. بەڵام تاکتیکی کوشتن بەرامبەر نەیارانی، بە پلەی یەکەم دروستکردنی ئاژاوەبوو. لەناو بنەماڵە، و دین و سیاسیە نەیارەکانی.
٣ ئەو لایەنانەی کە بە کوشتن بەرەنگاریان دەبووەوە. لایەنی سەربازی نەیارانی بوون، لە بێدین و یەهودی، کوشتنی چوار تا پێنج یەهودی لە یەتروب گرنگی سیاسی خۆیان، بۆ محمد هەبوو. لە کاتە هەرەسەختەکانی دەستەڵاتی، ئەو کوشتنانە کارتی سەرکەوتن بوون. لە تێکشکاندیان دژی سیاسەتی پاوانخوازی خۆی. لەلایەکیتر ئەو کارەی هەروا نەدەکرد، بەڵکوو پەیمانی لەگەڵ دەبەستن، تا دڵنیابن، ئەوسا بیانووی دەدۆزیەوە و پاشقوڵی لێدەگرتن.[446]
لە کۆتاییدا، با ئەوەشمان لەبیرنەچێ، ئەو تاکتیکەی محمد لە سەردەمی بێهێزیش هەر بەکاری دێنا.

[446] فصول من تاريخ الإسلام السياسي ص ١٩٥

# کێشەی محمد لەگەڵ النضر بن الحارث

محمد کێشەیەکتریشی هەبوو، ئەویش ناکۆکی لەگەڵ النضر بن حارث بوو. النضر کەسێکی گەڕیدە و شارەزای ئەفسانەکانی ئێرانی و دینی زەردەشتی بوو. بە شێوەیەکی بەردەوام خەڵکی لە دەروی کۆدەبوونەوە. ئەویش چیرۆکەکانی کەلەپووری ساسانی و زەردەشتی گەلانی ئێرانی بۆ دەگێڕانەوە. دوای هەر گێڕانەوەیەکیش دەیگوت: بە الله محمد ئەو چیرۆکانە لە من باشتر دەزانێ. گێڕانەوەکانیشی تەنیا چیرۆکی پێشینانن (أساطير الأولين). کە بۆی نووسراون و ئەویش دەیانلێتەوە.

لەبەر ئەوەی قەڵەمڕەوی ئیمپراتۆری ساسانی، دەستەڵاتی لەو ناوچانە هەبوو، کە زۆر هۆزی عەرەبی لێدەژیان. و یەک لەو هۆزانەش قورەیشەکان بوون. کە بە پەرتوبڵاوی هەر لە شامەوە تا حیجاز وەک ڕەوەند دەسووڕانەوە. سەرەڕای ئەوەش، ماوەیەکی زۆر هاوپەیمانی ساسانییەکان بوون دژی ئیمپراتۆری ڕۆم. ئەوەش شتێکی ئاسایيە، کە چیرۆکە کۆنە ئەفسانەییەکانی، میر و پاشا و قارەمانەکانی گەلانی ئێران، ڕۆژانە لە ناو کۆمەڵانی خەڵکی جیاواز دەگێڕدرانەوە. هەر بۆیەش باوەڕی دینی و ئەفسانەکانیان لە ناو ئەو هۆزانەی عەرەب ئاشنا بوون. ئەوەش کاریگەری لەسەر تاکەکانی ئەو کۆمەڵگەیە هەبووە. محمدیش چ لە سەردەمی منداڵی و دواتریش وەک هەرزەکار و تەمەنی لاوی، ڕەنگە بە سەدان جار ئەو چیرۆک و ئەفسانانەی بیستبن. و خۆیشی بۆ خەڵکی تری گێڕابنەوە.

بەڵام پەیدابوونی سەلمان الفارسی و ئەو گەنجینە گەورەکەی. و پاشخانی بوونی کەلەپووری زەردەشتی و گەلێری ناوچەکە، پێکەوە دەرگای جیهانێکیتری بۆ محمد خستبووە سەرپشت.

کەچی النضر بن حارث، لەو توانجانەی بەرامبەر محمد، مەبەستی ئەوەبوو. کە سەلمان الفارسی، ئەو چیرۆکانەی لە دینی زەردەشتی و کەلەپووری ناوچەکانی میسۆپۆتامیا و ئێران وەرگرتووە. و بۆ محمدیان دەگێڕێتەوە. و محمدیش بە ناوی جوبرائیل دیانلێتەوە.

لەلایەکیتر محمد دەیزانی زانیاری و ڕەوانبێژی النضر، کاریگەری لەسەر باوەڕی خەڵکی هەیە. بۆیە بە بەردەوامی النضر لەسەر توانجەکانی، تا دەهات محمدیان تەنگاوتر دەکرد. لەبەر ئەوەی تا دەهات خەڵکی قسەکانی النضریان بەچاو دادەدایەوە.

بوونی سەلمان الفارسي، لە مەدینە. و پەیوەندی نزیکی لەگەڵ محمد. قسەکانی النضر، زیاتر دەبوونە جێی باوەڕی خەڵکی مەدینە. و کۆمەڵانی خەڵکی جیاجیا. لەبەر ئەوەی محمدیش خۆی هەمان چیرۆکەکانی النضری بەناوی جوبرائیل دووبارە دەکردنەوە. لە کۆتایی ئەوەندە تەنگاو بوو. و بە ئایەتێک وەڵامی دایەوە. [447]

سورة القلم ٦٨: ١٥

ئەگەر نیشانەکانی ئێمەی بۆ بخوێننەوە. دەڵێ ئەفسانەی پێشینانن (١٥)

دواتر کێشەی نێوان محمد و النضر، بەوەندە نەوەستا، بەلکوو گەیشتە ئەو ئاستەی، محمد کەوتە سووکایەتی کردن و جنێودان بە النضر بن حارث. گەفی بە ئازاری بە سۆی دۆزەخی لێدەکرد.

[447] نقد الكتابی للقرآن ص ٢٥

سورة الجاثية ٤٥: ٧ – ٨

> ئەی لەو کەسەی تۆمەت کەر و تاوانبارە (٧) هەرکاتی ئایەتەکانی خودای بەسەردا دەخوێنیتەوە، دەبیستێ. بەڵام بە هۆی لەخۆ بایی بوونی، هەر پێدادەگرێ. و دەڵێی هەر نەشی بیستووە. دە تۆش مزگینی بدەیێ، کە ئازارێکی زۆر بەسۆی بەردەکەوێ (٨).

بە ڕەچاوکردنی ئایەتەکانی قورئان و تێکەڵاوی کولتوور و کەلەپووری ئێرانی، بەتایبەتی نەرێتە دینیەکانی زەردەشتی لەناو قورئان. زیاتر ئەوە دەسەلمێنێ، کە النضر بن حارث لە خۆڕایی ئەوەی نەدەگوت. محمد گەورەترین ئەفسانەی زەردەشتی بەناوبانگی وەرگرتوو، بە ناوی خۆی تۆماریکردوون. یەک لە بەناوبانگترینان، ئەفسانە گەشتی ئاسمانی لە چیرۆکی ئاردیرافی دینی زەردەشتی وەرگرتووە. جا ئەو وەرگرتنانە، لەڕێی سەلمان الفارسی بووبن یان بە قسەی النضر بن حارث لە ئەدەبی گەلێری زەردەشتی و ساسانی وەریگرتبن جیاوازییەکی نییە. گرنگ ئەوەیە کە محمد توانیویەتی، چیرۆک و ئەفسانەی گەلان و دینەکانیتر تۆماربکا. و بەناوی خودا و ئاسمان بەرگێ پیرۆزیان لەبەرکا.

سورة الأنفال ٩: ٣١

> کاتی ئایەتەکانی ئێمەی بەسەردا دەخوێندرێنەوە، دیان گوت گوێبیست بووین. ئەگەر بمانەوێ بە دڵنیاییەوە، شتی وەک ئەوە دەڵێین. ئەوە شتێک نییە تەنیا ئەفسانەی پێشینانە (٣١)

القرطبي دەڵێ: ئەو ئایەتە لەسەر النضر بن الحارث هاتووە. النضر بە بازرگانی هاتوچۆی حیرەی دەکرد. چیرۆکی کلیلە و دمنە و ووتەکانی کیسرا و ئیمپراتۆری کڕیبوو. هەرکاتی محمد چیرۆکێکی نەتەوەکانی پێشتری دەگێڕایەوە، النضر دەیگوت:

ئەگەر بمەوێ شتێکی وەک محمد دەڵێم. چونکە قورئان تەنیا ئەفسانەی میللەتانەی پێشووە.[448]

إبن كثير دەڵێ النضر بن الحارث گەشتی بۆ وولاتی فارس دەکرد. و فێری سەربردە و چیرۆکی پاشاکانیان، وەک رۆستەم ئەسفەندیار و هەندێکیتر بووبوو. کاتی لە وولاتی فارس گەڕایەوە، بینی محمد لەلایەن خوداوە نێردراوە، و قورئان بۆ خەڵکی دەخوێنێتەوە. کاتی پەیامبەر دەڕۆیشت. النضر دادەنیشت و چیرۆکی ئەو پاشایانەی بۆ خەڵکی دەگێڕانەوە. ئینجا دەیگوت: سوێند بە خودا، کامە چیرۆک خوشتر و باشترن: چیرۆکی من یان قسەکانی محمد. دواتر النضر لە شەڕی بەدر بە دیل دەگیرێ. و پەیامبەر فەرمانیدا، بە سەختترین شێوە ئەشکەنجەی بدەن. و دواتر لەملی بدرێ. هەرواشیان کرد.[449]

گشت ئەو ڕووداوانە لەگەڵ ئەو ئایەتانە کە بەدوای خۆیاندا هێناویانن، بەڵگەن بۆ ئەوەی، کە قورئان پەرتووکێکی ئاسمانی نیە. بەڵکوو کۆکراوەیەکی سەلەوات لێدان و خوێندنەوەی لیتورگییە بۆ پەیرەوکردنی لە نوێژ و خودا. و شێوەی پەرستن.[450]

---

[448] القرطبي، جامع لأحكام القرآن، الجزء ٧، ص ٣٤٨
[449] محمد. إبن كثير. تفسير القرآن العضيم الجزء السابع، ص ٦٣
[450] آل عيسى، د. محمد، تاريخ الإسلام المبكر ص ١٥٤

# بەشی دووەم

## نووسینی قورئان لە ماوەی بیست و سێ ساڵ

قورئان لە ماوەی بیست و سێ ساڵ نووسراوە، ئەو ماوەیە دەکرێتە بە قۆناخ کە بەناوی سورەتەکانی مەککە و سوورەتەکانی مەدینە ناسراون.

# قورئان لە قۆناخی مەککە

قورئان لە قۆناخی مەککە، پەیامی یەهودی نەسارِی بوو. و لە ژێر چاوەدێری و کۆنترۆلی قەشە وەرەقە بن نۆفل دا بوو. لەو قۆناخەدا محمد تەنیا مۆژدەدەرێکی نەسارِی بوو. نەک پەیامبەر.



له سەرەتای بانگەێشی پەیامی محمد، تا ئاستێکی باش گونجان له خوێندنەوه هەبووه. ئەگەر له شوێنیک ناکۆکی لەسەر دەربڕین هەشبووبێ ،کاریگەری ئەوەنده نەبووه. که ببێته جێگای ناکۆکی و جیاوازی گەوره. بۆیه ئەوەنده بەدی نەدەکرا، که ببێته کێشه له ناو پەیڕەوکارانی دین. بەدی نەکرانەکەشی دەگەڕێتەوه بۆ دوو هۆکار:

یەکەم: وەک سەرچاوەکان باس دەکەن ڕۆڵی قەشه وەرەقه کوڕی نۆفل که ئامۆزای خەدیجه و مامۆستای محمد بوو، زۆر گرنگ بووه. قەشه وەرەقه لەو کاتەدا سەرۆکی کەنیسەی نەسارییه ئەبیۆنیەکانی مەککه بوو. خاوەن زانیارییەکی دینی بەرفراوانبوو. له هەمان کاتدا بۆ محمد مامۆستا و پاڵپشتێکی گەورەبوو. هەر ئەوەش بوو کاریگەرییەکی بێ هاوتای لەسەر ئایەتەکانی قورئانی مەککه هەبوو. ئەو کاریگەرییەش، له هەردوو ڕووی ناوەرۆک و  دەربڕین ماکی خۆی دانابوو. بۆیه قورئانی مەککه، هەم له شێوه و چمکەکانی دا. و هەم له باری مرۆڤ دۆستانه. به بەراورد لەگەڵ قورئانی مەدینه، به بەشی پاکتری قورئان دادەنرێ. کاتێ مرۆڤ به قووڵی لێدەکۆڵێتەوه، بۆی دەردەکەوێ، قەشه ڕاگەیاندن دوای ڕاگەیاندن دەدا. پێشبینی وای دەکرد، که ئەو نەک محمد لەسەرووی هەموو شتێکه. سەرەڕای ئەوه قەشه وەرەقه، پێشبینی وەک  موژدەدەر بۆ محمد دەکرد. ئەو ئایندەی محمدی باش دەزانێ... هەر لەو قۆناخەدا دەبینین بانگەێشکەر له کەسی یەکەم دەگۆڕێ بۆ کەسی دووەم و سێیەم. ئەوەش بەڵگەیەکه بۆ ئەوەی قەشه وەرەقه ئایەتەکان ئاماده دەکا. و محمد دووبارەیان دەکاتەوه. وەک ئەوه وایه پەرتووکەکانی ژیاننامەی پەیامبەر، بەڵگه بۆ نەبییەتی قەشه وەرەقه و توانای دێننەوه، نەک محمد. [451]

[451] الحريری، ابو موسی (٢٠١٠) عالم المعجزات. بحث فی تاريخ القرآن. سلسلة: الحقيقة الطعبة (٣)

دووەم: ئەوانەی قورئانیان لەبەر دەکرد، یان دەیان نووسییەوە، گشتیان خەڵکی مەککە بوون. و جیاوازی لە شێوەی قسەکردن و دەربڕینیان دا نەبوو. ئەوەش وایکرد، دواتریش لە کۆکردنەوە و ڕێکخستنی قورئان پەیرەوی بکەن. ئەو شێوەیەش لە پەرەسەندن و گەیاندنی پەیامی دین کارێکی ئاساییە. لەبەر ئەوەی دین هەمیشە نیشانەی بە کۆمەڵبوونە. ئەو کاتەی تاکەکان زانیارییەکانینان بۆ ئەنجامدان، و بەشداری لە گوزارەکردنی ئەزموونی ڕۆژانەی هاوبەش دەگۆڕنەوە. ئەوە زمانی دەربڕینە، کە پەیامەکە یەکلا دەکاتەوە. دەتوانێ لە ڕێگای زێدەڕۆیی و ڕەوانبێژی، بە هێما لە چالاکی جۆراوجۆری دین بۆ بنیاتنانی ئەرک و پیرۆزییە هاوبەشەکان ئاسانتر بکا. و بەردی بناخەی دین دابنێ.[452] بۆیە قۆناخی مەککە گرفتی گەورەی نەبوو بۆ دەربڕینی وەحی. زمانی قورئان، تەنیا شێوەزمان و دەربڕین و گوزارەکانی قورەیش بوون.

لێرەدا ڕۆڵی قەشە وەرەقە و ڕینمایی و ئامۆژگارییەکانی بۆ محمد. و یەک شێوەزمانی قسەکردن، وا دەکا قورئانی مەککە چ لە ڕووی پەیامی دین، و چ لە ڕووی زمانی دەربڕین، تا ئاستێک باشتر بێ. لە قورئانی مەدینە. ئەگەر هەڵە لە ئایەتەکان هاتبن، ئەوە دوای گەیشتنە محمد و دووبارەکردنەوەی ئەو هەڵانە پەیدابووین. لەبەر ئەوەی محمد بەشێوەی ضارەکی وەریدەگرتن. و هەمیشە شێوەیەکی لیتورگی دەدایە دەقەکە کە هەڵەی تێدەکەوت. هەڵبەتە ئەو دەبڕینە، لەدەروەی سێ خاڵە کە دەبێ ڕەچاوبکرێن:

---

[452] إبن قتيبه (١٩٧٣) تائويل مشكل القرأن.شرحه و نشره السيد احمد صقر. الطبعة الثانية. مكتبة دار التراث – قاهره. ص ٢٦

یەکەم: لە سەردەمەکانی دواتر. تێنەگیشتنی تاکی عەرەب لە قورئان، بەهۆی تێکەڵاوی زمانی ئارامی و عیبری و هتد لەناو قورئاندا. کەگرفتی، بۆ موسوڵمانان دروستکردووە.

دووەم: کەم یان زۆر ئەو هەڵە مێژوویی و جوگرافیانەی لە ناو قورئان دا هاتوون.

سێیەم: دەستکاری و گۆڕینی ئایەتەکان و لە جێگای ئەوانە ئایەتی نوێ دروستکراون، کەلەگەڵ دەستەڵات و بەڕێوەبردن بگونجێن.

# قورئانی مەککە لە سێ قۆناخی پەرەسەندا

قورئانی مەککە هەر چەندە بەگشتی لە قۆناخی مەدینە جیا دەکرێتەوە. کەچی خۆشی دەتوانرێ, بەسەر سێ قۆناخی بچووکتر دابەشبکرێ.

## قۆناخی یەکەم:

لەم قۆناخەدا بانگهێژی محمد لەژێر گاریگەری و ڕێنمایی قەشە وەرەقە بن نۆفل بوو. و لەیەکچوونێکی لە ئەندازە بەردەر، لە نێوان ناوەرۆکی ئایەتەکانی قورئان، و شێوەی گوزارەکردنیان، لەگەڵ ناوەرۆکی پەرتووکەکانی پەیمانی کۆن دا هەبوو. ئەوەش لە ڕێگای لیتورگی و شێوەیەکی ڕەوانبێژی کە هەناسەی لە ئەدەبی جاهیلی وەرگرتووە.

لەو قۆناخەدا لەیەکچوونێکی زۆر لە نێوان ناوەرۆکی ئایەتەکانی قورئان و پەیمانی کۆن بەدیدەکرێ. تەنانەت شێوەی تەرگوم لە نێوان دەقەکانی پەرتووکی نەبیەکان و قورئان دەبینرێ. نموونەیەک لەسەر لەیەکچوونی ئایەتەکانی سورەتی المزمل لە قورئان، بەپێی کرۆنۆلۆژیای ئەزهەر سورەتی ژمارە ٣ کە لە سەرەتای دەستپێکی بانگهێژی محمد هاتووە، لەگەڵ زەبوورەکانی داود بکرێ:

| المزمل | زەبورەکان |
|---|---|
| هەر ناوی پەروەردگارت لەیادبێ. و بێجگە لەو ، لە هەموو شتێک بتەکێوە (٨) | ئەی بەندەکانی خودا، ستایشی بکەن. تەنیا ستایشی ناوی خودا بکەن. (١١٣: ١) |
| پەروردگاری ڕۆژهەلات و ڕۆژئاوایە. بێجگە لەو هیچی تر بۆ پەرستن نابێ. تەنیا ئەو ، بکە پشت و پەنای خۆت (٩). | خودای توانادار ، دەفەرموێ ،لە ڕۆژهەڵاتەوە هەتا ڕۆژئاوای زەوی بانگ دەکات. (٥٠: ١) |

## قۆناخی دووەم

ئەو قۆناخە دوای مردنی قەشە وەرەقە کوڕی نۆفل، لە ساڵی چوارەمی بانگهێژ دەست پێدەکا. کە قەشە وەرەقە مرد، ئەوکاتە، محمد لە تەمەنی چل وچوار ساڵی دابوو. لێرەدا بە ڕاشکاوی گۆڕانێک لە ئایەتەکانی قورئان دەبینین. ئەوەش لە جیاتی دووبارەکردنەوەی دەقەکانی پیمانی کۆن بە لیتورگی عەرەبی جاهیلی. هەست بە ترازانێک دەکەین، بەڵام شتەکان لەسەرخۆ دەڕۆن. لەبەر ئەوەی ئەبی طالب و خەدیجە هێشتا لە ژیاندابوون، محمد هێشتا لەژێر هەژموونی ئەوان دابوو. لەگەڵ ئەوەشدا، هەست پێدەکەین لەناو یەهودیە نەساریەکان هێزێک هەیە، کە دەیەوێ پەیامەکە لە تەوراتی حاخامەکان بترازێنێ. و ئەو قۆناخە، بکاتە سەردەمی گواستنەوە، بۆ قۆناخی سێیەم و دابڕان لە یەهودی حاخامی. یان وەک پردێک بۆ پەڕینەوە لە نێوان قۆناخی یەکەم بەرەو قۆناخی سێیەم. بریتییە لەو سوڕەتە مەککەیانەی، بەشێوەی نموونەیی بەرەو پێشەوە دەچن. ڕووماڵی مێژووی ڕووداوەکانی تەورات دەکەن. لە هەمانکاتدا ئەوە پشتڕاست دەکەنەوە، خۆیان واتە قورئان دەقی سەربەخۆی پیرۆزی خودایین.

لەو سەردەمەدا گرنگیەکی زۆر بە چیرۆکی موسا ، و گەڕانەوەی بۆ خاکی پیرۆز دەدرێ، کە لانکەی پەیامی دینە ئیبراهیمیەکانە. لەو قوناخەدا یەهودیە نەسارپەکان لەشام پێگایان ترازابوو. لەبەر ئەوەی دوای داگیرکردنی ئۆرشەلیم لە ساڵی ٦١٤ س.ب ساسانیەکان متمانەیەیان بە حاخامەکان کرد. و یەهودیە نەسارپەکان و قورەیشیە هاوپەیمانەکانیان لە ئیسرائیل وەدەرنابوون. لەوکاتەدا، شیرازەی پەیوەندی لەگەڵ یەهودیە حاخامەکان زۆر خراپتر بووبوو. و یەهودیە نەسارپەکان بەردەوام بوون لە دۆزینەوەی ناسنامەی ڕەسەن، کە بتوانن دینی یەهودی نەسارِی – و عەرەبی وا بهۆننەوە، کە بەردەوامی پەیامبەرانی پێشترە. ئەو ڕێبازەی ئەوانیش دینێکی ئیبراهیمی ڕەسەن و ڕاستەقینەیە. ئەوەش قۆناخێکی نوێیە، کە دەقەکانی قورئان بە ئاراستەیەک پەرەدەستێنن. کە خۆئامادەکردنە بۆ قۆناخی سێیەم. و بەرزبوونەوەی توانای دەقەکانی قورئان بەسەر پەرتووکی پیرۆزادا (تەورات). نموونەی ئەو دیمەنەش لە سورەتی طە و هێنانەوەی چیرۆکەکانی تەوراتە.

لەو قۆناخەدا شێوەی ووتاری دینی دەگۆڕێ . و دەقەکانی ئەو قۆناخە، هەڵەکانی یەهودی ڕاست دەکاتەوە. و بە توندی ڕەخنە لە کردەوەکانیان دەگرێ. ئەوەش لە سوورەتی طە دەردەکەوێ. کە بەرامبەر پەرتووکی دەرچوون لە تەورات. [453]

| سورة طە٢٠ | پەیمانی کۆن دەرچوون ٣٤ |
|---|---|
| لەو خواردنە نایابانەی پێمانداون، بخۆن. و زێدەڕۆیی تیدا مەکەن، ئەگینا لێتان توورە | (٦) ئینجا خودا لەبەردەمی تێپەڕی و ڕایگەیاند: خودا، خودا، خودایەکی بە بەزەیی و میهرەبانە، پشوودرێژە و خۆشەویستی نەگۆڕ و دڵسۆزی زۆرە. |

[453] Angelika Neuwirth(2016) Quranic studies and Historical – Critical Philologi. Pp 20

| | |
|---|---|
| دەبم.  هەر کەسێ تووشی تووڕەییم بێ، هەڵدێراوە. (٨١) | |
| هەرکەسیش تۆبەکار و باوەڕدار و چاکەکار و شارەزای ڕاستەڕێگەبێ، من دەیبەخشم (٨٢) | (٧) خۆشەویستی نەگۆڕ دەپارێزێت بۆ هەزاران، لە تاوان و یاخیبوون و گوناە خۆشدەبێت، بەڵام تاوانباران ئەستۆپاک ناکات، بەڵکو لەسەر تاوانی باوکان سزای نەوەکان دەدات هەتا نەوەی سێیەم و چوارەم. |

## قۆناخی سێیەم

لەو قۆناخەدا توانا بەسەر کەلەپووری نووسراو پەیدا دەکا. و لەگەڵ پەیمانی کۆن دیالۆگ دەکا. شێوەی گێڕانەوەی چیرۆکەکانی تەورات و نەبی موسا، کە پێشتر لە مەککە هاتوون. ئێستا هێزێکی نوێ هەیە. و بە جۆرێکیتر نیبیەکانی پێشتر دەگێڕێتەوە، لە سەروەشیان موسا.

لەو قۆناخەدا هەندێک لە سوورەتەکانی قورئان، ناتوانرێ لە ڕێگای مێژوویی و کرۆنۆلۆژیا تاوتوێی دەقەکان بکرێ. لەبەر ئەوەی ئەو دەقانە زیاتر ئامۆژگارین. و دەبێ لە ڕوانگەی ئەدەبی و فیلۆلۆژی لێیان قووڵبینەوە. ئەوەش دەکرێ، بەپێی ئەدەبی هاوچەرخی قورئان ساخبکرێنەوە. ئەوسا دەتوانرێ، سەرەداوەکانی پەیامی قورئان بدۆزینەوە. باشترین ڕێگا بۆ ئەوکارەش دۆزینەوەی شیعری جاهیلی لەناو ئایەتەکانی قورئانە.

یان بە مانایەکیتر، ئەو دەقانە لە بواری زانین (المعرفی) لە کۆتایی سەردەمەکانی کۆنن. و دەبێ وەک لیتورگی، ببینرێن و لە ڕێگای فیلۆلۆژی و شێوەی ڕەوانبێژی لێکدانەوەیان بۆ بکرێ. و بەراوردیان لەگەڵ ئەدەبی ڕەوانبێژی ئەو سەردەمە پێبکرێ.

القرآن الكريم – سورة البلد ٩٠: ١ – ١٠

سوێند بەم زێدە دەخۆم (١) تۆش تێیدا نیشتەجێی (٢) بە باوک و نەتەوەکەشی (٣) ئێمە مرۆڤمان لەگەل تەنگژە و خەمان وەدیهێنا (٤) ئایا بیر لەوە دەکاتەوە کە کەس دەروەستی نایە (٥) دەڵێ سامانێکی زۆرم لەدەست داوە (٦) ئاخۆ بیر لەوە دەکاتەوە، کە هیچ کەس نەدیوە (٧) ئەی ئێمە دوو چاومان نەداوەتێ. (٨) زمانێک و جووتێ لێویش (٩) ڕێگەی هات و نەهاتیشمان پیشان ندا (١٠) [454]

سەبارەت بە ئایەتی ٦

ئایەتی شەشەم لە شێوەی شیعرێکی عەنتەرە یە، دەڵێ:

ئەگەر بخۆمەوە، پارە خەرج دەکەم

ئایەتی ٧ لە جیهانی زانین (معرفي) کەسێکی گوێ نەداتە هیچ.

لەو سورەتەدا کۆمەڵێ سوێند دەخوا، بە پێداگرتن بە شێوەیەکی ڕەوانبێژی کە لەگەڵ نیشانەکانی ئەدەبی کلاسیکی ئەو سەردەمە و پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکانی دەگونجێن. نووسەری قورئان دەیەوێ شوێنی لەدایکبوونی وەک چەقی پیرۆزی دابنێ. و بە هێزی نادیاری ڕەوانبێژی لە دەروونی باوەڕدارانی جێگیرکا.

سەبارەت بە ئایەتەکانی ٨، ٩ ڕوونکردنەوەی فیزیۆلۆژی، ئاماژەیە بە ئایەتی ژمارە ٣، کە بەرپرسیاریەتی کردەوەکانی خۆی هەڵدەگرێ.

---

[454] ئەو سوورەتە، هەرچەندە بەپێی لیستی ئەزهەر دەبێ زووتر لە سورەتی طه هاتبێ، بەڵام بەپێچەوانەوە زۆر لە دواتر هاتووە. کە پێش کۆچ بۆ مەدینە هاتووە.

لەبەر ئەوەی دەقەکانی قورئان ڕەهەندی مێژوویی و تۆبۆگرافی دیاریکراویان هەیە، پێویستە پێداچوونەیەکی بنەڕەتی بەناو دەقەکانیدا بکرێ. و لە ڕێگای لێتۆژینەوە، بتوانرێ چەقی بکەوێتە سەر کارلەیەککردنی دەقەکانی قورئان لەگەڵ ڕووداوەکان، بە پێی مێژوو و تۆپۆگرافیا. ئەوەش بە لێتۆژینەوەیەکی کرۆنۆلۆژی سوورەتەکانی قورئان، و بەراوردی لەگەڵ هزری ئیسلامی بەرایی، دەتوانێ بمان گەیێنێتە درەئەنجامێکیتر.

## لە قورئانی مەککە محمد نەبی نییە

شتێکیتری زۆر گرنگ لە قورئانی مەککە دا هەیە، کە دەبێ ئاماژەی پێبکرێ. ڕەنگە ببێتە کلیلێک بۆ کردنەوەی دەرگای نهێنیەکی گەورە. ئەویش بێجگە لە سورەتی الأعراف ئایەتی ١٥٧ و ١٥٨ زیاتر بە هیچ شێوەیەک لەو قۆناخەدا (قۆناخی مەککە) محمد بە نەبی ناو نابا. بەڵکو بە موژدەدەر (مبشر) و ئامۆژگاریکەر ناوی دەبا. ئەوەش بۆمان دەسەلمێنێ کە نە قەشە و نە محمد لە سەرەتا دا. بیریان لە نەبییەتی نەکردۆتەوە. بەڵکوو بەپێی ڕێنمایی پەیمانی کۆن. قەشە وەرەقە دەیەویست محمد پەروەردە بکا، بۆ ئەوەی ببێتە موژدەدەرێکی یەهودی نەسارێ. بۆ سەرپەرشتی یەهودیە نەسارییەکانی مەککە و یەتروب. و برەو بە کاروباری خودایی لەناو عەرەب بدا. و پارێزگاری لە بەردەوامبوونی ڕێبازی یەهودی نەسارێ لە حیجاز بکا. هەروەها هەوڵبدا ڕەوتەکانی بەنی ئیسرائیل و باوەریان و پەرتووکەکانیان لەگەڵ یەکتر کۆبکاتەوە. [455]

القرأن الكريم – الأعراف ٧: ١٥٧ – ١٥٨

---

[455] الحريري أبو موسى، قس و نبی ص ٨٧

بۆ ئەوانەی کە شوێن پەیامبەر کەوتوون. کە پەیامبەرێکی ئومیە. و لەلایەن پەروەردگارەوە هاتووە (١٥٧) بڵێ ئەی خەڵکینە من پەیامبەر و نێردەی خودام، بۆ ئێوە هەمووتان ................. کەواتە باوڕ بە خودا و پەیامبەری بهێنن. کە نێردراوێکی ئومیە. ئەویش باوەڕی بە خودا و ووتەکانی هەیە. ئێوەش شوێنی کەون و پەیڕەوی بکەن. تا بکەونە سەر ڕێگای ڕاست (١٥٨)

بەڵام ئەو سورەتە، لە قۆناخی کۆتایی سەردەمی مەککە هاتووە. واتە دوای مردنی قەشە وەرەقە کوڕی نۆفل و خدیجە و ئەبی طالب. ئەو دوو ئایەتە زیاتر ڕاگەیاندنی دینێکی نوێ و بانگردنی خەڵکە. نەک بەردەوامی بە دینێک کە زیاتر لە حەوت تا هەشت ساڵ بەسەری دا تێپەڕیێ. لەجیاتی ئەوە، لە سەرجەمی سووڕەتەکانی تری مەککە، بە موژدەدەر (مبشر) و ئاگادارکەرەوە (منذر) ئامۆژگاریکەر ناوی دەبا. ئەوەش وەک مزگێنی دەرێکی دینی نەساڕی، کە تا ئێستاش موژدەدەرانیان بە جیهاندا دەسووڕێنەوە، بۆ ڕەگەیاندنی دینی کریستیانی.

# دوو دەق لەسەر کاغەزی بەرەدی

دەقێکی بچووک، کە بریتیە لە تەنیا هەشت دێر. ئەو دەقە دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای سەدەی هەشتەمی س.ب، بەڵگەنامەیەکە چەند ڕوونکردنەوەیەکی سەبارەت بە مێژوو و ناوی کەسانی شەڕی بەدری تێدایە. بە شێوەیەکی ڕوومالٔ سەبارەت بەو سەرکەوتنەی یاوەرانی محمد بەسەر مەککیەکاندا.

لەناو ئەو دەقە ناوی محمد دوو جار هاتووە، بەڵام بەبێ پێدا هەڵگوتنی وەک (صلی اللە علیە و سلم) یان شتێکی لەو شێوەیە. [456]

هەروەها دەقێکی تر لەسەرکاغەزی بەرەدی. بەڵام ئەوەیان درێژترە. و گێڕانەوەیەکە لە نزیکەی ٢٠ لاپەڕەدا. باسی قۆناخی سەرەتای محمد لە مەدینە دەکا. لەوەدا چیرۆکی گفتوگۆی لەگەڵ خەڵکی مەدینە دەخوێنییتەوە. ئەوەش وەک خۆ ئامادەکردن و مانەوەی لەوێ.[457]

---

[456] A. Grohmann (1963) Arabia pappyri from Hirbet, el. Mird. Louvain-Leuven. Bibliothéque du Muséon. Vol. 52. 1963

[457] Alfred-louis de Prémare (2002) The foundations of Islam, between Writing and History. Pp 18

# قورئان و کەراکتەرەکانی یەهودی نەسارِی

رِۆڵی دیار و بەرچاوی قەشە و رِەبەنەکانی یەهودی نەساری، لەسەر محمد و ئامادەکردنی. بە رِوونی رِەنگدانەوەی لە ئایەتی قورِئان ئاماژەی پێکراوە. کە چەند کەسانی دڵسۆز و نەرم و بێفێزن.

القرآن الكريم – سورة المائدة ٥: ٨٢

> دەبینی نزیکترین لە سۆز و خۆشەویستی بۆ ئەوانەی باوەرِیان هێناوە. ئەوانەن کە دەڵێن: ئێمە نەسرانین. ئەوەش لەبەر ئەوەی هەندێکیان قەشەن و هەندێکیشیان رِەبەنی (رهبان) دیندارن بێگومان ئەوانە لەرِاستی رِەواییدا خۆ بە زلزان نین(٨٢)

ئەگەر ووردتر سەرنج بدەین دەبینین لە ئایەتی تردا، بە رِوونی باسی ئەو وەرگێرِانە دەکا، کە قەشە ورەقە خەریکی بوو. و بووبووە سەرچاوەش بۆ ئاسانکاری لە بانگهێزەکەی محمد. و تێگەیشتنی عەرەب لە ناوەرِۆکی پەیامەکەی. کە رِۆژانە دەیەویست بیگەیێنێ.

القرآن الكريم – سورة الزخرف ٤٣: ٣

> لەرِاستیدا، ئێمە قورِئانمان کردۆتە عەرەبی بۆ ئەوەی لێی تێبگەن (٣)

هەروەها لەو ئایەتەی خوارەوە نووسەری قورِئان هەنگاوێکیتر داوێ و بە ئاشکرا دەنووسێ کە قورِئان وەک پەرتووکێکی سەربەخۆ نییە. بەڵکوو رِوونکردنەوە و شرۆڤەی پەرتووکی

پێشترە، بۆیە کەسانی وەک قەشە وەرەقە و بوحیرای ڕەبەن کە أهل الکتابن لێی تێگەیشتوون.

القرآن الكريم – سورة النساء ٤: ٢٦

> بەو پێیەی قورئانی عەرەبی ڕوونکردنەوەی پەرتووکی پێشترە. هەر بەو هۆیەشەوەیە کە أهل الكتاب لە ناوەرۆکی گەیشتوون (٢٦)

ئەو چەند ئایەتە وەک نموونە ڕەنگدانەوە و کاریگەری دەقەکانی یەهودی ناساری پێوەدیارە. و قەشە و ڕەبەنەکانیان، بۆمان ڕوون دەکەنەوە. کە ئەوەی محمد لە قۆناخی مەککە، بەتایبەتی چوار ساڵی سەرەتای قۆناخی مەککە، تا مردنی قەشە وەرەقە دەیکرد. تەنیا پەرەدان بوو بە ڕێبازی نەساری ئەبیۆنی. و بەپێی ئینجیلی عیبرانی و ئامۆژگارییەکانی قەشە بووە. دووبارەکردنەوەی ئەو لیتۆرگی و ڕێنماییانە بوون کە قەشە وەرەقە و بحیرای ڕەبەن و چەندێکیتر ڕۆژانە دیالۆگ و ڕاڤەیان بۆ دەکردن. محمدیش بەناوی گیانی پیرۆز دووبارەی دەکردنەوە.

# قۆناخی مەدینە یا دەستپێکردنی کارەسات

قۆناخی مەدینە لە دوای کۆچ، لە ساڵی ١١ ک دەستپێدەکا تا مردنی محمد



دوای کۆچی موسوڵمانان بۆ یەثرب (مەدینە) هەڵومەرجەکان گۆڕان. سەرەتای کێشە لەسەر دەقی ئایەتەکانی قورئان دەستی پێکرد. لەلایەک ئێستا دەوڵەتی ئیسلام [458] دامەزراوە و پێویستی بە شێوەیەکی نوێی هەڵسوکەوت هەیە.

ئەو گرفتانە محمدی خستبووە، بەردەم دووڕیانێکی سەخت. کێڕەنی فرە لایەنی. لەلایەک خۆ ئامادەکردن بۆ قۆناخی دووەمی پەیامەکەی، کە بۆ دروستکردنی لەشکرێکی بەهێز و یەکگگرتوو، پێویستی بە هێزی دەستەڵات هەبوو. ئەو لەشکرەش کاتی دەویست بۆ دروستبوو. لەلایەکیتر کۆچبەران کە بە کۆمەڵ لە شامەوە دەهاتن. پێویستیان بە شوێنی ژیان و حەوانەوەیان لە یەتروب هەبوو. لایەنی سێیەم بوونی یەهودی و سابئی لە یەتروب کە دەمێک بوو جێگیر بووبوون، خاوەنی پەیامی هەزارساڵەی خۆیان بوون. ئەوەش ترسێکی گەورەبوو بۆ ئەو کۆچبەرانە کە پەیامیان لەگەڵ یەهودیەکان و سابئیەکان و یاقوبیەکان جیاوازبوو. لەبەر ئەوەی ئەو پەیامەی ئەوان بڵاویان دەکردەوە، ئەوان دەمێک بوو باوەڕیان پێی هەبوو. تا ئاستێکی باشیش لێی شارەزابوون. بۆیە ئەستم بوو، بتوانێ باوەڕیان پێبێنێ، کە دینی خۆیان بەجێ بێڵن. لە هەمانکاتدا نەیدەویست، ئەو کێشەیە گەورە بێ. و ببێتە ڕێگر لە بەردەم بڵاوکردنەوە و فراوانکردنی زەمینەی نوێ بۆ پەرەدان بە ژیان و جێگیرکردنی کۆچبەران و دابینکردنی ژیانیان. ئەوەش گرنگترین هەڵومەرج بوو، کە دەبوایە زیرەکانە هەنگاوبنێ. بۆیە بازرگانێکی سیاسی. و پلاندانەرێک بۆ لەلایەک خۆ بە هێزکردن. و لەلایەکیتر دروستکردنی نەتەوەیەکی عەرەبی - نەساڕی بەهێز بوو. بۆ ئەوەش تاکە ڕێگای دەربازبوون بوو، لە سیستەمی هۆز و بنەماڵە. لە هەمانکاتدا دەبوایە هەڵومەرجێکی لەبار لەگەڵ دینەکانیتر، لە یەتروب بۆ پێکەوەژیان دروستبکا، ئەو دینانە کە دەمێک بوو پێگەی

[458] دروستبوونی دەوڵەتی ئیسلام واتە دروستبوونی هێزی سوپا و بنیاتنانی دەوڵەتی مەدینە. لێرەدا مەبەست لە دینی ئیسلام نییە، کە زۆر دواتر دەستیپێکرد. تا ئەو کاتە و دواتریش یەهودیە نەساڕیەکان ڕێبەر و ڕاوێژکاری دینی بوون.

کۆمەڵایەتی و ئابووریان باش و جێگیربوو. بۆیە هەر لەو کاتەی محمد گەیشتە یەتروب، دوو پەیمانی بەستن. یەکیان لە نێوان گشت خەلکی مەدینە. و ئەویتریان لە نێوان دینی یەهودی و ئیسلام.

پەیمانی یەکەم

یەکەمیان بەپێی پەیمانێک دانانی برایەتی دینی، لە جیاتی برایەتی هۆز و بنەماڵە. وەک إبن إسحاق گوتەنی: پەیامبەری خودا نووسراوێکی لە نێوان کۆچبەران و لایەنگیران نووسی. ئەو پەیمانە بە ناوی (کتاب المدینة یان کتاب محمد) ناسراوە.[459]

ئەوەش لە نێوان کۆچبەران و أنصارەکان. و ئەس و خەزرەج. بەوەشەوە توانی سەرکەوتنێکی سیاسی مەزن بەدستبێنێ. ببێتە خاوەنی هێزێکی پتەو و بەتوانا بۆ پلانەکانی داهاتووی.

ناوەرۆکی بریتییە، لە دانانی برایەتی دینی لە نێوان موسوڵمانان. لە جیاتی برایەتی خێل و بنەماڵە. ئەوەش لە نێوان کۆچبەران و لاینگیران (الأنصار). لەو ڕێگایەوە توانی هێزێکی لە ڕادەبەدەر، پیدا بکا. دەستی محمدیش بۆ گەیشتنە ئامانج، والا بکا.

[459] هادي العلوي (١٩٩٩) فصول من تاريخ الإسلام السياسي. نيقوسيا- قبرص ص ٢٦

# دەقی کتاب المدینة

ئەم پەرتووکە لە لایەن محمد[460]. لە نێوان باوەڕداران و موسوڵمانانی قورەیش و یەتروب. و ئەوانەی بە دوایان کەوتوون. لەگەڵیان چوون و لەتەکیان جیهادیان کرد. ئەوانە یەک نەتەوەن بەبێ خەڵک (الناس). کوچبەرانی قورەیش لەگەڵتاندان. لەگەڵ یەکتری. و لەنێوان یەکتری، دووانن.

باوەڕداران بە چاکە لەگەڵ یەکترین...... هتد.

بنو ساعدة بەپێی گرووپی خۆیان، بۆ یەکتری، وەک سەنگەر وان. هەر گرووپێک ئازارەکانی خۆی بە دۆستانە و دادوەری لەناو باوەڕداران چارەسەر دەکا. بنو حارث بەپێی گرووپی خۆیان، بۆ یەکتری، وەک سەنگەر وان. هەر گرووپێک ئازارەکانی خۆی بە دۆستانە و دادوەری لەناو باوەڕداران چارەسەر دەکا. بنو جشم بەپێی گرووپی خۆیان، بۆ یەکتری، وەک سەنگەر وان. هەر گرووپێک ئازارەکانی خۆی بە دۆستانە و دادوەری لەناو باوەڕداران چارەسەر دەکا. بنو نجار بەپێی گرووپی خۆیان، بۆ یەکتری، وەک سەنگەر وان. هەر گرووپێک ئازارەکانی خۆی بە دۆستانە و دادوەری لەناو باوەڕداران چارەسەر دەکا. بنو عمرو بن عوف بەپێی گرووپی خۆیان، بۆ یەکتری، وەک سەنگەر

[460] بەسەرنجێک بۆمان دەردەکەوێ. ناوی محمد نە نەبیە، نە پەیامبەر. هەروەها بەبێ صلعم. کەواتە هێشتا داوای پەیامبەرایەتی نەکردووە. یان بیر لە دروستبوونی دینی ئیسلام نەکراوەتەوە. ئەو دیاردەیە لە چەند بەڵگەنامەی تریش دا هاتووە.

وان. هەر گرووپێک ئازارەکانی خۆی بە دۆستانە و دادوەری لەناو باوەڕداران چارەسەر دەکا. بنو نبیت بەپێی گرووپی خۆیان، بۆ یەکتری، وەک سەنگەر وان. هەر گرووپێک ئازارەکانی خۆی بە دۆستانە و دادوەری لەناو باوەڕداران چارەسەر دەکا. بنو الأوس بەپێی گرووپی خۆیان، بۆ یەکتری، وەک سەنگەر وان. هەر گرووپێک ئازارەکانی خۆی بە دۆستانە و دادوەری لەناو باوەڕداران چارەسەر دەکا. بەنو عەوف بەپێی گرووپی خۆیان، بۆ یەکتری، وەک سەنگەر وان. هەر گرووپێک ئازارەکانی خۆی بە دۆستانە و دادوەری لەناو باوەڕداران چارەسەر دەکا.

باوەڕداران واز لە خۆشی و لە نێوان خۆیان ناهێنن، ئەگەر وازیش بێنن. بە شێوەیەکی دۆستانە و وەفادارانە دەبێ.[461]

پەیمانی دووەم

هەنگاوی دووەمی محمد ئەوە بوو، پەیمانێکی لەگەڵ یەهودی و سابئیەکان بەست، کە دین و سامانیان پارێزراوە. لە بەرامبەر ئەوە، مەرجی بۆ دانان. ئەو مەرجانە بنەمای خاڵە هاوبەشەکانی باوەڕی هەردوولا بوون. ئەو هەوڵدانەشی لەسەر بنچینەی پەیوەندی هزری یاساکانی دینی موسای هاوبەشبوون. کە هەردوو یەهودی و سابیئی دەگرتەوە. دەقی ئەو پەیمانەش لە قورئان سورەتی البقرە، ئایەتی ٦٢ پشتڕاستکراوەتەوە. لە هەمان کاتدا هەردوو پەرتووکی پیرۆزی پێش خۆی پشتڕاست دەکاتەوە. و دان بەوە دادەنێ نەبیەکانی پێشتر، نەبی ئیسلامیشن. هەروەها پێگای مریەم بۆ ئیسلام هەروەک یەهودیە نەساریەکانە. گشت

[461] أبو عبيد، كتاب الأموال ص ٢٩١ – ٢٩٤، إبن هشام السيرة الجزء الأول ص ٥٠١ – ٥٠٤

پەیمانەکە لە سەرسێ خاڵی هاوبەش لە نێوان موسوڵمان و یەهودی و سابیئیەکان وەستاوە.

١ باوەڕ بەخودا بوون. ٢ باوەڕ بە ڕۆژی پەسەڵان (قیامەت) ٣ کردەوەی چاک.

القرآن الكريم – سورة البقرة ٢: ٦٢

> ئەوانەی باوەڕدارن و ئەو کەسانەش کە لەسەر دینی یەهودی و نەساڕی[462] و سابیئین. ئەگەر باوەڕیان بە خودا، و ڕۆژی پەسڵان (القيامة) هەبێ. و کاری چاک بکەن. لای پەروەردگار، پاداشتی خۆیان هەیە. و نە هیچ ترسێکیان لەسەرە. و نە خەم دەخۆن (٦٢)

بە پێی ئەو ئایەتە، هەر کەسێک لەسەر یەکێک لەو سێ دینە بێ. و ئەو سێ خاڵەی تێدابێ، خودا لێی ڕازیە. بەو شێوەیە قورئان گشت ناکۆکییەکانی ناو باوەڕدارانی دینەکانی سڕکرد. ئەوەش بۆ دەرفەت وەرگرتن بۆ بەرەنگار بوونەوەی، وەک خۆیان دەڵێن بوت پەرستان لە دوورگەی عەرەبی.

بەستنی ئەو پەیمانە لەکاتی بێهێزی محمد و دینە نوێکەی، و یەهودی بوو. ئەو هەوڵەشی بۆ ڕەوایی دان بوو بۆ هزری دینی یەهودی نەساڕی. بەوەش چاوەڕوانی ئەوەبوو، یەهودیەکان ڕاستەوخۆ دینی خۆیان بەجێ بێڵن. بێنە سەر ئەو دینەی، کە چەندین سەدەیە دوژمنایەتی وکوشتاریان لەگەڵیان بووە. و خوێنڕێژیان چەندین جار لێ دیون.

[462] ووشەی نەساڕی دواتر، لەو ئایەتە زیادکراوە. ئەگینا لە ڕاستیدا ئەو پەیمانە لە نێوان دینی یەهودی نەساڕی لەلایەک و یەهودیەکانی حاخامی و سابئیەکان لەلایەکیتربەستراوە. دواتر لەسەردەمی عومەر کە نەساڕیەکان سەرکردەکانیان لەناوبردران و ئەوانیتر ناچارکران دینە نوێکە وەرگرن. بۆ شاردنەوەی تاوانەکانیان بەرامبەر هاوپەیمانە کۆنەکانیان دەستیانکرد، بە لەناوبردنی گشت ئەو بەڵگانەی کە ئاماژە بە هاوپەیمانی عەرەب و یەهودیە نەساڕیەکان دەکەن. دواتر ووشەی نەساڕی وەک گومرا خرایە پاڵ یەهودی و سابئی و یاقوبیەکانیش.

هەڵبەتە بە چاوپۆشی لە هەڵومەرجە  مێژووییەکانی ئەو پەیوەندییە. و وەک سەرەتایەک بوو بۆ دەرفەت وەرگرتن، بۆ تواندنەوە و لەناوبردنی دینەکانیتر.

لە ڕاستیدا هەرواش بوو، ئەو پەیمانە هەر ئەوەندە کاری پێکرا، تا محمد هێزی پەیداکرد. و توانی کۆنترۆڵی خێلە جیاجیاکان بکا. ئیتر ئەو پەیمانەی نێوان یەهودیە نەساڕیەکن و عەرەبەکان لەلایەک و دینەکانی تر لەلایەکیتر. ڕاستەوخۆ پشت گوێخست. لە جیاتی ئەوە، قڕکردنی دینەکانی تری کردە ئامانجی سەرەکی.

بە ڕێککەوتنی زۆربەی ڕاڤەکاران ئەوە ئایەتێکی مەنسوخە. لەبەر ئەوەی، هەر دوای بە هێز بوونی محمد و دروستکردنی لەشکرێکی بەهێز ئەو پەیمانەش پشتگوێخرا. بۆیە تا ئێستاشی لەگەڵدابێ ڕاڤەکارانی موسوڵمان بە مەنسوخی دادەنێن، هەر ڕاڤەکارێکیش ڕایەکی پێچەوانەی هەبێ، لە ترسان خۆی لە ڕاڤەکردنی لادەدا.[463]

---

[463] هادي العلوى (١٩٩٩) فصول من تاريخ الإسلام السياسي. الطبعة الثانية. قبرص. ص ٢٦ - ٢٧

# ڕۆڵی سلمان الفارسی لە قورئانی مەدینەدا

دوای کۆچکردن و گیرسانەوەی موسوڵمانان لە مەدینە. هەلومەرجەکان گۆڕابوون. لەلایەک قەشە ورەقە نەمابوو. تا ببێتە چاوساخ و ڕێنمای محمد. و بە ژیری و زانینی خۆی ڕێنمایی بکا. لەلایەکیتر لەشکری ئیسلام تا دەهات خەڵکی لێکۆدەبووەوە. ولە دروستبوون دابوو. ئەوەش وایکردبوو، پێویستی بە شێوەیەکیتری ڕێبەری هەبێ. ئەوەش لەبەر دوو هۆکاری لەگەڵ یەکتری ناکۆک.

یەکەم پەیامی دینی نوێ و بەردەوام بوونی، وەک وەڵامدەرەوەی هەلومەرجی نوێی مەدینە. و پێکەوە ژیانی مهاجر و أنصار. دووەم لەشکری شەڕکەری ئیسلام، بەشێکیان ئەو یەهودی نەساڕیانەبوون، کە لە شامەوە کۆچیانکردبوو. بەڵام زۆر بەی هەرە زۆری، ئەوانەی دەهاتنە ناو لەشکر، کۆنە ڕێگر و چەتە و تاڵانچی بوون. و دەبێ لەشکرێکی شەڕکەریان لێ دروستبکرێ کە وەڵامدەرەوەی، هەلومەرجی شەڕ و فراوانخوازی لەلایەک، و لەلایەکیتر وەک هێزێکی دینی و دەوڵەتی دەبێ ڕێکبخرێن. بۆ ئەوەش محمد پێویستی بە ڕێنماکەرێکی کارامە و شارەزا هەبوو. تا بتوانێ ببێتە چاوساخ، بۆ دانانی پلانی شەڕ. و هۆنینەوەی پەیامی وەحی نوێ، کە لەگەڵ پرۆسەی پەرەسەندنی ئیسلام بگونجێ.

بۆیە هەرکاتی باسی قورئان لە سەردەمی مەدینە بکرێ، ناکرێ ڕۆڵی سەلمان الفارسی لەبەر چاو نەگرین. ئەوەش بە گەواهی قورئان و بیۆگرافی نووسان و ڕاڤەکاران خۆیان. دان بەوە دادەنێن، کە سەلمان هیچی لە ڕۆڵی قەشە وەرەقە، لە سەردەمی مەکە بۆ محمد کەمتر

نەبووە. قورئان خۆی گەواهی ئەوە دەدا. کە لە ناو دەقەکانی چیرۆکی فارسی هەن، ئەوانەش لە ڕێگای سەلمانەوە گەیشتوونەتە محمد.

## سەلمان الفارسی و محمد لە کۆنێکستێکی نوێدا

سەلمان الفارسی ناوێکە لە جیهانی ئیسلام ئاشنایە. لەگەڵ ئەوەشدا کورتەیەک لە ژیان و ئیسلامبوونی ڕەهەندێکی تر لە ژیانی بەردە دەخا. کە تێیدا گرنگی کەسایەتی بۆ محمد و قورئانەکەی، زۆر گرنگە.
هەرچەندە ڕاڤەکار و مێژوونووسانی ئیسلام لە خۆیانەوە، سەبارەت بە کەس، ڕووداو و دیاردە مێژوویی و کۆمەڵایەتییەکان دەنووسن. کەچی سەرچاوەیەکی تر، لەبەر دەست دانییە. بۆیە پوختەیەکی زۆر کورت، دەربارەی ژیانی سەلمان دەخەینە ڕوو: وەک إبن الثیر دەڵێ سەلمان لە بنەڕەتدا، خەلکی ئەسفەهان بووە. باوکی لە گوندێک بەناوی (حي) جوتیار بووە. یەکەم جار باوکی بۆ کارێک دەنێرێ. لە ڕێگا بە بەردەم کەنیسەیەکی نەسارپیدا تێدەپەڕێ. گوێی لە دەنگی سەلەوات و نوێژ دەبێ. سەلمان دەچێتە ژوور، بۆ ئەوەی بزانێ چی دەکەن.

سەلمان یەکسەر بە شێوەی ڕیتوالەکانیان، سەرسام دەبێ. و پرسیار سەبارەت بە نەرێت و سەرچاوەی ئەو دینە و شوێنی. باوەڕدارانی ئەو پەرستگایەش دوای ڕوونکردنەوە، دەڵێن بنەڕەت و ناوەندی ئەو دینە لە شامە.

ئەویش (سەلمان) پێیان دەڵێ ئەگەر کاروان هات، هەواڵم پێ بدەن تا لەگەڵیان بچم. کاتی کاروان لە شام گەیشت. هەواڵی دەدەنێ کە بازرگانێکی نەسارِی لەگەڵ دایە. سەلمان لەگەڵ کاروان دێتە شام و دەپرسێ، کێ زاناترین کەسی ئەو دینەوەیە؟ گوتیان ئەسقەفی کەنیسە. سەلمان دەچێتە لای ئەسقەف و پێی دەڵێ: من ئارەزووم لەم دینەیە. و پێم خۆشە لەگەڵ تۆدابم. خزمەتی کەنیسە دەکەم. و لێت فێردەبم. و نوێژت لەگەڵ دەکەم.

دوای ماوەیەکی باش، سەلمان لە ئەسقەف دەپرسێ: گەورەم من ماوەیەکی باشە لە گەڵت دام. و لە دڵەوە خۆشم دەوێی. هەموو شتێک کە دین و گەورەیی ئێوە داوام لێبکا. جێبەجێی دەکەم. بەڵام پرسیاری من ئەوەیە، ئەگەر شتێک لەتۆ ڕوویدا، ڕاسپێریت بۆ من چیە؟ چ فەرمانێکم پێدەکەی؟

گوتی: کوڕی خۆم لەم سەردەمەدا، کەس متمانەی پێ ناکرێ. خەڵکی خراپ بووین. و ڕێگای باشیان بەجێهێشتووە. تەنیا یەک پیاو لە موصل دەناسم، کە تا ئێستا لەسەر ڕێگای ڕاست ماوە. ناوی فلانە کەسە.

دوای مردنی ئەسقەف، سەلمان ڕێگای موصل دەگرێ. و کابرا دەدۆزێتەوە. خۆی پێدەناسێنی و پێی دەڵێ فلان کەس منی ناردووە. بەو شێوەیە کابرای موصل نزیکی مەرگ دەبێ و ناوی کەسێکی لە نسێبین دەداتێ. کابرای نسێبینیش پێش مردنی ناوی کەسێکیتری لە معموریە لە خاکی ڕۆم دەداتێ. دوای پرسیار لە کابرای مەعموریە. پێی دەڵێ هیچ کەسی باش نەماوە. بەڵام ئێستا نەبیەک لە دینی ئیبراهیم بەدیارکەوتووە. ئەگەر دەتوانی بچیە ئەو ووڵاتە برۆ.

ئیتر سەلمان ڕێگای حیجاز دەگرێ. و دێتە شاری مەدینە. لەوێ بە دیداری محمد دەگا. و دوای ماوەیەک ئیسلام بوونی خۆی ڕادەگەیێنێ. و بۆ هەمیشە دەبێتە هاودەم و ڕێنمای محمد لە پرسەکانی دینی و شەڕ و کولتووری تر.[464]

ئەو پرۆسەی گەڕان لە کەنیسەی نەسارییەکانی شام و موسل و نسێبین و معموریە. دواتریش هەر ئەوان ئامۆژگاری دەکەن کە بچێتە حیجاز و محمد ببینێ.

ئەوەش بەڵگەیەکی ڕوونە کە یەهودیە نەسارپەکان، محمەد و لەشکرەکەیان بە هی خۆیان دەزانی. تا ئەو دەمەش شتێک بە ناوی ئیسلام لە ئارادانەبووە. بەڵکوو ئەو دینە، تا ئەو کاتەش، هەر دینی یەهودی نەسارێ بووە. ناردنی سەلمان دوای ئەو هەموو گەڕانە و دڵسۆزی بۆ دینی یەهودی نەسارێ. و نیشاندانی شارەزایی لە دین. تاکە هۆکاربووە. کە ڕەبەنەکانی یەهودی نەسارێ لە شامەوە بینێرن بۆ مەدینە. تا بتوانێ خزمەت بە دین و لەشکری محمد بکا.

گەیشتنی سەلمان و وا زوو بوونی بە جێ متمانەی محمد. دوو هۆکاری هەبوون. یەکەمیان لەوکاتە محمد پێویستی بە کەسێک هەبوو، جێگای قەشە وەرەقەی بۆ بگرێتەوە. سەرەڕای ئەوەش ڕاسپێری قەشەکانی یەهودی نەسارێ وایکرد، هەر زوو سەلمان ببێتە جێ متمانەی محمد. و بەردەوام بوونی لە پرۆسەی وەحی لە مەدینە. ئەوەش بەڵگەیەکی گرنگە کە ئەو دینەی محمد بانگهێژی بۆ دەکرد. دینی یەهودی نەسارێ بوو. و پەیامەکەشی بەپێی هەلومەرجی ژیان و ویستی فراوانخوازی گۆڕا. سەرەڕای ئەوەی سەلمانی فارسی ئەو

[464] إبن كثير البداية و النهاية. جزء الأول. بيروت- لبنان ص ٣٤٥ – ٣٤٦

دەستەڵاتەی نەبوو، وەک قەشە وەڕەقە، کە محمد ناچاربکا لەسەر قورئانی مەککە بەردەوام بێ.

لە بەردەوامی دین لە مەدینە، بە ئاشکرا دوو گۆڕانی بنەڕەتی لە پەیامی دین و قورئانەکەیدا بەسەرداهاتن. یەکەمیان ئەو دینە نەرمەی لە مەکە دەستی پێکرد، ئێستا بۆتە دینی دەوڵەت و هاندان و پاداشتی توند و تیژی دەدا. نەمانی قەشە وەرەقە کەلێنێکی گەورەی لە گەیاندنی پەیامی محمد تێکەوت. بۆیە لە هەردوو باردا، پەیدابوونی سەلمان الفارسی فریاد ڕەستی محمد بوو. لە هەردوو ڕووەوە.

هاتنە سەر شانوی سەلمان الفارسی لە مەدینە، وەرچەرخانێک و فریادڕەسێکی باش بۆ محمد.
یەکەم: ڕێنماکارێکی بێ هاوتای محمد بوو. لە شەڕدا ڕێنمایی کرد. نموونەی هەرە بەرچاو، لێدانی خەندەقێک بوو، لە دەوری مەدینە. بۆ بەرگریکردن. ئەو شەڕەش هەر بە شەڕی خەندەق ناسراوە. هەروەها، سەلمان بیرۆکەی بەکارهێنانی مەنزەنیقی دایە محمد. کە لە شەڕی ثقیف لە تائیف مەنزەنیق بەکاریان هێنا.[465]

دووەم: دەقەکانی قورئان و کەلەپووری دین، بەردەوامی دەبێ، بەڵام دەکەونە ژێر کاریگەری چیرۆک و ئەفسانەکانی هەزار ساڵ پێشتری دین و کولتووری ئێرانی. بە تایبەتی ماوەی ئیمپراتۆری ساسانی و دەینی زەردەشتی. کە پەیوەندییەکی توندیان هەبووە. سەلمانیش گەنجینەیەکی گەورەی ئەو کەلەپوورە دینی و کۆمەڵایەتییە بوو. ئەوەش بە گەواهی یاوەرانی موسوڵمانی هەرە نزیکی نەبی محمد.

[465] محمد شيت خطاب. الرسول القائد. الطبعة السادسة. بيروت/ دار الفكر ص ٢٢٨

نووسەری میسری خلیل عبدالکریم پێی وایە سەلمان گەنجینەیەکی لەبن نەهاتووە. ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی لە زۆر وولات و نەتەوکانی ئەو سەردەمە گەڕاوە. و زانیاری لەسەر باوەڕی جیاجیا هەبوو. جیهانێکی زانیاری فراون و قووڵی، لەسەر دینەکان کۆکردبووەوە.[466]

عەلی کوڕی ابی طالب لەوەڵامی پرسیارێک سەبارەت بە زانیاری سەلمان الفارسی دەڵێ: زانیاری یەکەمی وەرگرت و زانیاری دواییش. دەریایەکە ووشک ناکا (٢٦)
سەحابەیەکیتر دەڵێ : دەرگای زانستی مەدینەیە.

ئەوەش ئەوەمان بۆ ڕووندەکاتەوە. ئەو دانیشتنە درێژانەی لەگەڵ محمد لە پێناوی چی بوون. عائیشە دەڵێ سەلمان شەوی تایبەتی خۆی هەبوو، ئەوەش دوور لە کاروباری و خەڵوەتی سەحابەکانیتر. ئەو دانیشتنە درێژانەی سەلمان لەگەڵ محمد دەوروبەرەکەی وەرس دەکرد.[467]

خەلکی مەدینە بە ڕوونی هەستیان بە ڕۆڵی سەلمان دەکرد. و بەچاوی محمدیان دادەدایەوە. کە ئەو شتانەی ئەو دەیڵێ وەحی نین. ئەوە کەسێکە (سەلمان) فێری دەکا. بۆیە محمد بە ئایەتێکی قورئان وەڵامی ئەو تۆمەتە دەداتەوە.

القرآن الكريم – سورة النحل ١٦: ١٠٣

> ئێمە باش دەزانین، ئەوان دەڵێن کەسێک فێری دەکا. کەچی زمانی ئەو کەسەی دەیدەنە پاڵ عەجەمیە. لە کاتێکدا ئەو قورئانە بە زمانێکی عەرەبی پاراو دارێژراوە (١٠٣).

---

[466] قريش من قبيله الى الدولة المركزية.
[467] أبن الأثير، أسد الغابة في معرفة الصحابة. الطبعة الأولى ٢٠١٣. دار إبن حزم

هەرچەندە وەک لە ئایەتەکە دیارە، محمد دەیگوت سەلمان عەجەمیە و قورئان عەرەبیە بەڵام ئەمەش ڕێ لەوە ناگرێ سەلمان ماناکان دەربڕێ. و محمدیش بە شێوەیەی عەرەبی دابڕێژێ.

بەم خوێندنەوەیە بۆمان دەردەکەوێ کە سەلمان گەنجینەی زانیاری بوو، و محمدیش زۆر ئارەزوومەند و بەخرۆش بووە. بۆ ناسین و فێربوونی ئە گەنجینەیە.[468]

## ناکۆکی لەسەر خوێندنەوەی قورئان

کێشەی ئایەتەکانی قورئان، بە پەیدا بوونی دیالێکتی جیاواز لەناو سەحابەکان بە هەردوو کۆچبەر و ئەنسارەکان بەدەرکەوت. لە بنەڕەت دا تێکەڵبوونی هۆزەکانی عەرەبی دووڕگە، کە بە دیالێکتی جیاواز قسەیان دەکرد. ئەوەش ڕاستەوخۆ کێشەی لەسەر خوێندنەوەی ئایەتەکانی قورئان دروستکرد. ئەو جیاوازی تێگەیشتن و شێوەی خوێندنەوەش، گرفتی گەورەی هەم بۆ خوێندنەوە. و هەم لەبەرکردنی ئایەتەکان پەیداکرد. هەر کەسێک بەو دیالێکتە دەیخوێندەوە کە لێی ڕاهاتبوو. بۆیە دەبینین محمد، لە پێناو ئاسانکردنی خوێندنەوە، گوێی بەوە نەدەدا چۆن دەخوێندرێتەوە، بەڵکوو هەوڵی دەدا باوەڕداران بۆیان

[468] النعماني، شاكر فضل الله. النقد الكتابي للقرآن ص ٢٧

ئاسان بێ. و هەرچۆنی بێ بیخوێننەوە. تەنانەت لە وەڵامی پرسیارێک دا گوتی ( چۆنی ئارەزووتانکرد، وا بخوێننەوە) (فاقرءوا كيف شئتم). [469]

ئەوە سەرەتای کارەسات بوو بۆ تێکدانی دەقەکانی قورئان. لەوە بەدواوە، وەک تارماییەک بە درێژایی مێژوو، لەسەر دەقەکانی قورئان مایەوە. قەشە نۆفلیش دەمێک بوو مردبوو. تازە بە یارمەتی محمد و قورئانەکەی نەدەگەیشت. پەیدابوونی دیالێکتی جیاوز تا دەهات کێشەکەی قووڵتر دەکرد. بووبووە بزوێنەرێکی بەهێز، بۆ گۆڕان لە خوێندنەوەی قورئاندا. لەگەڵ گۆڕانەکانیش ناکۆکی لە تێگەیشتن لەسەر دەقەکان دروست دەبوو. لەلایەکی تریش ئەو قۆناخە، وەک سەرچاوە و ڕێچەشکێن بوو. بۆ قۆناخەکانی دواتر. کە تا دەهات گۆڕانی زیاتر بەسەر ئایەتەکاندا هات.

کێشە و گرفتەکانیش، لە بنەڕەتدا دوو هۆکاری گەورەیان هەبوون، بۆ سەرهەڵدانی ئەو ناکۆکیانە، ئەوانەش:

یەکەم: لەبیرچوونی ئایەتەکان لەلایەن محمد خۆی.

دووەم: کێشەی حەوت پیتەکان (سبعة أحرف).

ئەو دوو هۆکارە، هەر لە سەرەتای وەک کێشەیەک ناو هەناوی بزووتنەوەی ئیسلام، بوونە بەربەستێکی گەورە، بۆ کۆکردنەوە وڕێکخستنی دەقەکانی قورئان. و دواتریش تا دەهات وەک تارماییەک بە درێژایی مێژوو لە کۆڵ ساخکردنەوەی قورئان نەدەبوونەوە.

---

[469] إبن قتيبه (١٩٧٣) تائويل مشكل القرأن. شرحه و نشره السيد احمد صقر. الطبعة الثانية. مكتبة دار التراث – قاهره. ص ٢٦

## یەکەم

# لەبیرچوونی محمد و ئاگادارکردنەوەی لەلایەن خوداوە

هەر لە سەرەتای هاتنی وەحی، دەبینین محمد ئایەتی لەبیر دەچوون و خوداش ئاگاداری دەکردەوە، کە نەکا ئایەتەکان لەبیر بکا.

القرآن الكريم – سورة الأعلى ٨٧: ٦
بۆت دەخوێنینەوە، نەکا لەبیرت بچێ(٦)

ئەوەش کێشەیەکە بە درێژایی هاتنی وەحی بەردەوام، محمد لەبیری دەچی و خودا یان ئەسحابە بەبیری دیننەوە.

لە تەفسیری الجلالین سەبارەت بەو ئایەتەی سەرەوە دەڵێ: پەیامبەر لەگەڵ خوێندنەوەی جوبرائیل. لە ترسی لەبیرچوون، بە دەنگ دەیخوێندەوە. وەک ئەوە وابوو جوبرائیل پێی بڵێ، پەلە مەکە، لەبیرت ناچێ. بەدەنگ بەرزکردنەوە خۆت ماندوو مەکە. [470]

سەرەڕای ئەوەش دەردەکەوێ، محمد ئایەتی لەبیر چووبن، و خەڵکی تر بەبیری هێنابنەوە. محمد الكلبی ئاماژە بەوە دەکا. کاتی محمد گوێی لە خوێندنەوەی عباد بن بشير دەبوو، دەیگوت: بەبیری هێنامەوە. ئەو ئایەتەم لەبیر چووبوو. [471]

---

[470] تفسير الجلالين. تفسير سورة الأعلى ص ٧٩٥

[471] محمد الكلبی، كتاب التسهيل للعلوم التنزيل ٤: ١٩٣ – ١٩٤

ئەوەش بەڵگەیەکە بۆ ئەوەی، محمد خۆی دان بەوەدا دەنێ کە ئایەتی لەبیر چووین و سەحابە بە بیریان هێنابێتەوە. ڕەنگە زۆر نموونە هەبن بۆ پشتڕاستکردنەوەی ئەو شتە. ئەوەش دەبێتە هۆی نەبوونی متمانە لەسەر ڕەسەنی دەقەکان و دڵنیابوون لە نەگۆڕانیان.

## دووەم

## کێشەی حەوت پیتەکان ( سبعة أحرف)

کێشەی حەوت پیتەکان (سبعە احرف) کە لە سەرەتادا قورئانی پێ نووسراوەتەوە، لە زۆر جێگا دووبارە بۆتەوە. ئەوەش یەکەمین کارەساتە کە قورئان تووشی بووبێ. ڕەنگە زۆر چمک و ووشە و ڕستە، لە ناو دەقەکانی قورئان گۆڕابن، تەنیا لەبەر جیاوازی خوێندنەوە و گونجاندنی حەوت پیتەکان.

بابزانین مەبەست لە حەوت پیتانە (سبعە احرف) چین. کە دوایی بۆخۆی بووە مەیدانێک، بۆ ئەوەی هەر ڕاڤەکارێک بە ئارەزووی خۆی لێکی دەدایەوە. هەر یەکێکیشیان پەنای بۆ فەرموودەیەکی پەیامبەر دەبرد، کە دەڵێ (أنزل القرآن على سبعة أحرف. قورئان لەسەر حەوت پیتان دابەزیووە) لەگەڵ خستنە ڕووی شرۆڤەیەک دەربارەی مەبەست لەو حەوت پیتانە. هەر ڕاڤەکارێک بە ئارەزووی خۆی، ئەسپی خۆی تاوداوە. بۆیە پێویست ناکا بەناو گشت ئەو هەموو ڕاڤاکارانە دا بچین، بۆ ئەوەی پیشانی بدەین، چۆن ئەو بابەتەیان لێکداوەتەوە. بەڵکوو لێکدانەوەی تەبەری و دوای ئەویش إبن الجزري کە دوو لێکدانەوەی لۆژیکیان دەربارەی ئەو بابەتە هەیە. دەخەینە ڕوو.

ڕەچاوکردنی خوێندنەوەی جیاواز بەپێی حەوت پیتەکان، بووە قۆناخێکی ترسناک لە گۆڕان و بەلادابردنی ئایەتەکانی قورئان. ئەو دیاردەیەش بە هۆی تێپەڕبوونی مێژوو نەبوو. بەڵکوو وەک دیاردەیەک، هەر لە دوای کۆچ بۆ مەدینە. و تێکەڵبوونی خەڵکی ناوچە جیاوازەکانی دوورگەی عەرەبی، بە شێوەزمانی جیاواز لە ڕیزەکانی سەحابان. و دروستبوونی دەوڵەت و قەوارەی سیاسی کە محمد دەیەویشت ئایەتاکانی قورئان، لەسەرتاسەری ئەو قەوارە سیاسییە، هەموو کەس تێیانبگا. ئەو پرۆسەیەش، لەژێر چاوەدێری محمد خۆی دابوو. کە وایکرد ببێتە فاکتەرێکی بەهێز بۆ پشتڕاستکردنەوەی هەڵە بە هەڵە.

لێکدانەوەی حەوت پیتەکان لێکدانەوەی جیاوازی بۆکراوە، بۆ نموونە أبو عبید دەڵێ ماناى قورئان لەسەر حەوت پیت دابەزیووە، بە ماناى لەسەر حەوت زمان دابەزیووە. بۆ حەوت هۆز، کە ئەوانەن: قورەیش، کنانة، أسد، هذیل، بنو تمیم، ضبة، و قیس.

ئەو هۆزانە، دواى کۆچ بۆ مدینە تێکەڵاوی یەکتری بوون، هەم دیالێکتی جیاواز و هەم بیرکردنەوەی جیاوازیشیان هەبوو. ئەو جیاوازیانەش، لە درکاندن و هاومانای ووشە و گوزارەکردنیان دا بە ڕوونی دیاربوو.[472]

کەچی الطبري ڕایەکی جیاواز و لۆژیکتری هەیە، دەڵێ:

جیاوازی حەوت پیتەکە، جیاوزی هەکاندنە. بە گونجاندنی مانایان. [473]

---

[472] الفرقان لإبن الخطیب ص ١٢٦

[473] الطبری،جامع البیان عن تأویل القرآن، الجزء الأول، ص ٤٨

هەرچەندە لەوە زیاتر درێژەی ناداتێ. و نالێ گۆنجاندنی مانایان، بەپێی کام پێوەر، زمان یا ناوەرۆک. لەو ڕایەی الزنجانی پشتگیری دەکا. و دەلێ لە ڕووی مانای گونجاو، بە پیێی جیاواز.[474]

لەجیاتی ئەوە إبن الجزري بەهۆی ئەوەی زۆر دوای ڕاڤەکارەکانی تری ئیسلام هاتووە. توانیویەتی لە ماوەی لێکۆڵینەوە و بەدواداچوونی سەبارەت بە چۆنیەتی حەوت پیتەکان، ڕاو بۆچوونی ڕاڤەکارانی پێش خۆی کۆبکاتەوە. دوایی ڕای خۆشی تێهەڵکێش کات. و بە پوختی دایڕێژێتەوە. بەڕای ئەو حەوت پیتەکان (سبعه أحرف) تەنیا ژمارە نیین. بەلکوو بریتیین لە فراوانی ئەو چوارچێوەیەی کە دەتوانرێ، تێیدا خوێندنەوە و هەکاندن بۆ دەقەکانی قورئان ڕەچاوبکرێ. ئەوانەش: ڕاستەکان، ناوێژەکان، لاوازەکان، ڕەتکراوەکان دەگرێتەوە. حەوت پیتەکان بە لێکدانەوەی ابن الجزري ئەمانەن:

١ جیاوازی لە جولان (الحركات) بەبێ گۆڕانی مانا و دیمەن (جولان مەبەست هەم لە هەکاندن و هەم گەرداندنە)
٢ جیاوازی لە جولان (الحركات) بە گوڕینی تەنیا مانا.
٣ جیاوازی لە پیت بە گوڕینی مانا بەبێ دیمەن
٤ جیاوازی لە پیت بە گۆڕینی دیمەن بەبێ مانا
٥ جیاوازی پیت بە گۆڕینی دیمەن و مانا
٦ جیاوازی لە پاش و پێشکردن
٧ جیاوازی لەزیاد و کەمکردن.[475]

[474] الزنجانی، أبو عبدالله (١٩٣٥) تاریخ القرأن. مطبعة لجنة التألیف. ص٢٤
[475] دکتور عبدالصبور شاهین (٢٠٠٥) تاریخ القرآن ل ٦٢

ئەگەر لە خوێندنەوی ئایەتەکانی قورئان، ڕەچاوی ئەو حەوت خاڵەی سەروە بکەین، دەگەینە ئەو دەرئەنجامەی، هەر چۆنی بیخوێنیتەوە هەر ڕاستە. سەرەڕای ئەوەی، هەر لە سەرەتاوە بۆتە هۆی ناکۆکی، و گێچەڵ لەسەر جیاوازی خوێندنەوەی ئایەت. بەو مانایەش دەبێ دروستبوونی سەرجەمی ناکۆکیەکان، لەسەر خوێندنەوەی جیاواز لە ناو ئەسحابەکان بێ. بەڵام پەیامبەری خۆی هۆکاری سەرەکی بووە، بۆ هێنانە کایەی پرۆسەیەک کە دواتر کێشەی بۆ ساخکردنەوەی قورئان دروستکرد. کە تا سەردەمی عوسمان هەر بەردەوام بوو. ئەوسا بە فەرمانی عوسمان ئەو کێشەیە بڕکرا. لێرەدا چەند ڕووداوێک بە نموونە دێنینەوە:

جارێکیان عومەری کوڕی خەتاب دەگێڕێتەوە، کە گوێی لە هیشامی کوڕی حەکیم دەبێ سورەتی فرقان دەخوێنێتەوە. بەڵام گوێی لەو پیتانە (حرف) نەبوو بوو، کە پەیامبەر وا بیخوێنێتەوە. عومەر دەڵێ:

> دوای کۆتایی نوێژ چاوەڕێم کرد. ئەویش کۆتایی هێنا و سەلامی دایەوە. ملیم گرت و پێم گوت: کێ ئەو سورەتەی بۆ خوێندویتەوە؟ گوتی: پەیامبەری خودا خوێندویتیەوە. پێم گوت درۆتکرد. گوتی: بە الله، پەیامبەری خودا ئەو سورەتەی بۆ خوێندومەتەوە، کە تۆ ئێستا خوێندتەوە. عومەر دەڵێ چوومە لای پەیامبەری خودا و گوتم: ئەی پەیامبەری خودا! گوێم لێبوو ئەو (هیشامی کوڕی حەکیم)، سورەتی فرقانی دەخوێندەوە، بە تیپی وەک ئەوانەی تۆ نییە. تۆ سورەتی فورقانت بۆ من خوێندوتەوە!! پەیامبەر بە عومەری فەرموو: ئەی عومەر بینێرە ئێرە. گوتی: ئەی هشام بخوێنەوە. هشام بەو شێوەی کە پێشتر من گوێم لێبوو خوێندیەوە. پەیامبەر فەرمووی:

بەو شێوەیە دابەزی. ئەو قورئانە بەسەر حەوت پیت (حرف) دابەزیووە. بەو شێوەیە بیخوێننەوە کە دەیزانن. [476]

قرطبی لە أبی داود دەگێڕێتەوە، دەڵێ:

پەیامبەری خودا گوتی: ئەی أبی (مەبەست ابی داودە). من قورئانم خوێندەوە. و گوتی لەسەر دوو پیت یان سێ بوو؟ مەلیک کە لەگەڵم بوو گوتی: بڵێ لەسەر دوو پیت. پێی گوتم: لەسەر دوو پیت یان سێ پیت. مەلیک گوتی: لەسەر سێ. تا گەیشتە حەوت پیت. دوایی گوتی: بێجگە لە پاک و ڕوونی هیچی تری تێدانەبوو. ئەگەر گوتت سمیعا، علیما، عزیزا و حکیما. هیچ لە مانای (ایة عذاب برحمة) یان (ایة رحمة بعذاب) تێک نادا. [477]

الطبری لەزید بن أرقم دەگێڕێتەوە:

کابرایەک هاتەلای پەیامبەری خودا. گوتی عبدالله بن مسعود سورەتێکی خوێندەوە، زەیدیش سورەتەکی خوێندەوە و إبن کعبیش هەمان سورەتی خوێندەوە. جیاوازی لە نێوان خوێندنەوەکاندا هەبوو. خوێندنەوەی کامیان وەربگرم؟ گوتی پەیامبەر بێدەنگ بوو. عەلی کوڕی ابی طالب لەتەنیشتی دانیشتبوو. گوتی: هەرکەسە وا دەخوێنێتەوە کە فێربووە. هەموو شتێکی باشیش جوانە. [478]

---

[476] هەمان سەرچاوە ص ٦٢

[477] صحیح البخار ٦: ١٨٥، تفسیر الطبری ١: ١٠، البرهان ١: ٢١١، الأتقان ١: ٤٩

[478] تاریخ القران ل ٥٤

له إبن كعب دەگێرنەوە گوتی:

چوومە مزگەوت و نوێژم کرد وسورەتی النحلم خوێندەوە. دوایی دوو کەس هاتن و هەمان سورەتیان خوێند، جیاواز بوو لە خوێندنەوەی ئێمە. گومان و دوودڵی لە دڵم توندیان کرد. وەک ئەوەی لە جاهیلی بم. لە گومان و درِدۆنگی. پەیامبەری خودا لە سینگی دام و گوتی: پەنا بۆ خودا ببە، لەو گومانە، شەیتانت لێ دووربێ. [479]

ابی العالیة دەگێرِێتەوە، دەڵێ:

پێنج کەس بۆ پەیامبەری خودایان خوێندەوە. جیاوازیان لە زمان هەبوو. پەیامبەر خوێندنەوەی هەموویانی پەسندکرد. [480]

لە گۆرِینی هەندێک ووشەدا لە قورِئان. جارێکیان لە پەیامبەریان پرسی چی بنووسن : عزیز حکیم؟ یان سمیع علیم؟ پەیامبەر گوتی: ئەوەی دەینووسی ئەوەیە. [481]

سەبارەت بە ئایەتی ٢٤ لە سورەتی محمد

القرآن الكريم - سورة محمد ٤٧: ٢٤

( أَفَلَا يَتَدَبَّرُونَ الْقُرْآنَ أَمْ عَلَى قُلُوبٍ أَقْفَالُهَا (٢٤)

(ئاخۆ ئەوان لە قورِئان ووردنابنەوە، یان دڵیان گاڵەدراوە)

تەبەری لە راڤەکردنی دا دەڵێ:

---

479 الطبری. جامع البيان عن تأويل القرأن. المطبعة الاميرية. قاهرة، الجزء الأول، ص ٢٥

480 هەمان سەرچاوە ١: ٢٥

481 هەمان سەرچاوە ١: ٥٤

لەبەر ئەوەی جیاوازیەکی قووڵ لە ناو یاوەرانی پەیامبەر، لەسەر ئەو ئایەتە هەبوو. جیاوازییەکەش نەک لەسەر هوکاندن و ڕستەسازی. بەڵکوو لەسەر مانا و داوەری ئایەتەکە بوو. هەریەک لە سەحابەکان، دوای ئەوەی بۆ پەیامبەریان خوێندنەوە. سەرەڕای جیاوازی لە خوێندنەوەکان، پەیامبەر هەموویانی پەسەندکردبوون. ئەوە وایکرد کە هەندێک لە سەحابەکان، گومانیان لەسەر ڕاستی دینی ئیسلام لەلا دروست بێ. [482]

بە ڕەچاوکردنی ئایەتەکانی قورئان، و ڕۆڵیان لە ڕاگرتنی باوەڕ، و پەیوەندییە کۆمەڵایەتی و دینییەکانی کۆمەڵگەی ئیسلامی. هەر گۆڕانێک جا گەورە یا بچووک، ڕۆڵی خۆی هەیە لەسەر گۆڕانی پەیامی دین، و هەڵسوکەوتی موسوڵمانان. بۆیە دەبینین عومەر هەڵوێستێکی توندی دەبێ، بەرامبەر خوێندنەوەیەک کە لە هی ئەو ناچێ. ئەوەش دەمانگەیێنێتە ئەو باوەڕەی. کە لە قۆناخەکانی دوای، کۆچی دوایی محمد، ڕێگا خۆشتر دەبێ بۆ گۆڕینی ئایەتەکان و ناوەڕۆکیان تا دەگاتە لەناوبردنیان. لە خۆڕایی نییە کە بلاچێر دەڵێ:

> ئەو شێوە هەڵسوکەوتەی پەیامبەر لەسەر لێکدانەوە و هوکاندنیان لە خوێندنەوەی قورئان. ببووە هۆی دیاردەی قۆناخێکی ترسناک بۆ ئیسلام و چارەنووسی. ئەوەش بەتایبەتی لە مێژووی سەرەتای بانگهێشی ئیسلام. کە بەو شێوەیە، پیرۆزترین دەقەکانی دین و بنەڕەتەکانی بدرێنە دەست ئارەزووی هەر کەسێ. جا چۆنی دەوێ دەریبڕێ و بیلوکێنێ و لێکدانەوەی بۆ بکا. ئەو قوناخە هەرچەندە بە کۆچی دوایی محمد کۆتایی هات. بەڵام لە ڕاستیدا سەرەتابوو، بۆ ناکۆکی و زیاتر بە لاڕێدابردنی ئایەتەکانی قورئان. کە لە هەر

---

[482] هەمان سەرچاوە ١: ٥١ – ٥٢

قۆناخێک ناکۆکی زیاتر و قووڵتر دروست دەبوون. بە تایبەتی بە دەستپێکردنی هەوڵدان بۆ کۆکردنەوەی قورئان و ناکۆکی باڵبالێن، لە ناو موسوڵمانان. لەسەر دروستی و نادروستی ئایەتەکان. [483]

ئەو کێشەیە هەنگاو بە هەنگاو وایکرد، ئەوانەی دژی ئەو دیاردەیە دەوەستانەوە، خۆیان دەستیان بەوەکرد گوێ نەدەنە شێوەی جیاوازی خوێندنەوە. نموونەیەکی دیار لەسەر ئەو خوێندنەوانە. دەگێڕنەوە جارێکیان عومەر کوڕی خەتاب کە خۆی ڕەخنەی دەگرت. دەیەویست دەشتەکیەک (أعرابي) فێری خوێندنەوەی قورئان بە دروستی بکا.
ئایەتێکە سورەتی الدخانی پێدەخوێندەوە.
عومەر پێی گوت: إِنَّ شَجَرَتَ الزَّقُّومِ (٤٣) طَعَامُ الْأَثِيمِ (٤٤)
أعرابیەکە گوتی (طعام الیتیم). کە عومەر بینی ناتوانێ ووشەی (الأثیم) بدرکێنێ. پێی گوت بڵێ: (طعام الفاجر) أعرابیەکە بە ڕەوانی خوێندیەوە:
(إن الشجرة الزقوم، طعام الفاجر) لەبەر ئەوەی ووشەی الأثیم و الفاجر، لە عەرەبی یەک مانایان هەیە. و هیچ لە ناوەرۆکی ئایەتەکە ناگۆڕێ. [484]

بەو شێوەیە بەردەوام بوو تا سەردەمی عوسمان کە حەوت پیتەکانی کردنە یەک. ئەو بابەتە دواتر لە قوناخی سێەم، کۆکردنەوە ڕێکخستنی قورئان لەسەردەمی عوسمان، بە درێژی باسی دەک

---

[483] Blachér, Régis (1959) Introduction au Coran p 69 Ed. Besson et Chantemerle. Pari. Pp 25

[484] الفرقان لإبن الخطیب، ص ١١٥

# قۆناخەکانی کۆکردنەوە و ڕێکخستنی قورئان

# قۆناخی یەکەم

# سەردەمی ئەبو بەکر و عومەر

لەسەردەمی هێشتا محمد لەژیاندابوو، قورئان بە دوو شێوە دەپارێزرا.

١ لە ڕێگای ئەزبەرکردن. ئەوەش دەگەڕایەوە سەر ئاستی بەهێزی بیری کەسەکە، کە تا چەند دەتوانێ ڕەسەنی دەقەکانی قورئان بپارێزێ، تا ببێتە جێگای متمانە. لەبەر ئەوەی گشتی لە ڕێگای بیستن و گوتنەوەی ڕۆژانە لەلایەن یاورانی پەیامبەر، بە شێوەی بەراوردکردن وپشتڕاست کردنەوە.

٢ لە ڕێگای تۆمارکردنی دەق لەسەر پەڕە. تا نەوە دوای نەوە ڕەسەنایەتی لەدەست نەدات. ئەوەش پەیوەندی بە توانای نووسەر و متمانەی هەبوو. [485]

لە ساڵی یەکەمی خەلافەتی ئەبو بەکری سدیق و شەڕی موسەیلەمەی یەمامە. ئەبوبەکر سوپایەکی بۆ شەڕ ئامادەکرد، کە زۆربەی ئەو کەسانەی قورئانیان لەبەر بوو، بۆ شەڕ چوون. لەو شەڕەدا زیاتر لە ٧٠٠ کەس لەوانە کوژران، کە کەم یا زۆر ئایەتەکانی قورئانیان لەبەربوو. کاتێ عومەری کوڕی خەتاب بینی ئەوەندە لە قورئانخوێنان کوژراون. لەوە ترسا کە کەسیان لێ نەمێنێ. و بۆیە بیری لەوەکردەوە، کە دەبێ قورئان کۆبکرێتەوە. بۆیە چووە

[485] شاهین، الدکتور عبدالصبور (٢٠٠٧) تاریخ القرآن. الطبعة الثالثة. نهضه مصر. ص ٧٥- ٧٦

لای ئەبوبەکر، و پێی گوت: کوشتن قورئانخوێنانی قڕکردووە. من لەوە دەترسم شەڕ سەرجەمی قورئانخوێنان بکوژێ . زۆربەی قورئانمان لە لەدەست بچێ. بۆیە بە ڕای من دەبێ قورئان کۆ بکەینەوە!! و داوای لە ئەبوبەکر کرد، کە بەو کارە هەڵبستێ. بەڵام ئەبوبەکر گوتی: چۆن ئێمە شتێک بکەین، کە پەیامبەری خودا فەرمانی پێنەکردبین؟ عومەر گوتی: ئەوە دەکەم کە خودا پێی خۆشە! دواى ئەوە عومەر وازی نەهێنا تا ئەبوبەکری هێنایە ڕایێ. [486]

لە بنەڕەتدا ئەو هەستەی عومەر لەوەوە دەستی پێکرد. ڕۆژێکیان پرسیاری سەبارەت بە ئایەتێکی قورئان کرد. گوتیان فلان کەس لەبەری بوو. بەڵام لە شەڕی یەمامە کوژرا، گوتی إنا لله. [487] دوای ئەوە کەوتە بیری کۆکردنەوە و تۆمارکردن و ڕێکخستنی قورئان. هەوڵدانی لەگەڵ ئەبو بەکر کە خەلیفەی یەکەم بۆ بۆ ئەنجامدانی ئەو کارە. [488]

دوای باوەڕ هێنانی ئەبو بەکر، بۆ ئەنجامدانی پرۆسەی کۆکردنەوە. و ساخکردنەوەی قورئان، (زەید کوڕی ثابت)یان ڕاسپارد بۆ هەڵسانی بەو کارە. ئەوەش لە خۆیەوە جێگای سەرسوڕمانە. لەبەر ئەوەی زەید:

یەکەم: زەید لە دوا کاتەکانی تەمەنی محمد دەستی بە نووسینەوەی قورئان کردبوو.

دووەم: زۆر کەسیتر هەبوون کە هەر لەسەرەتاوە قورئانیان تۆمار دەکرد. و بە درێژایی تەمەنی قورئان هاودەمی پەیامبەر بوون، و خۆیان گوێبیستی بوون.

---

[486] السيوطی، جلال الدين (١٩٣٥) الإتقان فی علوم القرآن. الطبعة الثانيه.١: ٥٩، ابن الخطيب (١٩٤٨) جمع القرآن و تدوينه. ص ٣٤

[487] ئەوە بەڵگەیە کە قورئان بە دەیان و سەدان ئایەتی لێ دیارنەماون. یان لەبیرکراون.

[488] هەمان سەرچاوە ١: ٥٨، ابن الخطيب (١٩٤٨) جمع لاقرآن و تدوينه. ص ٣٤

بۆیە لە جێگای خۆیەتی، مرۆڤ گونمان لە دیاریکردنی زەید بۆ ئەوە کارە گرنگە بکا. هەر بەو بۆنەیەوە ووتەیەکی زەید، سەبارەت بە یەکەمین دیدەنی سەبارەت بە کۆکردنەوەی قورئان، لەگەڵ خەلیفە ئەبوو بەکر دێنینەوە.

زەید بن ثابت دەگێڕێتەوە:

له دوای شەڕی یەمامە ئەبوبەکر بە دوای دانادرم. عومەری کوڕی خەتابیشی لەلابوو. ئەبوبەکر گوتی: عومەر هاتۆتە لام و گوتی. ئەگەر کوشتنی قورئانخوێنان بەردەوام بێ!! من لەوە دەترسم زۆر لە قورئان لەناو دەچێ. من ڕام وایە تۆ قورئان کۆبکەیتەوە. زەید بەردەوام دەبێ و گوتی: من بە عومەرم گوت چۆن شتێک دەکەن، کە پەیامبەری خودا نەیکردبێ. گوتی: ئەوە الله دەیزانێ.

ئەبوبەکریش پێی گوتم: (تۆ گەنجێکی ژیری، تاوانبارت ناکەین، گەر وەحی بۆ پەیامبەری خودا بنووسیتەوە. واتە قورئان کۆبکەمەوە). بەو خودایە، ئەگەر داوایان لێکردبام چیایەک بگوازمەوە، لەو قورستر نەدەبوو، کە فەرمانی پێدام قورئان کۆبکەمەوە. قورئانم لەسەر لقی دارخورما و پارچە بەردی سپی کۆدەکردنەوە (دەنووسینەوە) تا دوا سورەتی التوبەم لای ابی خزیمە الانساری دۆزیەوە،. کە کەسیتر لای نەبوو. ئەو دەقانە لای ئەبوبەکر بوون تا مرد. دوای ئەویش لای عومەر و دواتر لای حفصەی کچی عومەر هەڵگیرابوون. [489]

[489] السیوطی، الإتقان في علوم القرآن، الجزء الأول، ص ٥٧، فرقان لإبن الخطیب (١٩٤٨) ص ٣٥

کۆکردنەوەی قورئان وەک زانراوە، بە شێوەی فەرمی و باو لە جیهانی ئیسلامدا، لە سەردەمی خەلافەتی ئەبو بەکر دەستی پێکرد و لەسەردەمی خەلافەتی عوسمان لە مەدینە کۆتایی پێهات. [490] هەرچەندە ئەوە ناتوانێ تەواوی ڕاستی پرۆسەی کۆکردنەوە و تۆمارکردنی قورئان بێ. لەبەر ئەوەی لەسەردەمی عبدالملک کوڕی مەڕوان نەک تەنیا دوبارە نووسرایەوە. بەڵکوو گەورەترین گۆڕانی بەسەرداهات. (ئەوە دواتر دەگەڕێینەوە سەری)

دوای بڕیاردانی ئەبوبەکر و عومەر لەسەر کۆکردنەوەی قورئان. زۆر پەلەیان بوو لەبەر ئەوەی، ترسێکی گەورە هەبوو لەسەر ناکۆکی نێوان مصحفی جیاواز لەیەکتری. کە خاوەنەکانیان لە یاوەرانی بەناوبانگی پەیامبەر بوون. و لەلای دایکانی باوەڕداریش کە لە بۆنەی تایبەتی و گشتی دا، هاودەمی پەیامبەر بوون. سەرەڕای ئەوە ژمارەی پەرتووکەکان زۆر بوون. و هەردووک ئەبو بەکر و عومەر باش ئەوەیان دەزانی کە جیاوازییەکان ئەوەندە زۆرن، چارەنووسی قورئان بە کارەساتێکی گەورە کۆتایی دێ. و کاریگەرییەکی زۆر گەورەی لەسەر ئایندەی قورئان و سەرجەمی ڕەوتی دین دەبێ. چونکە زۆر لەو کۆپیانەی لای موسوڵمانان هەبوون، زیاتر جێی متمانە بوون. جیاوازی گەورەشیان لە نێواندا هەبوون ئەوەش ترسێکی گەورەبوو، کە پێویستی بە دەستوبرد دەکرد بۆ یەکلاکردنەوە.

بە پێی بوخاری لە ساڵی ١٢ کۆچی کۆکردنەوەی قورئان دەستیپێکرد و ١٥ مانگی خایاند. ئەو پەلەکردنەش لە ترسی ئەوە بوو، نەوەک لە نێوان ئەو هەموو دەقە جیاوازیانە قورئان لەناو بچێ. [491]

---

[490] عبدالکریم، خلیل (١٩٩٧) قوریش من قبیلة الی الدولة المرکزیة ص١٥

[491] السیوطی، جلال الدین (١٩٣٥) الإتقان فی علوم القرآن. الطبعة الثانیه.١: ٥٨

# قوورئانە بەناوبانگەکان

لە جێگای خۆیەتی کە ناوی ئەو قورئانانە بێنینەوە، کە هەر لە سەردەمی محمد لە ژیاندا بوون. خەریکە نووسینەوەی سوورەتەکانی قورئانیش بوون. ئەوانە لە ناو ئەسحابان ناوبانگیان، هەم لەسەر جێمتمانەیی و زیرەکی هەبوو. سەرەڕای ئەوە کەسانێک بووین بە شێوەی جیاواز هاودەم و نزیکی نووسەری قورئان بووین.

١ قورئانی سالم بن معقل ابی حذیقه. کە نەبی محمد لە کۆیلایەتی ئازادی کردبوو. بەڵام سالم سالێک دوای نەبی ئەویش مرد. بەپێی ابن شته لە پەرتووکی (کتاب المصاحف) دەڵێ (یەکەمین کەس کە قورئانی وەک پەرتووک کۆکردەوە، سالم بوو. سوێند دەخۆم جلی لەبەر نەدەکرد تا کۆی نەکردەوە. و کۆشیکردەوە. [492]

٢. قورئانی عبدالله بن عباس (ساڵی ٦٨ک مردووە) ابن عباس پایەیەکی بەرزی لە ناو ئیسلام هەبوو، پسپۆر بوو لە ڕاڤەکردنی ئایەتەکانی قورئان. قوتابی عەلی کوڕی ئەبی تالب بوو. الشهرستانی دەڵێ قورئانەکەی ابن عباس جیاوازی لە نووسین و ڕێکخستن لەگەڵ قورئان سەحابەکانی تردا هەبوو. [493]

٣. قورئانی عقبه بن عامر (سالی ٦٠ ک مرد) یەک لە سەحابە بەناوبانگەکانی پەیامبەر بوو.

---

[492] ابن ابی داود السجستانی (١٩٩٥) کتاب المصاحف. دار البشائر الإسلامیة

[493] الزنجانی، ابو عبدالله (١٩٣٥) تاریخ القرأن، مطبعة لجنة التألیف ص ٧٦

دواتر بووە فەرمانڕەوای میسر. قورئانەکەی ساڵی ٣١٣ ک /٩٢٥ ز دۆزرایەوە. ئەوەی جێگای پرسیارە، دواتر گوم بووەوە تا ئێستاش دیار نییە.

٤. قورئانی المقداد بن عمر (ساڵی ٣٣ ک مردووە) یەک لە سەحابەکانی بەناوبانگی پەیامبەر بوو. قورئانەکەی لە حمس لە سوریا بڵاوبووەوە.

٥. قورئانی ابی موسی الاشعري (ساڵی ٥٢ ک مردووە) لەسەر ڕێبازی عەلی بوو. قورئانەکەی لە شاری بصری بڵاوبووەوە. قورئانەکەی زۆر لە قورئانی ابی بن کعب و ابن مسعود دەچوو. جیاوازی بەرچاوی لەگەڵ قورئانی عوسماندا هەبوو. [494]

٦. قورئانی ابی بن کعب (ساڵی ٢٣ ک لە مەدینە مردووە) پەیامبەر، بێجگە لەوەی ابی بۆ نووسینەوەی وەحی بەکاردەهێنا، هەروەها نووسینی نامە بۆ هۆزە عەرەبیەکانیش لە ئەستۆی ابی بوون. ابی بن کعب بە بیرتیژی نلسرابوو. یەک لە کەسە دەگمەنەکان بوو کە قورئانی سەرجەم لەبەربێ. قورئانەکەی جیاوازی لەگەڵ قورئانی عوسمان دا هەبوو. بە ژمارەی سورەت و ڕێکخستنیان. لە قورئانی ابی ١١٦ سورەت هەبوون، لە جیاتی ١١٤ لە قورئانی ئێستادا. دوو سورەتە زیادەکەش سورەتی الخلع و سورەتی الحفد بوون. [495]

٧. قورئانی عبدالله بن مسعود (ساڵی ٣٠ ک مردووە) و لە تەمەنی منداڵی و هەرزەکاری شوان بووە. بە گەنجی بۆتە موسوڵمان. لە قورئانەکەیدا سورەتی الفاتحەی کەمە. بەپێی گۆتەی ابن مسعود (المعوذتین لە قورئان نییە) بە پێی ابی بن کعب فەرموودەیەکی

[494] نۆلدێکە، تاریخ القران ٣: ٩٧ پەراوێز ١، تاریخ القران ل ١٦٥

[495] الزنجانی، ابو عبدالله (١٩٣٥) تاریخ القرأن مطبعة لجنة التألیف ص ٧٢

پەیامبەرە لەسەر حسن و حسین، نەک ئایەتێکبێ لە قورئاندا. تەنانەت ابن مسعود لەوەش زیاتر دەڕوا و دەڵێ :هەڵەیە بڵێی قل اعوذ برب الفلق لە جیاتی ئەوە بڵێ قل اعوذ برب الناس. ئەوە لەکاتی لەژێر جادووی یەهودیەکان نەبی محمد گۆڕیویەتی. ئەگینا لە قورئان دا نییە. هەڵبەتە سحابە و سەرجەم اهل البیت لەگەڵی ناکۆک بوون. [496]

٨. قورئانی عائیشە، ابو یونس بۆ کۆکردۆتەوە. سەبارەت بەوە عروە ابن الزبیر دەگێڕێتەوە کە عائیشە گوتوویەتی.( سورەتی الاحزاب کاتی پەیامبەر دووسەد ئایەت بووە). بەڵام لە قورئانی عوثمان تەنیا ٧٣ ئایەتە و ئەوەی تری لابردراوە. [497]

٩. قورئانی حفصە کچی عومەر، کە عەمرو بن رافع بۆی کۆکردۆتەوە. بەڵام نازانین کە هەمان قورئانی زەید بن ثابت کە لێی وەگرت یان نا؟

حفصة کچی عومەر خوێندەواری هەبوو. لە فەرموودەیەک هاتووە. کە حفصە دەستپێشخەری کردووە. کە نووسینی چیرۆکی نەبی یوسف لە تەورات بنووسێتەوە. بۆ ئەوە عومەری باوکی داوای لە کەسێک کردووە، کە هەندێک تابلۆی تەوراتی بۆ لەسەر پێستە بنووسێتەوە. دوای ئەوە پیشانی محمدی داوە. دەڵێن کاردانەوەی محمد رەق و خراپ بووە. لەو دەمەوە، موسوڵمانان هاندەدران. کە سەبارەت بەدین بێجگە لە قورئان هیچیتر نەخوێننەوە. لەبەر ئەوەی بارتەقای گشت پەرتووکەکانی تری تێدایە.[498]

---

[496] القرطبی جامع لأحکام القرآن، الجزء ٢٥ ص ٢٥١
[497] السیوطی، جلال الدین (١٩٣٥) الإتقان فی علوم القرآن. الطبعة الثانیه.٢: ٢٥
[498] Alfred-louis de Prémare (2002) The foundations of Islam, between Writing and History, pp 325

دواتر کۆیلەیەکی عومەری باوکی، کە ئازادکراو بوو، بە ناوی عمرو بن رافع، سەر بە خێڵی لخم بوو. کە دەکەوێتە سنووری سووریا و ئیسرائیل. حفصە وەک نووسەر بۆ مصحف بەکاری دێنا. هیچ مێژوویێکی وورد، سەبارەت بەو کارە دیار نییە. تەنیا دەڵێن ئەوە دوای مردنی محمد بووە. واتە نێوان ساڵانی ٦٣٢ – ٦٦٥ز. ئەو ساڵەی حفصە کۆچی دوایی کرد.[499]

١٠. قورئانی عەلی بن ابی طالب (ساڵی ٤٠ ک مردووە) عەلی ناوی (ناسخ و مسوخ)ی لێنرابوو. قورئانەکەی دابەشی سەر ٧ بەشکردبوو. هەر بەشەی ١٥ تا ١٦ سورەتی تێدابوو. لەڕاستیدا قورئانەکەی عەلی لە گشت قورئانەکانی تر باشتر و ئاستی بەرزتربوو. ئەوەش بە هۆی پێگەی لە ناو ئیسلام و ئاستی تێگەیشتنی لە ڕەوتەکە. لەلایەکیتر لەگەڵ گشت قورئانەکانی تر جیاوازبوو. جیاوازییەکەشی لەسەر هەڵوێستی بوو، بەرامبەر ئەهلی سوننە و خەلیفەکانی، کە خەلافەتیان لێزەوتکردبوو. هەر ئەوەش بە پێی تێپەڕبوونی مێژوو قورئانی جۆراوجۆر لەگەڵ ڕێبازی جۆراوجۆر لەناو پەیرەوانی ئەو پەیدا دەبن.[500]

بێجگە لەوانە، چەند کەسیتر هەبوون کە بە شێوەیەکی کەمتر قورئانیان دەنووسیەوە. لەوانەش:

عمر بن الخطاب، عبد الله بن الزبير، عبد الله بن عمر، عبيد بن عمير الليثي، عطاء بن أبي رباح، عكرمة، مجاهد، سعيد بن جبير، الأسود بن زيد، محمد بن أبي موسى، قحطان بن عبد الله الرقاشي، صالح بن كيسان، طلحة بن مصرف، الأعم و بن قيس.

[499] Ibid.

[500] السیوطی، جلال الدین (١٩٣٥) الإتقان فی علوم القرآن. الطبعة الثانیه.١: ٥٨، عالم المعجزات ل ١٦٤ – ١٦٥

# چەند بەسەرهات و هەڵوێستەیەک

ڕێکەوتێکی گرنگ هەیە کە بە چەند جۆر گێڕدراوەتەوە. لێرەدا ابن ابی داود دەگێڕێتەوە دەڵێ: کاتێ نەبی مرد، عەلی سوێندی خوارد جلەکانی لەبەر ناکاتەوە، تا قورئان لە پەرتووکێکدا کۆنەکاتەوە. لەبەر ئەوەی هێشتا بەیعەتی نەدابوو. دوای چەند ڕۆژ ئەبوبەکر بە دوای دانارد. و پێی گوت ئەی بلوکی حەسەن ڕقت لە دەستەڵاتی منە؟ گوتی نە بە الله. من تەنیا سوێندم خواردووە، جلەکانم دانەکەنم تا سەرجەمی قورئان کۆنەکەمەوە. ئیتر بەیعەتی داو گەڕایەوە ماڵ. [501]

هەمان چیرۆک لە عەکرەمە دەگێڕنەوە، دەڵێ دوای ئەوەی عەلی بەیعەتی دایە ئەبوبەکر. بێدەنگ لەماڵی خۆی دانیشت. لەلای سەحابەکان و خەلکی تر وەک دردۆنگییەک بە ئەبوبەکری دەگوت: ڕقم لەو بەیعەتەیە کە بەتۆم دا.

دوای ئەو هەواڵە گەیشتەوە ئەبوبەکر، بەدوای دانارد گوتی: ڕقت لە بەیعەتی منە؟

گوتی: نە بەخودا، گوتی چی لە منت دڵگران دەکا.

گوتی: دەبینم پەرتووکی خودا لێی زیاد دەبێ! لەگەڵ خۆم پەیمانم داوە، بێجگە لە نوێژ جل لەبەر نەکەم، تا سەرجەمی کۆ نەکەمەوە. [502]

---

501 ابن ابی داود السجستانی (١٩٩٥) كتاب المصاحف. دار البشائر الإسلامية

502 السیوطی، جلال الدین (١٩٣٥) الإتقان فی علوم القرآن. الطبعة الثانیه.١: ٥٧ – ٥٨، الزنجانی، ابو عبدالله (١٩٣٥) تاریخ القرأن, مطبعة لجنة التألیف, ص ١٦٧

لە هەردوو گێڕانەوەکە عەلی هەستی بە ترس و دڵەڕاوکێ کردووە، سەبارەت بە چارەنووسی قورئان. بەڵام لە گێڕانەوەی دووەم بە ئاشکرا دەڵێ قورئان لێی زیاد دەکرێ!!

ئەوەی لێرەدا جێگای سەرسوڕمانە، عەلی دەیبینی قورئان گۆڕانی تێدادەکرێ. ڕۆژ دوای ڕۆژ زیادوکەمی تێدا دەکرێ. بۆیە وا بە توندی کارەکەی خستۆتە ئەستۆی خۆی.

لێرەدا پرسیارێک سەر هەڵدەدا، ئایا عەلی کەی هەستیکرد، کە قورئان گۆڕانی تێدا دەکرێ؟ باشە بۆ ئەبو بەکر و عومەر قورئانەکەی عەلیان وەرنەگرت؟ خۆ قورئانەکەی عەلی بە لێبڕاوی زیاتر جێی متمانە بوو. کەچی لە جیاتی ئەوە قورئانەکەی زەید کوڕی ثابت کە لە بنەڕەتدا قورئانی حفصەی کچی عومەر بوو، پەسەندتر کرد، لە ئەوەی عەلی. خۆ عەلی لە یەکەم دەستەی موسوڵمانان بوو، هەر لە منداڵیەوە محمدی دەناسی و لە گشت هەنگاوەکنیشی پاڵپشتی بوو، و لەگەڵیدابوو. سەرەڕای ئەوە موجاهدێکی گەورەبوو. هەروەها کوڕی مامی پەیامبەر و زاواشی بوو. بەیەک لە هەڵگرانی ئاڵای ئیسلام دەژمێردرا.

باشە بۆ زەید کوڕی ثابتیان هەڵبژارد بۆ کۆکردنەوەی قورئان. ئەوەش ئاشکرایە کاتی محمد بانگهێشی ئیسلامی دەکرد، هێشتا زەید لە سکی دایکی دابوو. تەمەنی زەید ١٠ ساڵی تێپەڕ نەکردبوو، کە نەبی کۆچی بۆ مەدینەکرد. ئەوەش دەزانین کەزەید هێشتا لەدایک نەبووبوو، زیاتر لە یەک لەسەر سێی قورئان هاتبوو.

ئەی باشە قسەی ئەبوبەکر مانای چیبوو؟ کە بەزەیدی گووت:

تۆ گەنجێکی ژیری، تاوانبارت ناکەیین بۆ زەیدیان لە عبدالله بن عباس بە باشتر زانی، کە پەیامبەر خۆی بە بلنترین کەس لە قورئان و ڕاڤەکردنی باسیدەکرد؟ [503]

[503] الحريری، ابو موسى (٢٠١٠) عالم المعجزات. بحث فى تاريخ القرآن، ص ١٦٨

هێشتا لەو قۆناخەدا بە دەیان نیشانەی پرسیار سەر هەڵدەدەن. و وا دەکەن مرۆڤ نەتوانێ وا بە ئاسانی دەستبەرداری ئەوەبێ کە (قورئان دەستکاری نەکراوە).

سەرەڕای ئەوش ناکۆکی لە نێوان قسەی عومەری کوڕی خەتاب کە لە وەڵامی پرسیارێک گوتی : قورئان تەنیا گەنجانی قورەیش دەینووسنەوە. کەچی زەید بن ثابت هەم خەڵکی مەدینە بوو، هەم لە ئەنسارەکان بوو. هەمیش لە سەردەمی کۆتایی قورئان بۆ پەیامبەری دەنووسیەوە. کەچی لەهەر ئەو (زەید) جێگای ڕەزامەندی عومەر و ئەبوو بەکربوو! و دەستی بە کۆکردنەوە و ڕێکخستنی قورئان کرد. [504]

سەرەڕای ئەوە هەڵوێستی بە گومانی عومەر کەم و زیادبوونی لە قورئان. جارێکیان عومەر بە گاڵتەوە بە عبدالرحمن کوڕی عەوفی گوت:

> شتێک نابینی کە بۆمان دابەزێ. جیهادیان کرد. هەروەک یەکەم جاری جیهاد، من نایبینمەوە!
> عبدالرحمن گوتی: لێی کەوت. چۆن لە قورئان کەوت. [505]

ڕەنگە ئەو گاڵتەی عومەر لەسەر هەڵوێستی زەید بووبێ لە توندی لەسەر کۆکردنەوە و تۆمارکردن. ئەگەر هەر کەسێ ئایەتێکی هێنابایە دەبوایە دوو کەسیتر بە گەواهی پشتڕاستیان بکردبایەوە. جارێکیان عومەر هاتە لای زەید و گوتی ئایەتی (رجم) م پێیە. زەید تۆماری نەکرد. لەبەر ئەوەی هیچ کەسی نەبوو گەواهی بۆ بدا. [506] ئەوەش عومەری دڵگرانکرد. کە بەڕای ئەو. بەو شێوەیە لە قورئان دادەبڕن و ناتەواو دەبێ.

---

504 الامام شهاب الدين القسطلانی. لطائف الاشارات لفنون القراوات جزء الأول ١٩٧٢ ص ٦٢
505 السیوطی (١٩٣٥) الإتقان فی علوم القرآن. الطبعة الثانیه. ٢: ٢٥
506 ابن الخطیب (١٩٤٨) جمع لاقرآن و تدوینه. ص ٣٦

ئەوانە بە گشتی گومان لە سەر ئەو گرووپە دروست دەکەن کە بە کۆکردنەوە و پاکنووسی قورئان هەڵبژێران. ئەوەش بەڕەچاوکردنی قسەی ئەبوو بەکر (تۆ گەنجێکی ژیری، تاوانبارت ناکەین). ئایا کەسێک هێشتا دەستی بە کۆکردنەوەی قورئان نەکردبێ، بۆچی پێویستی بە پاکانە هەبێ، ئەگەر پلانی گۆڕان لە قورئان لە ئارادا نەبێ!!.

زەید دەڵێ بەدوای قورئاندا لە کەسانی کە لەبەریان بوو، یان نووسراو لەسەر پێستە و گەڵای دارخورما و تاشەبەردی سپی دەگەرام. ئایەتێکم لەبیرچووبوو، کە لە پەیامبەر بیستبووم. لە کۆتایی لەلای کەسێکی ئەنسار دۆزیمەوە. ئەوەش ئایەتەکە بوو:

القرآن الكريم – سورة الاحزاب ٣٣:٢٣

لەناو باوەڕداران پیاوانی وا هەن، لەگەڵ پەیمانی بە خودایان دابوو، سەرڕاست بوون. هەندێک لەوانە گیانیان بەخشیوە. و هەندێکیش هێشتا لەژیاندا ماون و هیچیان لە بەڵێنی خۆیاندا نەگۆڕیووە. (٤٦)

بۆیە دەبێ بە ئاسانی وەک بەوە بکەین کە دەست بە کۆکردنەوەی قورئان کرا لە سوورەتەکان کەمتر یان زیاتر بوون. یان بە ئاشکرا، کەم و کووڕی لە سوورەت و ئایەتەکاندا هەبوون.

ئەو کاتەی کۆکردنەوە کۆتایی هات، وەک سیوطی دەگێڕێتەوە، ئەبوبەکر گوتی:

ناوێکی لێ بنێن. هەندێک گوتیان سیفر، هەندێکی تر گوتیان مصحف، لەبەر ئەوەی لە حەبەشە بە پەرتووکی پیرۆز دەڵێن مصحف. بڕیار درا ناوی لێبنێن مصحف تا بەئاسانی لە تەورات جیا بێتەوە کە بە دەقەکانی دەڵێن سیفر. السیوطی ئەوەش بەو مانایە نایێ کە قورئان دەبێ سەرجەمی سوورەت و

ئایەتەکانی تێدابێ، تا پێی بڵێن مصحف. قورئانی هەمزەی کوڕی عبدالمطلب، کە هەشت ساڵ بەر لە کۆتایی هاتنی وەحی کوژرا. کەچی قورئانەکەی هەر بە مصحف ناودەبرا. بە پێی ئەو دەربڕینە هەر کەسێک تەنانەت چەند سوورەتێکی لابوایە دەیانگوت مصحفی هەیە. [507]

[507] الكرماني ١٤٤، تاريخ القرآن عبدالصبور ١٦٠

# قۆناخی دووەم
# سەردەمی عوسمان

دوای مردنی ئەبو بەکر، قورئانەکە کەوتە لای عومەر. و دوای مردنی عومەر، لای حفصەی کچی عومەر هەڵگیرا. بە هاتنی عوسمان قۆناخێکی تر دەستی پێکرد. و لە سەرەتادا پرسی کۆکردنەوە و ڕێکخستنی قورئام پشتگوێ خرابوو.

دوای ئەوەی عوسمان بووە خەلیفەی سێیەمی ئیسلام، لەسەرەتادا، لەبەر گێروگرفتی گەورەتر بەریان وەبەر قورئان نەمابوو. بەڵام بەهۆی ڕێکەوتی شەڕ و داگیرکاری، جارێکیتر پرسی کۆکردنەوەی قورئان و ڕێکخستنی سەری هەڵدایەوە. لێرەدا إبن الخطيب ئاماژە بە شتێک دەکا کە عوثمانی والێکردبوو، جارێکیتر بە زوویی، دەست بە ڕێکخستنەوەی قورئان بکا. ئەوەی عوثمانی خستبووە ترس نارێکی و پەرش و بڵاوی قورئان نەبوو. بەڵکوو ترسی عوثمان لە خوێندنەوەی جیاوازبوو.

دوای ئەوەی دەوڵەتی ئیسلام، لە سەردەمی خەلیفە عوسمان فراوان بوو. و دەستی بەسەر وولاتانی تردا گرت. و عەرەب تێکەڵی نەتەوەکانی تر بوون. خەڵکی هەر وولاتێک قورئانیان بە شێوەیەک دەخوێندەوە. کە جیا بوو لە وولاتانی تر. بۆ نموونە لە شام بە خوێندنەوەی أبي بن كعب دەیانخوێندەوە. کەچی خەڵکی کوفە بە شێوەی عبدالله بن مسعود دەیانخوێندەوە. بەو شێوەیە هەر وولاتێک بە شێوەیەک دەیخوێندەوە.

لە ناو موسوڵمانانیش جیاوازی لە زۆر خوێندنەوە دا هەبوو. ئەوەش دەگەڕایەوە بۆ ئەوەی هەر لە سەرەتاوە پەیڕەوی خوێندنەوەی حەوت پیتیان (الأحرف السبعة) دەکرد. کە هێشتا پەیامبەر لە ژیاندابوو، مۆڵەتی ئەوەی دابوو. کە هەرکەس دەتوانێ بە دیالێکتی خۆی بخوێنێتەوە [508] ئەوەش بە گشتی لەسەر فەرموودەی پەیامبەر، کە گوتوویەتی: ئەم قورئانە لەسەر حەوت پیت دابەزیووە، چۆن بۆتان دەگونجێ وای بخوێننەوە. [509]

ئەم مۆڵەتەش لە دوای کۆچی پەیامبەر بۆ مەدینە هات. دوای ئەوەی هۆزە جیاجیاکانی عەرەب هاتنە ناو ئیسلام. و دیالێکتی جیاوازیان هەبوو. کە بۆیان سەخت بوو بێجگە لە دیالێکتی خۆیان بخوێننەوە. [510]

لە ساڵی ٢٥ کۆچی، لە نێوان ساڵی دووەم و سێیەمی خەلافەتی عوثمان ، لەشکری ئیسلامی عێراق و شام ئەرمینیان داگیرکرد. لەم داگیرکردنە حذیقة بن الیمان فەرمانڕەوای مەدائین بوو. هەروەها بەشێک بوو لە کاروباری عێراق. و هەروەها یەکێک بوو لە شەڕکەرانی داگیرکردنی ئەرمینیا. [511]

لەو کاتە ناکۆکی کەوتە نێوان لەشکری شام و عێراق. ئەوانەی شام بە خوێندنەوەی أبي بن کعب دەیانخوێندەوە. گوێیان لە خوێندنەوەی عبدالله بن مسعود نەدەگرت. و پێیان هەڵەبوو. ئەوانیش بە پێچەوانەوەی خوێندنەوەی أبي بن کعبیان بە هەڵە دەزانی.

---

[508] العک، خالد عبدالرحمن ( ١٩٨٦) تاریخ توثیق نص القرآن الکریم. الطبعة الثانیة. دار الفکر. ص ٤٥
[509] فتح الباری للحافظ إبن الحجر ٩: ٢١
[510] العک، خالد عبدالرحمن ( ١٩٨٦) تاریخ توثیق نص القرآن الکریم. الطبعة الثانیة. دار الفکر. ص ٤٦
[511] فتح الباری ٩: ٣

که حذیقه گوێی له خەڵکی حمص بوو دەڵێن خوێندنەوەی ئەوان باشترە، له هی خەڵکیتر، که قورئانی المقدادیان دەخوێندەوە. خەڵکی بەسرە به هەمان شێوە، که قورئانی أبي موسی الأشعر یان دەخوێندەوە. بەم دیمەنە تووڕەبوو، و سوورهەڵگەڕا. و دەستیکردە ووتاردان. گوتی: خەڵکی پێش ئێوەش ناکۆکیان هەبوو. به خودا به پەله، دەچمە لای ئەمیر المؤمنین، دەبێ ئەو کێشەیە چارەسەربکرێ. بۆیە هەر دەستبەجێ هاتە مەدینە. نەچووە ماڵێ خۆی، تا عوسمانی نەدیت. و گوتی: ئەی ئەمیر المؤمنین، هەست دەکەم ئەو نەتەوەیە پێش ئەوەی ناکۆکییەکەیان ببێتە، ناکۆکی یەهودی و نەسارێ دەبێ چاری بکرێ. . [512]

ئەو هەڵوێستەی حذیقة، وای له خەلیفە عوسمان کرد، که بیر له ئەنجامی ئەو ناکۆکی خوێندنەوانە بکاتەوە. که تا زووە، بڕیاری کۆکردنەوە و یەککردنی قورئانەکان بدا. ئەگینا ترسی دوو سیناریۆی خراپ بۆ قورائان دەکرا.، ئەو دوو سینارۆیەش، بریتی بوون له:

یەکەم: ئەگەر خوێندنەوەی ئایەتەکان نەکرابوایە یەک خوێندنەوە. و هەروەک جارانی سەردەمی پەیامبەر، و أبو بکر و عومر بوایە. ڕەنگبوو ئەو قورئانە ناوەرۆکی به ئاڕاستەیەکی تر بڕۆیشتبایە.

دووەمیش: سەردەمی عوثمان گەیشتبووە ئەو ئاستەی که قورئان نەیدەتوانی وەک ئامرازێکی بەڕێوەبردنی دەوڵەت کاری پێبکرێ.

ئەو دوو هۆیە وایان له عوسمان کرد. تا زووە چارەسەری کەو کێشەیە بکا، که لەشکری ئیسلامی کردبووە چەندین پارچە.

---

[512] هەمان سەرچاوە ٩:١٤، افرقان لإبن الخطیب (١٩٤٨) ص ٣٥

## زید کوڕی ثابت قورئانەکەی حفصەی هەڵبژارد

زەید کوڕی ثابت لە سەردەمی عوسمان، قورئانی حەفصەی لە ناو گشت ئەو قورئانەکان هەڵبژارد. بەس بۆ ئەوەی سەرنجی موسوڵمانان بۆ ئەوە ڕابکێشێ، کە ئەوە هەمان قورئانە ئەبو بەکر و عومەر دەستیان پێکردبوو، تا بتوانێ بەرامبەر هەوڵی دابڕان لە ناو دین بووەستێتەوە. هەڵبەتە لەو کارەی نەک تەنیا سەرکەوت، بەڵکوو دەستیشی ئاوەڵابوو، بۆ چۆنییەتی نووسین و لابردن و بەرەنگار بوونەوەی قورئانەکانیتر، هەرچەندە کەسانی دەستەڵاتدار بوون لە ناو دەوڵەتی ئیسلام.

## سوتاندنی گشت قورئانەکانیتر

فەرمانی عثمان سەبارەت بە کۆکردنەوەی قورئان بەو شێوەیە بوو:
سووتاندنی گشت مصحەفەکانی ڕکابەری، ئەو مصحەفەی عوثمان. بە تایبەتی ئەو مصحەفانەی عوسمان بڕوای وابوو، ئایەتی تێدان پشتگیری عەلی دەکەن. بەو شێوەیە مصحفێک دەردەچێ، کە لایەنگرانی عەلی لە دەقەکان دووردەخاتەوە. و بڕیارێکیشە ناڕاستەوخۆی پێگای عوسمان بەهێزدەکا.

بێجگە لەو ڕیوایەتە، ڕیوایەتێکیتر هەیە، کە بە زۆری دەگێڕدرێتەوە، کە دەبێ عوثمانی هاندابێ، بۆ کۆکردنەوەی قورئان:

حذیقە سەرکردەی داگیرکردنی ئەرمینیا لە ساڵی ٦٤٥ – ٦٤٦ س.ب ، بە سەرکردایەتی هێزێک، بە مەبەست ئەرمینیا، بەرەو عێراق کشا. لەو کاتەدا، لەسەر خوێندنەوەی قورئان، ناکۆکی لە نێوان سەربازەکانی دا هەبوو. بۆیە هاتە لای عوثمان. و داوای لێکرد کۆپیەکی نووسراوی یەکگرتووی بداتێ. گوتی: ئەی ئەمیر المؤمنین لەو نەتەوەیە تێبگە، پێش ئەوەی ناکۆکیان لەسەر پەرتووک بکەوێتە ناو. وەک ناکۆکی (یەهودی و نەساری). بۆیە عوثمان فەرمانی دا بە کۆکردنەوەی قورئان، لەیەک مصحف دا. ئەوەش بە متمانەکردن لەسەر ئەو مصحەفەی لەلای حفصة پارێزرابوو. کە دوایی بۆی گەڕاندەوە. دواتر فەرمانی دا، بە سوتاندنی، گشت کۆپیەکانیتر.[513]

بۆیە ئەو کارەی عوثمان بەردێک و دوو چۆلەکە بوو. ئەوەش دەرفەتێک بوو لەژێر ناوی بەردەوام بوون لەسەر کۆکردنەوەی قورئان. لەلایەک ڕێکخستنی لەسەر یەک خوێندنەوە. و ئەو خوێندنەوەیەش شێوەزمانی قورەیش بوو. واتە حەوت پیتەکانی کردە یەک پیت. و دەبوایە لە شێوەی تۆمارکردنی پیت و فۆنەتیک، تەنیا پەیڕەوی ئەو خوێندنەوەیە بکرێ [514]

لەلایەکیتریش سەرجەمی قورئانەکانی تر دەبێ بفەوتێنن و تەنیا یەک قورئان بمێنێ. ئەویش هەمان قورئانی أبو بکر و عومەرە. بۆ ئەو کارەش، هەروەک ئەبو بەکر و عومەر، هەر زەید کوڕی ثابتی بۆ کۆکردنەوەی قورئان هەڵبژاردەوە. سەرەڕای ئەوەی زەید، بێجگە لە چەند

---

[513] Alfred-louis de Prémare (2002) The foundations of Islam, between Writing and History, pp 323 صحیح البخاری، باب فضائل القرآن. باب جمع القرآن حدیث ڕقم: ٤٩٨٧ ص ١٢٧٥

[514] ابن الخطیب الفرقان ص ١١٨

ئایەتێک نەبێ کە لە کۆتایی تەمەنی محمد گوێی لێبووین. ئەگەر زەید، لەگەڵ ابی و ابن عباس و عەلی بن ابی تالب بەراوردبکرێ. نە لە بواری شارەزایی و نەلەباری ئەزموون نەدەگەیشتە ئاستی هیچ یەک لەوانە. کەچی عوسمان هەروەک ئەبو بەکر و عومەر زەیدی بەباشتر زانی. و کردیە سەرۆکی گرووپی کۆکردنەوەی قورئان و پاراستنی. ئەوەی جێگای سەرسوڕمانە زەید نە عیبری دەزانی و نە سریانی. کە ئەو دوو زمانە لەگەڵ سەرجەمی تێکستەکانی قورئان تێکەڵاون. ئەوە بێجگە لە چەندین زمانیتر کە کەم تا زۆر ووشە و گوزارەیان تێکەڵ بە تێکستەکانی قورئان بووین. سەرەڕای ئەوە عوسمان بەوەش نەوەستا. بەڵکوو بۆ ساخکردنەوەی قورئان، بڕیاری یەک قورئان بکرێتە سەرچاوە و ئەوانیتر، گشت بسوتێنن. ئەوەش قورئانی زەید بوو، وەک تاکە مصحف بمێنێ. [515]

لەپێشتر ئەوە باسکرا کەزەید کوڕی ثابت گێڕایەوە. کە ئەبو بەکر پێی گوتووە: (تۆ گەنجێکی ژیری، تاوانبارت ناکەین، گەر وەحی بۆ پەیامبەری خودا بنووسیتەوە. واتە قورئان کۆبکاتەوە). ئەوەش گومانی دەستکاری قورئان زیاتر دەکا. کە هەر لە سەردەمی أبو بکر دەستی پێکردبێ. و عوسمانیش، بە دانانی زەید، لەسەری بەردەوام بوو. بۆیە زەید باشترە، و پێویست بەڕێنمایی وڕابسپێری ناکا، لەبەر ئەوەی لەسەردەمی ئەبو بەکر و عومەر.ڕێنمایی کراوە.

سەرەڕای ئەوە کێشەی گرووپەکەش لە جێگای خۆی، کە زەید دەبوایە سەرپەرشتی بکا. ئەو گرووپە لە شوێنێک تەنیا ناوی دوو کەس هاتووە. زەید و سەعید بن العاص. لە شوێنێکی دیکە ناوی سێ کەس : زەید، سعید و عبدالرحمان بن هشام. لە شوێنێکی دیکە ئاماژە بە چوار کەس دەکا. لە شوێنێکی تر ئاماژە بە ١٠ کەس دەکا. ئەوەی لە هەمووی زیاتر

[515] ابن سعد، محمد ٢٠٠١. الطبقات الکبیر طبعة ١١، ٢: ١١٥

جێگەی هەڵوێستەکردنە. سەعید بن العاص کاتی پێکهێنانی گرووپەکە والی کوفە بوو. چۆن دەتوانێ ئەندامی گرووپێکی وابێ، کە خۆی بە سەدان کیلۆمەتر دووربێ. کە پێویستی بە ئامادەبوونی بەردەوام و هەمیشە بێ، لە کارێکی وا چارەنووس ساز. [516]

زۆربەی سەرچاوەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە ئەو گرووپە لە چوار کەس پێکهاتبوو. لەوانە سێیان بریتی بوون لە خەڵکی مەککە و سەر بە چینی ئەرستۆکراتی و خزمی عوسمان کوڕی عەفان بوون. و بەرژەوەندی هاوبەشیان هەبوو. بێجگە لە زەید خەڵکی مەدینە بوو و لە ئەنسارەکان بوو. لەگەڵ ئەوەشدا سەرۆکی گرووپ بوو. ئامۆژگاری عوسمان بۆ گرووپەکە ئەوەبوو ( ئەگەر جیاوازییەک لە نێوان ئێوە و زەید کوڕی ثابت، لە ووشە و چمک یا دەربڕین لە لێکدانەوە یان هەرکاندن، لە قورئان هاتە پێش، ئەوە بەزمانی قورەیش بینووسن) ئەوەش لە خۆیەوە ئاماژەیە کە خەلیفە، خۆی دەست لە کاری گرووپ وەردەدا و دەستەڵات و گەورەیی خۆی دەسەلمێنێ. [517]

هەر لە سەرەتای دەستبەکار بوونی گرووپ عوسمان زیدی کوڕی ثابتی ناردە لای سعید بن العاص، عبدالرحمان بن الحارث بن هشام و عبدالله بن زبێر. ڕایسپارد کە دەق بەدەوران ڕوونووس بکەن. کەچی لەلایەکیتر بە سێ خزمە قورەیشیەکانی گوتبوو کە ئێوە جیاوازیتان لەگەڵ زید بن ثابت نییە. بە زمانی قورەیش بنووسن. لەبەر ئەوەی کە بەو زمانە دابەزیووە. [518]

---

516 ابن ابی داود کتاب المصاحف ص ٢٢، ٢٤، ٥٥

517 السیوطی (١٩٣٥) الإتقان فی علوم القرآن. الطبعة الثانیه. ص ١: ٥٩

518 القسطلانی، احمد بن محمد أبی بکر (١٩٧٢). لطائف الإشارات لفنون القراءات. جزء الأول ص ٢٦

ئەوەش بەڵگەیە کە عوثمان نەک تەنیا قورئانی کۆدەکردەوە و ڕێکدەخست. بەڵکوو دەسکاری دەقەکان و گونجاندنیانی دەکرد، لەگەڵ شێوەزمانی قورەیش و دەسەتەڵاتی دەوڵەتی کارگێڕی و سیاسی نوێ.

بەڵام عوسمان چەند کێشەیەکی لەو پرۆسەیە لە پێش بوون. یەک لەوانە، زۆر باش دەیزانی قورئانەکەی عەلی چەند ترسناکە. کە هەم دژی بوو. و هەم رقابەری سیاسیشی بوو. ئەوەشی دەزانی کە لەسەردەمی پەیامبەر چەندین قورئانی تر نووسراون. و لای موسوڵمانان پیرۆزن، و گرنگی خۆیان هەیە. [519]

ئەوەشی باش دەزانی، عەلی ڕای تایبەتی خۆی سەبارەت بە قورئانەکەی زەید هەیە. و هەر لە سەردەمی ئەبو بەکر گلەیی خۆی گەیاندبوو. خۆشی قورئانی هەر لە سەردەمی پەیامبەر نووسیبووەوە. و ڕەسەنایەتیشی بەرامبەر قورئانەکەی زەید بەراورد ناکرێ. [520]

سەرەڕای ئەوە، عوسمان دەیەویست تەنیا قورئانەکەی خۆی بمێنێ. و گشت قورئانەکانی تر لەناوبەرێ. بەڵام ئەوە کارێکی تا بڵێی ئەستەم بوو. لەبەر ئەوەی ئەو کەسانەی دەیان نووسیەوە، هەم بەدەستەڵات بوون، و هەم بەوە ڕازی نەبوون، وا بە ئاسانی مصحەفەکەیان ڕادەستی عوسمان کەن.

نموونەیەکی ئەو کۆپیانە هی حفصەی کچی عومەر بوو. تا سەرە مەرگ هەرلای خۆی هەلیگرتبوو. و ڕادەستی عوسمانی نەدەکرد. بەڵام کاتی لە سەرەمەرگ دابوو، بەدوای

---

[519] الحریری، ابو موسى (٢٠١٠) عالم المعجزات. بحث فی تاریخ القرآن. سلسلة: الحقیقة الصعبة (٣) ص ١٧٢
[520] هەمان سەرچاوە ص ١٧٢

عەبدوللای کوڕی عومەری برای دانارد. کە ئەو قورئانەی لای بوو دایە دەستی. و ڕایسپارد کە پارێزگاری لێبکا. کەچی ئەو کاتەی تەرمی حەفصە بەرێکرا، عەبدوللا هەمووی دڕاند و سوتاند. لەوە دەترسا شتێک لەو قورئانە دا هەبێ، جیاوازبێ لە قورئانەکەی عوسمان، سەرەڕای ئەوە نەیدەویست، لەسەر قورئانێک بەرەنگاری عوسمان بێتەوە. و بەرژەوەندی خۆی تێکبدا. لەبەر ئەوە سوتاندنی باشترین ڕێگابوو. هەم دەردەسەری لەکۆڵ عوسمان کردەوە، و هەم خۆشی لە ناکۆکی دەربازکرد. [521]

مەڕوانی ئامۆزای عوسمان بن عفان، کە وەک نووسەر لەلاشی کاری دەکرد. کە دوای کوژرانی عوسمان. و لەسەردەمی معاویة، بۆ ماوەیەک کرایە والی مەدینە. لە کاتی کۆکردنەوەی مصحەفەکان، فەرمانی دا یەکێک بچێتە لای حفصة. و ئەو مصحەفەی، کە تا ئێستا پارێزگاری لێکردووە بێنێ. بۆ ئەوەی بیسوتێنن ( لەوە دەترسان ناکۆکی لەگەڵ مصحفی عوسمان دا هەبێ) بەڵام حفصة ڕەتیکردەوە.

دوای مردنی حەفصة ساڵی ٦٦٥ س.ب مەروان بن حکم فەرمانی بە عبداللە کوڕی عومەر دا. کە مصحەفەکە بێنێ. عبداللە بێ سێ و دوو فەرمانەکەی بەجێگەیاند. مەڕوان پارچە پارچەی کرد و سووتاندی. لەبەر ئەوەی شتێکی تێدابێ کە ناکۆک بێ لەگەڵ مصحفی عوثمان.[522]

ئەوەش دوو ڕیوایەتی جیاواز یەکیان دەڵێ عبداللە کوڕی عومەر، کە برای حفصة بوو خۆی یەکسەر دوای شاردنەوەی حفصة سوتاندوویەتی، ئەویتر دەڵێ مەڕوان بن حەکەم دوای مردنی حفصة داوای لە عبداللە کردووە. و بۆی هێناوە و پارچە پارچەی کردووە و

---

[521] الامام ابوبکر بن عبدالله السجستانی. کتاب المصاحف ١٩٨٥ ل ٢٨

[522] أبي داود السجستاني. كتاب المصاحف. ص ١٢،
البلاذري، أنساب الأشراف. الجزء الأول ص ٤٢٧

سوتاندوویەتی. بەلام گرنگ لێرەدا ئەوەیە کە عبدالله لە پێناوی بەرژەوەندی خۆی قورئانەکەی فەوتاندووە. خۆی سووتاندوویەتی یان مەڕاون، هیچ لەپرسەکە ناگۆڕێ. ئەوەی لێرەدا گرنگە گێڕانەوەکان جیاوازن. ئەوەش بەڵگەیە کە زۆربەی بەڵگەنامەکانی ناو مێژوونووسانی موسوڵمان جێی متمانە نین.

لە کۆتاییدا خاڵێکی گرنگ لەسەر دێتە پێش. حفصە بێجگە لەو مصحەفەی کە خۆی بە یارمەتی عمرو نووسیویەتی، ئەو مصحەفەشی کەوتۆتە لای ئەبو بەکر و عومەر بە سەرپەرشتی زەید بن ثابت و یاریدەدەرەکانی لە سەردەمی عوثمان کۆکرایەوە. ئەوەش دەزانین کە مصحەفەکەی حەفصە، خۆی زووتر بە یارمەتی عەمرو بن ڕافع کۆیکردبووەوە. بووە بنەڕەت بۆ ئەو مصحەفەی عومەر و ئەبو بەکر دواتریش عوسمان. کە ئەو مصحەفە، دوای کۆتایی کاری کۆکردنەوە، تا مردنی حەفصە هەر لەلای خۆی پارێزراو بوو.[523] ئەوەش بەڵگەیە کە حفصە متمانەی بە کۆکردنەوە و پیاچوونەوەی زەید نەبووە. زانیویەتی جیاوازی هەیە لە نێوان دەستنووسەکەی بنەڕەتی خۆی، و ئەو دەستنووسەی دوای کارتێداکردنی، لەسەردەمی ئەبوبەکر وعومەری باوکی بۆیە بەوە ڕازینەبووە مصحەفەکەی خۆی ڕادەستی عوسمان بکا.[524]

---

[523] صحیح البخاری باب فضائل القرآن . باب جمع القرآن
Alfred-louis de Prémare (2002) The foundations of Islam, between Writing and History. Pp 326

[524] هەڵبەتە دوو قورئان لای حەفصة هەبووین. یەکیان نووسینەوەی خۆی. و ئەویتریان ئەو قورئانەی ئەبوبەکر و عومەر. بۆیە ئەو قورئانەی لای حەفصة مابوو، ئەوە نەبوو، کە أبو بکر و عومەر خەریکی کۆکردنەوەی بوون. بەڵکوو قورئانی حەفصە کە عەمرو بن ڕافع بۆی کۆکربووەوە. هەر لە سەرەتادا، کە زانی دەیسوتێنن نەیدایە گرووپی عوسمان. و هەر لەلای خۆی مابوو. ئەوەی زوو دایە دەستی زەید و عوثمان وەک ڕاسپێرییەک بوو لای.

لە ڕاستیدا عوسمان لەسەر کاری کۆکردنەوەی قورئانی ئەبوبەکر و عومەر زۆر بڵیمەتانە بەردەوام بوو. هەنگاوێکی سیاسی زیرەکانە بوو. ئەگەر متمانەی بە قورئانەکەی ابن مسعود بکردایە. بۆ نموونە ابی بن کعب و قورئانی الاشعریان دەخوێندەوە. ئەوە کارەکانی ئەبوبەکر و عومەری دەخستە ژێر پرسیار و سووکایەتی پێدەکردن. بۆیە بە زیرەکی خۆی دەیزانی کە موسوڵمانان ئامادە بوون واز لە ناکۆکی بێنن لەسەر پاشخانی کارێک دوو خەلیفە کردبێتیان. و پێشڕەوی بەرەپێدان بووین، بۆ بڵاوکردنەوەی ئیسلام. و داگیرکردنی وولاتان لە پێناوی ووتەکانی قورئان و بەپێی دەقەکان.

دوای تەواوبوونی کاری گرووپی کۆکردنەوە، عوسمان خۆی پێداچووەوە. ووشە بە ووشە، پیت بە پیت ئەو شتانەی گرووپ لەسەریان تێپەڕیبوو، ئەو چاکی دەکردن لە زۆر جێگای قورئان ووشەی گۆڕیون و یان بەشێوەیتر نووسیونیەتەوە. لێرەدا سێ نموونە لەسەر، ئەو ووشانەی کە عوسمان، چاکیدەکردن:[525]

| | | |
|---|---|---|
| لم یتسن | لم یتسنه | البقرة ٢٥٩ [526] |
| لا تبدیل للخلق الله | لا تبدیل لخلق الله | الروم ٣٠ |
| فأمهل الکافرین | فمهل الکافرین | الطارق ١٧ [527] |

لە کۆتاییدا دەبێ سێ خاڵ ڕوونکەینەوە:

---

[525] الفرقان، لإبن الخطیب (١٩٤٨) ص ٤٠ - ٤١
[526] ئەو ووشەیە دواتر حەجاجیش چاکیکرد
[527] ئەو برگەیە حەجاجیش دەستکاریکرد.

یەکەمیان: ڕێکخستنی سوورەتەکانی قورئان، تا ئەوکاتە پەرش و بڵاوبوون. و یەکەمین جار لەسەردەمی عوسمان، بە شێوەیەکی باش کۆکرانەوە و ڕێکخران[528]

دووەم: دوای کۆتایی هاتنی کاری گرووپی زەید بن ثابت، و بەفەرمانی عوسمان گشت مصحەفەکانیتر سوتێنران، بە قسەی إبن حجر ئەو ڕووداوە لە ساڵی ٢٥ کۆچی بوو. [529]

سێیەم: ناکۆکی لەسەر ژمارەی ئەو کۆپیانە هەیە، کە بەفەرمانی عوسمان نووسراونەتەوە. و ڕەوانی ویلایەتەکان کراون.

هەندێک دەڵێن، عوسمان فەرمانی پێدان چەند کۆپیەک لە مصحەفەکە، بکەن چوار دانەیان کۆپیکردن. یەکیان بۆ کوفە، ئەویتر بۆ بەسرە، سێیەمیان بۆ شام و چوارەمیش لای خۆی هێشتەوە.
هەندێکیتر دەڵێن ژمارەی مصحەفەکان پێنج بوون، هەندێکیتر دەڵێن ژمارەیان حەوت بووین. و بەو شێوەیە دابەشکراون، هەریەک بۆ ئەو شوێنانە نێردراون: مەککە، شام، یەمەن، بەحرێن، بەسرە، کوفە، یەکێشیان لە مەدینە مایەوە.[530]

---

528 الفرقان لاإبن الخطيب (١٩٤٨) ص ٣٧
529 هەمان سەرچاوە ص ٤٠
530 هەمان سەرچاوە ص ٤٠

# ناکۆکی لەسەر دەربڕینی ووشەکانی قورئان

زۆر بەڵگە هەن، ئاماژە بەوەدەکەن. ناڕەزایی لەسەر شێوەی نووسینەوەی قورئانی عوسمان هەبووە. یەک لەو قورئان نووسانەی هەرە کۆن ابن مسعود بوو. کە دژی قورئانی عوسمان بووە. بە لێبڕاوی کۆکردنەوەی قورئانەکەی عوسمانی ڕەتکردۆتەوە. و لە زۆر جێگا دەیگوت:

> چۆن فەرمانم پێدەدەی کە پەیڕەوی خوێندنەوەی زەید بکەم! لەکاتێکدا من حەفتا جار قورئانم خوێندبێتەوە. و لە دەمی پەیامبەرم بیستبێ.زەید هێشتا لە پشتی باوکی بوو ... [531]

جارێکی تر لە کۆڕێکدا، بە ئامادەبوونی خەڵکی گوتی:

> من قورئانی عوثمان بەجێدێڵم. لەبە ئەوەی کاری مرۆڤە. ئەو کاتەی من موسوڵمان بووم،زەید لە هەناوی دایکی دابوو[532].

زەهری دەڵێ لەسەر ووشەی تابوت و تابوة کێشە دروست بوو. یەک لە قورەیشییەکان دەیگوت تابوت.زەیدیش التابوة. ئەو ناکۆکییە بەرزکرایەوە بۆ لای عوسمان. و دوای ئەوی عوسمان گوێی ڕاگرت، گوتی: بنووسن تابوت، لەبەر ئەوەیزمانی قورەیشە.

---

[531] إبن أبي داود، ابوبكر (١٩٣٦) كتاب المصاحف. المطبعة الرحمانية. القاهرة. ص ٢٤
[532] هەمان سەرچاوە ص ١٥

زۆر لە ئایەتەکانی قورئان دەبێ نەمابن، ئەوەش لەبەر ئەوەی زۆر لەوانەی قورئانیان لەبەر بوو دەکوژران، یان ئەسحابە لەبیریان دەچووەوە. ئەک لەو نموونانە ئایەتی ٢٣ لە سورەتی الأحزابە. کە بەڕێکەوت دۆزراوەتەوە، ئەی دەبێ چەندین ئایەتی تر، بەر ڕێکەوتی وا نەکەوتوون و گۆبووین.

زەهری لە جێگایەکی تر دەڵێ: خارجة بن زەید بۆی گێڕامەوە، کە زەید بن ثابت گوتی: ئایەتێکم لە سورەتی الاحزاب لێ گومبوو. دڵنیابووم کە گوێم لێبووە، پەیامبەری خودا دەیخوێندەوە. دوایی بە گەڕان لەگەڵ خزیمە کوڕی ثابت دۆزیمەوە و خستمەوە ناو سوورەتەکە[533].

القرآن الكريم - سورة الأحزاب ٣٣: ٢٣

> لە ئیمانداران پیاوانێك هەن، كە پابەندی ئەو پەیمانە بوون كە بە اللەیان دابوو، جا هەیانە كە تا مرد پابەند بوو، وە هەیانە كە چاوەڕێ دەكات، وە بە هیچ شێوەیەك نەیانگۆڕیوە.

سەرەڕای ئەوەی عوسمان پەرتووکی پیرۆزی لەناو موسوڵمانان کردە یەک، کەچی کێشە بنەڕەتەکەی چارەسەر نەکرد. بەڵکوو بەرەو ئاڕاستەیەکی ئاڵۆزتری برد. لەبەرئەوەی موسوڵمانان ڕاهاتبوون، قورئانە کۆنەکەیان بە ئاسانی دەخوێندەوە. هەندێکیان لەبەریان دەکرد. کەچی قورئانەکەی عوسمان نە کەس لەبەری دەکرد، نە دەیانخوێندەوە. خاڵ و سەروبۆری نەبوو، تا پیتەکانی لەیەکتر جیا بکەنەوە. هیچ پیتی بزوێنیشی تێدانەبوون. بۆ دیاریکردنی سرووشتی ووشەکان و چۆنیەتی ئاوازیان. لەکاتی ووشەی هاوشێوە و لەیەک نزیک، خوێنەرەوە تووشی هەڵە دەبوو، زۆر جار دەمەقاڵێ لە ناو موسوڵمانان پەیدادەبوو.

533 هەمان سەرچاوە ل ١٩٩

هۆکارەکەشی دەگەڕایەوە بۆ نەزانینی ووشەکە، بە تایبەتی کاتی دوو ووشە زۆر لەیەک نزیک دەبوون.

بە هاتنی قورئانەکەی عوسمان، دوای ماوەیەک وای لێهات، خوێندنەوەی نوێ هاتنە ناو قورئان. خوێندنەوەی ناقورەیش. تەنانەت بەزمانی نا عەرەبیش. گەیشتە ئەو ئاستەی هەموو شتێکی تێدابوو. بیستنیان گوێگری دەخستە گومان[534].

ئەوەی جێگای هەڵوێستەکردنە، ناکۆکی لە دەربڕین ئاوازی ووشەکانی قورئان، لەو قۆناخەدا گەیشتۆتە ئەو ئاستەی، خەلیفە عوسمان خۆی گوتوویەتی (أجد فیە (قورئان) ملاحن و ستصلحها العرب. واتە دەبینم ئاوزی تێدایە، کە عەرەب چاکیان بکا)[535].

ئەو ناکۆکییە تەنیا خوێندنەوەی نەگرتبووەوە، بەڵکوو تێکستە تۆمارکراوەکانیشی گرتبووەوە. ئەو قورئانانەی عوسمان بۆ ناوچە جیاوازەکان دەینادرن، لە هەندێک شوێن جیاوازیان هەبوو. یان بەلای کەمی پیتەکانیان لەگەڵ یەکتری جیاوازبوون، کە زوو زوو کێشەی لە نێوان ئەسحابان دروست دەکرد، بەتایبەتی ئەوانەی لە شوێنی جیاواز یەکتریان دەدیت و قسەیان لەسەر ئایەتێک دەکرد. [536]

دوای کوژرانی عوسمان موسوڵمانان هەرچەندە دەیانزانی عوسمان کەسێکی ساختەچی و زۆردارە. ناویان بە شەهیدی ڕێگای خودا دەبرد. و شوێنێکی تایبەتی لە مێژووی ئیسلام

---

[534] الحریری، ابو موسی (٢٠١٠) عالم المعجزات. بحث فی تاریخ القرآن. سلسلة: الحقیقة الصعبة (٣) ص ١٧٤

[535] إبن أبی داود، ابوبکر (١٩٣٦) کتاب المصاحف. المطبعة الرحمانیة. القاهرة. ص ٣٢، الحریری، ابو موسی (٢٠١٠) عالم المعجزات. بحث فی تاریخ القرآن. سلسلة: الحقیقة الصعبة (٣) ص ١٨٦

[536] شاهین، عبدالصبور، تاریخ القرآن ص ١٥٩

وەرگرت. قورئانەکەشی بەهۆی ڕژانی خوێنی عوسمان بەهایەکی مەزنی پێدرا. لەمەودوا هەر خاوەن قورئانێک دەیتوانی خۆی بەو قورئانە هەڵنێ. دوای ئەوەش قورئانەکەی عوسمان بووە جادوێک کە خەلیفەی ئەمەوی عبدالملک کوڕی مەڕوان و حەجاج کوڕی یوسفی سەقەفی پێی ڕاپەڕین[537].

ئەوەی جێگای ناکۆکی مێژوونووسانی موسوڵمانە، ژمارەی ئەو کۆپیانەی قورئانەکەی عوسمان بۆ وولاتانی ناردوون. هەندێک دەڵێن چوار، هەندێکیتر دەڵێن حەوت. ئەوانەش دانەیەک بۆ مەککە، شام، یەمەن، بەحرێن، بەسرە، کوفە و کۆپیەکیش لە مەدینە هەڵگیرا. [538]

سەرەڕای ئەوە عوسمان بە قورئانەکەی زەید کە لە سەردەمی ئەبوبەکر و عومەر کۆیکردبووەوە، ڕازی نەبوو. دوای ئەوە سیستەمی حەوت پیتی لادا. لەجیاتی ئەو حەوت پیتە، یەک تیپی هەڵبژارد. واتە خوێندنەوەی لەسەر بنچینەی یەک یاسا جێگیرکرد، کە دەبوایە گشت موسوڵمانان ئەو یاسای خوێندنەوە فێربن و پەیڕەوی بکەن. ئەو کارەشی پێچوانەی فەرموودەی پەیامبەر بوو، کە گوتوویەتی: قورئان لەسەر حەوت پیت دابەزیوە. (أنزل القرآن على سبعة أحرف).

لەگەڵ ئەو پشت گوێخستنەی فەرموودەی پەیامبەریش، ئەو هەنگاوەی عوسمان جێی ڕەزامەندی نەیارانیشی بوو. تەنانەت عەلی گوتوویەتی:

---

[537] الحريري، ابو موسى (٢٠١٠) عالم المعجزات. بحث في تاريخ القرآن. سلسلة: الحقيقة الصعبة (٣) ص١٧٥

[538] السيوطي، الدر المنثور في التفسير المأثور، الجزء الأول، ص ٦٠

ئەگەر منیش لە جێگای عوسمان بام، هەر وام دەکرد، کە ئەو کردی. کاتی قورئانیان بە حەوت پیت دەخوێندەوە، شەڕ و ناکۆکی لەناو موسوڵمانان پەیدا دەبوو. عوسمان لەناو حەوت پیت یەکی هەڵبژارد، کە پاکترینیانە و لە هوموویان دروستتر بوو. [539]

پرسیارەکە، لێرەدا ئەوەیە، پیتی دروست چیە؟ و کامیان دروستترین پیتە؟

[539] الحريری، ابو موسى (٢٠١٠) عالم المعجزات. بحث في تاريخ القرآن. سلسلة: الحقيقة الصعبة (٣) ص ١٧٥ ,ابو جعفر النحاس، الناسخ و المنسوخ ص ٣٧

# قۆناخی سێیەم
# سەردەمی عبدالملك کوڕی مەڕوان

دوای کوژرانی عوثمان موسوڵمانان هەرچەندە دەیزانی عوسمان کەسێکی ساختەچی و زۆردارە. ناویان بە شەهیدی ڕێگای خودا دەبرد. و شوێنێکی تایبەتی لە مێژووی ئیسلام وەگرت. قورئانەکەشی بەهۆی ڕژانی خوێنی عوسمان بەهایەکی مەزنی پێدرا. لەمەودوا هەر خاوەن قورئانێک دەیتوانی خۆی بە قورئانی عوسمان هەڵنێ. دوای ئەوەش قورئانەکەی عوسمان بووە جادوێک، کە خەلیفەی ئەمەوی عبدالملک کوڕی مەڕوان و حەجاج کوڕی یوسفی سەقەفی پێی ڕاپەڕین. [540]

موسوڵمانێک لە باسی قورئان لە قۆناخی بەرایی دەکا و دەڵێ:

> خەڵکی قۆناخی بەرایی... نووسینیان لە قورئانی پیرۆز خراپ بوو، بنبڕ نەبوو. کاتی نووسینی یەکەم هات تێکەڵاویەک بوو. هەڵەی گەورە و ناکۆکی گەورە کەوتە ناوو تێکستەکان. کۆپیەکانی قورئان هەر لە دانانی ووشە لە دروستی نووسین و ئەفراندنی دیمەنی سینارۆکان نیشانی هەڵەکانی دەدا. [541]

[540] عالم المعجزات ل ١٧٥
[541] ابن الخطیب الفرقان س ٥٧ - ٥٩

ئەو موسوڵمانە زۆر جوان باش پێکاویەتی. لەبەر ئەوەی پەتووکێکی پڕ ناکۆکیی، هەڵە و مانای دژەیەک. ئەنجامەکەی پێمان دەڵێ، هەرچەندە بە ئایەت، کە خودا دەڵێ: ئێمە پارێزگاری لێدەکەین و .... ناکۆکی تێدا نییە! کەچی لە ڕاستیدا پێچەوانەیە. چارەنووسی قورئان کەوتۆتە دەستی دەستەڵاتدارانی ئیسلام و بە ئارەزوو و بەرژەوەندی خۆیان دەسکاری دەکەن. ئەوە ١٤٠٠ ساڵە تائێستاش خودا هەر بەرەنگاری لادان و ناکۆکییەکانی قورئانی عوسمان دەبێتەوە. تا دەگاتە حەجاج بن یوسفی سەقەفی. کە بە ناوبانگترین نکۆڵیکەر و یەک لەو کەسانەبوو، کە هەموو بەربەستێکی دەشکاند لە پێناوی سەپاندنی ڕا و بۆچوونی خۆی. [542]

خودا تائێستاش بەوگری لە بێتوانایی پەیامبەر و بێهێزی مێشکی لە لەبیرچوونەوە دەکا. شەیتانی لێ قەدەخەکرد، تا زمانی نەگرێ و گومانی بۆ دروست نەکا!! پارێزگاری لە سەحابەکانی کرد، لە هەر ئارەزوویێکی هەیانبوو. هانی خەلیفەکانی ڕاشیدی دا، بۆ کۆکردنەوەی ئەو هەموو قورئانە. بیری عوسمانیشی ڕووناکردەوە تا لە حەوت پیت یەک پیتی پاک و دروست هەڵبژێرێ. جا خوتان سەرپشکبن لەو دەردەسەرییەی بەسەر قورئان و پەیامی خودا هاتووە. [543]

[542] دائره المعارف الاسلامیه ٢: ٢١٦
[543] عالم العجاز ل ١٧٩

# عبدالملک کوڕی مروان

عەبدولمەلیک کوڕی مەڕاون لە ساڵی ٦٥ ک/ ب٦٨ ز گەیشتە دەستەڵات. بۆ ئەو لە ڕووی سیاسییەوە، زۆر گرنگ بوو گۆڕانکاری لە زۆر شتدا بکا. یەک لەوانە ڕیفۆرم لە ناو دەقەکانی قورئان. لەلایەک دەیەویست لە ڕێگایەوە دەستەڵاتی ناوەندی ئەمەوی بەهێزبکا، و بیکاتە دەستەڵاتی ناوەندی بەرفراوان. دووەم بەهۆی چاکسازی لە قورئان ناکۆکییەکانی ناو ڕیزەکانی ئیسلام نەهێڵێ و قورئانیش وەک تاکە پەرتووکی پیرۆز هێمای دەوڵەت بێ. [544]

بە ڕەچاوکردنی ئەوەی، کە گشت هەوڵەکانی کۆکردنەوە و ڕێکخستنی قورئان لەسەردەمی ئەبو بەکر و عومەر، هەروەها عوسمان شکەستیان هێنابوو. و کارەکانیان بۆ ڕاسکردنەوە، بە نیوەچلی مابوونەوە. ئەوەش هەروا بوو تا سەردەمی حەجاج کە بە تەنیا لە عێراق چەندین مصحف بڵاو بووبوونەوە، و هەریەکەیان جیاوازی لەگەڵ ئەوانیتر هەبوو.

حەجاج کوڕی یوسفی سەقەفی وەک کەسایەتییەک نەترس، سوور لەسەر ڕای خۆی. ئەو فەرماندەبوو، کە هات خودا پشووێکی باشی دا، و دەستی حەسایەوە. موسوڵمانانیش بە هەمان شێوە حەسانەوە. ئەگەر حەجاج لە ئیسلامدا خوێنڕێژترین ومرۆڤی مێژوو، و بێ بەزەییترین بوونەوەر بووە. کەچی خزمەتێکی گەورەی بە ئیسلام کرد. و پەرتووکی محمدی

[544] عالم الاعجاز ص ١٨١

له ڕەگەوە گۆڕی و بەناوی خودا له لەحی مەحفوز جارێکیتر به جیهانی ئیسلامی فرۆشتەوە. [545]

حەجاج قورئانی ڕێکخست. پیتەکانی کردنه عەجەمی (سەرو بۆری بۆ کردن). ووشەی دروستکردن، ڕێزمانی جێگیرکرد. نووسینی هامواركرد. گشت شتەکان لەگەڵ حەجاج ڕاست و هاوسەنگ دەرچوون. قورئان به جۆرێک ڕێکخرا، ئیتر دەرفەت بۆ جیاوازی و بەراورد له پەرتووکی خودا نەما. چیتر و بۆ کەس ئەو دەرفەته نەڕەخسێ به ناوی پیرۆزی کێشه بنێتەوە.

مێژوو بەدەیان جار ئەوەی دووپاتەکردۆتەوە. که هەندێک کاروبار هەن، پێویستیان به پیاوی خۆیان هەیه. بەبێ هێز و دەستەڵات سەپاندن نابێ. ئەوەش هەر له حەجاج خۆی دێ. [546]

هەرچەنده دوای ئەو هەموو دەستکاریی و ڕاستکردنەوەیەش، نەتونراوه قورئان بکرێته پەرتووکێکی نموونەیی و دوور له هەڵه و ناکۆکی. کەچی ناتوانرێ لەگەڵ قورئانەکانی پێشتر بەراورد بکرێ.

عبدالملك کوڕی مەڕوان له سنووری کەوشەنی دەستەڵاتیدا، دوو کەسایەتی مەزنی هەبوون. ئەو دووانەش عبدالله بن زیاد و حەجاج کوڕی یوسفی سەقەفی بوون.

عبدالله حاکمی خوراسان و میسۆپۆتامیا بوو. له ژێر فەرمانڕەواییدا، موسوڵمانێکی به ڕەچەڵەک فارس هەبوو، که توانایەکی زۆری له زماندا هەبوو. عبدالله بن زیاد فەرمانی

[545] الحريري، أبو موسى، عالم الاعجاز ص ١٧٩
[546] هەمان سەرچاوە ص ١٨٠

پێکرد. کە هەزار تا دوو هەزار ووشە لە قورئان بگۆڕێ ئەو ووشانەش (قالت) لەجیاتی (قلت) و (کانت) لەجیاتی (کنت) دانێ. بەوەش کاریگەری هەم لەسەر ئاسانتر خوێندنەوەی دانا. و هەم لە زۆر جێگا دەرفەتی بۆ مانای جیاواز ڕەخساند. [547]

دووەم کەس حجاج کوڕی یوسفی سەقەفی فەرمانڕەوای حیجاز بوو. دوای زاڵبوونی بەسەر ڕاپەڕینی مصعب بن زبێر و عبداللەی برای. و دواتر کرایە فەرمانڕەوای عێراق و بەرەنگاری ئاژاوەی خەواریج و شیعە بووەوە، و دایمرکاندنەوە. و سوپای نارد، بۆ داگیرکردنی بوخارا، بەلخ و سند و سەرجەم ناوچەکانی ئێران.

یەک لەو کارە گرنگانەی حەجاج کردی، جارێکیتر پێداچوونەوە و چاککردنی قورئانی عوسمان بوو. کە لەو ڕێیەوە بتوانێ، موسوڵمانان یەکخاتەوە. لەبەر ئەوەی درکی بەوەکردبوو. کە قورئانی عوسمان لەبەر هەڵەو ناکۆکی نارەزاییەکی گەورەی لە ناو موسوڵمانان بەدی هێنابوو. بەو کارەشی لە دوای عوسمان، خۆی دەبێتە دووم کەس کە بە کارێکی وا گەورە و ترسناک هەلبستێ. پێشتریش دوای کوژرانی عومەر و هەبوونی چەندین قورئان، بە جیاوازی جۆراوجۆر، عوسمان کوڕی عەفان هەنگاوێکی بوێرانەی هاویشت و لەلایەک قورئانی لە حەوت پیتەوە کردە یەک پیت، دووەم یەک قورئانی هەڵبژارد و فەرمانی دا، ئەوانیتر گشتیان بسوتێنن. ئێستاش کاتی هەنگاوی دووەمە. کە بکەونە گیانی قورئان و تابکرێ هامواری بکەن. بەو کارەش گەورەیی حەجاجی کوڕی یوسفی سەقەفی دەکەوت، کە لەو ئاستەی زیرەکی و خۆڕاگرییە دایە، بەرامبەر نەیارانی و بتوانێ سەرەڕای گشت تەگەرەیەک، پێی بچێتە سەر.

---

[547] ابن ابی داود کتاب المصاحف س ١١٧، نولدێکە ل ٢٥٥

یەک لە تەگەرەی هەرە گەورەکانی حەجاج ئەوەبوو، قورئانی عوسمان بە هەموو ناکۆکیەکانی، سەرەڕای دابڕان و ناڕەزایی کەسانی هەم شارەزا لە قورئان، و هەم دژی خەلیفە و ڕێبازەکەشی بوون، کەچی قورئانەکەی عوسمان بەشێوەیەکی بەرفراوان لە سەرتاسەری هەرێمەکانی جیهانی ئیسلامی بڵاوبووبووەوە. [548]

لەلایەکیتر قورئانی عوسمان، ئەوەندە خراپ بوو. بەکەڵکی خوێندنەوە نەدەهات. بەڵکوو زیاتر بارگرانی بوو، بەسەر دینی ئیسلام، لەسەردەمی خەلافەتی ئەمەوی. ئەوەش حەجاجی ناچارکرد، تاپێی بکرێ دەستکاری باک، ئەوەی بەلەلکیش نەدەهات لەناویبەرێ.

بۆ پشتڕاستکردنەوەی خراپی قورئانەکەی عوسمان، جارێکیان لە سەر ئاوازی هەندێک ڕستەی دەقەکانی قورئان لە عائیشەیان پرسی:
إن هذان لساحران (طه ٦٣)
المقيمين الصلاة و المؤتون الزكاة (النساء ١٦٢)
إن الذين أمنوا و الذين هادوا و الصئبون (المائدة ٦٩ )
لە وەڵامدا گوتی ئەوە هەڵەی نووسەرەکانە، لە نووسین هەڵەیانکردووە.[549]

بۆ پشتڕاسکرنەوەی خراپی قورئانەکەی عوسمان، دەکرێ ڕای السيوطى لەسەر هەڵەکانی قورئانی عوسمان وەربگرین. کە لە شەش بنەما کۆیاندەکاتەوە: حذف، إضافة، همزة، البدل، فصل و الوصل. هەروەها نموونەی زیاتریشمان لەسەر هەر بنەمایەک دەداتێ.

---

[548] الحرير، أبو موسى، عالم الإعجاز ل ١٨٢
[549] الفرقان لإبن الخطيب ص٤١

لەسەر چۆنییەتی نووسرانیان لە قورئانی عوسمان و جیاوازیان لەگەڵ زمانی عەرەبی، کە لەو باسەزیاتر لێی قووڵ نابینەوە.[550]

لەو دەمەدا زیاد بن سمیة، والی بەسرا بوو، داوای لە زمانزانی بەناوبانگ أبی أسود الدؤلي کرد، کە ڕێگایەک بۆ چاکسازی لە ئایەتەکانی قورئان بدۆزێتەوە. بەڵکوو لەو تەنگژەی قورئان دەربازیان بێ. دواى پێکهاتن کە أبی أسود دەبێ بیری لێبکاتەوە. و زیادیش لەگەڵ حەجاج بەپەلەبوون، لە دۆزینەوەی ڕێگەچارەیەک.

لەو کاتەدا زیاد بیری لەوە کردەوە، بە هەر شێوەیەک بێ دەبێ کارەکە بەشێوەیەکی تر لە أبی أسود بگەیێنێ. بۆیە پلانێکی بچووکی دانا. کەسێکی پەیداکرد، کە قورئانی زۆر جوان دەخوێندەوە. و لەسەر ڕێگای أبی أسود داینا. کاتی ئەبی أسود تێدەپەڕێ، کابرا بەدەنگی بەرز قورئان دەخوێنێتەوە، تا أبی أسود گوێی لێبێ: (إن الله بريء من المشركين و رسوله) دواى ئەوەی، أبی أسود گوێ لێبوو، بەپەلە گەڕایەوە لای زیاد. و پێی گوت: ئێستا پێت سەرسامم، لەوەی پرسیار لێکردم. و پێم وایە دەست بە گەرداندنی (إعراب) قورئان دەکەم.[551]

پرۆسەکە وابوو، إبن إسود گوێی لە قورئان خوێنەکە دەگرت و لەگەڵ خوێندنەوەی خاڵی لەسەر پیتە هاوشێوەکان دادەنا. وێنەی لەسەر پیت و دیارکردنی شوێنیان دادەنا. سەر و بۆر و ژێری بۆ پیتەکان بەپێی خوێندنەوە دەکرد. کە تەواوبوون لە ناو دەقەکانی قورئان تەنیا ئەو ووشانە مانەوە، کە نەدەتوانرا، بەبێ گۆڕانکاری و تێکدانی سیمای ووشەکان چاکبکرێن. ئەوەش کارێک بوو کەس نەیدەوێرا وێنەی ووشەکانی قورئان بگۆڕێ. لەبەر ئەوەی بە کوفر

[550] السیوطی (١٩٣٥) الإتقان فی علوم القرآن. الطبعة الثانیه.الجزء الثاني، ص ١٦٦-١٧٣

[551] الزركشي، البرهان فی علوم القرأن، ج١، ص ٢٥٠ – ٢٥١، الزنجانی تاریخ القرآن ص ٨٧

دادەنرا. و نارەزایەتییەکی گەورەی لە بەرامبەر هەبوو. بۆیە هەروەک خۆیان مانەوە. نموونەی ئەو ووشانەش:

| | |
|---|---|
| کافرون | کفرون |
| أنهار | أنهر |
| سماوات | سموت |

لە ناو دەقەکانی قورئان بە هەزاران ووشەی ناوێزەی وا هەن. کە خوێندنەوەیان، پێویستی بەوەیە خوێنەر سیمای ووشەکان بناسێ، نەک بە گوێرەی رێنووس و فۆنەتیکی عەرەبی. لەو دەمەوە چاککردنیان لە نیوەی رێگا وەستا، کە تا ئێستاشی لەگەڵ دابێ بەهەمان شێوەی ئەو کاتەن. ئەوەش دەگەرێتەوە بۆ ئەوەی هەر لە سەرەتاوە، پیرۆزی ووشەکانی قورئان رێگربووین لەسەر دەسکاریکردن،هەرچەندە لە خزمەتی ئاسانکردنی خوێندنەوە، و تێگەیشتنی بن. ئەوەش بەربەستێکی گەورەیە لە رێگای دەسکاری ئەو ووشانە.
گۆتەیەکی بەناوبانگی إبن مسعود هەیە دەڵێ:
واز لە قورئان بێنن. و هیچ شتی تێکەڵ مەکەن. [552]

سەبارەت بە دیمەنە ناکۆکەکانی قورئان و خوێندنەوەی جیاجیا، لە گێرانەوەی ابن عباس ، بە باشتر لە قورئانەکەی عوثمان دیاردەکەوێ. امام أبی زرعە بن زنجلە لە پەرتووکی (حجە القراءات)زیاتر لەسەر شێوەی جۆراوجۆری خوێندنەوە، و کەرەسات بۆ چارەنووسی قورئان

[552] السیوطی (١٩٣٥) الإتقان فی علوم القرآن. الطبعة الثانیه.الجزء الثانی، ص ١٧١

باسدەکا. بەپێی ئەو گێڕانەوەیە دەستکاریکردن و پێداچوونەوە چ لە سەردەمی عوسمان و چ لە سەردەمی حەجاج کارێکی چارەنووس ساز بوو. [553]

ترسی موسوڵمانان بەگشتی لەوە بووە، نەوەک شتی لێزیادکەن یان دیمەنی ووشە بگۆڕن، بۆیە کاتی چاککردن، ڕەنگیان بەکاردێنا. بۆ نموونە: حرکات، تنوین، التشدید و السکون و المد، بە سوور ڕەنگدەکران. و هەمزە بە زەرد ڕەنگدەکرا. [554]

سەرەڕای ئەوەی کەسانی خەریکی چاکسازی بوون، خۆیان زۆر لە دەستکاری ووشەکان دەپاراست، کەچی ئەو چاکسازیانەی دەقەکانی قورئان، تا چەندین نەوە دواتر، گفتوگۆی توندی لەسەربوو. تا لە کۆتاییدا سەرەڕای ئەوەی زۆر لە زانایانی موسوڵمان کە خەریکی قورئان بوون، لەسەر ئەوە بە گومانبوون، کە شێوەیەک بکرێتە ستاندارد، کەچی دەستەڵاتی سیاسی لەسەر ئەوە سووربوو، کە ئەو شێوەیەی کە کاری تێداکرابوو، ببێتە ستاندارد. ئەو کێشەیەی هەر درێژەی کێشا تا گەیشتە نارەزایی لەسەر چاپکردنی قورئان بە ڕێنووسی چاپ. و دەرچوون لە ڕێنووسی عوسمانی. [555]

حەجاج زۆر گوڕانی لە ناو قورئانداکرد، بەڵام هەر گۆڕانکارییەکی دەیکرد، دوای ڕاوێژ لەگەڵ شارەزایان و قورئانخوێنانی هاوسەردەمی خۆی دەکرد.[556]

---

[553] حجه القراءات للامام ابی زرعه بن زنجله. تحقیق سعید الافغانی. بیروت ١٩٧٩ ص ٧٠

[554] السیوطی (١٩٣٥) الإتقان فی علوم القرآن. الطبعة الثانیه. الجزء الثاني ص ١٧١، الحریري، عالم المعجزات. بحث فی تاریخ القرآن، ص ١٨٨

[555] الفرقان لإبن الخطیب ص ٥٠ – ٥٢

[556] هەمان سەرچاوە ص ٥٢

# چەند نموونە لەسەر دەسکاریەکانی حەجاج

حەجاج گۆڕانی لە زۆر جێگای قورئانەکەی عوسمان و گوتنەوەی سەحابەکاندا کرد. لەم خشتەیەی خوارەوە لیستێک لەو گۆڕانانە دەخەیەنە ڕوو. کە نیشان دەدا چۆن گۆڕانی ووشە، یان پیت کراوە یانیش جێگۆڕکێی زمانەوانی و گۆڕینی گوزارەی کردووە.

| ئایەت | قورئانی عوسمان | قورئانی حەجاج |
| --- | --- | --- |
| الفاتحة ١: ٧ | صراط من أنعمت عليهم | صراط الذين أنعمت عليهم |
| البقره ٢: ٤٨ | لا تجزى نسمة عن نسمة | لا تجزى نفس عن نفس. |
| البقره ٢: ٤٨ | صفراء لذة للشاربين | بيضاء لذة للشاربين. |
| البقره ٢: ١٩٧ | و تزودوا و خير الزاد التقوى | و تزودوا فاءن خير الزاد التقوى |
| البقره ٢: ٢٢٦ | للذين يقسمون | للذين يوءلون |
| البقرة ٢: ٢٥٩ | لم يتسن | لم يتسنه |
| آل عمران ٣: ٤٣ | اركعى و اسجد مع الساجدون | واسجد و اركعى مع الراكعين |
| آل عمران ٣: ١٥٩ | و شاورهم فى بعض الأمر | و شاورهم فى الأمر |
| النسا ٤: ٤٠ | مثقال نملة | مثقال ذرة |
| المائدة ٥: ٣٨ | فاقطعوا ايمانهما | فاقطعوا ايديهما |
| المائدة ٥: ٤٨ | شريعة و منهاجا | شرعة و منهاجا |

| | | |
|---|---|---|
| یونس ۱۰: ۲۲ | هو الذی ینشرکم | یسیرکم |
| یوسف ۱۲: ٤٥ | أنا أتیکم بتأویله | أنا أنبئکم بتأویله |
| المؤمنون ۲۳: ۸۷ | سیقولون لله | سیقولون الله |
| المؤمنون ۲۳: ۸۹ | سیقولون لله | سیقولوم الله |
| الشعراء ۲٦: ۱۱٦ | المخروجین | المرجومین (چیرۆکی نوح) |
| الشعراء ۲٦: ۱٦۷ | المرجومین | المخروجین ( چیرۆکی لوت) |
| الصافات۳۷: ۱۲۳ | ادراس و ادراسین | و إن إلیاس لمن المرسلین |
| الزخرف ٤۳: ۳۲ | نحن قسمنا بینهم معایشهم | معیشتهم |
| محمد ٤۷: ۱٥ | من ماء غیر یاسن | من ماء غیر آسن |
| ق ٥۰: ۱۹ | جاءت سکرة الحق بالموت | و جاءت سکرة الموت بالحق |
| الحدید ٥۷: ۷ | فالذین أمنوا منکم و التقوا | فالذین أمنوا منکم و أنفقوا |
| تکویر ۸۱: ۲٤ | ما هو علی الغیب بظنین | ما هو علی الغیب بضنین |

به بەراوردێک لە نێوان کۆکردنەوە و تۆمارکردنی قورئانی عوسمان و ئەو هەموو هێلانەی کە تێیدابووین و حەجاج دەستکاری کردوون، پرسیارێک سەر هەڵدەدا، ئەویش دەبێ بەر لە عوسمان چ کارەساتێک بووبێ؟ [557]

[557] الحریري، عالم المعجزات

لەو چەند خشتەیەی خوارەوە، چەند نموونەیەکی جیاوازی لە نێوان قورئانی عوسمان و دەستنووسەکانیتری قورئان پیشان دەدرێن.

قورئانی علی بن أبی طالب

| سورة | علی بن أبی طالب | قورئانی باو |
|---|---|---|
| سورة البقرة ٢: ٢٨٥ | أمن الرسول بما أنزل إليه و أمن المؤمنون | آمَنَ الرَّسُولُ بِمَا أُنْزِلَ إِلَيْهِ مِنْ رَبِّهِ وَالْمُؤْمِنُونَ |

قورئانی عمر بن خطاب

| سورة | عومر بن خطاب | قورئانی عوسمان |
|---|---|---|
| سورة الفاتحة ١: ٧ | صراط من أنعمت عليهم غير مغضوب عليهم و غير الظالين | صِرَاطَ الَّذِينَ أَنْعَمْتَ عَلَيْهِمْ غَيْرِ الْمَغْضُوبِ عَلَيْهِمْ وَلَا الضَّالِّينَ |
| سورة آل عمران ٣: ١-٢ | الم. الله لا إله إلا هو الحى القيام | الم (١) اللَّهُ لَا إِلَهَ إِلَّا هُوَ الْحَيُّ الْقَيُّومُ (٢) |
| سورة المدثر ٧٤: ٤٠ – ٤٢ | فى جناح يتساءلون يا فلان ماسلكك فى سقر | فِي جَنَّاتٍ يَتَسَاءَلُونَ (٤٠) عَنِ الْمُجْرِمِينَ (٤١) مَا سَلَكَكُمْ فِي سَقَرَ (٤٢) |

قورئانی أبی بن کعب ١٠٦ – ١٠٧

| سورة | أبی بن کعب | قورئانی باو |
|---|---|---|
| سورة النساء ٤: ٢٤ | فما استمتعتم به منهن إلی أجل مسمی فأتوهن أجورهن | فَمَا اسْتَمْتَعْتُمْ بِهِ مِنْهُنَّ فَآتُوهُنَّ أُجُورَهُنَّ |
| سورة البقرة ٢: ٢٢٦ | للذين يقمسون | لِلَّذِينَ يُؤْلُونَ |
| سورة البقرة ٢: ١٥٨ | فلا جناح عليه ألا يطوف بها | فَلَا جُنَاحَ عَلَيْهِ أَنْ يَطَّوَّفَ بِهِمَا |
| سورة المائدة ٥: ٨٩ | فصيام ثلاثة أيام متتابعات فی كفارة اليمين | فَصِيَامُ ثَلَاثَةِ أَيَّامٍ ذَٰلِكَ كَفَّارَةُ أَيْمَانِكُمْ |

قورئانی عبدالله بن مسعود

| سورة | عبدالله بن مسعود | قورئانی باو |
|---|---|---|
| سورة النساء ٤: ٤٠ | إن الله لا يظلم مثقال نملة | إِنَّ اللَّهَ لَا يَظْلِمُ مِثْقَالَ ذَرَّةٍ |
| سورة آل عمران ٢: ٤٣ | و الركعی و اسجدی فی الساجدين | وَاسْجُدِي وَارْكَعِي مَعَ الرَّاكِعِينَ |
| سورة البقرة ٢: ٦١ | من بقلها و قثالها و ثومها | مِنْ بَقْلِهَا وَقِثَّائِهَا وَفُومِهَا |
| سورة البقرة ٢: ١٩٧ | و تزودوا و خير الزاد التقوی | وَتَزَوَّدُوا فَإِنَّ خَيْرَ الزَّادِ التَّقْوَىٰ |
| سورة البقرة ٢: ١٩٨ | لا جناح عليكم أن تبتغوا فضلا من ربكم فی مواسم الحج نابغوو حينئذ | لَيْسَ عَلَيْكُمْ جُنَاحٌ أَنْ تَبْتَغُوا فَضْلًا مِنْ رَبِّكُمْ فَإِذَا أَفَضْتُمْ |
| سورة البقرة ٢: ١٩٦ | أتموا الحج و العمرة إلی البيت | أَتِمُّوا الْحَجَّ وَالْعُمْرَةَ لِلَّهِ |
| سورة البقرة ٢: ١٤٤ | حيث ما كنتم فولوا وجهكم قبله | حَيْثُ مَا كُنْتُمْ فَوَلُّوا وُجُوهَكُمْ شَطْرَهُ |
| سورة البقرة ٢: ١٠٦ | ماننسک من أية أو ننسخها | مَا نَنْسَخْ مِنْ آيَةٍ أَوْ نُنْسِهَا |
| سورة المائدة ٥: ٦٤ | بل يداه بسطان | بَلْ يَدَاهُ مَبْسُوطَتَانِ |
| سورة التوبة ٩: ٦١ | قل أذن خيرو رحمة لكم | قُلْ أُذُنُ خَيْرٍ لَكُمْ |
| سورة يونس ١٠: ٢٢ | حتی إذ كنتم فی الفلک و جرين بكم | حَتَّىٰ إِذَا كُنْتُمْ فِي الْفُلْكِ وَجَرَيْنَ بِهِمْ |
| سورة مريم ١٩: ٣٤ | ذلک عيسی إبن مريم قال الحق الذی فيه يمترون | ذَٰلِكَ عِيسَى ابْنُ مَرْيَمَ قَوْلَ الْحَقِّ الَّذِي فِيهِ يَمْتَرُونَ |

| | | |
|---|---|---|
| سورة العصر ١٠٣: ١ – ٣ | العصر، إن الإنسان لفى خسر. و أنه فيه إلى أخر الدهر. إلا الذين أمنوا و عملوا الصالحات، و تواصوا بالصبر | وَالْعَصْرِ (١) إِنَّ الْإِنْسَانَ لَفِي خُسْرٍ (٢) إِلَّا الَّذِينَ آمَنُوا وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ وَتَوَاصَوْا بِالْحَقِّ وَتَوَاصَوْا بِالصَّبْرِ (٣) |

558

# قورئانی إبن عباس

ابن عباس هەمیشە دەیگوت، ئەوانە هەڵەی نووسینن،

| سورة | إبن عباس | قورئانی باو |
|---|---|---|
| سورة البقرة ٢: ١٣٧ | فإن أمنوا بالذی أمنتم به فقد أهتدوا هەمیشە دەیگوت: نەڵێن (بمثل) چونکە خودای گەورە هیچ شتێکی لە شێوە نییە | فَإِنْ آمَنُوا بِمِثْلِ مَا آمَنْتُمْ بِهِ فَقَدِ اهْتَدَوْا |
| سورة البقرة ٢: ١٥٨ | فلا جناح علیه أن لا یطوف بهما. | فَلَا جُنَاحَ عَلَيْهِ أَنْ يَطَّوَّفَ بِهِمَا |
| سورة البقرة ٢: ١٩٦ | أقیموا الحج و العمرة للبیت | وَأَتِمُّوا الْحَجَّ وَالْعُمْرَةَ لِلَّهِ |
| سورة البقرة ٢: ١٩٨ | لیس علیکم جناح أن تبتغوا فضلا من ربکم فی مواسم الحج | لَيْسَ عَلَيْكُمْ جُنَاحٌ أَنْ تَبْتَغُوا فَضْلًا مِنْ رَبِّكُمْ فَإِذَا أَفَضْتُمْ مِنْ عَرَفَاتٍ فَاذْكُرُوا اللَّهَ |
| سورة البقرة ٢: ٢٣٨ | حافضوا علی الصلوات و الصلات الوسطی و صلاة العصر | حَافِظُوا عَلَى الصَّلَوَاتِ وَالصَّلَاةِ الْوُسْطَى وَقُومُوا لِلَّهِ قَانِتِينَ |

[558] إبن الخطیب الفرقان (١٩٤٨) الفرقان. جمع القرآن و تدوینه، هجاؤه و رسمه تلاوته و قراءاته. وجوب ترجمته و إذاعته. الطبعة الأولى . مطبعة دار الکتب المصریة بالقاهرة. ص ١٠٨ - ١١٠

| | | |
|---|---|---|
| سورة آل عمران ٣: ١٥٩ | و شاورهم فى بعض الأمر | لهُمْ وَشَاوِرْهُمْ فِي الْأَمْرِ |
| سورة آل عمران ٣: ١٧٥ | إنما ذلكم الشيطان يخوفكم اولياءة | إِنَّمَا ذَٰلِكُمُ الشَّيْطَانُ يُخَوِّفُ أَوْلِيَاءَهُ |
| سورة النساء ٤: ٢٤ | فما إستمتعتم به منهن إلى أجل مسمى | فَمَا اسْتَمْتَعْتُم بِهِ مِنْهُنَّ فَآتُوهُنَّ أُجُورَهُنَّ فَرِيضَةً |
| سورة النساء ٤: ١٦٠ | طيبات كانت أحلت لهم | طَيِّبَاتٍ أُحِلَّتْ لَهُمْ ( بەبێ كانت) |
| سورة الأنبياء ٢١: ٤٨ | وَلَقَدْ آتَيْنَا مُوسَى وَهَارُونَ الْفُرْقَانَ ضِيَاءً | وَلَقَدْ آتَيْنَا مُوسَى وَهَارُونَ الْفُرْقَانَ وَضِيَاءً |
| سورة النور ٢٤: ٢٧ | يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لَا تَدْخُلُوا بُيُوتًا غَيْرَ بُيُوتِكُمْ حَتَّى تَسْتَأْذنوا وَتُسَلِّمُوا عَلَى أَهْلِهَا ذَلِكُمْ خَيْرٌ لَكُمْ لَعَلَّكُمْ تَذَكَّرُونَ | يا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لَا تَدْخُلُوا بُيُوتًا غَيْرَ بُيُوتِكُمْ حَتَّى تَسْتَأْنِسُوا وَتُسَلِّمُوا عَلَى أَهْلِهَا ذَلِكُمْ خَيْرٌ لَكُمْ لَعَلَّكُمْ تَذَكَّرُون |
| سورة النور ٢٤: ٣٥ | مَثَلُ نُورِ المؤمن كَمِشْكَاةٍ | اللَّهُ نُورُ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ مَثَلُ نُورِهِ كَمِشْكَاةٍ فِيهَا مِصْبَاحٌ |
| سورة يس ٣٦: ٣٠ | يا حسرة العباد | يَا حَسْرَةً عَلَى الْعِبَادِ |
| سورة النصر ١١: ١ | إذا جاء فتح الله و النصر | إِذَا جَاءَ نَصْرُ اللَّهِ وَالْفَتْحُ |

سەرەڕای ئەوانە مصحفی تریشمان هەن. کە جیاوازیان لەگەڵ قورئانی باودا هەیە. نموونەیەک لەوانە مصحفی عبداللە بن الزبیرە، کە هەندێ جیاوازی لە نێوان خوێندنەوەی لەگەڵ قورئانیباو داهەیە.

| سورة | عبدالله بن الزبير | قورئانی باو |
|---|---|---|

| | | |
|---|---|---|
| سورة البقرة ٢: ١٩٨ | ليس عليكم جناح أتبتغوا فضلا من ربكم فی مواسم الحج | لَيْسَ عَلَيْكُمْ جُنَاحٌ أَنْ تَبْتَغُوا فَضْلًا مِنْ رَبِّكُمْ فَإِذَا أَفَضْتُمْ مِنْ عَرَفَاتٍ |
| سورة آل عمران ٣: ١٠٤ | ولتكن منكم أمة يدعون إلى الخير و يأمرون بالمعروف و ينهون عن المنكر و يستعينون بالله على ما أصابهم | وَلْتَكُنْ مِنْكُمْ أُمَّةٌ يَدْعُونَ إِلَى الْخَيْرِ وَيَأْمُرُونَ بِالْمَعْرُوفِ وَيَنْهَوْنَ عَنِ الْمُنْكَرِ وَأُولَئِكَ هُمُ الْمُفْلِحُونَ |
| سورة المائدة ٥: ٧ | صراط من أنعمت عليهم | وَاذْكُرُوا نِعْمَةَ اللَّهِ عَلَيْكُمْ |

[559]

هەڵبەتە دەبێ ئەوەش بڵێین لەکۆڵ بوونەوەی قورئانەکەی عوسمان و هەنگاوێک بۆ پاککردنەوەی، پێویستی بە بوێری حجاج هەبوو. ئەگینا دەبوایە قورئانەکەی ئیسلام لەوەش ماڵوێرانتر بوایە. لەبەر ئەوەی بە درێژایی مێژووی نێوان خەلافەتی عوسمان تا حەجاج. کەسێک نەبوو ئەو ئازایەتییەی تێدابێ، دەگای لەوحی مەحفوز بشکێنێ و دەسکاری وەحی خودا بۆ محمد بکا. و قورئانە بنەڕەتیەکەی عوسمان بەو شێوەیە توێکاریبکا. [560]

[559] إبن الخطيب الفرقان (١٩٤٨) الفرقان. جمع القرآن و تدوينه، هجاؤه و رسمه تلاوته و قراءاته. وجوب ترجمته و إذاعته. الطبعة الأولى . مطبعة دار الكتب المصرية بالقاهرة. ص ١١٠
[560] عالم المعجزات ل ١٨٧

# زمانی قورئان و گرووپە نارازییەکان

هەرچەندە ئەو بابەتە کەمێک بۆ ئەو نووسینە لابەلایە، بەڵام لە جێگای خۆیەتی ئاورێکیش لەزمانی قورئان و هەلوێستی گرووپە هوشیار و نارازییەکان بخەینە ڕوو:

موعتەزیلەکان باوەڕیان وابو کە خودا چاکەیەکی ڕەهایە. ناکرێ و نابێ جنێو و نەفرەت لە دەقەکانی داهەبن، جا با هەر هۆکارێک یا کێشەیەک بێ. بەتایبەتی پەیامبەرەکەی دژایەتی لەگەڵ کەسێکی تر دا هەبێ، ئەبی لەهەب بۆ نموونە. امراته حماله الحطب یان ابی جهل و هیتر.. [561]

جنێو لە هیچ هەڵومەرجێکدا، پەیوەندی بە سروشی وەحیەوە نییە. موعتەزیلەکان ڕەتیان دەکردەوە و دەیانگوت، ئەو جنێوان دەستی مرۆڤ لێی زیادکردوون. [562]

عەجاردەکان نکۆڵیان لەوە دەکرد، کە سورەتی یوسف هی قورئان بێ. دەیانگوت لەڕاستیدا چیرۆکێکی خۆشەیستییە و هیچ کاری بە وەحی خوداوە نییە. ناکرێ بە قورئانەوە بلکێندرێ. و بە ناوی خۆداوە بە باوەڕداران بفرۆشرێتەوە. ئەوە دەستی مرۆڤە لێی زیادکردووە . [563]

---

[561] نۆلدەکە لاپەڕە ٩٤
[562] گۆلدزیهر ل ١٦٣
[563] گۆلدزهەر ١٦٢، الشهرستانی الملل و النحل ل ٩٥

عبادییەکان سکاڵا لە عوسمان دەکەن، و بەوە تاوانباری دەکەن، کە دەستکاری قورئانی کردووە. و لە پێناوی مەبەستی سیاسی نلسراو، بەلاڕێیدا بردووە.[564]

هەروەها هەندێک لە شیعەکانی ڕێبازی عەلی، زۆر هێرشیان کردە سەر قورئان. و بەوە تاوانباریان کرد، کە عوسمان گشت ئەو شتانەی لابردووە کە پەیوەندی بە عەلی کوڕی ئەبی تالیبەوە هەبووە. هەر بەو بۆنەیەشەوە چمکی (تبدیل فی القران) یان هێنایە کایە.[565]

سکالاو تاوانبارکردنەکانی سەبارەت بە قورئانەکەی عوسمان و حەجاج، لەسەر بنچینەی سیاسی و بەرژەوەندی کەسی بوون. لەگەڵ ئەوەشدا ڕەخنەی دروست، هەمیشە دەبێ لە ڕوانگەی مێژوویەوە سەیربکرێن، و هەڵسەنگێندرێن. ڕەنگە بۆ ووتەکانی خۆدا و پەرتووکی پیرۆز برینداركەربن. بەڵام لە بنەڕەتدا لەبەرژەوەندی ڕێگای خودادان.[566]

سەرەڕای ئەو هەموو گلەییانە، دەبێ ئەوەش بخرێتە ڕوو. کە ناکۆکی لەسەر ژمارەی سوورەت و ئایەتەکانیش هەیە.

سورەتی (النورین) و سورەتی الولایة کە دوو سورەتی شیعەن، لەلای سونە بە ڕەسەن دانانرێن. سورەتی (الحفد) وسورەتی (الخلع) کە هەردووکیان بە گەواهی سەحابەکانی بەرایی، لە قورئانەکەی بن ابی کعب و ابن مسعود دابوون. بەو مانایەش دەبێ ڕەسەن بن.

---

[564] Massignon, Hallaj 242

[565] عالم المعجزات ل ١٩٦، نۆلدێکە ٩٤

[566] عالم المعجزات ل ١٩٦

هەروەها ئایەتی (الرجم) کە تەنیا عومەر پشتڕاستی کردەوە، دەکرێ بە گەواهی یەک تاکە کەس وەربگیرێ؟ لە کاتێکدا وا بڕیاربوو. هەر ئایەتێک دەبێ چەند کەسێک گەواهی لەسەر دروستی بدا. [567]

ابن عباس خوێندنەوەی بۆ هەندێک ئایەتی بەناوبانگ گۆڕی. بۆ نموونە: هەمیشە دەیگوت، ئەوە هەڵەی نووسەرە کەوای تۆمار کردووە.
لە کۆتاییدا ابن عباس دەیگوت:

> گومانی تێدا نییە کە قورئانیش، وەک هەر پەتووکێکی تر لە مرۆڤەوەیە. بۆیە ئەوەی بۆ هەر پەتووکێکی دیکە ڕەوابێ، بۆ قورئانیش هەروا ڕەوایە. لە قورئانیش هەڵە، لەبیرچوون و لەسەر تێپەڕین هەیە. پارێزگاری تەنیا بۆ خودایە. [568]

مصحف عبداللة بن زبير

| مصحف عبدالله بن زبير | قورئانی باو |
|---|---|
| ليس عليكم جناح أبتغوا فضلا من ربكم فى مواسم الحج | لَيْسَ عَلَيْكُمْ جُنَاحٌ أَنْ تَبْتَغُوا فَضْلًا مِنْ رَبِّكُمْ فَإِذَا أَفَضْتُمْ مِنْ عَرَفَاتٍ فَاذْكُرُوا اللَّهَ عِنْدَ الْمَشْعَرِ الْحَرَامِ البقرة ١٩٨ |
| ولتكن منكم أمة يدعون إلى الخير و ئأمرون بالمعروف و ينهون عن المنكر و يستعينون بالله على ما أصحابهم | وَلْتَكُنْ مِنْكُمْ أُمَّةٌ يَدْعُونَ إِلَى الْخَيْرِ وَيَأْمُرُونَ بِالْمَعْرُوفِ وَيَنْهَوْنَ عَنِ الْمُنْكَرِ وَأُولَئِكَ هُمُ الْمُفْلِحُونَ آل عمران ١٠٤ |

[567] الحريري، ابو موسى، عالم المعجزات ل ١٩٧
[568] الخطيب الفرقان ٤١ – ٤٥، عن الحداد ١: ٢٤٦

| | |
|---|---|
| فيصبح الفساق على ما أسروا فى انفسهم نادمين | فَيُصْبِحُوا عَلَى مَا أَسَرُّوا فِي أَنْفُسِهِمْ نَادِمِينَ المائدة ٥٢ |
| صراط من أنعمت عليهم | صِرَاطَ الَّذِينَ أَنْعَمْتَ عَلَيْهِمْ الفاتحة ٧ |

ئەوەش بەڵگەیەکە بۆ دەستکاریکردن و گۆڕینی ووشە و برگە لە ناو قورئان لە ماوەی ئەو چوار قۆناخی کۆکردنەوە و ڕیکخستن. کە بە پێی لۆژیک گەنجاوە. چونکە ڕێگای تێناچی قورئان بەو هەموو فیلتەر و یاری سیاسی و تێگەیشتنی جیاجیا، سەرەڕای تێکەڵاوی چەندین شێوە زمانی عەرەبی و لە ژێرکریگەری زمانەکانی تری ناوچەیی هەروا مابێتەوە.

| سورة | قورئانی عوسمان | قورئانی حەجاج |
|---|---|---|
| الفاتحة ١: ٧ | صراط من أنعمت عليهم | صراط الذين أنعمت عليهم |
| البقره ٢: ٤٨ | لا تجزى نسمة عن نسمة | لا تجزى نفس عن نفس. |
| البقره ٢: ١٩٧ | و تزودوا و خير الزاد التقوى | و تزودوا فاءن خير الزاد التقوى |
| البقره ٢: ٢٢٦ | للذين يقسمون | للذين يوءلون |
| آل عمران ٣: ٢ | الحى القيام | الحى القيوم |
| آل عمران ٣: ٤٣ | اركعى و اسجد مع الساجدون | واسجد و اركعى مع الراكعين |
| آل عمران ٣: ١٥٩ | و شاورهم فى بعض الأمر | و شاورهم فى الأمر |
| النسا ٤: ٤٠ | مثقال نملة | مثقال ذرة |
| المائدة ٥: ٣٨ | فاقطعوا ايمانهما | فاقطعوا ايديهما |
| الصافات ٣٧: ٤٦ | صفراء لذة للشاربين | بيضاء لذة للشاربين. |
| الصافات ٣٧: ١٢٣ | ادراس و ادراسين | و إن إلياس لمن المرسلين |
| ق ٥٠: ١٩ | جاءت سكرة الحق بالموت | و جاءت سكرة الموت بالحق |

مصحفی سەنعا و ڕووناکیەکی نوێ

# مصحفی سەنعا و ڕۆشناییەکی نوێ

دۆزینەوەی مصحفی سەنعا، پەنجەرەیەکی نوێی بۆ لێتۆژینەوە کردەوە. کە بتوانێ لە ڕەهەندی تر، پرۆسەی پەرەسەندنی کۆکردنەوە، و دووبارە نووسینەوەی قورئان ببینێ. و بتوانێ ڕۆشنایی بخاتە سەر لایەنە شاراوەکانی ناکۆکی لەسەر قورئان لە ماوەی سەدەی یەکەمی بەدیارکەوتنی ئیسلام.

## سەرەتای دۆزینەوە

لە ساڵی ١٩٧٢ س.ب لەکاتی نۆژەنکردنەوەی مزگەوتی گەورەی سەنعا، کرێکاران دوانزە هەزار پارچە دەستخەتیان کۆنیان دۆزییەوە. لەو پارچانە ٩٢٦ دانەیان مصحف بوون (دەقی قورئان بوون). هەندێک دقیتری تاک و تەرای قورئانیش، لێرە ولەوێ، لەناو یدەستخەتەکان دۆزرانەوە. دەوڵەتی یەمەن بە یارمەتی ئەڵمانیا پرۆژەیەکی ساخکردنەوەی دەستپێکرد، کە ماوەی نێوان ١٩٨٠ – ١٩٨٩ س.ب خایاند. ئەو کارەش بریتی بوو لە ڕێکخستن و پێرستکردنی ئەو پارچانە. و بەوەش دیاریکرا کە کۆنترین مصحف لە ٨٠ پارچە تۆمارکرابوو. ئەو پارچانە بەگشتی ٣٦ دانەیان لە (دار المخطوطات اليمنية) پارێزران. و چوار پارچە لەلایەن کەسانی پسپۆر، لەگەڵ هەندێک هەوادارانی دەستنووسە کۆنەکان. و ٤٠ پارچەش لە پەرتووکخانەی مزگەوتی گەورە دانراون. کۆی ئەو دەستنووسانەش، نیوەی قورئان پێکدێنن. ئەو کۆمەڵە دەستنووسە، بە گرنگترین و کۆنترین دەستنووسی قورئان دادەنرێ.

لێتۆژینەوەشی دەتوانێ ببێتە، خاڵی دەستپێکردنی هەنگاوێکیتر بێ بۆ دەرئەنجامی نوێ. لە ساخکردنەوەی دەقەکانی.



لاپەڕەیەک لە دەستنووسی قورئانی سەنعا کە دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی یەکەمی کۆچی لە ڕاپۆرتی د. غسان حمدون وەرگیراوە.

بەڵام بەداخەوە گرووپی ئەڵمانی، تا ئێستاش هیچ ڕاپۆرتێکی لەسەر ئەنجامی کارەکەی بڵاونەکردۆتەوە. تەنانەت هیچ مایکرۆفیلمێکیشان بۆ لێتۆژەرەوەی تر نەخستۆتە بەر دەست. بەڵام لێتۆژەرەوانی تر داوای کۆپیەک لە مایکرۆفیلمیان بەمەبەستی لێکۆڵینەوە، لە دەوڵەتی یەمەن کرد. ئەو لێتۆژەرەوانەش بەهنام سدیقی، و محسن گودەرزی لە زانکۆی هارڤارد[569]، ئەو دوانە لەسەر چل پارچە لەو دەستنووسانە لێکۆڵینەوەیانکرد.

دەرئەنجامی لێکۆڵینەوەی کاربۆنی، ئەو پێستەیە دەریخست کە یەکەم بەکارهێنانی پێش ٦٧١ س.ب/ ٤٩ کۆچی بووە. ئەگەر وای دابنێین محمد ساڵی ٦٣٢ س.ب/١١کۆچی مردبێ. کەواتە ئەو دەستنووسە دەبێ ٣٨ ساڵ دوای محمد نووسرابێتەوە. دەقەکەش نموونەیەکی دەقی قورئانی عوسمانە، بە چەند هەڵەی ڕێنووسی سادە. بەڵام گرنگیە گەورەکەی لەو دەستنووسانەی ئەمڕۆ لەبەردەست دان، ئەوەیە، کە کۆنترین و نزیکترین دەستنووسە لە سەردەمی پەیامبەر.

لێتۆژەرەوان سەرەڕای تێکچوونی ناوەڕۆکی هەندێ شوێنی دەستنووسەکان، توانیان بە هۆی ڕووناکی ژێروەنەوشە بیخوێننەوە. ئەوەش پیشانی دا، کە بێجگە لە دقە دیارەکە، لە ژێرەوەش دەقێکی جیاواز، لە دەقی عوسمانی هەیە. لێتۆژەرەوان گەیشتنە ئەو دەرئەنجامەی کە ئەو مصحەفە دەبێ یەک لەو مصحەفانە بووبێ، کە عوسمان فەرمانی دا بسووتێنرێ. بۆیە لێتۆژەرەوان، دەستیان کرد بە بەراوردی دەقی ژێرەوە، کە بە مصحفی إبن مسعود ناسراوە. لە ئەنجامی بەراوردکردن، شەست جیاوازیان لە نێوان دەقی ژێرەوە و دەقی سەرەوە ( قورئانی عوسمان) دۆزیەوە. ئەوەش هەر ووشەی ڕەشکراوە، یان ئامرازی پەیوەندی

[569] Behnam Sadeghi and Mohsen Goudarzi (2012) Ṣan‘ā’ 1 and the Origins of the Qur’ān. Stanford University / Harvard University

جیاواز. یان ڕستەسازی جیاواز. یا بەشیوەی جیاواز نووسران . لێتۆژەرەوان پێیان وایە ئەو دەستنووسە چوار کەس نووسیویانەتەوە. دوان دەستنووسی ژێرەوە، و دوانیش دەستنووسە دیارەکە (سەرەوە). ئەوش سەلمێندرا کە دەستنووسی یاوەران جیاوازی لە ڕێکخستنی سورەتەکانیش، هەبوو کە عوسمان سووتاندنی.

هەرچەندە سورەتەکانی دەقی ژێرەوەی ڕێزبەندی یاسایەک پەیڕەو ناکەن. و چەندین وشە و دەستەواژەی زیادەیان تێدایە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، بێجگە لەدوو شوێن نەبێ، لەناو هەر سورەتێکدا، کە دەقی ژێرەوەی ماوەتەوە، بێجگە لە سوڕەتی ٢٠، ئەوانیتر هەمان ئایەتەکانی قورئانی عوسمانن.

بەهمەنی سدیقی و محسن گودەرزی بۆیان پێیان وایە، کە ئایەتەکانی ٣١ و ٣٢ لە سورەتی التوبة، هیچی کەم نییە (بەڵام هیچ کام لەو بڕگانە لە دەقی ژێرەوە دا نییە).

هەروەها لێتۆژەرەوەی تری، وەک ئەسما هیلالی پسپۆر لە زانکۆی ئۆکسفۆرد، خەریکی ساخکردنەوەی دەقەکانی قوڕئانی سەنعا و بەراوردکردنی لەگەڵ قوڕئانی عوسمان، کە لە ئەنجامدا وەک پەرتووک لە ساڵی ٢٠١٧ بڵاویکردەوە.[570] بێجگە لەویش لؤي العشری کە لێکۆڵەرەوەیەکی پسپری دینە ئیبراهیمیەکانە لە میسر ، کاری لەسەر ساخکردنەوەی مصحفی سەنحاکردووە.
وا لە خوارەوە، لیستی هەریەک لە لێتۆژەرەوەانی وەک لؤي العشري، ئەسما هلالي و هەندێکیتر، بە باکارهێنانی پەرتووکی (معجم القرأة، کە لە ١١ بەرگ پێکدێ) دەخرێنە ڕوو. بەوەش خوێنەر دەتوانێ ناکۆکی و گۆڕانەکانی ناو ئایەتەکانی قوڕئان بە ڕوونی بەدیبکا.

---

[570] Asma Hilali (2017) The Sanaa Palimpsest, The transmission of the Quran in the first centuries AH. Quranic Studies Series. Oxford university.

وەک دەزانین لە ناو دەستنوسەکانی سەنعا، چەند بەشێکی ناسراون و لە بنەڕەتدا نووسراون. و بە دەستنووسی ژێرەوە ناسراو، کە کۆنترین دەستنوسی قورئانە، تا ئەمڕۆ دۆزرابێتەوە. دەستنوسەکە بەشێوەی دەقێک نوسراوە، دواتر سڕدراوەتەوە. پاشان لەسەر هەمان پارچە پێست دەقی قورئانی عوسمان نوسراوەتەوە، کە دەقە سڕاوەکە جیاوازە لە دەستنووسی قوڕئانی عوسمان. و ئەو دەقە نوێیەی، کە دواتر لەسەر، دەقە سڕاوەکە نووسراوەتەوە. پێی دەڵێن دەقی سەرەوە، و سەر بە دەستنووسی عوسمانە.

دەقە سڕدراوەکان یان (دەقی ژێرەوە) بەهۆی تیشکی سەروەنەوشەیی دەتوانرێ شوێنەواری ببینرێ و بخوێنرێتەوە. سوڕەتی التوبە لە ئایەتی 121 دەست پێدەکات و پاشان سوڕەتەکە کۆتایی دێت و لەسەر هەمان پارچە سوڕەتی مریم دێ، تا ئایەتی 5.
ئەو چەند ئایەتەی سوڕەتی التوبة و سوڕەتی مریم، نموونەن بۆ جیاوازی نێوان هەردوو دەقە جیاوازەکان.

بە ووردبوونەوە، لە ئایەتەکانی هەردوو مصحەفەکانی عوسمان و سەنعا، دەردەکەوێ بەگشتی مصحفی سەنعا، مصحفێکی جیاوازە. و بەپێی معجم القرأت[571] و مێژووی قورئان لە سەرچاوە ئیسلامیەکان جیاوازی خوێندنەوە، لە نێوان هاوەڵان زۆر یا کەم، هەم لە خوێندنەوە، و هەم لە ڕێزبەندی کردنیان، بە ڕوونی هەبووە. ئەوەش دەستنووسی ژێرەوەی (مخطوطات صنعاء) دەرخەری ئەو ڕاستیانەیە.

---

[571] الخطیب، د. عبداللطیف (٢٠٠٠) معجم القرأت. دار سعدالدین، للطباعة و اللنشر و التوزیع. دمشق.

ئەو جیاوازیانەی کە دیارن و دەتوانرێت بخوێنرێتەوە

القرآن الكريم – سورة التوبة

دەقی عثمانی

وَمَا كَانَ ٱلۡمُؤۡمِنُونَ لِيَنفِرُواْ كَآفَّةٗۚ فَلَوۡلَا نَفَرَ مِن كُلِّ فِرۡقَةٖ مِّنۡهُمۡ طَآئِفَةٞ لِّيَتَفَقَّهُواْ
فِي ٱلدِّينِ وَلِيُنذِرُواْ قَوۡمَهُمۡ إِذَا رَجَعُوٓاْ إِلَيۡهِمۡ لَعَلَّهُمۡ يَحۡذَرُونَ (١٢٢)

دەقی صنعاء

مَا كَانَ ٱلۡمُؤۡمِنُونَ لِيَنفِرُواْ كَآفَّةٗۚ فَلَوۡلَا نَفَرَ مِن كُلِّ أمة مِّنۡهُمۡ طَآئِفَةٞ لِّيَتَفَقَّهُواْ فِي
ٱلدِّينِ وَلِيُنذِرُواْ قَوۡمَهُمۡ إِذَا رَجَعُوٓاْ إِلَيۡهِمۡ لَعَلَّهُمۡ يَحۡذَرُونَ (١٢٢)

دەقی عثمانی

وَإِذَا مَآ أُنزِلَتۡ سُورَةٞ فَمِنۡهُم مَّن يَقُولُ أَيُّكُمۡ زَادَتۡهُ هَٰذِهِۦٓ إِيمَٰنٗاۚ فَأَمَّا ٱلَّذِينَ
ءَامَنُواْ فَزَادَتۡهُمۡ إِيمَٰنٗا وَهُمۡ يَسۡتَبۡشِرُونَ (١٢٤)

دەقی صنعاء

وَإِذَا أُنزِلَتۡ سُورَةٞ فَمِنۡهُم مَّن يَقُولُ أَيُّكُمۡ زَادَتۡهُ هَٰذِهِۦٓ إِيمَٰنٗاۚ فَأَمَّا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ
فَزَادَتۡهُمۡ إِيمَٰنٗا وَهُمۡ يَسۡتَبۡشِرُونَ (١٢٤)

دەقی عثمانی

وَأَمَّا ٱلَّذِينَ فِي قُلُوبِهِم مَّرَضٞ فَزَادَتۡهُمۡ رِجۡسًا إِلَىٰ رِجۡسِهِمۡ وَمَاتُواْ وَهُمۡ كَٰفِرُونَ
(١٢٥)

دەقی صنعاء

وَأَمَّا ٱلَّذِينَ فِي قُلُوبِهِم رجس فَزَادَتۡهُمۡ رِجۡزا إِلَىٰ رِجۡسِهِمۡ وَمَاتُواْ وَهُمۡ فٰسقون
(١٢٥)

دەق عثمانی

أَوَلَا يَرَوۡنَ أَنَّهُمۡ يُفۡتَنُونَ فِي كُلِّ عَامٖ مَّرَّةً أَوۡ مَرَّتَيۡنِ ثُمَّ لَا يَتُوبُونَ وَلَا هُمۡ
يَذَّكَّرُونَ (١٢٦)

دەق صنعاء

أَوَلَا يَرَو أَنَّهُمۡ يُفۡتَنُونَ فِي كُلِّ عَامٖ مَّرَّةً أَوۡ مَرَّتَيۡنِ ثُمَّ لَا يَتُوبُونَ وَلَا يَتذَّكَّرُونَ
(١٢٦)

دەق عثمانی

وَإِذَا مَآ أُنزِلَتۡ سُورَةٞ نَّظَرَ بَعۡضُهُمۡ إِلَىٰ بَعۡضٍ هَلۡ يَرَىٰكُم مِّنۡ أَحَدٖ ثُمَّ ٱنصَرَفُواْۚ
صَرَفَ ٱللَّهُ قُلُوبَهُم بِأَنَّهُمۡ قَوۡمٞ لَّا يَفۡقَهُونَ (١٢٧)

دەق صنعاء

وَإِذَا أُنزِلَتۡ سُورَةٞ نَّظَرَ بَعۡضُهُمۡ إِلَىٰ بَعۡضٍ هَلۡ يَرَىٰنا مِّنۡ أَحَدٖ ثُمَّ فٱنصَرَفُواْ
فصَرَفَ ٱللَّهُ قُلُوبَهُم ذلك بِأَنَّهُمۡ قَوۡمٞ لَّا يَفۡقَهُونَ (١٢٧)

دەق عثمانی

لَقَدۡ جَآءَكُمۡ رَسُولٞ مِّنۡ أَنفُسِكُمۡ عَزِيزٌ عَلَيۡهِ مَا عَنِتُّمۡ حَرِيصٌ عَلَيۡكُم بِٱلۡمُؤۡمِنِينَ
رَءُوفٞ رَّحِيمٞ (١٢٨)

دەق صنعاء

ولَقَدۡ جَآءَكُمۡ رَسُولٞ مِّنكم عَزِيزٌ عَلَيۡهِ مَا عَنتكم حَرِيصٌ عَلَيۡكُم بِٱلۡمُؤۡمِنِينَ
رَءُوفٞ رَّحِيمٞ (١٢٨)

دەق عثمانی

فَإِن تَوَلَّوۡاْ فَقُلۡ حَسۡبِيَ ٱللَّهُ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَۖ عَلَيۡهِ تَوَكَّلۡتُۖ وَهُوَ رَبُّ ٱلۡعَرۡشِ
ٱلۡعَظِيمِ (١٢٩)

دەقی صنعاء

فَإِن تَوَلَّوۡاْ عنك فَقُلۡ حَسۡبِيَ ٱللَّهُ الذى لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَۖ عَلَيۡهِ تَوَكَّلۡتُۖ وَهُوَ رَبُّ
ٱلۡعَرۡشِ ٱلۡعَظِيمِ (١٢٩)

القرآن الكريم - سورة مريم

دەقی عثمانی

كٓهيعٓصٓ (١) ذِكۡرُ رَحۡمَتِ رَبِّكَ عَبۡدَهُۥ زَكَرِيَّآ (٢)

دەقی صنعاء

كٓهيعٓصٓ (١) ذِكۡرُ رَحۡمَة رَبِّكَ عَبۡدَهُۥ زَكَرِيَّآ (٢)

دەقی عثمانی

إِذۡ نَادَىٰ رَبَّهُۥ نِدَآءً خَفِيًّا (٣)

دەقی صنعاء

إِذۡ نَادَىٰ ربک زكريا نِدَآءً خَفِيًّا (٣)

دەقی عثمانی

قَالَ رَبِّ إِنِّي وَهَنَ ٱلۡعَظۡمُ مِنِّي وَٱشۡتَعَلَ ٱلرَّأۡسُ شَيۡبًا وَلَمۡ أَكُنۢ بِدُعَآئِكَ رَبِّ
شَقِيًّا (٤)

دەقی صنعاء

وقـل رَبِّ إِنِّي ٱشۡتَعَلَ ٱلرَّأۡسُ شَيۡبًا وَلَمۡ أَكُنۢ رَبِّ بِدُعَآئِكَ ...... شَقِيًّا (٤)

دەقی عثمانی

وَإِنِّي خِفۡتُ ٱلۡمَوَٰلِيَ مِن وَرَآءِى وَكَانَتِ ٱمۡرَأَتِي عَاقِرٗا فَهَبۡ لِى مِن لَّدُنكَ وَلِيّٗا (٥)

دەقی صنعاء

وَخِفۡتُ ٱلۡمَوَٰل مِن وَرَآءِى وَكَانَتِ ٱمۡرَأَتِي عَاقِرٗا فَهَبۡ لِى مِن لَّدُنكَ وَلِيّٗا (٥)

ئەوانە چەند نموونەیەکی جیاوازن لە نێوان قورئانی عوسمان و قورئانی یەمەن. بەڵگەیە بۆ ئەوەی، قورئان پارێزراو نییە. بەڵکوو بەدرێژایی ئەو ١٤٠٠ ساڵەی ڕابردوو بە دەیان و سەدان گۆڕانی بچووک و گەورەی تێکەوتووە.



دەقی باوی قورئان



دەقی ژێرەوە (لەناوچوو)

# ١ لیستی لێتۆژینەوەی لۆي عشري

لۆي العشری متمانەی لەسەر لێتۆژینەوەی کەسانیتر کردووە، هەروەها ئەو ساخکردنەوانەی لەگەڵ خوێندنەوەی هەندێ لە یاوەرانی محمد وەک ابن مسعود و أبي بن کعب و هتد. بەراوردکردووە. کە کەم یا زۆر لەگەڵ قورئانی عوسمان جیاوازن.

| قورئانی عوسمان/ ژمارە دەستنووسی سەنعاء | دەق ژێرەوەی سڕاوە | قورئانی عوسمان | خوێندنەوەی هاوشێوەی ژێرەوە |
|---|---|---|---|
| البقرة ٩٦ ٢أ: ٢٨ | علی هذه الحیاة الدنیا | علی حیاة | أبي بن کعب بە: علی حیاة دەیخوێندەوە |
| البقرة ٩٦ ٢ب: ١ | بـ //ح (هـ) | بمزحه | إبن مسعود بە : بمنزحه دەیخوێندەوە |
| البقرة ٩٨ ٢ب:٦ | مکیل | میکال | ابن محیصن، بە میکایل دەیخوێندەوە |
| البقرة ١٠٥ ٢ب: ٢٦ | أو المشرکون | ولا المشرکون | الأعمش بە شێوەی ئەهوازی دەیخوێندەوە: ولا المشرکون |
| البقرة ٢١٧ David r: 25 | عن الشهر الحرام و عن قتل فیه (أو عن قتال فیه) | عن الشهر الحرام قتال فیه | إبن مسعود و ابن عباس و عکرمة و الأعمش و الربیع بە : عن قتال فیه دەیانخوێندەوە. |
| البقرة ٢٢٢ David v: 19 | فلا تقربوا النساء في محیضهن حتی یتطهرن | فاعتزلوا النساء في المحیض ولا تقربوهن حتی یطهرن | ابن مسعود و أنس بن مالک بە: ولا تقربوا النساء في محیضهن و أعتزلواهن حتی یتطهرن دەیانخوێندەوە. |
| البقرة ٢٢٢ David v: 20 | یتطهرن | یطهرن | ابی بن کعب و عبدالله بن مسعود و أنس بن مالک بە یتطهرن دەیانخوێندەوە. |
| المائدة ٤٥ Bonh. R: 13 | وکتبنا علی بني إسرائیل | وکتبنا علیهم | لە مصحفی ابي بن کعب (وأنزل الله علی بني إسرائیل فیها) |

| | | | |
|---|---|---|---|
| المائدة ٤٨<br>Bonh. V: 4 | شريعة | شرعة | له مصاحفی سجستانی وا هاتبوو، بەڵام حجاج گۆڕی |
| المائدة ٥٤<br>Bonh. V: 26 | غلظا | أعزة | عبدالله بن مسعود به غلظاء دەیخوێندەوە. |
| الأنفال ٢<br>٤ب: ١٢ | فرقت | وجلت | ابن مسعود به فرقت دەیخوێندەوە |
| التوبة ١٢٦<br>أ٢٢: ١٣ | أو (...) ترو (أو يرو) | أولا يرون | الأعمش به: أولم تروا، ابن مسعود به أو لم تر دیانخوێندەوە |
| مريم ١٩<br>٢٢ب: ١٥ | لنهب (أو ليهب) | لأهب | ژبا عمرو کە یەک لە دە خوێنەرانی جێ متمانە بوو بە: لنهب لک دەیخوێندەوە. |
| مريم ٢١<br>٢٢ب: ١٩ | فلما أجاها | فأجاءها | ابي بن كعب بە فلما أجاءها دەیخوێندەوە |
| مريم ٢٤<br>٢٢ب: ٢٠ | فناداها من تحته(...) | فناداها من تحتها | ابن عباس بە: فناداها من تحتها ملک دەخوێندەوە |
| مريم ٢٦<br>٢٢ب: ٢٤ | صوما و صمتا | صوما | أنس بن مالک بە صوما و صمتا دەیخوێندەوە |
| مريم ٣٤<br>٢٣أ: ٦ | ال(ذ)ي كان (....) يمترون | الذي فيه يمترون | ابي بن كعب بە : الذي كان الناس فيه يمترون دەخوێندەوە |
| مريم ٥٩<br>٢٣ب: ٩ | ال(ص)لوت | الصلاة | ابن مسعود و الحسن البصري و ابو رزين بە الصلوات دەیانخوێندەوە |
| مريم ٦٣<br>٢٣ب: ١٥ | (ت)لک نورثها | تلك الجنة التي نورث | الأعمش بە : نورثها دەیخوێندەوە |
| مريم ٦٧<br>٢٣ب: ٢١ | يتذكر | يذكر | ابي بن كعب بە يتذكر دەیخوێندەوە |
| الحج ٢٣<br>أ٧: ١٩ | ولو() و | ولؤلؤا | دە باوەڕپێکراوەکان بە: ولؤلؤ دەیانخوێندەوە |
| الحج ٣٥<br>٧ب: ١٨ | و المقيمين الصلاة | و المقيمين الصلاة | ابن مسعود و الأعمش بە : و المقيمين الصلاة دەیانخوێندەوە. |

| | | | |
|---|---|---|---|
| الحج ٢٣ | ص(ف)ن | صواف | عبدالله بن مسعود، عبدالله بن عمر بن الخطاب عبدالله بن عباس به صوافن دەیانخوێندەوە |
| الحج ٣٩<br>٧ب: ٢٨ | (...) (ن) في سبيل الله | يقاتلون في سبيل الله | به شێوەی جیاواز لەلایەن خەڵکی جیاواز دەخوێندرایەوە |
| الكهف ١٦<br>٣٢ب: ٢ | وإذ اعزلتموهم و ما يعبدون من دون الله | وإذ أعزلتموهم وما يعبدون إلا الله | إبن مسعود به من دون الله دەیخوێندەوە |
| النحل ٣٧<br>١٣أ: ٢٤ | (و) ا(ن تح)..ص | إن تحرص | إبراهيم النخمي به إن تحرص دەیخوێندەوە |
| النحل ٣٨<br>١٣ب: ٢ | وعد | وعدا | الصحاک به قوحد دەیخوێندەوە |
| النحل ٤٤<br>١٣ب: ١٠ | بالبيانات و بالزبر | بالبيانات و الزبر | دەڵێن کاتی خۆی زۆربە به :جاؤوا بالبيانات و بالزبر دەیانخوێندەوە |
| الأحزاب ٥١ | و يرضين بما أوتين | ويرضين بما أتيهن | ابن مسعود به:بما أوتين دەیخوێندەوە. |
| الأحزاب ٥٣<br>٩أ: ١٣ | يستحيي | يستحي | زۆربە، به يستحيي دەیانخوێندەوە |
| الأحزاب ٦٧ | السبيل | السبيلا | |
| طه ٣١<br>١٥أ: ٤ | (وأشر) (...) في أمري، وأش(...) به إزري | أشدد به أزري (٣١)<br>و أشركه في أمري (٣٢) | أبي بن كعب به: وأشركه في أمري، و اشدد به إزري دەخوێندەوە. |
| طه ٤٠<br>١٥أ: ١٠ | فرد(...) نک (فرددناک) | فرجعناك | أبي بن كعب به فرددناک دەخوێندەوە |
| طه ٦٣<br>١٥ب: ٣ | ما ذان إلا ساحران | إن ذان لساحران | أبي بن كعب و عبدالله بن مسعود به : إن ذان إلا ساحران دەیانخوێندەوە |
| طه ٦٣<br>١٥ب: ٣ | و يذهبا منكم بالطريقة | و يذهبا بطريقتكم الملتلى | ابن مسعود و أبي بن كعب به و يذهبا بالطريقة دەیانخوێندەوە |

| | | | |
|---|---|---|---|
| النور ٢٧<br>١١أ: ٨ | حتى تستسلموا على أهلها و تستئذنوا | حتى تستأنسوا و تسلموا على أهلها | ابن عباس بە: حتى تسلموا على أهلها و تستئذنوا دەیخوێندەوە |
| النور ٣١<br>١١أ: ٢٥ | ما خفي من زينتهن | ما يخفين من زينتهن | ابن مسعود بە: ما سر من زينتهن دەیخوێندەوە. |
| االنور ٣١<br>١١أ: ٢٦ | أيها | أية | زۆربە بە أية دەیخوێندەوە، بەڵام هەندێکیش بە أيها دەیانخوێندەوە |
| سبأ ١٤<br>٣٣أ:٥ | (...)// (ا) يعملون له حولا فلما تبينت الجن | فلما خر تبينت الجن | |
| سبأ ٢٤<br>٣٣ب: ٣ | إنا وإياكم لإما (...) (ى) | وإنا أو إياكم لعلى هدى | دەڵێن أبي بن كعب بە وإنا و إياكم ما على هدى دەیخوێندەوە |
| الرعد ١١<br>٣٥أ: ٨ | (م)(ع)// (...) ى(دى)ه | له معقبات من بين يديه و من خلفه | أبو عبدالله بە له معقبات من خلفه و رقيب من بين يديه دەخوێندەوە |
| الصافات ٢٥<br>٢٨أ:٩ | مالكم لا تنتصر(و) // مالكم لا تناصرو(ن) | مالكم لا نتاصرون | خالد و عبدالله بن مسعود بە: لا تتناصرون دەیانخوێندەوە |
| الصافات ٥٦<br>٢٨ب: ٨ | لتغوين | لتردين | ابن مسعود بە: لتغوين دەیخوێندەوە |
| الحجر ٥٤<br>١٨ب: ١٥ | بشرتموني | أبشتموني | الأعمش و الأعرج بە: بشرتمونى دەیانخوێندەوە |
| الحجر ٦٦<br>١٨ب: ٢٤ | و قضينا إليه ذلک الأمر وإن دبر (دابر) هؤلا مقطوع | و قضينا إليه ذلک الأمر أن دابر هؤلاء مقطوع | ابن مسعود بە: وقضينا إليه ذلک الأمر و قلنا له إن دابر هؤلاء مقطوح دەخوێندەوە |
| الحجر ٧٢<br>١٨ب: ٢٨ | (س)(كر) هـ(م) | سكرتهم | الأعمش بە سكرهم دەیخوێندەوە |
| الفرقان ١٩<br>١٩أ: ٨ | (...) ن لک صرفا | فما تستطيعون صرفا | إبن مسعود بە: فما يستطيعون لک، يان فما يستطيعون لكم دەیخوێندەوە |

| | | | |
|---|---|---|---|
| الفرقان ١٥<br>١٩أ: ١٩ | و نزلت الملئكة | ونزل الملائكة تنزيلا | ابي بن كعب و ابن مسعود به: نزلت الملائكة دەيانخوێندەوە |
| الروم ٤٣<br>٢٤ب: ١٢ | (...) أوجهكم | فأقم وجهک | أبي بن كعب له النساء ٤٣ به: فامسحوا باأوجهكم له جياتی فأمسحوا بوجوهكم دەخوێندەوە |
| الروم ٤٩<br>٢٤ب: ٢٥ | (...)م ل(م)//س//ن عليهم لمبلسين | عليهم من قبله لمبلسين | ابن مسعود به: عليهم لمبلسين دەيخوێندەوە |
| المنافقون ١٠<br>Chris.v: 11 | حتا ينفضوا من حوله | حتى ينفضوا | ابن مسعود به: حتى ينفضوا من حوله |
| المنافقون ١٠<br>Chris.v: 17 | فأتصدق | فأصدق | ابن مسعود و أبي بن كعب و سعيد بن جبير به: فأتصدق دەيانخوێندەوە |
| المنافقون ١٠<br>Chris.v: 17 | و(اک)//ن<br>(وأكون) | وأكن | زۆربەی بەناوبانگەکان به: وأكون دەيانخوێندەوە |
| الفجر ٢٧<br>Chris.v: 20 | يا أيها | يا أيتها | زيد بن على به: يا أيتها دەيخوێندەوە |
| الفجر ٢٧<br>Chris.v: 20 | الن(فس)//م// المطمئنة (النفس الأمنة المطمئنة | النفس المطمئنة | أبي بن كعب به: يا أيتها النفس الأمنة المطمئنة دەخوێندەوە |

# ٢ لیستی لێتۆژینەوەی أسماء هلالي

| سورەت و ئایەت | دەق لە قورئانی عوسمانی | ژمارەی لە دەستنووس | دەستنووسی سەنعاء |
|---|---|---|---|
| البقرة ٨٨ | بكفرهم | ٢أ: ٦ | بظلمهم |
| البقرة ٩٠ | بيسما | ٢أ: ٩ | فبيسما |
| البقرة ٩٠ | بغيًا أنْ ينزِّل الله | ٢أ: ١١ | بغيًا وعدوانًا أنْ ينزِّل الله |
| البقرة ٩١ | أنْزِلَ علينا | ٢أ: ١٥ | أنْزِلَ علينا من كُتُبٍ |
| الأنفال ٧٤ | وَجَاهَدُوا فِي سَبِيلِ اللَّهِ | ٥أ: ٢ | وَجَاهَدُوا مَعَكَ فِي سَبِيلِ اللَّهِ بأموالِهم و أنفسِهم |
| التوبة ٢ | واعلموا أنكم | | واعلموا أنهم |
| التوبة ٢ | غير مُعجِزي اللهِ | ٥أ: ١١ - ١٢ | غير مُعجِزي اللهِ ورسولِهِ |
| التوبة ٨ | بأفواهِهِم | ٥ب: ٤ | بألسِنَتِهم |
| التوبة ٩ | بآياتِ اللهِ ثمنًا قليلًا | ٥ب: ٦ | بآيات الله و أيمانهم ثمنا قليلا |
| التوبة ٩ | سبيلِه | ٥ب: ٧ | سبيلِ الله |
| التوبة ١١ | نفصل الآياتِ | ٥ب: ١١ | يفصل الله الآيات |
| التوبة ١٣ | نَكَثُوا أَيمَانهم وَ هَمُّوا بِإِخْرَاجِ الرَّسُولِ وَهُمْ بَدَءُوكُمْ أَوَّلَ مَرَّةٍ | ٥ب: ١٥ | نَكَثُوا أَيْمَانَهُم بَدَءُوكُمْ أَوَّلَ مَرَّةٍ وَهمُّوا بِإِخْرَاجِ الرَّسُولِ |
| التوبة ١٣ | ألا تقاتلون قومًا | ٥ب: ١٤ | وما لكُم لا تقاتلون قومًا |
| التوبة ١٤ | ويشفي صدورَ | ٥ب: ١٩ | ويذهب غيظَ صدورِ |
| التوبة ١٧ | أولَئِكَ حَبِطَتْ أعمالهُم | ٦أ: ٢ -٣ | أولَئِكَ الذِينَ حَبِطَتْ أعمالهُم في الدنيا والآخرة |
| التوبة ١٨ | المهتدين | ٦أ: ٦ | المفلِحين |
| التوبة ١٩ | جاهَدَ | ٦أ: ٨ | جاهَدُوا |
| التوبة ٢٣ | واللهُ | ٦أ: ١٥ | إنَّ اللهَ |
| التوبة ٧٣ | جَهَنَّم | ٢١أ: ٩ | النار |

| | | | |
|---|---|---|---|
| التوبة ٧٤ | يَحْلِفُون | ٢١أ: ١٠ | يقْسِمون |
| التوبة ٧٦ | آتاهم من فضلِهِ | ٢١أ: ١٦ | آتاهم الله من فضلهِ |
| التوبة ٧٩ | فيسخرُون منهم سخرَ اللَّهُ مِنْهُمْ | ٢١أ: ٢٢ | فَيَسْخَرُوا مِنْهُمْ وسَخِرَ اللَّهُ مِنْهُمْ |
| التوبة ٨٠ | فَلَنْ يَغْفِرَ اللَّهُ لَهُمْ ذَلِكَ بِأَنهم كفروا باللّه وَرَسوله وَاللَّهُ لَا يَهْدِي الْقَوْمَ الْفَاسِقِينَ | ٢١أ: ٢٤ | لا يغفرُ اللهُ لهم إنَّ اللهَ لا يهدي القومَ الفاسقين |
| التوبة ٨٢ | يَكْسِبونَ | ٢١ب: ٦ | يَعْمَلُونَ |
| التوبة ٨٣ | فَاسْتَأْذَنُوكَ لِلْخُرُوجِ | ٢١ب: ٧ | فَاسْتَأْذَنُوكَ في الخُرُوجِ |
| التوبة ١٢٥ | وهم كافرون | ٢٣أ: ١٣ | وهم فاسقون |
| التوبة ١٢٧ | صَرَفَ اللهُ | ٢٣أ: ١٧ | فَصَرَفَ اللهُ |
| التوبة ١٢٩ | لا إلَهَ إلا هُوَ | ٢٣أ: ٢١ | اللهُ لا إلَهَ إلا هُوَ |
| الحجر ٢٥ | إنه حكيمٌ | ١٩أ: ٢٠ | إِنَّهُ لحَكيمٌ |
| الحجر ٣٠ | أجمعون | ١٩أ: ٢٥ | أجمعين |
| الحجر ٤٨ | نصب | ١٩ب: ١١ | مِنْ نصبٍ |
| الحجر ٥٤ | فَبِمَ | ١٩ب: ١٦ | فَبِمَا |
| مريم ١٥ | وَسَلَامٌ عَلَيْهِ | ٢٣ب: ١٠ | وعليهِ السلامُ |
| مريم ٢٣ | قبْلَ هذا | ٢٣ب: ٢٠ | قبْلَ هذا اليَوْم |
| مريم ٤٢ | وَلَا يبْصِرُ وَلَا يغْنِي | ٢٤أ: ١٦ | وَلا يبصر و مَا لَا يغْنِي |
| النور ١٨ | وَيبُيِّنُ اللهُ لَكُمُ الْآيَاتِ | ١٠ب: ٩ | وَيبُيِّنُ اللهُ لَكُمُ |
| النور ٢٣ | إن الذينَ يِّرمون المحْصَنَاتِ | | والذين يرمون المحصنات |
| النور ٢٤ | ألسنتَهم | ١١أ: ٢ | أفواهَهَم |
| النور ٢٤ | يعملون | ١١أ: ٣ | يكْسِبون |
| النور ٢٦ | وَالطَّيِّبَاتُ لِلطَّيِّبِينَ وَالطَّيِّبُونَ | ١١أ: ٦ | والطيبون للطيبات والطيبات للطيبين |
| النور ٢٧ | حَتَّى تَسْتَأْنِسُوا وَتُسَلِّمُوا عَلَى أَهْلِهَا | ١١أ: ٨ | حتى تسلموا على أهلها وتستئذنوا |
| النور ٢٨ | هُوَ أَزْكَى لَكُمْ وَاللَّهُ | ١١أ: ١١ | هوَ خيرٌ لكم إنَّ اللهَ |
| النور ٢٩ | واللهُ يعَلَمُ | | إنَّ اللهَ يعَلَمُ |
| النور ٣٠ | إنَّ اللهَ خبيرٌ | ١١أ: ١٥ | إنَّ الله يعلَمُ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| النور ٣٣ | وَآَتُوهُمْ مِنْ مَالِ اللَّهِ الَّذِي آَتَاكُمْ | ١١ب: ٥ - ٦ | وآتوهم مِمَّاَ رَزَقَكُمُ اللّهُ |
| النور ٣٥ | المصباح | ١١ب: ١٢ | والمصباح |
| النور ٣٥ | وَلَوْ لمْ | ١١ب: ١٤ | مِنْ قَبْلِ أَنْ |
| النور ٣٨ | ويزيدَهم مِنْ فَضْله | | أوْ يزيدَهم مِنْ فَضْلِهِ |
| الفرقان١٩ | فَمَا تَسْتَطِيعُونَ صَرْفًا | ٢٠أ: ٩ | فَمَا يَسْتَطِيعُونَ لَكَ صَرْفًا |
| الفرقان٢١ | الذينَ لا يَرْجُوْنَ | ٢٠أ: ١٣ | الذين كَفَرُوا لا يَرْجُوْنَ |
| الفرقان٢٢ | يقولونَ | ٢٠أ: ١٦ | قالوا |
| الأحزاب٥١ | تَقَرَّ أَعْيُنُهُنَّ | ٩أ: ٣ | تَقَرَّنَّ أَعْيُنُهُنَّ |

# زانکۆی ستاندفۆرد

لیستی بەراوردکردنی نێوان قورئانی عوسمان و مصحفی سەنعا، کە لە زانکۆی ستاندفۆرد کراوە. هەر بەناوی لاپەڕەکەنای ستاندفۆرد ناسراون.

زانکۆی ستاندفۆرد لە کالیفۆرنیا – ئەمریکا
Stanford folio
زانکۆی ستاندفۆرد بە شێوەیەکی چالاکانە بەشداری ساخکردنەوەی دەقەکانی قورئانی سەنعای بەشێوەیەکی گشتی کردووە. و لەگەڵ قورئانی عوسمان بەراوردی کردوون. لە دەقی تۆژینەوەی ستانفۆرد، کە دێر بە دێری تێکستەکە و بەراوردکردنی لەگەڵ قورئانی عوسمان کراوە. لەبەر گرنگی، بەمەبەستی زانیاری قووڵتر هەروەک خۆی گواستراوەتەوە.

دەقێک لە لاپەڕەکانی ستانفۆرد، لە دەستنووسەکانی سەنعاء
Recto side of the Stanford '07 folio, of the Sana'a palimpsest.

| سورەت | قورئانی عوسمان | تێکستی بنەڕەتی سەنعا | ژمارەی دێر | ساخکراوەی ستاندفۆرد |
|---|---|---|---|---|
| البقرة ١٩١ | حَتَّىٰ يُقَـٰتِلُوكُمْ فِيهِ | حـ/ / ىعـ(لو) كم | دێر ٤ | حَتّی يُقـٰتِلوکُم |
| البقرة ١٩١ | كَذَٰلِكَ جَزَآءُ ٱلْكَـٰفِرِينَ | د لک جز ا ا لکمر س | دێر ٥ | ذَ ٰلِکَ جَزاءُ الکـٰفِرینَ |
| البقرة ١٩٢ | انتَهَوا | ا نت(ه)و | دێر ٥ | إنتَهَو |
| البقرة ١٩٣ | حَتّى | حتا | دێر ٦ | حَتّا |
| البقرة ١٩٣ | وَيَكُونَ ٱلدِّينُ لِلَّهِ | و ىکو ں ا لد س کله ل[لـ]ه | دێر ٧ | و يَكُونَ الدِّينُ كُلُّهُ لِلَّهِ |
| البقرة ١٩٤ | فَمَنِ ٱعْتَدَى | و من اعتدى | دێر ١٠ | وَ مَنِ اعتَدَى |
| البقرة ١٩٤ | فَٱعْتَدُوا | فا عد/ / و | دێر ١١ | فاعتدو |
| البقرة ١٩٤ | مَا ٱعْتَدَىٰ عَلَيْكُمْ | ما اعتد ی علىکم به | دێر ١١ | مَا اعتَدَى عَلَيكُم بِه |
| البقرة ١٩٦ | فما استَيسَرَ مِنَ ٱلْهَدْيِ | فمـ// تىسر مں ا لهد ى | دێر ١٧ | فَما تَيَسَّر مِن الهَدى |
| البقرة ١٩٦ | وَلَا تَحْلِقُوا رُءُوسَكُمْ | و لا تحلموا ا | دێر ١٧ | وَلَا تَحلِقُوا |
| البقرة ١٩٦ | فَمَن كَانَ مِنكُم | فا ں کا ں ا حد مىکم | دێر ١٨ | فَإن كان أحَدٌ مِنكُم |
| البقرة ١٩٦ | فَفِديَةٌ | فد ىه | دێر ١٩ | فِديَةٌ |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| البقرة ١٩٦ | مِن صِيَامٍ أَوْ صَدَقَةٍ أَوْ نُسُكٍ | من صسم او نسك | دێر ٢٠ | مِن صِيٰمٍ أَو نُسُكٍ |

David 86/2003 folio ،David
ئەو دەقی دەیڤید ساخیکردۆتەوە بەرامبەر قورئانی عوسمان.
ئەو دەقەش هەر سەربە زانکۆی ستاندفۆردە، و بەناوی لێتۆژەرەوەکە تۆمارکراوە.

| سورەت | قورئانی عوسمان | تێکستی بنەڕەتی سەنعا | ژمارەی دێر | ساخکراوەی دەیڤید |
|---|---|---|---|---|
| البقرة ٢٠٩ | مِّن بَعْدِ مَا جَآءَتْكُمُ ٱلْبَيِّنَٰتُ | من [د]عد (ما ح)ا كم ا ل(هد) [ى]؛ | دێر ٥، ل ٤٦ | مِّن بَعْدِ مَا جَآءَكُمُ ٱلْهُدَىٰ |
| البقرة ٢١٠ | هَلْ يَنظُرُونَ إِلَّآ أَن يَأْتِيَهُمُ ٱللَّهُ | هل د//طر (و ں) ا لا ا ں (د)ا د(ـ)كم ا لله | دێر ٦، ل ٤٦ | هَلْ تَنظُرُونَ إِلَّآ أَن يَأْتِيَكُمُ ٱللَّهُ |
| البقرة ٢١١ | ٱلْعِقَابِ | ا لعمب | دێر ٩، ل ٤٦ | ٱلْعِقَٰبِ |
| البقرة ٢١٣ | فَبَعَثَ ٱللَّهُ | ڡا // (س)ل ا لله | دیر ١٢، ل ٤٦ | فَأَرسَلَ اللهُ |
| البقرة ٢١٣ | لِيَحْكُمَ بَيْنَ ٱلنَّاسِ | ل(ىحكموا د)ں ا لنا س | دێر ١٣،ل ٤٦ | لِيَحْكُمُوا بَيْنَ ٱلنَّاسِ |
| البقرة ٢١٣ | ٱلْبَيِّنَٰتُ بَغْيًا بَيْنَهُمْ | ا لد(ىد)ت | دێر١٥،ل ٤٦ | ٱلْبَيِّنَٰتُ |
| البقرة ٢١٤ | أَمْ حَسِبْتُمْ | ا (حس)ىسم | دێر١٧،ل٤٦ | أ حَسِبْتُمْ |
| البقرة ٢١٤ | ٱلَّذِينَ خَلَوْاْ مِن قَبْلِكُم | ا ل[د س] (م)ں [ڡد]لكم | دێر١٧،ل٤٦ | ٱلَّذِينَ مِن قَبْلِكُم |
| البقرة ٢١٤ | ٱلْبَأْسَاءُ | ا لىسا | دێر١٨،ل٤٧ | ٱلْبَٔسَاءُ |
| البقرة ٢١٥ | يَسْـَٔلُونَكَ | د(سا) لو ىك | دێر ٢٠،ل ٤٧ | يَسْأَلُونَكَ |
| البقرة ٢١٧ | عَنِ ٱلشَّهْرِ ٱلْحَرَامِ قِتَالٍ فِيهِ | عں ا ل(سـ)هر ا لحر (م) [و] ع(ں) ڡىل ڡ[ىـ]ه | دێر ٢٥،ل٤٧ | عَنِ ٱلشَّهْرِ ٱلْحَرِمِ وَعَنْ قِتٰلٍ فِيهِ |
| البقرة ٢١٧ | وَصَدٌّ عَن سَبِيلِ ٱللَّهِ وَكُفْرٌۢ بِهِ | ؛/--/ [و] (صـ)[د] عں /------/؛ | دێر ٢٦،ل،٤٧ | وَصَدٌّ عَن سَبِيلِهِ |

## لاپەڕەی ٤

| سورەت | قورئانی عوسمان | تێکستی بنەڕەتی سەنعا | ژمارەی دێر | ساخکراوە |
|---|---|---|---|---|
| هود ١٠٥ | إِلَّا بِإِذْنِهِ | ا (لا) من ا {------}؛ | دێر ١،ل٥١ | إلّا مَن أَذِنَ لَه |
| هود ١٢٢ | إِنَّا مُنتَظِرُونَ | ا / / (مع)[كا] / / {--------}؛ | دێر ٤، ل٥٢ | إِنَّا مَعَكُم مُنتَظِرُونَ |
| الأنفال ٢ | وَجِلَت | ڡ(ر) ڡٮ | دێر ١٢،ل ٥٢ | فرِقَت |
| الأنفال ٢ | ءَايَـٰتُهُ | ا ٮ(ٮٮ)ا | دێر١٣،ل٥٢ | ءَايَـٰتُنا |

## لاپەڕەی ٢٢

| سورەت | قورئانی عوسمان | تێکستی بنەڕەتی سەنعا | ژمارەی دێر و لاپەڕە | ساخکراوەی ستاندفۆرد |
|---|---|---|---|---|
| التوبة ١٢٢ | وَمَا كَانَ | ما [كـ]ا ں | دێر٣ | مَا كَانَ |
| التوبة ١٢٢ | مِن كُلِّ فِرْقَةٍ | من كل ا مه | دێر re | مِن كُلِّ أُمَّةٍ |
| التوبة ١٢٤ | وَإِذَا مَا أُنزِلَتْ | و ا د ا ا ٮر لٮ | دیر٩ | وَإِذَا أُنزِلَتْ |
| التوبة ١٢٥ | فِى قُلُوبِهِم مَّرَضٌ | ڡى ڡلو ٮهم ر حس | دێر ١٢،ل ٦٢ | فِى قُلُوبِهِم رِجْسٌ |
| التوبة ١٢٥ | رِجساً إِلَىٰ رِجْسِهِمْ | ر حر ا ا لى ر حس[ه]م | دێر ١٣، ل٦٢ | رِجزاً إِلَىٰ رِجْسِهِمْ |
| التوبة ١٢٥ | وَمَاتُواْ وَهُمْ كَـٰفِرُونَ | و ما ٮوا و هم ڡ(سـڡ)[و] ں | دێر ١٣،ل٦٢ | وَمَاتُواْ وَهُمْ فَـٰسِقُونَ |
| التوبة ١٢٦ | أَوَلَا يَرَوْنَ | ا [و] / / ٮر و | دێر ١٣، ل٦٢ | أَوَلَا يَرَوْ |
| التوبة ١٢٦ | وَلَا هُمْ يَذَّكَّرُونَ | و لا ٮ(ٮ)د كر و ں | دێر ١٥، ل٦٢ | وَلَا يَتَذَكَّرُونَ |
| التوبة ١٢٧ | وَإِذَا مَا أُنزِلَتْ | و ا د ا ا [ٮ]ر (ل)ٮ | دێر١٥، ل٦٢ | وَإِذَا أُنزِلَتْ |
| التوبة ١٢٧ | هَلْ يَرَىٰكُم | هل ٮر ٮا | دێر١٦، ل٦٢ | هَلْ يَرَىٰنَا |
| التوبة ١٢٧ | ثُمَّ انصَرَفُوا | ڡا ٮ[صـ](ر) ڡ(و) ا | دێر١٧، ل٦٢ | فَٱنصَرَفُوا |
| التوبة ١٢٧ | صَرَفَ ٱللَّهُ | ڡصر ڡ ا لله | دێر١٧، ل٦٢ | فَصَرَفَ اللّٰهُ |
| التوبة ١٢٧ | بِأَنَّهُمْ قَوْمٌ لَّا يَفْقَهُونَ | د لک ٮ(ا ٮ)//[م] (ڡ)و م لا ٮڡڡهو ں | دێر١٧، ل٦٢ | ذَٰلِكَ بِأَنَّهُمْ قَوْمٌ لَّا يَفْقَهُونَ |
| التوبة ١٢٨ | لَقَدْ جَاءَكُمْ | و لعد حا كم | دێر١٨، ل٦٢ | وَلَقَدْ جَاءَكُمْ |
| التوبة ١٢٨ | رَسُولٌ مِنْ أَنْفُسِكُمْ | ر سو ل مد(ك)م | دێر١٨،ل٦٢ | رَسولٌ مِنْكُمْ |
| التوبة ١٢٨ | عَزِيزٌ عَلَيْهِ مَا عَنِتُّمْ | عر ٮر (ع)ل[ٮ](ه) ما عسكم | دێر١٩،ل٦٢ | عَزِيزٌ عَلَيْهِ مَا عَنَّتَكُمْ |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| التوبة ١٢٩ | فَإِن تَوَلَّوْا | فا / / (د)و لوا [ع](ـ)ک | دێر ٢٠، ل٦٣ | فَإِن تَوَلَّوْا عَنْكَ |
| التوبة ١٢٩ | لَآ إِلَـٰهَ إِلَّا هُوَ | ا لد ی لا ا ل[ه] ا لا هو | دێر ٢٠، ل٦٣ | الَّذي لَآ إِلَـٰهَ إِلَّا هُوَ |
| مريم ٢ | رَحْمَتِ | ر ح[م]ه | ٢٤،ل ٦٣ | رَحْمَةِ |
| مريم ٣ | إِذْ نَادَىٰ رَبَّهُۥ | ا د با د ی ر بک ر ک[ر] با | دێر٢٥، ل٦٣ | إِذْ نَادَىٰ رَبَّكَ زَكَرِيَّا |
| مريم ٤ | قالَ رَبِّ | و قل ر بی | دێر٢٥، ل٦٣ | وَقْلَ رَبِّي |
| مريم ٤ | قَالَ رَبِّ إِنِّي وَهَنَ ٱلْعَظْمُ مِنِّي وَٱشْتَعَلَ ٱلرَّأْسُ شَيْبًا | و قل ر بی ا سعل ا لر ا س سبا | دێر٢٦، ل٦٣ | وَقْلَ رَبِّي ٱشْتَعَلَ ٱلرَّأْسُ شَيْباً |
| مريم ٤ | وَلَمْ أَكُن بِدُعَائِكَ رَبِّ | و لم اکں ر ب د(د) عا ک | دێر٢٦، ل٦٣ | وَلَمْ أَكُنْ رَبِّ بِدُعَاءِكَ |
| مريم ٥ | وَإِنِّي خِفْتُ ٱلْمَوَٰلِيَ مِن وَرَاءِى | و ح(ڡ)ـٮ ا لمو ل مں و [ر] ا ی | دێر٢٧، ل٦٣ | وَ خِفْتُ ٱلْمَوَٰل مِن وَراءِى |
| مريم ٧ | يَـٰزَكَرِيَّا إِنَّا نُبَشِّرُكَ بِغُلَـٰمٍ ٱسْمُهُۥ يَحْيَىٰ لَمْ نَجْعَل لَّهُۥ مِن قَبْلُ سَمِيًّا | ؛{----------------} (ڡد) و هبا لک علما ر کیا و بسر به {---------------- }(ه) من ڡد(ل) سـ//مىا | دێر٢-٣، ل٦٣ | ؛{يَـٰزَكَرِيَّا إِنَّا} قَد وَهَبْنَا لَكَ غُلٰماً زَكِيَّاً وَبَشَّرْنٰهُ {بِيَحْيِىٰ لَمْ نَجْعَل لَّ}هُ مِن قَبْلُ سَمِيًّا[22] |
| مريم ٨ | أَنَّىٰ يَكُونُ لِي غُلَـٰمٌ وَكَانَتِ ٱمْرَأَتِي عَاقِرًا وَقَدْ بَلَغْتُ مِنَ ٱلْكِبَرِ عِتِيًّا | ا //ی د(ک)و ں لی (ع)لم {--------------} ل[ک]ـٮر عسا | دێر ٣-٤، ل٦٣ | أَنَّىٰ يَكُونُ لِي غُلَـٰمٌ {وَقَدْ بَلَغْتُ مِنَ ٱ} لْكِبَرِ عِتِيًّا |
| مريم ٩ | وَلَمْ تَكُ شَيْئًا | و لم ىک سا ی | دێر٥، ل٦٣ | وَلَمْ تَكُ شَاي |
| مريم ١١ | فَخَرَجَ | ؛{-}م حرح | دێر ٧، ل٦٤ | ؛{ثُ}مَّ خَرَجَ |
| مريم ١١ | فَأَوْحَىٰ إِلَيْهِمْ | ا (و) ح(ی) ا ل(ـد)هم | دێر٧، ل٦ | أَوْحَىٰ إِلَيْهِمْ |
| مريم ١٢ | وَآتَيْنَاهُ الْحُكْمَ صَبِيًّا | و علمه ا ل(ح)کم | دێر٨، ل٦٤ | وَعَلَّمْنٰهُ الْحُكْمَ |
| مريم ١٣ | وَحَنَاناً | حننا | دێر٩، ل٦٤ | حَنٰناً |
| مريم ١٤ | وَلَمْ يَكُنْ | و لم ىک | دێر١٠، ل٦٤ | وَلَمْ يَكُ |
| مريم ١٥ | وَسَلَـٰمٌ عَلَيْهِ | و عله ا لسلم | دێر١٠، ل٦٤ | وَعَلَيْهِ السَّلٰمُ |
| مريم ١٩ | لِأَهَبَ | لنهب | دێر١٥، ل٦٤ | لِنَهَبَ |
| مريم ٢١ | هُوَ عَلَيَّ هَيِّنٌ | و هو عـ//(ه) هـ(ـد)ں | دێر١٧،ل٦٤ | وَهُوَ عَلَيْهِ هَيِّنٌ |
| مريم ٢١ | وَكَانَ أَمْرًا مَّقْضِيًّا | و [ا] مر ا معصا | دێر١٨، ل٦٤ | وَأَمْرًا مَّقْضِيًّا |
| مريم ٢٢ | فَحَمَلَتْهُ | فحملت | دێر١٨، ل٦٤ | فَحَمَلَتْ |
| مريم ٢٣ | فَأَجَاءَهَا ٱلْمَخَاضُ | فلم// ا حا ها ا لمحص | دێر١٩، ل٦٤ | فَلَمَّا أَجَاءَهَا ٱلْمَخٰضُ |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| مريم ٢٣ | قَبْلَ هَـٰذَا | فىل هد ا ا لـ(ىـ)[و] م | دێر ٢٠، ل٦٥ | قَبْلَ هَـٰذَا الْيَوْمِ |
| مريم ٢٤ | فَنَادَىٰهَا مِن تَحْتِهَا أَلَّا تَحْزَنِى | فـد[د] ىها من ىحىها/----- -----/ ا لا ىحر ى | دێر٢١، ل٦٥ | فَنَدٰىٰهَا مِن تَحْتِهَ/ا مَلَكٌ/ أَلَّا تَحْزَنِى |
| مريم ٢٦ | صَوْماً | صـ[و] (ما) [و صم]ىا | دێر٢٤، ل٦٥ | صَوْماً وَصُمْتاً |
| مريم ٢٦ | فَلَنْ أُكَلِّمَ | لں ا كلم | دێر٢٤، ل٦٥ | لَنْ أُكَلِّمَ |
| مريم ٢٧ | فَأَتَتْ بِهِ قَوْمَهَا | ؛//ا [د](ت فو) ٦٥[مها] ا | دێر٢٥، ل | فَأَتَتْ قَوْمَهَا |
| مريم ٢٧ | لَقَدْ جِئْتِ | لعد ا تىت | دێر٢٥، ل٦٥ | لَقَدْ أَتَيْتِ |
| مريم ٢٨ | مَا كَانَ أَبُوكِ ٱمْرَأَ سَوْءِ | ما كا (ں) ا ىو [ک] (ا ىا) //[و] ا | دێر٢٦، ل٦٥ | مَا كَانَ أَبُوكِ أَباً سُوءاً |

لاپەڕە ٣١

| سورەت | قورئانی عوسمان | تێکستی بنەڕەتی سەنعا | ژمارەی دێر و لاپەڕە | ساخکراوەی ستاندفۆرد |
|---|---|---|---|---|
| يوسف ١٩ | وَجَاءَتْ سَيَّارَةٌ | ْو {-----} (علد)// ىع[ص] (ا) لـ[سـ]/ /؛ | دێر ٤-٥، ل٧١ | و {جَاءَت} عَلَيْهِ بَعْضُ السَّيَّارَةِ |
| يوسف ١٩ | قَالَ | و فل | دێر٦، ل ٧١ | وَقٰلَ |
| يوسف ١٩ | وَٱللَّهُ عَلِيمٌ بِمَا يَعْمَلُونَ | و (ا) لـ[له] عل//م ىم(ا) ىفعلو{}ں | دێر٧، ل ٧١ | وَٱللَّهُ عَلِيمٌ بِمَا يَفْعَلُونَ |
| يوسف ٢٨ | قَالَ إِنَّهُ مِن كَيْدِكُنَّ | فل ا //[ه] (ک)[ىد] كں | دێر ٤، ل ٧٢ | قٰلَ إِنَّهُ كَيْدَكُنَّ |
| يوسف ٣٠ | نِسْوَةٌ فِي ٱلْمَدِينَةِ | ىسو (ه) مں ا (هل) ا لمد [د]ىه | دێر٥، ل ٧٢ | نِسْوَةٌ مِن أَهْلِ ٱلْمَدِينَةِ |
| يوسف ٣٠ | ٱمْرَأَتُ ٱلْعَزِيزِ تُرَٰوِدُ فَتَىٰهَا عَن نَّفْسِهِ قَدْ شَغَفَهَا حُبًّا | ؛{-------------- }/ / ڡ(د س)ع(ڡ)[ها] (ح)[ٮ] فـ//(ها)ا | دێر٥-٦، ل ٧٢ | ؛{ٱمْرَأَتُ ٱلْعَزِيزِ} قَدْ شَغَفَهَا حُبٌّ فَتَىٰهَا |
| يوسف ٣١ | فَلَمَّا سَمِعَتْ بِمَكْرِهِنَّ | فلما سم[ع]/ / مكر[ه]ں | دێر٧، ل ٧٢ | فَلَمَّا سَمِعَتْ مَكْرَهُنَّ |
| يوسف ٣١ | وَأَعْتَدَتْ لَهُنَّ مُتَّكَـًٔا | و{ } ح(ع)لـ/ / لـ(ها)/ / (متكـ)//؛ | دێر٨، ل ٧٢ | وَجَعَلَتْ لَهُنَّ مُتَّكَـًٔا |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| الصافات ١٥ | وَقالوا إن هـٰذا إلّا سِحرٌ مُبينٌ | و فلو ا هد ا {-- ----}//ىس | دێر ١، ل ١٠٢ | وَقٰلوا هذا سِحرٌ مُبينٌ |

لاپەڕەی ٢٨

| سورەت | قورئانی عوسمان | تێکستی بنەڕەتی سەنعا | ژمارەی دێر و لاپەڕە | ساخکراوەی ستانفۆرد |
|---|---|---|---|---|
| النمل ١٩ | فَإذا هُم يَنظُرونَ | / /فا د ا ه[م] محـ(ـصـ)ـر | د٤، ل ١٠٢ | فَإذا هُم مُحضَرون |
| النمل ٢٢ | احشُرُوا | ا د(عد)و ا | د٦، ل ١٠٢ | إبعَثوا |
| النمل ٢٢ | الَّذينَ ظَلَموا وَأَزوٰجَهُم | ط//[م]و ا{ } | د٦، ل١٠٢ | الَّذينَ ظَلَموا |
| النمل ٢٥ | لا تَناصَرون | / /لا سصرو | د٩، ل١٠٣ | لا تَنَنصَرون or لا تَتَنٰصَرون |
| النمل ٢٧ | وَأَقبَلَ | ڡ(ا ڡ)ىل | د١٠، ل١٠٣ | فَأ قبَلَ |
| النمل ٤٨ | وَعِندَهُم | ع(ـىـ)[د] هم | د ٣، ل١٠٣ | عِندَهُم |
| النمل ٥٠ | عَلى | علا | د ٤، ل١٠٣ | عَلا |
| النمل ٥٤ | هَل | ڡهل | د٧، ل١٠٣ | فَهَل |
| النمل ٥٦ | لَتُرْدِين | لـ(ـىعـ)و ں | د٨، ل١٠٣ | لَتُغوِين |
| النمل ٥٨ | أَفَما نَحنُ | و ما ىحں | د٩، ل١٠٣ | وَما نَحنُ |

Behnam Sadeghi and Mohsen Goudarzi,(2012) Ṣan‘ā’ 1 and the Origins of the Qur’ān. Stanford University/ Harvard University

Asma Hilali (2017) The Sanaa Palimpsest. The transmission of Quran in the first centuries AH. Quranic studies series. Oxford University.

لە کۆتایی دوو لێتۆژەرەوە بەناوی بەهمەنی سدیقی، محسن گودەرزی، کە لەگەڵ دوو لێتۆژەرەوەیتری هەمان زانکۆ داڤید و کریس لێتۆژینەوە بەراوردکاریەکەیان ئەنجامداوە.

| ژمارەی سەنعا | دەقی سەنعا | سورەت | قورئانی عوسمان |
|---|---|---|---|
| ٢أ: ٢٨ | على هذه الحياة الدنيا | البقرة ٩٦ | على حياةٍ |
| ٢ب: ١ | ب //ح[ه] | البقرة ٩٦ | بمزحزحه |
| ٢ب: ٦ | مكيل | البقرة ٩٨ | مكيال |
| ٢ب: ٢٦ | أو المشركون | البقرة ١٠٥ | ولا المشركون |
| David r: 25 | عن الشهر الحرام و عن قتل فيه (أو عن قتل فيه) | البقرة ٢١٧ | عن الشهر الحرام قتالٍ فيه |
| David v: 19 | فلا تقربوا النساء في محيضهن حتى يتَطَهَّرْنَ | البقرة ٢٢٢ | فاعتزلوا النساء في المحيض ولا تقربوهن حتى يَطْهُرْنَ |
| David v: 20 | يتطهرن | البقرة ٢٢٢ | يَطْهُرْنَ |
| Bonh. R: 13 | وكتبنا على بني إسرائيل | المائدة ٤٥ | وكتبنا عليهم |
| Bonh. v: 4 | شريعة | المائدة ٤٨ | شرْعَةً |
| Bonh. v: 26 | غلظا | المائدة ٥٤ | أعزَّة |
| ٤ب: ١٢ | فرقَتْ | الأنفال ٢ | وجِلَتْ |
| ٢٢أ: ١٣ | أو (....) ترو (أو يرو) | التوبة ١٢٦ | أَوَلَا يرَوْنَ |
| ٢٢ب: ١٥ | لنهب (أو ليهب) | مريم ١٩ | لأهب |
| ٢٢ب: ١٧ | قال كذلك قال ربكِ وهو ع[..]ه هين | مريم ٢١ | قال كذلك قال ربكِ هُوَ عَلَيَّ هَيِّنٌ |
| ٢٢ب: ١٩ | فلما أجاها | مريم ٢٣ | فأجاءَها |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٢٢ب: ٢٠ | فناداها من تحته(....) | مريم ٢٤ | فناداها من تحتها |
| ٢٢ب: ٢٤ | صوما و صمتا | مريم ٢٦ | صومًا |
| ٢٣أ: ٦ | ال(ذ)ي كان (...) | مريم ٣٤ | الذي فيه يمترون |
| ٢٣ب: ٩ | ال(ص) لوت | مريم ٥٩ | الصلاة |
| ٢٣ب: ١٥ | (ت)لک نورثها | مريم ٦٣ | تلك الجنة التي نورِثُ |
| ٢٣ب: ٢١ | يتذكر | مريم ٦٧ | يَذْكُرُ |
| ٧أ: ١٩ | ولو( ) و | الحج ٢٣ | وَلُؤْلُؤًا |
| ٧ب: ١٨ | والمقيمينَ الصلاةَ | الحج ٣٥ | والمقيمي الصلاةِ |
| ٧ب: ٢٠ | صو(ف)ن | الحج٢٣ | صوافَّ |
| ٧ب: ٢٨ | (....) (ن) في سبيل الله | الحج ٣٩ | يقاتلون في سبيل الله |
| ٢٣ب: ٢ | وإذ اعتزلتموهم و ما يعبدون من دونِ الله | الكهف١٦ | وَإِذِ اعْتَزَلْتُمُوهُمْ وَمَا يَعْبُدُونَ إِلَّا اللَّهَ |
| ١٣أ: ٢٤ | (و)ا(ن تح)..ص | النحل ٣٧ | إن تحرص |
| ١٣ب: ٢ | وعدٌ | النحل ٣٨ | وعدًا |
| ١٣ب: ١٠ | بالبيانات و بالزبر | النحل ٤٤ | بالبينات وَالزُّبُرِ |
| | ويرضين بما أوتين | الأحزاب ٥١ | وَيَرْضَيْنَ بِمَا آتَيْتَهُنَّ |
| ٩أ: ١٣ | يستحيي | الأحزاب ٥٣ | يستحي |
| | السبيل | الأحزاب ٦٧ | السبيلا |
| ١٥أ: ٤ | (وأشر) (....) في أمري وأش(...) به إزري | طه ٣١ | اشْدُدْ بِهِ أَزْرِي ( ٣١) وَأَشْرِكْهُ فِي أَمْرِي ( ٣) |
| ١٥أ: ١٠ | فرد(....)نک (فرددناك) | طه ٤٠ | فَرَجَعْنَاكَ |
| ١٥أ: ٣ | ما ذانِ إلا ساحرانِ | طه ٦٣ | إنْ ذانِ لساحرانِ |
| ١٥أ: ٣ | ويذهبا منكم بالطريقةِ | طه ٦٣ | وَيَذْهَبَا بِطَرِيقَتِكُمُ الْمُثْلَى |
| ١١أ: ٨ | حتى تسلموا على أهلها و تستئذنوا | النور ٢٧ | حَتَّى تَسْتَأْنِسُوا وَتُسَلِّمُوا عَلَى أَهْلِهَا |
| ١١أ: ٢٥ | ما خفيَ من زينتهنَّ | النور ٣١ | مَا يُخْفِينَ مِن زِينَتِهِنَّ |
| ١١أ: ٢٦ | أيها | النور ٣١ | أَيُّهَ |
| ٣٣أ: ٥ | //(.....)[ا] يعملون له حولًا فلما خر تبيَّنَتْ الجنُّ | سبأ ١٤ | فَلَمَّا خَرَّ تَبَيَّنَتِ الجِنُّ |
| ٣٣ب: ٣ | إنا وإياكم لإما[...] (ی) | سبأ ٢٤ | وَإِنَّا أَوْ إِيَّاكُمْ لَعَلَى هُدًى |
| ٣٥أ: ٨ | (م)[ع]//[ت][....] // ي(دي)ه | الرعد ١١ | لَهُ مُعَقِّبَاتٌ مِنْ بَيْنِ يَدَيْهِ وَمِنْ خَلْفِهِ |
| ٢٨أ: ٩ | ما لكم لا تنتصر(و)// )=مالكم لا تتناصرو[ن]( | الصافات ٢٥ | مَا لَكُمْ لَا تَنَاصَرُونَ |
| ٢٨ی: ٨ | لتغوين | الصافات ٥٦ | لَتُرْدِينِ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| أَبَشَّرْتُمُونِي | الحجر ٥٤ | بشرتموني | ١٨ب: ١٥ |
| وَقَ ـِضيْنَا إِلَيْهِ ذَ لِكَ الْأَمْرَ<br>أن دابر هؤلَاء مَقْطُوعٌ | الحجر ٦٦ | وقضينا إليه ذلك الأمر و أن دبر (دابر) هؤلا مقطوع | ١٨ب:٢٤ |
| سكرتهم | الحجر ٧٢ | (س)[كر]هـ(م) | ١٨ب: ٢٨ |
| فَمَا تَسْتَطِيعُونَ صَرْفًا | الفرقان ١٩ | [....]نَ لكَ صرفًا | ١٩أ: ٨ |
| ونزُل الملَائِكَةُ تَنْزِيلًا | الفرقان ١٥ | ونزلت الملئكة | ١٩أ: ١٩ |
| فأقمْ وَجْهَكَ | الروم ٤٣ | [.....]أوجهكم | ٢٤ب: ١٢ |
| عَلَيْهِمْ مِنْ قَبْلِهِ لَمُبْلِسِينَ | الروم ٤٩ | [...]م ل[م]//(ل)س//ن (عليهم لمبلسين) | ٢٤ب: ٢٥ |
| حتى يَنْفَضُّوا | المنافقون ٧ | حتا ينفضلوا من حوله | Chris. V: 11 |
| فأصَّدَق | المافقون١٠ | فأتصدق | Chris. V: 17 |
| وأَكُنْ | المنافقون٦٣ | و[اك]//ن (وأكون) | Chris. V: 17 |
| يا أيتُّها | الفجر ٢٧ | يا أيها | Chris. V: 20 |
| النَّفس المطمئِنَّةُ | الفجر ٢٧ | الن[فس] //م// المطمئنة (=النفس الآمنة المطمئنة) | Chris. V: 20 |
| ارجعي إلى رَبِّكِ | الفجر ٢٨ | ايتي ربَّكِ | Chris. V: 21 |
| لا أقسمً | البلد ١ | لا//م | |

# سەرچاوەکان

القرآن الكريم

پەیمانی کۆن

پەیمانی نوێ

آ

الاب انستا مارى الكرملى (١٨٩٦) اديان العرب و خرافاتهم

الاصفهانى، الراغب. المفردان فى غريب القرآن. إعداد محمد احمد خلف الله.

مكتبة الانجلو المصريه. القاهرة سنة ١٩٧٠

إبن سعد، الطبقات الكبرى. الجزء السابع

ابن ابى داود السجستانى (١٩٩٥) كتاب المصاحف. دار البشائر الإسلامية

الامام ابوبكر بن عبدالله السجستانى. كتاب المصاحف ١٩٨٥

إبن أبى داود، ابوبكر (١٩٣٦) كتاب المصاحف. المطبعة الرحمانية. القاهرة.

ابن الخطيب، الفرقان لإبن الخطيب (١٩٤٨) جمع القرآن و تدوينه، هجاؤه و رسمه، تلاوته و قراءاته، وجوب ترجمته و إذاعته. الطبعة الأولى. مطبعة دار الكتب المصرية بالقاهرة.

إبن إسحق. محمد بن إسحق. السيرة النبوية. المحقق: أحمد فريد المزيدي. دار الكتب العلمية. (٢٠٠٤)

ابن ابى داود كتاب المصاحف

إبن سعد، محمد ٢٠٠١. الطبقات الكبير طبعة ١١، ٢

إبن سعد، الطبقات الكبرى. الجزء السابع

إبن قتيبه (١٩٧٣) تائويل مشكل القرأن.شرحه و نشره السيد احمد صقر. الطبعة الثانية. مكتبة دار التراث – قاهره

إبن كثير, البداية و النهاية. جزء الأول. اقتبى به حسان عبدالمنان. بيروت- لبنان

إبن كثير، تفسير القرآن العظيم. مؤسسة قرطبة طباعة، نشر و توزيع. (٢٠٠٠)

إبن هشام، السيرة النبوية لإبن هشام، تحقيق الدكتور عمر عبدالسلام تدمري. الطبعة الثالثة. دار الكتاب العربي – بيروت،

أبى داود، سنن ابي داود، الجلد الرابع.

ابو جعفر النحاس، الناسخ و المنسوخ

أبو عبيد، كتاب الأموال ص ٢٩١ – ٢٩٤، إبن هشام السيرة الجزء الأول

أبي زرعة بن زنجلة، حجه القراءات للامام. تحقيق سعيد الافغانى. بيروت طبعه ٣ ١٩٧٩

احمد طه فرج، أول من حكم بقطع يد السارق. جريدة الوفد. تاريخ ٢٦ مايو ٢٠٢٠

آل عيسى، د. محمد. تاريخ الإسلام المبكر

الألوسي، روح المعاني، في تفسير يس
الامام شهاب الدين القسطلانى. لطائف الاشارات لفنون القراوات جزء الأول ١٩٧٢
الأنصارى، د. عبدالرحمن الطيف. حادثة الأخدود لم تحدث فى نجران. جريده العكاظ. عدد ٣١٩٢ تاريخ ١٤ مارس ٢٠١٠
إغناطيوس الثالث. الشهداء الحميرين العرب فى الوثائق الكنيسة. مجلة البطرركية دمشق ١٩٦٦
ئينسكلوپيديا الاسلام

ب

البخاري، محمد بن إسماعيل. صحيح البخاري ١٢٩٩ هجري. ص
البخاري، محمد بن اسماعيل. فحيح البخاري ٩ اجزاء فى ثلاث مجلدات. مطابع الشعب (بدون تاريخ)

ج

الجزرى، شمس الدين محمد. النشر فى القراءات العشر. نشر بإشراف على محمد الضباع. الطبعه الاولى١: ٢٦
الجلالين، تفسير الجلالين. على سورة الاعلى

ح

حامد بن علي بن إبراهيم العمادي (١٩٦٦) الدر المستطاب فى موافقات عمر بن خطاب و أبى بكر و علي أبي تراب و ترجمتهم مع عدة من الأصحاب. الطبعة الأولى. دار الكتب العلمية. بيروت، لبنان

حداد، يوسف درة. قرآن دعوة نصرانية

الحداد، الدكتوَر أحمد بن عبدالعزيز قاسم. اخلاق النبى صلعم.

الحريرى، ابو موسى (٢٠١٠) عالم المعجزات. بحث فى تاريخ القرآن. سلسلة: الحقيقة الصعبة (٣)

الحريري، ابو موسى (٢٠٠٥) قس و نبى، بحث فى نشأة الإسلام

حسين، طه (١٩٢٦) في الشعر الجاهلي. الطبعة الأولى. مطبعة دار الكتاب المصرية القاهرة

اصلان، صباح، الحوار المتمدن، العدد: ٦٢٧١ يوم ٢٥-٠٦-٢٠١٩
الحوار المتمدن العدد: ٤٠٧٨ تاريخ ٣٠-٠٤-٢٠١٣

خ

الخازن، علاءالدين على بن محمد (المتوفى ٧٤١ هـ) لباب التأويل فى المعاني التنزيل. تصحيح: محمد علي شاهين. دار الكتب العلمية. بيروت. الطبعة الأولى ١٤١٥.

سايت حقبة الإسلامية .قصة أصحاب الفيل – التزوير المقدس

الخطيب، د. عبداللطيف (٢٠٠٠) معجم القرأت. دار سعدالدين، للطباعة و اللنشر و التوزيع. دمشق.

الخربوطى د. على حسنى (١٩٦٧) الكعبه على مر العصور

خطيب.د.علي (١٩٨٦) عمر بن خطاب، حياته، علمه أدبه الطبعة الأولى
الخوئى، ابو القاسم (١٩٦٦) البان فى علوم القرأن. ط ٢. مطبعه الأداب. النجف.

د

دروزة، محمد عزة، القرآن المجيد. المكتبه العصريه. صيدا بيروت. بدون تاريخ.
الدمشقي، إسماعيل بن عمر بن كثير القرشي ، البداية والنهاية. دار عالم الكتب. 2003م.
الدميري. محمد بن موسى بن عيسى بن علي. أبو البقاء كمال الدين الشافعي. (ساڵی ٨٠٨ كۆچی مردووه) حياة الحيوانات الكبرى. دار الكتب العلمية . بيروت الطبعة الثانية ١٤٢٤

ذ

الذيب، سامي (٢٠١٦) الفاتحة و الثقافة الكراهية، تفسير أية السابعة عبر القورن. الناشر مركز القانون العربي والإسلامي.

ر

الربيعي، دكتور فاضل (٢٠١٩) النص المبتورة. تفسير القرآن و تلفيق التاريخ الرسمي للإسلام. نظرية فى إعادة ترتيب الأديان و العصور. الطبعة الأولى. دار الفرقد. دمشق - سوريا
ڕێبوار سەڵاح (٢٠٢٢) ئیسلام و پاشخانی مێژوویی،

ز

زبير بن بكار القرشي (١٠١٠)، جمهرة نسب قريش و أخبارها. تحقيق و قدم له الدكتور عباس هانى الجراخ. الجزء الأول. الطبعة الأولى. دار الكتب العلمية. لبنان

الزركشى، محمد بن بهادر (١٩٥٧). البرهان فى علوم القرأن. ٤ اجزاء. تحقيق محمد ابو فضل ابراهيم. دار احياء الكتب العربيه. القاهرة.

الزركلي، خير الدين *.(2002) الأعلام (ط. 15). بيروت: دار العلم للملايين. ج. مج4.*

الزنجانى، ابو عبدالله (١٩٣٥) تاريخ القرأن مطبعة لجنة التأليف

س

سعيد بن علي بن وهب القحطانى، إظهار الحق و الصواب فى حكم الحجاب و التبرج و السفور، والخلوة بالمرأة الأجنبية و سفرها بدون محرم و الاخلاص فى ضوء الكتاب السنة و أثار السلف الصالح. الرياض مطبعة سفير جزء الأول

السواح فراس (٢٠٠٢) دين الإنسان، بحث فى ماهية الدين و منشأ الدافع الدينى

السيوطى، جلال الدين (١٩٣٥) الإتقان فى علوم القوآن. الطبعة الثانيه.

سايتى ئەلكترۆنى - زرقاء اليمامة

سيره ابن هشام ١: ٤٣ - ٤٤،

سيرة الحلبية الجلد ١

السيره المكيه الجلد ١

السيوطى، جلال الدين عبدالرحمن (١٩٧٣) الإتقان فى علوم القوآن جزءان فى مجلد واحد. المكتبه الثقافيه. بيروت.

السيوطي، الدر المنثور في تفسير المأثور

ش

الشافعي، عبدالرحمن (٢٠٠٤) جامع البيان في تفسير القرآن، تحقيق الدكتور عبدالحميد الهنداوي. الجزء الأول
شاهين، دكتور عبدالصبور (٢٠٠٥) تاريخ القرآن
شحاتة، سمير سامي (٢٠٠٤) إختلافات في الكتاب المقدس
الشويلي، داود سلمان. مجلة الثقافة الجزائرية ٠٩- ٠٧ – ٢٠٢١

ص

صحيح البخاري. باب الأحكام
الصالح، الدكتور الشيخ صبح (١٩٧٩) مباحث فى علوم القرآن. الطبعة ١١، دار العلم للملايين. بيروت.
صباح ابراهيم، حادثة الإفک مع عائشة. مفکر حر ٣١-٧- ٢٠٢١

ط

الطبرانى، معجم الوسيط
الطبري، تفسير الطبري جامع البيان. الطبعة دار التربية و التراث
الطبرى. جامع البيان فى تفسير القرأن. المطبعة الاميرية. قاهرة، ١٣٢٣ هجري
ط. الحلبى (١٩٧٣). نوادر المخطوطات. تحقيق عبدالسلام هارون جلد ١
الطبري، تاريخ الرسل و الملوك الجزء الثالث، دار المعارف بمصر،

ع
عبدالكريم خليل (١٩٩٧) قوريش من قبيلة الى الدولة المركزية
عبدالكريم،خليل (١٩٩٠) الجذور التاريخيه للشريعه الاسلاميه
عبدة، الشيخ محمد (١٩٤٧) تفسير المنار.
عفيفي، وسيم (٢٠١٩) موت أبرهة فى عام الفيل و مولد النبى لم يحدثان. سايت تراثيات مجلة جامعة ملك عبدالعزيز- الأداب الإنسانية. المجلد ٣، العدد ١ (ديسيمبر/ كانون الأول ١٩٩٠) ص ٧١ – ٩٧
العظم، الدكتور صادق جلال (١٩٧٠) نقد الفكر الدين. الطبعة الثانية

العک، خالد عبدالرحمن ( ١٩٨٦) تاريخ توثيق نص القرآن الكريم. الطبعة الثانية. دار الفكر.
العلوي، هادي (١٩٩٩) فصول من تاريخ الإسلام السياسي. نيقوسيا- قبرص
علي محمد محمد الصلابي (٢٠٠٥) سيرة أمير المؤمنين عمر بن خطاب،رضي الله عنه. الطبعة الأولى مؤسسة إقرأ للنشر و لتوزيع و الترجمة. القاهرة
العماري، ناصر (٢٠١٣) من الذى كتب القرآن،
علي، د. جواد (١٩٩٣) المفصل في تاريخ العرب قبل الإسلام. الطبعة الثانية. جامعة بغداد.
جواد على (٢٠٠١) المفصل في تاريخ العرب قبل الإسلام. الطبعة الرابعة، الجلد التاسع

ف

فتح البارى للحافظ إبن الحجر ٩: ٢١

ق

القرطبي (٢٠٠١) جامع لأحكام القرآن تفسير القرطبي. تحقيق عبدالرزاق المهدي. الجزء الأول

القسطلانى، احمد بن محمد أبى بكر (١٩٧٢). لطائف الإشارات لفنون القراءات. جزء الأول

م

متقي الهندي (٢٠٠٥) كنز العمال في سنن الأقوال و الأعمال ج٢

محمد حامد محمد (٢٠١٢) سيرة و مناقب عمر بن خطاب رضي الله عنه

محمد حسان المنير، يوم قبل وفاة محمد

محمد الغزالى. فى فقهة السيرة

محمد الكلبى، كتاب التسهيل للعلوم التنزيل ج٤

محمد المسيح (٢٠١٧) مخطوطات القرآن. مدخل لدراسة المخطوطات القديمة. كندا

WaterLifePublishing. Canada

محمود جابر، حادثة الإفک الزء الثاني. الحوار المتمدن. العدد ٤٣٦١، ١٠-٢-٢٠١٤

محمود جابر، حادثة الإفک، الجزء الأول. الحوار المتمدن. العدد ٤٣٦٠، ٠٩-٠٢- ٢٠١٤

المسعودي، مروج الذهب، الجزء الأول
المقدسي، البدء و التاريخ، ص ١٦٤
موسوعة أحاديث النبوية، حديث: أن قريش أهمهم شأن المخزومية التي سرقت.

ن

النابلسي، الدكتور محمدراتب، سيرة و الشمائل – سيرة خمسين صحابي، المجلد الأول، أبو العاص بن الربيع.

النعماني، شاكر فضل الله. نقد الكتابى للقرآن

نۆلدێکە تاريخ القران ٣: ٩٧ پەراوێز ١

و

الواقدى كتاب المغازي الجزء الأول.

ي

يعقوبي، تاريخ اليعقوبى

## English sources

Old Testament

New Testament

A. Grohmann (1963) Arabia pappyri from Hirbet, el. Mird. Louvain-Leuven. Bibliothéque du Muséon. Vol. 52. 1963

Alfred-louis de Prémare (2002) The foundations of Islam, between Writing and History

Blachér, Régis (1959) Introduction au Coran p 69 Ed. Besson et Chantemerle. Paris

Casanova, Mohammed et la fin du monde

Cook, Michael (1940) Mohammed the prophet of Islam

Dalman, G. 1930. Jerusalem und sein Gelande. Schriften des Deutschen Palastina-Instituts 4

Durkheim, Emile (1995) The elementary forms of Religious life Translation and Introduction by Karen E. Fields

Egidius, Henry (1994) Psykologilexikon, Natur och Kultur. Pp 449 - 451

Encyclopedia Britannica
Epiphanius, The Panarion of Epiphanius of Salamis. Books I. 30: 3. Second revised edition. Translated by Frank Williams. Drill. Leiden. Boston. 2013.
Eusebius Pamphilius. Church history. 7: 15. 1904 New York
Eranaeus of Lyon. Against Heresies book1, chapter 3, paragraph 4
Gabriel Barkay, "The Riches of Ketef Hinnom." Biblical Archaeological Review 35:4–5 (2005): 22–35, 122–26.
*Gehinnom"*. Judaism 101. Gehinnom is the Hebrew name; Gehenna is Yiddish.

Geoffrey W. Bromiley, *International Standard Bible Encyclopedia*: "E–J." 1982.
Goldziher, Dogmer
Gustav Le Bon. The Civilisation of the Arabs
Gregory of Tours (1988) The glory of the Martyrs. Liverpool University Press.
Gregory of Tours (2004) Glory of the Martyrs .Translated with an introduction and notes by RAYMOND VAN DAM. Translated Texts for Historians. Vol. 4. 94. The Seven Sleepers at Ephesus. Pp 87 - 88
Populär historia nr. 11 2017

Hart, Eloise. Sunrise magazine, July/July 1977. Copyright © 1977 by Theosophical University Press

Hippolyte Taine, Selected writings 9

Horne, Charles. F (1917) The sacred books and early literature of the East; with an historical survey and descriptions vol. VIII, P. 185 – 207

Jewish Encyclopedia, GE-HINNOM, or GE BEN-(BENE-)HINNOM:

*Judaism 101: Olam Ha-Ba: The Afterlife.*

J. D. Levine and Rona H. Weiss (1994) The Dynamics and Treatment of Alcoholism. Jason Aronson, 1994

Jon Mardi Horowitz (1997) Stress Response Syndromes: PTSD, Grief, and Adjustment Disorder. New Jersey: Jason Aronson Inc., Third Edition.

Massignon, Hallaj Mystic and Martyr of Islam

McNamara, *Targums and Testament*

Mitchell, Hinckley G. (1903). "The Wall of Jerusalem According to the Book of Nehemiah". *Journal of Bible Literature*. **22** (2): 108.

Muir ‹Sir. William (1861) The Life Of Muhammad. London. Volume II Ch. 1. P. XXVIII

Niditch Susan, *War in the Hebrew Bible: A Study in the Ethics of Violence* 1995 p. 48

Nöldeke The history of koran

Pirke de Rabbi Eliezer, London 1916. chapter 21

Philip S. Alexander, (1992) "Targum, Targumim," in The Anchor Bible Dictionary, ed. David Noel Freedman (New York: Doubleday), 6:320–31

Pliny the Younger Book 10, Letter 96 and 97, A.N. Sherwin- White (1966) The Letters of Pliny. Oxford: Claredon.

P. Mosca, 'Child Sacrifice in Canaanite and Israelite Religion: A Study on Mulk and "pa' (PhD dissertation. Harvard University, Cambridge, MA, 1975)

Rippin, Andreww (1985) Library Analysis of Quran, Tafsir and SiraThe methodologies of Wansbrough, Aproaches to Islam in Religious studies. Richard C. Martin (ed) Tuscon University of Arisona press.

Religion wiki

Rodgers ‹Russ (2012). *The Generalship of Muhammad: Battles and Campaigns of the Prophet of Allah*. University Press of Florida.

Schühlein, Franz (1912). Targum. New York: Robert Appleton Company

Second targum of Ester (1888) Edinburgh,

Sinclair B. Ferguson, *The Holy Spirit* (Downers Grove, IL: InterVarsity, 1996), Pp. 21.

Smith, G. A. 1907. *Jerusalem: The Topography, Economics and History from the Earliest Times to A.D. 70*, pages 170-180. London.

Strong's Greek Lexicon (KJV)". geenna Retrieved 10 November 2017.

Suetonius, Gaius. live of the Caesares.

Tacitus´s Histories XV

Targum Sheni

Vaknin, Dr. Sam (2007) For Love of God – Narcissists and Religion", at http://samvak.tripod.com/journal45.html (accessed June 22, 2007), first published in "Narcissistic Personality Disorder" Topic Page on Suite 101, also appearing in Malignant Self Love – Narcissism Revisited.

Wansbrough 1977: 160 - 163

Watson, Duane F. Hinnom. In Freedman, David Noel, ed., The Anchor Bible Dictionary, New York Doubleday 1997

Watson E. Mills; Roger Aubrey Bullard (1990). Mercer Dictionary of the Bible. Mercer University Press. p. 319.